# ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆ دا



برایم جەهانگیری



عەبدوڵڵا حیجاب



د. عەبدوڵڵا ئەبریشەمی



سەلاحەدین عەبباسی



برایم فەرشی



عەبدوڵڵا سۆهرابی



حامید گەوهەری



د. ئاوات عەلیپیار



حامید ڕەشیدی زەرزا



عەزیز مەولودی



عارف نادری



سۆران عەلیپوور



د. ئاسۆ حەسەن زادە



جەمیل کولاهی

## کۆمەڵێک وتووێژ لە ئامادە کردنی بەڕێز ئەفراسیاب گرامی لە گەڵ بەشێک لە چالاکانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

خەزەڵوەری ٢٧١٣ — کۆکردنەوە و ئامادە کردنی ڕەحمان نەقشی — نوامبری ٢٠١٣




**ئاگاداری بۆ خوێنەران :**

**خوێنەرانی خۆشەویست، ئەم زەنجیرە وتووێژە لە ڕێگای ئەنترنێتەوە ئەنجام دراوە، لێرەوە سوپاسی هەموو ئەو نوسەرە خۆشەویستانە دەکەم کە هاتن بەدەم بانگەوازەکەمە، بەو هیوایە بە ڕۆنانی ئەزموون و ڕوانگەی هاوبەشی ئەوان، ئەزموونێکی دیکە و ڕوانگەیەکی دیکە و دەروازەیەکی کراوە بەرووی رەخنە و خەسارناسی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بکرێتەوە. شایانی گوتنە کە ئەم وتووێژانە بۆ هەموو ماڵپەرە کوردییەکانە و هەموو ماڵپەرەکان ئازادن لە بڵاو کردنەوەی دا.**

**لەگەڵ ڕێزمدا ئەفراسیاب گرامی**

**سەرچاوە : وێبلاگی ئەمڕۆژانە [ ئەفراسیاب گرامی ]**

## ناوەڕۆک

**سەلاحەدین عەباسی :** ئاماژە: یەکێک لە کەڵکەڵە کۆمەڵایەتییەکانی بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕەوتی ڕووناکبیرییە کە لە نێوان شپرزەیی و بەرهەمهێنانی گوتاردا قەیس ماوەتەوە، گوتارێک کە بەناو پەرۆشییەکانی سەدەی بیستەم، لە نیوان چەپ بوون، ئیسلامی و ... هتدا، نەیتوانیوە ڕۆڵێکی ئەوتۆ بگێڕێ و خاوەن گوتاری راستەقینەی خۆی هەبێت... لاپەڕەی : ٢




**عەبدوڵا حیجاب :** بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر چەند بزووتنەوەیەکی یەکدەنگ و خاوەنی یەک بەرنامەی هاوبەش نیە، بەڵام بە شێوەی هاوتەریب زۆر قۆناغی دژواری خەباتی تێپەڕ کردوە و سەرەڕای کۆسپ و تەگەرەکانی سەر ڕێگای ئێستاش لە تێکۆشانی سیاسی بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەی کورد بەردەوامە. ئەو بەردەوامیە خاڵی هەرە بە هێزی ڕێکخراوەکانی سیاسی کوردە ... لاپەڕەی : ١٢



**د.عەبدوڵلا ئەبریشەمی :** ڕووناکبیر بە مانای گشتی ئەو کەسەیە بیروباوەڕی خۆی لە جەغزی داسەپاوی ناو کۆمەڵگا قەتیس نەکردبێ. بەو پێوانەیە، ڕووناکبیری کورد ئەو کەسەیە دەتوانێ بە سەربەستی بیر بکاتەوە، کێشەو تەنگانەی کورد لێکبداتەوە. دیارە ئەو چەمکە پیویستی بە ئاگایی و توانایی دەربڕینی بیرو ڕوانگە هەیە تا ڕەوت دیاری بکا...
لاپەڕەی : ١٩



**ئیبراهیم جەهانگیری :** بە داخەوە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەروا دابەش دەبن و ئینشیعاب و جوێ بوونەوەیان تێدا روو دەدات. تا ئێستاش هیچ ئاسەوراێک لە دانیشتن و گفتگۆ بۆ دیاری کردنی پلاتفۆرمێکی هاوبەش بۆ خەبات لە دژی ڕێژیمی ئیسلامی و خۆ ئامادە کردن بۆ گۆڕانکارییەکان لە گۆڕێدا نییە... لاپەڕەی : ٣٣




**دوکتور ئاوات عەلیار :** وەکوو کوردی ڕۆژهەڵات نیگەرانی سەرەکی من ئەوەیە کە پێکهاتەی سیاسی کوردی ڕۆژهەڵات، یانی حیزبە سیاسییەکان، چ ئەوانەی لە قەدیمەوە بوون و چ ئەمانەی کە لە چەند ساڵ لەمەوبەرەوەدامەزراون، هەموویان وابەستە و تابێعی سیاسەتی دوو حیزبی سەرەکی کوردی عێراق یان پ . ک . ک. ن. یانی سیاسەتێکی سەربەخۆیان نیە و ناتوانن بە کردەوە و بێ ڕەزامەندیی ئەوان هیچ هەڵوێستێکی بەرچاو بگرن ... لاپەڕەی : ٣٩



**حامید گەوهەری :** لەو ڕوانگەیەوە کە هەر نەتەوەیەک، مافی خۆیەتی بۆخۆی چارەنوسی خۆی دیاریی بکات، بزوتنەوەی کورد، بزوتنەوەیەکی ڕزگارییخوازانەی، نەتەوەیی نیشتمانییە و دیموکراتییە، بە مەبەستی دەستەبەرکردنی مافێکی یاسایی لە وڵاتی خۆیدا. ئەو نەتەوەیە بەبێ مەیل و ویستی خۆی بە خاکەکەیەوە دابەشکراوە بەسەر چوار دەوڵەتی دراوسێی کوردستاندا و بە پێچەوانەی یاسای پەسەندکراوی نەتەوەیەکگرتوەکان مافی دەستنیشانکردنی چارەنوسی خۆی لێسنراوە...
لاپەڕەی : ٤٥



**عەبدوڵا سۆهرابی :** بە گشتی خەڵکیش کە تێکڕا موسڵمانن بە هۆی فەقیری و نەداریی، ئیمکان و دەرفەت رێخسن و بەڕێوەبردنی بزووتنەوەیەکی میللی . ئیسلامییەکان شێوەیەکی ئەکتیڤ نەبووە. گرینگترین لە هەموو ئەو فاکتانە، کێشەی کورد، کێشەیەکی ئایینی نەبووە و نیە ، بەڵکوو کێشەیەکی نەتەوایەتی و مافی چارەنووس و پێکەوە ژیان و ئازادی و عەداڵەت و داخوازی سیاسی و کولتووری و ئابوورییە... لاپەڕەی : ٥٣



**برایم فەرشی :** لە هیچ دەورەیەکی دوو رژیمی پەهلەوی و ئیسلامی لە گەڵ مرۆڤی کورد مامەڵەی یەکسان وەک مەرکەزنشینان و شوێنەکانی دیکەی ئێران نەکراوە. ئەگەر سنە و کرماشان لە گەڵ یەزد وکاشان جیاواز نیین و یەکن، ئیتر هۆیەک نییە بۆ ئەوەی وەک نەتەوەیەکی جیاواز، وەک وڵاتێکی تایبەت، داوای مافی تایبەت بکەین! ... لاپەری : ٥٩



**سۆران عەلیپوور :** هەموو کۆمەڵگەیەکی دێموکرات پێویستی بەو پێشزەمینە فەرهەنگی و فکریە هەیە کە خەباتی مەدەنی پێکی دێنێ، لێرەدا باس لە داهاتووی کوردستان دەکەم، یانی بەردەوامی ئەو خەباتە هێندێک جار زۆر بە بەهێزی و بەربلاوی و هێندێک جاریش لاوازتر، زامنی هەبوونی سیستمێکی دێموکراتیکە لە داهاتووی کوردستان دا، خەباتێکی ئەوتۆ دەتوانێ مێنتالیتێتی مرۆڤی کوردی بۆ دێموکراسی و ئازادی ئامادە بکا، ئەوە دەرەنجامێکی هەرە بە بایەخی ئەو خەباتەیە...
لاپەڕەی : ٧١



**عارف نادری :** لە پێوەندی لە گەڵ دەسەڵاتیشدا، تایبەتمەندییە بنەماییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەتوانن: دەسەڵاتی یاسا، رەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ، ئازادی راگەیاندن و رادەربڕین، ئازادیی کۆبوونەوە، ئازادیی کار، نەبوونی گەندەڵیی ئیداری، رێژەی سووچ وتاوان و توندوتیژی، یاساکانی مەدەنی، سزا، سیستمی چاوەدێری کردن لە سەر دامودەزگا جۆراجۆرەکان، سەربەخۆیی و دادوەرانەبوونی دەزگای دادوەری و...هتد بن ... لاپەڕەی : ٧٩




**عەبدوڵعەزیز مەولودی :** وا وێدەچێ کە لە باری دارشتنی ستراتیژێکی نەتەوەیی کە بەرژەوەندێکانی کورد وەک سەرەکیترین خاڵ چاو لێبکات چ سەرکەوتنێک بەدی ناکرێ. هەڵبەت بە شێوازی جۆراوجۆر کار کراوە، ئەوەش لە نەبوونی ستراتیژێکی کۆنکرێتی نەتەوەیی دا بووە، جا چ لە کاتی شۆڕشەکانی تاکەکەسێوە بیگرە تا رەوتە رێکخراوەییەکانی حیزبی ...
لاپەڕەی : ٨٣



**حامید رەشیدی زەرزا :** بە بۆچوونی من پێویستە سەرۆکانی کورد زۆرتر لە سەر ئەو خاڵانە وردو تیژ بین بن و بدوێن کە کورد بەرەو هەواری سەرکەوتن دەبات، ئەویش بێگومان پێکهێنانی بەرەیەکی پتەوی کوردییە، دەجا پێویستە هەر لێرە دوایی بەو گرژیانە بێنن، کە هۆکاری لێک دوور بوون و تەفرەقەی لێ کەوتۆتەوە ... لاپەڕەی : ٨٧



**جەمیل کولاهی :** کاتێ باس لە رەوتی ئینشعابی حیزبەکانی رۆژهەڵات دەکرێ، دەبێ بگەڕینەوە بە بۆ مێژووی لانیکەم ٢٠ ساڵ پێشی ئەو حیزبانە. ئەو حیزبانە نزیک بە دوو دەیە پێش خاوەنی هێندێ کەسایەتی بوون کە سەرو گەردنێک لە هەر هەمووی ئەوانەی ئێستا سەرتر بوون. چ لە باری زانایییەوە چ لە باری شۆڕشگێڕییەوە. رێبەری لێوەشاوە و شۆڕشگێڕ دەتوانێ حیزبێک کە لە حاڵی شۆڕشدایە، بە پێی بەرنامەو رێبازەکەی بباتە پێش ... لاپەڕەی : ١٠١




**آسو حسن زاده :** در ارتباط با نقش نیروهای کرد در امر گفتمانسازی شاید دستاورد و موفقیت نیروهای کرد در این زمینه ملموستر باشد. جنبش کرد ضمن کمک به ارتقای حس آزادیخواهانه و قالب دادن هشیاری ملی مردم کردستان در مجموع سعی بر آن داشته است که بیانگر خواستهای هویت طلبانەی خلق کرد در چهارچوب یک گفتمان دمکرات، سکولار، سازنده وعملگرا باشد... لاپەڕەی : ١٠٩

## رۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا [ بەشی یەکەم ]

## وتووێژ لەگەڵ بەڕێز سەلاحەدین عەباسی

**سەلاحەدین عەباسی: روشنبیر لە تەک ئینسان و جڤات و مێژو موعامەلە دەکا، بۆ داهاتوو پیلان دادەنێ، خاوەنی ڕوانگە و بڕیارە، رەخنەگرە و لە دەرەوەی دەسەڵاتە و بەرهەمی ماندوبوونی پێکهاتنی "شارستانیەتە"...**



**ئاماژە: یەکێک لە کەڵکەڵە کۆمەڵایەتییەکانی بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، رەوتی رووناکبیرییە کە لە نێوان شپرزەیی و بەرهەمهێنانی گوتاردا قەیس ماوەتەوە، گوتارێک کە بەناو پەرۆشییەکانی سەدەی بیستەم، لە نیوان چەپ بوون، ئیسلامی و ... هتدا، نەیتوانیوە رۆڵێکی ئەوتۆ بگێرێ و خاوەن گوتاری راستەقینەی خۆی هەبێت. لەم وتوێژە دا تیشک دەخرێە سەر لایەنەکانی ئەم پرسە کۆمەڵایەتییە لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا. بەشی یەکەمی "رووناکبیری لە نێوان پێناسە و کاری رووناکبیریدا" و بەشی دووهەم "خەسارناسی و کاری رووناکبیری کورد" تەرخان کراوە:**

**پرسیار : زۆر توێژەری کۆمەڵایەتی پێیان وایە کە روناکبیر بەرهەمی گەشەسەندنی کۆمەڵگا لە بەستێنەکانی زانست،فەرهەنگ و سیاسەت دایە، سەرەتا بۆ دەسپێکی باسەکەمان کورتەیەک لە مێژو و سەرهەلدان و شکلگرتنی روناکبیر و بزوتنەوەی روناکبیری باس بکەین:**

**وەڵام : روناکبیر وەک نێو، دیاردەیەکی هەلقولاوی سەدەکانی نێوەراستی ئوروپایە. سالی ١٢٧٣ (١٨٩٤ ز) ئەفسەرێکی جولەکەی سوپای فەرانسە بە تاوانی خەیانەت بەند دەکرێ. پێنج سال دوایە دەردەکەوێ ئەم ئەفسەرە بێ تاوانە و دوبارە دەبێ دادگای بکرێتەوە. (ئمیل زۆلا) نامەیەکی سەرئاوالە لە ژێر سەردێری "من تاوانبار دەکەم" بە دژی ئەو کەسانەی ئەفسەرەکەیان تاوانبار کردبو،بلاو دەکاتەوە.زۆلا تاوانبار دەکرێ و دەگیرێ. سێ سەد کەس لە نوسەران و هونەرمەندان و زانایانی فەرانسە نوسراوەیەک لە دژی گیرانی زۆلا و موحاکەمەی ئەم ئەفسەرە، کە نێوی دریفۆس بوە، دەردەکەن. ئەو نوسراوەیە بە "بەیاننامەی روناکبیران" نێوی دەرکرد. لە دوای ئەمە "کلمانسۆ" لە سالی ١٢٧٧ (١٨٩٨ ز) ئاماژە بە نێوی روناکبیران بۆ لایەنگرانی دریفۆس دەکا.**

**" روناکبیر" وەک چەمک لەو کاتەوە هاتە نێو لاروسی گەلان. بوو بە سفەتی ئەو مرۆڤانەی کە بە چاوی عەقل و زانست و بیر دەروانننە روداو و دیاردەکانی کۆمەلایەتی. بە تێپەربونی زەمان، و بە بلاو بونەوەی وشەی روناکبیر لە ناو گەلانی جیاواز، ڕاو بۆچونی جۆراوجۆر و جیاوازیشی لەسەر دەرچو.**

**"گرامشێ" دەلێ هەرتاقمێکی کۆمەلایەتی لە دونیای داهێنانی ئابوری خۆی سەر هەلدەدا و یەک یان چەن توێژی روناکبیریش بە دی دێنێت کە نەتەنیا ئەو تاقمە رێک دەخا و لە رۆلی ئابوری خۆی ئاگای دەکاتەوە،رۆلە کۆمەلایەتی و رامیارێکانیشی بۆ دەردەخا. گرامشی روناکبیران دەکاتە دو بەش:**

**١- روناکبیرانی کلاسیک کە بریتین لە مامۆستایانی ئایینی و زانستی و زانکۆ و قوتابخانەکان و بەرێوەبەران**

**٢- روناکبیرانی ئۆرگانی کە بەردەوام لە حەولی گۆراندان.**

**"جولین بیندا" پێی وایە روناکبیر بە کەڵک وەرگرتن لە جیهانی میتافیزیک حەقیقەت و دادپەروەری دادەبەزێنێ. بە هەوڵدان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی، پارێزگاری لە ماف خوراو و ستەم لێکراوەکان دەکات. بە خەبات دژی دەسەلاتە ناشەرعی و ستەمکارەکان خۆی پێناسە دەکات.**

**"فۆکۆ" دەلێ: روناکبیر وشەیەکی سەیرە کە دەمهاروژێنێ. بەلای منەوە روناکبیران هەر بوونیان نیە.**

**"ئیدوارد سەعید" پێی وایە روناکبیر وجودی بەندە بە ناسین و لێکدانەوەی رەخنەگرانە و هاورێ نابێ لە تەک دەسەلات و سوننەت و ئایین.**

**" پیربۆردۆ" مامۆستای گەورەی کۆمەلناس ئاماژە بە روناکبیرانی فەوری دەکات و دەلێ ئەوانە پەیتاپەیتا لە گفتگۆکانی میدیاکان خۆیان دەخەنە بەرچاو، قسەکانیان سوک و بێ بنەمان، زۆرتر سەقامگیری بارودۆخی هەنوکەیی دەکەن.**

**"شەریعەتی" سێ وشەی روناکبیر و ئنتلکتوئل و ئاسەمیلە لە یەکتر جیا دەکاتەوە. پێی وایە روناکبیر و ئنتلکتوئل "ئین هەمانیان" نیە.روناکبیر هەمان clairvoyant**

فەرانسەویە کە بە مانای مرۆڤێکە روناکبین کە روناک و ئاواڵە بیر دەکاتەوە. کات و جێگەی خۆی و کۆمەڵگای دەناسێ. شەریعەتی پێی وایە ئەمانەی ئنتلکتوئل بە روناکبیر مانا دەکەنەوە توشی هەڵەیەکی گەورەبون. راستیش دەکا. ئنتلکتوئل لە "ئنتلکت" بە مانای مێشک، هۆش و فام وەرگیراوە. نێوی سەرچاوەکەی(اسم مصدر) ئنتلی ژنزیا و سفەتەکەی ئنتلکتوئلە. لە ئوروپا بەو کەسانەی کە ئیشی فیکری و مێشکی دەکەن دەڵێن ئنتلکتوئل لە بەرامبەر کەسانێک کە کاری دەستی و بەدەنی دەکەن. مامۆستایانی ئایینی و قوتابخانەکان و زانستگاکان،چاودێرەکان، قازێکان، رێبەرانی حیزبەکان، رۆژنامەنوسان، کارمەندان، دوکتۆرەکان، مێژونوس و فەیلەسوفەکان، نوسەران و وەرگێران و...و...هەموی ئنتلکتوئلن. کەچی لە ناو تەواوی ئەمانە بەشێکی کەم روناکبیرن. خۆ ناکرێ بڵێین هەر کەس باسەوادە ، کاری فیکری دەکا، فکری رونی هەیە و فرە رەهەندە و کات و ژینگەی خۆی و کۆمەڵگاکەی ناسیوە. دەتوانێ تەحلیل بکا و بۆ چونەکانی شی بکاتەوە. لە واقیعدا "روناکبیر" سفەتە بۆ بیر کردنەوە، "ئنتلکتوئل" سفەتە بۆ ئیش و کار.

من پێموایە باوی رۆشنبیر هەڵقولاوی چاخی مۆدرنیتەیە و دوای سەدەکانی ناوەراستە. دوای سەدەی ١٩ رێگای لە شوێنە غەیرە ئوروپاییەکان، چەشنی ئاسیا و ئافریقا و ئامریکای لاتین، کردۆتەوە. لە کوردستان پێویستە بپرسین رۆشنبیر چیە؟ کێیە؟ چ دەکا؟ ئەم زاراوە و باوەیە(اصطلاح) زۆر کەوتۆتە سەر زمان و بۆ زۆر کەس و کەسایەتی بە ساکاری بە کار دەبردرێ و دەکرێتە سفەت. شاعیری روناکبیر، رێبەری روناکبیر، مامۆستای روناکبیر، مەلای روناکبیر، مێژوناسی روناکبیر، ئەدیبی روناکبیر و... بە راستی روناکبیر یانی چی؟

رۆشنبیر کەسایەتێکە کە دەتوانێ بابەتە کۆمەلایەتێکان "تەحلیل" بکا، تەوەرەکان لێک بداتەوە. رۆشنبیری هەر کۆمەڵگا و هەر نەتەوەیەک، لە هەر شوێنێک و پلەیەکی مێژوویی، تایبەتمەندی خۆی هەیە. کە وابوو روناکبیر "موتلەق" نیە و نیسبیە. روشنبیر لە تەک ئینسان و جڤات و مێژو موعامەلە دەکا، بۆ داهاتوو پیلان دادەنێ. خاوەنی ڕوانگە و بڕیارە. رەخنەگرە و لە دەرەوەی دەسەڵاتە. بەرهەمی ماندوبوونی پێکهاتنی "شارستانیەتە".

**پرسیار :** روناکبیر لە سادەتەرین پێناسەداویژدانی بە ئاگا و وشیاری کۆمەڵگایە گوتاری روناکبیری کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**وەڵام :** لە ناو خۆی کوردستانی ئێران نوسەر، مامۆستای ئایینی، وەرگێر، مێژونوس، شاعیر، ئەدیب و زمان ناسی زۆر مەزن و تێکۆشەرمان هەیە. بەلام بەو تاریفەی بۆ روناکبیرم لێکداوە من هیچکامێکیان بە روناکبیر ناناسم. ئەگەر ئیدواردسەعید و چامسکی و شەریعەتی بە روناکبیر بناسین بەو راستیە دەگەین کە بەداخەوە ئێستاکە ناوخۆی کوردستانی ئێران بەتال لە روناکبیری نوخبەیە. هەرچەن بوونی کەسێکی چەشنی رێزدار عەبدوللای ئەبریشەمی،وەک روناکبیریکی ئاسایی نەک نوخبە، ئیستسنایەکە، هەر بۆیە گوتاری روناکبیری بە دەگمەن گیر دەکەوێ. یان ئەگەر زۆر خۆش بینانە چاوی لێکەین وتاری رۆشنبیری بە هێزمان نیە.

لە پەنا ئەو خالە نگاتیڤە پرۆسەیەکی بە هێز لە دەیەی حەفتاکانەوە دەستی پێکرد و ئێستاکە بە ئامانج گەیشتوە. لە نێو ئەو لاو و خوێندکارانەی کە لە جولانەوەی کۆمەلایەتی و رۆژنامەوانی و دەرکردنی گوڤارە خوێندکارێکاندا هەڵسوراو بوون تاقمێکی بەرچاو بەو رادە گەیشتون کە دەکرێ بە شانازێوە مۆری "روناکبیری" بە ناوچاوانیاندا بدرێ.

گوتاری روناکبیری لەم بەشەی کوردستان ئالوگۆرێکی زۆری بەسەرداهاتوە. هەرچەن زۆر لاوازە بەلام لە ژێر کاریگەری ١- رابوردوە پرشنگدارەکەی ٢- بارودۆخی رۆژهەلاتی ناوەراست ٣- کوردستانی عێراق داهاتوویەکی زۆر قەلەوی بۆ چاوەروان دەکەم.

**پرسیار :** سەدەی بیستەم،لە کۆمەڵگای کوردستان (رۆژهەلاتی کوردستان) گۆرانگارێکی زۆر هاتە ئاراوە بە چەشنێک کە شار وەک دیاردەیەکی مۆدێرن، پەرەی ئەستاند و چینی ناوەراست دروست بون، زۆر جار ملی گەرا، مارکسیست، دینی و نوێگەرا و... پۆلین بەندی دەکەن، کارکردی گوتاری روناکبیری کورد چۆن هەڵدەسەنگێنن و ئەگەر پۆلین بەندی بکەین بەرای ئێوە ئەو پۆلین بەندییە چۆن دەبێ؟

**وەڵام :** پێشەکی بە پێویستی دەزانم ئاماژە بکەم کە من کەلک وەرگرتن لە باوەکانی کوردستانی رۆژهەلات و باشور و... پێ گوتارێکی سیاسی و واقیعی نیە. جیا لەوەی پێ لە کلک نانە، ئەولا و ئەولاش دەهاروژێنێ قازانجێکی نیە و چاو نوساندن لە راستێکانە. راستی ئەمەیە کە کوردستان ئێستاکە لە چوار چێوەی پێنج دەسەلات دایە. با نەوەی کورد تێ بگا کە سالانێک لە مەوبەر رۆشنبیرێکی بە ناوی عەبدوللا پەشێو چیرۆکی بێ ئاڵایی و بێ ولاتی بۆ باوکی گێرابۆوە، بەلام باوکی نەتەنیا بەم چیرۆکە رانەچڵەکی و لە گۆیی نەگرت کوردستانێکی مزەووەری بۆ ساز کردۆ و رۆژهەڵات و رۆژئاوا و...بۆ داناوە. ......؟!

پۆلین بەندی گوتاری روناکبیری کردستانی ئێران دەگەرێتەوە سەر روداوە سیاسێکان. بە داخەوە ئەم گوتارە بەردەوام لە ژێر رکێفی سیاسەت دابۆە. دوای هەلوەشانی "ژ.ک" گوتاری روشنبیری وەرچەرخانێکی گەورەی بەسەر داهات. "ژ.ک" پێک هاتبو لە تاقمێک بلیمەت و زانا کە بە راشکاوی دەکرێ ئیدعا بکەین روناکبیر بون، کە(بە

ئیحتمالی زۆر) بە ڕێنوێنی روناکبیرێکی نەناسراو و گومنێو بە ناوی مەلا ئەحمەدی فوزی، کە لە گوندی خانەقای بورهان دادەنیشت، پێک هاتبو. پێک هێنەرانی ژ.ک بە مەعریفەیەکی قوول و بە هێز لەمەڕ کورد و کوردستان گەیشتبون. پەیمانی سێ سنور رونی دەکاتەوە کە ئەم پرۆسەیە دەروێشت کاریگەری لەسەر بەشەکانی تری کوردستان ببێت. لافاوی شەری دوهەمی جیهانی هات و کوردستانیشی گرتەوە. بارودۆخی تایبەتی شەر "ژ.ک"ی جوانە مەرگ کرد. ئەندامانی ژ.ک یان دانیشتن یان کەوتنە گەمەی سیاسی زلهێزانی ئەم مەیدانە و گەورەترین رۆلەکانی قوربانی کران. لەو کاتەوە تا ئەو رۆ ئاڵوگۆرێکی گەورە بەسەر گوتاری روناکبیری داهاتۆ.

لە سەردەمی ژ.ک و کۆمار بۆچونی میلی- مەزهەبی بەسەر گوتارەکان زال بو. نوسراوەکانی ئەوسەردەمە، بەتایبەت وەسێتنامەی پێشەوا، بە راشکاوی ئەو مەبەستە دەردەخەن. دوای روخانی کۆمار بۆ ماوەیەکی زۆر گوتاری روناکبیری لە ناو خۆی ولات قەمتەر کرا. لە نیوەی ئاخری دەیەی چل گوتاری روناکبیری چەپی مارکسیستی لە زۆربەی زانستگاکانی ئێران زال بو. گوتاری مارکسی کە ڕیشەی لە هەلسورانی روناکبیرانێک دابو کە بە ٥٣ نەفەر نێویان دەرکرد، لە ژێر کاریگەری شۆرشەکانی ئامریکای لاتین و کەسایەتی کاریزمای چەگوارا، لە "چریکە فیدایەکانی خەلق" خۆی هێنایە سەر رای گشتی. لە ژێر کاریگەری ئەو رەوتەی زانستگاکانی ئێران خوێندکارانی کورد، کە پێگەی چرۆ کردنی روناکبیران بون، بە لای گوتاری مارکسسیتی خوار بونەوە. ئەو خوار بونەوە لە بەر سێ هۆ بوو:١- گوتاری مارکسیستەکان باسی لەسەر کەمایەتیە ئیتنێکان بە چڕ و پڕی دەکرد. پروپاگەندە و پرۆگرامی تایبەتی لەم بەستێنەدا هەبو. ٢- تاقمێک لە رێبەران و هەلسوراوانی سیاسی کورد بە دوای روخانی کۆمار تاراوی ولاتانی سۆشیالیست بون. ئەم دەسەلاتانەش بۆ کورد جێگەی هومێد بون کە لە بەرامبەر دەسەلاتی سەر بە ئامپریالیستی شا لایەنگریان لێ بکا.٣- جیاوازی و دەمارگرژی مەزهەبی وای کردبو کە بالی مەزهەبێکان کە هەمو شیعە بون خۆ لە کوردەکان کە سونی بون بپارێزن. مەزهەبێکان بە بۆنەی جیهان شمول دانانی ئیسلام و بێ تەجروبەگی خۆیان نە تەنیا باسی نەتەوەکانیان نەدەکرد بەلکو دژایەتی داخوازیە نەتەوایەتێکانیان دەکرد. دەیەی پەنجا هەتا سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران، کە بۆخۆم ئەوکات خوێندکاری زانستگا بوم، بۆ چونی مارکسیستی تەواو زال بو. مافە نەتەوەیەکان لە چوار چێوەی مارکسیسم و بۆ رازی کردنی میلی گەراکان جاروبار باس دەکرا. ئەو کات ٩٠ %ی گوتاری روناکبیری کوردی بەدەس چەپەکانەوە بو. تەنیا ١٠ %ی ئەم گوتارە لە ژێر کاریگەری شەریعەتی و موجاهیدینی خەلق و سەیدقوتب بە دەس ئایینێکانەوە بو.

جا ئەگەر وابو من گوتاری روناکبیری لە روخانی کۆمار هەتا سالی ١٣٥٦ هەتاوی ئاوا پۆلین بەندی دەکەم کە گوتاری رۆشنبیری میلی سەربەخۆ بوونی نەبو. تەنیا گوتاری روناکبیری هەڵسوراو چەپی مارکسیستی بو. گوتاری میلی لەو گوتارەدا مارکسیەدا خۆی پێناسە دەکرد. گوتاری ئیسلامی لە ئاخری چلەکان گوورا و لە سەرەتای پەنجاکان لە دایک بو. دوپاتی دەکەمەوە گوتاری رۆشنبیری بەر لە روخانی کۆمار میلی – ئیسلامی بو.

بەدەس پێکردنی شورشی گەلانی ئێران گوتاری روناکبیری کوردستانی ئێران ئالوگۆری زۆری بەسەر داهات. گوتاری نەتەوایەتی زیندو بۆوە. گوتاری مارکسی خۆی خزاندە نێو گوتاری نەتەوایەتی. گوتاری ئیسلامیش هاتە ئاراوە و خۆی لە مەیدانی خۆێندکاری زانستگاکان و حوجرەکان ئاشکرا کرد و هاوکات دەستی کرد بە دور بونەوە لە گوتاری مەزهەبی شیعە و نیزیک بونەوە لە گوتاری ئیخوانی. دوای روخانی دیواری بەرلین و پاشەکشی ئیدەئۆلۆژی مارکسیستی گوتاری روناکبیری چەپ نەرم و هێدی بەرەو گوتاری سێکۆلاری خزی. لە راستیدا گوتاری روناکبیری لە کوردستانی ئێران هەر لە سێ بۆچوندا ماوەتەوە و هەرکام لەو سێ بۆچونە سەرەکیانە خاوەنی بۆچونی جۆراوجۆر لە ناو خۆیاندان. ئەم سێ گوتارەش بریتین لە:

١- گوتاری میلی

٢- گوتاری ئیسلامی

٣- گوتاری سکۆلار.

* * *

٣١ی ژانوییەی ٢٠١٢

## رۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا [ بەشی دووهەم و کۆتایی ]

سەلاحەدین عەباسی: ئەوەی روناکبیری کورد تەنیا بە کاری بزاوتەی و بزاوتەی سیاسی هەستاوە و دوربۆتەوە لە کاری کۆمەلایەتی و فەرهەنگی رەخنەیەکی گەورەیە

ئاماژە: یەکێک لە کەڵکەڵە کۆمەڵایەتییەکانی بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، رەوتی رووناکبیرییە کە لە نێوان شپرزەیی و بەرهەمهێنانی گوتاردا قەیس ماوەتەوە، گوتارێک کە بەناو پەرۆشییەکانی سەدەی بیستەم، لە نیوان چەپ بوون، ئیسلامی و ... هتدا، نەیتوانیوە رۆڵێکی ئەوتۆ بگێڕێ و خاوەن گوتاری راستەقینەی خۆی هەبێت. لەم وتوێژە دا تیشک دەخرێە سەر لایەنەکانی ئەم پرسە کۆمەڵایەتییە لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا. بەشی یەکەمی

"رووناکبیری لە نێوان پێناسە و کاری رووناکبیریدا" و بەشی دووهەم "خەسارناسی و کاری رووناکبیری کورد" تەرخان کراوە:

**پرسیار : ئیدوارد سەعید، روناکبیری بە ناوبانگی رۆژهەلاتی، لە کتێبی "رۆلی روناکبیران"دا، روناکبیر نوێنەری ئاگایی خەلکە، بەلام ئەم رۆلە بۆ روناکبیرانی کورد لە سەدەی بیستەمدا تێکەل بە ئایدۆلۆژی چەپ و دینی دەبێ، ئایا کارکردی روناکبیری کورد لە بەستێنەکانی ئایدۆلۆژیدا دەتوانێ خۆی پێناسە بکات؟**

وەڵام : بە بڕوای من روناکبیرانی کوردستانی ئێران دوای روخانی کۆمار نوێنەری ئاگایی ئەم گەلە نەبون. دوای روخانی کۆمار هەتا سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران، لە سالی ١٣٥٧ هەتاوی، تەنیا کێشەی کورد نەتەوایەتی و میلی بوە. ئەندامانی ژ.ک بە پێی ئامۆژگاریکانی مرۆڤە گەورەکانی رابوردو چەشنی خانی و حاجی قادر و روناکبیری هاودەم مەلا ئەحمەدی فوزی، لە ناوچەی موکریان خەلکیان تێگەیاندبو کە: "کورد وەک نەتەوەیەک هیچ مافێکی نیە و تەنانەت ناتوانێ بە زمانی زکمانگی بخوێنێ و بخوێنێتەوە". هێنانە سەر ڕای گشتی ئەم بیرو بۆچونە، راکێشانی سرنجی خەلکی بۆ ئەو کەمایەسیە بنەرەتیە، هاروژانی ویژدان و ئیحساس و باوەری جڤات کارێکی ئێجگار گرینگ بوو کە ئەم روناکبیرانە کردیان. دوای روخانی کۆمار و ماوەیەک بێدەنگی، وەک ئاماژەم پێکرد، لە دەیەی چلەکانەوە تا تێک چوونی کۆماری سۆڤیەت، بیری مارکسی گوتاری روناکبیری نەتەوایەتی لە ئینحساری خۆی گرت. کورد و کوردایەتی لەبەر نیسێی ئەستێرەی سوور و سوسیالیسم و وێنەکانی مائۆ و ئیستالین خەوی لێکەوت و جاروبار بۆ بەرژەوەندی نیسێکەرانی وەخەبەریان دێنا. دەنگی کورد لە قۆرگی کرێکار و جوتیاری کورد بڵاو دەبۆوە نە گەلی کورد. رۆشنبیری مارکسی داخوازە نەتەوییەکانی، نە لە بەرژەوەندی کورد، بەلکو لە بەرژەوەندی ئامانجەکانی خۆی بەکار دەهێنا. بەداخەوە روناکبیرانی کورد فریوێکی گەورەیان خوارد. یەکێک لە تایبەتمەندێکانی روناکبیریش بەردەوام نەبون لە سەر فریوخواردن و هەڵەکاریە، هەر بۆیە من پێم وایە لەو ماوەیەدا کورد روناکبیری بە مانای واقیعی نەبوە. ئەوەی کە بە روناکبیریش نێو دەبردرێن، روناکبیری لاساکەرەوە یان تەقلیدین. بۆیە هەر کات و ساتێک دژایەتی و " تضاد " کەوتۆتە نێوان قازانجەکانی نەتەوایەتی و ئیدئۆلۆژیکی، قازانجە میلیەکان لە پێناو قازانجە ئیدئۆلۆژێکان قوربانی کراون. ڕای گشتی ئاگا و وشیاری کورد تاقمێک لەو روناکبیرانەی بە ئاژاوەچی ناوزەد کردوە.
من پێموایە روناکبیری کورد نابێ خۆی لە بەستێنەکانی ئایدەئۆلۆژی قەتیس بهێلێتەوە. روناکبیری کورد دەبێ تەنیا بۆ کورد بێت و بەس. تەنیا غەمی کورد بخوا. هیچ بەرژەوەندێک لەبەر چاو نەگرێ غەیری بەرژەوەندی کورد. ئیشتیاکانی تاکی، بنەمالەیی، ئیدەئۆلۆژیکی و هەرچی هەیە لە لایەکی دانێ و تەنیا قازانجەکانی نەتەوەکەی لەبەر چاو بێ.

**پرسیار : بارودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی کورد ئەرکی روناکبیری کوردی دو قات کردوە، لەم پێوەندیەدا پێوەندی نێوان بزوتنەوەی سیاسی کورد و رۆلی روناکبیرانی کورد لە چ ئاستێکدا دەبینن؟**

وەڵام : روناکبیری کورد زۆرتر سیاسی بوە تا ئیدئولۆژیکی، یان فیکری و فەرهەنگی. تەنانەت جاری وابوە هەستاوە بەکاری نیزامی و چەکداری. گەلی کورد تایبەتمەندی تایبەتی خۆی هەیە کە ئەو گەلەی نەک لە رۆژهەلاتی ناوەراست بەلکو لە جیهان تاق و زەق کردۆتەوە. هەلبەت نە بۆ هەموکەس بەلکو بۆ ئەوانەی لە کاری سیاسی و ژئو پولیتیکی دا هەلسوران و ئاگاداریان هەیە. نیزیک ٤٠ میلیۆنە،٥ پارچەیە، درێژخایەنترین هەلسورانی مافخوازی هەیە. لە روخانی عوسمانێکان تا ئەو رۆ بەردەوام خەیانەت و درۆی لەگەل کراوە. لە پەیمانەکانی سایکس بیکۆ و لۆزان و سێور چەمکێکی گرینگی باسەکان بوە. لە باری کانگا و سروشت، بە تایبەت ئاو و نەوت، ئێجگار دەولەمەندە. لە باری جوغرافێوە دڵی رۆژهەلاتی ناوەراستە. رابوردوی مێژویی تایبەتە بە بوونی پیاوانی گەورە و میژو ساز لە زانست و شەرە شارستانێکان و...و...ئەوانە بۆتە هۆی ئەمە کە زۆر جار روناکبیرەکانی هەستن بە کاری سیاسی و حیزبایەتی و تەنانەت چەکداری. کە بە بروای من روناکبیر ئەگەر هاتە چوار چێوەی حیزبایەتی و سیاسی بە تەنیا، دەبێتە روناکبیرێکی گوماناوی و تا زەمان تێدەپەرێ لە تاریفی روناکبیری دور دەکەوێتەوە و دەبێتە کادرێکی حیزبی یان سیاسەتمەدارێکی ئاگا و زانا.
ئەو بارودۆخەی گەلی کورد وای کردۆ کە روناکبیرانی کەمتر بپرژێنە سەر کارو باری کۆمەلایەتی و فەرهەنگی. کەچی روناکبیر بەر لە هەمو کارێک دەبێ کاری فەرهەنگی و کۆمەلایەتی بکا و لە دڵی ئەم کارە فەرهەنگی و کۆمەلایەتیانە با کەسانێک هەلقولێن و دەس بدەنە کاری حیزبایەتی و و سیاسی. لە سەر ئەم بنچینە پتەوەی کە روناکبیران لە ماوەی سالانی دورو درێژدا دایانرشتۆ هەڵسورانی حیزبی و رێکخراوەیی گەشە دەستێنێ. بەهاری عەرەب تەجروبەیەکی گەورەی دەرخست. لە ماوەی دەیان سال دەسەلاتی دیکتاتۆرەکان، روناکبیرانی ئیسلامی کاری کۆمەلایەتی و فەرهەنگیان دەکرد. دوای رووخانی دیکتاتۆرەکان لە هەر شوێنێک حیزبی خۆیان پێک هێنا. لە کاتی هەلبژاردنەکان بەشداریان کرد. بە پشتیوانی ئەو کارە کۆمەلایەتی و فەرهەنگیە و خۆناساندنە دەیان ساڵە بە سەرکەوتنی وا گەیشتن کە رۆژئاوایەکان سەریان

سور ماوە و لە لێکدانەوەی "بۆچێتی؟" ئاکامی هەلبژاردنەکان داماون. سەریان سور ماوە کە عارەبە پەنابەرەکانی دانیشتوی ئوروپا بۆ سەتا نەوەدیان دەنگیان دا بە ئیسلامێکان.

ئێستاش من پێموایە روناکبیرانی کورد رۆلی گەورەیان لە بزوتنەوە سیاسێکان هەبۆ و هەیە. ئەوەش بە خالی پۆزێتیڤ نازانم. ئەوەی روناکبیری کورد تەنیا بە کاری بزاوتەی و بزاوتەی سیاسی هەستاوە و دوربۆتەوە لە کاری کۆمەلایەتی و فەرهەنگی رەخنەیەکی گەورەیە.

پرسیار : بەختیار عەلی تێگەیشتنێکی دو پارەی لە رۆشەنبیر هەیە و دەلێ:<< ساتی لەدایک بونی رۆشەنبیر، یەکەم ساتی گەرانەوەی مرۆڤی ئێمەیە بۆ عەقل و ویژدانی خۆی، یەکەم ساتی دەرچونیشێتی لە مەرجەعیەتی دین و خێل >> و زۆر کەس پێیان وایە کە لە دەلاقەی روناکبیری مەزهەبی و دینێوە ناتوانین بگەین بە مەفهومەکانی " سیکۆلاریزم، ئازادی و دیمۆکراسی" هەر لەو پێوەندیەدا بەرێزتان لە وتارێکدا ئاماژە بە زەرورەتی روناکبیری دینی دەکەن، لێکدانەوەی ئێوە بۆ پێوەندی نێوان دین، روناکبیری و جیهانی مۆدێرن کە دەی هەوێ دین و دینداری تێ پەرێ و کارکردی دین دەخاتە پەراوێزەوە و تایبەتی دەکاتەوە بە خودی مرۆڤەکان نەک کۆمەلگا (خصوصی کردنی دین)، چۆن لێک دەدەنەوە؟

وەڵام : ئەم پرسیارە هەویرێکە ئاوێ زۆر دەبا. ئەم فەرمودەی مامۆستا بەختیار عەلی هەلەیەکی گەورەی مێژوییە کە بە داخەوە داوێنی هیندێ روناکبیری گرتۆتەوە. بۆچونێکی تازەش نیە، تاقمێکی بەرچاوی روناکبیرانی خۆرئاوا لەسەر ئەو بڕوایەن. وەرگێرانی دەقاودەقی ئەم تئوریە بۆ بازنەی شارستانیەتی ئیسلامی چەنێک گونجاو دروستە جێگەی وتووێژە. ئەم بازنەیە لە تەک بازنەی شارستانی مەسیحێکان جیاوازێکی ئیجگار زۆری هەیە. ئاکامی ئەو بۆچونە لە کۆمەلگای کوردەواری، شتێک نەبۆە، غەیری بە هێزتر بونی خێلایەتی و خورافەی ئایینی لە لایەک و دارمانی ئەخلاق و فەرەنگ و بەها کۆمەلایەتێکان لە لایەکیتر. پێویست ناکا بۆ دوان لە سەر ئەم فەرمودەیە باسی فەلسەفی بکەین. با چاو لەو بەشەی کۆمەلگای کاک بەختیار بکەین، کە باوەری بەو تئوریە هێناوە، تا بزانین باوی دیمۆکراسی و ئازادی و دینداری و خێلایەتی و بەدی هێنانی (تەولید) مادی و مەعنەوی لە چ پلەیەک دایە. ئوروپا ئەم تئوریەی لە کۆمەلگای خۆی دابەزاند، لە بارودۆخی نکبەتباری سەدەکانی ناوەراست رزگاری بو. بەم پلە بەرزە لە دیمۆکراسی و تیکنۆلۆژیە گەیشت. روناکبیرانی ئوروپی دوای مودارسە و موتالای زۆر و بەردەوام و قولی کۆمەلگای خۆیان بەم مەعریفە گەیشتن و کەلکی باشیان لێ وەرگرت. کەچی روناکبیرانی یابانی و هیندی و یەهودی و... تەقلیدی روناکبیرانی ئوروپیان نەکرد. بە کەڵک وەرگرتن لە تەجروبەی ئەوان دەستیان کرد بە خۆیندنەوەی قول و بەرینی کۆمەلگای خۆیان و بە دارشتنی تئۆری تایبەت بە کۆمەلگای ژاپۆن و هیند و جو و... کەلکی باشیان وەرگرت و بە پلەیەکیان گەیاندن کە شان لە شانی ئوروپێکان دەدەن.

من رێز و خۆشەویستی تایبەتم بۆ مامۆستا بەختیار عەلی هەیە و جەنابیان و مەریوان وریا قانیع و فاروق رەفیق و ئەبوبەکر عەلی بە نوخبەکانی روناکبیرانی کوردی عێراق دەناسم و پێموایە هەرچواریان عەقلی مەزنی هاوچەرخ لە کوردستانن، تا رادەیەک کە کتێبە گرینگەکەی فاروق رەفیق، «مالێکي لێک ترازاو و ویژدانێکی بێمار – لێکولینەوە دەربارەی کورد . بوون . لە جیهاندا»، هێناوەتە سەر زمانی فارسی. بە بەهانەی رەخنە لەو وتارەی بەرێزیان، رەخنە لە چەمکی روناکبیری تەقلیدی لە سەراسەری بازنەی شارستانییەتی ئیسلامی، کە کوردستانیش بەشێکی گرینگی ناو ئەم بازنەیە، دەگرم. گوتاری روناکبیری تەقلیدی نەک بەتەنیا لە کوردستان، لە تەواوی بازنەی شارستانیەتی ئیسلامی، نەتەنیا گەشەی بە کۆمەلگاکان نەداوە بەلکو بۆتە هۆی دورکەوتنەوەی گەل لە گوتارە روناکبیرێکان لەلایەک و کەوتنەداوێنی پاشکەوتوان و بونیادگەراکان لەلایەکیتر. ئەم جۆرە روناکبیرانە بە راوەستان لە بەرامبەر مەزهەب، لە کۆمەلگای ئیسلامیدا، خەلکیان لە روناکبیر ترساند و لە باتی رون بونەوەی خەلک ئەوان هەلاتونە لای لایەنە پاشکەوتو و کۆنە پەرەست و لارێیەکانی کە بە روالەت پشتیوانی مەزهەب و بروای خەلکن. بەم شێوە پێوەندی نێوان خەلک و روناکبیر پچراوە. روناکبیر ناتوانێ قسە لە تەک جەماوەر بکا و زمانی ئەو دو لایەنە لە یەکتر نامۆیە. لە لایەکی تریشەوە بۆتە هۆی ئەمە کە رۆژهەلات ببێتە گۆرەپانی هە لسوران و قازانج و تالان و پاوانخوازی ئابوری رۆژ ئاوا. ئەم رۆشنبیرانە لەدەرەوەی جڤات دەژین. دەیانەوێت ئەزمونی رۆژئاوا لە مالی کوردیدا بە وردودرشتێەوە دووپات کەنەوە. پەیوەست بە جڤاتی کوردیەوە نین و مەفتونی هەموشتێکی دەرەوەی جڤاتی کوردین. لە فەزای گشتی کوردان دورە پەرێزن. بە پێچەوانەی روناکبیرانی خۆرئاوا، هیچ لیکۆلینەوەیەکیان لەسەر ئیسلام نەکردۆ. چوار کتێبی ئیسلامیان نەخۆێندۆتەوە، هەر لەبەر مۆد یان خۆشی یان تەقلید دژ بە ئیسلامن. من تا ئێستاش رەخنێکی زانستیم لێیان نەدیتۆ.

بۆ وێنە ئاماژە بە فایلی ئازادی ژنان و مافی ژن دەکەم. ئەم گوتارە لە یەک سەدەی رابوردو چ کەلکێکی بۆ کۆمەلگا و ژنانی ئەم بازنەیە هەبۆ؟ غەیری ئەمەی بازارێکی گەورەی چەن سەت میلیۆن کەسی ساز کردۆ بۆ کەرەسەی جوان کاری کارخانەکانی رۆژئاوا. لەحالەتێکدا لە ماوەی ئەم یەک سەت سالەدا لە ناو ئەم سەتها میلیون خاتونە سەت خانمی پسپۆر هەلنەکەوتوە. لەبەرامبەردا هەزاران گۆرانیبێژ و سەماکەر خولقاوە. لە زۆربەی بەشەکاندا دەکرێ لێکدانەوە و توێژینەوە بکرێ تا بەو ئاکامە بگەین کە تەقلید و لاساکردنەوەی روناکبیرانی ئوروپی لە لایەن روناکبیرانی جەغزی شارستانی ئیسلامی دەسکەوتێکی ئەوتۆی نەبوە کە جێگەی شانازی پێکردن

بێ. سەیر ئەمەیە روناکبیرێکی وەک جان ئُستوارت میل خاوەنی کتێبەکانی "لە بارەی ئازادی" و "دەسەلاتی نوێنەرایەتی" دەڵێ برواکانی ناکرێ لە شوێنێکی وەک هیند جێگە بگرێ لەبەر ئەوەی شارستانییەت و نەژادی ئەوان لە پلەی خوارتری ئوروپادایە. هەڵبەت مەبەستی ئُستوارت میل نزم و بەرزی نەژادەکانە.
پێویست بە ئاماژە ناکا بلێم کە من لە سەر ئەم بروایە نیم کە روناکبیری کورد نابێ لە سەر مافی مرۆڤ، توندو تیژی دژی ژنان، بیروبۆچونەکانی ئێتنیکی و ئایینی و...و... بدوێ و هەڵسوکەوتی ببی. نا بە پێچەوانە، روناکبیر ئەگەر لەم چەمکانە نەدوێ و لەسەر مافی مروڤ و ژنان و مندالان و نەتەوەکان و... نەخوێنێتەوە و نەدوێ و نەنوسێ روناکبیر نیە. بەلام پێموایە روناکبیر زادەی نێو کۆمەلگای خۆیەتی و بەرهەمی خوێندنەوەی کتێبەکانی دەرەکی نیە هەر بۆیە بە پێی بارودۆخی کوردەواری و لەسەر بنەمای فەرهەنگ و کولتور و مێژو و قازانجە نەتەوەیەکانی ئەم کۆمەلگایە دەبێ هەلسوراو بێت.
کاردانەوەیەکی نگاتیڤی روناکبیری تەقلیدی لە نێو لاوەکاندا بێزار بونیان لە رابۆردویانە. زۆربەی هەرەزۆری لاوی کۆمەلگای کوردستانی ئێران یان ئاگای لە گوتاری روناکبیری نیە یان نەتەنیا هیچ لە رابوردوی نازانێ و نالی و خانی و وەفایی و سارم بەگ و سەلاحەدین و...و... ناناسێ ڤیزیشی لەوان و رابوردوی دێتەوە و بێزی هەڵدەستێ. من ئەم شتانەم دیتوە و رۆژانە دەی بینم و لە زۆربونیش دایە. کەش و هەوای خوێندکاری کوردستانی ئێران بەرەو "خۆ لەبیر بردنەوە" " بێ تەفاوەتی" " خۆ بە لێپرساو نەناسی" و "قەیران" دەروا. لە بەر ئەوەیە ئێمەی کورد لە ئێران بەر لە هەمو شت پێویستیمان بە روناکبیری غەیرە تەقلیدیە. روناکبیرێک کە هەلقولاوی دڵ و مێژو و راستیەکانی کۆمەلگای کوردستانی ئێران بێت. من نەتەنیا ئەو نوسخەیەی کە روناکبیری ئوروپی بۆ کۆمەلگای خۆی نوسێوێتی بو خۆمان رەوا نابینم، پێموایە گوتاری روناکبیری کوردستانی ئێران و عێراقیش جیاوازە. چ بگا بە وەی نوسخەی روناکبیرانی سوید و نورویژ بۆخۆمان بپێچین.
هەر بۆیە لە سالی ١٣٨٥هەتاویدا " زەرورەتی روناکبیری دینی"م هێنایە گۆرێ. لەم وتارەدا دوای ئاماژە بە بارودۆخی کۆمەلگای کوردەواری و هەلسەنگاندنی لە تەک کۆمەلگا دراوسێکانی فارس و تورک و عەرەب گلەییم لە نوخبەکانی روناکبیران و سوننەتێکان کرد کە یان بە خۆیانەوە خەریکن یان لە دژی یەکتر. ئاگایان لە کۆمەلگا نیە. ئارەزوم کردوە لە ناو کوردستانی ئێران رۆشنبیران وا وەبەرچاو بێن کە نیگەرانی هوییەتی کوردانن و سەر بەخۆ بیر دەکەنەوە و هێما رۆژئاوایەکان بە موتلەق نابینن و وەک تەجروبەیەکی بەشەری چاویان لێدەکەن. لە حەوزەی بیر و ئەندیشە لاساکەرەوە و مەسرەفی نین بەلکو خولقێنەر و داهێنەرن. ئایین بە یەکێک لە بنە ماکانی پێناسە و هوییەتی کوردان دەزانن و نایزرێنن. لە گەل ئەمەشدا لە رەخنەگرتنی بێ رەحمانەی دینداری فقاهەتی و باوەردارانی سوننەتی غافل نین. لە نێوان روناکبیرانی تەقلیدی و بیرمەندانی سوننەتی رێگای سێهەم دەخەنە پێش چاوی کۆمەلگای کوردستانی ئێران. داواشم لەم دو لایەنە کردوە لە باتی تیرۆری کەسایەتی ئەم روناکبیرانە ئەگەر نەتەوەکەیان خۆش دەوێ و لەم خۆشەویستێدا راستگۆن و کەمترین دلسۆزیان بۆ کوردستان هەیە پێویستە بە پێشوازی هاتنە ئارای ئەم روناکبیرانەی رێگای سێهەم برۆن. هەروا نوسیموە: رەنگە بتوانن کاتی هاتنی ئەم لایەنە وەدوا بخەن یان رەورەوەیان شل کەنەوە بەلام ناتوانن پێشی بگرن چونکو نیازێکی نەتەوایەتیە. پێنج سال دوای هێنانە ئارای ئەم وتارە هەر لە سەر بروای خۆم ماوم و پێم وایە بوونی ئەم بەشە روناکبیرانە ئێستاکە حاشا هەلنەگرە. هیوادارم "تضاد" و رِقەبەرایەتی نێوان تیپە جۆراجۆرەکانی روناکبیرانی کورد ئێمە زیاتر بەرەو دمۆکراسی و پێکەوەژیانی شارستانیانە ببات.

**پرسیار : لە مێژودا کەسانێک توانیویانە ببنە هێما بۆ روناکبیر، بە چەشنێک لە بەرامبەر مێژودا سەر بلیند بن، کەسانێک وەک سوقرات،مەنسوری حەلاج، گالیلە و دریفوس و...، ئایا روناکبیری ئێمەی کورد، لە بەستێنەکانی فەرهەنگ، سیاسەت، کۆمەلگادا دەتوانێ رۆلێکی وەها بگێرێ؟ بە گشتی کاری روناکبیری کورد لە بەستێنی سیاسەت، فەرهەنگ و کۆمەلگادا چیە؟**

**وەڵام :** بەداخەوە تاکوئێستا روناکبیری ئاوامان نەبوە کە ببێتە هێمای خوێندکارانی گەلەکەی چ بگا هێما بوون بۆ گەلانیتر. بۆ وێنە ئێستا لە ئێران سروشمان هەیە کە نێوی لە نێوان ١٠٠ روناکبیری هەلبژێردراوی جیهاندایە. عەرەبەکانیش چەن کەسایەتیان لەم لیستە دایە. ئاگام لە تورکەکان نیە. تاکو ئێستا کورد نەیتوانیوە لەم بەستێنەدا خۆی بنوێنێ و قامکی بۆ رادێردرێ. هۆی چیە؟
یەکێک لە گرینگترین هۆیەکانی نەبونی دەولەتی کوردیە. بونی دەولەت لەم ئیشانەدا کاردانەوەی زۆرە. ئەگەر سروش کوردبا یەکێک دەبو وەک مەریوان وریا و ئەبوبەکر عەلی، نێوی نەدەچوە نێو لیستە نێو نەتەوەیەکان. هۆیەکی دیکەی دەگەرێتەوە بۆ کۆمەلگای کوردەواری. ئێمەی کورد کۆمەلناس و کۆمەلناسیمان تێدا لاوازە، فەیلەسوفمان هەر نیە، حەوسەلەی فەلسەفەمان نیە، سەبور و گەرۆلی زانین نیین، ریسک ناکەین و خولیای دۆزینەوە و وردبونەوە نین. نەک هەر لە بازنەی بیر و ئەندێشەدا، لە کاروباری رۆژانەدا، لە وەرزێری و کشت و کاڵ و سەنعەتکاری و...شدا ئەم رەخنەمان لەسەرە. عاشقە ئەسپ و ئەسپ سوارین، خاوەنی باشترین نەژادی ئەسپین، بەلام شوێنێکی پەروەردەکردن و چاکسازی ئەسپمان بۆ داناندرێ، نەژادی ئەسپی کوردی خەریکە لەبەین دەچی ئەگەر لەبەین نەچووبێ. کانگای بەیتو باو و حەیران و لاوکین چوار بەیتمان بۆ کۆناکرێتەوە، خوا ئوسکارمانی ئالمانی عەفو کا کە نەی هێشت بەیتەکانمان وەک حەیران و لاوکەکانمان لە ناو بچن. چەکدارێکی کە فیشەکدانی راست و چەپ بەستوە، گۆرانی بێژێکی کە هەرچی دەیلێ نایلێتەوە، شاعیرێکی کە بە دەست و پێ و ئیحساس و شیعر هەستمان دەبزوێنێ( لە گەل رێز و

حورمەتی زۆرم بۆو خۆشەویستانە) لای ئێمە بەرچاوترە، بە حورمەت ترە لە روناکبیرێک. سەیر ئەویە ئەگەر کۆر و کۆبونەوەیەکی روناکبیریش دەگیرێ لە بەر نیسێی مۆسیقا و گۆرانیدا بەڕێوە دەچێ. حازرین رۆژانە چەن کاتەژمێر هەلپەرین، گوێ لە موسیقا راگرین، چاو لە شاشەکان ببرین، بە فیرۆ کات رابوێرین بەلام چرکە ساتێک ناتوانین گوێ رایەلی وتارێکی روناکبیری بین یا کتێبێک بخوێنینەوە. مچورکێکمان پێدا نایا ئەگەر تەواوی ژیانمان هەر مەسرەف بکەین، لە خواردن و خواردنەوە، لە سەیارە و کارەبا، لە بیر و بیرکردنەوە، و رۆژێک بۆلای بەدیهێنان و تەولید نەروێن. هەر کۆمەلگایەک زەوێکە کە شیاوی شین بونی گول و بەرهەمێکی تایبەتە. شورەکات هەر شۆرەی لێ شین دەبێ.

ئایا کۆمەلگای کوردی شورەکاتە؟ زەوێکی خانی و حاجی و نالی و ئیبنو خەلەکان و بێتوشی و ئیبنولحاج و قزلجی و دینەوەری و بەتلیسی و ئامێدی و سەید عەلی ئەسغەر و هەزاران بەرهەمی بەنرخی پێشکەشی کۆمەلگای بەشەری کردبێ چۆنە بۆتە شۆرەکات. ئیمام موحەمەدی غەزالی یەک لە دە نوسەری گەورەی شارستانیەتی ئیسلامیە، وتەیەکی بە دەنگ و ناوی هەیە: ئایینی ئیسلام لە سەر سێ کۆڵەکە وێستاوە، دینەوەری – ئامێدی – شارەزوری. هەر سێ کۆڵەکە کوردن. نەتەوەیەک هەر سێ کۆڵەکەی شارستانییەتێک لە سەر خاکی رِوابێ، چۆن بۆتە شۆرەکات؟ چۆن کردیانە شۆرەکات و کێ کردیە شۆرەکات؟ بۆ کرا بە شۆرەکات؟ چۆن ئەم زەویە پر پیت و بەرەکەتە، بۆ بازنەی شارستانیەک لە حەوت شارستانی گەورەی جیهان، کرا بە جارٍ؟ بۆ وایان کرد نەوەکانی ئەم کەسایەتیە نێونەتەوەیانە، باب و باپیری خۆیان نەناسن، تەنانەت قیزیشیان لێیان هەستێ؟ لێرەدا جوابی ئەم بەشەی پرسیارەکە دێتە گۆرێ کە: بە گشتی کاری روناکبیری کورد لە بەستێنی سیاسەت، فەرهەنگ و کۆمەلگادا چیە؟

بەر لە هەمو شت بە پێوەستی دەزانم دوپاتی کەمەوە روناکبیر جیاوازە لە تەک نوسەر و شاعیر و مامۆستا و سیاسەتوان و... .هەر کۆمەلگایەک چەشنی مەخروتێکە. خوارەوی بەدەنەی کۆمەلگایە، لای سەرەوەی کەسایەتێکانی تایبەتن چەشنی نوسەر و مامۆستای زانستگاکان و شاعیران و رۆژنامە نوسان و مامۆستایانی ئایینی هەلکەوتو و وەرگێران و... ، نوکی مەخروتەکە رۆشنبیرانن کە تاقمێکی بە شومار زۆر کەمن. مەخروتی کۆمەلناسی کوردستانی ئێران تاکو ئێستا نەکێشراوەتەوە.

روناکبیری کورد، لەم بەشەی کوردستان، پێویستە لە خوێندنەوەی دوبارە و چەند بارەی کۆمەلگای خۆی دەس پێ بکا، خۆی بناسێ، یانی مەعریفەی نیسبەت بە جیهان و مێژو و جڤات هەبێ، خۆی لە تەقلید و لاساکردنەوە بپارێزێ، لە گەل کەلک وەرگرتن لە تەجروبەی روناکبیرانی رۆژئاوا خۆی لە هەیمەنەی بە هێزی ئەوان رزگار بکا، بە تایبەت لە هەیمەنەی چەپی مارکسی. خۆی لە تێکەلاوی کاری سیاسی و حیزبایەتی و دەسەلات بپارێزێ، بە چاوی رەخنە گرانە بروانێتە گشت لایەکی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەلایەتی و ئایینی و...، رەخنە گرێکی بێ بەزەییانە. بخوێنێتەوە، هەر بخوێنێتەوە. خۆی لە مەر مێژو و کۆمەلگای کوردی بە بەرپرس دانێ، عاشق و خولیای خوێندنەوە و پرسیار و توێژین و لێکۆلین و ریسک کردن بێ، ترسەنۆک نەبێ و هاوکات بەردەوام خۆفێکی لە دل دابێ،نازانم بلێم خۆف لە چی لە هەلە؟ لە خەیانەت؟ لە هەلخلیسکان؟ لە قەزاوەتی مێژو؟ لە خودا؟؟؟

نازانم لە مەرِ چ کردنی روناکبیری کورد چی دیکە بنوسم. زۆر شت شک دەبەم. بەلام خۆ ناکرێ و ئەو توانایەشم نیە هەمو شتەکان بێنمە سەر کاغەز....

**پرسیار : وەک دەزانن ئەم تەوەرە زۆر باس هەلدەگرێ، بەلام لە کۆتایی پرسیارەکانمدا دەمەوێ بپرسم، ئەگەر بمانەوێ لە چەن خالدا خەسارەکانی بزوتنەوەی روناکبیری کورد دەسنیشان بکەین، جەنابتان چۆن پێناسەی دەکەن؟**

وەڵام : هەر وەک جەنابت فەرموت تەوەرەی روناکبیری و روناکبیران باسێکی قول و دورو درێژە. پێم وایە بە یەک جار و دو جار و نوسینی چەن لاپەرە و بلاو کردنەوەی وتارێک کۆتایی نایا. روناکبیری گرینگترین باسی ئەورۆی کوردستان بە تایبەت کوردستانی ئێرانە. لە بەر ئەوەی کرانەوەی ئەم باسە کرانەوەی دەرگای راستێکانە. باسێکی خەتەرناکیشە لەبەر ئەوەی ئەگەر باسەکە بەلارێدا بروا یان لە رێگادا ون بێ کاریگەری لەسەر تەواوی کێشەکانی دیکەی کورد دەبێ و ئەوانیش لە رێگادا گوم دەکا یان بە لارێیان دەبا. ئەگەر هەتاکو ئێستاش زۆربەی کێشەکانی کورد ماونەتەوە یەکێ لە هۆیەکانی بارودۆخی رۆشنبیری کوردی بوە. بەڵام لەو هەلە کەڵک وەردەگرم و ئاماژەیەکی بە پەلە بە بیروراِی خۆم دەکەم. خەسارناسی بە مانای پاتۆلۆژی بزوتنەوەی روناکبیری دەبێ لە سێ رەهەندا باس بکرێ. یەکەم خەسارناسی روناکبیران، دوهەم خەسارناسی بزوتنەوەی روناکبیری، سێهەم خەسارناسی گوێدێران و گوێ رایەڵانی روناکبیران. دیارە ئەم باسە دوروو درێژە و لە بەر گرینگی وتارەکە پێویستە بە تایبەتی وتووێژ و موجادەلەی لەسەر بکرێ. بەڵام ئاماژە بە چەن رەخنە لە رۆشنبیر و رۆشنبیری دەکەم کە نیشانەیەکی خەسارناسی پێوە دیارە:

١- روناکبیری کورد خۆی بە بزوتنەوەیەکی سەربەخۆ ناناسێ. چەشنی دیاردەیەکی سەر بەخۆ موعامەلە لە تەک خۆی ناکا. خۆی لە قالبی شتانێکی دیکە دەردەخا. بۆ وێنە لە شیعر، لە هەلسورانی حیزبی، یان رۆژنامەنوسی خۆی پێناسە دەکا. لە کوردستانی ئێران کەسێکمان نیە کە وەک سروش یان ئەرکون یان ئیدوارد سەعید یان چامسکی شۆناسی روناکبیری ببێت. بۆیەش جاری وایە بە شاعیرێک دەکوتری روناکبیر کەچی لە دیوانەکەیدا شیعری وا دەبینی کە تاریکی لێ هەلدەقولێ. یان هەلسوراوی تەشکیلاتێک کە بە روناکبیر ناسراوە و ناوی دەرکردۆ کەچی هەلسو کەوتی رامیاری و تەشکیلاتی وا دەگرێ سەرسورماو دەبین. هیوادارم لە

داهاتویەکی نیزیکدا لە ناو خوێندکاران و حوجرەکاندا تاقمی روناکبیری سەربەخۆ و حیرفەی هەڵقولێ.

٢- روناکبیری کورد روناکبیری دەر هاتە لە وەرگێردراوەکانە. لە کوردستان زانستەکانی ئینسانی و کۆمەڵناسی و فەلسفی ئێجگارتر لە ئێجگار لاوازە، یان هەر نین. بۆیەش روناکبیر پەنا دەباتە سەرچاوە وەرگێراوەکان(تەرجومەکان)، نەک وەک یاریدە و تەجروبە، بەڵکە وەک تەنیا سەرچاوە و زانستی فێربون. ئەم سەرچاوانەش هەڵقولاوی مێشکی کۆمەڵناس یان فەیلەسوفێکە کە کۆمەڵگاکەی و ئینسانەکانی لە تەک کۆمەڵگا و ئینسانی کورد جیاوازیان زۆرە. کۆمەڵگایەکی کە تێرە لە سەربەخۆیی و ئیش و ئازادی و مافی مروڤ و قەیرانەکان تەنگەیان پێ هەڵنەچنیوە چۆن دەبێتە سەرچاوەی کومەڵگایەکی کە بە وتەی روناکبیرێکی نەناسراوی کورد (بە فارسی نامەی عاشقانە دەنوسێ، بە عەرەبی لەبەر خوای دەپارێتەوە، بە تورکی موعامەلاتی دەکا) . نازانم چۆن نوسخەیەکی کە روناکبیری فارس یان ئالمانی بۆ جنسی مێینەی دەنوسێ بۆ ژنی کورد کارایی دەبێ. دەرەکی بونی سەرچاوەکانی فێربونی روناکبیری هەر گەلێک خەسارێکی گەورەیە. ئەم دەرەکێش فەرق ناکا رۆژئاوایی بێ یان بۆچونی روناکبیرەکانی فارس و تورک و عەرەب. چۆن دەکرێ ئەزمونی خۆرئاوا لە ماڵی کوردیدا، بە ورد و درشتێیەوە، دوپات بکرێتەوە. روناکبیر کار لەسەر ئینسان و کۆمەڵگا دەکا، ئینسان خۆ وزە و ئاسن و داروبەرد نیە.

٣- روناکبیر لە کوردستانی ئێران لەسەرەتای لەدایک بون تا مردنی دەڵێی تەنیا یەک باژێری هەیە کە دەبێ پێیدا بروا. لە خوێندنەوەی چەن کتێبی تایبەت دەس پێدەکا، هەوەل فەلەکە و مەیدان کە دەی گاتێ دژایەتی لەگەل ئیسلامە. لە حالەتێکدا ١٠٠% کوردی ئێران موسولمانن. لە وێرا دەگاتە باژێرێکی ئیدئولۆژیک و حیزبایەتی. بەر لە روخانی دیواری بەرلین ئیدەئۆلیژی مارکسی بو. باسی سوسیالیسم، ماتریالیسم، کرێکار، مافی گەلان، سۆڤیەت، چین، ئیستالین، مائۆ و...داغ بو. دوای روخانی دیواری بەرلین باسی دمۆکراسی، مۆدرنیتە، پۆست مۆدیرنیسم، هیرمنۆتیک، مافی مرۆڤ، مافی ژنان، فۆکۆ، هانتینگتۆن و... داغ بۆە، هەر چەن لە لای تاقمێک ئێستاش سۆسیالیسم و کرێکار گەرمایی هەر ماوە. کە فەلەکەی پیری تێپەراند دەگاتە باژێری باسی چڕ و پڕی کوردایەتی و بیرەوەری نوسین. دوای مەرگیش ئەگەر لە گەل رێکخراوەکەی مابێت و دۆستانی وەفاداری بیێت و بارودۆخ ئیزن بدات سەرەخۆشی گەرمو گور و پڕ لە وتار و شیعر و حەماسە لە مزگەوتێک بۆی دادەندرێ. دەنا بە بێ دەنگی کۆتایی پێ دێت. ئەمە لە باری ژیانی رۆژانەیەتی، لە باری بیر و هزریش یەک رەهەندە. لە حالێکدا یەکەم هێمای روناکبیری فرە رەهەندیە.

٤- تاکە و یەکتر تەحەممول ناکەن. من پێموایە روناکبیری کورد ئەگەر تێکەلاوی رێکخراوەیەکیش دەبێ هەر تاکە(رەنگە یەکێک لە ڕیشەکانی نەبونە یەکی رێکخراوەکان و هەڵایسانی شەڕەکانی براکوژی ئەمە بێ). بۆیە لە ماوەی نیزیک 30 سال کە کاری حیزبی بڤە بۆت روناکبیران لە کوردستانی ئێران بە تاکی ماونەوە. هاتوو چۆی یەکتر ناکەن، یەکتر ناناسن، بیروڕا ناگۆرنەوە، بە یەکتری رازی نین. بە دەگمەن پێکەوە کۆ دەبنەوە. زوو تورە دەبن و دەتۆرێن. دو کاتەژمێر ناتوانن پێکەوە موجادەلە بکەن. لە کاتێکدا لە بەرامبەر رۆژئاوا دوچاری خۆ بە کەم زانینێکی ترسناک بوونەتەوە و مەفتوونی هەموو شتێکی دەرەوەی کۆمەڵگایە، لە بەرامبەر یەکتر و کۆمەلانی خەلک هەست بە بەرزی خۆیان دەکەن.

٥- سیاسەت زەدەن. وای لێ هاتوە روناکبیر ئەگەر سیاسی نەبێ بە روناکبیر ناناسرێ. بەم هۆیەشەوەیە کە وتارەکانی کۆمەڵناسی و فەلسەفی و ... نامۆن. کۆبونەوەکانی سیاسی بە ساکاری پێک دێن لە هەمان کاتدا کۆبونەوە لە مەر مێژوناسی و باسی ئینسان و... هەر پێک نایا. ئەگەر باسی مافی ژنان یان مافی مرۆڤ دەکری باسەکان زۆرتر سیاسین تا ئیستراکچری. هەر ئەم بۆشاییەش بۆتە هۆی ئەمە کە روناکبیری کورد بە هاسانی بۆ لای حیزبایەتی رابکێشرێ.

٦- روناکبیری کورد رەخنەگر نیە. رەخنەگری هێمایەکی گرینگ و بەرچاوی بزاڤی روناکبیریە. بە بێ روحیەی رەخنەگری تاک نابێتە روناکبیر. پسپۆرێکە، شاعیرێکە، مامۆستایەکی زانستگا یان حوجرەیە. ئەگەر جاروباریش رەخنە دەگرێ، بە تایبەت لە ئیسلام، رەخنە نیە زۆرتر هێرشە.

٧- رۆشنبیری کوردستانی ئێران لە فەزای گشتی دورە، نوسین بە ئەرک نازانیە، خولقێنەری بیر و هزر نیە، توانایی خویندنەوەی واقیعی نیە، نیگەران نیە، توانای رەخنە وەرگرتنی نیە، عەوداڵی زانین و گەڕان و دۆزینەوە نیە(بە تایبەت لە ڕابوردو و مێژوی خۆی) و.............٨- و ٩ و ١٠ و....

## بیوگرافییەکی کورتی بەڕێز سەلاحەدین عەباسیی:

لە شەوی ١۶ سەرماوەزی ١٣٣۶ هەتاوی لە دێی قاجری بۆکان لە دایک بوم. خوالێخۆشبوی بابم، مەلا سەلیم، شاعیر و ناسناوی لوتفی بوو. هەر پێنج برا خەریکین دیوانەکەی چاپ بکەین. سێزدەبەدەری سالی ١٣٣٨ هاتوینە دێی حاجی خۆشی شارۆیران. سالی ١٣۴٢ بابم دەستی لە مەلایەتی هەڵگرت و هاتوینە شاری مەهاباد. ئێستاش لەگەل سورەبییای خێزانم و منداڵەکانم، سارا و سارم، دانیشتوی گەرەکی مزگەوتی سوری مەهابادم. ٢٨ سالە بەیانان کارمەندی ناوەندی کەشاوەرزیم. پاش نیوەرۆیانیش لە باغە گوێزەکەم ئیش دەکەم.

. هەر لە منداڵێوە بە بۆنەی بابم لە گەڵ شیعر و شاعیرانی کلاسیکی کورد و مێژو و باوەری ئیسلامی ئاشنا بوم.

. سالی ١٣۵٣ مامۆستای زمانی فارسیم کە لاوێکی لایەنگری چریکە فیدایەکان بو و دەنگۆ هەبو بەو هۆیە لە باکوری ئێران بۆ مەهاباد دورخراوەتەوە، بە نهێنی

کتێبەکانی سەمەدی بیهرەنگی و دەرویشیان و پەرویزی رەسولی پێ دەخوێندمەوە و لە تەک بیری چەپ ئاشنای کردم و ئەگەر لە زانستگا مەزهەبێکان "جەزبیان" نەکردبام دەبومە کومونیستێکی قەهار!

* سالی ١٣٥٥ لە زانستگای ورمێ دەستم کرد بە خوێندنی کارناسی کشتوکال. سالی١٣٥٧ لە بەر کورد و سوننی بون یەکێک لە نوێنەرانی خوێندکاران لە کومیتەی ١٥ نەفەری بەرێوەبردنی شۆرش و خۆپیشاندانەکانی شار و زانستگای ورمێ بوم کە دوای سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامی زۆربەی ئەندامانی ئەو کومیتەیە بە پلەوپایەی گەورەی دەسەلات، وەک وەزیر و وەکیل و سەردار، گەیشتن.

* پێش و دوای سەرکەوتنی شۆرش، خوێندکارێکی هەلسوراو و خۆتێهەلقوتێن بوم. لە ئایەتوللا تاهیری و مەکارم و مونتەزیرێوە بگرە هەتا دەگاتە شیخ عیزەدین و سەلاحی موهتەدی و ئەحمەدی موفتیزادە و کەریمی حیسامی و سەعد موجبری لیبی و دوکتور پەیمان و مەلا محەمەدی جەوانرۆیی و مەلا هادی سەرا و دوکتورقاسملو و سروش و هەژارو حیکمەتیاری ئەفغانی و سەدان گەورە و چکۆلەی دیکە دیدارو کێشە و موجادەلەم کردوە.

* سالی١٣٦٧ دورخرامەوە شۆتی ماکۆ، سالی ١٣٦٨ لە سەرکار دەرکرام و ١٣٧٠ بە حوکمی دیوانی عەدالەتی ئیداری هاتمەوە سەرکار. لە سالی ١٣٦٩ هەتا ئەورۆ خۆم لە هەر کارێکی نهێنی و رێکخراوەیی پاراست و هەرچی نوسیومە و کردومە بە ئاشکرای و راشکاوی بۆە.

* هەتا ئەورۆ پێنج کتێبم چاپ بوە، چواری دیکەم ئامادەی چاپن. ٩٨ گوتار و نوسراوەم لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی سەراسەری و ناوچەیی و خوێندکاری بڵاو بۆتەوە کە چەمکی زۆریان سیاسی و میللی و مەزهەبین. چەندین وتار و وتووێژم لە لایەن رادیۆ و تەلەویزیونەکانی وەک دەنگی ئامریکا و میدیا تی وی و... لە تەکدا کراوە و بڵاوبۆتەوە.

ئێستاش خەریکی خوێندنەوە و بیرکردنەوە و نوسینم. دەرگای مالم هەمیشە و روبەروی هەمو کەس، بە هەر بیروڕا و ئیدەئۆلۆژی و نەژادێکەوە، ئاوالەیە. لە گفتگۆ و موجادەلە و چاولێکردنی تلویزیۆن تێر نابم.

٣ی فیوریەی ٢٠١٢

## رۆژهەڵاتی کوردستان لە نیوان ئەمڕۆ و دوێنێ دا [ بەشی یەکەم ]

### وتووێژ لەگەڵ بەرێز عەبدوڵا حیجاب

پرسیارەکان:

پرسیار : سەرەتای پرسیارەکەم لە بەرێزتان بە پرسیارێکی گشتگیر دەست پێدەکەم، زۆرێک لە کارناسانی سیاسی پێیان وایە کە کێشەی کورد بۆ سیستم ومودیرییەتی سیاسی دەسەلاتانی زاڵ بەسەر کوردستان دا دەگەرێتەوە، ئایا بزووتنەوەیسیاسی و کۆمەلایەتی کورد، بە مەبەستی دابین کردنی مافە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانیهەڵقوڵاوی چ بارودۆخێک بوو؟ بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا؟



عەبدوڵا حیجاب: با لانیکەم ئێمەی کورد پرسی نەتەوەیی خۆمان بە "کێشە" نەناسێنین. ئێمە کێشەمان نیە، دۆزێکی قووڵی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابووریمان هەیە کە ڕیشەی لە شێوەی هەڵسوکەوتی دەسەڵاتداران لە گەڵ ماف و ناسنامەی نەتەوەیی ئێمەی کورد دا هەیە.

لە پێوەندی لە گەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا دەتوانین باسی سێ تێڕوانینی جیاواز بکەین: تێڕوانینەک کە زیاتر لە تێئۆری مودێرنیتەوە نزیکە ڕاپەرینە نەتەوەییەکانی کورد بەو دژکردەوانەوە دەلکێنێتەوە کە پێشەنگە نەتەوەییەکانی کورد لە بەرامبەر سیاسەتی نەتەوەسازیی دەولەتە تازە دامەزراوەکانی دەسەڵاتدار بە سەر کوردستانەوە نیشانیان دا و مەبەستیان ئەوە بوو کە جێگایەک بۆخۆیان لە دەسەلاتی سیاسی دا وەدەست بێنن. لەو ڕوانگەیەوە یەکەم ڕاپەرینی نەتەوەیی کوردستان بە ڕاپەرینی شێخ سەعیدی پیران و لە درێژایی ئەویشدا سەرهەڵدانی ئاگری لە دژی کۆماری نوێدامەزراوی تورکیە دەناسێنن. بە

پێی ئەو تئیۆرییە یەکەم ڕاپەرینی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو بزووتنەوە نەتەوەییە بوو کە دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ای لێ کەوتەوە و لە باشووریش بزووتنەوەی بارزانی بە یەکەم سەرهەڵدانی نەتەوەیی کورد دەژمێرن.
ڕوانگەیەکی دیکە کە زیاتر خزمایەتی لە گەل ئەو تئیۆرییە سیاسیەوە هەیە کە بە تێڕوانینی ئێتنیسیستی دەناسرێ، ڕیشەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان دەگەڕێنێتەوە سەر دەسەڵاتی سوننەتیی میرنشینە کوردەکان و ویستی ئەوان بۆ سەروەری لە هەرێمێکی بەرفراوانتردا. لایەنگرانی ئەو تێڕوانینە، یەکەم تێئۆریسیەنی ئەو بیرە بە حەزرەتی ئەحمەدی خانی دەزانن کە لە کۆتایی سەدەی ١٧ای زایینی دا باسی پێویستی یەکیەتی کورد بە مەبەستی دامەزراندنی سەروەریی نەتەوەیی دەکا.
تێڕوانینی سێهەم کە لە ڕوانگەی منەوە باشتر لە گەڵ ڕاستیەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان دەگونجێ، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بەو ئاڵوگۆڕە ئابووری، پیشەسازی و کۆمەڵایەتیانەوە گرێ دەدا کە لە کۆتایی سەدەی بیستەم لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ڕوویان دا. بێگومان بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ناتوانێ بە شێوەی بە تەواوی سەربەخۆ لەو ڕەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەوە شکڵ بگرێ کە لە کۆمەڵگا جیرانەکاندا لە گۆڕێ دا بوون، بە تایبەت ئەو ڕەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی کە لە کۆمەڵگاکانی ئەرمەنی، تورک و فارس و دواتریش لە کۆمەڵگای عەرەب دا ڕوویان دا. بەڵام ناکرێ سەرەتای شکڵ گرتنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد تەنیا بەو دژکردەوانەوە پێوەند بدرێ کە لە بەرامبەر دەسەڵاتە ناوەندییەکاندا ڕوویان داوە.
بەشێک لە پێشەنگەکانی کۆمەڵگای کوردستان هەم لە بزووتنەوەی تەنزیمات لە نێوەڕاستی سەدەی ١٩ و لە سەردەمی عۆسمانیەکاندا و هەم لەو ئاڵوگۆڕانەی کە بزووتنەوەی پاشایەتی دەستووری لە سەردەمی قاجار دا لێی کەوتەوە بە شێوەی چالاکانە بەشدار بوون. هەمووی ئەوان بە ناو و ناسنامەی کوردی خۆیانەوە ئەو دەم چالاکیان دەنواند. تەنانەت سوارانی عەشایریی حەمیدییە کە لە خزمەتی سولتان حەمیدی عۆسمانی دا بوون ناسنامەیەکی کوردییان هەبوو. هەر چەند ئەو ناسنامانە ئەو دەم لە شکڵی ئێتنیکدا بوون و ناکرێ بە ناسنامەی نەتەوەییان بە حیساب بێنین، بەڵام پلە و پایەی کۆمەڵایەتی و سیاسییان هەر لەو ئاستەدا بوو کە ناسنامەی تورک و عەرەب و فارس لەو سەردەمەدا بووی.
سەرەتای جیاکردنەوەی ناسنامەکان لە نێوان کۆمەڵگا قەومیەکانی ئەو کات کە بە سەرەتای شکڵ گرتنی بیرۆکەی نەتەوەیی لە لای پێشەنگە نەتەوەییەکانی کوردیش دەژمێردرێ دامەزرانی جەمعیەتی ئێتیحاد و تەرەقی لە ئیستانبۆل لە ساڵی ١٨٨٩دا بوو کە وەک بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی تورک دەژمێردرێ، بەڵام بەشێکی دامەزرێنەران، ئەنداماان و بەڕێوەبەرانی کورد و عەرەبیش بوون. دواتر کوردەکان لە ساڵی ١٩١٠دا لەو کۆمەڵە جیابوونەوە و جەمعیەتی تعاون و ترقی کوردستانیان دامەزراند و دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری تایبەت بەو جەمعیەتە تا لەو ڕێگایەوە بیری نەتەوەیی خۆیان بڵاو بکەنەوە. بەر لە دامەزرانی ئەو کۆمەڵەیە، لە ساڵی ١٨٩٨دا گۆڤار یا ڕۆژنامەی دوو حەوتوانەی کوردستان دەستی بە وەشان کردبوو. لە مەیدانی خەباتی بە کردەوە بۆ ئازادیی کوردستاندا ڕاپەرینی چەکدارانە سەری هەڵدابوو و بە گشتی کوردستان لە ڕەوتی وشیاری نەتەوەییدا بوو. بۆیەش بە جێیە کە ڕیشەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان بگەڕێندرێتەوە سەر ڕاپەرینی شێخی شەمزینان، سەیدا شێخ عوبەیدوللا شەمزینی لە ساڵەکانی ٨٠ی سەدەی نۆزدەی زایینی دا. هۆکاری ئەو سەرهەڵدانەش دەگەڕێتەوە سەر هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو دەم و هەوڵدانی هەر کام لە کۆمەڵە قەومیەکانی ئەو سەردەمە بۆ گەیشتن بە سەروەریی نەتەوەیی لە ناوچەی خۆیاندا. بۆ شێخ عوبەیدوللا دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی کە بتوانێ ببێ بە هاوپەیمانی عۆسمانی لە کێشەی دژی ڕووسەکان، ئەرمەنیەکان و دەوڵەتی شیعەی قاجاردا هەم لە ڕووی نەتەوەییەوە و هەم لە ڕووی دینیەوە واجبێکی سەر شان بوو. بە دوای ئەو ڕاپەرینە، هەر دوو ڕاپەرینەکانی شێخ مەحموودی حەفید و سمایل ئاغای شکاک یا سمکۆ هەر بەو مەبەستە دەستیان پێکرد.
با ئەوەش لە بیر نەکەین کە جیاوازییەکی مەزن لە نێوان قۆناغی سەرهەڵدان و قۆناغی بە جەماوەریبوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستاندا هەیە. ئەوانەی من باسم کردن بە قۆناغی سەرهەڵدانی بزووتنەوە و شکڵ گرتنی بیری نەتەوەیی لە لای کۆمەڵێکی پێشەنگی کۆمەڵگاوە دەژمێردرێ. بۆیەش دوای هەر سەرهەڵدانێک، بە لە نێو چوونی سەرکردە یا سەرکردەکانی ڕاپەرینەکان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، خەباتی نەتەوەییش بێدەنگ دەبوو. قۆناغیی بە جەماوەریبوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان زۆر نوێیە.

**پرسیار :** سەدەی بیستەم بە سەدەی گۆڕانکارییە مەزنەکان لە ئاستیجیهانیدا ناوزەد دەکرێ، بەڵام کورد بە پێی هەڵکەوتوویی لە ناوچەی قەیراناوییرۆژهەڵاتی ناوین، بەردەوام بەرەو شکست ڕووبەڕوو بووەوە، بەگشتی سەدەیبیستەم بۆ کورد و بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**وەڵام :** سەدەی بیستەم نە تەنیا بۆ کورد، بەڵکوو بۆ هەموو گەلانی دانیشتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سەردەمێکی پڕ لە ڕووداو و قەیران بوو. لەو سەدەیەدا خەریتەی سیاسی هەرێم شکڵی گرت، وەڵاتانی نوێ دامەزران و کوردستان کرا بە کۆلۆنیەکی نێو دەوڵەتی. هەر لەو کاتەشدا ڕووداوە سیاسیەکانی سەدەی ڕابردوو ئەو دەرفەتەیان بۆ خەڵکی کوردستان پێک هێنا کە هەبوونی خۆیان وەک نەتەوە بسەلمێنن و لە سەر ئەو بنەمایە داوای مافی بەشداربوون لە دەسەڵاتی سیاسی دا بکەن.
هەموو شکستەکانی کورد لە سەدەی ڕابردوودا هەستانەوەیەکی بە هێزتریان بە دواوە بووە. کە وابوو شکستەکان کاتی و تەنیا لەمپەرێک بوون لە سەر ڕێگای خەباتی

نەتەوەیی بۆ گەیشتن بە یەکسانی و ئازادی. ئەگینا خەباتی نەتەوەیی کورد زیاتر گەشاوەتەوە و لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا گەیشتە ئاستی هەرە بەرزی خۆی. لە باشووری کوردستان دەسەڵاتێکی نەتەوەیی دروست بوو، لە باکوور خەباتێکی بەرینی جەماوەری دەستی پێکرد و لە ڕۆژهەڵات گەشەکردنی بیری نەتەوەیی گەیشتە قۆناغێکی بەرز کە تەنانەت زەخت و زۆریی دیکتاتۆریی حاکمیش ناتوانێ بە تەواوی پێش بە خۆنواندنی بگرێ.

لە ڕوانگەی منەوە بەرهەمی خەباتی نەتەوەیی کورد لە سەدەی بیستەمدا لە ماوەیەکی کورتی داهاتوودا بە نرخێکی زۆر کەمتر لەوەی کە کورد تا ئێستا داویەتی بە ئەنجام دەگا.

پرسیار : ئەگەر قۆناخی بەهێزی کورد لەسەدەی بیستەمدا دەسنیشان بکەین، کام قۆناخ و ساڵان بۆ کورد وەک خاڵی وەرچەرخاندەسنیشان دەکەن؟

وەڵام : دامەزرانی جەمعیەتی تعاون و ترقی لە ساڵی ١٩١٠، هەوڵە دیپلۆماتیکەکانی شەریف پاشا و سەرکردەکانی کورد بۆ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەیی بۆ کورد پاش شەری جیهانیی یەکەم کە چەند خاڵێکی پەیمانی سێڤری لێ کەوتەوە، ڕاپەرینی شێخ سەعیدی پیران، سەرهەڵدانی ئاگری و دامەزراندنی دەوڵەتی کاتیی کورد لە بناری کێوی ئاگری، ڕاپەرینەکانی سمکۆ لە کۆتایی شەری جیهانی یەکەمەوە تا کۆتایی ساڵەکانی ٢٠ی سەدەی بیستەم، ڕاپەرینی شیخ مەحموودی حەفید، دامەزرانی کۆمەڵەی خۆیبوون لە ساڵی ١٩٢٧دا، کۆمەڵەی هیوا لە ساڵەکانی شەری دووهەمی جیهانی، کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لە ساڵ ١٩٤٢ و پاشان گۆڕانی بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٥ دا،دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ دا، ڕاپەرینی بارزانی، ڕاپەرینی چەکدارانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٩ ەوە، سەرهەڵدانی چەکدارانە لە باکووری کوردستان لە ساڵی ١٩٨٤ەوە، دامەزرانی بزووتنەوەی یاسایی کورد لە تورکیە لە ساڵەکانی ٩٠ەوە، دامەزرانی حکوومەتی هەرێم کوردستان لە ساڵەکانی ٩٠ەوە هەموویان بە دەستکەوتی گەورەی کورد دەژمێردرێن. بەڵام وەکوو قۆناغەکانی وەرچەرخان دەبێ پەیمانی سێڤر، ڕاپەرینی شێخ سەعید، دامەزرانی کۆماری کوردستان، دامەزرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە جەماوەرییبوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە باکووری کوردستان لە ساڵەکانی ٩٠ەوە و شۆڕشی مێدیای کوردی بە دامەزرانی تەلەڤیزیۆنی ساتێلیتی ناو بەرین.

پرسیار : ئەگەر بە پێی ڕووداوەکان و شوێندانەرییان درێژە بە پرسیارەکانبدەم، لە ناوەراستی سەدەی بیستەم دا ئایدۆلۆژی کۆمۆنیزم بالی بەسەر فەزایسیاسی و ڕێکخراوەیی کوردستان کێشا. زۆر لە حزب و ڕێکخراوەکان بە بیرۆکەی چەپەوەباشاری جەریانی ناسیونالیستی کورد بوونەوە، کێشەی کوردیان لە بیاڤی سیستمی کۆمەڵایەتی چینی سەرمایەدار دا وێنا دەکرد، ڕەوتی مارکسیستی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێننو کوردستان کێشەی کوردی بەرەو چ ئاقارێک برد ؟

وەڵام : با بەر لە هەموو شتێک هەڵەیەک لە بواری تێگەهی (مفهوم) تێئۆریکەوە کە بە داخەوە لە لای زۆر ڕووناکبیر و سیاسەتمەداری کوردیش بووە بە باو، بەڵام هەڵەیە، زیانهێنەرە و لە دژی مەبەستی خۆی کار دەکا ڕاست کەمەوە. تێگەهی ناسیۆنالیزم لە تێئۆری سیاسیدا و لە کردەوەی سیاسیش دا لە بزووتنەوەی ناسیۆنال یا بزووتنەوەی نەتەوەیی جیاوازە. بزووتنەوەی کوردستان بزووتنەوەیەکی نەتەوەییە کە لە تئێۆری سیاسی دا پێ دەڵێن National Movement و کوردییەکەی دەبێ بە بزووتنەوەی نەتەوەیی. بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی Nationalistic Movement ە کە بە کوردی دەبێتە بزووتنەوەی نەتەوەپەرست، ئایدیۆلۆژییەکی سیاسیە کە هزری نەتەوەیی دەکا بە ئامرازێک بۆ چەوساندنەوە و لە نێوبردنی ئەو کەس و لایەنانەی کە دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەیی خۆیانەوە. ئەوەی یەکەمیان عەداڵەتخواز و ڕزگاریدەرە، ئەوەی دووهەمیان هێرشکار و چەوسێنەوە. جەوهەری بزووتنەوەی کوردی لە گەڵ ناسیۆنالیزم نامۆیە و ناکرێ بە بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی بناسێندرێ. ئەوە غەدرێکە لە خەباتی ڕزگاری نەتەوەیی کورد کە خەبات بۆ ئازادی نەتەوەیی لە گەڵ ئایدیۆلۆژییەکی درِ کە لە سەر بنەمای هەڵاوەردن و هێرشکاری دامەزراوە تێکەڵ بکرێتەوە.

ئێستا با بێمە سەر وەڵامی پرسیارەکەت. کەم تا کورتێک هەموو ڕاپەرینەکانی کورد پاش شەری جیهانی دووهەم ڕەنگێکی سووریان پێوە دیار بووە. بە گشتی سوننەتی حیزبایەتی لە کوردستان ڕیشەی لە بزووتنەوە کۆمۆنیستیەکاندا هەیە، بەڵام زۆربەی هێزەکان لە قۆناغێک دا خۆیان لە ئایدیۆلۆژیی چەپی کلاسیک ڕزگار کردوە و بە شێوەیەک لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دوور کەوتوونەتەوە. ئێستا ئەو هێزانەی کە دەعیەی کۆمۆنیستبوون دەکەن، زیاتر ئۆگری لایەنی عەداڵەتخوازیی بزووتنەوەی چەپن تا لایەنی ئادیدیۆلۆژی کلاسیکی ئەو بزووتنەوەیە. هەر چەند تاک یا کۆمەڵی بچووکی توندڕەویش هەن کە ئایدیۆلۆژیی چەپ وەکوو دینێکی نوێ چاو لێ دەکەن و بوون بە سۆفیی تەریقەتی کۆمۆنیستی. بەڵام ئەوانە هیچ کات نە هێزێکی جیددی بوون و نەش تەنانەت بارێکی سەر شانی هەژارانی کوردیان سووک کردۆتەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئایدیۆلۆژیی چەپ دەوری دووبەرەکی نانەوە و چەواشەکاریی لە مێژووی خەباتی نەتەوایەتی کورددا گێڕاوە. ئەوا بە مانای کەم کردنەوەی دەوری شۆڕشگێرانەی ئەو بە هەزاران تێکۆشەرە چەپە نیە کە لە ڕیزی ڕێکخراوە مارکسیستیەکاندا بۆ ئازادیی کوردستان تێدەکۆشان، ئۆگری ئازادی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی

بوون و ئێستاش هەر لە مەیدانی تێكۆشان دا ماون. قسەی من لە سەر ئایدیۆلۆژیی چەپ یا ماركسیستیە كە لە سەر بنەمای كێشە نانەوە یا كۆنفلیكت دامەزراوە و بە توندی لە دژی پێكەوە ژیان یا ژیانی هارمۆنیک لە هەموو كۆمەڵگایەک ڕادەوەستێ. دوبارە با ڕوونی كەمە تا ئەو قسەیە بە چەواشە لێک نەدرێتەوە: حیكایەتی ئەوەی كە هێزەكانی چەپی كورد ئانتی تێزی بیری نەتەوەیی لە كوردستانن و سەنتێزی بەربەرەكانیی ئەوان لە گەڵ بورژوازیی كورد ئەو كۆمەڵگا خەیاڵیە دەبێ كە بزووتنەوەی كۆمۆنیستی لە خەیاڵی دامەزراندنی دایە، ڤایرۆسێكی فیكرییە كە تەنیا زەربە لە خەباتی عەداڵەتخوازانەی گەلی كورد بۆ ئازادی، دێمۆكراسی و دابین كردنی مافەكانی مرۆڤ دەدا.

ئێستا تەنیا لایەنی جیددی سیاسی لە كوردستان كە لە سەر بنەمای سوننەتی سیاسی چەپ كار دەكا و جارێ سۆسیالیسمی وەلا نەناوە، پارتی كرێكارانی كوردستان بە لق و پۆپەكانیەوەیە. بەڵام پكک ڕێبازێكی سەربەخۆی دامەزراندوە و خۆی بە چەپی كلاسیک نازانێ، هەر چەند كە لە بواری تئێۆری سیاسیەوە ئایدیۆلۆژیی ئەو ڕێكخراوە دەكەوێتە خانەی بیری توندڕەوی چەپەوە و كولتووری سیاسی ئەو ڕێكخراوەش لە گەڵ كولتووری دێمۆكراسی لیبەراڵ جیاوازە. باقی هێزە جیدییە سیاسیەكانی كورد، هەر نەبێ بە قسە لایەنگری كولتووری دێمۆكراسی لیبەراڵن كە ڕێگا بە شكڵ گرتنی سیستەمێكی فرەچەشن یا پلۆرال دەدا. لە ڕاستیدا خەباتی بە كردەوەی پكک ش لە قۆناغی ئێستاداهەر خزمەت بەو فەرهەنگە سیاسیە دەكا، بەڵام ئەگەر لایەنی زێهنی ئەو ئایدیۆلۆژییە دەرفەتی گەشەكردن پەیدا بكا و ببێ بە فەرهەنگی سیاسیی زاڵ، ئەو دەم بزووتنەوەی دێمۆكراتیكی كوردستان لە گەڵ لەمپەر یا چالشی جیددی ڕووبەڕوو دەبێ.

١٠ی ژانوییەی ٢٠١٢

## رۆژهەڵاتی كوردستان لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا [ بەشی دووهەم و كۆتایی ]

**پرسیار :** پاش سەرهەڵدانی شۆڕشی ٥٧، سیستمێكی دێموكراتیک لە ئیراندا جێگیر نەبووو كێشەی كورد بێ چارەسەری مایەوە و بگرە ویستەكانی كورد رادیكاڵتر هاتنەگۆڕێتا رادەیەک كە رووبەرووبوونەوەی دەسەڵات و بزووتنەوەی سیاسیی كورد هەڵگیرسانی شەر لە كوردستاندا بوو، زەمینەكانیپێكنەهاتن و دووركەوتنەوەی كورد لە دەسەڵاتی ناوەندی چ بوون؟

**وەڵام :** كورد پاش ساڵی ١٩٧٩ یا ٥٧ی زاینی لە دەسەڵاتی ناوەندی دوور نەكەوتەوە، دەسەڵاتی ناوەندی لە هیچ قۆناغێک دا كوردی لە بازنەی دەسەڵات نزیک نەكردەوە. لە ڕوانگەی منەوە سەرەكیترین هۆكاری سەرهەڵدانی شەڕ لە نێوان بزووتنەوەی نەتەوایەتی كوردستان و دەوڵەتی ئێراندا دەگەڕێتەوە سەر زێهنیەتی فراوانخوازی دەسەڵاتداران كە پاش شۆڕشی ٥٧ ئاڵوگۆری بە سەردا نەهات.

گەلی كورد ئەو دەرفەتەی كە ساڵی ١٣٥٧ پێک هاتبوو بۆ هێنانە گۆڕێی داوانەتەوەییەكانی خۆی بە كار هێنا و دەوڵەتی نوێش هەر بە تێڕوانینی سەردەمی پاشایەتیەوە دەیەویست مامەلە لە گەڵ داخوازەكانی گەلی كورد بكا. كاتێک نەتەوەی كورد هەوڵی دا كە پێش بە سیاسەتی داپلۆساندن و بێدەنگكردنی خەڵكی كوردستان بگرێ، شەڕ دەستی پێكرد و ئاسایی بوو كە مەودای نێوان گەلی كورد و دەسەڵاتدارانی ئێران زیاتر بێ.

**پرسیار :** بەگشتی شەڕ لە كوردستان چێاسەوارێكی لە دوای خۆی بەجێ هێشت؟

**وەڵام :** شەر هیچ كات چاككەرەوە نیە و ئاسەواری باشی نابێ. بەڵام شەڕ ئەو نرخەیە كە گەل ئامادەیە بۆ ئازادیی خۆی تەحەممولی بكا. شەری كوردستانیش لەو ڕاستیە بە دوور نیە. ئاسەوارەكانی ئەو شەرەی كە كۆماری ئیسلامی بە دژی گەلی كورد بەرێوەی بردوە و ئێستاش سەرەڕای واز هێنانی هێزە سیایسەكانی كورد لە شەری چەكداری هەر بە یەكجاری كۆتایی پێ نەهاتوە، وێڕای لە دەستدانی سەرمایەیەكی گەورەی مرۆڤی و ئابووری، نەبوونی ئاسایش و ئەولەكاریی كۆمەڵایەتی و سیاسی لە هەموو ناوچەكانی كوردستانە. بە هەزاران پێشمەرگەی كوردستان گیانیان لە دەست داوە و لە دەستدانی هەر مرۆڤێک خۆی لە خۆی دا خەسارێكی قەرەبوونەكراوەیە و هەر یەک لەو پێشمەرگانە دەیانتوانی لە ئاوەدانكردنەوە و گەشە پێدانی كۆمەڵگای خۆیان دا دەوری گرینگ بگێڕن. بە دەیان هەزار كەسی بێ تاوان بوون بە قوربانیی شەرخوازیی ڕێژیم و بە دوای خۆیان دا بە هەزاران بنەماڵەی داغدار و بە نیازیان بە جێ هێشتوە. بە هەزاران كورد بوون بە قوربانیی سیاسەتی دژی مرۆڤانەی كۆماری ئیسلامی. ئەوانە هەموویان بنەماڵە و كەسوكاریان هەیە و هەر چەند بەشێكیان لە بەرەی دژی گەلی خۆیان دا بوون، بەڵام ئەگەر ئێستا دەرفەتی ژیانیان بوایە ڕەنگە ڕێبازێكی دیكەیان هەڵبژاردبایە.

شەڕ هەروەها کولتووری توندوتیژی دەخوڵقێنێ کە ڕێگا لە تەحەموول کردنی یەکتر، دێمۆکراسی و گەشەکردنی مافەکانی مرۆڤ دەگرێ و ئەوەش خەسارێکی گەورەیە. لە ماوەی ٣٢ ساڵی ڕابردوودا بە دەیان هەزار کەس لە دەرفەتی ژیانی ئاسایی بێ بەش کراون، لە بنەماڵە و چوارچێوەی ژیانیان دوور خراونەوە و بناغەی ژیانێکی ئاساییان لە دەست داوە. هەمووی ئەوانە گرفتی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن. ئاسەوارەکانی دەروونی شەر، دژمنایەتی و توندوتیژی، زۆری پێ دەچێ تا قەرەبوو دەکرێتەوە. هەروەها لە بوارەکانی ئابووری و گەشەسەندنیشەوە کوردستان لە ئاستێکی هەرە خوارەدا ڕاگیراوە و ئەوەش کێشە دەخوڵقێنێ.

**پرسیار :** ولاتی ئێران و کوردستان بەتایبەتی بەدوای شۆڕشی ٥٧ و دەیەی شەست،بە سەختترین بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا تێپەڕی پاش ئەو فەزایە، رەوتیرێفۆرم کە بە ٢ی جۆزەردان ناوبانگی دەرکرد سەری هەڵدا، بەستێنە سیاسی وکۆمەڵایەتییەکانی سەرهەڵدانی رەوتی رێفۆرم لە ئێراندا بوارێکی بۆ مشارکەتیسیاسی کورد لە ئاستی پارلماندا هێنایە گۆڕێ، جەنابتان ئەم فەزایە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**وەڵام :** ئەو دەرفەتەی کە پاش ڕەوتی ٢ی جۆزەردان هاتە پێش، بەر لەوەی کە دەرفەتێکی سیاسی بۆ خۆنواندنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان بێ، تەقینەوەیەکی جەماوەری بە مەبەستی خۆدەرباز کردن لەو قەیرانە بوو کە دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران پێکی هێنابوو. بزووتنەوەی سیاسی کوردستان لە خوڵقاندن و بەرەو پێش بردنی ئەو دەرفەتەدا دەورێکی نەبوو، بەڵام بە شێوەی ناڕاستەوخۆ تێیدا بەشداری کرد. من پێم وایە کە ئەگەر هەر لە سەرتاوە بە لێکدانەوەیەکی کراوەترەوە سەیری ئەو دەرفەتەمان کردبا، ڕەنگە کۆمەڵێکی زیاتری خەڵکمان لە دەوری بەرنامەی سیاسی بزووتنەوە کۆکردبایە. بەڵام دڵنیا نیم کە دەستکەوتێکی زیاترمان وەدەست دەهێنا. پرۆسەی سیاسی ئەو کات لە ژێر سێبەر و لە چوارچیوەی سیستێمێکدا بەڕێوە دەچوو کە لە کوللیەتی خۆی دا لە دژی داخوازەکانی گەکی کورد بوو.

بەڵام سەرەڕای سنوورداربوونی دەرفەتەکان، لەو سەردەمە دا کۆمەڵێک چالاکڤانی کوردی دانیشتووی دەرەوەی وەڵات هەوڵیان دا کە لە گەڵ بزووتنەوەی نێوخۆ پێوەندیی فیکری دابمەزرێنن. لە نێوخۆش دا هەوڵێکی وا هەبوو. من دواتر لە کوردستان چاوم بە هێندێک گۆڤار و ڕۆژنامەی نێوخۆی وەڵات کەوت کە تەنانەت نووسراوە و بابەتەکانی منیان بڵاو کردبوەوە، بە بێ ئەوەی کە خۆم ئاگادار بم. واتە هەوڵ دان بۆ سوود وەرگرتن لەو سەرمایە نەتەوەییەی کە لە چوارچێوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان و بەشێکیشی لە دەرەوەی وەڵات شکڵی گرتبوو و بزووتنەوەی نێوخۆیی پێویستی پێ هەبوو بە جیددی لە گۆڕێ دا بوو.

هەر چەند ئەو ڕەوتەی کە لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی خاتەمی دا هاتە گۆڕێ، بە ئاکام نەگەیشت و لە بنەڕەت ڕا ئەوانەی کە لە دەوری خاتەمی بوون بڕوایان بە گۆڕانی ڕەفتاری ڕێژیم نەبوو، بەڵام خەڵک لەو سەردەمەدا توانی تا ڕادەیەک ویست و داخوازەکانی بێنێتە گۆڕێ. سەرەڕای ئەمەش، بەرەیەکی دیکە لە ڕووناکبیرانی تازە پێگەیشتووی کورد هاتنە گۆڕەپانی خەباتی سیاسیەوە و توانیان لە قۆناغی نوێی خەباتی نەتەوەایەتی دا دەور بگێڕن. بەشێکی کادرە لاوەکانی بزووتنەوەی کورد بەرهەمی ئەو خەباتەن.

**پرسیار :** ئەگەر لە چەند خاڵدا دەسنیشان بکەین، جیاوازییەکانی پرسی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد و ریفۆرمخوازی دەوڵەتی و بزووتنەوەی سەوز کە لەم دواییانەدا سەری هەڵدا، لە چیدان؟

**وەڵام :** یەکەم خاڵ تێڕوانینی لایەنەکان لە سەر قەوارە یا ستروکتووری دەسەڵاتە. ڕێفۆرمخوازەکانی ئەو دەم و ئێستاش بە شێوەی گشتی دەیانەوێ لە چوارچێوەی سیستەمی ویلایەتی فەقیهی دا، رواڵەتێکی نەرم لە کۆماری ئیسلامی نیشان بدەن. گەلی کورد و هێزە سیاسیەکانی کۆماری ئیسلامیان لە بنەڕەت ڕا ناوێ. واتا جیاوازیی یەکەم لەوە دایە کە داخوا ڕێفۆرم بە مەبەستی ڕاگرتنی ڕێژیمە یا خود کاناڵێکە بۆ تێپەڕبوون لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی. گۆڕانخوازانی نێوخۆیی دەیانەوێ یاسای گشتی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە بەرن، بزووتنەوەی کوردی ئەو یاسایە بە سەرچاوەی هەموو گرفتەکان و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ دەزانێ.

دووهەم خاڵ، تێروانینی لایەنەکان لە سەر چۆنیەتی دابەش کردنی دەسەڵاتە. چارەسەریی پرسی کورد لە بە ڕەسمیەت ناسینی ناسنامەی نەتەوەیی و بەشداریکردنی کورد لە دەسەڵاتی سیاسی دوورەپەرێز لە ناوەندگەرایی دایە. بزووتنەوەی سەوز ئێرانێکی دەوێ کە خاوەنی دەسەڵاتێکی بە هێزی ناوەندی بێ. کە وابوو بابەتی دووهەمی جێگای ناکۆکی شێوەی دەسەڵاتداری پاش ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهە. کورد ناتوانێ لە گەڵ ڕەوتێکدا بێ کە هەبوونی ناسنامە جیاوازەکان ئینکار دەکا و ئامادە نیە لە گەڵ هەرێمەکان دەسەڵاتی سیاسی دابەش بکا.

سێهەم خاڵی جیاواز، ڕۆڵی ئایین و ئێتنیسیتە یا قەومیەت لە شکڵ پێدانی ناسنامە و یاسای نوێی وەڵات دایە. لە سەردەمی پاشایەتی دەستوورییەوە تا ئێستا نرخە کولتووری، مێژوویی، زمانەوانی و کۆمەڵایەتیەکانی نەتەوە یا قەومیەتی فارس و ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامی دوو بنەمای سەرەکی بۆ پێناسە کردنی ناسنامەی ئێرانی بوون. یاسایەکی نوێی دێمۆکراتیک، وێڕای ڕێزگرتن لە هەمووی ئەو نرخانە، دەبێ ڕێزی یەکسان بۆ هەموو نرخەکانی باقی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران دابنێ و لە

جیاتی نرخە جیاکەرەوەکان، پێداگری لە سەر نرخە کۆکەرەوەکانی وەکوو دێمۆکراسی، مافی مرۆڤ و یەکسانی بکا. بزووتنەوەی گۆڕانخوازی ئێران جارێ خۆی لە سەر ئەو بابەتە گرینگە ساخ نەکردۆتەوە.

چوارەم خال، پێوەندی نێونەتەوەییە. بزووتنەوەی کوردستان پێویستی بە پێوەندییەکی قووڵی کولتووری، کۆمەڵایەتی، ئابووری، زمانەوانی و پەروەردەیی لە گەڵ وەڵاتانی جیران کە کوردیان تێدا دەژی هەیە. بۆ ئازەربایجانیەکان، بەلووچەکان، تورکمەن و عەربەکانیش هەر ڕەوشێکی ئاوا لە گۆڕێ دایە. بۆیەش بۆ بزووتنەوەی کوردستان گرینگە کە هاوکاریی هەرێمی، لە چوارچێوەی هەڵگرتنی لەمپەرەکانی هاتوچوو، بازەرگانی، خزمەتگوزاری، دامەزران و سەرمایەگوزاری پتر گەشە بکا و مودێلێکی نوێی سیاسی لە ناوچەدا گەشە بسێنێ. ئەو بیرۆکەیە بۆ سەرانی بزووتنەوەی سەوز نامۆیە. کە چی بۆ پاراستنی سەربەخۆیی ئێران لە داهاتوودا تەنیا مودێلی کاریگەر دەبێ.

ئەگەر بچینە نێو وردەکارییەکانەوە دەتوانین جیاوازی دیکەش ڕیز بکەین. بەڵام هەمووی ئەو خاڵانە لە چوارچێوەی یاسایەکی گشتیی نوێ دا کە لە سەر بنەمای دێمۆکراسی و پیوانەکانی مافی مرۆڤ شکڵی گرتبێ چارەسەر دەکرێن. کەوابوو بە دێمۆکراتیزە کردنی ئێران لە ڕێگای دەستوورێکی نوێیەوە گرفتێک لە سەر ڕێگای پێکەوە کارکردن نامێنێ. نموونەی ئەو ڕەوتە لە ئەورووپا دەبینین. ئێستا ڕەنگە مودێلی یەکیەتیی ئەورووپا سبەینێ لە گەڵ گرفتی جیددی ڕووبەڕوو بێ و تەنانەت سەریش نەکەوێ، بەڵام مودێلی هاوکاری لە سەر بنەمای یەکسانی و بەرژەوەندیی دوولایەن باشترین جێگرە بۆ ڕەوشی ئێستا.

**پرسیار :** پرسی نێوان دەوڵەت و سیستمە سیاسییەکانی کورد (حیزبەکان) چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**وەڵام :** هێزەکانی کورد بۆ دابەش کردنی دەسەڵات و بەشداری لە ڕەوتی بڕیاردانەدا تێدەکۆشن. دەسەڵاتداران ئەو داوایە ڕەد دەکەنەوە. تەنانەت لە باشووری کوردستان و عێراق کە کورد یەکێک لە پایەسەرکیەکانی دەسەڵاتە، ئەو گرفتە بە یەکجاری چارەسەر نەکراوە. من پێم وایە بە بڵاوبوونەوەی بیری نەتەوەیی و پشتیوانیی بەرینی خەڵک لە داخوازەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، دەوڵەتەکان سەرئەنجام ناچار دەبن کە تێروانینیان بە نیسبەت هێزەکانی کوردستان بگۆڕن. بەڵام بۆ ئەوەی هێزەکانی کوردیش ببن بەو فاکتۆرە کاریگەرەی کە هەموو لایەک حیسابیان لە سەر بکەن، دەبێ پرۆژەیەکی هاوبەشی نەتەوەیی، هەر نەبێ لە چوارچێوەی ئەو وەڵاتانەی خەباتیان تێدا دەکەین پێشکەش بکەین. هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستیان بەوە هەیە کە هەر چی زووە خۆیان لەو پچڕ پچڕی و ناکۆکیانەی کە هەیانە ڕزگار بکەن.

**پرسیار :** ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قەیرانە یەک لەدوای یەکەکانی هەمیشەڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ شوێندانەری هەبووە لەسەر کێشەی کورد و بەتایبەتیکوردستانی ئێران، بەهاری عەرەبی و ڕووخانی دیکتاتۆرەکان چ کاریگەرییەکی لەسەرکورد لە کوردستانی ئێران هەیە؟ ئایا کۆپی وەها بزووتنەوەیەک لە کوردستانیئێراندا مەحاڵ دەبێت؟

**وەڵام :** بزووتنەوەی کوردستان لە کۆپی کردنی مودێلی سیاسی یا مودێلی خەبات دەستکەوتێکی نەبووە. لە ڕاستیدا کۆمەڵگای کوردستان تەنیا دەرفەتی پێشکەوتن و گەشە سەندنی بەو مودێل و شێوەکارانە داوە کە لە گەل پێشینەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری گەلی کورد دەگونجێ. بۆیەش هەموو بزووتنەوە سیاسیە خۆماڵیەکان توانیویانە سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و بزووتنەوە نامۆکان لە مەیدان دەرکراون. نموونەکەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیە کە بە ڕاستی لە کوردستاندا هێز نیە، بەڵام هەر دوو ڕەوتی نەتەوەیی و بزووتنەوەی سۆسیال دێمۆکراتی عەداڵەتخواز جێگە و پێگەیەکی شیاویان لە کوردستان پەیدا کردوە.

لە بواری فێربوون لە ئەزموونەکانی ئەو بزووتنەوە سیاسیەی کە بەهاری عەرەبی لێی کەوتەوە، سروشتیە کە هەر ئەزموونێکی سەرکەوتوو لایەنی وای هەبێ کە تێکۆشەرانی کورد دەرسی لێ وەربگرن. من کە ڕابردووی تێکۆشانی نەتەوەی کورد لە گەڵ ڕاپەرینی وەڵاتانی عەرەبی هەڵدەسەنگێنم، دەبینم کە ڕاپەرینەکانی کوردستان ڕابردوویەکی پڕ ئەزموونتریان هەیە و ماوەی خۆڕاگرییان درێژخایەنتر بووە. بەڵام کورد نە پشتیوانی دەرەکیی جێگای متمانەی هەیە و نە ئەو یەکگرتووییەی کە بتوانێ سەرکەوتنمان مسۆگەر بکا. کە وابوو یەکەم دەرس و گرینگترینیان کە دەکرێ لەو بزووتنەوەیە وەربگیرێ، یەکڕیزیە.

خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە کوردستان یەکێک لە درێژخایەنترین بزووتنەوە نەتەوەییەکان بووە کە تا ئێستا لە گۆڕێ دایە. بە پێچەوانەی زۆربەی بزووتنەوە ئازادیخوازەکان کە پێشتر بە شێوەی نایەکگرتوو، لێرە و لەوێ و لە کۆمەڵی بچووکەوە دەست پی دەکەن و دواتر هەم دەبن بە خەباتی سەرانسەریی جەماوەری و هەم پلاتفۆرمی هاوبەشی خەبات دروست دەکەن، ئێمەی کورد بە شێوەی یەکگرتوانە دەست پێ دەکەین و دوایە بەردەبینە گیانی یەکتر. لە ماوەی ٣٠ساڵی ڕابردودا هێزە سیاسیەکانی کوردی ڕۆژهەڵات زۆر شانازی گەورەیان وەدەست هێناوە، بەڵام لە هەمان کاتیش دا هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی دیاردەی مەحکوومی شەری براکوژی بوون. ئەو زێهنیەتەی کە ئەو تاوانەی لێ کەوتەوە، ئێستاش بە هێزە و ئەگەر دەرفەتی بێ، دوور نیە ئەو ڕابردووە نەخوازراوە دووبارە بکاتەوە.

کە وابوو بزووتنەوەی کورد پێویستی بە کۆپی کردنی مودێلی خەباتی شوێنەکانی دیکە نیە، پێویستی بە سارێژکردنەوەی برینەکانی خۆی هەیە. پێویستی بەوەیە کە زێهنیەتی دوورخەرەوە، دووبەرەکی ساز، کێشەخوڵقێن و دڵساردکەرەوە وە لا بنێ و بە ڕووحی یەکگرتووی نەتەوەییەوە بۆ پێشەڕۆژ بەرنامە دابڕێژێ. من لە دروشمدان و بە پێچەوانەکارکردنی سیاسەتمەدارانی کورد ماندوو بووم و دڵنیام کە بە گۆڕینی فەرهەنگی سیاسی زاڵ دەکری ڕەوشی سیاسی بزووتنەوەی کوردستان ئاڵوگۆڕی چەندی و چۆنی بە سەر دابێ.

**پرسیار :** ئەگەر بمانەوێ لە چەند خاڵدا خەسارناسی یان پاتۆلۆژی بزووتنەوەیسیاسی بکەین، ئەو خالانە کامانەن و زۆرتر چ بەستێنیک دەگرێتەوە کەبزووتنەوەی کوردی لاواز یان بەهێز بووە؟

**وەڵام :** بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر چەند بزووتنەوەیەکی یەکدەنگ و خاوەنی یەک بەرنامەی هاوبەش نیە، بەڵام بە شێوەی هاوتەریب زۆر قۆناغی دژواری خەباتی تێپەڕ کردوە و سەرەڕای کۆسپ و تەگەرەکانی سەر ڕێگای ئێستاش لە تێکۆشانی سیاسی بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەی کورد بەردەوامە. ئەو بەردەوامیە خاڵی هەرە بە هێزی ڕێکخراوەکانی سیاسی کوردە. کۆڵنەدان لە تێکۆشانی بەردەوام لە دژی دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهی، ڕەوابوونی داخوازەنەتەوەییەکانی گەلی کورد و نامەشرووعبوونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵگای کوردستاندا نیشان داوە و جیهانیشی هێناوەتە سەر ئەو بڕوایە کە کۆماری ئیسلامی نوێنەری گەلانی ئێران نیە. ئەو بزووتنەوەیە هەر وەها زۆر نرخی بەرزی نەتەوەیی خوڵقاندوە کە لە ڕەوتی نەتەوەسازیدا دەکرێنە هەوێنی شکڵ گرتنی قەوارەی نەتەوەی کورد.

※ گرینگترینی ئەو کۆسپ یا چالشانەی کە بزووتنەوەی کورد ناچارە ڕێگاچارەیان بۆ ببینێتەوە ئەوانەن :

※ دووبەرەکی و پرش و بڵاوەیی نێوخۆیی کە زۆر جیابوونەوە و لێکترازانی لێ کەوتۆتەوە.
※ گۆڕینی تاکتیکی خەبات و بەشداریکردن لە سیاسەتدا لە سەر بنەمای پێشبرکێی سیاسی لە جیاتی دژمنایەتی و هەوڵ دان بۆ بەدناوکردن یا لە مەیدان بەدەرکردنی ڕەقیبەکان.
※ تێپەڕبوون لە خۆ بە ناوەند دانان و هاوکاریکردن لە سەر بنەمای پیوانەکانی دێمۆکراسیی لیبەرال.
※ دانی پلەیەکی پیرۆز بە کادری حیزبی و بە ڕێکخراوی حیزبی و هەر بەم ڕادەیەش دابەزاندنی نرخی باقی بەشەکانی خەباتی دەرەوەی ڕێکخراوە حیزبییەکان.
※ دارشتنی بەرنامەی هاوبەشی خەبات و شکڵ پێدانی پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی.
※ دارشتنی بەرنامەی بەرفراوانی نەتەوەیی کە هەموو بەشەکانی کۆمەڵگای کوردەواری لە سەر بنەمای نرخە هاوبەشە نەتەوەییەکان کۆبکاتەوە و زمانێکی هاوبەشی نەتەوەیی بخوڵقێنێ کە پارسەنگی نێوان جیاوازییەکان لە بوارەکانی ئایینی، ناوچەیی و زاراوەییەوە بە شێوەیەک بپارێزێ کە هەموویان خۆیان بە خاوەنی هاوبەشی یەک پرۆژەی نەتەوەیی بزانن.
※ ئێمەی کورد بۆ دارشتنی بەرنامەی کار بۆ داهاتوو پێویستیمان بە دوکترینێکی نوێی سیاسی هەیە. ڕابردوو دەتوانێ چرای ڕێگای خەباتی داهاتوو بێ، بەڵام ڕئێالیزمی سیاسی ناچارت دەکا کە تەنیا بە پشتبەستن بە ڕابردوو کار نەکەی. ئالوگۆڕەکانی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئەوەمان پێ دەسەلمێنن کە بۆ گۆڕین و پێشکەوتن، بەرنامەڕێژی بۆ داهاتوو لە خولانەوە لە بازنەی کۆن دا کاریگەرتر دەبێ. کەم تا کورتێک لە هەموو ئەو ناوچانەی کە ئاڵوگۆریان بە خۆیەوە بینیوە، بزووتنەوەی نوێ لە سەر بنەمای خەباتی ڕابردوو شکڵی نەگرتوە و زیاتر ڕووی لە داهاتوو بوە.

※ بەرنامەی داهاتووی کار دەتوانێ لە سەر چەند بنەما دابمەزرێ :

※ کۆدەنگی لە سەر گۆڕینی قەوارەی دەسەڵات لە ئێران دا لە سیستەمی ناوەندییەوە بۆ سیستەمێکی دابەشکراو بە سەر هەرێمە خۆبەڕێوەبەرەکاندا کە لە چوارچێوەیەکی فێدراڵ دا پێکەوە کۆ دەبنەوە.
※ کۆدەنگی لە سەر یاسایەکی گشتی دامەزراو لە سەر بنەمای دێمۆکراسی لیبەراڵ، ڕێزگرتن لە مافی تاک و بە کۆمەڵ کە لە چوارچێوەی کۆنوانسیۆنە ناسراوەکانی نێونەتەوەییدا بە پێی بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی پارێزەری مافی مرۆڤ گونجاون، دوورەپەرێز لە بناژۆیی، دەمارگرژی و

خوێندنەوەی زێهنی یا سابژەکتیو لە مێژوو و ناسنامە.

* کۆدەنگی لە سەر پێویستی گەلی کورد بە سیاسەتێکی نێونەتەوەیی داڕێژراو لە سەر بنەمای هاوکاریی لەودیو سنوور لە گەڵ ئەو وەڵاتانەی کە کوردیان تێدا دەژی لە بوارەکانی کولتووری، کۆمەڵایەتی، پەروەردە، زمانەوانی و ئابوورییەوە.

* کۆدەنگی لە سەر هاوچارەنووسبوونی گەلی کورد و دامەزراندنی میکانیزمێک بۆ سەرەڕاستکردنی پێوەندییەکانی نێوخۆیی هێزە کوردستانیەکان بە بێ خوڵقاندنی کێشە و گرفت بۆ یەکتر.

* داڕشتنی بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ خەباتی داهاتوو کە تێیدا جێگای هەموو هێز و لایەنە کوردستانیەکان ببێتەوە.

* دامەزراندنی ئۆرگانێکی خاوەن سەلاحیەت بۆ پێڕاگەیشتن بە ناکۆکیی نێوان هێزە کوردییەکان و داڕشتنی ستراتێژیی هاوبەشی نەتەوەیی.

* گرینگیدان بە شێوازەکانی دیکەی خەبات و ڕێگەدان بە دەستپێشخەرییە جەماوەری، پیشەیی و کۆمەڵایەتیەکان بۆ بردنە پێشی ئامانجی هاوبەشی سیاسی.

* شەرمەزار و حەرام کردنی بیرکردنەوە لە شەڕ، زمانی کێشە خوڵقێن و دووبەرەکی نانەوە بۆ چارەسەریی کێشە نێوخۆییەکان.

**کورتەیەک لە بیوگرافی بەڕێز عەبدوڵڵا حیجاب:**

عەبدوڵلا حیجاب: گوندیم، کوردێکی زۆر ئاساییم. بنەوانم لە هەرێمی سەرئەلباکی سەر بە ئەیالەتی وان لە باکووری کوردستانن، خۆم و خووشک و براکانم خەڵکی ورمێین، منداڵەکانم لە باشووری کوردستان لە دایک بوون. ناسنامەی سەرەکیم کوردستانیە و بۆ ناسنامە لاوەکیەکانیش دەتوانم ئێرانی بم، عێراقی بم، تورکیەیی بم یا خەڵکی هیچکام لەو وەڵاتانەش نەبم. پێشمەرگە بووم، پەنابەر بووم، خوێندکار بووم، کارمەند بووم، بێ دەسەڵات بووم، بە دەسەڵات بووم و ئێستاش هەر لە گەڵ ئەو هەڵکێش داکێشە ڕووبەڕووم. هێندێک لەم لا و لەو لا گەڕاوم، زۆر پارلەمان و کۆشک و تەلارم بینیوە، بەڵام هەر ئەوینداری گوندە تەپ و تۆزاوییەکەی خۆم لە دەڤەری سۆمای ورمێم.

١٦ی ژانوییەی ٢٠١٢

## رۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان ئەمڕۆ و دوێنێ دا [ بەشی یەکەم ]

### وتوویژ لەگەڵ بەرێز د.عەبدوڵڵا ئەبریشەمی



د. عەبدوڵڵا ئەبریشەمی: سەدەی بیستەم بۆ کورد بە تایبەت لە وڵاتە تازە پێکهاتووەکانی تورکیا و عێراق، پێکهەڵپرژانی دوو لایەنی ناسیۆنالیستییە، یەکیان داگیرکەر و فرەخواز، ئەوی تریان رزگاریخواز، بەڵام دەسەلاتە زلەکانی جیهانی تا ئەورۆ مافی مرۆڤیان لە دەرەوەی وڵاتانی خۆیان، فیدای بەرژەوەندی ناوخۆ کردووە. ئەوان لە ٩٠ساڵی رابردوو دا مانەوەی دەسەڵاتی فاشیستی دۆستەکانیان(وەک تورکیا) لەسەر کورد پاراستووە

ئەفراسیاب گرامی

**پرسیار :** سەرەتای پرسیارەکەم لە بەرێزتان بە پرسیارێکی گشتگیر دەست پێ دەکەم، زۆرێک لە کارناسانی سیاسی پێیان وایە کە کێشەی کورد بۆ سیستەم و مودیرییەتی سیاسی دەسەلاتانی زاڵ بەسەر کوردستان دا دەگەرێتەوە، ئایا بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەلایەتی کورد، بە مەبەستی دابین کردنی مافە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی هەڵقوڵاوی چ باروودۆخێک بوو؟ بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا؟

**وەڵام :** دوکتور ئەبریشەمی: دیارەچەمکی پرسیاری بەرین و گشتی، وەڵام و باسی بەرینی دەوێ. بەڵام ئەوەندەی بە کورتی بگونجێ قسەی لە سەر دەکەم:

ئاماژەیەکی مێژوویی پێویست: دەسەڵاتی سیاسی(حاکمیت) ئیران لە سەدەی حەوت بە هێرشی عەرەبان بە تەواوی لە ناو چوو(٦٤١ز)، دوای ٨٦٠ ساڵ، بە دامەزراندنی پادشایەتی ئیسماعیلی سەفەوی لە(١٥٠١ ز)، دەسەڵاتی سیاسی بە پێناسەی ئێرانی وەدیار کەوتەوە. بەر لە شا ئیسماعیل، دەسەڵاتێک بە شناس و ناوی ئێران، لە ئارادا نەمابوو. هەرچی بوو، بە ناوی پادشایەتی بنەماڵەکان بوو.

کوردەکانیش لە سەدەی نۆی زایینی، میرو پادشای خۆیان لە ناوچە کوردییەکان و ئازربایجان (کسروی، شهریاران گمنام) دامەزراند،زۆر جار ژمارەی ئەمارەتە کوردییەکان لە ٣٠ میرنشین تێدەپەڕی کە ماوەی پتر لە هەزار ساڵ (تا سەدەی نۆزدە)دسەڵاتی خۆیان (چ سەربەخۆ چ سەر وە پادشایەتێکان) راگرت.

یەکەم دابەشبوونی ئەمارەتە کوردییەکان، بە کوردی کوتەنی بە هاتنە سەرکاری "شاسمایل"، (دەڵێن ئەو مەتەڵە لەو سەردەمەوە داکەوت: رابە! شا بۆ بە عەجەم!) زۆربەی میری ناوچە کوردییەکان لە بەر کێشەی ئاینیی و لادانی میرانی بۆمی بە فەرمانی شا سمایل، نەیانتوانی سەر وەپادشایەتی سەفەوی بمێننەوە. لە سەردەمی شەڕی چاڵدران (١٥١٤)، بەشی زۆری میرانی کورد، پاڵیان وەسوڵتان سەلیمی عوسمانی داو پەیماننامەیان بەیەکەوەمۆر کرد کە ناوچە کوردییەکان دەتوانن دەسەڵاتی ناوخۆیان رابگرن.

لەو نێوەدا چەند ئەمارەت وەک ئیلام، ئەردەڵان و موکری بە لای ئێراندا مانەوە. بەڵام بە فەرمانی شاسمایل، قزڵباشەکان هێرشیان هێنا سەر ناوچەی بندەستی "سارم بەگ"ی موکری، شاری دریاس و ناوچەی موکریان لە ٨ - ١٥٠٧ وێران کرا(دەڵێن محاڵی شاروێران لەو سەردەمەوە ئەو ناوەی بەسەر دابراوە). لە پەلامارەکانی قزڵباشان، خەڵکێکی زۆر قەتڵ و بڕ کرا، برای سارم بەگ و کوڕەکەی کەوتنە بندەست قزڵباشان، ناردرانە تەورێز، شاسمایل دەستووری دا کوڕی سارم بەگیان بە زیندوویی کردەکەباب، یەکەم پاروو شا وەک مورشید خۆی خواردی، دەوروبری بەدوای وی خواردیان! براکەشیان بەزیندوویی لەمەنجەڵدا کوڵاند... بەوحاڵەش دەسەڵات هەر لەدەست بنەماڵەی موکریدا مایەوە. بەنەمانی شاری دریاس، موکرێکان لەنێوان مەراغەو میاندواو، لەمەڵبەندێک بەنیوی 'گاوودۆڵ" ناوەندی حکوومەتیان دامەزراندەوە، سەدو شەش ساڵ دوایە، شاعەبباس بەدەهۆ وەک رێبوارومیوان کەبە خۆیی و لەشکرەکەی بەبناریاندا رایدەبردو سەرکردەکانی موکری دەچوون بەخێراتنی بکەن، دوو یا سێ کەس دەبرانە لای چادری شای، لەوێ دەبوو پێڵاوەکان دەرێنن، لەو کاتەدا دەکوژران... فەرمانی کوشتاری گشت خەڵکی ناوچە درا، میاندواو بوو بە بنکەی دابین بوونی بەشێک لە لەشکری شا عەبباس کەلەکرمان و سیرجانەوەهاتبوون. بەڵام ئەوجار دوای بیست ساڵێک کە بنەماڵەی موکری خزابوونە سەردەشت، ساباڵاغ/مەهاباد کرا بە ناوەندی حکوومەتی موکریان.

لە سەدەی نۆزدە، هەر دوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی، دەستیان بە گۆڕانکاری لە سیستمی حکوومەتەکانیان کرد کە لەسەر رەوتێکی پلوراڵ و فدراتیڤ بوو. بۆ ئەو مەبەستە دەگژ ئەماڕەت و دەسەڵاتە ناوچەیەکانی کورد رۆهاتن و ئیختیاری بەڕێوەبەری ناوچەکانیان لە دەست دەرهێنان. بەو چەشنە کێشە و تەنگانەی هاوچەرخی گەلی کورد سەری هەلدا:

لە سەدەی نۆزدەدا کە دەوڵەتی عوسمانی بەرەو دامەزرانی سانترالیزم هەنگاوی هەڵێناوە و حکوومەتە ناوچەیەکانی کوردی تێکشکاند، هێشتا ناسیۆنالیزمی تورک تەواو نەگوورابوو. دوای عوسمانی قاجارەکان دەستیان بەم کارەکرد و تەنگیان بەگەلی کورد هەڵچنی. بەڵام قاجارەکان لە ناسیۆنالیزمی ئێرانی بە دوور بوون؛ دوکتور "مهدی بهار" لە کتێبی "میراث خوار استعمار" دا دەڵێ: "آغا محمدخان" بۆ "علیخان افشار" سەرۆکی تورکانی"آذربایجان" نووسێ: تیرەگەلی "ترک و مغول" کە لە ئێرانن، دەست بدەنە یەک تا ئێرانی گەل نەتوانن ب ەسەلتەنەت بگەن. (لاپەڕی ٣١٧) هەر بۆیەش! دواتر بنەماڵەی قاجار، دەسەڵاتە کوردییەکانیان لابرد نەکا وەک کەریمخانی "زەند" دیسان بە دەسەڵات بگەن.

میرە کوردەکان تا گەیشتنی تورکانی سەلجووقی لە سەدەی ١١ زۆر بەهێز بوون، بەڵام هەنگاوێکیان بۆ یەکگرتن هەڵنەهێناوە تا بتوانن لە بەرانبەر هێرشی تورکاندا بوێستن. لە سەدەی ١١بە دواوەزۆرتری میرانی کورد وردەوردە کەوتە بندەستی تورکان. دەڵێی کورد نرخی بەرژەوەندی پێویست بۆ "دەسەڵاتی گەلی خۆی" نەناسیوە، بە درێژایی مێژوو زۆر جار دیتراوە وەک بەکرێگیراو یان لە بەخیلی بە یەکتر، پاڵیان وەدوژمن داوە و دەسەڵاتی کوردیان تێکشکاندووە. بەڵام بەو حاڵەش ماوەی هەزار ساڵ لە زۆرتری ناوچە کوردییەکان حکوومەتیان کرد.

دابەشکردنی کوردستانی بندەست عوسمانی، لە سەرەتای سەدەی بیست، بنەمای بیری سازدانی دەسەڵاتی نەتەوەییی تورک لە لایەن تاقمی "تورکانی لاو" داڕێژرا، گەلی ئەرمەنی لە سەردەمی شەڕی جیهانیدا یەکەم قوربانی ئەو بیرە بوو. دوای شکستی دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕی جیهانی یەکەم، جگە لە کوردستان، وڵاتانی تری بندەستی عوسمانی رزگار بوون، لەو نێوەدا سنووری جوغرافیایی وڵاتە دابڕاوەکان لە لایەن بریتانیا و تا رادەیەک فڕانسە دیاری کرا،ئەوان بەشێک لە مەودای جوغرافیایی کوردستانی بندەستی عوسمانیان بە چەشنێکی زۆر فێڵاوی و لاسارانە، بۆ سازکردنی وڵاتانی عیراق و سووریا دابین کرد. دوای ئەم رەوتە بەڵێنی خۆیان لە پەیمانی "سێڤر" (بۆ سەربەخۆیی کوردی بندەستی عوسمانی) نکوول کرد، بە پەیمانی "لۆزان" ئەو بەشەی کوردستان کە دابەش نەکرابوو بە بەڵێنی دەسڵەتەزلەکان لە بندەستی دەوڵەتی تازە پێکهاتووی تورکدا مایەوە. ئەوانیش، هەر بە کۆمەڵکوژی گەلی کورد، راگوێستن و زۆرەملی، ئەو مەڵبەندەیان بۆ یەکەم جار لە مێژوودا بە ناوی وڵاتی "تورکیا" ناساند و حاشایان لە بوونی گەلی کورد لەم وڵاتە کرد.

هەڵوێستی هەر سێ دەوڵەتی تازەپێکهاتووی تورکیا، عێراق و سووریا، لەسەرەتاوەدژ بەگەلی کورد بوو. بەو چەشنەلەدوای شەڕی جیهانی یەکەم، بارووددۆخی کێشەی کورد لە لایەن سێ دەوڵەت- نەتەوەی ناوبراو، رەوتی ناسیۆنالیستی بەخۆی گرت. لەو نێوەدا رەزاشای پەهلەوی کە ئەویش دەوڵەت- نەتەوەی بەنێوی ئیران، بە پێناسەی گەلی فارس، لە جێگای سیستمی پێشمۆدێرنی ئێران دامەزراندبوو، خۆی هێنایەرێزەی ئەو سێ دەوڵەتە کوردکوژانە. لە ئاکامدا ئەو رەوتە دزێوەی چوار دەوڵەتی زاڵ بەسەر گەلی کورد، کێشەو قەیرانی هاوچەرخی گەلی کوردی لێکەوتەوە. کێشەیەک کەبەسەدان جار کۆمەڵکوژی بەسەر هاتوە.

بەو چەشنە کێشەی کورد، بەر لە کێشەی فەلەستین، وەک گەورەترین پرسی هاوچەرخ لە رۆژهەڵاتی ناوین هاتە ئاراوە. لەو نێوەدا گشت دەسەڵاتە زلەکانی جیهان پشتیان لە کورد کرد و ئاوڕیان لە کۆمەلکوژی کورد نەداوە.

کورد و ئێران، بەڵام خۆتێخزاندنی دەوڵەتی ئێران بە فەرمانی رەزاشا لە پرۆژەی کوردکوژی دەرەوەی ئێران، ئەوپەڕی چەوتی و لاساری سیاسەتی دەسەڵاتدارنی ئیرانی سەردەمی پەهلەوی بوو کە ئێستاش هەر بەردەوامە. ناسیۆنالیستە پاوانخوازەکانی ئیرانی لە لایەک کورد بە رەسەن ترین ئێرانی دادەنێن، لەلای تریش ئەوپەڕی لاساری و فێلبازی سەبارەت بە گەلی کورد دەکەن. لە کاتێکدا بە دوای شەڕی جیهانی یەکەم، نوێنەری کوردانی بندەستی عوسمانی لە کۆنفرانسی پاریس، داوای کرد ئەگەر سەربەخۆیی بە گەلی کوردی بندەستی عوسمانی نادرێت، با کورد دابەش نەکرێن و بکەونە ژێر دەسەڵاتی ئێران، بەڵام مودیرییەتی ناوخۆیان بەدەست بێ.* دیارە ئەگەر ئێران ئەو ئەرکەی لە خۆڕانەدەدیت، نەدەبوو دوژمنایەتی گەلی کوردی دەرەوەی ئێران بکا. تەنانەت ئەگەر دەوڵەتێکی کورد لە دەرەوەی ئێران ساز درابا (یان سازبدرێ)، ئێران لە سنوورەکانی رۆژئاوای خۆی، دەوڵەتێکی کوردی هاوسێ دەبوو، لە رەوتێکی ئەوتۆدا، ئێران قەت بەو چەشنە نەدەکەوتە بەر پەلاماری هێزی سەددامی بەعسی.

روانگەی نادێموکراتیک لە ئیران، لە سەرەتای سەدەی بیست، سیستمی "مەشرووتە" لە ئێران دامەزرا. بەڵام ئەو رەوتە لە دەستوور دا شێوازی پاوانخوازانەی ئایینیی سەردەمی سەفەوێکانی داسەپاندەوە(بروانەبەندی 2ی "متمم قانون اساسی مشروطه"). دواتر بە هاتنە سەرکاری رەزاخان و لادانی قاجارەکان، نەتەنیا رەوتی بنەڕەتی مەشرووتەلەژێرپێ نرا، بەلکوو سەرلەنوێ ملهۆڕی پاشایەتی کۆن دامەزرایەوە. ئەو رەوتە لە قاپێلکی بەرواڵەت مۆدێرنی دەوڵەت- نەتەوە، لەسەر بڕوای ناسیۆنالیستی پەسندکراوی بەشێک لە ئێلیتەکانی ئێرانی دامەزرا. ئەگەرچی تورکان هاوبەشی دەسەڵاتی ئیرانن، بەڵام ئەو رەوتە ماوەیەکە بەشێک لە تورکانیشی دژ بە چەمکی "ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی" وەخۆ ختسووە. ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی بنەمای بەهێز بوونی روانگەی سانترالیزم و بیری "نادێموکراتیک" لە ئێرانە کە تا ئەورۆ، بەرگری لە پێکهاتنی سیستمی دێموکراسی گشت لایە بەلەوڵات کردووە. بەو چەشنە زۆربەی گەلانی ئیران بە ویستی دەوڵەت خراونە ژێر پرۆسەی نەتەوەسازێکی کارەساتساز و نەویستراو.

لەحاڵێکدا سیستمیحکوومەتی پێشمودێرنی ئێران (دەگەڵ هەبوونی هەموو لایەنە خراپەکانی)، لەسەر بنەمای چەشنێک "پلۆرالیزم و فیدراڵی" راوەستابوو کە دابەشبوونی دێموکراتیکی دەسەڵات لە نێوان ناوەند و دەوروبەر دایە، هەر بۆیەش گەلانی ئێران لە سەردەمی پێشمۆدێرن، کێشەیەکی بەرچاویان لەسەر پێناسەی ئێتنیکی نەبوو. کێشەکان زۆرتر لەسەر ئایین و دەسەڵات بوون. بەڵام وەک لە زمانی ئاغا موحەممەدخانی قاجار ئاماژەی پێکرا، دەسەڵاتە فرەخوازەکانی مێژوو(کە دامەزرێنەری پادشایەتی گەورە و ئەمپراتووری بوون)، لە سەرەتاوە ویستی بەرزکردنەوەی دەسەڵاتی ئتنیکیان هەبووە.

لە سەردەمی رەزاشاوە، ناسیونالیستەکانی ئێرانی، لە لایەک حاشا لەو چەشنە فێدراتیڤ و پلوراليیەی پێشمۆدێڕنی ئێران دەکەن (ئەوی بە"ملوک الطوایفی" ناودەبەن، بی ئەوەی چلۆنایەتی حکوومەتە ناوچەیەکان- بە تایبەت لە کوردستان- بخەنە بەر لێکدانەوە)، لە لای تر زۆربەی ئیرانیانی لایەنگری سانترالیزم، نادێموکڕاتیکن. هەر بۆیەش دان پیانانێن کە سیستمی سانترالی دامەزراو لە ئێران لەسەر بیری ناسیۆنالیستی تایبەت، لە ٩٠ ساڵی رابردوو دا کارەساتی تێکدەرانەی لێ کەوتۆتەوە. شایانی باسە ئەو "دەسەڵات"ەی سەفەوێکان دایانمەزراند و چەمکی دەوڵەتی "ئێران"ی وەخۆ گرت، تا ئەورۆ بە چەشنێکی زۆر دیموکراتیک لە نێوان تورک و فارس، دابەشکراوە. بەڵام لەو ماوە درێژەدا، تورکان بە تایبەت لە باکووری رۆژئاوای ئیران، بەرژەوەندی گەلی کوردیان پێشێل کردووە و بوونە هۆی کێشەگەلی نەخوازراو نێوان کورد و دەوڵەت لە ماوەی ٥٠٠ ساڵی رابردوو دا.

پرسیار : سەدەی بیستەم بە سەدەی گۆڕانکارییە مەزنەکان لە ئاستی جیهانیدا ناوزەد دەکرێ، بەڵام کورد بەپێی هەڵکەوتوویی لە ناوچەی قەیراناویی رۆژهەڵاتی ناوین، بەردەوام بەرەو شکست رووبەڕوو بووەوە، بە گشتی سەدەی بیستەم بۆ کورد و بەتایبەتی رۆژهەڵاتی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

وەڵام : دوکتور ئەبریشەمی: گۆرانکارییە مەزنەکانی جیهانی لە سەدەکانی پێشترەوە لە رۆژئاوا سەریان هەڵدابوو. دواتر پرپشکیان هاویشتە سەر وڵاتانی تر و رۆژهەڵاتی ناوین. بەلام رەوتی گۆڕانکاری بە پێی هەڵگری چاند و کولتوری باو لەو مەڵبەندە، ملهۆرانە و نادێموکراتیک بوون و رۆژهەڵاتی ناوینیان بەرەو قەیرانی ناکۆکی ناوەکی پاڵ پێوەنا. رەوتی ملهۆڕانەی ئەو گۆڕانکاریانە، پێشێلکردنی مافی گەلی کورد و گەلانی تری لێ کەوتەوە. لە سەدەی بیستەم بە دابەشبوونی فێلاوی و

لاسارانەی کوردستانی بندەستی عوسمانی بەسەر سێ دەوڵەت- نەتەوە و هاودەستی ئیران لەلایەک، هاوکاری دەسەڵاتە زلەکانی جیهانی دەگەڵ ئەو دەوڵەتانە لەلای ترو دوور بوونی گەلی کورد لە پێویستێکانی سەردەم بۆ جووڵانەوە، گشتیان بە یەکەوە بوون بە هۆی شکستی بزووتنەوەی گەلی کورد لەرۆژهەڵاتی ناوین.

لە وەڵامی پێشوو ئاماژەی پێکرا، شکستی کورد و قەیراناوی بوونی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین، دەگەڕێتەوە سەر دامەزراندنی دەسەڵاتی پاوانکراو لە لایەن ناسیۆنالیستە زاڵەکانی رۆژهەڵاتی ناوین. شۆرشی ١٣٥٧ ئێران رەوتی ناسیۆنالیستی لە دەسەڵات لادا و هاوبەشی ئاینیی کردە دروشمی دەسەڵات. ناسیۆنالیستەکانی ئیرانی بۆ ماوەیەک خۆیان خستە بن باڵی ئایین.

بەڵام ئەوەی بۆتە دروشمی پاوانخوازی لە ناوچە، بەتایبەت لە تورکیا، ناسیۆنالیزمە. ئەگینا ئەگەر پاوانخوازی ناسیۆنالیستی لە ئارادا نەبێ، فارس، تورک، عەرەب، کورد، ئەرمەنی و ... وەک بەرەی مرۆڤ بە دوور لە پاوانکردنی دەسەڵاتی سیاسی و دەسکەوتەکانی، دەتوانن لە سیستی دێموکراتیکی گشت لایەنەدا بە یەکەوە بژین، دەرەوتێکی ئەوتۆدا، جوغرافیای ولات، ئایین، زمان و... بەری ژینی هاوبەشی گەلان ناگرن. ئەوەی بەرهەڵستە، پاوانکردنی دەسەڵات و بەرهەمی پێوەندیدار بە ئەوە(کە پتر لە لایەن ناسیۆنالیستەکان هاتۆتە ئاراوە).

سەدەی بیستەم بۆ کورد بە تایبەت لە وڵاتە تازە پێکهاتووەکانی تورکیا و عێراق، پێکهەڵپرژانی دوو لایەنی ناسیۆنالیستییە، یەکیان داگیرکەر و فرەخواز، ئەوی تریان رزگاریخواز، بەڵام دەسەلاتە زلەکانی جیهانی تا ئەورۆ مافی مرۆڤیان لە دەرەوەی وڵاتانی خۆیان، فیدای بەرژەوەندی ناوخۆ کردووە. ئەوان لە ٩٠ ساڵی رابردوو دا مانەوەی دەسەڵاتی فاشیستی دۆستەکانیان(وەک تورکیا) لەسەر کورد پاراستووە.

لە لایەکی تر، ئەو گەلانەی دەسەڵاتە زاڵەکان لەسەر کورد دەگێڕن، بیری ناسیۆنالیستییان لەهەر قالبێکدا، داگیرکەرانە و فێڵاوییە، زۆر بەهێزتریش لە کوردن. دیارە کورد ناتوانی بە هۆی بیرو دروشمی ناسیۆنالیستی لە بندەستی ئەوان رزگار بێ. بەڵکوو پێویستە رەوتی تریش وەک دیپلوماسی و مافی مرۆڤ لەبەرچاو بگرێ.

بەگشتی ناسیۆنالیزم یان هەر براو ئیدیۆلۆژییەک، تەنانەت ئاینیش، کاتێک کران بەهۆکاربەدەست دەوڵەتانەوە، دەسەڵات دەکەوێتە جەغزی پاوان و ئەو رەوتەش بە دوور لەعەداڵەت و مافی مرۆڤە.

پرسیار: **ئەگەر قۆناخی بەهێزی کورد لە سەدەی بیستەمدا دەسنیشان بکەین، کام قۆناخ و ساڵان بۆ کورد وەک خاڵی وەرچەرخان دەسنیشان دەکەن؟**

وەڵام : دوکتور ئەبریشەمی: لێرەدا بە کرۆنۆگرافی رووداوەکانی ناوچەی موکریان ئاماژە دەکەمکە لە سەردەمی هاوچەرخدا لە رۆژهەڵات بەرچاو دەنوێنێ:

دوای تێکچونی حکوومەتی موکریان بە دنەدانی عەشایری ناوچە(دەیەی ١٨٤٠ ) و دامەزراندنی بنکەی دەسەڵاتی قاجار لە موکریان بە ناوەندی ساباڵغ/ مەهاباد، بزووتنەوەی خەڵک لە ساڵی ١٨٨٠ بە رێبەری کەسایەتی کاریزمایی کورد (شێخ عبیدالله) وەرێ کەوت، ئەوکات حاکمی موکریان لە مەهاباد/ساباڵغ، شازادەیەکی قاجار بوو، خەڵکی شار بە یاریدەی مەنگوڕان شازادەیان شاربەدەر کرد و بەساغ و سەلیمی لە میاندواو تەسلیمی پێگەی دەوڵەتی ئیرانیان کرد. دوابەدوای ئەو کارە، بە بەڵێنی شێخ، کەسایەتێکی کورد لە جێی شازادەی قاجار (وەک حاکمی موکریان) داندرا. تا ئێرە چەمکی رووداوەکان لە قۆناخی وەرچەرخانی بەرز و شارستانیانەو سەرکەوتوویانەدابوو.

بەڵام لەبەر بێ بەرنامەیی و نەبوونی چوارچێوەی "ویستی بزووتنەوە"و هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی توانایی کورد و دەوڵەت، رەوتی بزاو بە چەشنی عەشیرەتی و رەمەکی درێژەی پێ درا، لەشکری کورد رووی لە میاندواو کرد بە دوای کوژرانی کوڕی شیخ لە دەروازەی میاندواو، لەشکری راساوی کورد چوونە ناو میاندواو، بە قسەی شازادە نادر میرزا (نایب السلطنەتبریز) نزیک بە هەشتسەد کەس تورک و کرمانی لە خەڵکی میاندواو کوژرا و بەشیک تاڵان کرا و لەشکری کورد بەرەو بناو وەڕێکەوت و لە بنار بناو سەنگەری گرت. ناوبراو هەروەها دەنووسێ لەم هەرایە، هەم وڵاتی موکری، هەم وڵاتی عەجەم(هم خاک مکری هم خاک عجم) خەساری وێکەوت(بۆچی هێرش کرایە سەر میاندواوو بناو؟).

زۆری نەخایاند سوپای ئێران و قەرەپشی تورک بەرەو کوردستان هوروژمیان هێنا. گشت ناوچەیان خستە بەر شاڵاوی کوشتن و بڕین و تاڵان و سووتاندن. وەک ساڵیانێک لەمەوبەر لە کەسانی باوەڕپێکراوم بیستووە، سوپای ناسرەددین شا ئەو دێهاتانەی کە هیچ هاوبەشیان لە هێرش و بزووتنەوەدا نەکرکردبوو، لە ناوچوون و سەربازی سۆپای ناسرەددین شا بەسەرنێزە زارۆکی کوردی لە لانک فڕیدەدا. نادرمیرزا لەکتێبی "تاریخ و جغرافیای دارالسلطنەتبریز" ئەو شەڕو هێرشەی بەنێوی شەڕی میللەتی ناو دەباو دەڵی هەرچی کوردە چ بێ تاوان، چ تاوانبار لەو شەڕەدا کەوتەبەر پەلاماری سوپای دەوڵەت، ئەوەش بەکارێکی نادروست دادەنێ. لە قەولی هەواڵنێری تایبەت، دەنووسێ: شەو لەسەر بەرزایی کەئۆقرەمان گرتبوو، هەتا چاو هەتەری دەکرد، پتر لە پەنجا ئاوەدانی کورد بوو لە ئاگردا دەسووتا، گشت ناوچە وێران و تاڵان کرا بوو (درساوجبلاق هیچ ذیروحی نفس نمی کشید). هەر وەها لە هەواڵەکەدا قسەی ئەو ئەفسەرانە لەسەر چەشنی هێرش و رووداوەکان، کە دەڵێن ئەو پەلامارە، وەک هیرشی ئەمریکایەکان بۆ رۆژئاوا و کوشتاری سوورپیستەکان دەچن.

بەو چەشنە کورد لە یەکەم بزووتنەوە، لە درێژەی ڕەمەکی جووڵانەوەدا تەواو شکستی هێنا. بەڵام دژایەتی کورد و عەجەم تاودرا، لە لایەن مێژوو نووسانەوە، کارەساتی ١٨٨٠بە دایکی ڕووداوەکانی دواتر(ام الحوادث) ناوبانگی دەرکرد، چونکوو ڕاسانی یەک لە دوای یەکی کوردی ناوچەی بەدواوە بوو. نزیک چل ساڵ دوایە،سمکۆ زۆرتر بە تۆڵەستاندن بەرەوتی ڕەمەکی و عەشیرەتی وەخۆ کەوت...

قەرنێک دوای دەیەی ١٨٤٠ کە دەسەڵاتی ناوچەی موکریان لە دەست کورد هاتبۆ دەر، لە دەیەی ١٩٤٠سەرەتا کۆمەڵەی ژ.ک دامەزرا (کە باوەڕی بە جووڵانەوەی چەکداری نەبوو)، لە یەکەمی مانگی خەزەڵوەری ساڵی١٣٢٤بەیاننامەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات گەڵاڵە درا کە هاوکات ڕەوتی دامەزرانی حکوومەتی کوردی لێ کەوتەوە، لە مانگی سەرماوەز، هێزی پێشمەرگە بۆ "حکوومەت" سازدرا و ئاڵای کوردستان لە چەند شاران هەلکرا (وەک ڕاگەیندنی حکوومەتی کورد لە ناوچە). دواتر لە ٢ی ڕێبەندانی١٣٢٤، ڕەوتی حکوومەتی کورد، بە شێوەی کۆمار، بە نیوی (جمهوری کوردستان) هاتە ئاراوە. بەڵام ساڵێک دوای دامەزرانی حکوومەت و هێزی پێشمەرگە و هەڵکردنی ئاڵا لە مەهاباد و چەند شاری دەوروبەر،دەرفەتی ڕاگرتنی حکوومەتی کورد لە ئارادا نەما، بەڕێوەبەرانی کۆمار خۆیان لەشەڕ نابەرانبەر و ماڵ وێرانکەر پاراست، هێزی پێشمەرگە(کە بۆ حکوومەت سازکرابوو) بە خۆڕایی بەخت نەکرا. دیارە دامەزراندنی حکوومەت (کە دواتر ڕەوتی کۆماری وەخۆ گرت)، ئەوپەڕی لێهاتوویی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارستانیانەی گەلی کوردی بە دنیا ناساند، ئەوەش بە واقع بەرزترین خاڵی وەرچەرخانی کورد لە سەد ساڵی ڕابردوو دایە.

لە سەرەتای دەیەی ١٩٨٠ (قەرنێک دوای بزووتنەوەی ١٨٨٠ ) ئەوجار بەوەپێش خستنی "شێخ عزالدین" سەرەتا لە لایەن بەرەی چەپەوە، بە نێوی سەرۆکی هەیئەتی وتووێژ(وەک نوێنەری گەلی کورد) دەگەڵ دەوڵەتی کاتی، بزووتنەوەی ڕێکخراوەیی و بە ڕواڵەت پێشکەوتوو دەستپێکرد. (شایانی باسە ئەوجار مەنگور کەوتنە بەر پەلاماری خۆی کورد[حیزبی دێموکرات] و خوشانە پاڵ دەوڵەت.)

لە سەرەتای شۆرشی(١٣٥٧ / ١٩٧٩ ) گشت ناوچە کوردییەکان بە دەست خۆی کوردەوە بوون. بەڵام بە پێچەوانەی ساڵی ٥-١٣٢٤بیری دامەزراندنی حکوومەتی ناوچەیی، تەنانەت کومیتەگەلی یەکگرتو لە شارەکان(وەک گشت ناوچەکانی ئیران) لە ئارادا نەبوو. ڕێکخراوەکانی کورد کە لە بەستێنی سیاسەت لاواز بوون و بڕوایەکی مریدانەیان بە ڕوانگەی کۆمۆنیستی لە شۆرش هەبوو، لە جیات هەڵسووڕانی سیاسی، ڕەوتی چەکداریان هەڵبژارد.

حەوتوویەک دوای شۆرش نوینەرانی دەوڵەتی کاتی هاتنە مەهاباد، بەرەی چەپ کە هەڵسووڕێنەری کارەکان بوو، ڕەوتێکی لەپێش گرت کە دەوڵەتی کاتی و سیاسەتوانانی ئیرانی لێ یان حاڵی بوو، چەپەکان تاقمێک پتر نین بەڵام بە هۆی ڕێکخراوەکەیان، خۆیان وەک بەڕێوەبەر بەسەر گەلی کرد داسەپاندووە. هەر بۆیە دەستیان ڕاگرت و لە ڕاوێچکەدا مانەوە.

حاڵووهەوای کوردستان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، ئاڵۆزتر دەبوو، کارەساتی نەویستراو ڕوویدەدا، کاتێک نوێنەرانی دەوڵەت لە مەهاباد بوون، پادگان لە ناوخۆ تێکقرما و کەوتەدەست خەڵک و حیزبی دێموکرات، بەڵام دەکرا حیزب وەک خاڵێک بۆ وتووێژ، کەلکی لی وەربگرێ نەک دەست بەسەر پادگان دابگرێ. مانگێک دواتر لە سنە شەڕ نێوان خەڵک و ڕێکخراوەکان دەگەڵ پادگانی شار دەستی پێکرد، ئەگەر مەبەست دانانی حکوومەتێکی ناوچەیی کورد بووبا، چ پێویست بەدەست بەسەرداگرتنی پادگانەکان و ئەو هەمۆ چەکە بوو؟ نزیک دوو مانگ دوای هاتنی ناردراوانی دەوڵەتی کاتی بۆ مەهاباد، حیزبی دێموکرات بە گشتی بێخەبەر لە حاڵووهەوای وڵات و ڕوانگە و دەسەڵاتی تورکان لە پارێزگای ئازربایجانی ڕۆژئاوا، لە نەغەدە، دەداو کەوت و عالەمیک نەخوازرا و کوژران و کورد لە نەغدە ڕاوکران. دیسان ئەگەر دوای کارەساتی نەغەدە حیزب لێکۆڵینەوەیەکی لە ڕەوت و دۆزی خۆی و لە داوکەوتنی کورد و حیزب کردبا، دەداوی شەڕەکانی دواتر نەدەکەوت. لێی حاڵی دەبوو هەر لە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چ داوگەلێک بۆ کورد چندراوە، هەر ئەودەم چەقین لەسەر چەکی وەلادەنا تا بتوابی بە ڕەوتێکی سیاسی و ئەو خاڵانەی بەردەستی و دیپلۆماسی - کە قاسملوو تییدا وریا بوو - بەری هێندێک لە پلانە دژ بە کوردییەکان بگرێ. بەڵام کەس بە بەرپرسی کارەساتی نەغەدە دیاری نەکرا، بگرە لێکۆڵینەوە لە کارەساتەکەش لە ئارادا نەبوو (یان وەدەر نەخرا؟!). وەک دەبینین حیزب لە ئاستی پڕم ەترسی کورد لەو پارێزگا دەستکردەی ڕەزاشا، کەتره خەم بووە.

بە کورتی: لە دوای شۆرشی ٥٧، حیزبەکان بە پێچەوانەی پیویست بوونی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی بەرپرسی نآوچەیی، ڕەوتێکی سەرەڕۆیانەیان گرتەبەر، وەک دوو حکوومەتی جیا لە وڵاتێکدا بەرچاو دەکران کە کاریان تەنیا لە مەودای فەرمان و گرتن و کوشتن دابوو. کاروباری خەڵک لە نەبوونی مودیریەتی شارەکان؛ لە گرەژەنەچوو. کوردستان کەوتە بەر بێ بەزەیانەترین گەمارۆی ئابووری و کەلو پەلی ژینی خەڵک. لە ورمێ پارێزگار(استاندار)، مووچە و بودجەی ناوچە کوردییەکانی زەوتکرد. هێز و پێگەی سەر وەدەوڵەت (لە دەوروو بەری کوردستان)، تەواو سەرەڕۆیانە، لە سەر ڕێگاکان وێستابوون و بەکەیفی خۆیان لە هەر پۆستەی پەتی گەمارۆیان تووندتر دەکرد و ڕێبواریشیان سەر بەنیست دەکرد. بەو حاڵەش ڕێکخراوەکان فریان بە تەنگو چەڵەمەی وڵات و خەڵکەوە نەبوو، سەرەنجام پێکهەڵپڕژان. هەڵبەت لە سەرەتاوە دیار بوو چەکداربوونی حیزبەکان، پێکهەڵپڕژانی بەدواوە. پرسیاری بەڕێزتان بەو چەشنە دووپات دەکەمەوە: لە ١٨٨٠ وەتا ١٩٨٠ "کام قۆناخ و ساڵان بۆ کورد وەک خاڵی وەرچەرخان دەسنیشان دەکەن؟"

١٢ی دیسامبری ٢٠١١

## رۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا [ بەشی دووهەمی ]

دوکتور عەبدوڵلا ئەبریشەمی: بیری شۆرشگێرانە، حیزبەکانی لە واقع بینی دوور خستبۆوە. لەو نێوەدا جگە لە کوشتارو خەساری بە لێشاو، سەدان خوێندەوار و خوێندکاری "هەڵکەوتوو"ی گەلی کوردو گەلێک لاوی بی تاوان کران بە قوربانی بیری کۆمۆنیستی و شۆرشگێری رەمەکی

پرسیار : ئەگەر بە پێی رووداوەکان و شوێندانەرییان درێژە بە پرسیارەکان بدەم، لە ناوەراستی سەدەی بیستەم دا ئایدۆلۆژی کۆمۆنیزم بالی بەسەر فەزای سیاسی و رێکخراوەیی کوردستان کێشا. زۆر لە حزب و رێکخراوەکان بە بیرۆکەی چەپەوە باشاری جەریانی ناسیونالیستی کورد بوونەوە، کێشەی کوردیان لە بیاقی سیستمی کۆمەلایەتی چینی سەرمایەدار دا وێنا دەکرد، رەوتی مارکسیستی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن و کوردستان کێشەی کوردی بەرەو چ ئاقارێک برد ؟

وەڵام : کۆمەڵەی ژ.ک ١٩۴٢ / ١٣٢١ بزووتنەوەی چەکداری بە هەڵە دەژماردو نکوولی دەکرد، ئەو حیزبە بەر لە پەلهاویشتن و پەرەگرتنی بیری کۆمۆنیستی، رەوتێکی گشتی و سنووربەزێنی شارستانیانەی هەبوو. ئێستاش باشترین ئەرکی حیزبە کوردییەکانی رۆژهەڵات، رێکخستنی بیرو بڕوای خەڵکی وڵاتە بۆ چالاکی درێژخایەن و هەنگاو بەهەنگاو لە مەودای ستراتیژی گەلی کورد لە بواری کەمکردنەوەی تەنگانەکان.

دیارە گەشانەوەی هەست و بزاوی نەتەوەخوازی کورد، خۆی وەک دژکردەوە بۆ پاراستنی پێناسەی پەلاماردراوی کورد سەری هەڵدا. بەڵام هاوکات دەگەڵ گەشانەوەی بیری ناسیۆنالیزمی پارێزەرانەی کورد، بیری کۆمۆنیستی پەلی هاویشتە کوردستان. بیری کۆمۆنیستی، رەوتی چالاکی پێویستی گەلی کوردی بۆ گەیشتنی هەنگاو بەهەنگاو لە مەودای نەتەوەییەوە خستە بن باڵی بیری کۆمۆنیستی و دواتر بەرەو رەوتی شۆرشگێڕانەی باوی بەرەیەک لە کۆمۆنیستەکان، پاڵی پیوەناو گەلی کوردی رۆژهەڵاتی دە ئاگری جووڵانەوەی چەکداری هاویشت.

بەرەی چەپ بەگشتی هەوڵ دەدا دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت بەدەستەوە بگرێ، ئەوان کە دەبینن کوردەکان ئامادەی چالاکی شۆرشگێرانەو خۆبەختکردنن، گەرەکیانە ئەو بزاڤە بخەنە ژێر رکێفی خۆیان، بەڵام نازانن وزەو هەستی بزووتنەوەی کوردو چەک هەلگرتنی، هەڵقوڵاوی بەربەرەکانی چینایەتی ناوخۆ نییە، بەڵکوو هەڵقوڵاوی بندەستی تەواوەتی گەلی کوردە نە چینێک(لە گەلی کورد).

سۆسیالیزم(کە کۆمۆنیستەکان وەک خەیاڵ بە پێشاهەنگی کۆمۆنیزمی دادەنێن) رەوتێکی بەرین لە عەداڵەتخوازی بەرەی مرۆڤەو بنەمای لێکدانەوەی مارکسیستی هەیە، مەرجی دابەزاندنی سۆسیالیزم لە هەر وڵات و کۆمەڵگایەک، خاوەن دەوڵەت بوونە کە گەلی کورد ناگریتەوە. بۆیە ئەو مەتەڵەی کوردی، پڕ بە پێستی پرۆسەی کۆمۆنیستەکان لە کوردستانە: نەرێسراوە، نەپێچراوە، شەقەی دێ(شەقەشەقی جۆلای دێ!).

تەنانەت کوردی رۆژهەڵات توانایی ئەوەی نییە سیستمی دەسەڵاتی ئیران بگۆرێ و کۆمۆنیستان بە دەسەڵات بگەیەنێ، بۆیە چالاکی کۆرد بۆ کۆمۆنیستان، چەشنێک بێگارییە. رێبازی کۆمۆنیستی رێکخراوە کوردییەکان، لەسەرەتاوە بەختکرنی گیان و ژیانی مرۆڤی کوردو بە فیرۆدانی هەل و دەرفەتەکان بووە.

رژیمی پەهلەوی کە لە سەرەتادا کوردە چەپییەکانی بە دوو تاوان(کۆمۆنیست و جیاییخواز) مەحکووم دەکرد، بەڵام لە دەسپێکی ئینقلابی ئێران، ئەوانی بۆ باشارکردنی هەستی نەتەوەخوازی کورد هان دەدا*

لە سەردەمی شەڕی سارد، بەرەی کۆمۆنیست لە گشت وڵاتان، لایەنگری رۆژهەڵات و دژ بە رۆژئاوا(دنیای کاپیتالیستی) دەناسران. ئەو دۆزە، نەخوازراو گەلی کوردی کردبوو بە دوژمنی بەرەی رۆژئاوا، هەر بۆیەش ئەو رەوتە تەواو هەڵە بوو.

سەردەمی شەری سارد، زۆرتری ولاتانی جیهانی سێیەم لە بندەستی رژیمگەلی لاسارو دیکتاتۆر دابوون، ئەم وڵاتانە مەکۆی گەمەی سیاسی رۆژئاواو رۆژهەڵات بوون. هەرکام لە لایەنگرانی خۆیان پاریزگاری دەکرد: ئەمریکا شای ئێرانی بۆ گەیاندنی کەل و پەلی پێویست بە بارزانی وەپێش خست، یەکەتی سۆڤێتیش، فروکە، بۆمب، تانک و فێرکاری شەڕی بۆ سەددام دەنارد. کۆمۆنیستەکانی کوردیش لە سەددام پشتیوانیان دەکرد، لەو کاتدا( ١٩٧۴ / ١٣٥٣)، چەند وتارم لەژێر عینوانی "مارکسیست و جنگ در کردستان عراق" بڵاو کردەوە (بروانە وێبلاگی "نوشتەهای ١٣٥٣ بە بعد")مەبەستم ئەوە بوو بە کۆمۆنیستە کوردەکان بڵێم بۆ بوونە متەی ئەو گەمە لاسارە؟ شۆرشی ئەیلول، لە ناچاریان پەنای بۆ "شا" بردبوو کە رژیمەکەی پێگەیەکی ئەمریکا بوو. دیارە هەر بزووتنەوەیەکی چەکداری، پێویستی بە یارمەتی لۆجیستیکی هەیە؛ بەڵام کوردە کۆمۆنیستەکان خۆ لە شەڕدا نەبوون، ئەدی بۆ خزابوونە پاڵ بەعس و سەددام؟

هاتووچۆی سەرکردەکانی حیزبی توودە بۆ بەغدا و دیتنی هاورێ کوردەکانیان لە ناو حیزبی دێموکرات لە باشور، لە ئاستی ئەو گەمەیە بوو. (ئەوەی دیارە، قاسملوو فریوی سەرۆکانی حیزبی توودەی نەخوارد، بەلام ئەوانی تر دوایەش وەدوای توودەیان کەوتن.)

دیارە چ جووڵانەوەیەک بۆ داببنکردنی خواستی گشتی، بێ بەرنامەو رێکخراوە ناگونجێ، بەڵام رەوتی جووڵانەوەی چەکداری و شۆرشگێرانە لە رۆژهەڵات- کە بەرەیەک لە

كۆمۆنیستەكان لەسەری چەقی بوون- تەرِایی لە بەستێنی هەر چەشنە بزووتنەوەی سیاسی و كۆمەڵایەتی كورد برِیوە، مەودای بیری سیاسی تەواو لە كورتیی داوە.

٥- پاش سەرهەڵدانی شۆرِشی ٥٧، سیستمێكی دێموكراتیک لە ئێراندا جێگیر نەبوو و كێشەی كورد بێ چارەسەری مایەوە و بگرە ویستەكانی كورد رادیكاڵتر هاتنەگۆرێ تا رادەیەک كە رووبەرووبوونەوەی دەسەڵات و بزووتنەوەی سیاسیی كورد هەڵگیرسانی شەر لە كوردستاندا بوو، زەمینەكانی پێكنەهاتن و دووركەوتنەوەی كورد لە دەسەڵاتی ناوەندی چ بوون؟

١- شۆرش (ئینقلاب/Revoluyion)، چەمكی ئەو پرسیارەو شۆرش، قسە زۆر هەڵدەگرێ، لادانی دەسەڵاتی پەهلەوی لە ئێران، بە رەوتی شۆرش پێكهات. دروشمی شۆرشی ئێران (لە لایەن ئاینییەكانەوە)، دێموكراسی نەبوو، بەدەسەڵات گەیاندنی رەوتی ئایین بوو. بەڵام رزگاربوونی هیند، وەک گەورەترین وڵات، لە چەنگ گەورەترین كۆلۆنیالیستی مێژوو -كە گەورەترین دێموكراسی جیهانی لێكەوتەوە- بە دۆزی "شۆرش" پێک نەهات.

مێژووی سەدەی بیست نیشانی دا، شۆرش بە دێموكراسی ناگا. لە سەدەی رابردوو كام شۆرش بە دێموكراسی گەیشت؟ شۆرش رەوتێكی درێژخایەنە كە هەوڵ دەدا چاندو بنەماكانی دەسەڵاتی زاڵ وەرگەرِێنێ. شۆرش بەشێک لە رەوتی دێموكراسی دەكاتە هۆكارێک بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجەكانی.

شۆرشی ئیران لە ماوەی ٣٣ ساڵ تەمەنیدا، وەک دیاردەیەكی سیاسی-كۆمەڵایەتی لەسەر بیرو باوەرِو كردەوەی تایبەت، خۆی ناساندووە. كردەوەكانی شۆرشی ئیران لە جەغزی باو لە نێو زۆربەی وڵاتانی جیهان دا ناگونجێن، رەوتی باوی بیرو كردەوەی كۆمەڵایەتی و سیاسی داكەوتوو لە شۆرشی ئێران لە جیهان دا- بەتایبەت لە نێو موسوڵمانان – لق و پۆپ و ئاسەواری تری لێ كەوتۆتەوە. شۆرشی ئێران دەسەڵاتە زلەكانی جیهانی ئاروژاندووە، هەر بۆیەش زۆربەی وڵاتانی جیهان لەم بیرو كردەوە شۆرشیانەی ئێران سەریان سورِ ماوە.

لە سیستمگەلی دیكتاتۆریدا، رەوت و چاندی دێموكراسی لە كۆمەڵگا دوور دەكەوێتەوە، بەچەشنێک دوای شۆرش دابەزاندنی دێموكراسی لە كورت ماوەدا ناگونجێ. دایكی شۆرشی ئێران، رژیمی پەهلەوی بوو. دایكی شۆرشی ئۆكتۆبری رووسیاش، رژیمی تەزاری بوو. ساڵەكانی ١٩٧٨ و ١٩٧٩(سی و دوو ساڵ بەر لە بەهاری عەرەب) بەهاری ئێرانێكان بوو! بەڵام ئەگەر شۆرشی ئێران بە رێبەری بەرەی چەپ یان ناسیۆنالیست سەركەوتبا، دیسان دیموكراسی لێ نەدەكەوتەوە. چونكوو شۆرش دێموكراسی لێ ناكەوێتەوە، قسەو دروشمی بەرلە شۆرش، بۆ دوای شۆرش جێی باوەرِ و متمانە نین.

رەوتی دابەزاندنی شۆرش بە گشتی، بگرەو بكوژەیە. بەڵام نابێ لەبیر بچێتەوە شۆرشە بەرینەكانی جیهان، لە بەهێزی لایەنگران و دەرفەتی تایبەت سەرهەڵدەدەن. بۆیە دەتوانن پتر خۆ رِابگرن. شۆرشی ئیران بۆ تێكشكاندنی بەرهەڵستەكان بەتایبەت هێرشی هێزی سەددام، لە شەرِەكاندا زۆر جەغزی بەزاند. جگە لە خەڵكێكی لە رادە بەدەر، هەزاران كەس(كە خوێندنی زانكۆیان تەواو كردبوو)، بە گیان و دڵەوە خۆیان بەختكرد. لە سەرەتاوە دیاربوو چەقینی حیزبە كوردییەكان لە بەرانبەر شەپۆلی كۆمەڵایەتی و شۆرشگێرانەی ئەوتۆ، هەڵەیەكی ستراتیژیكە. لەلایەكیدی حیزبە كوردێكانیش وێرِای زۆربەی چەپەكانی ئیرانی، خۆیان بە شۆرشگێرترو پێشكەوتووتر لە دەسەڵاتی تازە پێگەیشتووی ئیران دادەناو خوازیاری دابەزاندنی رەوتێكی تر لە شۆرش بوون. ئەوانیش شۆرشگێرِانە دەبزووتنەوە.

لە گشت ناوچەكانی ئیران كومیتەگەل چەكداربوون، ئەوان وەک بنكەگەلی حكوومەتی نوێی ئێران (كە تەواو خۆی نەگرتبوو)، بەرِێوەبەری كاروباری شارو ناوچەكانیان بەدەستەوە گرت، نەیانهێشت وڵات بێ حكوومەت بمێنێتەوە. بەڵام لە كوردستان، ئەو كارە نەكرا. حیزبەكان هەر یەكەی لە فیكری دەسەڵاتی خۆی دا بوو، ئەوان نەیاندەویست جگە لە خۆیان دەسەڵاتێک لە ئارادا بێ. خۆ بە چەند حیزبی جیا و هێزی چەكداری جیا، نەدەكرا وەک یەک مەكۆی حكوومەت بە كاروباری وڵات رابگەن. تەنانەت نەدەكرا لە هەر شارەش كومیتەیک پێک بێ و جیا لەدەسەڵاتی حیزبەكان بێ! حیزبەكان، كاریان بە حكوومەت نەبوو.شۆرشگێری ئەوان بۆ گەلی كورد، تەنیا شەرو دەسەڵاتی ناوخۆی بگرەو بكوژەی لیكەوتەوە.

لە حاڵێكدا پێویست بوو لە كوردستانیش كومیتەگەل (نەک حیزبەكان) چەک هەڵگرن و حكوومەت بكەن، كومیتەكان باشتر لە حیزبەكان دەیانتوانی بەیەكەوە لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی وتوویژ بكەن و كاروباری وڵاتیش بەرِێوە بەرن. لە رەوتێكی ئەوتۆدا،ئەگەر كورد بە هێندێک دەسەڵاتیش نەگەیشتبا، تووشی ئەو هەمۆ كوشتارو خەسارە نەدەهات، رێكخراوەكانیش تاوانبار نەدەكران.

داكەوتنی شۆرش لە ئیران، بە گرتن و كوشتنی كەسایەتی سەر وەرژیمی پێشوو دەستی پێكرد، دوایە حیزبە چەكدارەكانی كورد وێرِای وان زۆربەی خەڵكی كوردستان وەبەر هێرشی شۆرشی ئیران كەوتن، موجاهیدەكانیش – كە لە بەرانبەر دەسەڵاتی تازە چەقین- راماڵ دران. دواتر چەپە بێ چەكەكانی ئیرانی، دوای ئەوانیش حیزبی توودە(كە پاڵیان وە دەسەڵاتی تازە دابوو) وەبەر گرتن و كوشتن كەوت و...

لە كوردستانیش تاقمە چەپەكان لە فیكری دابەزاندنی رەوتی دیكتاتۆری پرۆلیتاریابوون. بە بەڵێنی وان بوو كە كۆمۆنیستەكانی ئیرانی خزانە نێو كوردستان، ئەوان لە كوردستان وەک هۆتێلی بەلاش و لە مرۆڤی كورد وەک چەكداری بەلاش كەلكیان وەرگرت.

٢- بزووتنەوەی كوردی رۆژهەلات، حیزبی دێموكرات(دوای كۆماری كوردستان)، لەسەر رەواڵێک سازدرابوویەوە كە رەوتی حیزبی توودە بوو. حیزبی دێموكرات تا ماوەی دوو دەیە هەڵوێستی چەكدارانەی نەبوو. هەڵبەت لەم دوو دیەدا ئەندام و لایەنگرانی حیزب تووشی پەلامار، گیران، ئەشكەنجەو زیندان هاتن، بەڵام خۆیان و گەلی

کوردیان تووشی کوشتو کوشتار نەکرد. بەوحاڵەش رژیمی شا لە دەستیان جاڕز ببوو. لە بیانوو دەگەڕا کە جیات زیندان، وەبەر دەستڕێژیان بدا!

ئەو ئەندام و لایەنگرانەی حیزب کە لە عێراق بوون، بەشێکیان وێڕای کوردانی باشوور چەکیان هەڵگرتبوو، رژیمی شای کە یاریدەری شۆرشی باشوور (بە رێبەری بارزانی) بوو، لەو دەرفەتە کەلکی وەرگرت بە هەموو چەشنێک دێموکراتەکانی پەنابەری، یان دەرپەڕاند، یان خستە بەر بی بەزەیانەترین رەوتی کوشتن و بڕین( رووداوەکانی ٤٧ - ٤٦ ). دواتریش حیزبی دێموکرات، ئەو رووداوانەی لێکنەدایەوە. تا لێی حاڵی بووبا دوای نەمانی رژیمی پەهلەوی، چ پێویست بە هەلگرتنی چەک بوو؟ یا وەک حیزبێکی سیاسی هەڵسووڕابا.

حیزبی دێموکرات، دوای ئەو رووداوانە( ٤٦ - ٤٧ ) چ لە باشوور چ لە رۆژهەڵات، هەر نێوی مابوو. هەڵسووڕانێک بۆ ئاگاداری لە حاڵ و هەوای ئێران و کوردستان لە ئارادا نەبوو. لە گەڕانەوە دا، جگە لە دووپاتکردنەوەی روانگەی نە گونجاوی پێشوو، چ ئاگایی و ناسیاوێک لە شۆرشی ئیران، بەرنامە بۆ هەل و مەرجی نوێی وڵات، لەئارادا نەبوو.

لە پاییزی ساڵی ١٣٥٧ لە مەهاباد، شورای کۆمەڵایەتی شار، لە مزگەوتی حاجی سەید بایز(بە پێشنوێژی و بەڕێوەبەری مەلا شێخ عیزەددین)، پێکهات. نووسەری ئەم بابەتە، بە نوێنەرایەتی پزیشکانی مەهاباد، داوای سازدانی کۆمیتەیەکی کرد کە بتوانێ خۆی تێکبنی بەسەر وڵاتدا حاکم بێ و کاتی رووخانی رژیم (کە چاوەڕوانکراو بوو) بتوانی وەک پێگەو بنکەیەکیدەسەڵاتی ناوچەیی دەگەڵ دەولەتی داهاتووی ئێران (لە تاران) پەیوەندی بگرێ. هەڵبەت پێویستە کومیتە هەر لە ئێستاوە لە فیکری پێکهێنانی دەستەیەک لە کەسان و لاوانی باوەڕپێکراو دابێ کە ئامادە بن لە کاتی وەدیارکەوتنی رووخانی رژیم، وەک چەکداری ئەمنی و دەسەڵاتی کۆمیتە، جێگری هێزی دەسەڵاتی رژیمی لادراو بن و نەیەڵن تاقمی دی وەک چەکدار وەخۆکەون و بەکەیفی خۆیان هەڵسووڕێن، بەڵام پێشنیار لە لایەن تاقمە چەپەکانەوە (کە هەڵسووڕێنەری شۆڕا بوون) وەر نەگیرا**

لە سەرەتای شۆرشی ٥٧، هۆگەلێک سەری لە حیزبەکان و خەڵک شێواند بوو: وەک خوێندنەوەی چەوتی کۆمۆنیستان لە چەمکی شۆرش (بێ ئەوی شۆرشی ئێران لێکبدەنەوە). بێ حکوومەت مانەوەی کوردستان. چەکداربوونی رێکخراوەکان و تاقمی شاراوە.

لە زستانی ساڵی ١٣٥٧ ، کاتێک دێموکراتەکانی دەرەوە گەڕانەوە، خەڵک بە گەرمی پێشوازی لێ کردن، بەڵام وەک ئاماژەی پیکرا، ئەندامی دوور لە هەل و مەرجی وڵات و نائاشنا بە شۆرشی ئێران، تەنیا بە هیوای دوکتور قاسملوو چیان لەدەست نەدەهات. بەرەی چەپی کوردیش، فرێ بە کێشەی کوردەوە نەبوو. حاڵ و هەوای سەردەمیشی نە وەک ئەو چەشنەی کە هەبوو، بەڵکوو بە خۆیندنەوەی خۆیان لە "مارکسیزم" وێنا دەکرد. دیارە لە قەیرانێکی ئەوتۆدا دوورکەوتنەوە لە دەوڵەتی دامەزراو لە سەر شۆرشی ئیران چاوەڕوان دەکرا. حەوتوویەک دوای شۆرش چەند کەسێک بە سەرۆکایەتی مامۆستا شێخ عیزەددین، بەنێو نوێنەرانی گەلی کورد، لە مەهاباد، دەگەڵ ناردراوانی دەوڵەتی کاتی دانیشتن، بەرهەمی دانیشتنەکە لیستێکی هەشت بەندی ویستەکان بوون کە دوو بەندی ٧ و ٨ بێ جێ بوون. بەندی هەشت، روانگەی تاقمێکی دژ بە پارتی کوردستانی باشوور بوو، کە چ پێوەندێکی بە خواستی گەلی کوردی ئیران (لە دەوڵەتی کاتی) نەبوو، بەڵام دەنێو لیستی خواستەکان ئاخندرابوو! بەندی حەوت، گۆرەپانی وتووێژی لە جەغزی روانگەی بەرەی چەپدا قەتیس کردبوو: بە بێ سەرۆکایەتی مامۆستا نابێ دەگەڵ دەوڵەت وتووێژ بکرێ! مامۆستاش چاوی لە دمی بەرەی چەپ بوو. دوای دەرکردنی لیستی ناوبراو، خەڵک لە مزگەوتی سوور (جامع) کۆبوونەوە، دژ بە بەندی هەشت دەنگیان دەربڕی، نووسەری ئەوبابەتەش لە سەر بی جێ بوونی دوو بەندی حەوت و هەشت قسەی کرد.

ئەگەرچی مەهاباد ئەو سەردەم وەک پێگەی کێشەی کورد لە ئیران خۆی دەنواند و پێویست بوو وەک ناوەندێکی حکوومەتی ناوچەیی بەڕێوە بچێ، بەڵام لە بەر نەبوونی حکوومەت، تاقمێک بە نێوی "گروه ضربت کارگران"! لە چەشنی بنکەیەکی حکوومەتی خۆی دامەزراند!* بۆیە هەتا دەهات، خەڵکیش هیوایان لە کزێی دەداو تارمایی گەمارۆی ئابووری و شەڕ لە ئاسۆی لێڵەوە دیاربوو، ئەوانەی چەپڵەیان بۆ حیزب و مامۆستا لێ دەدا، بەپەلە شاریان چۆل دەکرد!

٣- دۆزی شۆرشی ئێران، دانانی "مهندس بازرگان" وەک دەوڵەتی کاتی بەر لە سەرکەوتنی شۆرش، پڕ بەو مەتەڵەی کوردی بوو: "دەوڵەت پیر دەبێ، بەڵام نامرێ!" بەو چەشنە بەر لە سەرکەوتنی شۆرش، دیار بوو دەسەڵاتی ناوەندی لە پاوانی ئایین و سانترالیزمدا، زۆر بەهێزتر لە پێشوو دادەمەزرێتەوە، لە رەوتێکی ئەوتۆدا مەودایەک بۆ پێکهاتنی دروشمی حیزبی دێموکرات – کە ویستی زۆربەی گەلی کوردیش بوو- پێک نەدەهات.

دەسەڵاتی شۆرش لە ئێران، بە پشتیوانی شەپۆلگەلی شۆرشگیرانەی زۆر بەهێزتر لە کورد، لە بەر دوو حیزبی نالێکی کورد دانەدەما، وەک لەسەرەتای شۆرشەوە دیاربوو، لە مزگەوتو بنکەکانی وڵات دژ بە ئەو کوردانەی سەروە حیزبەکان و مامۆستا بوون قسەدەکرا. مامۆستاو قاسملوو رەجم دەکران! سەرەنجام لە مانگی گەلاوێژی ٥٨ فەرمانی هێرش دەرکراو شەڕێکی زۆر بێ بەزەیانەو خوێناوی و پڕخەسارو دوور لە یاساگەلی شەڕ روویدا. بەوچەشنە چەکداربوونی حیزبەکان و بیری باوی شۆرشگێرانە، ئەوانی لە بەرانبەر هێزی دەوڵەتێک دانا کە سەدان هێندەی وان بە هێزو شۆرشی بوو.

لە ئازربایجانی رۆژئاوا لەسەرەتاوە، لە کومیتەو بنکەگەلی شۆرش بە رەواڵێکی توندووتیژتر لە حیزبە چەکدارەکانی کورد هەڵوێستیان دەگرت و دژ بە کورد چەقی بوون.

کارەساتی نەغەدە وێنەیەک لەو هەڵوێستەی ئەوان بوو. دوای فەرمانی هێرش بۆ کوردستان، بنکەو پێگەی هێزەکانی سەر وە دەوڵەت لەو پارێزگایە، دەیانکوت لە هەر مەڵبەندو قوژبنێک وەبەر پەلامارو تەقە بکەوین، مەڵبەندەکە وەک "سەنگەرو پەناگا" ئاگرباران دەکەین و لای دەدەین. دیارە ئەو مەڵبەندانە کە تەقەو شەڕیان لی دەکرا، خەڵکی ئاسایی تێدا دەژیان کە بەبێ تاوان وەبەر ئاگری شەڕ دەکەوتن. بەو چەشنە، شەڕێکی دوور لە هەموو یاسایەک، لە دوو لاوە، بەسەر پتری ناوچە کوردییەکان داسەپێندرا. لە نێوەدا بیرو روانگەی باوی حیزبەکان لە شۆرش، بەری چاوی گرتبوون، ئەوان نەیاندەتوانی هەڵوێستی هێزەکانی سەر وە دەوڵەتی چەقیو لە سەر بیری شۆرش لە مەڕ شەڕ ببینن و ببیسن کە کارەساتی قاڕنێ و... دواتر شاری مەهابادو... لێ کەوتەوە.

ڕەوتی چەوتی دەسەڵاتی پەهلەوی سەبارەت بەکورد، گەلی کوردی لە سەردەمی شۆرش، هیوادارکرد تەنگانەکانیان لەسەر لابدرێ، بەڵام دوای شۆرش لە لایەن دەسەڵاتی تازەوە چ هەنگاوێک بۆ لابردنی تەنگانەکان لەسەر کورد نەهاتە ئاراوە، تەنانەت پەیامی ٢٦ خەزەڵوەری ١٣٥٨ رێبەری شۆرش، نەتەنیا وەلانرا، بەڵکوو هەڵوێست و کردەوەی بەشێک لە دەسەڵات و دەست و پێوەندەکانی، دژ بە گەلی کوردو مافە رەواکانی، گەلی کوردی بەرەو حیزبەکان پاڵ پێوەنا و ئێستاش هەروایە. بەڵام چاوەڕوانی خەڵک لە حیزبە کوردییەکان لەبەر متمانەیان بە لێهاتووی ئەوان نییە، بەڵکوو لە پاڵ پێوەنانی دەسەڵاتە کە نای هەوێ کوردیش لە ئێران هاوبەشی دەسەڵات و بەرهەمەکانی بێ و فەرق و جودایەتی لە ئارادا نەمێنێ.

٤- مەترسی ئاگربارانکردنی مەهاباد، دوای هێرشی هاوینی ١٣٥٨ و دامەزرانەوەی پادگان و هاتنی سوپا بۆ مەهاباد، ئەو پێگەیانەی سەر شاخەکانی دەوروبەری شار وەک مەکۆی ئاگرباران بۆ رۆژی پیویست سازدرانەوە. لەدوای شەڕی سێ مانگەو گەرانەوەی چەکدارانی کورد بۆ ناوشار، مەترسی ئاگرباران چاوەڕوان دەکرا. ئەمنی نووسەری ئەو بابەتە لە ئاخرێکانی خەزەڵوەری ١٣٥٨ بۆ بەرگری لە تەقەی ناوشارو ئاگرباران، چاوم بە سەرگورد عەبباسی فەرماندەی هێزی حیزب کەوت کە کەسایەتێکی سەرراست بوو، چاوپێکەوتنەکەم درێژە پیدا تا توانیم بیهێنمە سەر ئەو باوەرە کە باشترە هێزی حیزبەکان لە شاردا نەبن، ئەگینا لەشەڕی ناوشاردا، لە بەرانبەر یەک چەکداری هەر دوو لایەنی شەڕ، پتر لە سەد کەس لە خەڵکی ئاسایی ناو شار دەکوژرێ و گەلێک ماڵ و جێگا وێران دەبن. دیارە ئەگەر حیزبەکان بەرژەوەندی خەڵکیان دەوێ پێویستە شار چۆل کەن.

لە هاوینی ١٣٥٩ بە دوای داواکاری پارێزگار(استاندار) لە ورمی وە وێڕای بەشێکی زۆر لەم دانیشتوانەی کە لە شار مابوونەوە، هەوڵدرا، بۆ دامەزراندنەوەی دەسەڵات بە هاوبەشی خەڵکی شار، بۆ پێکهێنانی هێزی ئەمنی(ئینتزامات) ناوخۆ گشت چەکدار(چ ئی حیزبەکان، چ سەربەخۆ) شار چۆل بکەن، بە دوای بەڵێنی پارێزگار لە ورمێ بۆ ئەو چەمکە، دەکرا بەبێ کوشتار و ئاگرباران چەشنێک رێککەوتن و ئاشتی لە نیوان دەسەڵات و خەڵک پێک بێ کە قەت بە کوشتار و توندوو تیژی پێکنایا!

بەڵام ئەو رەوتە لەبەر چەند هۆیان نەگونجا:

١- گشت بەرەی شۆرشخوازی چەپی کورد دژ بەو رەوتە بوون و نەیاندەویست شار چۆل کەن. ئەوان بۆیان گرینگ نەبوو چ بەسەر شار و دانیشتوانی دێ. دروشمی بەشێک لە لاوەکان هەر بە فارسی دەکوترا ئەوەبوو: جنگ جنگ تا پیروزی!! حیزبی دێموکراتیش تەنیا چەکدار لە شار نەبوو کە بلوێ لەگەڵ کەسایەتی وەک سەرگورد عەبباسی وتووێژ بکرێ، جگە لە چەپەکان، چەکداری نەناسراویش هەبوون!

٢- بەشێک لە ئەو هێزانەی سەر وە دەسەڵات، کە پتر لە پاریزگای خۆمان ( ئازربایجانی رۆژئاوا ) بوون، نەیاندەویست و نایانەوێ کوردیش وەک خۆیان هاوبەشی دەسەڵات بی، ئەوان داواکارییەکانی خەڵکی شاریان بەدڵ نەبوو.

بە کوژرانی سەرگورد عەبباسی، ریسەکان بوونەوە خوری! عەبباسی وێڕای چەند هاوکاری، لە یەکەمی مانگی خەرمانان، کەمتر لە سێ کات دوای قامک پێوەنانی بۆ بەڵێنی بە خواستی خەڵک، بە شێوەیەکی تەواو گوماناوی تیرور کرا. دیار بوو عەبباسی ئەفسەری نیزامی بوو، بەڵام روانگەی پۆلیسی و مودیریەتی نەبوو، نەیتوانی گیانی خۆی و هاواڵەکانی لە نێو مەکۆی خۆیدا بپارێزێ: ئەمنی نووسەر، دوو کات بەر لە کوژرانی چوومە لای، لەسەر پێگەردی پلەکان، ئەمن گەڕان(نەکا چەک و جەقۆم پێ بێ!)، بۆ ئەوکارە دەستخۆشیم لێ کردن، بەڵام هەر ئەوانەی ئەمن گەڕان، مۆڵەتیان بە بکوژی فەرماندەکەیان دا تا بە دەستی پڕ لە چەک، بتوانن لە ناخافڵ لە فەرماندە وهاوکارانی وەژوورکەوێ! ئەو لاوازییە، دواتریش بە شێوەگەلی جۆراوجۆر لە نێو سەرۆکانی حیزب کارەساتی لێکەوتەوە.

چەند رۆژ دوای کوژرانی عەبباسی، شارەوانی داخرا. ئەوەش بەو مانایە بوو کە داوای پاسەوانی هەڵبژێردراو لە خەلکی شار مەکەن! (لەورمی دەگەڵ پارێزگار- فەرماندەکانیش لەلای بوون- لە سەر پاسەوان وەک مەئمووری ئینتزامی ناوخۆ قسەکرابوو)، بەڵام ئێمە بە لابردنی شارەوانیش کە چەشنێک نکوولی کاربەدەستان (لە ورمی) لە هاوبرشی خەڵکی شار لە دەسەڵاتی ناوخۆیاندا بوو، دانەمرکاین! لە ١٣ مانگی خەرمانان، شۆرایەکمان لە نوێنەرانی هەڵبژێردراو لە مزگەوتەکانی مەهاباد پێکەوەنا کە نووسەر یەکێک لە بەرێوەبەرانی شۆرا بوو، بەڵام دیسانیش کارێک نەکرا، لە ٢٣ خەرمانان بانکی میللی بە هاودەستی حیزب دوای گەیشتنی پووڵ بەتاڵ کرا! بەو هۆیە، چەند پاسدار هاتنە دەورو بەری بانکی میللی. لە کاتێکدا شار پڕ بوو لە چەکدار! ئەوانە بەشێکن لە رووداوەکان، بەڵام کرۆنۆلۆژی رووداوەکان، پیمان دەڵێن: هەموویان لە ناخافڵ و لە پڕڕ روویان نەدا! زۆرتریان داڕێژراو بوون. بەو چەشنە گشت چەکدار (دەوڵەتی، رێکخراوەیی و شاراوە)، هاوبەشی کارەساتی شاری مەهاباد بوون.

ڕۆژی ٢٧ کاتێک لە ئیدارەی تەندروستی بووم تەقە دەستی پێکرد، چەند وەتاغ ئەولاتر لە جیی من، وەبەر گوللەی تۆپ درا! ئاگربارانی شار لە ٢٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٩ هەتا ٧ی ڕەزبەر بەردەوام بوو، لە ئاکامدا بروا ناکەم چەکداری چ لایەک کوژرابێ! بەڵام پتر لە ٥٧٠ کەس خەڵکی ئاسایی کورد کوژران سێ هێندەش بریندار بوون، کوژراوو بریندارەکان، ژن و منداڵ و مرۆڤی بێ چەک بوون.

٥- دوای ئاگرباران، سوپاو ئەرتەش هاتنە ناو شار، لە کۆبوونەوەی شۆرا، لە ئەندامانی شۆرام ویست هەرکەسە لە دەوروبەری مزگەوتی خۆی، نێوونیشانی کوژراوەکان و ڕۆژ و چەشنی کوژرانیان بنووسێ و بی هێنێ. لە کۆبوونەوەی دوایە، زۆربەیان نەهاتن، ئەوانەی هاتیشن لە ئاست پرسیار بێ دەنگ دەمان، دواتر کوتیان لی یان وەرگرتین! کوتیان نابێ ئەو کارەی بکەن! بەڵام پرسیار ئەوەیە: ئەدی بۆ حیزبە کوردییەکان هەوڵێکیان بۆ کۆکردنەوەی ناوونیشانی کوژراوەکان نەدا؟ بۆ لایان وابوو تەنیا چەک هەڵگرتن خەباتە!؟

لە ڕوانگەی شۆرشگێڕی کورد کە وەک دروشمی هەموو یان هیچ، خۆدەنوێنی، چالاکی سیاسی بە ڕەوتی شارستانیانە مانای نییە. لەم ڕوانگەیەدا کاتێک ڕەوتی جووڵانەوە شۆرشگێرانە نەبێ، هەر چەشنە هەوڵێک بۆ کەمکردنەوەی تەنگو چەڵەمەکانی کۆمەڵگا سازشکارانەیەو دەبێ ڕەجم بکرێ! بەڵام کاتێک بزووتنەوە شۆرشگێرانەو ڕەمەکی بێ، ڕەوتی چالاکی لەسەر دونۆی ویستەکان دەچەقێ. ئەو ڕەوتەش فرێ بە کاری هەڵسەنگێندراوی سیاسییەوە نییە. کاتێک چەک لە ئارادا نەبێ، شۆرشگێرەکان و لایەنگرانیان، لە هەر چەشنە چالاکییەک لە ناو خۆی وڵات (بۆ بەرزکردنەوەی بەرژەوەندی کۆمەڵگا) خۆ دەدزنەوە. بیری شۆرشگێرانە، حیزبەکانی لە واقع بینی دوور خستبۆوە. لەو نێوەدا جگە لە کوشتارو خەساری بە لێشاو، سەدان خوێندەوار و خوێندکاری "هەڵکەوتوو"ی گەلی کوردو گەلێک لاوی بی تاوان کران بە قوربانی بیری کۆمۆنیستی و شۆرشگێری ڕەمەکی.

لە درێژەی وتار ئاماژە بەوە دەکەم لە ١٩٩٣ کاتێک لە ئەڵمان بووم، بیستم بەرێز هوشیار زێباری لە ئەمریکا گەڕاوەتەوە لە مەر ناوبژی و شەڕی ناوخۆ قسە دەکا. وەک میوان هاوبشیم کرد، لە زێباری-م پرسێ بۆ لە هەریم حکوومەتێک دانامەزرینن کە هیزی چەکدار تایبەت بە حکوومەت بێ نەک حیزبەکان؟ وەڵامەکەی ئەوکات ئەوەی گەیاند کە چەلێ ناگونجێ. دیارە ئەوڕۆ حکوومەتی هەریم لە زۆر لایانەوە جێی سەربەرزی گەلی کوردە، بەڵام دیسانیش هەر خۆی کوردە کە دەبێ خەدەو چاندی خۆی بەرزتر کاتەوەو بەرەو دێموکراسی بروا.

با ئەوەش بکوترێ، ڕێکخراوەکانی باشوور لە سەرەتاوە دەگەڵ حکوومەتی بەغدا شەڕیان بوو، لە کاتێکدا ئی ڕۆژهەڵات، دوای نەمانی ڕژیمی شا، خۆ دەگەڵ ڕژیمی تازە شەڕیان نەبوو، چ پێویست بە چەک هەڵگرتن بوو؟ دەبوو چەک لەدەست کومیتە یان حکوومەتی ناوچەیی دابا. ئەو قسانەی منیش لەو ڕوانگەوەن کە بتوانین نەخۆشێکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆمان چارەسەرکەین...

٢٠ی دیسامبری ٢٠١١

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان ئەمڕۆ و دوێنێدا [ بەشی سێهەم و کۆتایی ]

### وتووێژ لەگەڵ بەرێز د.عەبدوڵڵا ئەبریشەمی

د.عەبدوڵڵا ئەبریشەمی: هەر چەشنە ڕێفۆرمێک لە نێو سیستم دا کە بتوانێ هاوبەشی کورد لە "دەسەڵات و دەسکەوتە گشتییەکان" پتر بکا، مەودای فەرق و جودایەتی کەمتر دەکاتەوە و بە قازانجی گەلی کوردە.

پرسیار : بە گشتی شەڕ لە کوردستان چ ئاسەوارێکی لە دوای خۆی بەجێ هێشت؟

وەڵام : جگە لە ویشکبوونی بەستێنی هەر چەشنە چالاکییەکی شارستانیانە، ئاسەواری هاوکات و دوایی شەڕەکان بەگشتی بەو چەشنە بوون: کوشت و کوشتار، خەسارێکی لە ڕادە بەدەر، ئاوارە بوونی دەیان هەزار چالاکی سەردەم و ماڵ و منداڵ بە سەرتاسەری جیهاندا، کوردو کوردستان پتر لە هەر کاتێک، کەوتنە تەنگانەو ژێر چاوەدێری ئەمنییەتی دەسەڵات، لە گشت وڵات و بۆ هەرکارێک، کورد کەوتە بەر کۆسپ و لاری و فەرق و جودایەتی! بەڵام لە سەردەمی شەڕەکان، باری هەراو هوریای ڕۆژئاواو دوژمنانی ڕژیمی نوێی ئیران، نەخوازراو بە کۆڵی گەلی کورد دادرا!

زۆرکەس، تەنانەت ژن و منداڵ، پیروپاتاڵ، نان هێنەرو بێ تاوان، یان لە نەکاو، یان بەئانقەست، وەبەر تیرو دەسرێژ کەوتن، بەشێکیش دەگیران یان دەکوژران،

زۆرێک لە ئەندام و چەکداری حیزبەکان دەگەڕانەوە، وەک "تەوواب" سەرشۆڕانە یان بەفێڵ یان وەک بەکرێگیراو. سووکایەتی پاکسازی و تەعەهود ساندن لە کارمەندانی ئیدارەکان، بێکار مانەوەی هەزاران بێسەوادو خوێندەوار، ملکەچ و داماو... هەر بەپێی فیلان، بەشێک بوون لە ئاسەواری چەکداربوونی حیزبەکان، کە شەڕی بەدواوە بوو؛ چ دەگەڵ دەوڵەت چ خۆبەخۆ.

رەش ترین ئاسەواری شەڕ، کەوتنە ژێر باڵی ئەمنییەتی و فەرق و جودایەتی زۆر. دوور کەوتەوە لە پەرەگرتنی ئابوورییەکی "بنەمادار". هەنووکە، لەبەر ئابووری بێ بنەمای وڵات، بژیوی سەدان هەزارکەس بە بەرهەمی دانوستانی کەل و پەل و راگوێستنیان لە سنورەکان، دابین دەکرێ، رەوتی راگوێستن لە پرۆسەی دانو ستاندا، چ بەکۆڵبار چ بە بارگین، زۆرجار وەبەر دەستڕێژی سنووروانەکان دەکەوێ، ئەوە نیشان دەدا بژیوی سەدان هەزارکەس لە کوردستانی رۆژهەڵات، بە موویەک بەندە! لە کاتێکدا ئەوانەی نەکەوتوونە ژێر چەتری ئەمنییەتی و لەلایەن دەسەڵاتەوە وەرگیراون، داهاتی بنەماداریان هەیە، بەڵام تاقمی وەهاشیان تێدا هەڵدەکەوێ بە میلیارد کێشەوەی پووڵ و پارە دەکەن و هەڵلووشانی هەر جارەیان لە بانکەکان، پتر لە بەرهەمی سەدان ساڵ گشت دانوستانی سەر سنوورەکانی کوردستانە. دیارە ئەوان کۆلبارو بارگینیان گەرەک نییە تا وەبەر دەستڕێژی سنووروانەکان بدرێ، ئەگەر کاریان بە لێ پرسینەوەش بگا، چ باکیان نییە و بۆخۆیان و ماڵ و منداڵیان بەرەو "کەمپ" رەپاڵ نادرێن...

زۆر بەر لە سۆرش، ئێمە چەندکەسێک هەوڵمان دەدا پارێزگای (استان) موکری(یان نێوێکی تر) بە ناوەندی مەهاباد سازبدرێتەوە، بەڵام تورکەکانی ناودەسەڵات، بە تایبەت لە ورمی، بەرگریان دەکرد و دەیکەن. لە کاتێکدا لەم چل پەنجا ساڵەدا، دەیان پارێزگا لە ئیران سازدراوە، دوای شۆرشی ٥٧ ئەو هەوڵە لە ئارادا بوو، بەڵام وتەبێژی مامۆستا شێخ عیزەددین لە وەڵامی مندا کە بە نوێبەری پزیشکانی مەهاباد داوای هاوکاریم بۆ ئەو هەوڵە دەکرد، کوتی: ئەو کارانە بورۆکراتیکن، بەرنامەی مە ناگرنەوە! کوتمان پارێزگاری لە مەدرەسەی کشت و کاڵ و ئاژەڵداری مەهاباد لە بناری میاندواو بکرێ، ئەویش وێڕای گۆرەپانی دەشتی حاجی حەسەن خرایە سەر میاندواو! (بەڵام مەرەکان لەپێشدا لە لایەن سەرکردەکوردەکان راگوێزران و بە پەتە، دەدران بە هاواڵان و خواردران!)کەسیش مرتەقی لێ نەهات! چەندساڵ دواتر بەدوای درێژە پێدان بەم ویستە، دەسەڵات ئاورێ لێ نەداینەوە. بەڵام لەرووی پڵان، تا بەردەرەشان خرایە سەر میاندواو! لای باکووریش هەر وای بەسەرهات! ئەوانە تۆسقاڵێک لە ئاسەواری شەر لە ناوچەی موکریانن. بە ئی ناوچەکانی تر نازانم، ئەوە کاری رێکخراوەکانە لە جیات بەشێک لە هێزی چەکدار، "هێزی لێکۆلەرو کاغەزو قەڵەم بەدەستیان" وەرێ خستەبا، لیستی ئاسەوارو خەسارەکانیان تۆمار کردبا.

تەنگانەکانی گەلی کوردیان لە گۆرەپانی ئەزموون و لێکۆڵینەوە ناسیبا...

بەڵام ئەگەر بۆخۆشمان و رێکخراوە سیاسێکانمان لە مەودای سیاسەت و راگرتنی بەرژەوەندی کۆمەڵگا بەدوورین، مەتەڵۆکەکانمان ئاخنداو لەم بیرانەو مێژووی پڕ لە کارەساتی کوردن:

گاڕان بە خرەوە رۆیی، لە مانگا بەڵەک مەپرسە! بزن خۆی دەکولانەی مەڕ ئاخنی و دەری پەڕاند، مەڕی هەڵوەدای شاخ، کوتی: خوریلەی خۆم خۆشبێ، کولانەم بۆ چییە!

**پرسیار** : ووڵاتی ئێران و کوردستان بەتایبەتی بەدوای شۆڕشی ٥٧ و دەیەی شەست، بە سەختتریتین بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا تێپەڕی پاش ئەو فەزایە، رەوتی رێفۆرم کە بە ٢ی جۆزەردان ناوبانگی دەرکرد سەری هەڵدا، بەستێنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەرهەڵدانی رەوتی رێفۆرم لە ئێراندا بوارێکی بۆ مشارکەتی سیاسی کورد لە ئاستی پارلماندا هێنایە گۆڕێ، جەنابتان ئەم فەزایە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**وەڵام** : لە ٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٧٦ کاندیدایەک لە ئێران بۆ سەرۆککۆمار دەنگی هێنایەوە، کە بڕوای وابوو هەرکەس "توانایی چارەیخۆنووسی هەیە". ئەوەش بۆ خەڵک جێی هیوا بوو. بەڵام سەرکۆمار لە ئیران، ئەگەر لە بازنەی دەسەڵات دانەبێ، کارێکی ئەوتۆی لەدەست نایا. دوای ٢ی جۆزەردان، لە لایەک خەڵک وەخۆ کەوتن، لە بیری ئەو سەرۆککۆمارە لە مەودای چارەیخۆنووسدا کەلک وەربگرن، لەلای تر بازنەی دەسەلات دەستی بە قایمکردنی مەودای دەسەڵاتی خۆی کردو دەرفەتی چالاکی لایەنگرانی ٢ی جۆزەردانی، تەواو تەسککردەوە. بەوحاڵەش سەرکۆماری 2ی جۆزەردان، جارێکی تر دەنگی هێناوە، بەڵام دوای دوو دەورە کوتی پۆستی سەر کۆمار لە ئیران، "تەداروکات چییە". (بەڵام بۆ ئەوکەسەی لە بازنەی دەسەڵتدا نەبێ!)

وەک ئاماژەی پێکرا سەدەی بیست نیشانی دا ئەو دەسەڵات و دەستوورەی لە شۆرشی وڵاتێک دەکەونەوە، خەڵک ناتوانن بە ویستی سەردەم بیانگۆڕن. چونکوو لێکدانەوەی دەستووری بەرهەمی شۆرش، لە جەغزی دەسەڵاتێکی تایبەت دایە. لە رەوتێکی ئەوتۆدا رێفۆرمخواز دەیەوێ توانایی گۆرانکاری بە رەوتی یاسایی وەدەست بێنی تابتوانێ هاوکات دەگەڵ گۆڕانی هەل و مەرج، ببزوێتەوەو باشاری تەنگانەکانی کۆمەڵگا بکا تا خەڵک و دەوڵەت پێویستیان بە پێکهەڵپرژان نەبێ. گۆرباچۆفیش هەر دەیەویست وابکا، بەڵام سیستمی دامەزراو لەسەر شۆرشی ئۆکتۆبر، تێکرووخا. بازنەی دەسەڵات لە ئێران، بەری ئەو رەوتەی گرت.

بەکورتی بەرهەمی شۆرشەکانی سەدەی بیست، ئەو دەستوورو دانراوانە بوون کە بەشی بنەرەتی دەسەڵات بە چەشنێک بەڕیوە دەچوو کە خەڵک توانایی لێکۆلینەوە لە

ڕەوتی کارو بابەتەکانیان نەبوو. ئەوەش ببوو بە هۆی نارازی بوونی بەشیکی بەرچاو لە خەڵکی وڵات لە دەسکەوتی شۆرشەکانی سەدەی رابردوو.

پرسیار : ئەگەر لە چەند خاڵدا دەسنیشان بکەین، جیاوازییەکانی پرسی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد و ریفۆرمخوازی دەوڵەتی و بزووتنەوەی سەوز کە لەم دواییانەدا سەری هەڵدا، لە چیدان؟

وەڵام : باشترە ئاماژە بەو راستییە بکرێ کە تەواوی ئەو خەڵکەی بەڵێنییان بە ڕێفۆرمخوازەکان داو بزووتنەوەی سەوزیان وەرێخست، لە جەغزی بیری رێبەرانی ئەو چالاکییەدا نەبوون. لە لایەکی تر لە ئێران، کورد وەک فارس و تورک، لە دەسەڵاتی سیستم دانییە، دیارە ڕێفۆرمخوازی دەوڵەتیش تواناییەکی ئەوتۆی نابێ کوردیش هاوبەشی دەسەڵات بکاو فەرق و جودایەتی لابەرێ. بەڵام هەر چەشنە ڕێفۆرمێک لە نێو سیستم دا کە بتوانێ هاوبەشی کورد لە "دەسەڵات و دەسکەوتە گشتییەکان" پتر بکا، مەودای فەرق و جودایەتی کەمتر دەکاتەوەو بە قازانجی گەلی کوردە.

پرسیار : پرسی نێوان دەوڵەت و سیستمە سیاسییەکانی کورد (حیزبەکان) چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

وەڵام : دیارە دوو شۆرشگێر لە وڵاتێکدا سەرناکەن! وەک دوو حیزبی شۆرشگێری کورد لە کوردستان بەیەکەوە هەڵیان نەکرد و پێکهەڵپرژان! جیاوازی بیر و بروا، بنەمای پرسی نێوان دەوڵەت و حیزبە کوردییەکانە. ئەوەی شایانی باسە، بروا، ئایین و ئیدیۆلۆژی - وەک دەستووری چالاکی- بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی دەکرێنە دروشمی بزووتنەوە. باوەڕ و بروای ئیدیۆلۆژیک بە گشتی، تا گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی بەرچاون. دواتر، تەنیا ڕاگرتنی دەسەڵات مەبەستە. ئیدیۆلۆژی بە گشتی وەک هۆکارێک بۆ درێژەدان بە پاوانی دەسەڵاتی سیاسی بەکار دەبرێ. لەم وڵاتانەی دەسەڵات لەسەر بڕواو ئیدیۆلۆژی چەقاون، ئەگەر حیزب هەبێ سەر وەدەوڵەتە، ئەگینا حیزب ڕەقیبی دەسەڵات و دەوڵەتە. بە واتایەکی تر، لەم وڵاتانە، حیزب و دەوڵەت وەک دوو ڕەقیب دژ بەیکن، لە ئیدیۆلۆژی لێک جیا کەلک وەردەگرن، حیزب دەیەوێ بە دەسەڵات بگا یان بەشێک لە دەسەڵات وەربگرێ، دەوڵەتیش دەیەوێ دەسەڵات بە پتوونی لە دەست خۆی دابێ. لە ئێران حیزبە کوردییەکان دەیانەوێ خاوەنی بەشێک لە دەسەڵاتی ناوخۆو ئیران بن، بەڵام دەسەڵات کاتێک لە ئی لای خۆی ئاوڕ ناداتەوە، چۆن ئاوڕ لەحیزبە کوردێکان دەداتەوە؟ وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، سیستمی دەسەڵاتی ناوەندی بە پێی ئیدیۆلۆژی، لە جەغزی سانترالیزم و دەستووری ئاینیی تایبەت دایە. سیستمی داواکارێکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردیش (لە زمان حیزبەکانەوە)، لە دەرەوەی ئەو جەغزەیە. ئەوەش پرسی نێوان دوو ڕەوتی جیاوازی ئیدیۆلۆژی لە ئاست وەدەست هینانی دەسەڵاتی سیاسی دایە. کاتێک دەسەڵاتی سیاسی بکەوێتە نێو قالبی ئیدیۆلۆژی، وەک ئەویە ئاو لە قالبێکدا بکرێتە سەهۆڵ! بەڵام دەسەڵاتی سیاسی دامەزراو لەسەر دێموکراسی گشت لایەنە، هەر وەک ئاو دەمێنێتەوە، بە پێچەوانەی سەهۆڵ، دەکرێ لە هەر قالبێک بکرێ و خەڵک کەلکی لێ وەربگرن.

پرسیار : ڕووناکبیر و ڕەوتی ڕووناکبیری لە کوردستاندا چۆن پێناسە دەکەن؟

وەڵام : ڕووناکبیر بە مانای گشتی ئەو کەسەیە بیروباوەڕی خۆی لە جەغزی داسەپاوی ناو کۆمەڵگا قەتیس نەکردبێ. بەو پێوانەیە، ڕووناکبیری کورد ئەو کەسەیە دەتوانێ بە سەربەستی بیر بکاتەوە، کێشەو تەنگانەی کورد لێکبداتەوە. دیارە ئەو چەمکە پیویستی بە ئاگایی و توانایی دەربڕینی بیرو ڕوانگە هەیە تا ڕەوت دیاری بکا. بەڵام ئێستاش لە کوردەواریدا نەتەنیا هەست، بەڵکوو باوەڕی قەتیسکراو لە چوارچیوەی داسەپاو بەرگری لە پەرەساندنی ڕەوتی پیویستی ڕووناکبیری کورد دەکا.

پرسیار : ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قەیرانە یەک لەدوای یەکەکانی هەمیشە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ شوێندانەری هەبووە لەسەر کێشەی کورد و بەتایبەتی کوردستانی ئێران، بەهاری عەرەبی و ڕووخانی دیکتاتۆرەکان چ کاریگەرییەکی لەسەر کورد لە کوردستانی ئێران هەیە؟ ئایا کۆپی وەها بزووتنەوەیەک لە کوردستانی ئێراندا مەحاڵ دەبێت؟

وەڵام : لە دنیای ئەورۆدا خەڵک لە ماڵە خۆیانەوە قەیران و ڕووداوەکانی جیهان دەبینن و دەبیسن، دیارە قەیرانەکان لەسەر بیرو بۆچوون و کردەوەیان شوێن دادەنێن، بە تایبەت لەسەر گەلی کورد لە ئێران کە لە فیکری ڕزگاری لە تەنگانەی دەرەکی و ناوەکی دان. بەڵام وەک چەندجار ئاماژەی پێکرا، کورد لە دەرەوەی جەغزی دەسەڵاتی گشتی ئێران دایە، بۆیە ئەو پرسیارە، چەمک و دۆزی کورد ناگریتەوە. ئەو جەماوەرەی بەهاری عەرەبیان (بۆ لابردنی دیکتاتۆرەکان) وەڕێ خستووە، لە ناو جەغزی دەسەڵاتی وڵاتی خۆیاندان. موبارک، قەززافی و...ش هەر لەو جەماوەرەن کە ڕاساون.

بەڵام پرسیار ئەوەیە لە ئێران، ئەو لایەنانەی ئەو توانابییەیان هەیە رەوتی دەسەڵات (حاکمییەت) بگۆڕن، تا چ رادەیەک لەسەر دان پیانان بە تەنگانەو کێشەی مافی گەلی کوردن؟

رێکخراوەو رووناکبیرانی کورد تاچ رادەیەک توانیویانە کێشەی ماف و تەنگانەکانی کورد بۆ خەڵکی ئێران روون بکەنەوە؟ ئەو خەلکەی سەبارەت بە خواستی گەلی کورد، روانگەیان شێوێندراوە؟

پرسیار : ئەگەر بمانەوێ لە چەند خاڵدا خەسارناسی یان پاتۆلۆژی بزووتنەوەی سیاسی بکەین، ئەو خالانە کامانەن و زۆرتر چ بەستێنیک دەگرێتەوە کە بزووتنەوەی کوردی لاواز یان بەهێز بووە؟

وەڵام : لێکدانەوەی چەمکی بزاڤ بە شێوازی دوور لە هەست و بیر و روانگەی داسەپاو، دەگونجێ. رەوتی پێویستی خەسارناسی بزووتنەوەی سیاسی لەبەرچاو گرتنی توانایی هەر دوو لایەنی دەرگیرە. هەر بزووتنەوەیەکی سیاسیش، خەسار و بەختکردنی گەرەکە، بەڵام پرسیار ئەوەیە: نرخی خەسار و بەختکردن، تا چ رادەیەک پێویستەو چۆن هەڵدەسەنگێندرێ؟ وەک کوترا، رەوتی شۆرش بروای بە هەڵسەنگاندنی بیرو کردەوەی خۆی نییە، بۆ کوردیش هەر وایە. چالاکی شارستانیانەی سیاسی وەک دیپلۆماسی، دوور لە توندوو تیژی وهەڵسەنگێندراون، رەمەکی نین.

دیارە بەختکردن لە بواری سیاسیشدا بۆ ئامانجە. بەڵام ئەو بەستێنەی لاوازی و بەهێزی بزووتنەوەی کورد دەستنیشان دەکا، بە روانگەی شۆرشگێری لێک نادرێتەوە و هەڵناسەنگێنرێ. چونکوو رەوتی شۆرشگێڕی بەتایبەت لە ناو کوردی رۆژهەڵات لە مەودای "هەموو یان هیچ" دایە، لە رەوتێکی ئەوتۆدا باسێک لە خەسارناسی لە ئارادا نییە. کاتێک چەک هەبوو، بزووتنەوە هەیەو گشت ویستەکان دێنەگۆڕێ. ئەوش تا ئێستا هەر خەساری لێکەوتۆتەوە. بەڵام کاتێک مەودای بزووتنەوەی شۆرشگێرانە لە ئارادا نەبوو، چ چالاکییەکیش نییە، هیچ داوایەکیش نییە، هەموو مرتەقیان لێبراوە. نەبوونی چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، خۆی خەسارێکی گەورەیە.

بۆهەڵسەنگاندنی ئەو بیرو بۆچوونە، بڕوانینە چەمکی حکوومەتی کوردستان(٤٦- ١٩٤٥): چ لە کاتی دامەزراندنی حکوومەت، چ لە کاتی تێکدان و تێکچوون، رەوتی کردەوەی رەمەکی لە ئارادا نەبوو، بەڵکوو هەڵسەنگێندراو بوو. دروستە کەسایەتی وەک پێشەوا خۆی فیدای بەرگری لە خەساری گەلی کورد بەتایبەت شاری مەهاباد کرد، بەڵام کورد بە دنیای نیشاندا دەتوانێ لە دەوروبەری خۆی شارستانیانەتر ببزوێتەوە.

رژیمی شا لە بەرامبەر رەوتی شارستانیانەی(مەدەنی) کۆکردنەوەی حکوومەتی کوردستان، بیانوویەکی ئەوتۆی بۆ پەلاماری زۆر پڕ لە خەسار بە کوردستان نەبوو، تەنانەت موڵک و ماڵی پێشەواو بنەماڵەی و هاوکارانی لە دەستدرێژی رژیم بە دوور مایەوە. لە کاتێکدا لە بزووتنەوەی دوای شۆرشی ١٣٥٧، هەزاران کەس بی تاوان کوژران، موڵک و ماڵیان لەدەستدا و ...

حیزبی دێموکراتی دوای کۆمار، تا ماوەی نزیک بە بیست ساڵ، هەر حیزبێکی شارستانیانەو ئاسایی (نەشۆرشگێرانە) دەناسرا. لەو ماوەیەدا چەند جار کەوتە بەر پەلاماری رژیمی پەهلەوی، بەسەدان کەس لە ئەندامان و لایەنگرانی گیران و بەدرێژایی تەمەنیان زیندانی کران. وەک ئاگادارم، کەس لەو زیندانیانە نە کوژراو موڵک و ماڵی وان داگیرنەکرا.

بەڵام رژیمی پەهلەوی کە لە چالاکی شارستانیانەی مافخوازی کورد جارز ببوو، کاتێک ئەو ئەندامانەی حیزبی دێموکرات، لە کوردستانی باشور بوون و تێکەڵاو بە شۆرشی ئەیلول بوون و بەشێکیان چەکیان هەڵگرت. رژیمی شای دەرفەتەکەی قۆستەوەو بە درندانەترین چەشن دەگەل حیزب و لایەنگرانی چەکداری رووبەڕو بوویەوە(٤٧-٤٦). شا لە مارسی ١٩٧٥ (رەشەمەی ١٣٥٣)، دەگەڵ سەددام بە ناوبژی بۆمێدیەن لە ئەلجەزایر دەستبەیەک بوو، بەڵایەکی زۆر خراپتری بە سەر شۆرشی ئەیلول و کوردی باشور هێنا. بەڵام سەیر ئەوەبوو شاو سەددام هەرکامە بە چەشنێک لەناوچوون! بۆمێدیەنیش بەچەشنێکی گوماناوی سەری تێداچوو، ئەرێ بڵێی ئەوانە خوداگیری کورد نەبووبن!؟

لە هەڵسەنگاندنی خەساری بزووتنەوەی چەکدارانەی داسەپاوی ٧- ٤٦ و دوای ئینقلابی ١٣٥٧، دەگەڵ چالاکێکانی ٢٥ -١٣٢١ و ٤٥ - ١٣٢٧بۆمان دەردەکەوێ کام بەستێن بۆ بزووتنەوەی کورد بەهێزو کامیان لاوازو پڕخەسار بووە.

لە پێوەندی ئەو باسەدا ئاماژە بە رووداوێک دەکەم و کۆتایی بە قسان دێنم:

پاییزی ساڵی ١٣٨٠ لە دانیشتنێکی زانکۆی تاران(کە لە لایەن خوێندکارانی بە نێو قەومییەکان ساز درابوو)، لەپڕ لە لایەن خوێندکارانی کورد، بانگکرام! ئەوان گوتیان لە دوکتور رەمەزانزادە مان ویستبوو وەک قسەکەری کوردان بیتە ناو دانیشتنەکە( ئەوکات رەمەزانزادە، وتەبیژی سەرکۆماری ٢ی جۆزەردان بوو). بەڵام نزیک بە دەسپێکی دانیشتن، پەیامی ناردبوو کە ناتوانم بێم! بۆیە لەو دەرەنگییەدا بە لێ بووردنەوە داوایان لە من کرد کە خۆبگەیەنمە دانیشتنەکە. هەستام و چووم، دانێشتنەکە لە لایەن مامۆستایەکی کۆمەڵناسی زانکۆی تاران بەڕێوەدەچوو کە تەمەنیشی زۆر نەبوو، ئەو لە بەرامبەر قسەو داواکاری خوێندکارە کوردەکان بە توندی کوتی: باشترە

ئێوە تفەنگ هەڵبگرن و ئێمەش بێینە جەنگتان!!

ئەو بیرەی مامۆستای کۆمەڵناس! لە کام بەستێن هەڵقوڵی بوو؟

پرسیار : وەک پرسیاری کۆتایی، کاری ڕووناکبیری کورد لەم دۆخەدا چیە؟

وەڵام : وەک مامۆستای کۆمەڵناسی زانکۆی تاران کوتی: کاری ڕووناکبیری کورد چەک هەڵگرتنە! بەڵام بە پێچەوانەی مامۆستای ناسیۆنالیستی ئێرانی، نەک چەکی جەنگ و مرۆڤکوژی، بەڵکوو چەکی مرۆڤ دۆستی! بەرگری لە مافی مرۆڤ، وتووێژو ڕاگەیاندن، چەکی بیرو زمان و قەڵەم و دیپلۆماسی بۆ لێک تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی خۆی کوردو هاووڵاتیانی ئیرانی، لە خواستە شێوێندراوەکانی گەلی کورد، کە لە لایەن خوازیارانی "سانترالیزم" و پاوانخوازی سیستمی حکوومەت و مودیریت، ئیشتاش هەر دەشێوێندرێ!

کاتێک ئێرانیگەل لێک حاڵی بن، هەموویان دەتوانن لە چوارچێوەی سنورەکانی ئیراندا بەخۆشەویستی بەیەکەوە بژین.

پەراوێزەکان:

بۆ زۆرێک لە بابەتەکان دەکرێ چاوێک لە وێبلاگی www.abrishamiabd.blogfa.com نوشتەهای ١٣٥٣ بە بعد" بکرێ. لە بارەی کۆمۆنیزم و دەوڵەت، ناسیۆنالتزم و دەولەت و کێشەی کورد، بۆچوونەکانی نووسەر لە کتیبەکانی دا هەن.

کتێبی (نقدو بررسی ناسیونالیسم/١٩٩٤ تاران، کە لە هەریم وەرگێڕدراوەتە سەر کوردی) لەو بارەوە دواوە.

حکوومەتی کوردستان لە پاییزی ١٣٢٤/١٩٤٥ بە هەلکردنی ئاڵاو سازدانی هیزی پێشمەرگە، بەوچەشنە دامەزرانی خۆی ڕاگەیاند، بەلام لە ڕێبەندانی 1324/ 1946 حکوومەت ڕەوتی کۆماری وەخۆ گرت و ئەو سەردەم ناوی جمهوری کوردستانی لەسەر داندرا. چەند ساڵ دوای نەمانی کۆماری کوردستان، بە دەهۆ ناوی داتاشراوی جمهوری مهاباد! بەسەری داسەپێندرا.

له "نوشتەهای ١٣٥٣به بعد" درج شده در اردیبهشت ١٣٨٩، درباره شورای اجتماعی در مهاباد:

...در آن هنگام (اواخر آبان ١٣٥٧)، در مسجد حاج سیدبایزید (جنب میدان "منگوران") جمعی به نام شوراي اجتماعي شهر (مرکب از اصناف مختلف) تشکیل شده بود؛ من هم از سوي پزشکان مهاباد در آن شورا شرکت مي کردم. در یکی ازجلسات شورا خواستار تشکیل کمیتەای شدم که در هنگام سقوط رژیم آن کمیته بتواند آلترناتیو مردم منطقه بەجای عوامل حکومت باشد و به طور مستقیم با مرکز - که در آن زمان کسان دیگری در رأس حکومت خواهند بود- تعامل و تفاهم برقرار کند. هم چنین اشاره کردم چنان کمیتەای به منظور دردست گرفتن اختیارات محلی، بهتر است اقدام به آماده کردن گروهی از جوانان و افراد مشخص و داوطلب بکند تا در صورت لزوم، آنان بەسان تنها گروه مسلح در شهر، جانشین نیروهای انتظامی بشوند و در اختیار کمیته قرار بگیرند. اما این پیشنهاد مورد موافقت گردانندگان تشکل های سیاسی قرار نگرفت. جالب این است فردای آن روز که در اداره بودم، بازهم تیمسار پزشکپور تلفن کرد و گفت از استان به من گفتند شما را به سبب این پیشنهاد توقیف کنم، اما من گفتم صبر می کنیم تا کمیته تشکیل بشود دست بەکار می شویم! ولی من می دانستم که رژیم دیگر توان چنین اقداماتی را از دست داده است! هرچند گروه خبرچینانش بسیار فعال بودند و در همەجا حضور داشتند!

==================================================

کورتەیەک لە بیوگرافی و چالاکی دوکتور عەبدوڵڵە ئەبریشەمی:

لە ١٩٣٢ / ١٣١٠ لە مەهاباد / سابڵاغ، لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە مەهاباد و تاران (دبیرستان البرز) تەواو کردووە، لە ساڵی ١٣٣٥ دوکتورای دەرمانسازی لە زانکۆی تەورێز وەرگرتووە.

لە مەهاباد لە ساڵی ١٣٢٧ بۆ دامەزراندنی کلاسی چوار و پێنجی ناوەندی چالاکی کردووە، لە زانکۆی تەورێز، لە خۆپێشاندنەکانی سیاسی دژ بە ڕژیم ماوەیەک گیراوە.

لە ئاخرێکانی دەیەی ١٣٤٠ وێڕای چەند کەس هەوڵی دامەزراندنەوەی پارێزگای موکریانی بە ناوەندی مەهاباد دەستپێکرد.

لە ۱۳۵۳/ ۱۹۷۴ دەستی بە نووسینی بابەتگەلی پیوەندیدار بە کێشەی کورد کرد.
لە ۵۷ - ۱۳۵۶ بۆ دامەزراندنی زانکۆ لە مەهاباد دەستبەکار بوو، لە پاییزی ۱۳۵۷ وتار و نووسینەکانی درێژەپیدا.
لە بەهاری ۱۹۷۹ / ۱۳۵۸ بۆ دامەزراندنی زانکۆی کوردستان دەگەڵ بەرەی چەپی کورد و ئێرانی وەخۆ کەوت و بەڕێوەبەرێکەی بەدەستەوە گرت.
لە سەرەتای ۱۳۵۹ بۆ لابردنی گەمارۆی ئابووری وێرای بەشێک لە خەڵکی مەهاباد تێکۆشا، هەر بەو چەشنە بۆ بەرگری لە شەڕی ناوشار، وێڕای تاقمێک لە دانیشتوانی شار درێژەی بە چالاکی دا، لە خەرمانانی هەمان سال، لە شۆرای نوێنەرانی هەڵبژێردرا و لە مزگەوتەکانی مەهاباد، وەک سەرکردە دەستبەکار بوو.
لە۲۷ گەلاوێژی ۱۳۶۰ کاتێک سەرۆکی تەندروستی ناوچەی مەهاباد بوو، لە لایەن بەکرێگیراوێک بە قەسدی تیرۆر لە پشت سەرەوە دەستریژی لی کرا. لە ئاکامدا بەشێک لە مەودای دیتن و بیستنی لە دەستدا و لەسەر کار نەما، مەهابادی بەجێ هێشت بۆ ماوەی ۲۵ ساڵ لە تاران نیشتەجێ بوو. لە تاران درێژەی بە کاری نووسین دا، لە بزووتنەوەکانی مەدەنی هاوبەشی کرد و لە بەهاری ساڵی ۱۳۷۸ لیژنەی کوردانی تاران(جامعەکردهای مرکز)ی وێڕای چەند کەس پێک هینا و بە سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە تبت یەهەڵبژێردرا. ئەو لیژنەیەئێستاش بەردەوامە.
لە دانیشتنەکانی خوێندکارانی کوردی زانکۆ لە تاران و شارەکانی تری ئیران بۆ وتار بانگ دەکرا و نووسراوەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان و دواتر لە سایتەکاندا ئێستاش بڵاو دەکرێتەوە.
لە ساڵی ۱۳۷۰ کتیبی "مبانی فرهنگی دولت"، لە۱۳۷۳ "نقد و بررسی ناسیونالیسم" کە لە هەریم وەرگێردراوەتە سەر کوردی: نەتەوەخوازی لە ۱۳۷۸ "مسأله کرد در خاورمیانه و عبدالله اجالان" و لە ۱۳۸۵ "هویت تاریخی و مشکلات کنونی مردم کرد"ی لە تاران بە چاپ گەیاندووە بڵاو کراونەوە.
لە ۱۸ / ۱۱ / ۲۰۰۸ ( ۲۸ / ۸ / ۱۳۸۷ ) لە زانکۆی تاران(تالار فردوسی) وەک (نویسندەو پژوهشگر کرد) لە لایەن(هیئت امنای مؤسسه مطالعات فرهنگ و تمدن ایران زمین) بە سەرۆکایەتی (میرحسین موسوی، رئیس) و جێگرەکەی (دکتر بهزادیان نژاد) ڕێزی لی گیرا.

۳۱ی دیسامبری ۲۰۱۱

## رۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

### وتووێژ لەگەڵ بەرێز ئیبراهیم جەهانگیری

ئیبراهیم جەهانگیری: کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان چاویان لە حیزبەکان و نوێنەرەکانیانە. ئەوان تا ئێستا یەک هەنگاوی عەمەلیان بۆ یەکگرتن هەڵنەهێناوەتەوە، ئەو وەزعیەتە دەتوانێ لە داهاتوو دا کارەساتی لێبکەوێتەوە



پرسیار : هەل و مەرجی سیاسیی کوردستان لە بەر جوگرفیای دابەشکراوی سیاسی و ژیۆپۆلتیکی سەخت، بەردەوام لە ڕەوشێکی نالەباردا بووە. ئەم بارودۆخە بە درێژایی چەندین سەدە بەردەوام بووەو بە مێژوویەکی خوێناویدا تێپەڕیوە، بزووتنەوەی کورد بەمەبەستی دیاری کردنی مافی چارەنووس و گەیشتن بەمافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی لە ئاکامی ئەم بارودۆخەدا سەری هەڵدا. تەوەری ئەم وتووێژە، جەنگ لە کوردستانە، هۆکارەکانی سەرهەڵدانی جەنگ لە کوردستان و کاریگەریی و شوێندانەرییەکانی بەسەر کۆمەڵگای کوردستان و ژینگەی کوردستان لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەوە.هەروەها ئاوارادانەوە لە بارودۆخی سەختی کۆمەڵگای کوردستان لە سەردەمی شەڕ لە کوردستاندا: لەم دەلاقەوە وەک پرسیارێک بۆ چوونە نێو باسەکەمانەوە، بەگشتی جەنگ چ پێناسەیەک هەڵدەگرێ و ئاسەوارەکانی بەسەر کۆمەڵگاوە چین؟

ئیبراهیم جەهانگیری : پێناسەی جەنگ یان شەڕ هەر وەک بۆ هەمو لایەک ئاشکرایە بە مانای تێک چرژان و پێک هەڵپرژانی دوو لایەن یان دوو دەوڵەت یان دوو کەس

دێت. شەڕی ؛لە نێوان دەوڵەتان دا هەر لە کۆنەوە مەترسیدارترین شەڕەکان بوون و خەسارەتی سامناکی ئەو شەڕانە لەبیر کەس ناچنەوە و بوونەتە مێژووی پڕ کارەساتی مرۆڤایەتی. شەرەکانی یەکەم و دووهەمی جیهانی نموونەی ئەم شەڕانەن کە شەڕی یەکەم بە میلۆنان کەسی کردە قوربانی و شەڕی دووهەمیش کوژرانی زیاتر لە ٦٠ میلیۆن مرۆڤی لێکەوتەوە. سەرنج ڕاکێش ئەوەیە کە لە هەموو ئەو شەڕانەدا زۆربەی هەرە زۆری کوژرراوەکان قوربانیانی مەدەنی و بیدیفاع بوون. ئەگەر نزیکترین شەرەکان لە باری مێژووییەوە بێنینەوە بیری خۆمان ئەوا دەتوانین ئاماژە بە شەڕی ئەم دواییەی ئێران و عێراق بکەین کە زیاتر لە یەک میلۆن ئینسان بوونە قوربانی سیاسەتە چەوتەکانی ئێران و عێراق و هەرگیزیش هیچ کامیان بەو ئامانجانە نەگەشتن کە بەر لە شەڕەکە هەوڵیان بۆ دەدا. دیارە شەڕ هەر شەڕی فیزیکی و دەستەو یەخە نییە، بەڵکوو شەڕی تەبلیغاتی و شەڕی ئابووری و شەڕی فەرهەنگی و..... بەم دووایییانە و دەگەڵ گەشەی زانستی پێوەندییەکان شەڕی سایبێری- ش دەبێ وەک بەشێک لە شەڕی دوو لایەن و دوو دەوڵەت بێتە ناو مێژوو و پێناسەی شەڕ. جگە لە مانە شەڕەکان دابەش دەکرێن و بە پێی تاریفە کلاسیکییەکان کە تا ئێستاش هەر دەکار دەکرێن، شەڕی شۆرشگێری، شەڕی چریکی یان پارتیزانی، شەری تەبلیغاتی، شەڕی ئیمپریالیستی (تاریفی چەپەکان) و ..هتد.

لە پێوەندی دەگەڵ هەموو شەڕەکان دەبێ یەک شتمان هەمیشە لە بیر بێ ئەویش ئەمەیە کە هیچ کامیان مەنتیقیان نییە و لە هیچ کامیان دا مافی مرۆڤ پارێزراو نییە.

هەر لە پێشکەوتووترین وڵاتان و شەرەکانیان را بگرە تا ئەوی هەرە دواکەوتوویان, یەکەم و زۆرترین قوربانیەکانیان خەڵکی سڤیل و بێدیفاع و بێچەکن.

هەر بەو دەلیلە پارێزەران و داکۆکی کارانی مافی مرۆڤ بە گشتی دژی هەرچەشنە شەڕێکن. خەسارەتی هەرە گەورە لە شەڕ دا جگە لە خەساری مرۆڤی خەسارەتی پشووبڕی ئابووری و وەستانی هەر چەشنە جموجۆڵێکی مەدەنی ناحکوومییە کە ئەمەی دواییان زەبرێکی گرانە لە پەیکەرەی کۆمەڵگای مەدەنی و هەست و نەستی کۆمەڵگا بۆ بیرکردنەوە و بڕیاردان.

**پرسیار :** بارودۆخی دەیەی پەنجا و شەست و بگرە شەرایەتی ئەمنییەتی کوردستان، بارودۆخێکی ناسەقامگیر بوو، توندو تیژی و جەنگ لە کوردستان لەدایکبووی ئەو ساتەوەختە بوو یان پێشینەیەکی مێژوویی بوو کە کورد بەرەو رووی ببوو؟

**وەڵام :** کوردستان یان هەر شوێنێکی دیکە ئەم جیهانە کە شەرایەتی کوردستانی هەبێ، دەبێ بە شێوەیەکی تایبەت هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ. ئەو شەرایەت و هەلومەرجە دەگمەنە دەبێتە هەلو مەرجێکی تایبەتی کە لێکدانەوەی ورد و واقعبینانەی گەرەکە . لە هەر چوار پارچە دا کورد خاک و نیشتمانی داگیر کراوە، دەوڵەتان و میلەتانی حاکم بەسەر کوردستان دا نایان هەوێ ئەو نەتەوەیە لە ژێر فەرمان و دەسەڵاتی ئەوان بێتە دەر، ناشیان هەوێ وشیاری روو دەو میلەتە بکات. یەکەم، داگیرکەران گەلی کوردیان وەک بازارچەیەک دەوێت و وای سەیر دەکەن. ئەوان تەنیا بۆ ورد کردنەوەی کاڵا بازرگانییەکانیان ئێمەیان دەوێ. لە هیچ کام لەو پارچانە دا هیچ کام لە دەوڵەتانی حاکم ئیمکانی ئەوەیان بۆ کورد نەرەخساندووە کە دام و دەزگای ئابووری دابمەزرێنی کە بەگشتی پێیدەکوترێ ئامرازی بەرهەم هێنان. هیچ کارخانە و فابریکایەک لە کوردستان دا نییە کە جیگای ئومێدی خەڵک بێت و سەرمایەی میللی کوردیش لە کوردستان لە گەڕ دا نییە. ئەوان ئەو ئیمکانە تەنانەت بۆ سەرمایەدارە کوردەکە پێک ناهێنن کە لە کوردستان دام و دامەزراوەیەک سازبکەن، تا هەم بەرو بوومی خۆماڵێ بەرهەم بێت و هەم کرێکاری کورد پێویستی بە چوون بۆ تاران و ئانکارا و ئیستامبول و بەغدا و دیمەشق نەبێت. ئەو مەسەلە ئابوورییە یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی داگیرکاری و مل نەدان بە ئازادی گەلی کوردستانە لە لایەن داگیرکەرانەوە. جیا لەوەی کە کوردستان خاکێکی پڕ پیت و بەرەکەت و پڕ ئاو و لیرەواری بژوێنەو دەتوانێ ببێتە مایەی داهاتی یەکجار باش بۆ ئابووری وڵات. دیارە کانگا نەفتییەکانیش یەک لە هەرە بنەما ئابوورییەکانی کوردستانن کە داگیرکەر وا بە هاسانی وازی لێناهێنێ.

ئەمە وەک باسێکی کورت و ئاماژەیەکی گشتی بە کیشەی کورد و داگێرکەرانی کوردستان وەک کێشەیەکی بنەمایی.

بەڵام کە باسی شەڕەکانی کورد و دەوڵەتانی حاکم بکەین دیسان هۆکاری سەرەکی ئەو شەڕانە داگیرکەرانن. ئەوان ترسی لەدەست دانی ئەو بازارەیان هەیە و هیچی تر. ئەگەر بە روونی باسی هەڵگیرسانی شەر لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بکەین ، بە درێژایی مێژوو ئەو شەڕانە لە نێوان کورد و دەسەڵاتداران دا هەر هەبووە. لە مێژووی چەند دەیەی رابردوو دا و لە دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان، کورد لە ڕۆژهەڵات بۆن و بەرامەی ئازادی هەڵمژی و بۆ ماوەیەکی کورت تامی ئازادیان چێشت. ئەگەرچی ئەو کۆمارە ساواتر لە وە بوو کە گەلی کورد پێشبینی دەکرد بەڵام شوێنی ئەو کۆمارە لە هەست و نەستی خەڵکی کوردستان لە هەر چوار پارچە دا بە رادەیەک بوو کە بە ئاشکرا هەستی پێدەکرا و جارێ و بەم زووانەش لە بیر کەس ناچێتەوە.

هەر بۆیە دوای رووخانی کۆمار و زەبرو زەنگی حکوومەتی پەهلەوی بۆ ناهومێد کردنی خەڵک سەری نەگرت. هەر دوا بەدوای تێک چوونی کۆمار خەڵکی بە چاوی خۆیان بەربەرەکانی پێشمەرگەیان دیت، ئەوان ئازایەتی و لە خۆبردوویی بارزانیەکانیان لە بەرامبەر ئەرتەشی کۆک و پۆشتەی پاشایەتی دەدیت و دەبیست و وردە وردە زەبری رووحی رووخانی کۆماریان لە بیر دەچۆوە. ئەو رەوتە نەتەوەییە نەبڕایەوە، شۆڕشگیرانی دێمۆکرات لە ٤٦ و ٤٧ دا جارێکی دیکە بەگژ زۆرداری و داگیرکاری دا هاتنەوە و بە ئیمکاناتی زۆر کەم بۆ ماوەیەک خەویان لە چاوی داگیرکەران تۆراند. تا کاتی شۆڕشی گەلانی ئێران کە جارێکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیری

نەتەوەیی تەقییەوە و وەک بۆرکانێک لە دەمێکی کەم دا سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە. ئەوە بە تەواوی ترسی خستە دڵی داگیرکەران ، بۆیە پلانی داسەپاندنی شەڕیان بەسەر کوردستان دا گەڵاڵە کرد.

**پرسیار : لە ٢٨ی گلاوێژی ١٣٥٨ ، فەتوایەکی ئایینی لە لایەن ئایەتووڵڵا خومەینیی، ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوە، دەرچوو کە بارودۆخی ناوچە کوردنشینەکانی بەرەو ئاڵۆزی و دۆخێکی سەخت هاندا، هۆکارەکانی دەرکردنی ئەو فەتایە چ بوون؟**

وەڵام : وەک لە سەرەوە دا باسم کرد هەر بە رووخانی حکوومەتی پەهلەوی و کرانەوەی فەزایەکی ئازاد بیری نەتەوەیی وەک بورکان تەقییەوە و سەرتاسەری کوردستانی لە ماوەیەکی کورت دا گرتەوە. ئەوەش ترسێکی گەورەی خستە دڵی دەسەلاتدارانی ئێران. کورد یەکەم لایەن بوو کە بە ئاشکرا دەنگی بە ریفراندۆمی شێوەی حکوومەتی داهاتوو، رێفراندۆمێک کە لە سەر بەرگەکانی دەنگدان تەنیا نوسرابوو" جمهوری اسلامی آری یا نە" ئەوە یەکەم هەڵبژاردنی نادیمۆکراتیک و دژی ئازادی دەسەڵاتدارانی نوێی ئێرانی بوو. کورد دەنگی پێ نەدا و تەحریمی کرد. ئەوە یەکەم پلەی بەربەرەکانی کورد و حکوومەت بوو. لێرەوە رێژیم رقێکی تایبەتی لە کورد هەڵگرت. لە هەمان کاتدا هەستی کرد کە کورد وەک ئەوانی دیکە وا بە هاسانی مل کەچی هەموو بڕیارێکی مەلاکان نابێ. لەدوای شەڕی پاوە و شەڕی خوێناوی سنە وردە وردە پیلان و شەڕفرۆشیەکانی حکوومەت ئاشکراتر بوون. ریژیم لەسەر بناخەی شەریعەت دامەزارا و رێبەرەکەی رێبەرێکی مەزەبی بوو، سروشتییە کە دەبێ فتوایەکی ئایینی دەربکات.
فتوایەک کە گۆیا ئەمانە بەرامبەر بە حکوومەتی ئیسلامی راوەستاون و مل کەچی حکومەتی ئیلاهی نابن! ئاخر ئەوان تا ئێستاش خۆیان بە نوێنەری حکومەتی ئیلاهی دەزانن. بەتایبەتی کاتێ لە هەردووک هەڵبژاردنی مەجلیسی شورا و خیبرەگان دا نوێنەرە کوردەکان و لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەلات دەنگیان هێناوە نیگەرانی زیاتر دایگرتن کە کوردەکان لەر پارلەمان و شوێنی دانانی قانوون و یاساش دەبن بە لەمپەر!. ئەوان نەیان دەویست کەس جگە لە خۆیان لەو مەجلیسە دا هەبێ. ریگاش تەنیا ئیعلانێ شەڕ بوو. تەنانەت د.قاسملووی نەمر لە کاتی فتوا دا وەک نوێنەری هەڵبژێراوی مەجلیسی خوبرەکان لە تەدارەکی چوون بۆ تاران دا بوو کە رێبەرایەتی ئەو کاتی حیزب دەگەڵ ئەو بڕیارەی دوکتور قاسملوو دا موخالیفەتی کرد. هەر بۆیە کاتی خومەینی هەواڵی نەهاتنی قاسملوو دەبیسێ وەک مامۆستا حەسەنزادە لە کتێبی نیو سەدە تێکۆشان دا باس دەکات دەڵێ" بریا هاتبا ئەمن دەم هەویست ئەگەر هاتبا لێرە رای بگرم".

**پرسیار : لایەنەکانی ئەو فتوایە چ بوون کە هێرشی بۆ سەر کوردستان رەوا لە قەڵەمدا؟ دوو روانگەی زاڵ بەسەر ئەم فتوایە، یەکەم روانگەی دەوڵەتی و روانگەی ئەحزابی سیاسی کورد بوو، کام یەک لەو دوانە لەو پێوەندییەدا درووست بوون؟ بۆ؟**

وەڵام : کورد و نوێنەرە سیاسییەکانی کورد وەک کۆمەڵە و دێمۆکرات، بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کرد و رێگای خەباتی پارلەمانیان هەڵبژارد. ئەوە یانی کورد باوەڕی بە خەباتی سیاسی و پارلەمانی هەبووە. بەڵام ئەوان لە تەنینەوەی زیاتری هەستی نەتەوەیی کوردان نەترەیان چووبوو. میتنگە یەک لە دوای یەکەکانی حیزبی دێمۆکرات و بەشداری دەیان هەزار کەسی لەو میتینگانە دا تۆقاندبوونی. لە مەهاباد، لە ورمێ و سنە و سەقز و باقی شارەکانی کوردستان، کۆمەڵە و دێمۆکرات بە چڕی خەریکی کار و چالاکی سیاسیی بوون. ئەوەش مەترسی بوو بۆ دەسەڵاتێک کە بیری یەکدەست کردن و تاک رەهەندی کردنی دەسەڵاتی لە میشکی دا بوو.

**پرسیار : لایەنی کوردی چ هێزگەلێک بوون؟**

وەڵام : لە کوردستان ئەوەی چالاکی بەرچاوی هەبوو حیزبی دێمۆکرات و کۆمەڵە بوون. دیارە فیدائیان خەلک و حیزبی تودەش چالاکیان هەبوو. دەفتەری مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی ش لەسەرەتا دا وەک کەسایەتیکێ بێلایەن بە تایبەتی لە مەهاباد دیار بوون.

**پرسیار : ئایا ئەم شەرە کە دەستی پێکرد و دواتر وەک شەری سێ مانگە ناوبانگی دەرکرد و تراژدیای سنەی خوێناوی بەدوای خۆی دا هێنا، بەرهەمی شکەستی وتووێژی هەیئەتی نوینەرایەتی کورد بوون؟**

وەڵام : دەکرێ وا لێکبدرێتەوە، بەڵام ئەو هەیئەتەش هەر لەسەرەتاوە دەگەڵ یەک ناکۆک بوون، لە روانگەی منەوە هەموو لایەنەکان لەو دانیشتن و دیالۆگانە دا ئەوەندەی لە بیری دەسکەوت دا بوون بۆ گەلی کورد دوو ئەوەندە دەفکری خۆ بەهیز کردن و خۆ دەرخستن بوون. کە لەسەر شتێک رێک دەکەوتن دوای رێککەوتنەکە هەر

دەس بەجێ هەر کەسەو خەریکی کاری خۆی بوو. کەس بیری لە ناوەرۆکی رێککەوتنەکە نەدەکردەوە. کۆمەڵە حیزبی بە" سازشکار" لە قەڵەم دەدا و حیزب "کۆمەڵەی بە "گێرەشێوێن" تاوانبار دەکرد. فیدائیان یش کە هەر خەریکی کاری خۆی بوو. ئەوە بوو کە هەرگیز ئەو هەیئەتە بە روحێکی نەتەوەیی دەگەڵ یەک کاریان نەکرد. دیارە ئەنجامی شکستەکان من ناهێنمە ئەستۆی ئەو هەیئەتە، چوونکە هەر لە بنەڕەتڕا رێژیمی ئیسلامی ئێستاشی دەگەڵ بێ هیچ باوەڕێکی بە مافی نەتەوەکان نییە تا لەهەوڵی چارەسەر کردنی دا بێت. بەڵام ئەو شەڕە دندووکە و شەڕی تەبلیغاتییەش لە نێوان لایەنەکان هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی نوێنەرانی دەوڵەتیش زۆر گوێ نەدەنە "هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد" و بە هێندیان نەگرن. دسیارە زۆر هۆکاری دیکەش لەو لەبار چوونەداهەبوو، پاش ماوەکانی رێژیمی پێشووو، تورکە چاوچنۆکەکان و کەسانی توند ئاژۆی تازە پیگەیشتوو کە لێرەوە لەوێ و بە شێوەیەکی رێکخراو بۆ شکستی وتووێژەکان هەوڵیان دەدا.

پرسیار : بە گشتی خواستەکانی کورد چ بوون؟

وەڵام : بە گشتی خواستەکانی کورد دابین کردنی خودموختاری بوو لە چوارچیوەی ئێران دا. لە مادەی ٣ گەڵاڵەی ٢٦ مادەیی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد دا هاتبوو" دەسەڵاتی نەتەوەی کورد بەسەر سەرزەوینی کوردستانی ئێراندابە شێوەی خودموختاری لە چوارچێوەی یەکیەتی سیاسیی، ئابووری و تەواوێەتی خاکی وڵاتی ئێراندا بە کار دەبرێ".( نیو سەدە تێکۆشان، عەبدوڵا حەسەنزادە)

پرسیار : ئەحزابی سیاسی کورد لەرووی رێکخستن و پێکهاتەی سیاسییەوە لە چ دۆخێکدا بوون؟ ئایا وەکوو داخوازیی بۆ میللەتی کورد روانگەیەکی یەکسان یان خاوەن پلاتفۆرمێک بوون؟

وەڵام : حیزبە کوردییەکان مەیدانی رێکخستنی بەرفراوان و ئازادیان بۆ رەخسا بوو، دەسەڵاتێک لە کوردستان دا نەمابوو. کورد بە کردەوە خۆی دەسەڵات بەدست بو و کارو باری خۆی رادەپەڕاند. پیشمەرگە پارێزگاری ئاسایش و ئارامی خەڵکی دەکرد. خەڵکی تێنووی ئازادیش بە تایبەتی لاوان بە لێشاو روویان لە بنکە و بارەگاکانی حیزب و کۆمەڵە دەکرد.
بەڵام وەک روانگەی یەکسان و هاوبەش بەداخەوە هەرگیز دێمۆکرات و کۆمەڵە روانگەیەکی هاوبەشیان نەبوو بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد، دۆستانی کۆمەڵە دەفکری دابین کردنی سۆسیالیسم لە کوردستان دابوون، زەوی و زاریان بەش دەکرد و بێ ئەوەی بیرێک لە داهاتوو بکەنەوە خەریکی دامەزراندنی حکوومەتی شووراکان بوون لە گوندەکان بەتایبەتی ئەو گوندانەی لە ژێر دەستی ئەوان دابوون و ئەوانی لێ باڵادەست بوو. حیزب بە هۆی ئەوەی کە دەنگی زۆربەی شارەکانی هێنابۆوە و لە کۆمەڵە زیاتر لایەنگری هەبوو، بە چاوی هێزێکی لاوەکی و کەم بایەخ سەیری کۆمەڵەی دەکرد. حیزب گەڵالەی خودموختاری خۆی هەبوو و کۆمەڵەش گەلاڵەی خۆی، بەڵام لە ئاکام دا لە سەر 26 مادە رێک کەوتن کە وەک باس کرا هەر دوای بریارەکە دیسان هەمان قشقەڵە و رەوتی قەدیم! یەکتر تاوانبارکردن و خۆ بە حەقی موتڵەق زانین! هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵات ئێستاشی دەگەڵ بێ هەر وەک ٣٠ ساڵ لەمەو بەر وان. ئەگەر لە سەر یەک مەسەلەش کۆک بن ئامادە نین بەیانێکی هاوبەش دەر بکەن. بۆ نموونە تەحریمی هەڵبژاردن لە ئێراندا، هەر کەسەو بۆخۆی و بە جوێ بەیاننامەیەک دەردەکات، با هیچ دوور نەرۆین بە بۆنەی هاتنی بوومەلەرزە لە شاری وان لە تورکیا، هەر کەسە و بەجیا بەیانێک دەردەکات! ئەوە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە کە ئێمە فێری هاوکاری نەبووین، فێری کاری هاوبەش و یەکتر قەبووڵ کردن نەبووین! ئەوە دەردێکە کە لە جێی خۆیدا دەبێ زیاتری لە سەر بدوێن.

پرسیار : لە هەمان ساڵدا کارەساتی قارنێ و قەڵاتان و ئێعدامی سەدان کەس ئەنجام دران، ئەم کارەساتانە لە لایەن کێوە و چۆن روویان دا؟

وەڵام : کاتێ کارەساتی قارنێ و قەلاتان روویدا من لە دەرووبەری نەغەدە واتە لە "گەڵوان" بووم. کارەساتەکە هێندە وەحشیانە بوو کەس ئامادە نەبوو وەعۆدەی خۆی گرێ. ئەو کات کۆمەڵێک پاسداری بە رواڵەت سەر بە ئاغای تالەقانی هاتوچۆی گەڵوانیان دەکرد و دەگەڵ پیشمەرگە وەک برا وا بوون و تف و نەعلەتی خوڵقێنەرانی کارەساتەکەیان دەکرد. بەڵام لای هەموو کەس ئاشکرایە کە لە ئێران دا دەسەڵاتێک بە نێوێ حکومەتی ئیسلامی هەبوو و لە سەرەوەی هەموویان ئاغای خومەینی وەک رێبەری ئایینی و سیاسیی دەسەڵاتی هەبوو، کەوایە ئەوکات بەرپرسایەتی ئەو کوشتارەی لە ئەستۆی خومەینی و دەوڵەتی ئیسلامیی ئێرانە. دیارە نکۆڵی لە دەوری بەرچاوی حەسەنی مرۆڤ کوژ ناکرێ لەم رووداوانە دا.

پرسیار : لە جەرگەی ئەو رووداوانەدا، شوندارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی شەر لە کوردستان چ بوون؟

وەڵام : بێشک ئەو شەڕە و هەموو شەڕەکانی جیهان بەر لە وێران کردنی بنکەو بارەگاکانی نیزامی کۆمەڵگاو بنیاتە ئابووریەکان و کۆمەڵایەتییەکان وێران دەکات. بچووکترین جووڵەی بزووتنەوە مەدەنییەکان لە گەڕ دەخات. شەڕ رۆحی شەڕانگێزی و میلیتاریزەکراو بەسەر کۆکەڵگادا زاڵ دەکات. توند و تیژی و رق و بیزاری دەبێتە کولتووری زاڵ لە کۆمەڵگادا، رەحم و بەزەیی بە دیتنی دیمەنە سامناکەکانی شەڕ و کوشتاری مرۆڤەکان بەدەستی یەکتری بارگەو بنەی دەپێچێتەوە. شەڕ لە کوردستانیش دا هەمان شوێندانەری هەیە، بەو شەڕە کوردستانی پاش کەوتوو و لەبیر کراو لە خزمەتگوزارییە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان ئەوەندەی دیکەش دوا کەوت. بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەوانە دا کورد نەبوو بە پاروویەکی هێندە ئاسان کە بە سووکی بەگەرووی زۆرداران دا بچێتە خوار. ئەوشەڕە دەگەڵ هەموو زەرەرو زیانەکانی، مەسەلەی کوردی رۆژهەڵاتی بە دنیا ناساندەوە و کورد خۆشی خوێنێکی تازەی لە بیری نەتەویی و هەستی بەرەنگار بوونەوەی زۆرداری دە دەمارەکانی گەڕا.

پرسیار : ئایا مەجالێک مابوەوە بۆ بزووتنەوەی مەدەنی و ئاشتیانەی خەڵکی کوردستان یان هەموو دەرگاکان داخرابوون ؟ نموونەیەک هەیە لەو پیوەندییەدا وەک حەرەکەتی مەدەنیی چاو لێ بکرێ؟

وەڵام : ئایا هیچ نموونەیەک لەوە باشتر هەیە کە کورد بەشداری هەڵبژاردنەکانی مەجلیس شوڕای ئیسلامی و مەجلیسی خیبرەگانی کرد، کورد نیازی ئەوە بوو لە ڕێگای پارلەمان و بزووتنەوەی سیاسی و مەدەنی ویست و داوخوازی خۆی بە گویی کاربەدەستانی ئێرانی بگەیەنێ. ئەگەر مەبەستیش لە بزووتنەوەی مەدەنی ناحیزبی بێ بە بڕوای من ئەو کات ئەو مەجالە نەرەخاسابو کە ئەو رێکخراوانە شکڵ بگرن و ساز ببن. خەڵک بە گشتی لەدەوری حیزبەکان کۆ ببونەوە و حیزبەکانیش دەوری ئەو رێکخراوانەیان دەگێڕا، ئەوان بە دروست کردنی بە رواڵەت رێکخراوە ناحیزبی و نا حکوومییەکان وەک یەکیەتی لاوان و یەکیەتی ژنان لە راستیدا دەوری رێکخراوە مەدەنییەکانیشیان دەگێڕا. سەبارەت بە داخستنی دەرگاکانی ئاشتی هەر لە سەر بنەمای یاسای بنەڕەتی حکوومەتی ئیسلامی ئێران دا ئەو مەجالە لە بنەڕەترا نەبووە. ئەوان هەم لە کاتی شەڕی کوردستان دا و هەمیش دوایی ئەوەیان سەلماند کە هیچ هێزێک جگە لە خۆیان قەبووڵ ناکەن. لێدانی حیزبی توودە و سازمانی فدائیانی خەلک(اکثریت) کە لە سەدا ٨٠ لە زۆربەی بارەکاندا بە تایبەتی لە سەر مەسەلەی کوردستان بە لای رێژیمیان دا دەشکاند راستی ئەو باوەڕە دسەلمێنێ. ئێستاشی دەگەڵ بێ ئەوان هیچ کەس جگە لەوانەی لە سەدا سەت فەرمانبەری رێبەری بن و وەک داشی دامە بە سەری قامکان جووڵەیان پێ بکرێ قەبووڵی ناکەن. با نموونەیەکی بچووکیش وەک حەرەکتێکی مەدەنی و ناسیاسیی وەبیر بێنمەوە کە قەتی گوێی نەدرایە. لە کاتی گەمارۆی ئابووری کوردستان کۆمەڵێک مەلا و مامۆستای ئایینی بەو هەڵسەنگاندنە کە رێژیم مەزەبییە ورەنگە قسەی کۆمەڵی مامۆستای ئایینی شوێن دابنێتە سەر کردەوەیان سەبارەت بە گەمارۆی ئابووری کوردستان لە بەردەرکی موخابەرات مانیان گرت و نامەیەکیان بۆ خومەینی و دەولەتی ئیسلامی ئێران نارد و داوایان کرد کە گەمارۆی ئابوری لە سەر برا موسوڵمانەکان هەڵگرن. ئەوەندەی من لە بیرم بێ هەرگیز نە ولامی نامەکەیان دانەوە و نە گەمارۆی ئابووریش لە سەر کوردستان هەڵگیرا.

پرسیار : ئێستا پاش سێ دەیە تێپەڕبوون، شەر لە کوردستان بە چ شیوەگەلێک بەردەوامە و بزووتنەوەی کوردی لە چ بارودۆخێکدایە؟

وەڵام : کورد دابەش کراوە بە ٤ پارچە. بە درێژایی مێژوو لە هەر پارچەیەک دەوڵەتە داگیرکەرەکان یان لە بەختی کوردان یان لە بێبەختی ئەوان هەمیشە دەگەل یەکتری کێشەیان هەبووە، ناکۆکیان هەبووە. کوردیش لەو دەرفەتە کەڵکی وەرگرتووە. ئەوەی وەک تئۆری خوێندوومانە و ئەوەی وەک تەجرەبە دەیزانین هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی چەکداری بێ پشتیوانی لوجستیکی هەرگیز پایەدار نەبووە. لە کوردستانیش دا هەر وا بووە. خاکی ئەو وڵاتانە لانی کەم شوێنی حەوانەوە و پەناگرتنی خەباتکارانی بەشەکانی دیکە بووە. هەر کات کێشەی نێوان ئەو دەوڵەتانە زەق بۆتەوە ئەوان زیاتر سەری کیسەیان بۆ کوردە نارازییەکان شل کردووە، هەر کاتیش مەسڵەحەت بووبێ ئەوا پشتیان دە بزووتنەوەی کورد کردووە.
نموونە پشت کردنی حکوومەتی پاشایەتی لە شۆڕشی بارزانی لە ١٩٧٤ و داخستنی بنکە بارەکاکانی پ ک ک لە سوریا و مولزەم کردنی هێزەکانی رۆژهەڵات بە راگرتنی شەڕ دژی رێژیمی ئیسلامی ئێران لە لایەن دەسەڵاتی هەریمی کوردستان. (ئەگەرچی ئەم نموونەی دوایی جیاوازییەکی زۆری هەیە دەگەڵ ئەوانی تر). بەڵام ئایا لە سەدەی ٢١ دا بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد هەر دەبێ بە شێوەی چەکداری بەرێوە بچێ؟! ئەوەی دیارە شەڕی چەکداری لە هیچ یەک لە پارچەکانی کوردستان وەک بزووتنەوەی چەکداری بەرێوە ناچێت و تەنانەت وەک شەڕێکی پارتیزانیش بوونی نییە. ئەوەی هەیە جار و بارە لە سنوورەکانی عێراق را بۆ ماوەیەکی کورت چەند کردەوەیەکی سەربازی ئەنجام دەدرێ کە بە داخەوە زەرەر و زیانەکانی کورد و هیزە چەکدارەکانی کورد هەموو جارێ لە هی داگیرکەران زیاترە.
ئەوەی کە بزووتنەوەی کورد لە چ بارو دۆخێکدایە ، دەبێ هەر پارچەیە و بە جیا هەلسەنگاندنی بۆ بکرێ. بزووتنەوەی مەدەنی و خەباتی پارلەمانی لە کوردستانی باکوور دا پێی ناوەتە قۆناخێکی نوێ کە هەر لە سەرەتاوە دیارە تورکەکانی نیگەران کردووە. هەلو مەرجێک و دەرفەتێک کە لە تورکیا بۆ کورد هەیە لە هیچ یەک لە

پارچەکانی دیکە دا نییە. ئەو دەرفەتە بۆکورد دەبێ وەک دەرفەتێکی زێڕین سەیر بکرێ و هێزە کوردییەکان دەبێ گرنگی زیاتر بەو بەشە لە خەبات واتە خەباتی پارلەمانی و سیاسیی بدەن. دەنگی پارلەمان لە قرمەی کەلاشینکۆف و گرمەی ئارپیجی لانی کەم لەم سەردەمەدا هەم لە تورکیا و هەم لە دنیای دەرەوەدا کاریگەرترە. دیارە ئەوە پاکانە نییە بۆ ئەوەی کە حکوومەتی تورکیا رێژیمێکی تەواو دیمۆکراتە و هیچ گرێ و گۆڵێکی نێیە. رەفتاری تورکەکان دەگەل کوردان تا ئێستا هەمان رەفتاری ئینکاری کورد و مافەکانیان بووە کە بە درێژایی مێژوو پەیرەویان کردووە. رەفتارێک کە لەو پێوەندییە دا دەگەڵ هیچ بنەمایەکی دێمۆکراتیک یەک ناگرێتەوە.
لە باشوری بچووک حەرەکەتێکی سەراسەری بۆ رووخانی بەشار ئەسەد لە ئارادایە. کورد لەم خەباتە دا دەوری بەرچاوی هەیە، ئەوەی جێی خۆشحاڵییە و تا ئێستا دیارە ئەوان بە کۆدەنگییەک گەیشتوون، ئەگەر دەست وەردانی دەرەکی و پارتە کوردییەکان لێیان گەرێن و ئەوانیش پارچە پارچە نەبن. لە باشوور کورد وەزعیەتێکی باشتری هەیە بەڵام بە چوونەدەرەوەی سوپای ئەمریکا و نزیکی حکوومەتی ئێران و عێراق و هاو ئاهەنگی تورکیا و ئیران و عێراق بۆ سەرکوت کردنی بزووتنەوەی کوردان، مەترسی لە سەر باشوور هێشتا هەر هەیە.
رۆژهەڵاتی کوردستان بەداخەوە هەلومەرجێکی هێندە باشی نییە. لەگەڵ ئەوەیدا کە هەلومەرجەکە لە ئێراندا یەکجار ناسکە و هەر دەم و ساتێک ئیمکانی رووداوی شتی چاوەروان نەکراو هەیە و ئەگەری تێک تەپینی ئەو رێژیمە لە بەرامبەر هەر بزوتنەوەیەکی خەڵکی دا لە جاران زیاترە بەڵام بە داخەوە هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هەروا دابەش دەبن و ئینشیعاب و جوێ بوونەوەیان تێدا روو دەدات. تا ئێستاش هیچ ئاسەوراێک لە دانیشتن و گفتگۆ بۆ دیاری کردنی پلاتفۆرمێکی هاوبەش بۆ خەبات لە دژی رێژیمی ئیسلامی و خۆ ئامادە کردن بۆ گۆڕانکارییەکان لە گۆڕێدا نییە. بەو حاڵە هەرچەشنە حەرەکەت و ڕاپەڕینێک لە کوردستان و لە ئێران دا ئیمکانی سەرکەوتنی کەمترە و ئەگەر سەریش کەوێ کەس نازانی کە دوا رۆژ بەرەو کوێ دەچین. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان چاویان لە حیزبەکان و نوێنەرەکانیانە. ئەوان تا ئێستا یەک هەنگاوی عەمەلیان بۆ یەکگرتن هەڵنەهێناوەتەوە، ئەو وەزعیەتە دەتوانێ لە داهاتوو دا کارەساتی لێبکەوێتەوە. بۆیە ئەرکی هەموو ئینسانێکی خاوەن هەست و نیشتمان پەروەرە کە بۆ نزیک بوونەوە و دیالۆگی نیشتمانی لە نێوان هێزە سیاسییەکان هەوڵ بدات. ئەوانن دەبێ گوشار بخەونە سەر حیزبەکان دەنا حیزب ورێکخراوە سیاسییەکان ئیسپاتیان کردووە کە ئەوان هێندە دەخەمی یەک بوون و یەکگرتن دا نین!

**پرسیار** : وەک پرسیاری کۆتایی، ئایا کێشەی رەوای کورد بە چەک چارەسەر دەبێ؟ ئەگەر وانیە چ رێگایەک پێشنیار دەکەن بۆ ئەوەی شەر لە کوردستان کۆتایی پێ بێت؟

**وەڵام** : من بەش بە حاڵی خۆم پێم وا نییە تەنیا رێگا و تەنیا پشت و پەنا چەک و چیا بن. دیارە لە هەمان کات دا بەداخەوە هیچ یەک لەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا دەژی، حکوومەتەکانیان ئامادە نین هەر لە کورد بپرسن بۆ چەکتان هەڵگرتووە؟ چیتان دوێ و لەیەک کەلام دا ئەوان دان بە هیچ مافێکی ئینسانی کورد دا نانێن. جاری واشە کورد چەکەکەی هەم لەخۆی دەبێتە بەلا و هەم لە حکوومەتیش. ئێستا لە تورکیا مەسەلەکە راست بەو شێوەیە. پ ک ک چەکی پێیە بەڵام لە مێژە ئامادەی دانوستاندن و چەکدانانە بە مەرجێک رێگای پێبدرێ وەک حیزبێکی ئازاد سیاسیی کار بکات و لانی کەمی ویستەکانیشی وەدی بێت. تورکیاش بە هیچ لەونێ ئامادە نییە پ ک ک قەبووڵ بکات و بێ هیچ شەرت و مەرجێک دەڵێ دەبێ چەک دا بنێ. باشە ئەگەر پ ک ک چەکی دا نا چی بکات؟ ئەو هێزەی چی لێ بەسەر دێت؟ ئەو ئامانجانەی کە هەوڵی بۆداون و ئەو هەمووە مرۆڤە لە پێناوی دا بۆنەتە قوربانی دەبن بە چی؟ ئەوانە هەموو پرسیارێکی زۆر ئاڵۆزن کە رەنگە وڵامەکەی هێندە ئاسان نەبێ. بەڵام پ ک ک دەتوانێ بە یەکجاری و وەک چەند ساڵ لەمەوبەر کە رایگەیاند ئێمە دەسبەرداری خەباتی چەکداری دەبین و ئەوەش ئیستراتیژییە نەک تاکتیک، دەسبەرداری ئەو شیوە خەباتە بێ و هەموو تێکۆشانی خۆی لە خەباتی پارلەمانی و سیاسیی دا چڕ کاتەوە . دیارە تا ئەو دەرفەتە هەیە بە بڕوای من پ ک ک دەبێ ئەو سیاسەتە پەیرەو بکات. ئەگەر ئەو دەرفەتە لەبار چوو ئەودەم دەکرێ سیاسەتێکی دیکە بە پێی توانا و هەڵسەنگاندنەکانی خۆی بگرێتە بەر.
بەگشتی جارێکی دیکە دەڵێیمەوە کورد بە پێچەوانەی تەبلیغات و پرۆپاگەندای دوژمنان هەرگیز حەزی لەچەک نەبووە، بەڵام کە دەرەتانی نەبووە و شەڕی پێفرۆشراوە ئەوا بۆ بەرگری لەخۆی تاوی داوەتە چەک. لە هەمان کاتدا هەم دوژمنان دەزانن کە بە زەبر و زۆر ناتوانن خەڵکی کوردستان سەرکوت بکەن و هەمیش هێزە سیاسییەکانی کورد ئاگادارن کە لانی کەم لەم سەردەمەی ئێستادا بە چەک ناتوانن رزگاری بۆ کورد و کوردستان بە دیاری بێنن. ئەگەرچی کورد لە بواری خەباتی مەدەنی و سیاسیی دا ساوایە و هۆکاری سەرەکیش لەمبارەوە دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە هەرگیز دوژمنان دەرەفەتی ئەو شێوە خەباتەیان بە کورد نەداوە بەڵام کاراترین چەکی ئەمرۆیی یەکگرتنی هێزە سیاسییەکان و برەو دان بە بزووتنەوە مەدەنییەکانە. ئەوەندەی مانگرتنێک زەبر لە پەیکەرەی دۆژمن دەدات هەرگیز عەمەلیاتێکی چەکداری ئەو زەبرەی لێنادات. بزووتنەوە مەدەنییەکان هێمن و ئاشتیخوازانەن بۆیە هیچ دۆژمنێک ناتوانێ هەڵسوکەوتی توندی ددگەڵ بکات. رەنگە بۆ ماوەیەک رێژیم بتوانێ توند و تیژی بنوێنێ بەڵام ئەم توند و تیژی نواندنە دژ بە حەرەکەتە مەدەنییەکان بە تایبەتی ئێستا کە راگەیەنەرە گشتییەکان زۆر بە خێرایی دەنگ و باسەکان دەگوێزنەوە و ئینتێرنێت و تەلەیفونی موبایل وەک هەوالنێری دەست و بەجێ دەنوێنن هێندە دوورمەودا نییە و بە چۆکداهاتنی دیکتاتۆرەکانی بە خەسارەتێکی کەمتر بە دوا دادێ.

**بیوگرافی ئیبراهیم جەهانگیری:**

***لە نەورۆزی ساڵی ١٣٣٥ و لە شاری مەهاباد لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی نیشتمانپەروەر لە دایک بووم.لە ساڵێ ١٣٥٣ لە تاران و لە دەورەیەکی وەرزشی 2 ساڵە دا لە زانکۆی ئەفسەری تاران بەشداریم کردووە و دوای تەواو بوونی دەورەکە بە پلەی هەرە باش وەک راهێنەری وەرزشی جۆدۆ ( Judo ) دیاری کراوم. لە زانکۆی ئەفسەری تاران، لە شاری ورمێ و لە مەهاباد و تورکیا ماوەیەکیش لە کانادا وەک راهێنەری ئەم وەرزیشە کارم کردوە. لە ساڵی ١٣٥٦ بەر لە رووخانی رێژیمی شا لە گەڵ تەوژمی شۆڕشی گەلانی ئێران تێکەل بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بووم وهەر لەو ساڵی دا پێوەندیم بە حیزبەوە بووە و کارو ئەرکی حیزبیم راپەڕاندووە. لە دەسپێکی ئاشکرا بوونی حیزب بووم بە ئەندامی حیزب و لە رێکخراوی لاوان و حیزبی دێمۆکرات دا چالاک بووم،لە ساڵی ١٣٥٧ بە شێعر وئەدەبیات دەستم بە نووسین کردووە وویەکەم بابەتی سیاسیم بە ناوی " نامەی ئەندامێکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆمەلە" وەک بەیننامە و لە لایەن رێکخراوی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە شاری مەهاباد بڵاو بۆوە.لە ساڵی ١٣٥٩- ١٣٦٠ دا لە هەوشار دەگەڵ هاورێیانی کومیتەی هەوشار هاواری هەوشارمان بلاو کردۆتەوە. لە گۆڤار و بڵاو کراوەکانی ناوخۆیی دا وەک ، سروە، مەهاباد، مۆکریان، چیا، بابەتی کۆمەڵایەتی و ئەدەبیم بلاو بۆتەوە ، لەساڵی ١٣٨٠ دا دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکرات بووم و چەندین بابەتم لە کوردستان دا بڵاو بۆتەوە. هەر لەو ساڵانە دا و لە ماڵپەرە ئینتیرنێتییەکان دا چالاکی نوسینم هەبووە و تا ئێشتاش لە بواری نوسین دا چالاکیم هەیە. ئیستاش کە سێبەری پیری وردە وردە باڵی بەسەر کێشاوین نە وەک جاران بەڵام لەقەدەر توانا لە خزمەت گەل و نیشتمان داین***


***٧ ی دیسامبری ٢٠١١***

## وتووێژ لەگەڵ بەرێز

## رۆژهەڵاتی کوردستان لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

## وتووێژ لەگەڵ دوکتور ئاوات عەلیار

***وەکوو کوردی رۆژهەڵات نیگەرانی سەرەکی من ئەوەیە کە پێکهاتەی سیاسی کوردی رۆژهەڵات، یانی حیزبە سیاسییەکان، چ ئەوانەی لە قەدیمەوە بوون و چ ئەمانەی کە لە چەند ساڵ لەمەوبەرەوەدامەزراون، هەموویان وابەستە و تابێعی سیاسەتی دوو حیزبی سەرەکی کوردی عێراق یان پ . ک . ک. ن. یانی سیاسەتێکی سەربەخۆیان نیە و ناتوانن بە کردەوە و بێ رەزامەندیی ئەوان هیچ هەڵوێستێکی بەرچاو بگرن.***



***پرسیار: سەرەتا وەک دەروازەیەک بۆ چوونە نێو باسەکەمانەوە، بزووتنەوەی کورد لە روانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە چۆن پێناسەدەکەن؟***

***دوکتور ئاوات عەلیار: ئەم پرسیارەدا رەنگە بە قەدەر کتێبێک وەڵامی هەبێت، ئەویش لە لایەن پسپۆڕێکی ئاکادمیکی کۆمەڵناسیی سیاسییەوە، کە هەروەک دەزانن ئەوە لە من زیادە، بۆیە وەڵامەکە شەرت نیە بە شێوەیەکی ئاکادمیکی لە روانگەی زانستی سیاسییەوە داڕێژرابێت، لە هەمان کاتدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە بەشی زۆری سیاسییەکان لە هەموو جیهاندا خوێندنی کۆمەڵناسی سیاسییان، یان زانستی سیاسییان نەخوێندووە.
کێشەی چارەسەرنەکراوی کورد لە رۆژهەڵاتی ناڤین ئێستا هەموو ددانی پێدادەنێن بە یەک ئێستسنا، لە تورکە کەماڵیستەکانەوە بگرە، ئیسلامییەکان و لیبراڵە عەرەبییەکان***

و تەنانەت بەعسییەکانیش، بە ئێرانییە لیبراڵەکان تا کۆماریخوازانەوە و ولاتانی ڕۆژهەڵات بێجگە لە کۆماری ئیسلامی ئێران، کێشەی کورد بە ڕەسمی ناناسێت و هیچ چارەسەرییەکیشی بۆ نییە. ئەمانی تر دان بە کێشەی کورد دادەنێن، بەڵام ڕەنگە ڕێگا چارەکەی بەدڵی ئێمەنەبێت.

کێشەی کورد هەر کێشەیەکی سیاسی، گەلێکی بێبەش لە دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆی نیە، بگرەبۆتەکێشەیەکی کۆمەڵایەتیش. فەرق و جیاوازی لەهەموو بوارەوە. لەکولتوور، ئابووری، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی تیدا بەدی دەکرێ، بۆیەهەر نوخبەی سیاسی ـ ڕۆشنبیری نییە کە غەمخۆری ئەم بێ عەداڵەتییە، کۆمەڵانی خەلکی کوردستان هەموو کات لە ژیانی ڕۆژانەدا هەست بەکەم و کوڕی و سووکایەتی دەکەن کەدەوڵەت ناوەندی بەسەری دا سەپاندوون.

پرسیار: سەدەی بیستەم بۆ کورد، سەدەی سەرکەوتن و شکەستەکان بوو، بزووتنەوەی کلاسیکی کوردی هاتە بازنەیەکی دیکەوە و ئەحزابی سیاسی درووست بوون، بە گشتی بەستێنەسیاسییەکانی ئەوکات چ بوون کە حزبەکان سەیان هەڵدا؟

ئاوات عەلیار: لە سەدەی بیستەم، لە کۆمەڵی کوردەواریدا نوخبەیەکی سیاسی سەری هەڵدا، کە هەڵقوڵاوی ئاڵوگۆڕ و پیشکەوتنی جیهانی بوو، ناسیونالیزم و خۆناسینی نەتەوەیی بە هەموو باڵەکانیانە وەها موو جیهانی داگرت، بە تایبەتی وڵاتی کەم پێشکەوتوو و دواکەوتوو لەوانەش کوردستان، چین و توێژی کۆمەڵایەتی مۆدێڕن ساز بوون، ئەم پەرەئەستاندنی کۆمەڵایەتییەی جیهانی، بوو بە هۆی ئەوەی نوخبەیەکی ساز بێت کەئاڵاهەڵگری بیری ناسیونالیستی کورد بێت، کەپێک هاتبوون لەسەرۆک عەشیرەتەکان، زانایانی ئایینی، ڕۆشنبیرانی لیبرال و چەپ. کورد بۆ یەکەم جار لەڕێگای نوخبەکانییەوە لە ئاخر و ئۆخری ئیمراتووری عوسمانیدا چاوی بە دنیای پێشکەوتوو کەوت و لە ژێر کاریگەریی ئەم جیهانەبوو کەڕۆژنامەی کوردیش چاپ کرا، نوخبەی ڕووناکبیری کوردیش، پێشەنگی ئەم بزاوتەنەتەوەییەبوون کەتوانیان لە پەیمانی سێڤەردا هەندێک لەخواستەکانی نەتەوەی کورد لەسەر کاغەز بۆ گەلەکەیان وەردەگرن.

بیری دامەزراندی کۆماری کوردستان و حزبی مۆدێڕنی کوردیش لە هەموو بەشێکی کوردستان، هەر ڕۆشنبیران هێنایانەگۆڕێ.

پرسیار: لە ئیران شۆڕشی مەشرووتە، بووەهۆی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەئاستی ئێراندا، بۆ کورد کام قۆناخ دەتوانین وەک قۆناخی نوێ و سەردەمی نوێ دەستنیشان بکەین کەبوویبێتەهۆی گۆرانێک لە پێکهاتەی سیاسی؟

ئاوات عەلیار: شۆڕشی مەشرووتەی ئێران، سەرهەڵدانێک بوو لەڕێفۆرمی کۆمەڵایەتی . سیاسی لەوڵاتی ئیستبدادزدەی ئێراندا، کەکورد لەسەر یەک لەم ئاڵوگۆڕەدا هیچ بەشدارییەکی نەبووە، دیارەئەو ریفۆرمەش بەنیوەچڵی مایەوەو دەسەڵاتی قانونی و ریفۆرمی کۆمەڵایەتی . سیاسی نەیتوانی لەئێران دا سەقامگیر بێت، زۆر لەشارەزایان پێیان وایە، ئەو بەربەستانەی کەنەیانهێشت ئەم بزاوەسیاسییەکۆمەڵایەتییەسەرکەوێ، هەمانن کەئێستاش لەپێش مۆدێرنیتە و پێشکەوتنی ڕاوەستاون، هەروەها ئەگەر پرۆسەی ڕێفۆرم بەشێلگیری بەرەو پێش چووبا ڕەنگەئێران ئێستا وڵاتێکی پیشکەوتوو بوایە. شایانی باسە کە لە ئێراندا دەنگو هەرای ڕێفۆرم لەپێش ژاپۆن دا لەئارادا بوو.

ناتوانم شتێکی هاوسەنگی شۆڕشی مەشرووتە لە ئێران بۆ کورد دەستنیشان بکەم، کاراکتەر و تایبەتەندی بزافەکوردییەکان، رزگاری نەتەوەیی بووە، و گیرو گرفتە کۆمەڵایەتییەکان خراونەتە پەراوێزەوە.

پرسیار: لەناوەڕاستی سەدەی بیستەم، ئایدۆلۆژی کۆمۆنیزم وەک دیاردەیەکی بەهێزی کۆمەلایەتی و سیاسی هەموو ناوچەکەی گرتەوە، ئەم ئایدۆلۆژییەبۆ نەیتوانی ببێتە پاشخانێکی فیکری بۆ بزووتنەوەی کورد؟

ئاوات عەلیار: بەپێچەوانەوە، پێم وایەئیدئۆلۆژی مارکسیزم کاریگەرییەکی زۆری بووەلەشکڵدان و گەشەکردنی بیری سیاسی زۆربەی سەرکردەکان و پێکهاتەی سیاسی کورد لەسەدەی رابردوودا. مەلا مستەفا بارزانی لەبەر ئەوەی خۆی ماوەیەکی بەرچاو لەرووسیا ژیابوو، سەرۆک عەشیرەتێک بوو، دژی زۆر لەبیروبۆچوونەکان بوو، بەڵام کەسێکی وەک دوکتور قاسملوو کەڕۆشنبیر بوو، زۆر دیاردەی ئینسانی و عەداڵەتخوازی مارکسیستی پێ باش بوو، زۆر لایەنی کوردی دیکەش هەر دروشمی رادیکاڵیزمی چەپ یان داوە.

چارەی کێشەی کورد لەهیچ پەرتووکێکی ئیدئۆلۆژیک دا نیە، ئەوەبەو مانایە نیەکەهەرکەس خاوەنی ئیدئۆلۆژی بوو ناتوانێ و ناکرێ بەشداری بزاوتی نەتەوەیی نەبێت. تا رادەیەک دێموکراسی و لابردنی هەندێک فەرق و جیاوازی و لەوەش گرینگتر پارسەنگی هێزەکەڕۆڵی سەرەکی هەیە لەسەرکەوتن یان نوشستی ڕێبازێک یان بزووتنەوەیەک، دیارەئاڵوگۆڕی جیهانی وەکو شەڕ جارو بار نەخشەی جوغرافیایی گۆڕیوە. کورد پێویستەوسیاری هەر کام لەم سێ مەرجەبێت، پێداگرتن لەدێموکراسی و

لابردنی فەرق و جیاوازیی، یەکگرتوویی سیاسی و کردەوەیی و تێکۆشانی دیپلۆماسی یارمەتیدەرن بەگەلی کورد کەبەبەشێک لەخواستەکانی بگات.
بیری نەتەوەیی کورد بەقورس و قایمی و پتەوی دراوسێکانمان نین، ئێمەوەک تورک و فارس و عەرەب نەئیمپراتووریمان هەبووەو نەکتێبی ئاسمانی کەبیکەین بەمەرجەع. بەدریژایی مێژوو بەشێک لەئینێرژی و توانایی کورد لەخزمەت ئەوان دا بووە. کورد لەشاخەکاندا قەتیس ماوەتەوەبۆ ماوەیەکی زۆر، شارستانییەت و مۆدێرنیزم و پێشکەوتنی ٥٠ ساڵ درەنگتر خۆی پیشانی ئێمەدا.

**پرسیار:** بۆچی بزووتنەوەی چەپ نەیتوانی خەون و ئاواتەکانی کورد بەدی بێنێ؟ یان بەواتایەکی دیکە، بزووتنەوەی کوردی بەرەو کوێ برد؟

**ئاوات عەلیار:** هەندێک لە رۆشنبیری کورد کە لە بزووتنەوەی چەپ دا بوون، خۆیان زۆر بە کێشەی نەتەوایەتییەوە خەریک نەکرد، ئەمانی کەش لە بەشداری لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد بوون، فێربوونیان لە مارکسیزم لە روانگەی چەپی میللەتی دەسەڵاتدار بوو کە بە فارسی فێری چەمکەکان و تیئۆری مارکسیستی بوون و ئاگاداری پەرەسەندن و گۆڕانی بیروڕای چەپ نەبوون. کۆمەڵگای ئێمە دواکەوتبوو، چەپەکان و رۆشنبیرەکانیش هەروەها. بۆ نموونە کۆمەڵە لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ خۆی قالبێکی زیهنی بە ناوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دروست کرد و چووە ناوی کە پێی نەگوترێ ناسیونالیست.
لەسەریەک رۆشنبیری کورد بەشێکی زۆریان چاولێکەری رۆشنبیری فارس بوون، راستەوخۆ خۆیان لەوان بەکەمتر دەزانی، ئەمە لە زۆر میللەتی دیکەشدا هەبووە.
مارکسیستی ـ سنتی ـ روسی، مەسەلەی ژنان، مەسەلەی نەتەوایەتی، مەسەلەی ژینگە و هتد، بەگیرو گرفتی لاوەکی دەزانێت. هەموو گیرو گرفتەکۆمەڵایەتییەکان چارەسەریی یەکجارەکییان لە ژێر دەسەڵاتی چینی کرێکار و دیکتاتۆری پرۆلتاریادا مسۆگەر دەبێت. هیچ رێکخراوێکی چەپ نەیتوانی ئیدئۆلۆژییەکی لەگەڵ بارودۆخی کوردستان رێک بخات بۆیە هیچ کامیان نەیانتوانی ببن بە هێزێکی کۆمەڵایەتی بڕیاردەر و بزووتنەوەی نەتەوەیی بەدەست بگرن، هوشیمینی لەڤیتنام، کاسترۆ لەکوبا کردیان.

**پرسیار:** شۆڕشی ٥٧، گریگترین رووداوی سیاسی ئێران بوو لەسەردەمی نوێدا، بەگشتی کورد کەوتەبارودۆخێکەوەکەتوانی بەشێک لەکوردستان ئیدارەبکات، ئەو بارودۆخەچۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**ئاوات عەلیار:** شۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵی ١٣٥٧ (١٩٦٩. ١٩٦٨) دا، کەکۆتایی بەسیستمی سەڵتەنەتی ٢٥٠٠ ساڵە لە ئێراندا هێنا، خاڵی وەرچەرخانێک بۆ بزاوتی کوردی، وەکوو هەموو ئاڵوگۆڕەکانی دیکەی ئێران. ئەم شۆڕشە لە زۆر بابەتەوە بوو بە هۆی دواکەوتووی ئێران. ئێرانی زەمانی شا بەچوار ناڵ بەرەو مۆدێرنیزمی چاولێکەرانە لە رۆژئاوا، بە رواڵەت دەڕۆیشت. هەرچەند بەشێک لەم ئاڵوگۆڕانەوەکوو دورکردنەوەی ئایین لەسیاسەت. بایەخدان بەبەشێک لەمافەکانی ژنان، پەرەسەندنی خوێندنگاکان و دانیشگاکان، هەموو خاڵی پوزەتیڤ بوون و بەپێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێن.
هەڵسەنگاندنی شۆڕشەکان، بڕیاردان لەسەریان پێویستی بەکات و هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنە هەیە. دەگێڕنەوە کە لە یەکەم دیداری هێنری کیسنجر بوچین لەساڵی ١٩٦٥دا. کیسنجر پرسیاری لە چوئین لای سەرۆک وەزیرانی چین و بەرپرسی پێوەندی لەگەڵ ئەمریکادا، کردەوە لەسەر لایەنە باش و خراپەکانی شۆڕشی مەزنی فەرانسە پتر لە ٢٢٠ ساڵ لەمەوپێش، وەڵامی چوئین لای ئەوە بوە کە هێشتا زووە بۆ ئەوەی باش و خراپی ئەم شۆڕشە مەزنە بە تەواوی لێک بدرێتەوە!
بەڵام ئێمە ئەگەر وەکوو کورد، لە روانگەی خۆمانەوە و بە چاویلکەی کوردیەوە بڕوانینە ئەم شۆڕشە، دەبێ بیسەلمێنین کە پرۆسەی بە فارسی کردنی گەلی کورد لە زەمانی رەزاشادا دەستی پێکرابوو. ئەم پرۆسەیە راوەستا! کورد خۆی دۆزیەوە، بیر و هزری نەتەوەیی بوژایەوە، کورد بەراشکاوی وەکو کورد، داوای مافی خۆی کرد. زمانی فارسی و فەرهەنگی یەک وڵات، یەک زمان، یەک ئایین، یەک فەرهەنگ، یەک مێژوو کەوتە ژێر پرسیارەوە. نەک هەر کەوتە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو بەرەنگاری توندی کرا. هەستی کورد بوون کە لە ئیلام و کرماشانەوە بەرەو نەمان دەچوو لە شوێنەکانی دیکە بەرەو کزبوون و لاوازی ژینۆسایدی فەرهەنگی بەرەبەرە هەموو کوردستانی لە ئیلامەوە تا ماکو بەرێوەچوو و تا رادەیەکیش سەرکەوت لە سەپاندنی زمان و فەرهەنگی فارسی بەسەر کورددا.
بۆشاییەک کە بە هۆی نەمانی رێژیمی سەڵتەنەتی پێک هات، و کورد لە رێگەی پێشەنگیانەوە، کە حیزبەکان بن و بەتایبەتی حیزبی دێموکرات، پڕ کرایەوە. لەم روانگەیەوە بیر و هزری نەتەوەیە کە پرۆسەی نەهێشتنی کولتووری کوردی، راوەستاوە و بەفارس کردنی کوردستان کۆتایی پێ هات، ئەم شۆڕشەم پێ باش بوو.
دەبێ ئیشارەبەمەش بکەم، ئەم پێشکەوتنی تاران، ئیسفەهان، شیرازو مەشهەد، یانی ناو جەرگەی وڵاتی فارسان بەقیمەتی دواکەوتووی کوردستان و تا رادەیەکیش ئازەربایجان تەواو بوو. تەورێز لەمێژووی ٢٠٠ ساڵەی ئێراندا هەمیشە پێشکەوتوترین شاری ئێران لەباری فیکری و سیاسییەوەبووە، دوهەمین شاری ئێران بووە، ئێستا چوارم یان پێنجەمین شاری ئێرانەلەروانگەی ژمارەی دانیشتووانەوە.

بووژانەوەی کورد وەکوو نەتەوەیەک، ئاکامی خوێن و فرمێسک ئەو گەلەیە، کورد زیندوو بوەوە و وەکوو هەمیشە شەهید د.قاسملوو دەڵێ بەهاکەشی داوە.

**پرسیار:** بەگشتی خواستەکانی کورد چ بوون؟

**ئاوات عەلیار:** خواستەکانی کورد، خواستی ڕەوا، خواستی مێژووی و سەردەمیانەبوون، بەڵام ڕێژیمی دەسەڵاتدار، پرۆژەی خۆی هەبوەشەڕ لەو کاتەوەی دەستی پێکرد بەشێوەیەکی ڕەسمی کەخومەینی فەرمانی جیهادی دا، ئەمەبووەهۆی پولاریزەکردنی کۆمەڵگای کوردەواری لەدەرەوەی حیزبەکان و بەتایبەتی حیزبی دێموکرات کەبەرەسمی بوو بەئامانجی هێرشی سیاسی . ڕاگەیەنی کاربەدەستانی ڕێژیم.

**پرسیار:** بەرگری ڕەوا یان شەر لەکوردستان لەکوێوەدەستی پێ کرد و ئاکامەکانی لەسەر کۆمەڵگا و بزووتنەوەی سیاسی چ بوون؟ بەگشتی جەنگ لەکوردستان چ دەرەنجامگەلێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەدواوەبوو؟

**ئاوات عەلیار:** بەرگری چەکداریم پێ کارێکی ڕەوایە، ئەو کاتیش و ئێستاش، لەگەڵ سیستمی ئایدۆلۆژی کە چارەسەری مەسەلەکاندا لە بەکارهێنانی چەک دەبینی، چار چیە؟ نەتیجە کە تۆش بەرەنگاری چەکداری بکەی. شەڕی کوردستانیش وەکوو هەموو شەڕێک، ئاکامی کۆمەڵایەتی نالەباری زۆری هەبوو، دواکەوتووی کۆمەڵایەتی، کوژران و برینداری و پچڕانی زۆر پێوەندی دیکە لە کۆمەڵگا بەیەکەوە گرێ داوە ئاکامی شەڕن. شەڕ خراپترین شێوەی چارەسەرکردنی گیرو گرفتی سیاسییە، لەهەمان کات دا، بەرگری چەکداری کورد، سەرەڕای کەم و کوڕییەکانی، ڕەواترین وەڵام بەئەم هەڕەشە دڕندانە بوو کە کرا بۆ سەر وڵات و نیشتمانی ئێمە.
کورد قەت نابێ شەرم بکا کەدەستی داوەتەچەک، ئێمەبەرگری ڕەوامان کردووەو شەڕێکی شەرافەتمەندانە. بەوتەی شەهید د.قاسملوو: گەلێک ئازادی بوێ، دەبێ نرخی بۆ بدات، شەڕ ئەو بەهایەبوو کەگەلی کورد داویەتی و ڕەنگە پێویست بێ کەلەداهاتووشدا بیدات.

**پرسیار:** نەزمی نوێی جیهانی هاتەئاراوە، گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەئاست ئێراندا هاتوەئاراوە، بزووتنەوەی ئیسلاحات بەگوتارێکی تازەوەهاتبوەمەیدان، لەم بارودۆخەدا ۲ی جۆزەردان چ پەیامێکی بۆ کورد هەبوو و پرسی کورد بۆ لەم دەرفەتەش نەبوەخاوەن پێگەی خۆی؟

**ئاوات عەلیار:** بۆ خۆپارستن کەناڕەزایەتی کۆمەڵایەتی، ترس لەبوونی ئەمریکا لەناوچە پەشیمانی ئورووپا لەدیالۆگی ڕەخنەگرانەلەگەڵ ئێراندا، کاربەدەستان و بیرمەندانی کۆماری ئیسلامی ئیجازەیان دا بەشێک لەدەسەڵات بێتەسەرکار کەوتارێکی بەرواڵەت مۆدێڕنی بوو، کردەوەکانی تارادەیەک ئەورووپی بوو، مەترسییەکانی لەسەر سیستمی خۆیانیان باش دەناسی، بەڵام ئەم پرۆسەیەدەهات بەرەبەرەلەڕێگای کۆماری ئیسلامی لای دەدا، بۆیەش ئەم پرۆسەیان ڕاگرت. هاتنەسەرکاری ئەحمەدی نەژاد بەهێندێک دروشمی پوپولیستی و ئێران چییەتی نیشانەی پەشیمانی دەسەڵاتی دیار و نادیاری ئەو سیستمەئیدئۆلۆژیکەبوو. بۆیە پرۆژەی ڕیفۆرم بەنیوەچڵی ماوەو ئاکامەکەی فریودانی جیهان بوو، بۆ ئەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ، ماوەیەکی کەش ئیدامەبەمانی خۆی بدات.
پێکهاتەی سیاسەتی ئێران، بەکۆماری ئیسلامیشەوە، ڕێفۆرمیست و خۆپاریزی کۆماریخوازو شاپەرەست ڕوانگەیەکی یەکسانیان هەیەلەسەر کێشەی نەتەوایەتی لەئێراندا بەگشتی و کێشەی کورد بەتایبەتی هەمان بروایان بەیەک دەوڵەت، یەک وڵات، یەک زمان، یەک فەرهەنگ، یەک میتۆد و یەک ئایینی دەسەڵاتدار هەیە. شۆڤینیستی خۆ بەزلزانی ئێرانی لەکردەوەدا شۆڤینیستی فارس، نکوڵی لەبوونی گەلان لەئێراندا دەکات و لەمەڕ کێشەی کورد پتر حاسن. ئێمەی کورد بەدرێژایی 350 ساڵەبەربەرەکانێمان کردوون و شەڕمان لەگەڵ داگیرکەران کردووە، ئەمان سەرهەڵدانی ویست و داخوازی نەتەوەیی لەچاوی کوردان دەبینن.
بەداخەوەبەشی هەرەزۆری سیاسییەکانی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خۆیان لەباسی کێشەی کورد وەکوو کیشەیەکی مێژوویی کوردو دەسەڵاتی تاران نادەن، بۆ ئەوەی مۆری تەجزیەتەلەبییان لێ نەدرێت.
ئەمان ئەو تێبینییەبەنرخەی شەهید دوکور قاسملوویان لەبەرچاو نیەکەتەجزییەتەڵەبی ڕاستەقینەئەمانەن کەخاکی کوردستانیان بێ ویست و داخوازیی گەلی کورد بەسەر خۆیاندا دابەش کردوە، بۆیەیەکگرتنەوەی گەلی کورد لەوڵاتی خۆیدا، لەکوردستانەکەی شتێکی سرووشتییەو مافێکی بێ ئەملاو ئەولای گەلی کورد.
کورد لەلاوازبوونی دەسەڵات، بەدیهاتنی جۆرێک لەفەزای "بازی سیاسی" دەکرێ و دەبێ ئیستفادەبکات، بەڵام نابێ تێدا نوقم بێت و بتوێتەوە. شۆڤێنیسمی فارس دەیهەوێ ئێمەبتوێنێتەوەلەسیستمی فیکری، سیاسی، دەسەڵاتی خۆیدا. بۆیەئێمەدەبێ لەهەمان کاتدا پشتیوانی لەهەموو ویستێکی دێموکراتیک بکەین! دەبێ ڕاشکاوانەبەربەرەکانێ ئەم توانەوەیەش بکەین! دەبێ لەهەموو کۆڕو کۆمەڵێکدا ئەم زوڵم و زۆرەی لەگەڵ ئێمەکراوەلەقاو دەین. کێشەی ئێمەلەدەرەجەی یەکەمدا لەگەڵ شۆڤینیسمی فارسە کەلە پێشدا "شاخص"ەکانیم ئاماژەپێ کرد.

دێموکراسی دەتوانێ یارمەتی چارەسەرکردنی کێشەی ئێمەبکا،تەجروبەی وڵاتانی دی نیشانی داوەکەئەگەر وەزن و قورسایی سیاسیمان پتەو نەبێت، گەیشتن بەئامانجەکانمان یەکجار درێژخایەن دەبێت، یانی ژان و ئازاری گەلی ئێمەبۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەردەوام دەبێت. لەوڵاتێکی دێموکراتیکی وەک ئامریکا، بەقانوونی ئەساسی لەهەموو ئازادییەک کەتێیدایە، خەڵکانی رەش پاش ١٨٠ ساڵ لەدامەزرانی ئەمریکا توانیان مافی دەنگدانیان وەرگرن، لەبەشێک لەناوچەکان ئەویش پاش کێشەو هەرایەکی زۆر لەمەترسی خستەسەر ئەمینەت و تەناهی ئەم وڵاتە، کەدانیان بەو مافانەدانا.

پرسیار: گوتارێک کە باڵی بەسەر فەزای سیاسی و روناکبیری کوردستاندا لە دەیەی حەفتادا کیشابوو، گوتاری خەباتی مەدەنی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کورد لە چوارچیوەی ژنان، خوێندکاران، کرێکاران و ... بوو، ئایا ئەمە بەرهەمی بێ ئاکام مانەوەی شەری چەکداری بوو یان وشیاری سیاسی یان لاوازی حیزبە سیاسییەکانی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان؟

ئاوات عەلیار: ئەم گوتارە سەرچاوەکەی لە کاتی دەسەڵاتی نیوەچڵی رێفۆرمیستەکاندا لە کوردستان بەدی هات، بەشێکی چاولێکەری بوو لەتاران . کەلەوێ ئازادتر بوو . بەشێکیش هەلومەرجی جیهانی، و خەباتی پێشووی حیزبەکان هانی دان. PKK و پاشان پژاک لەدامەزرانی ئەم کۆرو کۆمەڵانەدەورێکی گرینگیان هەبوو ، ئەم رێکخراوانەش بەرەبەرەلەکۆنترۆڵی دەسەڵات دەرچوون و دەسەلاتی کۆماری ئیسلامیش بەبیانووی جۆراوجۆر ئەمانەشی نەهێشت.
بزاوتی نەتەوەیی کورد پێویست بەخەباتی سیاسی، مەدەنی، رێکخراوی نهێنی، چەکداری و دیپلۆماسیی هەیە. نابێت و ناشکرێ هیچ کام لەم شێوە خەباتانە موتڵەق بێت. هەر ئەم کاتی خەباتی چەکداری لەساڵەکانی ٦٠ . ٦٥ لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادا بوو، لە هەمان کاتیشدا خەباتی دیپلۆماسی پشتیوانیی لەم تێکۆشانە چەکدارییە دەکرد.
دەفتەری نوێنەرایەتی حدکا لە فەرانسە، ئەو کات لەباری سیاسیی و ناونەتەوەیەوەبایەخێکی زۆر گرینگی هەبوو، هاوشانی بزووتنەوەئازادیخوازەکانی دیکەی وەک ANC، کۆنگرەی میللی ئەفریقا بەسەرۆکایەتی نێلسۆن ماندێلا و PLO رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین بەسەرۆکایەتی عەرەفات مامەڵەی لەگەڵ دەکرا.

پرسیار: هۆکارە و ئومێدەکان بۆ وەدیهاتنی خواستەکانی کورد لە بەستێنی رەوتە ئیسلامییەکاندا چۆن دەبینن؟

ئاوات عەلیار: من رەوتی ئیسلامی یان ئیسلامی سیاسی لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا بەمەترسییەکی گەورەبۆ بەلارێدابردنی بزاوتی نەتەوەیی دەزانم، ئێمەلەرۆژهەڵاتی کوردستاندا تەجروبەی تاڵی حکومەتی کۆماری ئیسلامیمان هەیەو بیری سیاسی ئێمەدژایەتی لەگەڵ ئیسلامی سیاسییەبەپێچەوانەی باشووری کوردستان کەرەوتی ئیسلامی خاوەن جێگەو پێگەی خۆیەتی.
ئیسلامی سیاسی دیاردەیەکی کۆنەپەرستانەیەو دژ بەسەرەتاییترین مافەکانی ژنان و نیشانەی دواکەوتوویی و بێدەرەتانیی هەر کۆمەڵگایەکە. نەبوونی هێزی سێکولاری خەمخواری کۆمەڵانی خەڵک، وەک ئەو حکوومەتەی باشووری کوردستان، کەبەکردوەکانی مەودای داوەکەرەوتی ئیسلامی دەوری هەبێت.
گەندەڵی ئیداری و فەسادی سیاسی و ئیداری لە باشووری کوردستان بۆتە هۆی پەرەسەندنی ئەم لایەنەئاینییەکەلەدرێژخایەندا دەتوانن نەک هەر زیانی کۆمەڵایەتییان هەبێت بەڵکوو لەزۆر کات و سات دا دەبنەداردەستی ئێران، یان رێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە، لەم نزیکانەش خۆی ئاکامی چاوەڕوان نەکراوی هەیەبۆ کۆمەڵی کوردەواری بەگشتی و بزاوتی نەتەوەیی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستان.

پرسیار: رەوتی ئینشعابەکان لە ناو حزبەکاندا سەریان هەڵدا، رێکخراوی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان سەریهەڵدا بە میتۆدی دەیەکانی شەست و ئایدۆلۆژی ئاپۆیی و چەپ، بەستێنی هەموو ئەم ئاڵو گۆڕان چ بوون؟

ئاوات عەلیار: رەوتی لێکدابڕان و لەتبوونی لە ناو حزبەکانی رۆژهەڵاتدا، دیاردەیەکی تایبەتی نیە، لە ناو زۆر بزاوتی رزگاریخوازیی کەش دا هەبووە، ئەوەی من بە بیرمدا بێت، لەمەڕ ئەم دابڕانانەی حیزبەکانی رۆژهەڵات، دەکرێ ئیشارەبەنەبوونی بەرنامەی خەباتی هاوبەش بۆ پتەو کردنی قەوارەی حیزبی بکەم، رەقەبەری شەخسی، نەبوونی رێبەری کاریزماتیک و ژیان لەدەرەوەی وڵات بکەم. هەروەها دەبێ ئاماژەش بەوەبکەم حزبەکانی رۆژهەڵات بەرەبەرە سەربەخۆیی سیاسی، فیکری و ماڵی خۆیان لە دەست داوەو تا دەرەجەیەکی زۆر وابەستەن بە دوو حیزبی دەسەڵاتداری باشووری کوردستان. کاریگەریی ئەم حیزبەش لەسەر ئەم لەت و پەت بوونەبەهۆی رەقەبەری خۆیان و پێوەندییان لەگەڵ ئێران بێ تەئسیر نیە. هەرچەند هۆی سەرەکی هەر ئەوەیەکەبەرنامەی خەباتی روون کەریزەکانیان پتەوتر بکات و پێش لەدابڕان بگرێ بەدی ناکەم.

سازبونی پژاک لە لایەن PKK دوە بە بیر و باوەڕێکی ئاپۆچی کە تێکەڵاوێکە لە چەپی تورکیە، گرووپە فەلەستینیەکان، هەروەها تایبەتمەندییەکانی کوردستانی باکوور، لە کاتێکدا کە بۆشاییەک لە گرووپەکانی رۆژهەڵاتدا بوو، کاریگەرییەکی زۆری بوو هەروەک ئیشارەم پێ کرد بەشێکی زۆر لەم رێکخراوی ژنان، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییانە کە ساز کران لە رۆژهەڵات ئاکامی تەجروبە و تاقیکردنەوەکانی PKK بوون لەکوردستان، من ئەو شێوە خەباتەش بە پێشکەوتنێک دەزانم بۆ کێشەی کورد، ئەم مێتۆدە شێوە و تایبەتمەندیی خەباتی سیاسییە لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا بۆیەمن بەکۆن و پەک کەوتەی نازانم و زۆرم پێ باشە.
لە دەرەوەی وڵات کامپەینی دیپلۆماسی کەدوکتۆر قاسملوو بۆ کێشەی کورد دەستی پێ کردبوو، ۱۰ سال دواتر PKK ئیدامەی دا ، پەرەی پێدا و تەکمیلی کرد، کەنموونەی لەمێژووی خەباتی سیاسی کورددا بێ وێنەیە.
یەکەم تەلەفیزیۆنی کوردی ئەمان دایان نا، بۆ یەکەمجار کەسێ وێرای باسی چوارپارچەئەگەر بۆ تەبلیغیش بێت بیکا، چەمکی رۆژهەڵات، رۆژئاوا، باکوور و باشووری کوردستان هاتەناو ئەدەبیاتی سیاسیی کوردەوە.

**پرسیار: هۆکارەکانی یەک نەبوونی ماڵی کورد چین؟**

ئاوات عەلیار: ماڵی کام کورد؟ کورد بەگشتی لەهەموو هبەشەکان، کوردی رۆژهەڵات . ئەگەر مەبەست هەموو کوردە، بەشێک لەوەڵامی ئەوەدەبێ کەقازانجی حیزبەکان و رێبەرەکان و فەرهەنگیی سیاسی جیاوازن بۆ نموونەئەوەی ئێمەلەرۆژهەڵات زۆر پێوەی نارەحەتین، و بەشتێکی دزێوی دەزانین چۆنیەتی پیوەندی کوردی بەشێک لەگەڵ دەوڵەتێکەلەبەشێکی کوردستانی بن دەستدایە. کوردی رۆژهەڵات بەگشتی لەگەڵ پێوەندیان لەگەڵ حکومەتی عێراق خۆشحاڵ نەبوون و بەنابەدڵی بوو، لەکاتێکدا کوردی عێراق زۆر بێ عەیب و ئیراد لەگەڵ ئێران پیوەندیان دەگرت و دەگرن و هاوکاری سوپای ئێرانیشیان کردوە، هەم دژی دەوڵەتی عێراق و هەم دژی کوردی رۆژهەڵات و زۆریشی پێوەنارەحەت نین. ئەوەجیاوازییەکی بەرچاو و نموونەیەکە. مەسرجێکی بەرچاوی پێوەندی لەگەڵ ئێران لەسەر حیسابی کوردی رۆژهەڵات بوەو هەیە، بەڵام ئەگەر مەبەست بۆچی کوردی رۆژهەڵات یەکگرتوو نین، ئەوەیەبزانم لەئێران دا بەگشتی جۆرێک چاوەروانی هەیەکەهێزی دەرەکی دژی رێژیم کارێک بکات، لەلایەکی دیکەشەوەکورد رێبەرێکی شایستەو جیی بڕوا و بەبڕشتی نیەکەلەم رۆژگارەسەختەبتوانی ئیستراتژی و تاکتیکی پێویست دابنێ و کۆمەڵانی خەڵک دڵگەرم کات و حیزبەکەی خۆی ببوژێنێتەوە.

**پرسیار: بزووتنەوەی سەوز لەئێران قۆناخێکی دیکە بوو لەئێران، رەوتی سیاسی و باڵەکانی ریژیمی بەئاقارێکی دیکەدا برد، کورد بێدەنگی نواند، ئایا بێدەنگی مەسڵەحەتی کورد بوو یان بە پیچەوانە؟**

ئاوات عەلیار: بزووتنەوەی سەوز و ئەو هەرایەی کەرێکی خست یان باشتر بڵێم قەوما، زۆرکەس و لەمانەکوردیش غافڵگیر کرد. کورد وەکوو تاکەکەس و گرووپ، خوێندکارانی کورد بەشدارییەکی بەرچاویان بوە، وەکوو حیزب، چونکەنەیاندەزانی چی پێ یە کەمێک پەلەیان نەکرد لەهەڵوێستگرتن، وەکوو خەڵک. کەمێک لەدژکردەوەی رێژیم ترسان و پێیان وابوو کەسەرکوت لەکوردستان توندوتیژتر دەبێ، پێم وایەکورد دەبوا بەدروشمی تایبەتی خۆی وەکوو بەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی و دروشمی هەمەلایەنەوەکوو دامەزراندنی دێموکراسی پێویست بوو پتر بەشداری بکا، بەڵام بەداخەوەئەوەبەرێکخستنی و بەرنامەدارژتن دەبێ کەسەری نەگرت.

**پرسیار: ساڵی ۲۰۱۱ بۆ دنیای عەرەب، بەهاری عەربی بەدواوەبوو زۆر شۆڕش و بزووتنەوەسەریان هەڵدا، بۆچی بۆ کورد بەمێژینەی خەباتی سیاسییەوە لەم ئالوگۆرانە دواکەوت؟**

ئاوات عەلیار: جیهانی عەرەب لەشێعار و دەرد و گەندەڵی و سەرکوت و ناکارامەیی سیستمی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیەکەی جارز بوە، بۆیەدەنگ هات. جیهانی عەرەب لەمەولا مەسەلەی فەلەستین خاڵی سەرەکی بۆ تەبلیغات نابێت.
جێ و رێی کورد زۆر جیاوازە، جێ و رێی عەرەب و فارس و تورک، ئێمەوڵاتمان داگیر کراوە، مافەسەرەتاییەکانمان لێ زەوت کراوە، زۆرشت لەلای ئێمەبڤەیە، بۆ ئەوان ئازادەلەهەمان حاڵیشدا دەبێ ئیشارەبکەم لەئەمانیشدا وەکوو ئێمەهەست دەکەن بەشیان خوراوە، هەست دەکەن دەبوایەلەهەموو بارێکەوەپیشکەوتووتر بووایەن، ئەمان دەڵێن ئێمەچیمان لەژاپۆن و برزیل و هیندوستان کەمترەکەوردەوردەدەبنەزلهێزی ناوچەیی، ئەمان ئێمەیان لەبیر نیەو بەدەردی ئێمەنازانن ئێمەش لەهەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەمان تووشی هەڵەدەبین.

پرسیار: تکایە ئەگەر مەسەلەیەکی گرینگ هەیە جێگای باس و لیدوان بێت بفەرموون؟

ئاوات عەلیار: مەسەلەیەکی گرینگ کەدێتەبەرچاوم، کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و کردەوەی لەسەر بزاوتی کوردی عێراق بەگشتی و بزاوتی کورد لەئێران و تورکیا. نیگەرانی من ئەوەیە کە بە کشانەوەی هێزی ئەمریکا لە عێراق، ڕێبەرایەتی کوردی عێراق بگەڕێتەوە ئەم سیاسەتە چەوتەی جارانی، یانی یارمەتی وەرگرتن لە وڵاتانی دراوسێ یان ئێران و تورکیە لە ڕووبەڕووبوونەوە لە حکومەتی بەغدا. یانی ئەم بۆشاییەی کە بە هۆی نەمانی هێزی ئەمریکا لە ناوچەبەدی هاتووە، لە لایەن ئێران لە دەرەجەی یەکەمدا و پاشان تورکیا پڕ بکرێتەوە.

ئەم پەنا بردنەی لایەنەکانی کوردی عێراق بۆ ئێران بەگشتی بەشێکی لەسەر حیسابی بزاوتی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوە، و مەترسی ئەوەش دەکرێ لەئایندەشدا ئەم هەڵەمێژووییەدووپات دەبێتەوە.

نیگەرانیەکەی من ئەوەیەکەئەم یەکگرتنەرواڵەتەی کوردی عێراق هەڵوەشێتەوە، یانی ئەم حکومەتەلەحکومەتی دوو حیزب ببێتەحکومەتی حزبێک و ئەوەندەی دیکەلاواز بێت.

وەکوو کوردی ڕۆژهەڵات نیگەرانی سەرەکی من ئەوەیەکە پێکهاتەی سیاسی کوردی ڕۆژهەڵات، یانی حزبەسیاسییەکان، چ ئەوانەی لەقەدیمەوەبوون و چ ئەمانەی کەلەچەند ساڵ لەمەوبەرەوەدامەزراون، هەموویان وابەستەو تابێعی سیاسەتی دوو حیزبی سەرەکی کوردی عێراق یان پ . ک . ک. ن. یانی سیاسەتێکی سەربەخۆیان نیە، و ناتوانن بەکردەوەو بێ ڕەزامەندی ئەوان هیچ هەڵوێستێکی بەرچاو بگرن.

ئەمەش دەتوانم بڵێم دەگەڕێتەوەبۆ نەبوونی ڕێبەرایەتییەکی بەهێز و کارامە، کەبتوانێ کێشەی کوردی ڕۆژهەڵات بەشێوەیەکی کاریگەر بەرێوەبەرێت. بەدرێژایی خەباتی سیاسیی کوردی باشوور، ڕێبەرایەتی ئەم بزاوەپێوەندی خۆی لەگەڵ ئێران، چ ئێرانی زەمانی شاو چ ئیرانی ئیسلامی، بەحیسابی کوردی ڕۆژهەڵات پەرەپێ داوە. بەداخەوەئەم دیاردەیەلەلایەن حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتەوەبەرەنگاری ناکرێ هیچ، زۆر پاساویشی بۆ دەبیننەوە.

کورتەیەک لەبیوگرافی: د. ئاوات عەلیار

ساڵی ١٩٥٦ لە موکریان لە دایکبووم، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیم لە مەهاباد و لە تاران لە دەبیرستانی "البرز" تەواو کردوە.

ساڵی ١٩٧٥ چوومە زانکۆی ئیسفەهان و ساڵی ١٩٧٩ لیسانسی فیزیکم وەرگرتوە.

ساڵی ١٩٧٩ هاتووم بۆ ئەمریکا بۆ خوێندن و لەساڵی ١٩٨٩ لە زانکۆی "ماساچوست" دوکتورای "فیزیکی ناوکی"م وەرگرتوە. تێزی دوکتوراکەم لەسەر "یورانیوم" بووە کە بۆ وەدەستهێنانی ئینرژی ئەتۆمی و چەکی ئەتۆمی کەڵکی لێ وەردەگیرێت.

دەورەیەکی دوو ساڵەی فیزیکی پزیشکیم لە ساڵی ١٩٩١ تەواو کردوە و ماوەی ٢٠ ساڵە لە چارەسەری "سرطان بەئەشعە(تیشک)" وەکوو فیزیکی پزیشکی کار دەکەم.

ماوەی ١٧ ساڵە لەگەل حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا کارم کردوە و ماوەی ١٠ ساڵیش لەگەڵ کۆنگرەی نیشتمانی کورد (KNC)چالاکی کاری سیاسیم هەبووە.

١٩ی نوامبری ٢٠١١

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

### وتوویژ لەگەڵ حامید گەوهەری

حامید گەوهەری : گرێپوچکەیەک لە بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی و کاری بە کۆمەڵی حیزبایەتیدا هەیە کە زیانی زۆری بە بزوتنەوە، حیزبەکان و تەنانەت تاکی کورد گەیاندوە. ئەم گرێپوچکەیە، نەحاواوەیی سەرکردەی حیزبەکانە لەگەڵ یەکتر کە بە بەردەوامی جیابوونەوە و لەتکردنی حیزبەکانی بەدوادا هاتووە.

ئاماژە: هەل و مەرجی سیاسیی کوردستان لە بەر جوگرفیای دابەشکراوی سیاسی و ژێوپۆلتیکی سەخت، بەردەوام لە ڕەوشێکی نالەباردا بووە. ئەم بارودۆخە بە درێژایی چەندین سەدە بەردەوام بووەو بە مێژوویەکی خویناویدا تێپەڕیوە، بزووتنەوەی کورد بەمەبەستی دیاری کردنی مافی چارەنووس و گەیشتن بەمافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی لە ئاکامی ئەم بارودۆخە دا سەری هەڵدا. سەدەی بیستەم تراژیکترین سەدەی مێژووی کوردە کە بزووتنەوەی کورد هەوراز و نشێوی زۆری

تێپەڕاند، شەری یەکەم و دووهەمی جیهانی، جەمسەربەندی جیهان بەسەر خۆرهەڵات و خۆرئاوا، دامەزرانی حزب و ڕێکخراوی مۆدێرنی کوردی، تەشەنەکردنی بیری چەپ و مارکسیزم . لینینیزم و دواهاتەکانی شۆڕشی ٥٧ی ئێران، ڕێفۆرم و ئیسلاحات لە ئێران و بزووتنەوەی سەوز، بەهاری عەرەبی و نادیاربوونی ئاسۆی کورد لە نێوان قەیرانە یەک لە دوای یەکەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین. هەموو ئەمانە لەم زەنجیرە وتووێژانەدا دەکەونە بەرباسەوە:



**پرسیار : سەرەتا وەک دەروازەیەک بۆ چوونە نێو باسەکەمانەوە، بزووتنەوەی کورد لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە چۆن پێناسە دەکەن؟**

**حامید گەوهەری:** لەو ڕوانگەیەوە کە هەر نەتەوەیەک، مافی خۆیەتی بۆخۆی چارەنوسی خۆی دیاریی بکات، بزوتنەوەی کورد، بزوتنەوەیەکی ڕزگارییخوازانەی، نەتەوەیی نیشتمانییە و دیموکراتییە، بە مەبەستی دەستەبەرکردنی مافێکی یاسایی لە وڵاتی خۆیدا. ئەو نەتەوەیە بەبێ مەیل و ویستی خۆی بە خاکەکەیەوە دابەشکراوە بەسەر چوار دەوڵەتی دراوسێی کوردستاندا و بە پێچەوانەی یاسای پەسەندکراوی نەتەوەیەکگرتوەکان مافی دەستنیشانکردنی چارەنوسی خۆی لێسنراوە. نەتەوەیەکی کۆڵۆنییە و ناتوانێت لە زێدی خۆیدا بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆی و شێوەی بەڕێوەبردنی وڵاتی خۆی و نەوەکانی داهاتوی بدات. کاتێک لە ئازادیی و مافی یەکسان و بەرامبەر لەگەڵ دراوسێیەکانی دەدوێت، زیندانی دەکرێت و ئەگەر لە بەرامبەر ویستی داگیرکەراندا کاردانەوەی سیاسی هەبێت، بە چەک وەڵامی دەدرێتەوە و ئەمەش وایکردوە کە بە بەردەوامی لە شەڕ و ئاوارەییدا بێت.

**پرسیار : سەدەی بیستەم بۆ کورد، سەدەی سەرکەوتن و شکەستەکان بوو، بزووتنەوەی کلاسیکی کوردی هاتە بازنەیەکی دیکەوە و ئەحزابی سیاسی درووست بوون، بەگشتی بەستێنە سیاسییەکانی ئەوکات چ بوون کە حزبەکان سەریان هەڵدا؟**

**حامید گەوهەری :** جیهان لە سەدەی بیستەمدا دوو جەنگی مەزنی بەخۆیەوە بینی. ئەم جەنگانە، دوو بەرەی دژبە یەکی لە بەرامبەر یەکتردا زەق کردەوە کە بۆ ماوەی پتر لە هەشتا ساڵ بەربەرەکانی یەکتریان کرد. لەو کێشەیەدا کە بە شەڕی سارد ناوبانگی دەرکرد، مافی گەلی کورد و زۆر گەلی تر پێخوست کرا. لەگەڵ ئەوەشدا سەدەی بیستەم گەشەسەندنێکی زۆری ئابوریی، تێکنیکی، سیاسیی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە جیهان و کوردستاندا بەخۆیەوە بینی. بنەمایەکانی دیموکراسی تێکەڵاو بە دیارییکردنی چارەنوسی نەتەوەکان بەدەست خۆیان گەشەی‌سەند و دەیان نەتەوەی بەژمار بچوکتر لە نەتەوەی کورد، بە مافی خۆیان گەیشتن و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دامەزراند. لەو سەدەیەدا دامەزرانی ڕێکخراوی مەدەنی و سیاسیی لە وڵاتاندا بوون بە واقعێکی سیاسی. بەو واتایە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، لە زۆربەی وڵاتاندا، فەوتان و لەناوچوونی بزوتنەوە کلاسیکەکانی بەدوادا هات و خەباتی ڕێکخراوەیی و کاری بەکۆمەڵی سیاسیی و مەدەنی جێی بزوتنەوە کلاسیکەکانی گرتەوە. گەلی کورد لەو گۆڕانانە بێبەش نەبوو، وەک نەتەوەکانی‌تر پێی نایە قۆناخی نوێوە و لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا لە پەراوێزی نوسینەکانی فەقێ تەیران و ئەحمەدی خانی، هەستی نەتەوایەتی گەشەی کرد. بۆ یەکەمجار ساڵی ١٨٨٠ شێخ عوبەیدوڵا نەهری یەکەم بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی بە مەبەستی سەربەخۆ کردنی کوردستان ڕێکخست. بەدوای ئەو بزوتنەوە کلاسیکییەدا، گەلی کورد دەستی کرد بە خەباتی ڕۆشنبیریی و ساڵی ١٨٩٨ ڕۆژنامەی کوردستانی بڵاوکردەوە و دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، لە ساڵی ١٩٢٦دا یەکەم ڕێکخراوی خۆی لەژێر ناوی "کۆمەڵەی خۆیبوون" دامەزراند. هەڵکەوتەی جوغرافیایی، دڕندەیی داگیرکەرانی کوردستان، خیانەتی زلهێزەکانی جیهان و بەگشتی لاوازیی هەستی نەتەوایەتی و کەمئەزمونی گەل و سەرکردەکانمان ڕێگر بوون لەبەر دەم نەتەوەی کورددا کە وەک نەتەوەکانی تر لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دامەزرێنێت.

**پرسیار : لە ئیران شۆڕشی مەشرووتە، بوە هۆی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ئاستی ئێراندا، بۆ کورد کام قۆناخ دەتوانین وەک قۆناخی نوێ و سەردەمی نوێ دەستنیشان بکەین کە بووبێتە هۆی گۆرانێک لە پێکهاتەی سیاسی؟**

**حامید گەوهەری :** شۆڕشی مەشروتەی سەڵتەنەتی کە لە سەردەمی محەمەد عەلی شای قاجاردا بە ئەنجام گەیشت، قۆناخێکی نوێی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێراندا پێکهێنا. بەهۆی ئەو شۆڕشەوە، ئێران بوو بە خاوەنی یاسای بنەڕەتی "قانون ئەساسی" و پەرلەمان، بەڵام ڕەزاشا و دواتریش محەمەد ڕەزای کوڕی، تەنیا

ڕەواڵەتێکیان لەو دەستکەوتانە هێشتەوە، بە جۆرێک گەلانی ئێران نەیانتوانی بەشێوەی بنەڕەتی لێی سودمەندبن. پەرلەمان کرا بە دیوەخانی شا و یاسای بنەڕەتی پێشێلکرا و دواتر دەزگای هەواڵگریی "ساواک" و حیزبی ڕەستاخیز دەسەڵاتی ئێرانیان گرتەدەست و نەیانهێشت شۆڕشی مەشروتە بە ئامانجە دیارییکراوەکانی بگات. نەتەوەی کورد بەهۆی کۆڵۆنی بوونی گەلێک قۆناخی گرنگ خستوەتە پشت سەر، لە شەڕی چالدیران١٥١٤وە بگرە تا پەیمانی زوهاب لە ١٦٣٩ ، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵا نەهری لە ١٨٨٠ و نەمانی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە ١٩٢٣ . پێکهاتنی دەوڵەتی عێراق و لکاندنی باشوری کوردستان بەو دەوڵەتە. پەیمانی سیڤەر لە ساڵی ١٩٢٠ و دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦. شۆڕشی ئەیلول و پەیمانی جەزایر لە ساڵی ١٩٧٥. ڕوخانی ڕژێمەکانی پاشایەتی لە عێراق و ئێران و ڕوخانی ڕژێمی بەعس و نەمانی سەدام حوسێن. نەمانی سیستمی دوو جەمسەریی و سەرهەڵدانی نەزمی نوێ لە جیهان و...تد. هەرکام لەو گۆڕانانە کاریگەریی ڕاستەخۆیان هەبوو لەسەر ژیانی سیاسیی، کۆمەڵایەتی و چارەنوسی نەتەوەی کورد و بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بە قۆناخی نوێ دەژمێردرێن.

پرسیار : ئەگەر لاپەرەکانی مێژووی هاوچەرخ هەڵبدەینەوە، دەبینین کە بزووتنەوەی کوردی بە پێچەوانەی بزووتنەوەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین، بەرەو ئیسلام گەرایی نەچوو؟ لەهەمان کاتیشدا بەربەرەکانێی لەگەڵ نەکرد؟ هۆکارەکان چ بوون؟

حامید گەوهەری : پیاوانی موسوڵمان لە سەدەکانی ڕابردوودا، قازانجی زۆریان بە بزوتنەوەی کورد گەیاندوە. زۆربەی ڕاپەرین و بزوتنەوەکانی کوردستان لە حوجرەی فەقێیان و تەکیە و خانەقای شێخانی کوردستانەوە سەریان هەڵداوە، بەڵام لە مێژووی هاوچەرخدا کە ئیسلامی سیاسیی سەریهەڵدا، بزوتنەوە ئیسلامییەکانی کوردستان سەرنجی کەمتریان بە بزوتنەوە ڕزگارییخوازیی نەتەوەی کورد داوە و لە زۆر حالەتدا، لە جیاتی خزمەت بە نەتەوەکەیان، تیرۆریستیان پەروەردە کردوە و چالاکانی سیاسیی و مەدەنی و سکولاری کوردیان تیرۆر کردوە و فتوای کوشتنی خەڵکیان دەرکردوە. حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان نەیانتوانیوە وەک نەتەوەکانی عەرەب، فارس و تورک، ئیسلامی سیاسی بکەنە ئامانج بۆ ڕزگارکردنی نەتەوەکەیان و لە زۆر بواردا بوونەتە پاشکۆی حیزبی ئیسلامییە خاوەن دەسەڵاتەکان لەو وڵاتانەدا کە کوردستانیان داگیر کردوە. لە حیزبە ئیسلامییەکاندا بە چەشنی حیزبە کۆمونیستەکان، هەستی نەتەوایەتی لاوازە و ئەگەر هێزیان هەبێت لە دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامیی و حوکمی قورئان دەدوێن. ڕێککەوتنی کوردە ئیسلامییەکانی باکوری کوردستان لەگەڵ حیزبی داد و گەشە لە تورکیا و بەستراوەیی حیزبە ئیسلامییەکانی باشوری کوردستان بە کۆماری ئیسلامیی ئێران و عەرەبستانی سعودی و کردەوەکانی ئەنسارئیسلام لە باشوری کوردستان، نمونەی ئاشکرای ئەو بۆچوونەن.

پرسیار : لە ناوەراستی سەدەی بیستەم، ئایدۆلۆژی کۆمۆنیزم وەک دیاردەیەکی بەهێزی کۆمەلایەتی و سیاسی هەموو ناوچەکەی گرتەوە، ئەم ئایدۆلۆژییە بۆ نەیتوانی ببێتە پاشخانێکی فیکری بۆ بزووتنەوەی کورد؟

حامید گەوهەری : شەڕی دووەمی جیهانیی و سەرکەوتنی یەکێتی سۆڤیەتی لەو شەڕەدا، لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ئازادکردنی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات لەلایەن هێزەکانی سۆڤیەتەوە، کاریگەریی زۆری هەبوو لە ڕاکێشانی ڕای سەرکردە و خەڵکانی ئەو وڵاتانە بەرەوە تیۆریی و سیستمی سۆسیالیزمی سۆڤیەت. لە میانە شەڕەکەدا ئایدیۆلۆژیی کۆمونیزم، کاریی زۆری کردەوە سەر گەلی کورد و سەرکردەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و دواتریش حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەو هیوایە کە یەکێتی سۆڤیەت ڕزگارکەری نەتەوە ژێردەست و چەوساوەکانی جیهانە، بەڵام دوای سازانی ستالین لەگەڵ قەوامولسەلتەنە و محەمەد ڕەزاشا و پاشەکشەی سەربازانی سۆڤیەت لە ئێران و دواتریش بەستنەوەی حیزبە کۆمونیستە بەناو براکان و لایەنگریی سۆسیالیزم، بەرەوە بەرژەوەندە دەستنیشانکراوەکانی سۆڤیەت، بەرەبەرە کۆمەڵانی خەڵکی لە سۆڤیەت دورکردەوە. لەبەر ئەوە بوو کە بەشێک لە لاوانی کورد و وڵاتانی تر، لە ڕەوتی خەباتدا، بەرەوە تیۆریی ماوویی چوون و بەشێکیشیان هوشەمینەیان کرد بە هێمای دوارۆژیان، بەڵام هیچکام لەوانە نەیانتوانی ببنە پاشخانی فیکریی گەلەکەمان، چونکە سۆسیالیزمی سۆڤیەت بەگوێرەی هەلومەرج و ئەو چوارچێوە فیکرییە دانەمەزرابوو کە بتوانێت لە جیهاندا جێبگرێت و نەتەوەکانی جیهان لەخۆیدا کۆبکاتەوە. بە ڕای من، هەرچەندە لێنین لە سەرەتای دامەراندنی دەوڵەتی سۆسیالیستیدا لە سۆڤیەت، قازانجی زۆری بە بیری کۆمونیزم گەیاند، بەڵام دواتر دەرکەوت کە لە دامەزراندنی سۆسیالیزمدا سەرنجی تۆکمە و تەواو بە باری فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتی دانیشتوانی سۆڤیەت نەدراوە و تەنیا باری ئابورییەکەی لەبەرچاو گیراوە، لەگەڵ بەرینی خاک و زۆریی دانیشتوانی، نەک ڕادەی پێشکەوتنی فەرهەنگیی، کۆمەڵایەتی و سیاسیی خەڵکەکەی. ئەوە بوو کە دوای ٧٠ ساڵ لە دامەزراندنی سۆسیالیزم لە سۆڤیەتدا، کاتێک هاشم ڕەفسنجانی سەرکۆماری ئەوکاتی ئێران، چوو بۆ ئازەربایجانی باکور، ئیسلامییەکانی ئەو وڵاتە بەناو سۆسیالیستییە، کوتە عەباکەیان بە دیارییەکی پیرۆز بۆخۆیان زانی. ئەم باسە گرنگە و لە ڕاستیدا لێرەدا جێی نییە کە بە وردی ئاماژەی بۆ بکەم، بەڵام بۆ زانیاریی خوێنەرانی بەرێزی ئەم چاوپێکەوتنە، پرۆڤیسۆر جەمیل حەسەنلی هاووڵاتی باکوری ئازەربایجان دەیان بەڵگەی سەبارەت بە تاوانەکانی ستالین و ڕێبەران ئەوکاتی سۆڤیەت سەبارەت بە کۆمارەکانی کوردستان و ئازەربایجان لە دوو کتێبدا کۆکردوەتەوە و من لە کتێبێکدا لەژێر ناوی

(بەرزبوونەوە و کەوتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان)، لەگەڵ کتێبێکی تر لەژێر ناوی (کۆماری کوردستان ٢٢ / ١ / ١٩٤٦ - ١٧ / ١٢ / ١٩٤٦ ) بڵاومکردوەتەوە. ئەم دوو کتێبە، وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەنەوە کە بۆچی ئایدۆلۆژی کۆمونیزم نەیتوانی ببێتە پاشخانی بزوتنەوەی نەتەوەی کورد.

**پرسیار :** *بۆچی بزووتنەوەی چەپ نەیتوانی خەون و ئاواتەکانی کورد بەدی بێنێ؟ یان بە واتایەکی دیکە، بزووتنەوەی کوردی بەرەو کوێ برد؟*

**حامید گەوهەری :** هیچکام لە بزوتنەوە ڕزگارییخوازەکانی نەتەوەیی، چەپ و ئیسلامیی و ...تد تا ئێستا نەیانتوانیوە خەون و ئاواتەکانی کورد بەدی بهێنن. هەروەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، هەڵکەوتەی جوغرافیایی، دڕندەیی داگیرکەرانی کوردستان، خیانەتی زلهێزەکانی جیهان بە گەلی کورد، لاوازیی هەستی نەتەوایەتی و کەم ئەزمونی گەل و سەرکردەکانمان، ڕێگر بوون لەبەر دەم نەتەوەی کورددا کە وەک نەتەوەکانی تری جیهان، دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دامەزرێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەروەک لە وەڵامی پرسیاری پێشودا ئاماژەم بۆ کرد، بیری چەپ لە کوردستاندا نەک هەر نەیتوانیوە گەلەکەمان لە پلەی گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی جیهان بە ئاوات بگەیەنێت، بەڵکوو بزوتنەوەکانی کوردی توشی قەیرانی فیکریی و سیاسیی کردوە و ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردی لە هەوڵدانی ڕاستەوخۆ بۆ بەدەستخستنی مافەکانی دورکردەوە. بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکانی کوردستانی دوو کوت و چەند کوت کردوە و بۆ ماوەیەکی زۆر بەرەو ئاقاری نارونی بردوە کە تا ئێستاش زیانەکانی قەرەبوو نەکراون.

**پرسیار :** *شۆڕشی ٥٧، گرینگترین ڕووداوی سیاسی ئێران بوو لە سەردەمی نوێدا، بەگشتی کورد کەوتە بارودۆخێکەوە کە توانی بەشێک لە کوردستان ئیدارە بکات، ئەو بارودۆخە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟*

**حامید گەوهەری :** شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران وەرچەرخانێکی گرنگی سیاسیی بوو لە ئێراندا. گەلانی ئێران هەرگیز وەک سەردەمی ڕاپەرینەکانی بەرلە شۆڕش، یەکڕیز و هاودەنگ و هاوهەڵوێست نەبوون بۆ ڕوخاندنی حوکمی پاشایەتی لە ئێراندا، بەڵام دواتر یەکنەگرتنی هێزە سکولارەکان لەژێر دروشمێکی دیموکراتیدا، خومەینی و لایەنگرانی سەرخست. ئەوان لە بڵاویی هێزەکان و ساویلکەیی خەڵکانی ئێران کە لە سەردەمی محەمە ڕەزاشادا، کاریی ڕێکخراوەیی و بەکۆمەڵیان نەکردبوو، کەڵکیان وەرگرت و حوکمی خومەینی و ئیسلامی شیعەی ١٢ ئیمامیان بە سەر گەلانی ئێراندا سەپاند. ئەوە ڕاستە کە شۆڕشی ١٩٧٩، کوردستانی خستە قۆناخێکی نوێی سیاسییەوە و لە شار و گوندەکانی کوردستاندا خەڵک بەشدارییان کرد لە بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان، بەڵام دڕندەیی خومەینی و لایەنگرانی، کەمئەزموونی و بڵاویی هێزە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان، لەگەڵ دەستێوەردانی دەرەکی، شکستیان بە بزوتنەوەی کورد هێنا. لەم بارەیەوە من کتێبکی ١١٠٠ لاپەڕەییم لەژێر ناوی (ڕۆژهەلاتی کوردستان لە دە ساڵدا ١٩٧٨- ١٩٨٨) بڵاوکردوەتەوە و ئاماژەم بۆ کەندوکۆسپەکانی دە ساڵی یەکەمی بزوتنەوەی ڕۆژهەلاتی کوردستان و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردوە.

**پرسیار :** *بەگشتی خواستەکانی کورد چ بوون؟*

**حامید گەوهەری :** خواستی بزوتنەوەی کورد لە شۆڕشی ١٩٩٧دا وەرگرتنی مافی خودموختاریی هەرێمی ڕۆژهەلاتی کوردستان بوو لە چوارچێوەی جوغرافیای سیاسیی ئێراندا. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە نوێنەرایەتی زۆربەی گەلی کوردی دەکرد، هەوڵیدەدا، ئەو مافە لە دەستوری ئێراندا بگونجێنێت. لە بەرامبەردا خومەینی و لایەنگرانی لە ڕژێمی کۆماری ئیسلامیدا، خەریکی فریودانی خەڵک و دەستەمۆکردنی بزوتنەوەکەی بوون و دژی دانی خودموختاریی. هەرچەندە لە وتوێژەکانی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورددا کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، چریکی فیدایی خەڵکی ئێران "لقی کوردستان" و مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی بەشداربوون تێیدا و گەلاڵەیەکی خودموختاریان ئاراستە کرد و دواتر حیزبی دیموکرات گەلاڵەکەی لە شەش ماددەدا کورت کردەوە، بەڵام دیسانیش کۆماری ئیسلامی بە بیانووی جیاواز، خواستی نوێنەرانی گەلی کوردی خستە پشت ئەستۆ و سەرئەنجام شەڕ کۆتایی بە وتووێژ و ڕێککەوتنەکان هێنا.

**پرسیار :** *بەرگری ڕەوا یان شەر لە کوردستان لە کوێوە دەستی پێ کرد و ئاکامەکانی لەسەر کۆمەڵگا و بزووتنەوەی سیاسی چ بوون؟ بەگشتی جەنگ لە کوردستان چ دەرەنجامگەلێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە دواوە بوو؟*

**حامید گەوهەری :** هەر ناوێکی لێ بنێین شەڕ یان بەرگریی ڕەوا، کوردستانی توشی کارەسات کرد. بەرلەوەی کە کێشەی کورد و ڕژێم ئاوێتەی شەڕ ببێت، لە کوردستاندا

شەڕی خۆبەخۆ هەبوو. شەڕ لەنێوان حیزبی دیموکرات و عەشیرەتی مەنگوڕ، کۆمەڵە و سوپای ڕزگاری و دیموکرات، چەکدارانی سەربە ڕژێمی بەعسی عێراق و سەڵتەنەتخواز دژی ڕژێمی ئێران، شەڕی حیزبی دیموکرات و ڕێکخراوی پەیکار، کۆمەڵە و چریک دژی دەرەبەگەکان. دوای هەڵگیرسانی شەڕی کۆماری ئیسلامیی دژی گەلی کورد، شەڕی کۆمەڵە و دیموکرات بۆ ماوەی نۆ ساڵ وەک درێژترین شەڕی سەدەی بیستەم. شەڕ لە هەموو بوارێکدا زیانی قەرەبوونەکراوی لێکەوتەوە. زیاتر لە شەشهەزار مرۆڤی تێدا کوژرا، بۆ ماوەیەکی زۆر منداڵانی کوردی لە خوێندن و پەروەردەبوون دورخستەوە، گەشەی ئابوریی وەستاند و زیانی بە ئابوریی کوردستان و ئێران گەیاند و سەدان هەزار کەسی لە زێدی خۆی کردەوە و ئاوارەی وڵاتانی کردن و ...تد.

**پرسیار :** *دەیەی حەفتا لە ئێران ڕەوشێکی دیکە بەسەر ئێراندا هاتە ئاراوە، نەزمی نوێی جیهانی هاتە ئاراوە، چینی نوخبەی شاری دروست بوو، شارەکان گەشەی خێرایان بە خۆیەوە بینی، گۆرانکارییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئاست ئێراندا هاتبوە ئاراوە، گوتارە ڕووناکبیرییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە جیاواز لەگەڵ ئەوەی کە تێکڵاوی ئیدئۆلۆژییەکانی بیری چەپو ڕاستو دینی بوون، هەموویان لە چوارچێوەی گوتاری ناسیونالیستیدا کاریان کردووەو هەوڵی خۆپێناسەکردن بوون،و بە واتایەک بە دوای "گەڕان بە دوای شوناس دا" بوون، ڕەوتی ڕووناکبیری کورد بەرەو چ ئاقارێک ڕۆشت؟*

**حامید گەوهەری :** یاساخ بوونی خەباتی مەدەنی، ڕۆژنامەوانی، سیاسیی و حیزبایەتی لە سەردەمی حوکمی پاشایەتیدا لە ئێران، لە شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ دا زیانی زۆر و قەرەبوونەکراوی بە گەلانی ئێران گەیاند. ئەو ڕەوتە دوای دامەزرانی کۆماری ئیسلامیش بەردەوام بوو، تا سەید محەمەد خاتەمی لە ساڵی ١٣٧٦دا بە سەرکۆماری ئێرانی هەڵبژێردرا. خاتەمی بۆ قەرەبوو کردنەوەی کۆمەڵێک هەلی لە دەستچوو لە بوارەکانی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و دیپلۆماسیی نێودەوڵەتیدا، سیاسەتێکی نوێی گرتەبەر و تیۆریی (گفتوگۆ لە نێوان فەرهەنگە جیاوازەکان)ی ئاراستە کرد. لەناوخۆی ئێرانیشدا پاڵپشتی کرد لە کاری ڕۆژنامەگەریی ئازاد و خەباتی مەدەنی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیدا. بەو هەنگاوەی مێشکی تینو بە ئازادیی چینە جیاوازەکانی خەڵک و بەتایبەت لاوان، خوێندکارانی، ئافرەتان، کرێکاران و نەتەوە کۆڵۆنییەکانی لە ئێراندا هاندا کە لە چوارچێوەی دەستوری ئێراندا بێنە مەیدان و داخوازەکانیان ڕابگەیەنن. قەیرانی ئیسلامی سیاسی لە ئێران لە لایەک و شکستی سۆسیالیزمی سۆڤیەت لە هەشتاکاندا لە لایەکیتردا، لەگەڵ کەمئەزمونیی حیزبە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان لە کاری بە کۆمەڵدا، بوونە هۆی هاندانی خەڵک کە بەدوای شوناسی خۆیاندا بگەڕێن. لەگەڵ ئەوەشدا چینی نوخبە دروشمەکانی خۆی لە دەوری ئازادیی و مافی ئافرەتان، ڕۆژنامەنوسیی، مافی کرێکاران و نەتەوەکان و ئازادیی زیندانە سیاسییەکان و...تد کۆکردەوە کە مافێکی یاساییین لە دەستوری ئێراندا. ڕوناکبیری کوردیش لەژێر کاریگەریی ئەو بزوتنەوەیەدا، بە تێبینییەوە هاتە مەیدان و بە پێچەوانەی بیری بەرتەسکی حیزبایەتی، بەدوای شوناسێکدا گەڕا کە زاخاوی مێشکی بێت لە خەباتی دواڕۆژدا.

**پرسیار :** *گوتارێک کە باڵی بەسەر فەزای سیاسی و روناکبیری کوردستاندا لەدەیەی حەفتادا کیشابوو، گوتاری خەباتی مەدەنی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کورد لە چوارچیوەی ژنان، خوێندکاران، کرێکاران و ... بوو، ئایا ئەمە بەرهەمی بێ ئاکام مانەوەی شەری چەکداری بوو یان وشیاری سیاسی یان لاوازی حیزبە سیاسییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟*

**حامید گەوهەری :** هەرچەند شەڕی چەکدارانە لە سەردەمێکدا ڕاگری بزوتنەوەی کورد بووە لە بەرامبەر دوژمنانی کوردستان، بەڵام ئەمڕۆ لە سەردەمی تێکنیکی بەهێز و پێشکەوتوی جیهان، ئیتر باوی نەماوە، یان قورسایی خۆی لە دەستداوە. کورد نە خاوەنی ئەو جبەخانەیە کە لە بەرامبەر داگیرکەراندا خۆی پێبپارێزێت و نە ئابورییەکەی ئەوەندە بەهێزە کە لە شەڕدا خۆی پێ بحاوێنێتەوە. هەروەک لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا گوتم چینی نوخبە و ڕوناکبیری کورد و ئێرانی دروشمەکانیان لە دەوری مافەکانی مرۆڤ، ماف و ئازادیی ئافرەتان، ڕۆژنامەنوسیی، مافی کرێکاران و نەتەوەکان و...تددا کۆکردوەتەوە کە مافێکی یاساییین لە دەستوری ئێراندا، بەو تێبینییەوە کە ڕژێمی دیکتاتۆر بە کردەوە کاردانەوی توندی لە بەرامبەر ئەو داخوازانەدا هەیە.

**پرسیار :** *گوتاری کۆمەڵگای مەدەنی خۆی لە هەناوی نەوەی خوێندکاری کورد هاتە ئاراوە و دەیان بلاڤۆک و بلاوکراوەی خویندکاری هاتە ئاراوە، پاشان ڕەوتی فراکسیۆنی کورد لە مەجلیسی ئێران دروست بوو و ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و ئین جی ئۆکان دامەزران، بەرەی یەکگرتووی کورد پێک هات، ئەم هەوڵانە بەگشتی بەرەو کوێ ڕۆیشت؟ دەرەنجام و شکەستەکان چ بوون؟*

**حامید گەوهەری :** تا ئەو ڕۆژەی مرۆڤ بمێنێت، کێشە کۆمەڵایەتییەکانیش لە جیهاندا بەردەوام دەبن و کێشەکان هەر ڕۆژەی خواستێک و شێوازێک بەخۆیانەوە دەگرن. بە

درێژایی مێژوو لاوان و خوێندکاران لە ریزی پێشەوە و سەر قافڵەی ئەو خەباتە بوون. بە چوک بوونەوەی دونیا لە کامپیۆتەر، یان تەلەفۆنێکی دەستیدا، ئاساییە کە لاوان و خوێندکاران زانیارییەکانیان دەبەنەسەر و ئەڵقەکامی زنجیرەی پەیوەستبوونیان لەگەڵ یەکتر بەرفرەوان دەکەنەوە و زۆر بەپەلە لە تاقیکردنەوە سەرکەوتووەکانیان ئەزمون وەردەگرن. ئەگەر تا دوێنێ لاوی کورد بە تاوانی بڵاوکردنەوەی نامەیەک دەگیرا و بە ساڵان لە زینداندا ڕادەگیرا، ئەمڕۆ پێویست بەوە ناکات ئەو مەترسییە بخاتە سەرشانی خۆی، بەبێ هەستکردنی دوژمن، لە ماوەی چەند چرکەیەکدا نامەکەی بڵاودەکاتە، لە ئەزموونی گەلانیتر بۆ وڵاتەکەی و بۆ ئازادیی و مافەکانی کەڵکوەردەگرێت. لەبەر ئەوە جێی خۆیەتی کە کۆمەڵگای مەدەنی خۆی لە هەناوی لاواندا ببینێتەوە و ڕێکخراوی مافی مرۆڤ، ئین جی ئۆ و بەرگرییکردن لە مافی ئافرەتان و کرێکاران دامەزرێنێت و لە پەرلەماندا فراکسیۆن پێکبهێنێت. ئەم دامەزراوانە هەنگاوی سەرەکین لە پەروەردەکردنی لاواندا کە لە گۆڕانکارییەکانی دوایی، توشی سەرلێشێواوی نەبن.

پرسیار : بزووتنەوەی سەوز لە ئێران قۆناخێکی دیکە بوو لە ئێران، ڕەوتی سیاسی و باڵەکانی ریژیمی بە ئاقارێکی دیکەدا برد، کورد بێدەنگی نواند، ئایا بێدەنگی مەسڵەحەتی کورد بوو یان بە پیچەوانە؟

حامید گەوهەری : بزوتنەوەی سەوز، بزوتنەوەیەکی خۆڕسک بوو کە دوای هەڵبژاردنی سێ ساڵ لەمەوبەری سەرۆککۆمار بۆ ئێران سەریهەڵدا. ئایەتوڵلا خامنەیی و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە پرۆگرامێکی پێشوەخت، دەنگە دراوەکانی خەڵکیان بە میرحوسێن موسەوی و ئایەتوڵا کەروبی خستە سەر دەنگی مەحمود ئەحمەدی نژاد و ئەویان بە سەرکۆماری هەڵبژێردراوی خەڵک ناساند، کەچی پلانەکەیان ئاشکرا بوو و لە بەرامبەردا خەڵک داوای دەنگەکانیان کردەوە. کاتێک سەرنج بە داخوازەکەیان نەدرا، ڕژانە ناو شەقامەکان. موسەوی و کەروبی کە غەدر لێکراوی ئەو ڕووداوە بوون، جڵەوی ئەو بزوتنەوەیان گرتەدەست و ناوی بزوتنەوەی سەوزیان لێنا. هەرچەندە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی بە درندەیی و چەک و گرتن و زیندان خامۆشیان کرد، بەڵام لە مێژووی خەباتی مەدەنی ئێراندا، بزوتنەوەیەکی بێهاوتا بوو. خوێندکار، کرێکار، ئافرەت، بازاڕیی، ڕۆشنبیر و بەگشتی هەموو چینەکانی لەخۆیدا کۆکردەوە. بێدەنگبوونی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لەو بزوتنەوەیەدا، ئاوێتەی ترسێک بوو کە لە ڕوبەڕوو بوونەوەیان لەگەڵ حیزبە سیاسییە ئێرانییەکان هەیانە. لە ڕاستیدا بیانوی پاراستنی گیانی خەڵک دیاردەیەکی ڕەواڵەتی بوو، چونکە بە درێژایی مێژووی خەباتیان شانازی بە ڕادەی زۆریی شەهیدەکان دەکەن. نمونەیەک لەو دورە پەرێزییە دەهێنمەوە. پترلە شەست و پێنج ساڵە حیزبی دیموکراتی کوردستان (هەردوو باڵ) خەبات دەکات و هەزاران ئەندام و پێشمەرگەی شەهید بووە، بەگوێرەی پرۆگرامەکەی دەیەوێت لە چوارچێوەی جوغرافیای ئێراندا کورد بە مافی خودموختاریی یان فیدراڵی بگەیەنێت، بەڵام جگەلە شەش مانگ لە سەردەمی پێشەوا قازی محەمەددا نەیتوانیوە بۆ تێکشکاندنی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان تەنانەت لەگەڵ یەک حیزبی سەرتاسەریی ئێران بەرە پێکبهێنێت. لەنێوان کۆنگرەکانی پێنجەم و شەشەمدا لەگەڵ موجاهیدینی خەڵک لە شورای بەرگریی نیشتمانیدا ڕێککەوت، بەڵام نەیتوانی کاری بەکۆمەڵ بکات و دوای کۆنگرەی شەشەم بە هەڕەشەی موجاهیدین لە شورا دەرچوو، ئەگەرنا بە تاوانی بەشدارییکردن هاوکات لە شورادا بۆ ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامیی و لەژێرەوەشدا وتووێژکردنی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەریان دەکرد. لە ڕاستیدا ئەگەر حیزبە سیاسییەکانی ئێمە باوەڕیان بە ژیانی هاوبەش لە ئێراندا هەیە، دەبێ هاوکاریی ڕێکخراوەکانی ئێرانیی بکەن و لە داهاتودا بەشداربن لە بڕیاردان و بەدەستەڵات گەیشتن لە ئێراندا، ئەگەرنا دروشمەکانیان بگۆڕن، چونکە گەلی کورد ناتوانێت بە تەنیا ڕژێمی ئێران بروخێنێت و دەسەڵاتی ئێران بەدەست بگرێت.

پرسیار : ساڵی ٢٠١١ بۆ دنیای عەرەب، بەهاری عەربی بە دواوە بوو زۆر شۆڕش و بزووتنەوە سەریان هەڵدا، بۆچی بۆ کورد بە مێژینەی خەباتی سیاسییەوە لەم ئالوگۆرانە دواکەوت؟

حامید گەوهەری : بزوتنەوەی کورد و عەرەب زۆر لێک جیاوازە. عەرەبەکان خاوەنی ٢٢ دەوڵەتی سەربەخۆن، بەڵام کورد هێشتا جێی حەوانەوەی لە وڵاتی خۆیدا نیە و وڵاتەکەی داگیرکراوە. تەنانەت باشوری کوردستان کە سەربە وڵاتی عێراقە، هێشتا بەشێکی لە چنگ عەرەبە شوینییەکاندایە و ناهێڵن بگەڕێتەوە سەر باشور. لە ئێران، تورکیا و سوریا هەلومەرج لەوەش ئاڵۆزترە. ئێمە دەزانین ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە سەردەمی شەڕی سارد و دوو جەمسەریی جیهاندا، بۆ پاراستنی بەرژەوەندەکانیان لە وڵاتاندا، پشتی دەسەڵاتدارەکانیان دەگرت و پشتیان لە خواستی گەلان و ڕادەی جێبەجێکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیی دەکرد، بەڵام دوای کۆتایی شەڕی سارد، لە ساڵی ١٩٩٥وە سیاسەتی خۆیان گۆڕی بۆ دژایەتی کردنی دیکتاتۆرەکان و بەرگرییکردن لە مافی دیموکراتی و دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیی لە وڵاتانی ڕو لە گەشەدا. شەڕ دژی تاڵەبان لە ئەفگانستان و شەڕ دژی سەدام لە عێراق لەو چوارچێوەیەدا بوو کە بە پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسرا. بەخۆشییەوە لەو چەند ساڵەی دواییدا،

ژمارەیەکی بەرچاو لە دیکتاتۆرەکانی وەک: سەدام حوسێن، معمەر قەزافی، زینەلعابدین بنعەلی، حوسنی موبارک لەناوچوون و گۆمان ناکرێت کە لە ماوەیەکی کەمدا ئەو شەپۆلە، چەند وڵات و سەرکردەی تری جیهانیش دەگرێتەوە و ئەگەر کورد بەشداریی چالاک و یەکگرتووی نەبێت، ڕەنگە لە ڕوداوەکانی داهاتودا سودی زۆر نەبینێت.

پرسیار : ئەگەر حافقەی تاریخی نەوەی نوێ و نەوەکانی بەر لە ئێمە لە بەرچاو بگرین، بە گوتاری بەهێزی ناسیونالیستی نەخشێندراوە، لەم ڕوانگەوە حزبەکان یەکەمین پێگەی ئەو بیرکەو مێژووییەن بۆ کۆمەڵگا، بە گشتی جیهانبینی و ڕوانگەی حزبەکان لەهەمبەر داهاتووی پرسی کورد چۆن لێکدەدەنەوە؟ ئایا کارکردی خۆیان لەدەست داوە یان؟

حامید گەوهەری : ئەگەر مەبەستت لە گوتاری ناسیۆنالیستی، هەوڵدانە بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی و سەربەخۆیی گەلی کورد، پێویستە بڵێم هیچ نەتەوەیەکی کۆڵۆنی نییە لە جیهاندا کە دژی سەربەخۆیی وڵاتەکەی بێت. هەموو هێزە سیاسییەکان و کەسایەتییە پێشڕەوەکانی کوردستان دوای جەنگی یەکەم و سەرهەڵدانی جەنگی دووەمی جیهانی، هەوڵی سەربەخۆیی کوردستانیان دەدا و بە ئاشکرا لە ڕزگاریی نەتەوەیی دەدوان. کۆمەڵەی خۆیبوون، حیزبی ئازادییخوازی کوردستان، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، کۆمەڵەی هیوا و لیژنە ئازادیی، یان شێخ مەحمود و سمایل ئاغای سمکۆ، خاوەن دروشمی سەربەخۆیی بوون بۆ کوردستان، بەڵام دوای کۆتایی جەنگی دووەم و دامەزرانی کۆمەڵی نەتەوەیەکگرتووەکان لە جیاتی کۆمەڵی نەتەوەکان، بەرینبوونەوەی سۆسیالیزمی سۆڤیەت لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و پەرەسەندنی بیری سۆسیالیستی لە کوردستاندا، ئەو دروشمە لە هەموو کوردستاندا گوڕی بۆ خودموختاریی لە چوارچێوەی جوغرافیای وڵاتاندا. من لە کتێبی (کۆماری کوردستان ٢٢ / ١ / ١٩٤٦ - ١٧ / ١٢ / ١٩٤٦) دا هۆ و بەڵگەکانی ئەو گۆڕانەم بڵاوکردوەتەوە. لەگەڵ ئەم وتووێژەم دەقی ئەو کتێبەت بە دەنگ بۆ دەنێرم.

مشارکت سیاسی یان بە واتایەکی دی، بەشداری ژنان لە پرۆسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا و لە نێو بزووتنەوەی ڕووناکبیریدا چۆنە و ئایا بزووتنەوەی ژنانی کورد تایبەتمەندی خۆی هەیە؟

پرسیار :" هەرچەند شەڕی چەکدارانە لە سەردەمێکدا ڕاگری بزوتنەوەی کورد بووە لە بەرامبەر دوژمنانی کوردستان، بەڵام ئەمڕۆ لە سەردەمی تێکنیکی بەهێز و پێشکەوتوی جیهان، ئیتر باوی نەماوە، یان قورسایی خۆی لە دەستداوە. کورد نە خاوەنی ئەو جبەخانەیە کە لە بەرامبەر داگیرکەراندا خۆی پێبپارێزێت و نە ئابورییەکەی ئەوەندە بەهێزە کە لە شەڕدا خۆی پێ بحاوێنێتەوە. "

حامید گەوهەری : ئەگەر ئێمە ئافرەتی کورد بە نیوەی کۆمەڵی کوردەواریی بزانین و باوەڕمان بەو وتەیەمان هەبێت، جیاکردنەوەی نیوەی ئەو کۆمەڵگایە لە خەباتی سیاسیی، کۆمەڵایەتی و هەر شێوە خەباتێکی تر، بەو واتایەیە کە مرۆڤ لە کارکردندا تەنیا لە نیوەی جەستەی خۆی کەڵکوەرگرێت. ئەگەر کەسێک بۆخۆی لەلای خۆی تاقیکردنەوەیەکی بەم جۆرە بکات، دەبینێت تا چ ڕادەیەک لە کارکردندا دەوەستێت. بە بڕوای من نابێت لە خەباتی سیاسیی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیی و ڕوناکبیرییدا ئافرەت و پیاو لێکداببردرێن و دەبێ هاوشانی یەکتر بن لە خەباتدا. لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەت مافی خۆیەتی لە هەر ئۆرگانێکدا تێبکۆشێت کە خواستەکانی خۆی تێیدا دەبینێت. بوونی ئافرەت لە بزوتنەوەی کوردستاندا لاوازتر لەوەیە کە مرۆڤ ئاماژە بۆ چالاکییەکانی بکات. ئەوانەش کە لە حیزبەکاندا تێدەکۆشن، ژمارەیەکی بەرچاو نین.

پرسیار : بزووتنەوەی ڕووناکبیری کورد وەک سووژەیەک بۆ ڕاڤە و تەئویلی بزووتنەوەی کورد پەردەوازە و نایەکانگیر، ئایا کۆمەڵگای کوردی نوخبەکوژە یان هێشتا بزووتنەوەی ڕووناکبیری کورد شکڵی بەرینی بەخۆوە نەگرتوە و لە دۆخی نوخبەگەرایی خۆی دا ماوەتەوە، هۆکارەکانی نایەکانگیربوونی ئەم بزووتنەوە بۆ چ دەگەڕێتەوە؟ ئایا بزووتنەوەیەکی وامان هەیە؟

حامید گەوهەری : بە گشتی نەتەوەی کورد لە خەباتی کاری بە کۆمەڵدا لاوازە و باش پەروەردە نەکراوە. نا سەقامگیریی لاوان و بەتایبەتی ڕوناکبیران لە کاری بەردەوامدا لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە کە وزە و جوڵەی بەردەوامیان، بەدەستخستنی ئاواتەکانیان. لەگەڵ ئەوەشدا چونکە شێوازی کار و بەڕێوەبردنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی لەسەر بنەمای شیوازی حیزبە کۆمونیستە بەناو براکانی سۆڤیەتی پێشوو دامەزراوە، ناتوانن بیری جیاوازی ڕوناکبیران قبوڵ بکەن و لە بەرامبەریاندا کاردانەوەی توندیان دەبێت و تورە دەبن و ئەنجامەکەی بە ڕاکردن و دورکەوتنەوەی ڕوناکبیر، یان دورکردنەوەیان لە بزوتنەوە و بڵاوکردنەوەی دەنگۆی ناڕاستی بەدوادا دێت. لە ماوەی ئەو ٣٢ ساڵە دا کە کۆماری ئیسلامیی دەستی بەسەر ئێراندا گرتووە، دەیان هەزار ڕوناکبیر لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دورکەوتونەتەوە. ئەو تەنگژەیە بۆچی و لە کوێوە سەرهەڵدەدات، ئایا پیویستیی بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی نییە؟ لەگەڵ ئەوەشدا بە ڕاشکاوی دەبێت دان بەو ڕاستییە بنێم کە بەڵێ

کۆمەڵگای کورد نوخبەکوژەوە و پێویستە بۆ بەختەوریی خۆی و نەتەوەکەی ئاورێک لە نەتەوە سەرکەوتووەکانی جیهان بداتەوە.

پرسیار : وەک پرسیاری کۆتایی، کاری رووناکبیری کورد لەم دۆخەدا چیە؟

حامید گەوهەری : وەک تاک ڕوناکبیری کورد لە کارەکانیدا بۆ کوردستان چالاکە. نوسەر، ڕۆژنامەنوس، شاعیر، تێکنیککاری کورد لە بوارە جیاوازەکاندا، کارکردن بە کامپیۆتەر و سیاسەتزان، هەموویان کاری شایستە دەکەن، بەڵام لەکاری بەکۆمەڵدا کلۆڵەن، یان توانای کاری بە کۆمەڵ و قبوڵکردنی دیسیپلینی چوارچێوەداریان نییە، یان سەرکردەکان قبوڵی هەڵسوکەت و ڕا و بۆچوونەکانیان ناکەن. ئەم کارەی بەرێزتان دەیکەن، کاریی ڕوناکبیرییە و بە بڕوای من ڕوناکبیری کورد دەبێت هەوڵی لێک نزیککردنەوەی کورد و ڕێکخراوە سیاسیی و مەدەنیی و کەسایەتییەکانی بدات بۆ کاری بەکۆمەڵ. لە پەروەردەکردنی خۆی و ڕۆڵەکانی نەوەستێت و بە فەرهەنگی نەتەوەیەکی کۆڵۆنی بۆ ڕزگاریی کوردستان لە دەست داگیرکەران پەروەردەیان بکات. لە هەموو بوارێکدا بۆ کۆمەڵگایەکی تەندروست هەوڵبدات.

پرسیار : تکایە ئەگەر مەسەلەیەکی گرینگ هەبێت کە جێگای ئاماژە بێت، وەک کۆتایی ئەم وتووێژە باسی بکەن و سپاس بۆ ئەمەگداریتان؟

حامید گەوهەری : گرێپوچکەیەک لە بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی و کاری بە کۆمەڵی حیزبایەتیدا هەیە کە زیانی زۆری بە بزوتنەوە، حیزبەکان و تەنانەت تاکی کورد گەیاندوە. ئەم گرێپوچکەیە، نەحاواوەیی سەرکردەی حیزبەکانە لەگەڵ یەکتر کە بە بەردەوامی جیابوونەوە و لەتکردنی حیزبەکانی بەدوادا هاتووە. ئێمە دوو ئەزموونی ئەرێنی و نائەرێنیمان لە بزوتنەوەی کورد لە باشور و ڕۆژهەلاتی کوردستان هەیە. یەکەمیان بەرەی کوردستانیی لە باشور کە توانی بە یەکدەنگی ئەندامانی پەرلەمان و حکومەت دامەزرێنێت و دووەمیان کێشەی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە نەیهێشت لە وتووێژەکانی ساڵی ١٣٥٩ دا لەگەڵ ڕژێمی ئێران، دەستکەوت بەدەست بهێنێت و تەنانەت کات بکرێت بۆ خۆسازدان و پەروەردەکردنی ئەندامانیان. بێگومان هەموو حیزبە سیاسییەکان دژبە ڕژێمی کۆماری ئیسلامین، بەڵام کردەوەکانیان سەبارەت بە یەکتر و بەربەرەکانی خۆبەخۆیان لە خزمەت ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامیدایە. لەبەر ئەوە پێویستە شێوازێک بۆ نەهێشتنی ناکۆکییەکان بدۆزنەوە. هەروەها بەسە حیزب دروستکردن، ئێمە ئەوەندەمان حیزب هەیە کە هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکانی کوردستان لەخۆیاندا کۆبکەنەوە. ئەگەر هاوڕێ دێرینەکانمان لە حیزبی دیموکراتدا (هەردوو باڵ) بخوازن، من پرۆژەیەکم هەیە کە ڕێخۆشکەر دەبێت لەبەر دەم یەکگرتنەوە دیموکراتەکان. لە کۆتاییدا سوپاس بۆ بەرێزتان کاک ئەفراسیاب کە ئەو هەلەت بۆمن ڕەخساند کە لەگەڵ وەڵامدانەوە بە پرسیارەکانت، هەندێک لە بۆچوونەکانی خۆم ئاراستەی خوێنەران بکەم.

====================================

کورتەیەک لە بیوگرافی:

حامید گەوهەری ساڵی ١٩٤٤ لە گەڕەکی مزگەوتی سوریی شاری مهاباد چاوی بەژین کردوەتەوە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و دواناوەندی لە مهاباد و ئامادەیی لە کرماشان تەواوکردوە. ساڵی ١٩٦٢ چووەتە ڕیزی سوپای ئێران و بۆ ماوەی ١٨ ساڵ پلەداری سوپای ئێران بووە. ساڵی ١٩٦٨ بە تۆهمەتی هاوکارییکردن لەگەڵ کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە مهابادەوە دورخراوەتەوە بۆ کرماشان و سێ مانگ و چەند ڕۆژ زیندانی کراوە. ڕۆژی ١٩ / ٢ / ١٩٧٩ (٣٠ / ١١ / ١٣٥٧) بە هاوکاریی چەند هاوڕێی سەربازگەی مهابادی بۆ حیزبی دیموکرات چەککردوە. بەشداریی کۆنگرەکانی ٤ و ٥ و ٦ی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی کردوە. ساڵی ١٩٨٦ کوردستانی بەجێهێشتوە و چووەتە وڵاتی سوید و ئێستاش لەو وڵاتە دەژی. سەدان وتاری جۆراوجۆری لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاکراوەتەوە، لەگەڵ چەندەها چاوپێکەوتن لە تەلەڤزیۆنەکانی کوردستان. ٢٤ کتێبی چاپکراوی لە بوارەکانی مێژوویی، فەرهەنگیی، کۆمەڵایەتی، ئافرەتان و سیاسیی هەیە کە ٧ کتێبیان وەرگێڕاون. سێ ڕۆژژمێری کوردیی بە دیارییکردنی ڕووداوە مێژووییەکان بڵاوکردوەتەوە و ١٧ ساڵ ئەندامی کۆمیتەی گشتیی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان و ٩ ساڵ سکرتێری ئەو فیدراسیۆنە بووە.

ئەمەش لیستەی بەرهەمەکانم

١. بادانەوە یان پێچەڤاندن

٢. ڕاپۆرت دەربارەی هەڵبژاردن و پەرلەمانی کوردستان
٣. کوردایەتی و حیزبایەتی
٤. کورتە مێژووی ئاواز و گۆرانیی کوردی
٥. لێکۆڵینەوەیەکی گشتی و پێداچوونەوە بە بیرەوەرییەکانی کەریم حیسامیی دا
٦. کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان
٧. کۆماری دیموکراتی (ئایدیۆلۆژی ، ستروکتور ، ستراتیژی ، تاکتیک و کردەوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK)
٨. ڕاستییەکان بۆخۆیان دەدوێن
٩. کۆمەڵە و چۆنیەتی دامەزراندن و بەڕێوەبردنی. بە هاوبەشی لەگەڵ عاسی ڕەباتی و نەوزاد وەلی
١٠. چاوخشاندنێک بەسەر وتارەکانمدا
١١. باشوری کوردستان لەنێوان دوو هەڵبژاردندا
١٢. چەککردنی سەربازگەی مهاباد ١٩٧٩
١٣. کورد لە سوید : لە مێژووی ٢٥ ساڵەی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان دا
١٤. ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵدا ١٩٧٨ – ١٩٨٨ بەرگی یەکەم
١٥. ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵدا ١٩٧٨ – ١٩٨٨ بەرگی دووەم
١٦. کۆماری کوردستان ١٩٤٦/١/٢٢ – ١٩٤٦/١٢/١٧
١٧. کۆکردنەوەی ئاڵەکۆک بۆ غەنی بلوریان

ئەو بەرهەمانەی کە کردومن بە کوردی
١٨. مەکسیکی : نوسینی جەک لەندەن
١٩. مەگەر لە وڵاتی ئێوەدا کەر نییە : نوسینی عەزیز نەسین
٢٠. کوردەکان ، نوسینی حەسەن ئەرفەع
٢١. کورد تورک عەرەب : نوسینی سیسیل ج ئیدمۆندس
٢٢. مێژووی شارستانییەت : نوسینی ئیزاک ئاسیمۆف و فرانک وایت
٢٣. ئافرەت لە کاروانی مێژوودا: نوسینی سیامەک ستودە
٢٤. بەرزبوونەوە و کەوتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان : نوسینی جەمیل حەسەنلی

١٣ی نوامبری ٢٠١١

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

### وتووێژ لەگەڵ عەبدوڵڵا سۆهرابی، نوێنەری پێشووی مەجلسی شورای ئیسلامی لە خولی شەشەمدا

عەبدوڵلا سۆهرابی: کێشەی کورد، کێشەیەکی ئایینی نەبووە و نیە، بەڵکوو کێشەیەکی نەتەوایەتی و مافی چارەنووس و پێکەوە ژیان و ئازادی و عەداڵەت و داخوازی سیاسی و کولتووری و ئابوورییە.

پرسیار : هەل و مەرجی سیاسیی کوردستان لە بەر جوگرفیای دابەشکراوی سیاسی و ژێوپۆلتیکی سەخت، بەردەوام لە ڕەوشێکی نالەباردا بووە. ئەم بارودۆخە بە درێژایی چەندین سەدە بەردەوام بووەو بە مێژوویەکی خوێناویدا تێپەڕیوە، بزووتنەوەی کورد بەمەبەستی دیاری کردنی مافی چارەنووس و گەیشتن بەمافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی لە ئاکامی ئەم بارودۆخەدا سەری هەڵدا. هەدەف لەم زەنجیرە وتووێژە لەگەڵ کۆمەڵێک لە چالاکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان ، خەسارناسی و

دۆزینەوەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سیاسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، دەرفەت، سەرکەوتن، شکستەکان و ئاسۆی پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانە. سەرەتا وەک دەروازەیەک بۆ چوونە نێو باسەکەمانەوە، بزووتنەوەی کورد لە روانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە چۆن پێناسە دەکەن؟



عەبدووڵلا سۆهرابی : من لە باری کۆمەڵناسیدا پسپۆڕ نیم؛ بەڵام روونە هەر کۆمەڵگایەک بە گوێرەی شەرایەتی رابردوو و ئێستا و گەلاڵەو پلانەکانی بۆ داهاتووی هەڵسوکەوت و رۆڵ و چالاکیی خۆی بە پێی پێویست و لە بوارە جیاوازەکاندا و بە کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتەکان، بە تایبەت لە باری سیاسی و کولتوورییەوە نیشان ئەدا.دیارە لە هەر کات و شوێنێکدا کە گرووپێک بچووک یان مەزن بە زەروورەت پێکەوە دەژین سیستمێکی فەرمی یان نافەرمی بۆ خۆیان پێک دێنن و سەبارەت بە رابردوو داهاتوویان و هەروەها بۆ گەیشتن بە ئامانج و مافە رەواکانیان تێ دەکۆشن و هەر کاتێک دەسکەوت و مافەکانیان لە مەترسیدا بێت، بەرگریی و بزووتنەوە و راپەڕین دەکەن.

دیارە میللەتی کوردیش وەکوو کۆمەڵگایەک بە رابردوویەکی پڕ لە رووداو ئەزموونی خۆیەوە و لە دنیای بێ سنووری کۆمەڵگای ئینسانی ئەمڕۆدا نەیتوانیوە و ناتوانێ سەبارەت بە ماف و بەرژەوەندییەکانی چالاک نەبێت. بۆیە هەر وەک لە مێژووی گەلی کورددا دەبینین بە تایبەت لە سەدەی بیستدا لە ژێر کاریگەریی شۆڕش و ئاڵوگۆڕی وڵاتەگەورەکاندا و بەتایبەتی شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانیدا زۆرترین بزووتنەوەو راپەڕینی بۆ بەرگریی لە مێژوو و کولتوور و گەیشتن بە ئازادیی و عەدالەت و مافەرەواکانی نیشان داوە.

پێویستە ئاماژەی پێ بدەین پێش ئەوەی بزووتنەوەی کورد سیاسی بێت یان لە ئاڵوگۆڕی جیهانی کاریگەریی هەبێت، زەروورەتێکی مێژوویی و هەڵقوڵاو لە ناخ و نێوەرۆکی کۆمەڵگای کوردەوەیە.

سەدەی بیستەم بۆ کورد، سەدەی سەرکەوتن و شکەستەکان بوو.

پرسیار : بزووتنەوەی کلاسیکی کوردی هاتە بازنەیەکی دیکەوە و ئەحزابی سیاسی درووست بوون، بەگشتی بەستێنە سیاسییەکانی ئەوکات چ بوون کە حزبەکان سەریان هەڵدا؟

عەبدوڵا سۆهرابی: بە گشتی دوو هۆکاری سەرەکیی هەیە :

یەکەم: پەرەسەندنی عیلم و زانست و تێکنۆلۆژیا کە لە ئوروووپا پاش عەسری رێنسانس و پاشان ئاڵوگۆڕی سەنعەتی دەستی پێکرد و لە سەدەی بیستەمدا لەسەر وڵاتانی پاشکەوتوو و میللەتانی ژێردەست وەکوو میللەتی کورد، رۆڵ و کاریگەریی خۆی دانا. دیارە لەگەل گەشەسەندنی عیلم و زانست و ژیانی شارستانی و بە نیسبەت دەورانی پێشەوە مۆدێرن، وردە وردە بناغەی کۆمەڵگای مەدەنی و حیزبە سیاسییەکان دامەزران. ئاشکرایە رێکخراوە و چالاکیی سیاسی و مەدەنی بە عیلم و زانست دەکرێ. بە وتەیەکی دیکە گەشەسەندنی عیلم و تیکنۆلۆژی و گۆڕینی ژیانی تاک و کۆمەڵگا بوو بە هۆکارێک بۆ گەرانەوە بۆ شوناس و کولتوور و ناسینی ماف و داوا کاریی ئازادی و عەدالەت. دیارە بۆ گەیشتن بە ئەم مەبەستە حیزب و رێکخراوە پێویست بوو کە دامەزران.

دووهەم: لەسەدەی بیستەمدا ئاڵو گۆڕو شۆڕش لە وڵاتانێکی گرینگ وەک فەرانسە و سۆڤییەتدا رووی دا کە کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر میللەتی کورد دانا، هەڵبەت بێگومان جیاواز لەم دوو هۆکارە، زوڵم و زۆر و پیشێلکرانی مافەرەواکانی گەلی کورد بە دەستی حاکمانی دیکتاتۆرەوە لە نێو خوێ و ئێسقانی کۆمەڵگای کوردەواریدا ریشەی کوتابوو کە ئەو دوو فاکتەرە کە ناوبرا ئاگری لێ بەردا.

پرسیار : لە ئیران شۆڕشی مەشرووتە، بوە هۆی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ئاستی ئێراندا، بۆ کورد کام قۆناخ دەتوانین وەک قۆناخی نوێ و سەردەمی نوێ دەستنیشان بکەین کە بوویێتە هۆی گۆرانێک لە پێکهاتەی سیاسی؟

**عەبدوڵا سۆهرابی :** سەرەڕای پێکهاتنی کۆمەڵەی ژ . کاف و ڕاپەڕینی سمکۆ، گرینگترین قۆناخ لە مێژووی کوردستانی رۆژهەڵاتدا کە رۆڵی بنەڕەتی دانا، جمهووری مەهاباد بە رێبەرایەتی شەهید قازی موحەممەد بوو. گەرچی کۆماری مەهاباد تەنیا ١١ مانگ تەمەنی کرد و ئەو دەرفەتەی نەبوو ستراکچر و گەڵاڵە و پلانەکانی دابڕێژێ و دابینی بکات و زۆر بە داخەوە بوو بە قوربانی دەسەڵاتی زلهێزەکان و بە تایبەتی خەیانەتی سۆڤییەت. بەڵام خوێنی گەشی پێشەوا قازی محەممەد و هەوالانی بوو بە رووبارێک تا دوا چرکەی ژیانی میللەتی کورد بەردەوامە. کۆماری مەهاباد، تەمەنێکی کورتی هەبوو بەڵام دەسکەوت و ئاکامەکانی بە درێژایی مێژوو بوو. لە کاتێکدا خۆرهەڵاتی ناوەراست، لە لایەک مەیدانی شەری جیهانی و خراپتر کە لە ژێر دەسەڵاتدارنی دیکتاتۆرەکان وەکوو رەزاخان بوو، کۆماری مەهاباد سیستمێکی مۆدێڕن و دێموکراتیک لەسەردەمێکی رەش و شەوەزەنگ سەری هەڵهێنا. بۆیە بێگومان ئەو رووداوە مێژووییە نە تەنیا بنەما و بناغەیەکی بنەڕەتی لە تەمەنی میللەتی کورددا سەبت و زەبت کراوە، بەڵکوو وەک خاڵێکی گرینگ لەسەردەمی پاش شەڕی جیهانی دووهەم لە هەموو ڕاپەڕینەکانی مێژووی جیهاندا ناسراوە. کەوابوو کۆماری مەهاباد، گرینگترین قۆناخ لە مێژووی گەلی کورددا بوو کە بوو بە سەرچاوەیەک بۆ چالاکی سیاسی و بە تایبەت پێکهێنان و دامەزرانی ئەحزابی کوردی، وەکو حیزبی دێموکرات کە راستیدا شەهید قازی، خۆی بناغەدانەری بوو.

**پرسیار :** ئەگەر لاپەرەکانی مێژووی هاوچەرخ هەڵبدەینەوە، دەبینین کە بزووتنەوەی کوردی بە پێچەوانەی بزووتنەوەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین، بەرەو ئیسلام گەرایی نەچوو؟ لەهەمان کاتیشدا بەربەرەکانێی لەگەڵ نەکرد؟ هۆکارەکان چ بوون؟

**عەبدوڵڵا سۆهرابی :** بزووتنەوەی کوردی بە گشتی کاتێک سەری هەڵهێنا کە مەکتەبی مارکسیزم و شۆڕشی ئۆکتۆبری رووسییە بە رێبەرایەتی لێنین و بە هەمان شێوە شۆڕشی مائۆ لە چین، هەموویان لەژێر ئاڵای کۆمۆنیزم و سوسیالیزم دژ بە سیستمی سەرمایەداریی لە جیهاندا گەشەو پەرەی سەندبوو. چالاکانی سیاسی و رووناکبیری ئەو کات رێگەو پیگەی مارکسیسم . لینینیزم یان بە باشترین شێوە بۆ رزگاری کوردستان یان دەزانی. بۆیە سەرەڕای ئەوە رێبەرانی گەورەو بەناوبانگی کورد وەکوو قازی و بارزانی کەسایەتییەکی ئایینی بوون بەڵام هەر زۆربەی بزووتنەوە کوردییەکان لە چوارچێوەی ئیدئۆلۆژی ئیسلامیدا نەبوون ئەڵبەت هەر بەو شێوە ئاماژەت پێ کردبوو ئەوەی میللەتی کورد تابێعی دینی ئیسلامە جیاواز لە هەندێک گرووپە کمۆنیستەکان هیچ کاتێک ئەحزابی سیاسی بە راشکاوی دژایەتییان لەگەڵ ئایین دا نەکردووە و لەگەل ئەم واقعییەتانەدا زۆربەی زانایان و رێبەرانی ئایینی عەلاقەیان بە موبارزەی سیاسی و نەتەوایەتی نەبووە. بە گشتی خەڵکیش کە تێکرا موسڵمانن بە هۆی فەقیری و نەداریی، ئیمکان و دەرفەت رێخسن و بەڕێوەبردنی بزووتنەوەیەکی میللی . ئیسلامییەکان شێوەیەکی ئەکتیڤ نەبووە. گرینگترین لە هەموو ئەو فاکتانە، کێشەی کورد، کێشەیەکی ئایینی نەبووە و نیە ، بەڵکوو کێشەیەکی نەتەوایەتی و مافی چارەنووس و پێکەوە ژیان و ئازادی و عەداڵەت و داخوازی سیاسی و کولتووری و ئابوورییە.

**پرسیار :** لە ناوەراستی سەدەی بیستەم، ئایدۆلۆژی کۆمۆنیزم وەک دیاردەیەکی بەهێزی کۆمەلایەتی و سیاسی هەموو ناوچەکەی گرتەوە، ئەم ئایدۆلۆژییە بۆ نەیتوانی ببێتە پاشخانێکی فیکری بۆ بزووتنەوەی کورد؟

**عەبدوڵا سۆهرابی :** هەر بەو شێوە ئاماژەمان پێدا لە پێشدا ئیدئۆلۆژی کۆمۆنیزم وەکوو شوێنەکانیتر بەسەر بزووتنەوەی کورددا زاڵ بوو، بەڵام ئاڵوگۆڕی دنیای سوسیالیزم و کاپیتالیزم و پاشان رووخانی ئۆردووگای سوسیالیزم و جیابوونەوە و سەربەخۆیی وڵاتانی سەر حکومەتی سۆڤییەت و لاوازی پەیمانی وەرشۆ و جیابوونەوەی وڵاتانی ئورووپای رۆژهەڵات لە رووسیا و پێوەندییان لەگەڵ سیستمی سەرمایەداری بە سەرۆکایەتی ئەمریکا کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر بزووتنەوەی کورد دانا. لە لایەکی دیکەوە دوبەرەکییەکانی ئایدۆلۆژیی کۆمۆنیزم لەگەڵ بیروبۆچوونی خەڵکی کورد بە تایبەتی لە باری ئایینییەوە یەکێکی تر لە هۆکارە گرینگەکانی لاوازیی ئایدۆلۆژیی کۆمۆنیزم لە نێو بزووتنەوەی کورد دابوو، لەگەڵ ئەم فاکتانەشدا هۆکارێکی تر ئەوە بوو کە شوعاری جیهانی کۆمۆنیزم ئەگەر لە دنیادا بێ وەڵام مایەوە، بەتایبەت لە کوردستان دا بە هەست و ویستی نەتەوایەتی و مافەرەواکانی میللەتی کورد وەڵامی نەداوە.

**پرسیار :** بۆچی بزووتنەوەی چەپ نەیتوانی خەون و ئاواتەکانی کورد بەدی بێنێ؟ یان بە واتایەکی دیکە، بزووتنەوەی کوردی بەرەو کوێ برد؟

**عەبدوڵا سۆهرابی :** ئاماژەمان پێ دا بە هۆی ئەوە بزووتنەوەی چەپ بە گشتی لە دونیادا لە باریی ئابووری و کولتووری و ...، هتدەوە، لاواز بوو بە تایبەتی راستەوخۆ نەیتوانی بە داخوازییەکان و مافەرەواکانی گەلی کورد وەڵام بداتەوە، بۆیە وردە وردە جێگەی خۆی دا بە بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی و بووە هۆی ئینشعاب و رێفۆرم لە

نێو ئەحزابی چەپی کوردیشدا.

پرسیار : شۆڕشی ٥٧، گریگترین ڕووداوی سیاسی ئێران بوو لە سەردەمی نوێدا، بەگشتی کورد کەوتە بارودۆخێکەوە کە توانی بەشێک لە کوردستان ئیدارە بکات، ئەو بارودۆخە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

عەبدوڵا سۆهرابی : بێگومان شۆرشی ٥٧ بۆ کوردی ئێرانیش وەکوو نەتەوەیەکی بندەست، گرینگترین ڕووداوی سەدەی ٢٠ەم بوو. لەسەرەتای شۆڕش دەرفەتێکی مێژوویی پێک هاتبوو، ماوەیەکی کورت ئەحزابی کوردی توانیان زۆربەی کوردستانی ئیدارە بکەن. گەرچی ئەزموونێکی بەنرخ بوو، بەڵام بەداخەوە لە لایەک فتوای جیهادی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و لە لایەکیترەوە نەبوونی هاوئاهەنگی و پلان و ستراتیژی و تەجروبەی لە نێو گرووپە کوردییەکاندا بوو بە هۆی لەدەستدانی ئەو دەرفەتە مێژوویە. جیاواز لە هێرشی نیزامی بۆ سەر کوردستان ئەگەر هاوئاهەنگی و یەکگرتووی لە نێوان گرووپە کوردییەکاندا پێک بهاتایەت بێگومان نرخی کەمتر و ئاکامی زۆرتر بەدەس دەهات.

پرسیار : بەگشتی خواستەکانی کورد چ بوون؟

عەبدوڵا سۆهرابی : بە گشتی داخوازییەکانی خەڵکی کورد لە ئێرانی پاش شۆڕشی ٥٧، ئازادی وعەداڵەت و سەربەخۆیی باشتربوونی ژیان و پاراستن و گەشەپێدانی کولتور و زمان و.. بوو. لەم پێناوەدا گرووپە سیاسییەکان بۆ گەیشتن بە ئەو داخوازییانە نوێنەرایەتی خەڵکیان دەکرد هیچکام بیرو رای جیاوازیان نەبوو. حیزبی دێموکرات بە شوعاری دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان بە ئیستراتێژی نەتەوایەتییەوەو بە ڕێبەرایەتی شەهید د.قاسملوو لەگەڵ نێوەرۆک و واقعییەتەکانی جیهان و نێوخۆدا زۆرترین پێوەندی و سازگاریی بوو و دوو تاقمی دیکە چەپەکان و ئیسلامییەکان بوون کە بە ئایدۆلۆژیی تایبەت بە خۆیانەوە چالاکییان دەکرد.

پرسیار : بەرگری ڕەوا یان شەر لە کوردستان لە کوێوە دەستی پێ کرد و ئاکامەکانی لەسەر کۆمەڵگا و بزووتنەوەی سیاسی چ بوون؟ بەگشتی جەنگ لە کوردستان چ دەرەنجامگەلێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە دواوە بوو؟

عەبدوڵا سۆهرابی : ئاشکرایە بەرگریی هاوکات لەگەڵ هێرشی نیزامی بۆ سەر کوردستانیش دەستی پێکرد، ئەگەرچی ئەزموونێک و خەباتێکی مێژووی لە نێو کوردستان دا پێک هات، بەڵام بەداخەوە زەرەرو خەسارەتێکی گیانی و ماڵی قەرەبوو نەکراوی بۆ کوردستان بوو.

پرسیار : دەیەی حەفتا لە ئێران ڕەوشێکی دیکە بەسەر ئێراندا هاتە ئاراوە، نەزمی نوێی جیهانی هاتە ئاراوە، چینی نوخبەی شاری دروست بوو، شارەکان گەشەی خێرایان بە خۆیەوە بینی، گۆرانکارییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئاست ئێراندا هاتبوە ئاراوە، ڕەوتی ڕووناکبیری کورد بەرەو چ ئاقارێک ڕۆشت؟

عەبدوڵا سۆهرابی : هەر بەو شێوەیە ئاماژەتان پێ کرد، دەیەی حەفتا لە جیهان و ئێراندا ئالوگۆڕێکی زۆری بەخۆیەوە بینی، لەم پێناوەدا ڕەوتی ڕووناکبیری کوردیش لە پرۆسەیەکی سیستماتیکدا راستەوخۆ لەم ڕووداوانە کاریگەریی و ئیلهامی گرت و ئایدۆلۆژی کۆمۆنیزم و سوسیالیزم تا رادەیەکی زۆر جێگەی خۆی دا بە ڕەوتی دێموکراسیخوازی لەگەڵ ئەویشدا هەست و ویستی نەتەوایەتی و گەڕانەوە بۆ شوناس و کولتوور پەرەو گەشەی سەند تا رادەیەک کە ئینشعاب و ریفۆرم لە نیو پارتە چەپەکاندا پێک هات.

پرسیار : گوتارێک کە باڵی بەسەر فەزای سیاسی و روناکبیری کوردستاندا لەدەیەی حەفتادا کیشابوو، گوتاری خەباتی مەدەنی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کورد لە چوارچیوەی ژنان، خوێندکاران، کرێکاران و ... بوو، ئایا ئەمە بەرهەمی بێ ئاکام مانەوەی شەری چەکداری بوو یان وشیاری سیاسی یان لاوازی حیزبە سیاسییەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان؟

عەبدوڵا سۆهرابی : بێگومان ئالوگۆڕی جیهانی و نێوخۆی وڵات کە لە خاڵی پێشوودا باسمان لێوەکرد، بە تایبەتی رێفۆرمخوازیی ئێران گەرچی لە میژوو ریشەی کوتابوو

بەڵام لە دووی جۆزەردانی ١٣٧٦ی هەتاویدا، دەستی پێکرد و هۆکاری سەرەکی خەباتی مەدەنی و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بەتایبەت لە کوردستانی ئێراندا بوو، ئەڵبەت نرخ و ئاکامەکانی شەڕی چەکداری لە گەشەسەندنی ئەم ڕەوتە بێ تەئسیر نەبوو. بۆیە حیزبە کوردییەکانیش دەسیان لە خەباتی چەکداری کیشا و هاتنە گۆڕەپانی خەباتی مەدەنی و سیاسییەوە. کەوابوو ناکرێ تەنیا یەک یان چەند فاکتۆر لەبەرچاو بگرین، بەڵکوو هەموو فاکتۆرەکان لە ئەم ڕەوتەدا ڕۆڵ و کاریگەرییان هەیە.

**پرسیار :** گوتاری کۆمەڵگای مەدەنی خۆی لە هەناوی ئەوەی خوێندکاری کورد هاتە ئاراوە و دەیان بلاڤۆک و بلاوکراوەی خوێندکاری هاتە ئاراوە، پاشان ڕەوتی فراکسیۆنی کورد لە مەجلیسی ئێران دروست بوو و ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، ئین جی ئۆکان دامەزران، بەرەی یەکگرتووی کورد پێک هات، ئەم هەوڵانە بەگشتی بەرەو کوێ ڕۆیشت؟ دەرەنجام و شکەستەکان چ بوون؟

**عەبدوڵا سۆهرابی :** لەخاڵەکانی پێشوودا ئاماژەی پێکرا، سەرەنجامی سیستمی ئایدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی و دیکتاتۆری ئایینی، ڕیفۆرمیزی نێو دەسەڵات بوو کە لە دووی جۆزەردانی ٧٦دا، ئیستارتی لێدرا و تەئسیری راستەوخۆی لەسەر بزووتنەوەی کوردستان دانا. بۆ یەکەم جار هەڵبژاردنێکی ئازاد بەڕێوە چوو، نوێنەرانی راستەقینەی خەڵک ڕۆشتنە مەجلیس، دەیان گوڤار و حەوتوونامە دەرکران. لە واقیعدا دەرفەتێکی مێژوویی بوو هەم بۆ میللەتی ئێران و بەتایبەتی بۆ میللەتی کورد و هەم بۆ حکوومەت، کە بەداخەوە هەمووی ئەم هەوڵانە بە ئاکامەکانی نەگەیشت. بە هۆی گوشار و سەرکوتی لایەنی دەسەلاتدارەکانی حکوومەتەوە و گرینگتر لەوە بە بۆنەی لاوازیی و کەمتەرخەمی و ناهاوئاهەنگیی و بە وتەیەکی باشتر خەیانەتی بەشێکی گەورەی ریفۆرمخوازانی حکوومەتی بە رای و داخوازەکانی خەڵک، ئاکامەکەی شکەست و گەڕانەوە بۆ دیکتاتۆری خراپتر لە جاران بوو، لەگەڵ ئەوەیشدا ئاستی بیر و هۆش و وشیاری و داخوازییەکانی خەڵک ڕۆیشتەسەرەوەو تێکنۆلۆژی و راگەیاندن تێکڕا یارمەتی بزووتنەوەی سەوزیی ٨٨ و هەروەها بزووتنەوەی کوردییان دا تا تەسلیمی ئەو دیکتاتۆرە تازە نەبن، بۆیە بەهەموو کەم و کورییەکانەوە هەر زیندووە.

**پرسیار :** بزووتنەوەی سەوز لە ئێران قۆناخێکی دیکە بوو لە ئێران، ڕەوتی سیاسی و باڵەکانی ڕێژیمی بە ئاقارێکی دیکەدا برد، کورد بێدەنگی نواند، ئایا بێدەنگی مەسڵەحەتی کورد بوو یان بە پیچەوانە؟

**عەبدوڵا سۆهرابی :** بێدەنگی کورد لە ڕەوتی بزووتنەیوەی سەوزدا، لەدەستدانی دەرفەتێکی مێژووی بوو. بزووتنەوەی کورد بە درێژایی تەمەنی شۆڕشی ئیسلامی بەردەوام و چالاک لە ڕێبازی دێموکراسی و ئازادیدا خەباتی کردوە باشتر وابوو وەکوو رابردوو لە ڕەوتی بزووتنەوەی سەوزدا بەشدار بێت. پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت، هۆی ئەم بێ دەسەڵاتییە دوو عاملی سەرەکیی بوو، یەکەم کەژ و هەوای نیزامی زۆرتر لە هەمو شوێنەکانی تری ئێران بەسەر کوردستاندا زاڵ بوو. دووهەم هەڵوێستی زۆربەی لایەنە سیاسییەکان لە دەرەوەی وڵات سەبارەت بە جیاوازیی کیشەی کورد لەگەڵ ئامانجەکانی بزووتنەوەی سەوز بوو.

**پرسیار :** ساڵی ٢٠١١ بۆ دنیای عەرەب، بەهاری عەربی بە دواوە بوو زۆر شۆڕش و بزووتنەوە سەریان هەڵدا، بۆچی بۆ کورد بە مێژینەی خەباتی سیاسییەوە لەم ئالوگۆڕانە دواکەوت؟

عەبدوڵا سۆهرابی: لە وڵاتانی عەرەبی هەموو نەتەوە و ئایین و پارچە و پارێزگا و چین و توێژەکان لە زۆربەی شارەکان و بەتایبەت لە پێتەختەکانیاندا لە سایەی یارمەتی حکومەتە زلهێزەکانەوە هاتنە گۆڕەپانی خەبات، بەڵام کورد وەکوو نەتەوەیەکی ژێردەست و سەرکوتکراو و دابڕاو و بێبەشکراو لە نێو چوار حکومەتی دیکتاتۆردا هیچ کاتێک ئەو هەلومەرجەو دەرفەت و ئیمکاناتە کە وڵاتە عەرەبییەکان کەڵکیان لێ گرتووە نەی بووە، بە داخەوە ئەگەر دەوڵەتەکان بەردەوام سەرکوتیان کردووە. زۆر چالاکان و ڕۆشنبیرانی میللەتەکانی دیکە لە نێو وڵات و دەرەوەی وڵات یان بێ دەنگ بوون یان خراپتر لەوە بە بەهانەی جیابوونەوەی کورد لە سیاسەتی دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر پشتیوانییان کردووە.

**پرسیار :** بە گشتی جیهانبینی و روانگەی حزبەکان لەهەمبەر داهاتووی پرسی کورد چۆن لێکدەدەنەوە؟

**عەبدوڵا سۆهرابی :** بۆ وەڵامدانەوە باشترە حیزبەکان بە دوو گرووپ دابەش بکەین، گرووپی چەپ و گرووپی راست، گرووپی چەپ سەرەتا دژ بە ناسیونالیزمی کوردی هاتە مەیدان، بەڵام پاش شکستی بلووکی شەرق و ئۆردوگای کۆمۆنیستی زۆربەیان گەڕانەوە بۆ ڕەوتی سوسیال دێموکراسی یان لیبراڵ دێموکراسی. لەم پێناوەدا بۆ

بەدەستهێنانی بیرو رای خەڵک، ناسیونالیزمی کوردی یان دەست پێکرد. گرووپی راست هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا ئاڵای ئازادی و دێموکراسی و ئازادی بەدەستەوە گرتووە و داوای مافی نەتەوایەتی کردووە. ئاڵوگۆڕی جیهانی و پێویستییەکان و ماف و داخوازییەکی میللەتی کورد نیشانی داوە ئەم رەوتە سودمەند و کارکردی خۆی لەدەس نەداوە، بەڵام بەو شەرتەی ناسیونالیزم بۆ فریوادانی خەڵک نەبێ، بەڵکو رێگەیەک بێ بۆ بەرژەوەندیی و بەرزکردنەوەی هەست و ویستی نەتەوایەتی و دابینکردنی مافە رەواکان.

**پرسیار :** مشارکت سیاسی یان بە واتایەکی دی، بەشداری ژنان لە پرۆسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا و لە نێو بزووتنەوەی رووناکبیریدا چۆنە و ئایا بزووتنەوەی ژنانی کورد تایبەتمەندی خۆی هەیە؟

**عەبدوڵا سۆهرابی :** بێگومان بەشداری ژنان وەکوو نیوەی لە کۆمەڵگا لە هەر شوێنیکی جیهان گرینگی و رۆڵی خۆیان هەیە. بۆیە لە هەر وڵاتێکدا بەشداریی ژنان لە پرۆسەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆرتر بێت، ئەو وڵاتە پێشکەوتووترە. بەداخەوە لە ئێران و کوردستانی ئێران بەشداریی ژنان لە پرۆسەی سیاسی و رووناکبیری بە نیسبەت پیاوان زۆر کەمترە تا ئیستا ئایدۆلۆژی و کولتوور و رەسم و یاسا بە ژنان ئیجازەی نەداوە بە پێی پێویست و شان بە شان پیاوان لە مەیدانی سیاسی و کۆمەلایەتی و کۆمەڵایەتی رۆلێ خۆی هەبێت. پێویستە بوترێ ئەمە بە مانای لەبەرچاونەگرتن ی رۆڵ و بەشداری ئەو ژنانە نیە کە شێرانە لە کوردستان یان بە تایبەت لە رەوتی بزووتنەوەی سەوز لە ئێراندا شێرانە و بوێرانە و بەوشیارییەوە بەشدارییان کردوە.

**پرسیار :** بزووتنەوەی رووناکبیری کورد وەک سووژەیەک بۆ راڤە و تەئویلی بزووتنەوەی کورد پەردەوازە و نایەکانگیر، ئایا کۆمەڵگای کوردی نوخبەکوژە یان هێشتا بزووتنەوەی رووناکبیری کورد شکڵی بەرینی بەخۆوە نەگرتوە و لە دۆخی نوخبەگەرایی خۆی دا ماوەتەوە، هۆکارەکانی نایەکانگیربوونی ئەم بزووتنەوە بۆ چ دەگەڕێتەوە؟ ئایا بزووتنەوەیەکی وامان هەیە؟

**عەبدوڵا سۆهرابی :** وتراوە لە نیو ئەسنادی دەستەبەندی کراوی بەریتانیا سەنەدێک هەیە کە سی تایبەتمەندی بۆ کورد داناوە، یەکەم: زۆر حەساس بوون بە ناموس، دووهەم شۆڕشگێڕی و سێهەم ریزنەگرتن و قەبوول نەکردنی نوخبەو رێبەران. بێگومان زوڵم و زۆر و هێرش و پیشێلکردنی مافەکانی گەلی کورد سەرەڕای خراپی و ناڵەباری ئەو سوودییە هەیە کە کوردی سیاسی و ئازادیخواز و تا رادەیەک زۆر رووناکبیری بار هێناوە، رووناکبیری و هەست و کولتووری لە نێو کورددا کەم نین، بەڵام پیویستی بە مودیرییەت و هاوئاهەنگی و یەکگرتووی هەیە.

**پرسیار :** وەک پرسیاری کۆتایی، کاری رووناکبیری کورد لەم دۆخەدا چیە؟

**عەبدوڵا سۆهرابی :** لەم بارووددۆخەدا کاری روناکبیری کورد، پێوەندی لەگەڵ دنیای عیلم و زانست لە هەموو بوارەکاندا و لە گەڵ هەموو ئەحزاب و ریکخراوە NGO کان و دام و دەزگا فەرمی و نافەرمییەکان و کەسایەتییە عیلمی و سیاسی و کولتورییەکانە لە پێناو و ئاکامی ئەم پیوەندییانە ئەبێ گەڵاڵە و پلان و ئیستاتێژی دریژخایەن دابرێژێ و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان ئیستراکچێر و بەرنامەکانی دابنێ. بە وتەیەکی تررووناکبیری کورد ئەبی رۆڵی مێشکی بێ لە جەستەی مرۆڤدا، بەو شەرتەی ئەندامانی ئەو جەستە کە لە واقیعدا ئەندامانی کۆمەڵگای کوردەواریی فەرمانەکانی بەرێوە بەرن. دوبارە بەو شەرتەی کە مێشکەکان لەسەرەوە بێت.

==========================

**پێشینەی کار و چالاکی:**

لە سالی ١٣٤٢ کوچی لە گوندی پیرخیران لە ناوچەی کۆماسی مەریوان هاتووتە دونیا.

فەوق لیسانس مودیرییەت

٢٨ ساڵ چالاکی لە بواری کولتووری و راهێنان و رامیاری و... دا

نوێنەری خە ڵکی مەریوان لە خولی شە شەمی پارلمانی ئێران

ئەندامی داهێنەر و بەڕێوەبەری فراکسیۆنی نوێنەرانی کوردی مەجلیسی

شەشەم

دەستەی دامەزرێنەری بەرەی یەکگرتووی کورد

خاوەن ئیمتیاز و بەرپرسی حەوتوونامەی داخراوی رۆژهەڵات

چالاک لە بواری رۆژنامەوانی و وێبلاگنووسیدا

زیندانی سیاسی لە سەرەتای شۆرشی ئێران و پێنج جار دادگای سیاسی و مەتبوعاتی


. سەفەر بۆ ٢٢ وڵاتی لە ئەمریکای باشوور و ئوروپا و ئاسیا و چاوپێکەوتن و لێکۆڵینەوە لە بواری کولتووری و ئابووری و رامیاری و بە تایبەت لە نێو کۆمپانیا گەورەکانی نەوت و گاز لەو وڵاتانەدا. وەکوو توتال، ئیستات ئوییل؛ ئینی؛ تات نیفت؛ شیل؛ ئارامکو؛ پتروناس، گاز پروم.

٣ی نوامبری ٢٠١١

## رۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

### وتووێژ لە گەڵ برایم فەرشی

**پرسیار :** هەلومەرجی سیاسیی کوردستان لە بەر جوگرفیای دابەشکراوی سیاسی و ژێوپۆلتیکی سەخت، بەردەوام لە رەوشێکی نالەباردا بووە. ئەم بارودۆخە بە درێژایی چەندین سەدە بەردەوام بووەو بە مێژوویەکی خوێناویدا تێپەڕیوە، بزووتنەوەی کورد بەمەبەستی دیاری کردنی مافی چارەنووس و گەیشتن بەمافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی لە ئاکامی ئەم بارودۆخەدا سەری هەڵدا. هەدەف لەم زەنجیرە وتووێژە لەگەڵ کۆمەڵێک لە چالاکانی رۆژهەلاتی کوردستان ، خەسارناسی و دۆزینەوەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سیاسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، دەرفەت، سەرکەوتن، شکستەکان و ئاسۆی پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانە. لەم روانگەوە یەکەمین پرسیار ئاراستەی بەرێز برایم فەرشی دەکەم، سەرەتا وەک دەروازەیەک بۆ چوونە نێو باسەکەمانەوە، بزووتنەوەی کورد لە روانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە چۆن پێناسە دەکەن؟



**برایم فەرشی :** باس لە ڕابیتەی سیاسەت و کۆمەڵ، ساختاری کۆمەڵایەتی و نەزمی سیاسی و مامەڵاتی سیاسی حکوومەت، ساختاری سیاسی حزبەکان و دەورو نەقشیان لە پرۆسەی بڕیار و هەڵوێست وجێبەجێکردنیان، باس لە تەئسیری سیاسی و بڕیاری حزبەکان لە سەر چین و توێژ و لایەنەکانی ناو کۆمەڵگای هەمە چەشنی کوردستان، پێویستی بە زانیاری و ئاماری ورد هەیە.
یەکەم گرفت ئەوەیە کە ئێمە زانیاری و ئاماری درووست و باوەڕپێکراوەمان لە بەر دەست دانییە. دووهەم گرفتی ئەساسی ئەوەیە کە ڕابیتە و کارتێکردنی لایەنەکانی سەرەوە لە سەر یەکتر بە پێی زانستی کۆمەڵناسی ساخ نابێتەوە . حکوومەت دیکتاتۆر و کۆمەڵگا ئەمنەیەتی و دوور لە ئازادییە، حزب و ڕێکخراو لە دەرەوەی خەڵک و حکوومەت و وڵاتەکەن، خەڵک حکوومەت نەویست، پاسیڤ، لە گەڵ حکوومەت یان مووچەخۆری حکوومەتە. لە کۆنتێکستێکی وادا باسکردن لە "بزووتنەوەی کورد لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە" زیاتر کارێکی گرووپی هەمە لایەن و پسپۆڕانەیە هەتا پرسیارێکی ڕۆژنامەوانی.
حزبەکان لە هەر وڵاتێک بازنەیەکن لە نێوان حکوومەت و خەڵک، لە ئێران حکوومەت لە تارانە، خەڵکی کورد لە کوردستانن، حزبەکان لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و کوردستانن. لە چوارچێوەی پرسیارەکەی ئێوەدا حزبەکان دەکەونە دەرەوەی ئەو پرۆسەیە، لە کوردستانی ئەمڕۆ ئەو"بەتاڵییە" بە کەسانی دی بە تایبەت لە دە ساڵی ڕابووردودا پڕ کراوەتەوە، کە دەور و ڕۆڵی حزب و بازنەی نێوان حکوومەت و خەڵک ناگێڕن.

کە وایە لە سەردەمی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێمە لە گەڵ شکڵ و فۆرمی جیاوازی چالاکی کۆر و کۆمەڵی کورد ڕووبەروین، کە زۆر جار سیاسییە و زۆرجار کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و مێدیایی. ئێمە لە ناوخۆیی وڵات حزبی سیاسی کارا و کارامەدمان نییە، و ڕێبەرایەتییەکیش بەدی ناکرێ کە لە ناوخۆی وڵات بزووتنەوەیەک لە بەرانبەر حکوومەتدا بە پشتیوانی و پاڵپشتی خەڵک، رابەرایەتی بکات.

**پرسیار :** سەدەی بیستەم بۆ کورد، سەدەی سەرکەوتن و شکەستەکان بوو، بزووتنەوەی کلاسیکی کوردی هاتە بازنەیەکی دیکەوە و ئەحزابی سیاسی درووست بوون، بەگشتی بەستێنە سیاسییەکانی ئەوکات چ بوون کە حزبەکان سەریان هەڵدا؟

**وەڵام :** ئەوە سروشتیە کە کۆمەڵگای کوردستان گۆڕانی بە سەر دابێ. کۆمەڵانی خەڵک بە هۆی تێگەیشتن لە ژیان و پێداویستییەکانی خۆیان، هەڵدەسووڕین و باشتربوونی ژیان بۆ هەر کەس ئامانجە، ئەم ئامانجە دەتوانێ بە شێوەی کولێکتیویش لە هەر هەرێم ، ناوچە و یەک سەرزەمین و چەند سەرزەمین خۆی بنوێنێ.
بەرزبوونەوەی ویستی ڕۆژانەی تاک و کۆمەڵەکەس بۆ ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی، گرێدراوی تێگەیشتنی تاک و کۆ و کۆمەڵە کەس و ئەندامانی کۆمەڵگایە. من زەمینەی سەرەکی و ئەساسی هەرجوڵانەوەیەک و دروستبوونی هەر حزبێک لە خوودی کۆمەڵگا و ویستی خەڵک یان بەشێک و تاقمێک لە خەڵک لە ناو ئەو هەرێم و ناوچە و وڵاتەدا دەبینم و دەزانم.
بەڵام هۆکاری دەرەکیش دەوریان هەبووە و هەیە، وەک نیشتەجێ بوونی خوێندەوارانی کورد لە ئەستانبووڵ کە پردی ئورووپا و وڵاتی ئێمە بوو، حزووری هێزی بیانی ئینگلیس و رووس لە کوردستان، تێکەڵاوی توێژی خوێندەواری کورد لە گەڵ خوێندەوار و بیرمەندانی سیاسی نەتەوەی باڵا دەست لە ئێران و عیراق و سوریە و تورکیا، جوڵانەوەی سەراسەری لە هەر کام لەو وڵاتانە و وڵاتانی ناوچە و دراوسێ، حزووری بەشێک لە کوردەکان لە سیستمی حکوومەتی و ئیداریی ناوچە و مەرکەز و هەڵگەڕانەوەیان دژی حکوومەت و هۆی تر لە وانە ناکۆکی نێوان دەستەڵاتی ناوچەیی شێخ و ئاغاواتی هاوبەستە لە گەڵ حکوومەتی مەرکەزی.
ئەگەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدە هەتا کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی ئەو هۆگەلەی کە باس کرا هاندەر بۆ دروستکردنی حزب لەو سەردەمانە بووبێ، ئەمڕۆ بە پێی گۆڕانکاریی لە هەموو بوارێکی ژیان و کۆمەڵگا و پێداویستییەکانی ئینسان و لەوانە ئینسانی کورد، درووستکردنی حزب نە تەنیا پەیویست بە هۆی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و تێگەیشتنی مرۆڤ و کۆمەڵگا و نیازی خەڵک و کۆمەڵگا و ژیانی مرۆڤی ئەو سەردەمەیە، بەڵکوو گرێدراوی تێگەیشتن لە چۆنیەتی و چەشنی حزب و حزبایەتیشە، ئەوەش ڕەنگدانەوەی ئاڵۆزی و چڕوپڕی مەسەلەکانی ژیان و مرۆڤ لە لایەک، دەوەری مێدیا و زانیاریی و ئینفۆرماسیۆن لە لایەک تر و دەور و ڕۆڵی کۆمەڵێک وڵات و دەزگای جیهانی لە سەر وەزعی جیهان و چارەنووسی میللەتانە. حزبەکانی کوردی ئێستا بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حزبی سەردەم و جیهانی ئاڵۆزی ئەمڕۆ نین.

**پرسیار :** لە ئیران شۆڕشی مەشرووتە، بوە هۆی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ئاستی ئێراندا، بۆ کورد کام قۆناخ دەتوانین وەک قۆناخی نوێ و سەردەمی نوێ دەستنیشان بکەین کە بووبێتە هۆی گۆرانێک لە پێکهاتەی سیاسی؟

**وەڵام :** ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێک لە ئێران بووە و هەیە، ئەگەر مەشروتە هۆی گۆڕان لە ئێران بووبێ، ئەوە کوردستانیش لە بازنەیەکی بەرتەسکتردا بێ نەسیب نەبووە. لە باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و تیجاری و فەرهەنگی شارە گەورەکانی ئێران بە تایبەت تاران و تەورێز و دوو میللەتی ئازەری و فارس کەوتنە ژێر کارتێکردنی ڕاستەوخۆی شۆڕشی مەشرووتەوە.
لە دەورەی دوای مەشروتە و سەردەمی ڕەزاخان کوردستان لە لایەنی ئیداری و فێرکردن و بارهێنان و لەشساخی و ڕێگا وبان، ئاوڕ لێدرایەوە. پاش ریفۆرمی ئەرزی محەممەد ڕەزاشا، گۆڕانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەرچاوتر بوو، ئاڵوگۆڕیی سیاسی لە پایتەختی ئێران، ڕەنگدانەوەی لە کوردستان هەبووە و هەیە، وێنە ڕووخانی ڕەزاشا لە تاران بوو بە هۆی کرانەوەی فەزایی سیاسی لە کوردستان، ڕووخانی محەممەد ڕەزاشا بەرین بوونەوەی جوڵانەوەی سیاسی لە کوردستانی بەدوواوە بوو.
پێچەوانەکەشی درووستە، خراب بوونی وەزعی سیاسی لە پایتەخت، وێرانی و خەفەقان و کووشت وبری لە کوردستان لە دوابووە.
هەتا ڕووخانی ڕژیمی شاهەنشاهی گۆڕانی بنەڕیتی ستروکتوری ئابووری لە کوردستان کەمتر ڕووی دا، لە مەشروتە بەو لاوە ئازەرییەکان لە لایەنی ئابوورییەوە دوای فارسەکان بوون بە هێزی دووهەم لە ئێران، هەر ئەوە بووە هۆی زیادبوونی دەستەڵاتی سیاسی ئەوان لە حکوومەتی هەردوو پەهلەوی و حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران.
توێژێکی تایبەت لە کوردەکان لە جەنگەی شەڕی ئێران و عیراق و ئابلۆقەی ئێران لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە بە هۆی دوو سنووری عیراق و تورکیاوە، هەلی

گەشەسەندانی ئابووریان بۆ ڕەخسا، لە درێژەدا بۆ یەکەمجار لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، تاجری کورد لە وڵاتانی دەوروبەر و دوورەوە کاڵایان بە شێوەی ڕەسمی وەک تاجر ڕەوانەی ناو "بازاری ئێران" کرد، لە سی و دووساڵی ڕابووردودا نە تەنیا توێژێک بەڵکوو چەند دەستە و توێژی کۆمەڵایەتی کورد لە بواری تیجاریی، خانووبەرە، خەدەمات و سەنعەت و مێدیا لە کوردستان و ئێران سەریان هەڵداو تێکەڵ بە سیستمی ئابووری ئێران بوون و هەر لێرەوە ڕێگا بۆ بەشداربوون لە بواری سیاسی و فەرهەنگی و هونەری ئەم لایە و لایەنانەی کۆمەڵگای کوردستان کرایەوە. دەستەڵاتی ئیقتیسادی ئەوانە ڕێگای بۆ چالاکی لە بوارەکانی دیکەی سیاسی و فەرهەنگی، هونەریی و مێدیایی ئاواڵەتر کردەوە.

بەشێک لە کورد بوونەتە بەشێک لە سیستمی سیاسی ئێران، ئەوە لە ڕژیمی پەهلەویدا ڕووی نەدا، بوونی فراکسیوونی کوردەکان لە مەجلیس، بوونی چەند ڕێکخراوی سیاسی کوردی لە چوارچێوەی قانوونی ئێران و بەشداریان لە جناحەکانی سیاسی ئێران، ڕەنگدانەوەی حزووری ئەم هێزەیە کە لایەنی فەرهەنگی و هونەری و کۆمەڵایەتیشی هەیە.

بێگوومان ئەو مەجمووعەیە باسی کوردبوونی خۆیان دەکەن و کۆڕوکۆمەڵی سیاسیش دەبەستن، ئەوەش لە سیستمی حکوومەتی ئێران پێشتر کەمتر بیندراوە، بەڵام بەرژەوندی ئێستای ئەوان گرێدراوی سیستمی ئەورۆی ئێرانە و سەرەڕای قوورسایی ئیقتیسادیی و پسپۆریی زانستیی و سەنعەتی و لێهاتوویی ئیداریی، لە ڕەدەکانی باڵای حکوومەت و دەستەڵاتی سیاسی و نیزامی و ئیداریی دەوریان نییە و پێشیان پێ گیراوە.

گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی لە ئێران و کوردستان، جگە لەو مەجمووعەیە کە چارەنووسیان گرێدراوی حکوومەتە، توێژ و دەستە و تاقمی کۆمەڵایەتی و ئابووری دیکەشی پێکهێناوە، کە بەرژەوندیان گرێدراوی حکوومەت و سیستمەکەی نییە.

سەرهەڵدانی خێڵی بیرمەند، فەرهەنگی، سیاسی و چالاکی بواری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و هونەری و عیلمی، ڕەنگدانەوەی گۆڕانی کۆمەڵگای کوردستانە. سەرجەم لایەنەکانی سیاسی کورد لە هەردوو کاتاگۆڕی ناو حکوومەت و دەرەوەی حکوومەت دوو قۆلی گرنگی سیاسی کورد بە سوود و زیانی کورد پێک دەهێنن. هێزی سەرەکی کورد لە دەرەوەی حکوومەتە بەڵام ژیریی سیاسی و نەتەوەیی لەوەدایە ئەو دوو هێزە بۆ یەک مەبەست و یەک ئامانج کە هەردوو لا مافیان بپارێزرێ، هەنگاو هەڵهێننەوە، بەرژەوندی و ڕزگاری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرێدراوی ستراتێژێکی هەمەلایەن و هەمە هێز و یەک ئامانجە.

**پرسیار :** ئەگەر لاپەرەکانی مێژووی هاوچەرخ هەڵبدەینەوە، دەبینین کە بزووتنەوەی کوردی بە پێچەوانەی بزووتنەوەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین، بەرەو ئیسلام گەرایی نەچوو؟ لەهەمان کاتیشدا بەربەرەکانێی لەگەڵ نەکرد؟ هۆکارەکان چ بوون؟

**وەڵام :** نە تەنیا لە کوردستان لە جیهاندا ئایین بە ئیسلامەوە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەوری سیاسی بینیوە و دەرویش دەبینێ. ئەو خەڵکەی لەشی حزبەکانی پارچەکانی کوردستان پێکدەهێنن و پێکیانهێناوە، زۆربەی هەر زۆریان موسڵمانن.

جەماوەری موسڵمان و پێشەوایانی ئایینی لە باشترین حاڵەتدا لە گەڵ جوڵانەوەی کوردستان بوون. ئەگەر دەستیشیان ڕۆیبێ ئەوە هەر وەک موسڵمانی عەرەب و ترک و فارس جوڵاونەتەوە و دژبەری سەرسەختی جوڵانەوەی کوردیان کردووە و ئێستاش دەیکەن.

ئەوە ڕاستە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خۆپیشانداان و جوڵانەوەی ساڵی ٥٧ بەو لاوە کورد دروشمی ئیسلامی بە تێکڕای دەنگ بەرز نەکردەوە، بەڵام لە بیرمان نەچێ مامۆستا شێخ عزەدینی حوسێنی کە لە لایەن حزبەکانی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستانەوە وەک وتەبێژ هەڵبژێردرابوو، موسڵمان بوو. لەبیرمان نەچێ کە ئەحمەد مفتی زادە و مەکەتبی قورعانی ناکۆک لە گەڵ هەموو لایەنەکانی دیکەی کورد، ئیسلامی بوون. حزبی خەبات و سپای ڕزگاری لە دوو هێڵی جیاوازی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕەنگدانەوەی ئیسلام بوون. درووستکردنی دەستە و تاقمەکانی چەکدار و بێ چەکی ئیسلامی لە کوردەکان لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، هەرچەند بەرژەوندی ئابووریش بۆ هێندێکیان هۆی تێکەڵبوونیان بووبێ، بەڵام هۆی سەرەکی موسڵمان بوونی ئەو کوردانە بووە.

دەبێ مەلاکان هەر ئەمڕۆ لە حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا چ قورساییەکیان هەبێ، کە ڕێکخراوی مامۆستایانی ئایینی سەر بەو حزب پێک دەهێنن؟ سەیری حزبە ئیسلامییەکان لە باشووری کوردستان بکەن! حزبی ئیسلامی هەر ئێستا لە هەموو بەشەکانی کوردستان هەن. تەنانەت پ کا کا لە سەردەمی ئولتراچەپبوونی خۆیدا ڕێکخراوی ئیسلامی لە کەسانی ئایینی پێک هێنا. من پێموایە ئەوە خەتایەکی گەورەی سیاسییە ئەگەر حزووری ئیسلامییەکان لەم ڕۆو ودوارۆژ لە قالبی سیاسییدا کەم و بە بێ زەرەر ببینین. کەمڕەنگکردنەوەی دەوری ئیسلامییەکان لە لایەنی سیاسییەوە پێوەندی بە هوشیاری تاک و کۆی ناو کۆمەڵگا و بەگشتی باری فەرهەنگی و فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵگاوە هەیە.

**پرسیار :** بژاردە و نوخبە روناکبیرەکانی کورد، زۆرتر لە دڵی حوجرەکانەوە سەریان هەڵدا، بەڵام ئەورۆکە بە پێچەوانەوە، ئیسلامی سیاسی بەشێوەی پراکتیک لە هەمان شوێنەوە سەری هەڵداوە، ئایا ئەمە دەرەنجامی بێئاکام مانەوەی خەباتی حزبەکان بوو؟

**وەڵام :** دەوری حوجرە بۆ سەردەمی کۆن دەگەڕێتەوە، ئێمە لە کۆماری کوردستان بەولاوە، لە گەڵ مرۆڤی سیاسی مەدرەسە و دانشگاکان، ڕووبەڕوین کە دەوری سەرەکی لە حزب و سیاسەتدا دەگێڕن، بە تایبەت دوای ساخبوونەوەی حزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٢٧ هەتا ئەمڕۆ. ئەوەش دەبێ لەبەرچاو بگرێن حوجرەی سەردەمی کۆماری ئیسلامی و سەردەمی کۆن لە کوردستان، بەرهەمی هاوچەشنیان نابێ.
ڕەوتی ئیسلامی و ڕێکخراوەکانی ئیسلامی لە هەموو جیهان زۆربەیان لە حوجرەکانەوە سەردەرناهێنن، ئەوانەی دوو بورجی ئیقتیسادی ئامریکایان تەقاندەوە، دەرچووی دانشگا بەناوەکانی ئووروپا لەوانە ئاڵمان بوون. مەوجی ئیسلامگەرایی ئەمڕۆ دیاردەیەکی جیهانییە. سووچی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ سیستمی سیاسی و ئیقتیسادی جیهان کە تا ڕەگ و ڕیشە نامرۆڤانەیە، سەروەتی زۆر لە لایەک و هەژاری و بێ دەرەتانی لە لایەکی تر، هەروەها نزمبوونی هوشیاری کۆمەڵانی موسڵمان لە وڵاتانی دیکتاتۆر لێدراو و بەکارهێنانی دەستە وتاقمی ئیسلامی لە لایەن وڵاتانی بلۆکی ئیقتیسادی جیهانەوە بۆ مەبەستی سیاسی لە ١٢٠ ساڵی ڕابووردوە تا ئێستا، ژیانی نالەباری خەڵکانی ئاسایی موسڵمان لە هەموو جیهان و دواکەوتووی فەرهەنگی و دەروی ئیسلام وەک ئایینێکی ئاسمانی پشتئەستوور بە خودا، هۆی تەشنەی سیاسیی ئیسلامییەکانە.
لە کوردستان ڕژێمەکانی ئێران و وڵاتانی عەرەب دەوریان لە پێکهێنانی جەماعەتە ئیسلامییەکاندا هەیە، لە گۆشە نیگایەکەوە لە لایەنی سیاسییەوە بە گشتی دەکرێ حزبەکان لە نووشستی پێکهێنانی جوڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەرپرسیار بزانین، ئەوەی لە نەبوونی ئەوان لە ناوخۆی وڵات، مەیدان بۆ گرووپی ئیسلامی و گرووپی دیکە پەیدا دەبێ، جێگای بیرلێکردنەوەیە.

**پرسیار :** هۆکارەکان و ئومێدەکان بۆ بەدیهاتنی خواستەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەستێنی ڕەوتە ئیسلامییەکاندا چۆن دەنرخێنن؟

**وەڵام :** من زانیاریم لە سەر ڕەوتە ئیسلامیەکان، بەرنامە و هەڵس و کەوت و چالاکیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە. لە هەر حاڵەتێکدا تێکەڵاوی ئیسلام و سیاسەت بە سوودی کورد نابینم.

**پرسیار :** لە ناوەراستی سەدەی بیستەم، ئایدۆلۆژی کۆمۆنیزم وەک دیاردەیەکی بەهێزی کۆمەلایەتی و سیاسی هەموو ناوچەکەی گرتەوە، ئەم ئایدۆلۆژییە بۆ نەیتوانی ببێتە پاشخانێکی فیکری بۆ بزووتنەوەی کورد؟

**وەڵام :** ئیدئۆلۆژی مارکسیستی لە کوردستان دیاردەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی نەبوو، باوەڕی کۆمەڵێک کەس بوو کە ڕزگاری سیاسی کۆمەڵانی خەڵکیان لە قەبووڵ و دامەزراندنی سیستمی کۆمۆنیستی و سوسیالیستیدا دەبینی. خولیای کۆمەڵە کەسێک بوو بۆ ڕزگاری لە هەژاری و گەیشتن بە بەرابەری و مساوات، ئەو ڕەوتە لەو سەردەمەدا تەنیا ڕەوتی سیاسی بوو کە مزگێنی ئازادی دەدا.
دراوسێ بوونی ئازەربایجان لە گەڵ شووڕەوی و نزیکبوونی لە کوردستان و هاتووچۆی کوردەکان بۆ قەفقاز و هاتنی لەشکری سوور هۆی تەشەنەی ئەم باوەڕ لە کوردستان و لە ناوچەکە بوو، ڕەنگە ڕۆژنامەی ڕێیا تازە و ڕادیۆی کوردی ئێرەوانیش بێ تەئسیر لە بڵاوکردنەوەی بیری کۆمۆنیستی لە کوردستان نەبووبێ.
ئیدئۆلۆژی و هەر فەلسەفە و تئۆرییەک خۆی لە خۆیدا نابێتە هۆی گۆڕان ، ئینسان عاملی گۆڕانە. گرێدانی سیاسەت و ئیدئۆلۆژی و ئایین و فەلسەفە لە چوارچێوەی حزب و ڕێکخراوی سیاسییدا، هەڵاواردن و جیاکردنەوەی ئینسانەکانی لە دوایە. گرفتی سیاسییەکانی کورد بوون و نەبوونی ئیدئۆلۆژی و ئایین و فەلسەفە نەبوو، گرفت نەبوونی ستراتێژی ڕوون و پلانی سیاسی بوو. کورد دەیتوانی بە بوونی حزبێکی ئیسلامی یان مارکسیستی و هەر مەرامێکی دیکە، خۆی ڕزگار بکا و دەوڵەتی خۆی پێک بێنێ، هەر وەک چۆن دەیان میللەت لە جیهاندا وا ڕزگار بوون. هۆگری و تووانەوی سیاسییەکانی کورد لە ئیدئۆلۆژی و ئایین و فەلسەفەدا گرفت بوو، ئەگەر بۆ میللەتانی دیکە ئایین و فەلسەفە و ئیدئۆلۆژی و حزب وەسیلە و بەستەرێک بوو بۆ ڕزگاری، بۆ کورد ئیدئۆلۆژی و مەزهەب و حزب مەبەست بوو. لە ناو کورددا حزب وەسیلە نییە، ماڵی ئەبەدییە. لە پای حزبدا دەکرێ بکوژی و بکوژرێی. حزبەکانی کورد قەتڵ و عامی گەورەیان لە یەک لە پای ئیدئۆلۆژی و مەڕامی حزبیدا کردووە.
زیندانی کردنی ئینسان و میللەتان لە ناو ئایین و فەلسەفە و ئیدئۆلۆژی گەورەترین خەتای ئینسان هەر لە سەرەتاوە هەتا ئێستا بووە، هەموو شەڕ و ماڵوێرانی و قەتڵ و عامەکان بەرهەمی زیندانی بوون ئینسان لە ناو تێڕوانینی ڕەبانی و ئایینی و فەلسەفەکانی ڕەگەزپەرەستانە و فاشیستیانە و جیاکەرەوانە بووە. ئینسانی

هەمەڕەنگ و هەمە چەشن و هەمە مەڕام بە کوردیشەوە حزبی هەمەڕەنگ و هەمە چەشن و هەمە مەڕام و سیاسەتی یەک دەست و هەمە لایەنی دەوێ. ئەوەی لە کوردستان بوونی نییە.

**پرسیار :** بۆچی بزووتنەوەی چەپ نەیتوانی خەون و ئاواتەکانی کورد بەدی بێنێ؟ یان بە واتایەکی دیکە، بزووتنەوەی کوردی بەرەو کوێ برد؟

**وەڵام :** ئێمە لە کوردستان یا حزبی چەپمان هەیە یا ئیسلامی. حزبەکانی دێموکرات لە هەر چوارپارچە خۆیان بە چەپ دەزانن و بەشدار لە ئینترناسیۆناڵ سوسیالیستن، کۆمەڵەکان لە باشور و ڕۆژهەڵات خۆیان بە چەپ و کۆمۆنیست زانیوە، پارتی کرێکارانی کوردستان خۆی لە هەموو حزبەکانی کوردستان بە چەپ و کۆمۆنیست تر دەزانی. ئێمە لە کوردستان بە تایبەت لە ڕۆژهەڵات حزبی ناسیۆنالیستی تۆخمان نەبووە و ئێستاش نیمانە.
"خەون و ئاواتەکانی کورد" کە لە ڕێگای حزبەکانەوە ڕەنگی داوەتەوە، جیاواز و ئاڵۆز بووە، بۆ وێنە لە سەردەمی موسەدیقدا مەعلووم نەبوو حزبی دێموکرات چی دەوێ، نە بەرنامەی هەبوو نە پرۆگرام. ئێستا کە حزبەکان بە نووسراوە چەند بەرنامە و پرۆگرامی جیاواز لە یەکیان هەیە، ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەییان لە ناوخۆی وڵاتدا نەماوە، کۆمەڵە کەسێکی دابڕاو لە خاک و خەڵکن. بەرنامەی نووسراویان هەیە و ڕەنگە خۆشیان ساڵێ جارێک نەیخوێننەوە. ژیانی حزبی دێموکرات زیاتر لە نیوسەدە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران تێپەڕیوە، ئەو حزبە تەنیا ١٢ ساڵ لە ناوخۆیی وڵات چالاکی سیاسی هەبووە، حزبێکی وا دەبێتە حزبی قەزاوقەدەر.
کۆمەڵە بە هەمان شێوە زیاتر لە ٢٥ ساڵە کەوتۆتە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان و تەنیا چەند ساڵی دوای ساڵی ١٣٥٧ لە کوردستان و ناو خەڵک دابوون. حزبەکانی دیکە هەر لە نووکەوە لە دەرەوی خاکی کوردستان و دوور لە جەماوری خەڵک پێکهاتوون.
حزبی بێ خەڵک ناتوانێ خەونی میللەتێک بێنێتە دی. ئەو حزبانە لە باشووری کوردستان و وڵاتانی ڕۆژئاوا کۆمیتەی حزبیان ساز کردوە کە لە گەڵ هیچ مەنتقێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نایاتەوە، ئەو خەڵکەی کە دەبێ ڕێکبخێرن و کاری سیاسیان لە نێودا بکرێ لە کوردستان دەژین و ئەو کەسانەی کە دەبێ ڕێکیان بخەن و پێشڕەوی خەڵک و موبەلغی حزب بن، هەزاران فەرسەخ دوورتر لەوان گرفتاری ژیانی ڕۆژانەی خۆیان لە وڵات و ناو خەڵکی ترن. مەنتقی ئەوە بوو کۆمەڵە و دێموکرات وخەبات و پاک حزبی خەڵکی باشووری کوردستان بایەن و لە ناو خەڵک و سیستمی ئەوێ کاری حزبی و سیاسییان کردبا.
لە دەساڵی ڕابووردودا ئەو حزبانە بوونەتە حزبی مەجازی و ئەلکترۆنیکی، خەڵک لە کوردستان لە ژێر تووند و تیژی و کوشت و بڕ و زیندان و ئەشکەنجە و بێکاری و بێدەرەتانی، نەخۆشی و ئعتیاد و دەیان گرفتی کۆمەڵایەتیدا دەژین، بەڵام حزب و ڕێنمونیکەرانی ئەو خەڵکە بێ ئەوەی لە ئازاری ئەو خەڵکەدا بەشدار بن، بێ دەستەڵات دوور لەوان بەیانییە دەردەکەن و وتار دەدەن و لە تەلەوزیۆنەکانیانەوە بە شێوەی جیاواز حەول دەدەن حیماسەئاسا وەجۆش و خرۆشیان بخەن. ساڵێ چەند جار بۆ بۆنەکانی حزبییان داوایان لێدەکەن بێنە سەر شەقام یان دووکان و بازاڕ تەختە بکەن. حزبگەلێک کە لە باورودۆخێکی وادابن ناتوانن "خەون و خەیاڵی خەڵک" بێننە دی، جا چەپ بن یان نەبن.
حزبەکان بە مانەوەی یەکجاریان لە دەرەوەی کوردستان فەرهەنگی خەباتی سیاسی، جەماوریی، ڕێکخراوەیی، ڕۆژانە و بەردامیان گۆڕیوە، هەڵس و کەوتی سیاسی و ڕێکخراویی ئەوان لە گەڵ هیچ قانوونێکی خەباتی حزبی و سیاسی نایاتەوە. ئەو شێوە لە خەباتە "ئیبداعی" حزبەکانی کورد و ئێرانییە.
ئەو بزوتنەوەییەی کە دەبێ باسی بکرێ، ئەوەیە کە لە ناوخۆی کوردستان و ئێران هەر ئێستا و لە نەبوونی حزبەکاندا ڕۆژانە بەردەوامە. خەڵک لە شار و لە دێ لە شوێنی ژیان و کار، لە شەقام و کووچە و کۆڵان و لە هەر شوێنێک ڕووبەڕوون لە گەڵ ئەو سیستمەی کە دەیانچەوسێنێتەوە، کە ئازادییان لێ زەوت دەکات، کە دەیانگرێ، بێ ڕێزیان لە گەڵ دەکات، ئەتکیان بەسەر دێنێ، لە زیندان و بەندیخانەدا توونندیان دەکات، دەیانکوژێ، ئەشکەنجە وئازاریان دەدا، بە کچ وکوڕیان تەجاوزی نامووسی دەکات، لە شەقام و سەر جادە لێیاندەدا، مەوادی موخەدر لە ناو کچ و کوڕ و منداڵیاندا بڵاو دەکاتەوە، بێکاریان دەکات، ڕاویان دەنێ، هەڵوەدای شاخ و کێوەکان بۆ پەیداکردنی پاروە نانێک وەبەر ڕەگبار دەدا، بە کەر و ماین و یەستریان ڕەحم ناکا.
ئەو خەڵکە ٣٢ ساڵە لە گەڵ ئەو ڕژیمە دەستە ویەخن و ورەیان بەرنەداوە، ئەو خەڵکە ئەو کەسانە بە جێگای باوەڕی خۆیان دەزانن کە لە گەڵ ئەوان لەو ژیان و دەستەویەخەبوونەدا بەشداران، ئەوان ڕابەرانی خۆیان لە شاروگوند و گەرەک و شوێنی کار و ژیان لە نزیکەوە دەناسن، ڕۆژانە لە گەڵیان هەستان و دانشتنیان هەیە. حزب و ڕێکخراوی سیاسی ئەگەر هاونەفەسی ڕۆژانەی ئەم خەڵکە بن، حزبن و جێگای ڕێز، دەنا کلوبی سیاسین و بە سیاسەت و خەڵک و "خەون وئاواتەکانیانەوە" تیجارەت دەکەن.
تەجرووبەی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لە سەردەمی ١٣٥٧ هیوابەخش بوو، بەڵام کورد لەو سەردەمەدا لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا بە تەنیا مایەوە و بشێوی و ناتەبایی ناو خۆی حزبەکان و داسەپاندنی شەڕ مەسەلەی کوردی لە قەوارەی سیاسییەوە بۆ نیزامی گۆڕییەوە، حزبەکان لەو سەردەمەدا نەیانتوانی لایەنەکانی نزیک بە خۆیان لە تاران و ناو حکوومەت و دەرەوی حکوومەت بۆ لای خۆیان ڕابکێشێن، کورد لەو سەردەمەدا لە مەهاباد سیاسەتیان دەکرد نەک لە تاران. مەسەلەی کورد و

ویست و داخوازییەکانی نەچووە نـاو کـۆمەڵانی دەرەوەی کوردستان، کـورد ودۆزەکەی و حزبەکـانی بە تـەنیـا مـانەوە و کۆمـاری ئیسلامی و لە سـەدریاندا مەلاکـان بـۆ سـەرکوتکردنی خەڵـک لەو وەزعە کەڵکیـان وەرگـرت. بە کـورتی ئەگەر سیاسـەت بەڕێـوەبردن و ڕێکخستنی دەوڵەت و کۆمەڵگا یـان بە واتـایەکی دیکە بەڕێـوەبردن و ڕێکخستنی حزب و پلان دانان و جێ بەجێ کردنی پلان و هەڵسەنگاندنی دەرفەتەکان بێ، حزبەکـانی ئێمە چ لەو سەردەمە و چ پێشتر و چ ئێستا حزبی سیاسی لەو چەشنە نەبوون.

پرسیار : شۆڕشی ٥٧، گرینگترین ڕووداوی سیاسی ئێران بوو لە سەردەمی نوێدا، بەگشتی کورد کەوتە بارودۆخێکەوە کە توانی بەشێک لـە کوردستان ئیدارە بکـات، ئـەو بارودۆخە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

وەڵام : ئاوڕدانەوە لەو ڕابووردوە بە تێڕوانینی ئەمڕۆوە، دەبێتە هەڵسەنگاندنی ڕووداوی مێژوویی، پیشەی من ئەوە نییە. دەتوانم بە پێی تاقیکردنەوەکانی خۆم بدوێم، من ساڵێک و چەند مانگ لە کوردستان بووم، لەو ماوەیەدا کـاری من پێشکەشکردنی شانۆ لە شـارەکانی کوردستان بە زمـانی کـوردی، کـاری فەرهەنگی و کـار لە گەڵ خوێندکاران و لاوانی کچ و کوڕ بوو.

من لە ڕێگای ئەو کارانەوە ڕاستەوخۆ لە گەڵ خەڵکی زۆربەی شارەکانی کوردستان ڕووبەڕوو بووم، هەستی جیـدی و قـووڵـی کوردبـوون و هۆگری بە فەرهەنـگ و زمـانی کوردی لە حەدێکی باڵادا لە ناو چین و توێژەکانی خەڵک دەبیندرا، لە هەمان کاتدا سیاسەت و بۆچوونی جیاوازی حزبەکان و لایەنگرانیان.

لە کوردستان ئازادی بیروڕا بە پانتای کوردستان هەبوو، باس و گفتوگۆ هەتا سەرحەدی هیستریک هەبوو، لە هەمان کاتدا تیرۆر و کووشتنی موخالفی سیاسیش هەبوو. ئیدارەی شارەکان لە لایەن شۆڕای شارەکانەوە بە دەستی کوردەکان بەڕێوە دەچوو، لە هەمان کاتـدا زۆرەملی و کەڵەگـایی تـاکە چەکـداری ئەم حزب و ئەو حزب و ئەم بەرپرس و ئەو بەرپرسی حزبیش هەبوو. تەعەدا هەرچەند بە دەگمەنەیش بووبێت لە سەر ناموسڵمانەکان هەبوو، لە هەمان کاتدا لێپرسینەوە و تەنبێ کردنیش هەبوو. بەرنامەیەکی گشتی و هەمە لایەن و یەک دەست بۆ ئیدارەی کوردستان نەبوو. ئیدارەی شار و گوند و ناوچەکان گرێدراوی حزووری هێزی سیاسی ئەم یان ئەو حزب بـوو. حزبەکان دەستەڵاتدار بوون و خەڵکیش بەشدار بوون، بەڵام هیچ پرۆتۆکۆل و بەرنامەیەکی گشتی لە نێوان حزبەکاندا بۆ ئیدارەی هەموو کوردستان نەبوو. سنوورەکان و وەرگرتنی باج مایە بوون بۆ هەڵئایساندنی شەڕ و کێشە، چەرچی و ماڵکڕ و ماڵفرۆشی ئەم بەر و ئەوبەری سنوورەکان دەبوو باج بدەن بە حزبەکـان. هاوکـاری نیزامی نێوان حزبەکان دژ بە هێزەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی بووە و نەبووە. ستراتێژی نیزامی هاوبەشی کوردستانی بە پێی پرۆتۆکۆل لە ئـارادا نەبـوو. تەنیـا هاوکـاری سیاسی، بوونی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد بە بەشداری کۆمەڵە و دێموکرات و چریک فەدایی و مامۆستا شێخ عزەدین بۆ وتوویژ لە گەڵ کۆماری ئیسلامی بوو، کە ئەوەش تەژی لە ناکۆکی و ناتەبایی نێوانیان بوو.

بە کـورتی ستراتێژی و پلانـی هاوبەشی کوردستانی لە هـیچ بوارێکـدا نەبـوو. نەبـوونی ستراتێژی و پلان و هاوکـاری هاوبەشی نێـوان ڕێکخراوەکـانی سیاسـی کـورد، تەشەنە پەیداکردنی ناکۆکیەکان، دووشەقبوونی حزبی دێموکرات و ڕێکخراوی چریک فەدایی و تەشەنەی فکری سیاسی حزبی توودە لەو دوو ڕێکخراوەیەدا، گۆڕینی کۆمەڵە بە حزبی کۆمۆنیست و باڵادەستبوونی چەپەکـان ئێرانـی لەو ڕێکخـراوەیەدا، دەستەڵاتپەیداکردنی کۆمـاری ئیسلامی لە ڕێگـای نیزامی و کڕینـی کەسـان لە کوردستان بـۆ پەرەدانـی سیاسـەت و بەرنامەکـانی، هەڵایسـاندنی شـەڕی کـۆمەڵە و دێمـوکرات و پاشەکشـەی حزبەکـان بـۆ ناوچەکـانی سـەر سنوور، گەورەتـرین جوڵانەوەی جەمـاوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دووچاری نووشستی کـرد. گـورزی کۆتـایی کاتێـک لەو جوڵانەویە وەشێندرا کە حزبەکـان بـۆ دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان پاشەکشـەیان کـرد و بارەگاکانیان دامەزراند. دەستەڵاتی کورد لە باشوور لە ساڵی ١٩٩٢ بەو لاوە بە فیتی کۆماری ئیسلامی و دەست و پێوەندەکانی لە ناو حزبەکانی باشوور، دوا گورزیـان لە جـوڵانەوەی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان وەشـاند، کە سـاڵی ١٣٥٧ سـەری هەڵـدابوو. ئەو دەرفەتە بە هەڵەی خۆمـان و ویسـتی حکـوومەتی ئیسـلامی ئێـران، لە کـورد ئەستێندرایەوە.

پرسیار : بەگشتی خواستەکانی کورد چ بوون؟

وەڵام : لە چەندین دەورەدا حزبەکان خواستەکانی خۆیان گەیاندە دەست حکوومەت کە گرنگترینیان خواستی ٨ مادەیی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد بوو، کە ڕۆژی شەشی مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٥٨ لە ڕێگای خۆپیشاندانێکی سەراسەری لە هەموو شارەکانی کوردستان بە تەئیدی خەڵک گەیشت، ویستەکان ئەمانە بوون:

١- خودمختاری کردستان بەرسمیت شناختەشدە و درقانون اساسی درج گردد.

٢- مناطق کردنشین کە در بینچهار استان ایلام، کرمانشاە، کردستان و آذربایجان غربی تقسیم شدەاست بعنوان یک واحد خودمختار شناختە شود.

٣- مجلس ملی کردستان ازطریق انتخابات آزاد، مستقیم، مخفی و همگانی ساکنین کردستان تشکیل شود. این مجلس حکومت خودمختار کردستان و نمایندگانی برای اداره امور اقتصادی، اجتماعی، فرهنگی و انتظامی منطقه خودمختار برخواهد گزید.

٤- زبان کردی زبان رسمی تدریس و مکالمه درادارات وموسسات درکردستان شناخته شود و پس‌از سال چهارم ابتدایی زبان فارسی درکنار زبان کردی تدریس شود وزبان رسمی (فارسی) زبان ادارات درسراسر ایران منجمله کردستان باشد.

٥- اختصاص سهم عمومی بودجه کشور بەکردستان بەنحوی باشدکه عقب‌ماندگی اقتصادی ناشی از ستم ملی را جبران نماید.

٦- نمایندگان خلق کرد دراداره امور حکومت مرکزی شرکت دادەشوند.

٧- کلیه امور مربوط به سیاست خارجی، دفاع ملی (ارتش)، سیاست کلی‌و ارضی، بازرگانی خارجی و برنامەهای درازمدت اقتصادی درصلاحیت حکومت مرکزی است و بقیه امور داخلی بوسیله ارگانهای خودمختار کردستان اداره شود.

٨- آزادیهای دموکراتیک ازقبیل آزادی بیان، قلم، مطبوعات، اجتماعات، احزاب و آزادی مذهب و عقیده در سراسر ایران تامین گردد.»

کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە سەرەتاوە نەیدەویست لە گەڵ حزبەکان بە تایبەت کۆمەڵە و چریک فەدایی وتوێژ بکا، ئەوانی بە کۆمۆنیست دەزانی. پاشان حزبی دیموکرات بە تەنیا حەولی پێکهاتن لە گەڵ حکوومەتی دا و ٢٤مادەی خستە بەر دەمی کۆماری ئیسلامی، ئەوەش سەری نەگرت. دوای دووپارەبوونی حزبی دێموکرات، غەنی بلووریان بە ناوی پەیڕەوانی کۆنگرەی چواری حزبی دێموکرات حەولی وتووێژ لە گەڵ کۆماری ئیسلامی دا کە سەر نەکەوت، غەنی بلووریان و دۆستانی پاش ئەوە حەولیان دا لە ڕێگای مەلا کەریم شاریکەندی و کۆمەڵێک مامۆستای ئایینی، پڕۆژەی خۆیان بخەنە بەر دەم حکوومەت، کە مەلا کەریم تیرۆر کرا ئەوەش سەری نەگرت. ڕووداوەکانی دواتر سیمای سیاسی کوردستانی بە سوودی کۆماری ئیسلامی و پلانەکانی دووچاری گۆڕان کرد.

**پرسیار :** بەرگری ڕەوا یان شەر لە کوردستان لە کوێوە دەستی پێ کرد و ئاکامەکانی لەسەر کۆمەڵگا و بزووتنەوەی سیاسی چ بوون؟ بەگشتی جەنگ لە کوردستان چ دەرەنجامگەلێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە دواوە بوو؟

**وەڵام :** هەرچەند لە کوردستان هەڵەی سیاسی و کاری نەویستی نیزامی ڕووی دا، بەڵام ئەوەی شەڕی بە سەر کوردستان و خەڵکی کورددا داسەپاند کۆماری ئیسلامی و لە سەدریاندا شۆڕای ئینقلاب و فەرماندەی هێزەکانی نیزامی شەخسی خومەینی بوو.

کورد لە گرتنی پادگانەکان لە کاتی خۆیدا ڕۆژانی ٢٠ و ٢١ و٢٢ی ڕێبەندان نەجولاوە، کە ڕژیمی تازە دەستەڵاتی بە ڕەسمی گرتبووە دەست، وەخۆکەوت!

کوردەکان دەیانویست پادگانی مەهاباد و سنە لە ژێر دەستەڵاتی ئەوان دابێ و کۆماری ئیسلامی هێرش بۆ سەر پادگانی بە تەوتئەی ئەجنەبی وبە دەستڕێژی بۆ سەر کیانی تازە سازکراوی خۆی دەزانی، ئەوە بوو بە گرێ و خاڵی هەڵایسانی شەڕ. پادگانی مەهاباد لە کاتێک دا گیرا کە هەیئەتی دەوڵەتی بازرگان لە هاتوچۆی نێوان تاران و مەهاباد دا بوو، تەنانەت لە کاتی برینداربوونی فەرماندەی پادگان پزشکپوور بە دەستی نیزامییەکی کورد لە ناو پادگان ، فروهر وەزیری کاری دەوڵەتی بازرگان کە ئەندامی ئەو هەیئەتە بوو، لە مەهاباد بوو. پادگانی مەهاباد گیرا بەڵام لە سنە پادگان و ئەرتەش لە نەورۆزی ٥٨ کەوتنە شەڕ لە گەڵ پێشمەرگە کە دەوری پادگانیان دابوو. دوای ئەوە شەڕی نەغدە(٣١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ ) لە ئەسنای میتینگی حزبی دێموکرات لە کاتی قسە کردنی دوکتور قاسملو لە ڕێگای تەقەی کەسێکەوە دەستی پێکرد و کوشتار لە کورد و ئازەری کرا و باری سیاسی ناوچەکەی ئاڵۆزکرد. لە درێژەدا بە دەرکردنی فەرمانی جیهاد دژی خەڵکی کورد لە ٢٨ گەلاوێژ شەڕ لە شاری پاوە بە فیتی چەمران و دارودەستەکەی دەستی پێکرد، خەڵخاڵی دوابەداوی ئەوە دەیان کەسی لە شاری کرماشان ئیعدام کرد وبە شوێن ئەوەدا شەڕی خوێناوی سنە و دواتر شەڕی سەقز و ئیعدام کردن پەرەی ساندو شەڕ هەموو کوردستانی داگرت.

شەڕ کەش وهەوای سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە ئێران و کوردستان تێکدا، بەر لە شەڕ لە کوردستان فەزایی سیاسی و فەرهەنگی و هونەری و باری کۆمەڵایەتی لە گەشەساندن دا بوو، بە تایبەت لە لایەنی فەرهەنگی و هونەری و ئەدەبی جموجۆڵێکی کەم وێنە لە ئارادابوو، ئیعلامی جیهادی خومەینی تەقە لە فەرهەنگ و هونەر و جەوی ئارام لە کوردستان بوو، هەر ئەو ڕۆژەی خومەینی بانگەوازی شەڕی دژ بە کورد دەرکرد، ئێمە لە شاری سنە خەریکی پێشکەشکردنی شانۆنامەی "مان گرتن" بووین. هەر ئەو ڕۆژە لەشکرێکی ئەرتەش هاتنە نێو شاری سنە و بە بێ تەقە خۆیان دابە دەستەوە و چەکەکانیان تەنانەت تەناکەکانیشیان دایە دەست خەڵک، دوایە دەرکەوت ئەوەش دەسیسە بووە لە بەر ئەوەی کورد گوتەنی دەرزی هەموو چەکەکان پێشتر دەرکێشرابوو و ئەوەش بوو بەهانەیەک بۆ خوێناویترکردنی شەڕەکە.

شەڕ لە کوردستان هیچ سوودێکی بە کورد و دۆزی سیاسی نەگەیاند، بە پێچەوانە لە ڕێگای شەڕەوە کۆماری ئیسلامی ویست و خواستەکانی کورد و حزبەکانی کوردستانی

پشت گوێ خست و بزوتنەوەی سیاسی ئەو بەشەی کوردستانی بە درێژایی ٣٢ ساڵ تیرۆریزە کرد و ژیانێکی پڕ لە ئازاری بە سەر خەڵکەکەیدا داسەپاندو و خۆی سەقامگیر کرد.

ئەوەش نابێ لە بیر بکەین جگە لە سێ هێزی سەرەکی کە لە هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورددا بەشدار بوون و خوازیاری چارەسەری مەسەلەی کورد بوون، گەلێک کۆڕوکۆمەلی چەکداری سەر بە عیراق و باڵەکانی نیزامی و سیاسی رژیمی پێشوو و دەست و پێوەندەکانی رژیمی تاران و دەستە وتاقمی بەکرێ گیراو کە خۆیان خزاندبووە ناو حزبەکانی رۆژهەڵاتەوە، عاملی تەشەنەی شەڕ و تێکدانی وەزعی کوردستان بوون.

کورد و حزبەکانی بە تەنیا لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕوو نەبوو، هەر ڕووداوێک لە لایەن هەر کەس و تاقم دەستەیەکەوە ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی لە سەر باری سیاسی و خراپترکردنی پرۆسەی نێوان هێزەکانی سیاسی کورد و کۆماری ئیسلامی هەبوو. لە هەل و مەرجێکی وادا پێویست بە یەک گرتووی، یەک هەڵویستی سیاسی و ئیدارەی سەراسەری کوردستان لە لایەن کوردەوە هەبوو، پێویست بە پلان و بەرنامە و نەزم و دسیپلینی ئیدارەکردنی کوردستان هەبوو. کورد و حزبەکانی بە یەکەوە خاوەنی پلان و بەرنامە نەبوو، خاوەنی بەرنامەی هاوبەش بۆ شەر لە گەڵ حکوومەت نەبوو، هەر حزبە و خۆی بە پێی هێزوتوانای لە شەڕدا بەشدار بوو. بە پێچەوانە حکوومەت بە پێی پلان و بەرنامە دەجوڵاوە و ئەرتەشی پێشوو و سپا و بەسیجی تازە دروستکراو، سەرەڕای ناکۆکی نێوانیان بەرنامە و پلانی حکوومەتیان جێ بەجێ دەکرد. کورد و حزبەکانی هەرچەند خۆڕاگری کەم وێنەیان لە خۆیان نیشان دا و کەوتنە ناو شەڕێکی نابەرابەری خوێناوی و ماڵوێرانکەر، بەوحاڵە پاشەکشەیان بە کۆماری ئیسلامی کرد و دەستەڵاتی شاروگوندەکانیان دیسان گرتەوە دەست، بەڵام پاش دوو کەرتبوونی حزبی دێموکرات و چریک فەدایی و بوون بە حزبی کۆمۆنیستی کۆمەڵە، کورد لە ناو خۆیدا دوو شەقە بوو، ئەوەش دەستپێکی سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی و تێکشکانی کورد لە باری سیاسی و نیزامی لەو سەردەمەدابوو.

ـ نەزمی نوێی جیهانی هاتە ئاراوە، چینی نوخبەی شاری دروست بوو، شارەکان گەشەی خێرایان بە خۆیەوە بینی، گۆرانکارییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئاست ئێراندا هاتبوە ئاراوە، گوتارە رووناکبیرییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، بە جیاواز لەگەڵ ئەوەی کە تێکئاڵاوی ئیدئۆلۆژییەکانی بیری چەپو راستو دینی بوون، هەموویان لە چوارچێوەی گوتاری ناسیونالیستیدا کاریان کردووەو هەوڵ‌ی خۆپێناسەکردن بوون‌و بە واتایەک بە دوای "گەڕان بە دوای شوناس دا" بوون، رەوتی رووناکبیری کورد بەرەو چ ئاقارێک رۆشت؟

و. من هیچ نەزمێکی نوێی جیهانی نابینم، ئەوەی بە ناوی نەزمی نوێ دەرخواردی خەڵکی جیهان دەدرێ، درێژەی دوکترینی کونسێرنەکانی پووڵی جیهان و کردنەوەی رێگاچارەی تازەیە بۆ تەشەنەی بازار و سوودی زۆرتر لە لایەک و زیانی زۆرتر بۆ بەشی هەر زۆری خەڵکی جیهان. ئێمە لە جیهانێکی هەژاری هەژار لە لایەک و جیهانێکی تێروتەسل لە لایەکی دیکە دەژین. زۆرترین سەرمایەی ئەم جیهانە لە دەست ٥٧ بنەماڵەدایە، لە جیهانێکی وادا باسکردن لە نەزمی نوێی جیهانی هیچ مانایەکی نییە، ئەوە کالایەکی سیاسی تەبلیغی باڵاترین ڕەدەکانی دەستەڵاتی سیاسی و ماڵی جیهان بوو بۆ خەڵکی ئەم جیهانە.

بە داوای لێبووردنەوە من لە درێژەی پرسیارەکە ناگەم.

**پرسیار :** گوتارێک کە باڵی بەسەر فەزای سیاسی و روناکبیری کوردستاندا کیشابوو، گوتاری خەباتی مەدەنی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کورد لە چوارچیوەی ژنان، خوێندکاران، کرێکاران و ... بوو، ئایا ئەمە بەرهەمی بێ ئاکام مانەوەی شەری چەکداری بوو یان وشیاری سیاسی یان لاوازی حیزبە سیاسییەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان؟

**وەڵام :** ئەوە لە پێداویستییەکانی ئینسانی ناو کۆمەڵگا، لە زەرورەتەکانی زەمان و لە هوشیاری تاک و کۆ و کۆمەڵەکەسانی ناوکۆمەڵگا و بارودۆخی سیاسی و فەرهەنگی کۆمەڵگای کوردستان و ئێرانەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەوە پێوەندی بە کۆمەڵگای ئەمڕۆی شار و گوندەکانی کوردستانەوە هەیە کە بە هیچ شێوەیەک لە گەڵ ساڵانی ٥٧ و سەردەمی شەڕ بەراوەرد ناکرێ. فەرهەنگی سیاسی و حزبی خەڵک و بە وتەی ئێوە نوخبەکانی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئاکادمیسیینەکانی کوردی ئەو سەردەمە، جیاوازە لە سەردەمی ٦٠ و ٥٠ و ٤٠ و ٣٢ ساڵ لەوە پێش.

شارەکانی ئەمڕۆی رۆژهەڵاتی کوردستان و خەڵکانی دانیشتووی شارەکان کە دەوری سەرەکی لە سیاسەتی ئەمڕۆ و دوارۆژی کوردستاندا دەگێرن، ئیتر شاری داخراوی دەیەکانی ٤٠ و ٥٠ نین، سروشتیە لاوانی کچ و کوڕی ئەم سەردەمە، سەردەمیانە بجولێنەوە و تێروانینیان تێڕوانینی پێشوو نەبێ. سروشتییە کوردستانی ئەمڕۆ پارەیەک لە جیهانی ئەمڕۆ بێ، بە تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە. نەبوونی حزووری حزبەکان یان لاوازی و قووەتی ئەوان نەبۆتە هۆی تەشەنەی ئەو جەو و شێوە کارە سیاسییە، ئەگەر ئەو حزبانەش ئەمڕۆ لە ناوخۆی وڵات بایەن، لە شێوەی شیاوی ئەمڕۆیی کەڵکیان وەردەگرت.

**پرسیار :** بزووتنەوەی رووناکبیری کورد وەک سووژەیەک بۆ راڤە و تەئویلی بزووتنەوەی کورد پەردەوازە و نایەکانگیر، ئایا کۆمەڵگای کوردی نوخبەکوژە یان هێشتا بزووتنەوەی رووناکبیری کورد شکڵی بەرینی بەخۆوە نەگرتوە و لە دۆخی نوخبەگەرایی خۆی دا ماوەتەوە، هۆکارەکانی نایەکانگیربوونی ئەم بزووتنەوە بۆ چ دەگەڕێتەوە؟

وەڵام : ئەگەر دیسان مەبەست ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ، ئێمە کۆمەڵگایەکی ئازادمان نییە و خەڵک و لەوانە بیرمەندانی کورد لە ژێر چەتر و دەستەڵاتی دیکتاتۆری سیاسی و فکریی و ئایینی و مێدیاییدا دەژین، مەسەلە گرێیی و گرنگەکانی فکریی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی مرۆڤ و کۆمەڵگای کورد ڕوون نییە و بیرمەندانی ئەو بەشەی کوردستان نەپرژاونەتە سەر دیاریکردن و لێکۆڵینەوە و دانووستاندن و دیالۆگکردن لە سەر ئەو بابەت و مەسەلانە.

کاری ئەو کۆمەڵە کەسانە لە بازنەی تەنگی خۆیاندا ماوەتەوە و تەنانەت دیالۆگی هەمە لایەنە لە ناو گرووپ و تاقم و دەستەکانی فکریی دا، یان نییە یا سەری نەگرتووە. سیاسەت لە فۆرم و شێوەی جیاوازدا قورسایی خۆی بە سەر جەریانی فکریی و ڕۆشنبیرییدا سەپاندووە، کە لە خۆیدا لێرەش سیاسەتی لایەنەکان بە دی دەکرێ. ئەوەی بەرچاوە، بیست ساڵی ڕابووردو و بە تایبەت دەساڵی دوایی، مەیل بۆ لای بیر وهزری فەیلەسوفانی ئووروپا بە تایبەت ئاڵمان لە ناو بازنەی روناکبیری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیادی کردووە و کەسان لە نووسراوەکانیان خۆیان لە ڕێگای بیری ئەو فەیلەسوف و بیرمەندانەوە دەناسێنن. ئەوە چەندە ڕەنگدانەوەی گۆڕان و ئاڵوگۆڕی فکری ناو کۆمەڵگا و چەندە درێژەی فکر و بیری "ڕۆناکبیرانی" پێشتری ئەم مەڵبەندەی کوردستانە و چەندە ڕەتکردنەوەی بیروهزری پێشوو و هێنانە گۆڕی بیری نوێیە، لای من روون نییە.

ڕەنگە زۆرتر حەز و خولیای کەس و کۆمەڵە کەسانێک بێ و هەڵقولاوی دانووستاندنی هەمە لایەنی لایەنە "فکرییەکانی" ناو بازنەی "روناکبیران" نەبێ. هەر بۆیە ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵ سەفبەندی دیار و روونی فکرەکان لە باری تێفکرین و بیرمەندییەوە ڕووبەڕوو نین، خەتی سیاسی جیاواز، شێوەی هونەری جیاواز دەبینین کە ڕەنگە ڕەنگدانەوەی خەت و ڕێبازێکی فکری لە دەرەوی سنوورەکانی کوردستان بێ، هەتا ناو خۆ.

ڕەنگە تاران و زانستگاکانی ئێران و بیرمەندانی خاوەن کیان، کانگای بڵاوبوونەوەی ئەم بیر وهزرانە لە ڕێگای خوێندکارانی کوردی دانیشتووی شارەکانی دیکەی ئێران، لە کوردستان بێ. بە کورتی من جەریانێکی بە هێزی فکری کە لە ئانالیزی فکری ڕابووردووە و بە فکرێکی ئەورۆیی لە کوردستان گەیشتبێ نابینم، هەرچەند تاکە کەس و بەرهەمی تاکە کەس لەو بەستێنەدا دەبیندرێ. پێوەندی نێوان بازنەی "روناکبیران" و خەڵک بە گشتی و بە تایبەت لە ناو چین و توێژ و دەستەکانی کۆمەڵایەتیدا لە بەستێنی فکرییدا بەرچاو نییە.

دەستەڵاتی حکوومەتی و ئایینی بە ئیسلامیشەوە نوخبەکوژ بووە و هەیە، خەلک و کۆمەڵگا تەماشاچی و بێ هەڵوێست، یان لە خەتی دەستەڵات و ئایین و ڕابەرانی ئایینیدا بوون و تەئیدی نوخبەکوژیان کردووە.

من لێرەدا ناتوانم تاریفێکی ڕۆشن لە بزوتنەوەیەک بە ناوی بزوتنەوەی ڕۆشنبیری یان روناکبیری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەم بەدەستەوە، تایبەتمەندییەکانی ئەم بزووتنەوە ڕوون و ئاشکرا نییە، ئەگەر کەس و کەسانێک خۆیان ناو لە بزوتنەوەی ڕۆشنبیری دەبەن، دەبێ ئەوان بۆمان ڕوون کەنەوە. بە کورتی سەرە ڕای جیاوازی نێوان کورد و نە کورد لە ئێران لە لایەن فکری و "ڕۆشنبیرییەوە" کوردەکان درێژەدەری بیری زاڵ لە ئێرانن کە خۆی لە تێکەڵبوونی سیاسی و چالاکی ئەواندا دەردەخات. پرۆژەیەکی فکری تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان من نابینم. بە تایبەت ئەگەر سرنج بدینە بیر وبۆچوونی کۆمەڵێک لە کوردەکان کە خۆیان وەک کەسێکی گلۆباڵ و تێکەڵ لە گەڵ نۆرمەکانی فەرهەنگی و هونەری باو لە ناو توێژگەلێکی ئوروپی و ڕۆژئاوایی، دەبینن، بۆمان دەردەکەوێ کە لێرەش وەک باری سیاسی لە گەڵ ئاڵۆزی ڕووبەروین.

پرسیار : گوتاری کۆمەڵگای مەدەنی خۆی لە هەناوی نەوەی خوێندکاری کورد هاتە ئاراوە و دەیان بلاڤۆک و بلاوکراوەی خویندکاری هاتە ئاراوە، پاشان ڕەوتی فراکسیۆنی کورد لە مەجلیسی ئێران دروست بوو و ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و ئین جی ئۆکان دامەزران، ئەم هەوڵانە بەگشتی بەرەو کوێ ڕۆیشت؟ دەرەنجام و شکەستەکان چ بوون؟

وڵام : ئەم پرسیارە و بۆچوونی ئێوە، ئیسباتی ئەوەیە کە کۆمەڵێکی بەرچاو لە خوێندکارانی کورد لە ژێر هەمان بارودۆخی فکریی و هزریی مەرکەزدا ، دەجولێنەوە و هەمان "کاڵا" ڕەوانەی بازاری شارەکانی کوردستان و زانستگاکانی دەکەن. ئایا هاوسان بینینی کوردستان و مەرکەز و شوێنەکانی دیکەی ئێران، لە سەر لێکدانەوەی کۆمەڵگای کوردستان بووە، یان نیشانەی زیهنیگەرایی "ڕۆشنبیرانەیە'؟

ئەمڕۆ بۆ هەموو کەس دەرکەوتووە، کە کوردەکان بۆ هەمان چالاکی "مەدەنی" کە لە تاران کراوە ودەکرێ،لە کوردستان زۆرترین زیانی ئینسانیان لێ کەوتووە. لە هیچ دەورەیەکی دوو ڕژیمی پەهلەوی و ئیسلامی لە گەڵ مرۆڤی کورد مامەڵەی یەکسان وەک مەرکەزنشینان و شوێنەکانی دیکەی ئێران نەکراوە. ئەگەر سنە و کرماشان لە گەڵ یەزد وکاشان جیاواز نیین و یەکن، ئیتر هۆیەک نییە بۆ ئەوەی وەک نەتەوەیەکی جیاواز، وەک وڵاتێکی تایبەت، داوای مافی تایبەت بکەین! گەر باوەڕمان بەوە هەیە کە کورد و کوردستان و بارودۆخ و ویست و داخوازکانی خەڵک جیاواز لە شوێنەکانی دیکەی سەرزەمینی ئێرانە، ئەوە دەبێ بیر لەوەش بکەینەوە و پرسیار بکەین کە ئایا هەرچی کە لە تاران و تەورێز و ئیسفەهان و مەشهەد کرا، لە کوردستانیش دەبێ هەمان کاردانەوەی هەبێ؟

کۆمەڵگای مەدەنی و داخوازی هەڵقوڵاو لەو، لە کوردستان و بۆ خەڵک و دۆزی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی چۆن و لە چی و لە چ شێوەیەکی ڕێکخراوەیی ئاشکرادا، خۆی دەنوێنێ؟ ئایا باری ئەمنیەتی لە کوردستان کە وڵاتێکی میلیتاریزە کراوە، تا چ ڕادەیەک ئاستەنگ دەبێ بۆ کاری مەدەنی و دەبێ چۆن هەڵس و کەوت بکرێ بۆ ئەوەی کار بەردەوام بێ و پێش بە زیانی گیانی و ماڵی بگیرێ؟

بەداخەوە زۆرێک لەم شوێنە مەدەنیانە لە کوردستان، بوونە تۆڕی ناسینی دەیان و سەدان کەس و کوشتن و زیندانی کردنی کۆمەڵێکی بەرچاو، سەرئەنجامیش هەڵوەشاندنەوە و تەختەکردنی ئەم شوێنانەی بە دواوە بوو.

بە باوەڕی من دەرسی سەرەکی ئەوەیە کە ئێمە دەبێ کوردستان جیاواز لە شوێنەکانی دیکە ببینین و شێوە و فۆرمی تایبەت بۆ چالاکی لە هەر بوارێکدا بەکار بهێنین، شێوە و فۆرمێک کە پێش بە زیان بگرێ و بەردەوامی چالاکی تەزمین بکات. ئەوە ڕوونە چالاکی لە ژێر یوغی کۆماری ئیسلامی بە بێ زیان نابێ، ئەرکی ئێمە دەبێ ئەوە بێ ڕادەی زیان کەم کەینەوە، لە بەر ئەوەی هەر زەربەیەکی کە لە تاکە کەسێکی چالاک و ناوەندێک بکەوێ، ڕاستەوخۆ لە سەر کۆمەڵگا و خەڵک کارتێکردنی دەبێ، بە پێچەوانە هەر سەرکەوتنێک کارتێکردنی پوزیتیفی لە سەر خەڵک و کۆمەڵگا دەبێ. نیازی کۆمەڵگای ئێمە چالاکی ژیرانەیە نەک لاساییکردنەوەی تاران و شوێنەکانی دیکە! ئەوەش بە مانای ئەوە نییە لە تاقیکردنەوەی باشی کەسان و خەڵک و کۆمەڵگای دیکە کەڵک وەرنەگرین.

پرسیار : بزووتنەوەی سەوز لە ئێران قۆناخێکی دیکە بوو لە ئێران، ڕەوتی سیاسی و باڵەکانی ڕیژیمی بە ئاقارێکی دیکەدا برد، کورد بێدەنگی نواند، ئایا بێدەنگی مەسڵەحەتی کورد بوو یان بە پیچەوانە؟

وەڵام : حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی، باشوور لە مەڕ "سەوزەکان" دوو دەستە بوون، دژ و هاوڕا. لە ناوخۆی وڵات چەند کوڕ و کۆمەڵێک حەولیان بۆ "سەوزەکان" دا و بە ئامانج نەگەیشتن. کۆمەڵێک ئینسانی کورد لە تاران و شارەکانی دیکە کوژران و ڕەوانەی زیندانەکان کرا، کەسانێک توانیان خۆیان دەربازی دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بکەن. خەڵک بە گشتی لە ڕێگای تەجرووبە و تاقیکردنەوەی خۆیانەوە لە گەڵ بە ناو" بزووتنەوەی سەوز" نەکەوتن. بەشی هەرە بەرچاوی چالاکانی سیاسی/کۆمەڵایەتی/مێدیایی کورد لە ناوخۆی وڵات شەرتیان بۆ تێکەڵبوون لە گەڵ سەوزەکان هێنایە گۆڕێ. بەکارهێنانی وشەی مەسڵەحەت بۆ بەشداری نەکردن[نە بێدەنگی] خەڵکی کورد و چالاکانی سیاسی، لە "بزووتنەوەی سەوزەکان) لە تاران، سادەکردنەوەی سیاسی مەسەلەکەیە.

خەڵکی کورد و چالاکانی سیاسی کە ٣٢ ساڵ پشت ئەستوور بە خۆیان و تەنیا باڵ لە ڕفراندۆمەوە تا ئەمرۆ "نا"یان بەو ڕژیمە گوتووە، نەچوونە ژێر پەرچمی سەوزی موسووی و کەرووبی. ئەم هەڵوێستە چاک یان خراپ جێگای بیرلێکردنەوەیە، جێگای لێکۆڵینەوەیە، دەبێ هۆیەکانی ببیندرێتەوە و سادە و ساکار بەسەریدا بازنەدەین. چاوەڕوانی هەموو لایەک ئەوە بوو کورد بەر لە هەر شوێنێکی دیکەی ئێران تێکەڵ بەو جوڵانەوەیە بێ، کە ماوەی ساڵێک هەواڵی سەرەکی مێدیای جیهانی بوو. کورد لە ساڵی ١٣٥٧ یەکێک لە میللەتە هەر چالاکەکان بوو، بۆ ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتی، بەڵام ئەمجارە بینەری ماجرا بوو.

بۆ کورد بەشداری نەکرد؟ بۆ باوەڕی بەو "بزووتنەوەی سەوزە" نەهێنا؟ وڵامی ئەم پرسیارانە دەبێ ڕوون بێتەوە.

کورد لە دوای ئەو هەڵوێستە لە داهاتوودا لە چ چەشنە حەرەکەت و جوڵانەوەیەکی سیاسی سەراسەریدا بەشداری دەکات؟ ئایا کورد بەم هەڵوێستە هەنگاوی ناوەتە قۆناغێکی تازەوە؟ کە ئیتر واز لە تاران دەهێنێ، یان ئەوە هەڵەیەکی کاتی بووە و دووبارە نابێتەوە؟ ئایا ئەوە گەڕانەوە بۆ هەڵوێستی ئەو سەردەمانەیە کە کورد بۆی گرنگ نەبوو لە تاران و تەورێز و گیلان و بەختیاری چ ڕوو دەدا؟

ئەوانە و زۆر پرسیاری دیکە پێویستە وڵام بدرێتەوە. گەر ئەو خەڵکە و چالاکانی سیاسی ناوخۆ هەڵوێست و لێکدانەوەیان دابڕانی سیاسی لە ڕووداوەکانی سیاسی تاران و شوێنەکانی دیکە بێ، حزبگەلی سوونەتی ئێمە ئەو بەرنامە و پرۆگرامەی کە ئێستا بە ساڵ ناخوێندرێتەوە، دەبێ بۆ هەمیشە بایگانی بکەن و چارەی نوێ بدۆزنەوە. ڕەنگە ئەمەی لێرە باسی دەکرێ،سناریۆی پڕ لە فانتێزی ئاکتۆر و شانۆگێڕێک بێ، بەڵام جێگای بیرلێکردنەوەیە.

ئەی ئەگەر وڵامی ئەم پرسیارانە دیوی بەرئاوەژووی ئەم سناریۆیە بێ کە خەڵکی کورد بە گشتی لە سیاسەت وەڕز و بێزار بووبێتن و بەو نەتیجەیە گەیشتبێتن، کە بەشداریکردن لە سیاسەت"هیچی تێدا بەستە نییە" . لە حاڵەتێکی وادا کۆتایی سناریۆ چۆن دەبێت و تەکلیفی حزبەکان لە گەڵ خەڵکێکی وا چییە؟

پرسیار : ساڵی ٢٠١١ بۆ دنیای عەرەب، بەهاری عەربی بە دواوە بوو زۆر شۆڕش و بزووتنەوە سەریان هەڵدا، بۆچی بۆ کورد بە مێژینەی خەباتی سیاسییەوە لەم ئالوگۆرانە دواکەوت؟

وەڵام : لە وڵاتانی عەرەبی ڕوون و ئاشکرا بوو کە خەڵک چییان دەوێ، ئەوان کە هێزی سەرەکیان لە لاوانی کەنیشک و کوڕ پێکهاتبوو، بۆ داوایەکی ڕوون هاتنە سەر

شەقامەکان یەک دەنگ و یەک هەڵویست هاواریان کرد ئێمە ئەم دیکتاتۆڕانەمان ناوێ، کوژران و برینداركران و خرانە زیندان، بەڵام پاشەکشەیان نەکرد، لە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆشیان سرنج و پشتیوانی بیرورِای گشتی خەڵک و مێدیا و دەوڵەتەکانیان بۆلای خۆیان ڕاکێشا و سەرکەوتن.
لە ئێران هاتنە سەرشەقامی خەڵک لە کاتی هەڵبژاردندا بە شاڵ و کڵاوی سەوز و هاوارکردنی "میرحسین یا حسین" وەک بەشداری لە کارنەواڵ یان کێبەرکێی تۆپێن دەچوو، هەتا بزووتنەوەیەکی سیاسی، پاش دۆڕاندنی تیپەکە لایەنگرانی تیمی سەوز ڕوو لە کاپیتانی تیمەکە گوتیان " موسوی رای منو پس بدە"، کاتێک کۆمەڵێک کەس دروشمی سیاسی لە جنسی دروشمی لاوانی وڵاتانی عەرەبیان هینایە ناو خۆپیشاندانەکانەوە، موسەوی، کە عەلی دایی بوو، لە بەرانبەر ئەو خەڵکەدا ڕاوەستا، سەرئەنجامی ئەو کارنەواڵە بە تراژێدییەکی پڕ لە خوێن کۆتایی پێهات، ئەوەش دووبارەبوونەوەی مووسیبەتەکانی میللی و مەزهەبی ئێرانییەکان بوو، کە خوودی سەوزەکان وەک کارەساتی کەربەلا و حەسەن و حوسێن چاویان لێدەکرد، حەسەن و حوسێن لێرە موسەوی و کەڕووبی بوون. بزووتنەوەی عەرەب لەو جنسە نەبوو، حەسەن و حوسێن و موسەوی و کەڕووبیشی نەبوو.
بۆچی کورد لە "بەهاری عەرەب"، "دواکەوت" و لە "بزووتنەوەی سەوز"، "بێدەنگ" بوو، دوو پرسیاری جێگەی بیرلێکردنەوەیە."مێژینەی خەبات" و کۆنی حزب و ڕێکخراو، میلاک نییە بۆ سەرکەوتن.
حزبی "ناوەندی ئاڵمان" Deutsche Zentrumspartei کۆنترین حزبی ئاڵمانە، کە تەمەنی لە ١٤٠ ساڵ تێپەڕیوە و ئێستاش هەر ماوە و هیچ دەورێکی سیاسی نەماوە. حزبەکانی کۆمۆنیست کە لە کۆنترین حزبەکانی ئورووپا بە حێساب دێن و زۆر خەباتکار بوون و زۆرترین کوشتاریان لێکراوە و زیندان و ئەشکەنجەی فاشیسمی ئورووپایان چێشتووە و سەردەمێک گەورەترین گرووپی سیاسی ئاوارە و تەبعیدی جیهان بوون، ئەمڕۆ دەورو و ڕۆڵی سیاسیان لە ئورووپا لە نزمترین پلەدایە، بەڵام حزبی سەوزی نە زۆر کۆن و حزبەکانی دوای ئەوان دەوری جیددیتر لە سیاسەتدا دەگێڕن.
بە گشتی حزبەکانی کۆنی ئورووپا، سوسیال دێموکرات، دێموکرات مەسیحی و سوسیالیستەکان ڕێژەی ئەندامان و لایەنگرانیان هەر دێ و کەمتر دەبێتەوە. بەڵام حزبێکی وەک "دزانی دەریایی ئاڵمان " Deutschland Die Piratenpartei کە دوو ساڵە درووست بووە و باس لە کۆمەڵێک گرفتی کۆمەڵگای ئاڵمان و بەرتەسکبوونی ئازادی لە دنیای مەجازیدا، دەکات کە بە بیری حزبەکانی دیکەدا نەهاتووە، توانی لە هەڵبژاردنی شاری بەرلێن کۆمەڵێک ئەندام بنێرێتە پارلەمانی پایتەخت، حزبی دێموکراتەکانی ئازاد(لیبراڵ) FDP کە لە حکوومەتی ئاڵمان بەشدارە و وەزیر و وەکیلی پارڵەمانی هەیە، لەو هەڵبژاردنەدا لە دەرەوی پارڵەمانی بەرلین دەمێنێتەوە.
بەهاری عەرەب بەهاری سەردەمی عەبدولناسر و ئەوانی دی نەبوو، بەهاری ٢٠١١ بوو. بەهاری سەوزی موسەوی و کەرووبی بەهاری دوو هەزار وهەشت نەبوو، بەهاری هەزاروسێسەد وپەنجاوهەشت بوو. کورد و "حزب" و "ڕووناکبیرانی" لە ٢٠٠٨ و ٢٠١١ لە چ ساڵ و سەردەمێک و لە چ بەهارێک دابوون، من نازانم.

**پرسیار : وەک پرسیاری کۆتایی، کاری رووناکبیری کورد لەم دۆخە دا چیە؟**

**وەڵام :** بەشێکی بەرچاو لەو کەسانە، لە دەرەوی کوردستان گیرساونەتەوە، بەشێک خراونەتە ناو زیندانەکانی ئێران، بەشێک کوژراو و ئیعدام کراون یان لە لیستی ئیعدامدا چاوەڕوان ڕاگیراون، بەشێک هاوکاری نزیکی حکوومەتی ئێران و دام و دەزگاکانی دەکەن، بەشێک لە ژوور و دەرەوە لە گەڵ حزبەکان کەوتوون.
یەکێک لە کارە گرنگەکانی "ڕووناکبیران"ی کورد ئەوەیە لێکدانەوەیەکی ورد لەو وەزعی خۆیان بکەن، جێگا و دەوری ئەم خێڵە لە کۆمەڵگای کوردستاندا "ڕوون" کەنەوە.

=================================

کورتەیەک لە ژیان و چالاکی برایم فەرشی: برایم فەرشی (بارام)، لە شاری بۆکان لە دایک بووە، شانۆوان و نووسەری بابەتی فەرهەنگییە و دانیشتووی وڵاتی ئاڵمانە

**بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:**

* شانۆ ٢٠٠٢
* ناڵەیەک لە هاواردا ٢٠٠٢
* ماندانا(شانۆنامە ١٩٩٦)
* زەوی (شانۆنامە ١٩٩٥)
* زمانی دوولا ٢٠٠٢

※ موسیقای کوردی لە نێوان هاوار وهیوادا ٢٠٠٢

※ پرۆژەکانی فرەکولتوری شانۆپێداگۆگی (بە زمانی ئاڵمانی ٢٠٠٢)

بەرهەمی چاپ نەکراو:

※ هونەری ئاخاڤتن( لە زمانی ئەڵمانییەوە بۆ سەر زمانی کوردی)

※ L Spielpädagogik (دەرسنامە بۆ مامۆستای باخچەی منداڵان) (بە زمانی ئاڵمانی)

※ L Kommunikation Training ( مێتۆدی پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤ- دەرسنامە)( بە زمانی ئاڵمانی)

※L دەرسنامە بۆ پرۆگرامەکانی(Word, Excel, PowerPoint) و ئینترنێت(بە زمانی ئاڵمانی)

کتێبی دیجیتاڵی ( لە رێگای ئینترنێتەوە بڵاوکراونەتەوە):

※ زیرەک هونەرمەندی نەتەوەیەکی بن دەست(باس و لێکۆڵینەوە)

※ ئەگەر شانۆ لە کوردستان مردبێ چی زیندووە؟(باس و لێکۆڵینەوە لە سەر شانۆی باشوری کوردستان)

※ تەلەوزیۆن لە نێوان دامەزراندن و دارزاندندا(هەڵسەنگاندنی تەلەوزیۆنەکانی کورد)

※ مەدەرسەی دوکتور سەعدەدینی مەروانی(زنجیرە نمایشی تەلەوزیۆنی و شانۆیی تەنز و رەخنە )

※ کردستان سرزمین رنج ها و تجربە ها(کۆمەڵە وتار و راپۆرتی سیاسی- بە زمانی فارسی)

※ شانۆی دایکی نیشتمان و کۆشکی ئاوات(لێکۆڵینەوە و شانۆنامە)

※ سەفەرێکی خەیاڵی بۆ بۆکان(ناساندنی باری فەرهەنگی و هونەری بۆکان لە دەیەکانی ٧٠ و ٨٠ بە شێوەی سەفەرنامە و گێرانەوە- تەورێز ساڵی١٩٨٤)

※ گەرِان بە شوێن فەرهەنگی مادەکاندا(لێکۆلینەوە)

※ هەڵەبجە و کۆسار، مەهاباد و گوڵەباخ لە وڵاتی چنار و هێمن(ناساندنی بارودۆخی فەرهەنگ و هونەر و پەروەردەی باشوری کوردستان لە شێوەی سەفەرنامە - ساڵی ١٩٩٤)

※ رۆژهەڵاتی کوردستان و پرسی سیاسەت(کۆمەڵە بابەتی سیاسی)

※ لە خودا و پێغەمبەر و دەوڵەت دەترسم( کۆمەڵە بابەتی تایبەت بە فەرهەنگ و سیاسەت)

※ وێنە، دەنگی دڵ و بێدەنگی مێشک( کۆمەڵە تێکست بۆ راهێنانی دەنگی شانۆگێرِ بە دوو زمانی کوردی و ئاڵمانی)

※ کامکارەکان، خالقی، قەرەداخی و موسیقای کوردی(وتوێژی بابەتیانە لە سەر موسیقای کوردی لە نیوان ساڵانی 1993 هەتا 1998، پێشتر بە زمانی ئاڵمانی بڵاوکراونەتەوە)

※ حەسەن زیرەک و زمانی دووڵا

بەرهەمی کتێبی زارەکی ئامادە و بڵاونەکراوەی نووسەر دەبنە خەرمانی ئەزموونی برایم فەرشی لە ماوەی تەمەنیدا، وەک خۆی دەڵێ : لە بۆکان لە دایک بووم، لە کۆڵن سەردەنێمەوە. تەرمەکەم بە گڕی ئاگر دەسووتێندرێ و هەرچێم لێدەمێنێتەوە بە ئاوی چۆمی تەتەهۆ دادەدرێ، گەر نەکرا چۆمی راین!

خوێنەرانی هێژا، بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن سەردانی بەشی نووسەرانی ماڵپەری بۆکان (www.bokan.de) بکەن!

١٦ی ئۆکتۆبری ٢٠١١

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا [ بەشی یەکەم ]

### وتووێژ لەگەڵ سۆران عەلیپوور

سۆران عەلیپوور: ئەو دابران و پەرتەوازەییە تا ئێستاش فاکتی کاریگەرە لە زیادبوونی مەودای نێوان بزووتنەوەی سیاسی ئێمە لە لایەک و خەون و ئامانجی سەلماندنی شوناسی نەتەوەییمان لەلایەکی دیکەوە



سۆران عەلیپوور: دەولەتێکی بەهێزی مەرکەزگەرا چ باجێکی قورسی بۆ نەتەوە و کەمینەکانی دیکە بەدواوە بوو . نە لە داخوازییەکانی مەشرووتەدا بایەخێک بە جیاوازی ئیتنی درا و نە کوردەکانیش کەوتنە نێو بازنەی ئەو گۆرانکاریانەوە

سۆران عەلیپوور: ئەو دۆگم بوونەی کۆمۆنیستەکان لە ئاست ئیدۆلۆژیەکەیان دا نەخۆشیەکی ترسناک بوو، مۆدێلی کۆمۆنیستی سۆڤیەتیی و چینی لە فەرمانرەوایی کردن دا هیچ  ئاسۆیەکی روونی نەبوو، ئەوە لە کاتێک دایە کە چەپی ئێمە تەواو پاشکۆی ئەو مۆدێلە بوو

**پرسیارەکان:**

**پرسیار :** سەرەتا وەک دەروازەیەک بۆ چوونە نێو باسەکەمانەوە، بزووتنەوەی کورد لە روانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە چۆن پێناسە دەکەن؟

**وەڵام :** بابەتی سەرەکی کۆمەڵناسی سیاسی لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان ستراکتۆری هێز و دەسەلاتی سیاسی لەگەڵ نەهاد و گروپ و هێزە کۆمەڵایەتیەکانە و دەسنیشان کردنی ئەو فاکتانەی کە کاریگەری لەسەر یەک دادەنێن، ئەو پەیوەندیە پەیوەندیەکی دیالێکتیکی ئۆرگانییە، لە کوردستان دا پارت و گروپە سیاسیەکان نوێنەرایەتیی بزووتنەوەیەکی سیاسی نەتەوایەتی دەکەن کە ئامانجی  سیاسەتی سەلماندنی شوناسی کوردیە لە چوارچێوەی ئەو مۆدێلە شکستخواردووەی دەولەت دا کە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، وەک کارگ لە ڕۆژهەلاتی نێوەراست دا هەڵتۆقین.  ئەوان بە سەختی وابەستە و پاشکۆی هێزە ناوەکی و نەریتیەکانی کۆمەڵی کوردین، بە رادەیەک کە بزووتنەوەی سیاسی لە لاواز کردنی بنەما مەدەنیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان دا رۆلی گێراوە و لە سەر خوانی ئەو دواکەوتویە ژیاوە، تێپەر کردنی ئەو دۆخە لە پێناو دروست کردنی کلتوورێکی سیاسی نەتەوەیی دا مەرجی بنەرەتی رزگار بوون لە ناسیۆنالیزمی ستەمکارانەی ئەو دەولەتانەیە کە کوردستانیان بەسەردابەش کراوە، ئەو راستیە بزووتنەوەی کوردی لە نێوخۆی دا تووشی پارچەپارچەبوون کردووە و لە چوارچێوەی پرۆژەی لۆکالی و جوغرافیای بچووک و ویستی کلتووری و ئۆتۆنۆمیخوازی دا هێشتوویەتەوە.

بە روویەکی دیکەش دا ساختاری کۆمەلایەتیی  ـ نەریتی بە فۆرمێکی دیکە لە نێوخودی پێکهاتەی ئۆرگانی ئەو رێکخراوانەدا، لە رێبەرایەتیی کردن، لە نفووزی جەماوەریان، لە سیاسەتیان دا خۆی ژیاندۆتەوە و درێژە بە کلتووری دواکەوتویی و پەرتەوازەیی دەدا. بۆ نموونە هێزە کوردیەکانی باشوور دوای راپەرین لە ژیاندنەوەی هەستی خێلگەرایی دا رۆلیان بینی، پارتەکانی ڕۆژهەلات تەواو کاریگەری ناوچەییان پێوە دیارە. پرسیارێکی زۆر هەستیار ئەوەیە کە ئایا بۆ لە ١٥٠ ساڵی رابردوودا نەبووین بە خاوەن گوتارێک کە لانی زۆری هێز و گروپ و توێژە کۆمەلایەتیەکان لێک کۆ کاتەوە. ئەو دابران و پەرتەوازەییە تا ئێستاش فاکتی کاریگەرە لە زیادبوونی مەودای نێوان بزووتنەوەی سیاسی ئێمە لە لایەک و خەون و ئامانجی سەلماندنی شوناسی نەتەوەییمان لەلایەکی دیکەوە.

**پرسیار :** سەدەی بیستەم بۆ کورد، سەدەی سەرکەوتن و شکەستەکان بوو، بزووتنەوەی کلاسیکی کوردی هاتە بازنەیەکی دیکەوە و ئەحزابی سیاسی درووست بوون، بەگشتی بەستێنە سیاسییەکانی ئەوکات چ بوون کە حزبەکان سەیان هەڵدا؟

وەڵام : سەدەی بیست بۆ کورد تەنها چوونە نێو سەدەیەکی ئاسایی نەبوو، ئەو وتەیە بۆ زۆربەی پێکهاتە نەتەوەییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بڕ دەکا، هۆشیاریەک و جموجۆڵێکی سیاسی و ریفۆرمخوازی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری دەگرێتەوە، کوردەکانیش بە تایبەت لە دەوڵەتی عوسمانی دا راستەوخۆ لەو ریفۆرمەدا دەستیان هەیە، لەو نێوەدا دەتوانین ئاماژە بە عبدالله جەودەت و ئیسحاق سکوتی بکەین، ئەگەر ئەو بزووتنەوانە کەوتونەتە ژێر کاریگەری ڕۆژئاوا و مۆدێرنیتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە ولامێکی ئاشکرا بە ویستە ناوەکیەکانی هەناوی ئەو کۆمەڵگانە بوون، دەوڵەتی عوسمانی پیاوێکی نەخۆش بوو کە یار و نەیاری چاوەڕێی بەشەمیراتی خۆی دەکرد، قاجاری هەتا بارگەوبنەشی کۆکردەوە قەت نەیتوانی دەسەڵاتێکی مەرکەزی دابمەزرێنێ و بووکەڵەیەک بوو بەدەستی زلهێزەکانەوە، ئاماژەیەکی کورت بە دۆخی عوسمانی و قاجاری بۆیە گرینگە چونکە چارەنووسی کوردەکانیش بە جۆرێک لە چارەنووسی ئەو دوو دەوڵەتەوە گرێ درابوو.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا کوردستان خاوەن ئابوورییەکی کشتوکاڵی بوو. گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و پێوەندییەکانی بەرهەمهێناندا پێک نەهاتبوو. سیاسەتی ستەمکارانەی بنەماڵەی قاجار و عوسمانی زیاتر لە ناوچەکانی دیکە، کوردستانی خستبووە پەراوێزەوە. ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بە سادە و ساکاری مابوونەوە. ژمارەی شارنشینەکان لەچاو ژمارەی دانیشتوانی لادێکان و کۆچەرەکان زۆر کەمتر بوو. بە شێوەیەکی گشتیی دەتوانین بڵێین کە ئابووری ئابوورییەکی بژێوی بوو. یەکەم ئەنجامی ئەو ئابووریەش دروست نەبوونی بازرگانی یان ئاڵوگۆڕی کەلوپەل بوو کە لە زێدەبەرهەمەوە دێتەگۆڕێ. کۆسپێکی دیکەش لەسەر ڕێگەی بازرگانی دواکەوتوویی هۆکارەکانی پێوەندیکردن و گواستنەوە و گەیاندن بوون. ئەوە بێجگە لەوەی ئابووری لە ئابووری کشتوکاڵیدا کورت کرابۆوە و خەبەرێک لە ئابووری پیشەسازی لە گۆڕێدا نەبوو، ئابووری بازرگانیش هەر بە دواکەوتوویی مابۆوە.

پێکهاتەی کۆمەلایەتی پێکهاتەیەکی خێلەکی بوو، کە لەسەر بنەمای خوێن و هۆزایەتی و خزمایەتی دامەزرابوو. پیاوانی ئایینی، سەرۆک هۆزەکان و فیودالەکان کە زۆر جار بە بەشێک لە دەرباری پاشایەتیی دادەنران، جڵەوی ڕووداوەکانیان گرتبووە دەست. ئەوە بێجگە لەوەی کە ڕادەی هۆشیاری کۆمەڵانی خەڵک بەگشتی لەخوارێ بوو، ئەوەش کاتێک ڕوونتر دەبێتەوە کە بزانین لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ٩٥%ی پیاوان و ١٠٠%ی ژنان نەخوێندەوارن.

لە رووی سیاسیەوە کورد لە بۆشاییەکی گەورەی ڕێبەری دا دەژیا، میرنشینەکان لە هەردوو دیوی عوسمانی و قاجاری دا کۆتاییان پێهاتبوو، راپەرینەکەی شێخ عبیداللەی نەهری سەرکوت کرابوو، سمکۆی شکاک لە قۆناغی یەکەمی بزووتنەوەکەی دا بوو کە زیاتر دەچووە جوارجێوەی کارداناوەیەکی خێڵەکی، ئەو هەل و مەرجە دەرفەتی بۆ توێژێکی خوێندەواری وردەبۆرژوا خۆش کرد کە بێنە سەر سەکۆی شانۆی ڕووداوەکان، هەڵبەت زۆربەیان نەوەی میر و دەرەبەگە کوردیەکان و شێخەکان بوون یان ئەفسەری پلەداری لەشکری عوسمانی کە لە شارە گەورەکان و قوتابخانە سەربازیەکان دەرسیان خوێندبوو و نیشتەجێ بوون، بە تایبەت ئەوانەی ئەستەنبوڵ و قاهیرە تەواو لە ژێر کاریگەری مۆدێرنیتەو ڕۆشنگەری ئوروپایی دا بوون، ئەوانە گەرچی بژاردەیەکی سنووردار بوون، بەڵام بە هۆی پێشینەو پێگەی کۆمەلایەتیان، خاوەن نفووز بوون، لە دەولەتی قاجاریش دا توێژی بازرگانی سوننەتی کورد بەهۆی هەبوونی پێوەندی لەگەڵ ڕووسیەی تێزاری و دەوڵەتی عوسمانیدا لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی چاکسازی و پێشکەوتن و فەرهەنگی نوێی گۆڕانکاریدا ئاشنایەتیان هەبوو. بەڵام ژمارەی ئەو کەسانە بۆ بەدەستهێنانی ئاڵوگۆڕە گرینگەکان لە کوردستانی ڕۆژهەلاتدا زۆر و بە پێی پێویست نەبوو، هەنگاوێکی گرنگ کە ئەو بژاردەیە لە دەولەتی عوسمانی دا دەستپێشخەری تێدا کرد بە ڕێکخراوەیی کردنی بزووتنەوەی سیاسی نەتەوەیی کوردی بوو، بلاوکردنەوەی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی ساڵی ١٨٩٨ لە لایەن میقداد مەدحەت بەدرخانەوە، دامەزراندنی یەکەم ڕێکخراوی کوردی لە ساڵی ١٩٠٨ کاتێک ئەو بژاردەیە لە هەوڵەکانی کۆمەلەی ئیتیحاد و تەرەقی نائومێد بوون بە ناوی کورد تەعاونی و تەرەقی جەمعیەتیی، ئەوان دەیانویست هەستی هاوبەشی هاونەتەوەیی لە نێو کورد دا ببوژێننەوە و داوای چاکسازی و گۆڕانکاریان دەکرد و لە ڕێگەی ڕۆژنامە و قوتابخانە و کڵەبە کوردیەکانەوە هەوڵی هۆشیار کردنەوە و خوێندەوار بوونی خەڵکی کوردیان دەدا. بەوشێوەیە توێژێکی نوێی خوێندەوار بۆماوەیەک جلەوی ڕووداوەکانیان بەدەستەوە گرت، بەلام لە داهاتوودا ئەوان لەگەڵ توێژی نەریتی سەر سەکۆی سیاسی کوردی دا دەکەونە کێشەو بۆ ماوەیەکی دورودرێژ ئەو ناکۆکیە کاریگەریەکی سلبی لەسەر بزووتنەوەی سیاسی دادەنێ، بە تایبەت لە چۆنیەتی ڕێکخستنی گوتارێکی یەکگرتوو لە دیبلۆماسی دەرەکیدا.

پرسیار : لە ئیران شۆڕشی مەشرووتە، بوە هۆی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ئاستی ئێراندا، بۆ کورد کام قۆناخ دەتوانین وەک قۆناخی نوێ و سەردەمی نوێ دەستنیشان بکەین کە بووبێتە هۆی گۆرانێک لە پێکهاتەی سیاسی؟

وەڵام : مەشرووتە وێستگەی دەرکەوتنی دەیان چەمکی سیاسی و کۆمەلایەتیی نوێیە لە مێژووی ئێران دا، ئەو چەمکانە ئەگەر لەسەردەمی مەشرووتەدا و هێندێکیان تا ئێستاش نەچوونە قۆناغی پراکتیکەوە، بەڵام بەشێکیان هەمان ڕۆلیان گێرا کە تیۆریسینەکانی نەتەوە / دەولەت لە ئالمان دا بۆ هاتنەسەر دەسەلاتی هیتلەر گێرایان، بۆیە زیاتر زووم دەخەمە سەر ئەو لایەنە چونکە لە دهاتوو دا دەرکەوت کە دامەزراندنی نەتەوە ـ دەولەتێکی بەهێزی مەرکەزگەرا چ باجێکی قورسی بۆ نەتەوە و کەمینەکانی دیکە بەدواوە بوو. نە لە داخوازییەکانی مەشرووتەدا بایەخێک بە جیاوازی ئیتنی درا و نە کوردەکانیش کەوتنە نێو بازنەی ئەو گۆڕانکاریانەوە، باسێکیان

لە دامەزراندنی ئەنجومەنە ویلایەتیەکان کرد لە قانوونی ئەسڵی دا، بەلام ئەو ئەسڵە هەرگیز ڕۆژی ڕوونی بەچاوی خۆی نەدی،لە بەرامبەریشدا ئاگری هەستی "ئێرانیبوون"ی ئێرانییەکانیان نێڵ دەدا، چەمکی "نیشتمان" کە تا ئەوکات نە پێناسەیەکی ڕوون و ئاشکرای بەدەستەوە دەداو نە سنوور و مەودایەکی دیاریکراویشی هەبوو، پانتایی زێد "زادگاە"ی تێپەڕاند و چوارچێوەیەکی فراوانتری گرتەوە و ڕەهەندێکی سیاسی بەخۆیەوەگرت، کە دەبوو پارێزگاری لێ بکرێ ئەوەش پێویستی بە حکومەتێکی بەهێزی نێوەندگەرا هەبوو. ئەو حکومەتە لە سەردەمی ڕەزاشادا دەسەڵاتی بەدەستەوەگرت، کە لە ئابووریەوە تا دەگاتە هێزی سەربازی مۆدێرنی خستە خزمەت یەکرەنگ کردن و ژیاندنەوەی ئەفسانەی ئێران و سەرکوتکردنی نەتەوە و جیابیران و ئازادیخوازان..

سەبارەت بە کورد لە کوردستانی ڕۆژهەلات دا سەدەی بیستەم هێندێک درەنگتر دەستی پێکرد، ئەو قۆناغە بە دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان دەست پێدەکا و بە دامەزرانی کۆماری کوردستان بە لوتکە دەگا، لەوانەیە فاکتی کاریگەر بۆ سەلماندنی ئەو بانگەشەیە ڕادیکاڵ بوونی ئەو ڕەوتە بێ لە ویست و داخوازیەکانی دا، بەرجەستە بوونی لە چوارچێوەی ڕێکخراوی سیاسی مۆدێرن و پێناس کراو دا، ئەوە بێجگە لە پشتیوانی و بەشداری کوردانی پارچەکانی دیکە لە دامەزراندن و بردنە پێشی ئەو ڕەوتە دا، هەروەها خەسلەتێکی دیکە پشت بەستن بە ئاستی پێگەیشتوویی مەدەنیی کورد و سەرەنجام مەدەنی بوونی خودی ڕەوتەکەو بنیادنانی ناسیۆنالیزمێکی پێشکەوتوو کە هەوڵ دەدا سنووری عەشیرەت و ساختاری بەرتەسکی کۆمەلایەتی تێپەڕ بکا، هەروەها بەشداری ژنان و خوێندەواران و پیاوانی ئاینی سیمایەکی دیکەی پێناس کردنی کۆمارە.

**پرسیار : لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، ئایدۆلۆژی کۆمۆنیزم وەک دیاردەیەکی بەهێزی کۆمەلایەتی و سیاسی هەموو ناوچەکەی گرتەوە، ئەم ئایدۆلۆژییە بۆ نەیتوانی ببێتە پاشخانێکی فیکری بۆ بزووتنەوەی کورد؟**
**بۆچی بزووتنەوەی چەپ نەیتوانی خەون و ئاواتەکانی کورد بەدی بێنێ؟ یان بە واتایەکی دیکە، بزووتنەوەی کوردی بەرەو کوێ برد؟**

**وەڵام :** پێش بەرێکخراوەیی بوونی کۆمۆنیزم لە دنیای ئێمەدا، بە شێوەی جۆراوجۆر بیری کۆمۆنیزم لە بزووتنەوەی سیاسی دا کاریگەری دانابوو، پێکهاتەی ئۆرگانی زۆربەی پارتە سیاسیەکان لە مۆدێلی پارتی کۆمۆنیستی ڕوسیەوە وەرگیرابوو، دروشمە عەدالەتخوازی و پێشکەوتنخوازیەکان بە جۆرێک مۆرکی کۆمۆنیزمیان پێوە دیاربوو. دەتوانین چۆنیەتی دزە کردنی ئایدۆلۆژی کۆمۆنیزم بۆ نێو بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەلات دا بە سێ قۆناغی مێژووی دا دابەش بکەین:

**قۆناغی یەکەم:** بلاوبوونەوەی بیری کۆمۆنیزمە پێش شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ و دوای شۆڕشەکەش لە نێو توێژی خوێندەوار و بژاردەی کۆمەڵ دا، ئەوان کەوتبوونە ژێر کاریگەری بانگەشەی عەدالەتخوازی کۆمۆنیزم و بەشێک لە ویست و داخوازیەکانیان لە کۆمۆنیزم دا دەدیتەوە، تەنانەت ئەو دروشمە عەدالەتخوازیانە بە تەواوی بە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماریش دا دیارن، ئەوە تەنها پەیوەندی بۆ پشتیوانی سۆڤیەت لە کۆمار ناگەڕێتەوە، ئەوە تەوژمێک بوو کە زۆر لە ولاتانی جیهانی سێهەمی گرتبۆوە.

**قۆناغی دووهەم:** دەورانی دوای ڕوخانی کۆمارە، لەوسەردەمەدا حیزبی تودە لە بوژاندنەوەی شاخەکانی حیزب و پشتیوانی کردنی دا ڕۆڵێکی بەرچاوی گێرا، بە ڕادەیەک کە حیزبی دێموکرات وەک لقی کوردستانی حیزبی توودە کاری دەکرد، دیارە ئەو خزمایەتیە زۆر بەردەوام نەبوو، هەم توودە توودەی جاران نەما و هەم حیزبی دێموکراتیش بەهێزتر بوو لەوەی بە پاشکۆی توودە بمێنێتەوە.

**قۆناغی سێهەم:** ئاشکرا بوونی خەباتی کۆمەڵەیە، لەو قۆناغەدا ڕاستەوخۆ کوردی ڕۆژهەلات لەگەڵ چەپ دەست پەنجە نەرم دەکەن، تا ئەوەی کە لە دوای ڕاپەڕینی گەلان کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکی چەپی توندڕەو دەبێتە ڕەقیبی سەرەکی حیزبی دێموکرات. سەبارەت بەوەی کە بۆچی ئەو ئایدۆلۆژیە نەیتوانی ببێتە پاشخانێکی فکری بۆ بزووتنەوەی کوردی، دەتوانم ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەم:

❊ | خودی مارکس هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبوو کە لە ڕوسیەی سێزاری دا، لەو کۆمەڵگا کشتوکاڵیەدا کە هۆکار و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان دواکەوتووبون شۆڕشی سۆسیالیستی سەربکەوێ، بە بۆچوونی ئەو لە کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی دا کە هۆکارەکانی بەرهەمهێنان لەوپەڕی پێگەیشتووی خۆیان دان و ژمارەی چینی کرێکار زۆرە، ڕاپەڕینی کرێکاری ڕوودەدا، لە کوردستانیش دا کە هیچ کات دژایەتیی کار و سەرمایە بەو ڕادەیە نەبووە ببێتە هاندەری دەرکەوتنی خەباتی چینایەتی. کەواتە لە بنەڕەتەوە کۆمۆنیزم وڵام نەبوو بە دۆخی ئەوسای کۆمەڵی کوردی.

❊ | چەپی کوردی لە ژێر کاریگەری چەپی ڕوسی و دوایەش چەپی چینی دابوون، هێندەی مائۆ و لینین و ستالین دەخوێنرانەوە، هێندە مارکس و ئەنگلس نەدەخوێنرانەوە، ئەوە کێشەیەکی گەورەی تیۆری بوو، کۆمۆنیست بوون زیاتر مۆدێل بوو تا مێتۆد.

❊ | کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی نەریتی . ئاینی بوو، کۆپی کردنی دەقاودەقی کۆمۆنیزم لە کوردستان دا هەمان کاردانەوەو دەرەنجامی لێدەکەوتەوە کە کۆپی کردنی

ناشیانەی سێکۆلاریزم لە لایەن ڕەزا شاوە بەدوای خۆی داهێنا.

❊| چەپ لە کوردستان دا بە نەخۆشی هەژاری لە ڕاڤە کردن و وەرگێرانی تیۆری کۆمۆنیزم بۆ سەر زمانێک گرفتار بوو کە واقعی کۆمەڵی کوردی پێ بخوێنێتەوە، ئەو دۆگم بوونەی کۆمۆنیستەکان لە ئاست ئیدۆلۆژیەکەیان دا نەخۆشیەکی ترسناک بوو، مۆدێلی کۆمۆنیستی سۆڤیەتیی و چینی لە فەرمانڕەوایی کردن دا هیچ ئاسۆیەکی ڕوونی نەبوو، ئەوە لە کاتێک دایە کە چەپی ئێمە تەواو پاشکۆی ئەو مۆدێلە بوو. زەمان وڵامی گونجاوی بە هەموو ئەو گومانانە دایەوە کە لە ئاست کۆمۆنیزم دا وەک مۆدێلێکی حکومەت کردن، لە ناخی مێژوو دا پەنگیان خواردبۆوە.

❊| کوردستان نە کارخانەی تێدابوو تا کرێکاری هەبێ، نە کرێکاریش هەبوو تا پشتیوانی لە شۆرشی کرێکاری بکا، چاکسازی زەوی و زاری سەردەمی حەمەڕەزاشا بەشێکی گەورە لە کێشەی جوتیارانیشی چارەسەر کردبوو، ئەوەی هەبوو چەوسانەوەی نەتەوەیی بوو، پەراوێزکردنی زمان و کلتوور و ناسنامەی نەتەوەیەک بوو، هەوڵێکی خەستی لە نێوبردنی شوناسی کوردانەی خەڵکانێک بوون کە لەگەڵ فۆرمی خوازیاری پەهلەوی نەتەوە. دەوڵەت یەکرەنگ نەبوون، کۆمۆنیستە کوردەکان لە کورت ماوەدا بە کەڵک وەرگرتن لە تەوژمی جیهانی کۆمۆنیزم کە سەرلەبەری جیهانی سێهەمی گرتبۆوە، توانیان بە جۆرێک خۆ لەو پرسیارانە نەبان بکەن و وڵامی کلێشەیی پێ بدەنەوە. ئەو دۆخە هەروا بەردەوام نەبوو، ئەو خاڵە کێشەی گەورەی خستە نێو چەپی کوردیەوە. کۆمۆنیزم لە کوردستان دا پێتانسیۆل و وزەیەکی یەکجار زۆر، توێژی ڕووناکبیر و خوێندەواری بەتوانا، هێزی چەکدار، بەشدارییەکی بەرچاوی ژنانی خستە خزمەت دروشمگەلێکەوە کە نە ئاوات و ئامانجی ڕاستەقینەی کورد بوون و نە لە هیچ قوژبنێکی ئەو دنیایەش ڕۆژی ڕوونیان بەچاوی خۆیان بینی.

٥ی مای ٢٠١٢

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا [ بەشی دووهەم و کۆتایی ]

سۆران عەلیپوور: هاوکێشەکە بەو شێوەیە بوو تا دەسەڵاتی ناوەند بەهێز دەبوو و بناغەکانی حکومەتیان پتەو دەکرد، کورد زیاتر دەکەوتە دەرەوەی بازنەکەوە

سۆران عەلیپوور: پارتە کوردیەکان زۆر درەنگ هەستیان بە گرینگی ئاوردانەوە لە ڕەوتی نوێی کۆمەڵگا کرد، کە هەستیشیان پێکرد زیاتر لە خەمی مۆرک لێدانی حیزبی و دەستەمۆ کردنی خودی ڕەوتەکە بوون تا بایەخ پێدان و وەرگرتنی پەیامەکانی.

سۆران عەلیپوور: ڕووناکبیر دەتوانێ پاڵ بەو دیوارانەوە بنێ کە دەوری ئێمەیان تەنیوە، شایەد ئەو دیوارانە نەروخێن بەلام مەیدانی ئازادی ئێمە فراوانتر دەبێتەوە، زیاتر باوەرم بەو پرۆسەیە هەیە کە بەردەوام هەوڵی بەرین کردنی پانتایی ئازادی دەدا تا ئەوەی گەیشتن بە "مدینه فاضله" بکاتە ئامانج

پرسیار : شۆڕشی ٥٧، گرینگترین ڕووداوی سیاسی ئێران بوو لە سەردەمی نوێدا، بەگشتی کورد کەوتە بارودۆخێکەوە کە توانی بەشێک لە کوردستان ئیدارە بکات، ئەو بارودۆخە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ بەگشتی خواستەکانی کورد چ بوو؟

وەڵام : شۆرشی ١٩٧٩ سیمای دەسەلاتی سیاسی ئێرانی گۆری، دۆخێک هاتە ئاراوە کە بۆ کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران و تەنانەت بۆ هەموو جیهانیش دیاردەیەکی نوێ و ئەزموون نەکراو بوو، ئەو یەکگرتوویی ئیدۆلۆژیکی . ئاینیەی کە لە نێو شیعە و ڕابەرەکانی دا هەبوو، بێ بەرنامەیی ئۆپۆزسیۆن و هەروەها کەلک وەرگرتن لە هەستی بریندار و نارازیی خەڵکی ئێران، هەژموونی باڵی نەریتی لە شۆرشی ئێران دا زیاتر کرد، بە ڕادەیەک کە هێزە پێشکەوتن خوازەکانیشی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە، ئەو مۆدێلە نامۆیەی دەسەلاتداریتی کە دەنکەکەی لە سەرەتای سەدەی بیست چێنرابوو لە ئێرانی دوای پاشایەتی بەری گرت.

روحیەتی پاوانخوازی، سیاسەتی ئەسیمیلاسیۆن، تەقدیس کردنی ڕێبەریی و حکومەتی ئیسلامی، بە شێوەیەکی زۆر زیرەکانە تێکهەڵکێش کردنی فکری پان ئێرانیزم لەگەڵ جەوهەری فکری ئیسلامی سیاسی دا، پەنابردن بۆ سەرکوت وبلاوکردنەوەی ترس و وەحشەت، هێندێک لە تایبەتمەندیەکانی ئەو مۆدێلە نامۆیە بوون، بە ناوی دینەوە مۆرکی حەرام و حەڵاڵ، باتل و مەشروع، مولحید و ئیمانداریان دەبەخشیەوە، هەر لەو چوارچێوەیەش دا هێرش بۆ سەر کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ دا بە جیهاد نێودێر کرا. لەو قۆناغەدا کار بۆ بەدامەزراوەیی کردنی مۆدێلی ئیسلامی و جێکردنەوەی لە نێو هێندێک چەمکی سیاسی و سەربازی و ئابووری دا کرا، بەڵام ئەوەی کە پاشان بە شۆرشی فەرهەنگی ناسرا و بەشێک لە ریفۆرمخوازە ناسراوەکانی ئێستا تێیدا پێشەنگ بوون، بریتی بوو لە بارگاوی کردنی ئەو مۆدێلە بە پاشخانێکی ئیدۆلۆژیک و پێناس کردنی لە نێو ئالۆزیی دنیای مۆدێرن دا، واتە کاتێک هێزە کوردیەکان پاشەکشەیان کرد، کۆماری ئیسلامی هەم بە پراکتیک جێکەوتبوو، هەم چوارچێوە ئیدۆلۆژیک و تیۆریەکەشی دارێژرابوو.

بۆیە ئەو ئاماژە کورتەم بە گرینگ زانی چونکە کوردستان کەوتە نێو هەردوو بەرداشی پراکتیزە کردن و تیۆریزە کردنی مۆدێلی فەرمانرەوایی ئیسلامی، چ ئەو کاتەی هێرشی مەیدانی کرایە سەر کوردستان و هاوکات کارخانەی شەڕێکی راگەیاندن و دەروونی لە تارانیش دژی کورد وەگەڕخرا، چ ئەو کاتەش ناکۆکیە نێوخۆییەکانی ناو پارتە سیاسیەکان و کۆمەڵگەی کوردیش گەیشتە ئەوپەری خۆی. سەرنج دان بەو خاڵە بایەخی خۆی هەیە، دەکرێ لە روانگەیەکەوە بەشێک لەو ململانێ فکری و مەیدانیەکانی نێو رەوتە کوردیەکانی دوای شۆڕش هەر بەو مێتۆدە شی بکەینەوە.

سەبارەت بە باڵی راست دەتوانین بڵێین هەرچەند تەمی روخانی کۆمار و ئەو ئاکامە تراژیدیەی سەرانی کۆمار و خەلکی کوردستان تووشی هات هەروا بە ئاسانی نەرەویەوە، بەڵام دڵی بەرەنگاریخوازی لە لێدان نەکەوت، راپەرینی ساڵانی ٤٦ و ٤٧ بەڵگەیەکی روونە.

بۆ کوردان هەم ئەو سیستمە نوێ و نەناسراو بوو، هەم خودی باردۆخی رۆژهەلاتی کوردستان جیاواز بوو، دەرفەتێک بوو بۆ هەناسەدانی ئازادی رادەربڕین و بوژانەوەی رێکخستنە سیاسیەکان و دەرکەوتنی گروپی نوێ لە کوردستان دا، بۆ نموونە ئەگەر لە رابردوو دا حیزبی دێموکرات تاقە مەیداندار بوو، ئێستا دوای شۆڕش هەم کۆمەڵە وەک رەوتی کۆمۆنیستی هەبوونی خۆی راگەیاندووە و هەم ئیسلامی سیاسی مەکتەبی ئەحمەدی موفتی زادە و کۆمەڵێک پارت و گروپی دیکە لە مەیدانەکەدا هەن. بێجگە لە سازمانی فیدائیانی خەڵک و توودە کە لە کوردستانیش چالاکیان هەبوو.

ئەو سێ رەوتە خاوەنی سێ تێگەیشتنی جیاواز بوون، ئەو پرسیارەی کە ئاخۆ کێ باشتر کۆمەڵگەی خۆی ناسیبوو و ویستە سیاسیەکانی عەقلانیتر دارشتبوو، لە لایەن مێژووەوە وڵام دەدرێتەوە و کاری مێژوونوس و لێکۆڵەرەکانە لەو بارەوە قسە بکەن . ئەوە کە کورد نەیتوانی خاوەن گوتارێکی یەکگرتوو بێ جێگەی تێرامانە، هەروادەزانی باسی ئێستا دەکەین، هیچ گارێنتیەک نیە کە لە وەها دۆخێک دا دیسان تووشی ئەو پەرتەوازەیی و بەربڵاویە نەبینەوە، هاوکێشەکە بەو شێوەیە بوو تا دەسەلاتی ناوەند بەهێز دەبوو و بناغەکانی حکومەتیان پتەو دەکرد، کورد زیاتر دەکەوتە دەرەوەی بازنەکەوە. دانیشتنەکانی نێوان هەیئەتی نوێنەرایەتیی کورد و نوێنەرانی حکومەت زۆرتر لە سیناریۆیەکی دارێژراو دەچوو، چونکە لە بنەرەتەوە تاران باوەری بە چارەسەری ئاشتیانە نەبوو، کورد داوای خودموختاری لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیک دا دەکرد، پاشان دۆخەکە بە شێوەیەک ئالۆز دەبێ کە تەنها بە پێدانی خودموختاریەکە رازی دەبن، بە پێی بەڵگەنامەکانی ئەو سەردەم کورد هەموو هەوڵی خۆی دا تا پێش بە رووданی شەر بگرێ، چەند جار نامەیان بۆ خومەینی نووسی، لە هەڵبژاردنی مەجلیسی شورا و خیبرەگان دا بەشداریان کرد، پێشانیان دا کە لەگەڵ پرۆسەی سیاسی دا دەرۆنە پێشێ، بە دەیان جار حوسنی نیەتیان پێشان دا، بە دەربڕینی ئەوکات ئەوانیش بە راست و چەپەوە دژە ئیمپریالیست بون، بەڵام هیچ یەک لەوانە پێشی بە سیاسەتی پاوانخوازی و هێرشبەرانەی تازەبەدەسەلات گەیشتوەکانی تاران نەگرت. لە نێوخۆش دا شەری خۆ بە خۆی لایەنەکان گورزێکی قەرەبوو نەکراوەی لە پێکهاتە و نفوزی لایەنی کوردی دا.

پرسیار : بەرگری رەوا یان شەر لە کوردستان لە کوێوە دەستی پێ کرد و ئاکامەکانی لەسەر کۆمەڵگا و بزووتنەوەی سیاسی چ بوون؟ بەگشتی جەنگ لە کوردستان چ دەرەنجامگەلێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە دواوە بوو؟

وەڵام : کورد بەو پێیە کە لە شۆرش دا بەشداری کردبوو، دەبوایە لە دەسکەوتەکانی شۆرش دا پشکدار با، ئەوە بێجگە لەوەی کە دڵی رزگاریخوازانە لە کوردستان دا هیچ کات لە لێدان نەکەوتبوو، واتە هەم رابردویەکی درێژ و دەوڵەمەندی بەربەرەکانیی لەگەڵ رژێمی پەهلەوی دا هەبوو، هەم رێکخراو و حیزبی سیاسی لە مەیدانەکە دا وجودیان هەبوو. کورد لە ریفراندۆمی هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامی دا بەشداری نەکرد، ئەوە یەکەم "نا" کوتن بوو بە مۆدێلێک کە سەرەتای دووبارە گەرانەوە بۆ دیکتاتۆریی دادەرشت، لە پاش فەتوای جیهادی خومەینی و نائومێد بوونی لایەنە کوردیەکان، شەر یا بەرگری رەوا دەستی پێکرد، ئەو شەرەیان بۆ خۆ لێبواردن نەدەبوو، چونکە هێرشێکی درندانە بوو بۆ سەر کوردستان، دەبوو بەرگری کرابا، بەڵام ئەوە هیچ لە ئەنجامە تاڵەکانی شەر و دای شەر ناگۆرێ. ئەوەی کە بە قووڵی جێگەی رەخنە و لێوردبونەوەیە شەری خۆبەخۆی هێزە کوردیەکانە، ئێستا کێ تاوانبارە؟ یا بە دەربڕینی ئەو سەردەم کێ"سازشکار"ە و کێ" ئاژاەگێرە" هیچ لەو راستیە ناگۆرێ کە ئەو ناکۆکیە نێوخۆییانە بەشێکی زۆری رەنجی خەڵکی کوردستانی بەبادا.

تایبەتمەندیەکی هەمیشەیی راپەرین و بزووتنەوە کوردیەکان ئەوە بووە کە شەری دوژمنەکانیان لە سەر خاکی خۆیان کردووە، ئەو حاڵەتە بێجگە لە قوربانی مرۆیی زۆر و ئاوارەبوون و بێ ماڵ و حاڵ بوونی خەڵک، ژێرخانی ئابووری لە ناو بردووە، کاری کردۆتە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، کلتووری توندوتیژی پەرە پێداوە و سیمای کۆمەڵگەی شێواندووە، لە رووی دەروونیەوە قوربانیەکی زۆری لێکەوتۆتەوە، ئەو پەرەگرافەی ئیریش ماریا ریمارک لە رۆمانی "دەمێ مەرگ دەمێ خۆشەویستی" دا بۆ ئێرە بە گونجاو دەزانم: "ئەوانەی جەنگ بە تاقیکردنەوە دەزانن دیارە تاقیان نەکردۆتەوە، ئەوانەش کە تاقیان کردۆتەوە دیارە قەت لێی تێنەگەیشتن، بە هۆی مەرگەوە ملیۆنەها مرۆڤ بێجگە لەو هەموو سام و مەرگ و برسێتیەی چێشتیان، روبەرووی شتێکی دیکەش بوونەوە کە لێی حاڵی نەبوون، نە ناو، نە رەنگ نە شێوە و نە روخساری هەبوو، شتێک بوو ژیانیانی سەرەوژێر کرد". واتە ئەنجامەکانی شەر لە خودی شەر روخێنەرترن.

**پرسیار :** *ئەزمی نوێی جیهانی هاتە ئاراوە، چینی نوخبەی شاری دروست بوو، شارەکان گەشەی خێرایان بە خۆیەوە بینی، گۆرانکارییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئاست ئێراندا هاتبوە ئاراوە، گوتارە رووناکبیرییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، بە جیاواز لەگەڵ ئەوەی کە تێکئاڵاوی ئیدئۆلۆژییەکانی بیری چەپو راستو دینی بوون، هەموویان لە چوارچێوەی گوتاری ناسیونالیستیدا کاریان کردووەو هەوڵی خۆپێناسەکردن بوونو بە واتایەک بە دوای "گەڕان بە دوای شوناس دا" بوون، رەوتی رووناکبیری کورد بەرەو چ ئاقارێک رۆشت؟*

**وەڵام :** زۆربوونی ژمارەی شارنشینەکان و گەورەبوونی شارەکان، دەرکەوتنی توێژێکی خوێندەوار و کاریگەریەکانی بەجیهانی بوون و کرانەوەی داخراوترین کۆمەڵگەکان بەرووی کۆمەلێک دەسکەوتی تێکنیکی و سەرەنجام مێنتالیتێتی پشت بەکارهێنان و ئەزموون کردنی ئەو بەرهەمانە کاری کردە سەر بزوتنەوە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانیش، بێگومان هۆکارگەلی دیکەش لە پشت ئەو گۆرانکاریانەوە هەن کە بە تایبەت دوای شەری سارد زۆر لە ولاتانی جیهانی سێهەم و لەو نێوەدا کوردستانیشی گرتە خۆ.

دیارە ناکرێ رابردوو و پێکهاتە بنیادیەکانی ئەو رەوتە تەنها لە قۆناغی ریفۆرمخوازی لە ئێران دا کورت بکەینەوە، رابردووی رەوتی رووناکبیری چ لە رۆژهەلاتی کوردستان و چ لە تاراوگە و چ لە شاخ پێشینەی خۆی هەبوو، ئەو قۆناغە نوێیە دەرفەتی زیاتر لێک نزیک بونەوەی و لێک تێگەیشتنی بەوان دا، بەلام لە نێوخۆی کوردستان بە دامەزرانی ئەنجومەنە ئەدەبیەکان و زۆربوونی ژمارەی چالاکوانانی مەدەنی و مافی مرۆڤ و مافی ژنان، بنکەکانی فێرکردنی زمانی کوردی، بلاوبوونەوەی بلاڤۆکە خوێندکارییەکان، بلاو بوونەوەی هەفتەنامە و گۆڤاری کوردی کە خوێندنەوە و راڤەیەکی نوێیان بۆ بابەتەکان هەبوو، یان گەشەکردنێکی بەرچاوی سینەما و شانۆ و رۆمان و شێعر و چیرۆک، پێکهێنانی سیمینار و کۆر و کۆبوونەوەکان و دەیان چالاکی دیکەش، شاهیدی گەشەکردنی نەوەیەکی نوێ و تێروانینێکی نوێ بووین، ئەو رەوتە دوای کۆتایی پێهاتن یا راگرتنی خەباتی چەکداری هێزە کوردیەکان دەبوایە بە دوای مێتۆدێکی دیکەدا گەرابا بۆ سەرلەنوێ پێناس کردنەوەی "کوردایەتیی" ، مێتۆدێک کە ولامدەر با، کە هەم خەسارناسی کردبا و هەم بەستێنەکانی کوردایەتیشی ناسیبا، تازە ئەوە تەنها لە سیاسەت کردن دا کورت نەدەکرایەوە، ئەگەر سەرنج لە رۆمان و شێعری ئەو سەردەمە بدەی هەست بە هەژموونی ئەو خوێندنەوە تازەیە دەکەی، پارتە کوردیەکان زۆر درەنگ هەستیان بە گرینگی ئاوردانەوە لەو رەوتە کرد، کە هەستیشیان پێکرد زیاتر لە خەمی مۆرک لێدانی حیزبی و دەستەمۆ کردنی خودی رەوتەکە بوون تا بایەخ پێدان و وەرگرتنی پەیامەکانی.

**پرسیار :** *گوتارێک کە باڵی بەسەر فەزای سیاسی و روناکبیری کوردستاندا کیشابوو، گوتاری خەباتی مەدەنی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کورد لە چوارچیوەی ژنان، خوێندکاران، کرێکاران و ... بوو، ئایا ئەمە بەرهەمی بێ ئاکام مانەوەی شەری چەکداری بوو یان وشیاری سیاسی یان لاوازی حیزبە سیاسییەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان؟*

**وەڵام :** دەکرێ لە یەک رستەدا بڵێین هەموو ئەو هۆکارانە دەستیان لێک دابوو تا گوتاری خەباتی مەدەنی تا ئەو ئاستە بچێتە پێشێ، بە دوای کۆتایی هاتنی شەری سارد مۆدیلی خەباتی چریکی لە زۆر شوێنی دونیا بەرەو لاوازی چوو، پێگەیشتوویی بیری سیاسی و پێشکەوتنی کۆمەلایەتیی و پەیدابوونی ئەو نەوە خوێندەوارە کە لە غیابی عەینی هێزە سیاسیەکان دا ناچاربوون بە شوێن گوتارێکی دیکە دا بگەرێن، هەوێنی سەرهەلدانی خەباتی مەدەنی بوو.

ئەو خەباتی مەدەنیە لە نێو چوارچێوەی سیستمێکی دێموکراتیک دا شکلی نەگرتبوو، بەلام پێی لە سەر جیاوازی ئێتنی کورد دادەگرت، کاریگەری بزووتنەوەی سیاسیی رۆژهەلاتی کوردستانی لەسەر بوو بەلام سەر بە هیچ حیزب و لایەنێکی دیاریکراو نەبوو. تۆمەتگەلێک کە دەدرایە پاڵ خەباتی مەدەنی لە رۆژهەلاتی کوردستان چاویان لەئاست ئەو راستیەدا داخستبوو کە ئەو بزووتنەوەیە نەیدەتوانی تەواو سەربەخۆ بێ، بە ناچاری لە چوارچێوەی دەولەتێکی نادێموکراتیک و سەرەرۆ دا کاری دەکرد، لە کاتێک دا گوتارە مەدەنیەکانی ئەو بزووتنەوەیە ئەزموونێکی نوێی لە خەبات داهێنا کە دەکرا لە ناوەندی شارە گەورەکان، لە سەر رووپەری گۆڤارەکان و بلاڤۆکەکان و بە زمانێکی دیکە گوزارە بکرێن.

**پرسیار :** *گوتاری کۆمەڵگای مەدەنی خۆی لە هەناوی نەوەی خوێندکاری کورد هاتە ئاراوە و دەیان بلاڤۆک و بلاوکراوەی خویندکاری هاتە ئاراوە، پاشان رەوتی فراکسیۆنی کورد لە مەجلیسی ئێران دروست بوو و رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و ئین جی ئۆکان دامەزران، ئەم هەوڵانە بەگشتی بەرەو کوێ رۆیشت؟ دەرەنجام و شکەستەکان چ بوون؟*

**وەڵام :** هەموو کۆمەڵگەیەکی دێموکرات پێویستی بەو پێشزەمینە فەرهەنگی و فکریە هەیە کە خەباتی مەدەنی پێکی دێنێ، لێرەدا باس لە داهاتووی کوردستان دەکەم، یانی بەردەوامی ئەو خەباتە هێندێک جار زۆر بە بەهێزی و بەربلاوی و هێندێک جاریش لاوازتر، زامنی هەبوونی سیستمێکی دێموکراتیکە لە داهاتووی کوردستان دا، خەباتێکی ئەوتۆ دەتوانێ مێنتالیتێتی مرۆڤی کوردی بۆ دێموکراسی و ئازادی ئامادە بکا، ئەوە دەرەنجامێکی هەرە بە بایەخی ئەو خەباتەیە.
پێم وایە ئەو رەوتە بەردەوامە، شایەد بێ هێزتر لە رابردوو کە هۆکاری راستەخۆی ئەو دەرەنجامەش زاڵبوونی ئەو کەش و هەوا پۆلیسیەیە کە کۆماری ئیسلامی لە رۆژهەلات دروستی کردووە.
ئەو بزووتنەوەیە پر بەرهەم بوو، چ لە رووی سیاسیی و چ لە بواری فەرهەنگی دا، هۆشیاریەک و کلتوورێکی سیاسیی لە نێو تاکی کورد لە رۆژهەلات دا پێکهێنا کە لە زۆر بۆنە و یادەوەری نەتەوەیی دا بە پراکتیک پێشانیان دا کە یەکدەنگی و یەکگرتوویی لە گوتاری خەباتی مەدەنی دا هەیە. بەرهەمەکانی ئەو رەوتە لە سینەما، رۆمان و شانۆ و چیرۆک و شێعری کوردی دا زۆر بەربلاون، بێجگە لە لێکۆلینەوە و راڤە کردنی ستراکتۆری کۆمەلگەی کوردی و چەمکە مۆدێرنەکان و خودی بزاڤی سیاسی کوردستان. کەواتە کۆمەلگای مەدەنی ئێستا سەرمایەیەکی رەمزی و مادی لەدوای خۆی جێهێشتووە، هەر مەودایەکی هەناسەدان برەخسێ ئەو بزووتنەوەیە شایەد بە کارکردی جیاواز بەلام بە هەمان هێز گەشە دەکاتەوە و کاریگەر دەبێ.

**پرسیار :** هۆکارەکان و ئومێدەکان بۆ بەدیهاتنی خواستەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەستێنی رەوتە ئیسلامییەکاندا چۆن دەنرخێنێ؟

**وەڵام :** ئەو پرسیارە پێویستی بە لێکۆلینەوەیەکی ئاکادیمی دەولەمەند هەیە، بە کورتی دەتوانم بڵێم هەرچەند ئێستا رەوتێکی ئیسلامی بەهێز لە گۆرەپانی سیاسی کوردستانی رۆژهەلات دا بەدی ناکرێ، بەلام ئەوە بەو مانایە نیە کە ئیسلامی سیاسی لە رۆژهەلاتی کوردستان دا ئاکتیڤ نیە، ئەوەی کە لێرەدا گرینگە چۆنیەتی هەڵس و کەوت کردن لە ئاست رەوتێکی ئەوتۆدایە کە ئەگەری دروست بوونی زۆرە، زۆر لایەن و تاکەکەس پێیان وایە چونکە ئێران مۆدێلی ئیسلامی سیاسی وەک سیستم ئەزموون کردوە، شانسی سەرکەوتنی رەوتی ئیسلامی سیاسی لە دهاتووی کوردستان دا لاوازە، ئەو لێک دانەوەیە زۆر ساویلکانەیە، چونکە تایبەتمەندی ئیسلامی سیاسی ئەوەیە کە رەنگ و قەبارە و مێتۆدی کارکردنی خۆی بە پێی هەل و مەرج دەگۆرێ، ئێستا لە شارەکان و تەنانەت لە دێهاتەکانیش خەریکی یارگیری و خۆرێکخستنن، لە بنەرەتەوە پێم وانیە خەمی ئیسلامی سیاسی خەمێکی کوردانەیە، بەشداربوونیشیان لە پرۆسەی سیاسی دا بەستراوەتەوە بە بنکەی جەماوەرییان، نەک بەو حوکمانەوە کە ئێمە پێش وەخت دەیدەین، لەو بارەوە زۆر گرینگە کە بروانینە هەردوو ئەزموونی فەلەستین و هەرێمی کوردستان، شەری ناوخۆ و گەندەڵی و سیاسەتی سەرکوت کردنی رەوتی ئیسلامی سیاسی لە کوردستانی باشووردا، جەریانێکی وەک یەکگرتووی ئیسلامی لە ماوەیەکی زۆر کەم دا کردە سێهەم هێز. کەواتە دان پێداهێنان بە هەبوونی ئەو جیاوازییە و هەوڵ دان بۆ ئەوەی کە رادەی پێگەیشتوویی کلتووری و سیایی خەڵک بریاری کۆتایی لەوبارەوە بدا، باشترین رێگە چارەیە لە ئاست ئیسلامی سیاسی دا.

**پرسیار :** بزووتنەوەی سەوز لە ئێران قۆناخێکی دیکە بوو لە ئێران، رەوتی سیاسی و باڵەکانی ریژیمی بە ئاقارێکی دیکەدا برد، کورد بێدەنگی نواند، ئایا بێدەنگی مەسڵەحەتی کورد بوو یان بە پیچەوانە؟

**وەڵام :** کێشەی بنەرەتی بزووتنەوەی سەوز نایەکبوونی گووتاری رێبەری بزووتنەوەکە لە لایەک و گوتاری رادیکالی خەڵک و شەقام لە لایەکی دیکە بوو، رێبەری باسی ریفۆرم لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی دا دەکرد، خەڵک دروشمی رووخانی دیکتاتۆریی بەرز کردبۆوە، ئەوە بێجگە لەوەی کە لە رێبەرایەتیی کردنی ئەو رەوتە دا ئیشکالیەتیی سەرەکی هەبوو، هەرچی ئەوان بوون دەیانویست داخوازیەکانیان لە چوارچێوەی یاسای بنەرەتی دا بێننە گۆرێ، لە کاتێک دا خودی ئەو یاسایە لەمپەری گەورەی بەردەم پرۆسەی سیاسییە. ئەو بەشەی کە پەیوەندی بە خەباتی خیابانی خەڵک و داخوزیە رادیکالیەکانیانەوە هەبوو دەبوو پشتیوانی کرابا، هەر وەک ئەوەی هێندێک لایەنیش کردیان. ئیشکالیەتێکی دیکە کە کورد کەم و زۆر لەگەڵ ئەو بزووتنەوەیە هەیبوو، خوێندنەوەی ئەوان بوو بۆ کێشەی نەتەوەکان و ئەو پێکهاتە جۆراوجۆرە ئێتنی یەی لە ئێران هەیە، ئاماژەیەکی سەرپێیان پێ دا کە زیاتر دەچووە چوارچێوەی رێکلام تا پرۆگرامێک کە باوەریان پێی هەبێ. کورد لەگەڵ خودی ساختار و چوارچێوەی ویلایەتیی فەقیهە و سیستمی سیاسی ناوەندگەرا کێشەی هەیە، رێبەرانی بزووتنەوەی سەوز ئامانجیان چاکسازی بوو بە مەبەستی هێشتنەوەی کۆماری ئیسلامی، پێشتر رێفۆرمخوازی سیاسی ئیمتحانی خۆی دابوو، هەلوێستی لایەنە کوردیەکانیش یەکدەست نەبوو، هەموو ئەوانە و کەش و هەوای پۆلیسی زاڵ بەسەر کوردستان دا هۆکار یبوون کە کورد بە قورسایی زۆرەوە بەشدار نەبێ لەو بزووتنەوەیە دا، لە کاتێک دا خوێندکارە کوردەکانی دانیشتووی شارە گەورەکان هەم بەشداریان کرد و هەم قوربانیشیان بۆ دا. دەرەنجامێکی ئاشکرای بزووتنەوەی سەوز ئەوەبوو کە نیشانی دا رێبەری یەک دەست نیە و یەکگرتوی نێوخۆیی کۆماری ئیسلامی لە قەیران دایە.

پرسیار : ساڵی ٢٠١١ بۆ دنیای عەرەب، بەهاری عەربی بە دواوە بوو زۆر شۆرش و بزووتنەوە سەریان هەڵدا، بۆچی بۆ کورد بە مێژینەی خەباتی سیاسییەوە لەم ئالوگۆرانە دواکەوت؟

وەڵام : بەهاری عەرەبی هەڵقولاوی هەل و مەرجی نێوخۆیی ولاتانی عەرەبی بوو، ریشە مێژووییەکانی ئەو بزاڤانە دەگەرێتەوە بۆ کۆتاییەکانی حوکمی عوسمانی و پاشان چۆنیەتیی دابەش کردنی پاشماوەکانی دەلەتی عوسمانی لە لایەن زلهێزەکانەوە، فاکتە ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتیە هەنوکەییەکانیش رۆلی خۆیان گێرا، لە هەمووی سەرنجراکێشتر ئەوەبوو کە لەو ولاتانەدا نەوەیەکی لاوی هۆشیاری خوێندەواری بێکار هەبوو کە باروتی ئامادەی تەقینەوەی ئەو راپەرینانە بوون، بێگۆمان ناپرژێینە سەر وردەکارییەکانی ئەوەی کە بە بەهاری عەرەبی ناسرا.
دۆخی کوردستان جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ ئەو وڵاتانە دا هەیە، بەهاری عەرەبی رووخانی هەیبەتی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بوو کە شۆرشگێرەکانی دوێنێ و دیکتاتۆرەکانی ئەورۆ رێبەرایەتیان دەکرد، ئەو مۆدێلە فەرمانرەواییە کە لە سەردەمی رەزاشا و کورەکەی لە ئێرانیش ئەزموون کران لەگەڵ چۆنیەتیی کۆپی کردنی مۆدێرنە و چەمکەکانی مۆدێرنە بۆ نێوخۆی ولاتەکانیان تووشی شکست هاتن. ئەو ولاتانە پەیوەندی ئابووری پتەویان لەگەڵ رۆژئاوا هەبوو، بە دەربرینێک سێکۆلار بوون و هەوڵیان دەدا وێنەی ولاتێکی پێشکەوتوو لە خۆیان پێشان بدەن، پارادۆکسی مۆدێرن بوون و دیکتاتۆر بوون بەرەو هەڵدێری بردن. کێشە و داخوازیەکانی کوردێک لەگەڵ هاولاتیەکی عەرەبی جیاوازن، عەرەبێک لە میسر کێشەی ئەوەی نیە کە شوناس و زمان و کەسایەتیەکەی لە ژێر هەرەشە و مەترسی دان، یان هاولاتیەکی تونس لەگەڵ سیستمی سیاسی وڵاتەکەی کێشەی هەبوو بەلام مرۆڤێکی خاوەن ناسنامە بوو، لە سوریە کوردەکان چ لە ئەنجومەنی نیشتمانی سوریە و چ لە شارە کوردیەکان دا بەشداری ئەو بزووتنەوەیەن، بەلام رووی کوردەکان دەبێ لەو عەقلیەتە تۆتالیتار و پاوانخوازە بێ کە تەنانەت لە ئەنجومەنی نیشتمانی سوریەش دا بالادەستە، بۆ نموونە بورهان غلیون ئاکادیمیەکی ناسراوی دنیای عەرەبە، کەسایەتیەک کە لە رۆژئاوا مامۆستای زانکۆ بوو و بەرهەمەکانیشی زۆر بەجدی لە ولاتانی عەرەبی دەخوێنرێنەوە، بەلام خاوەنی هەمان زهنیەتیی پەراوێز کردن و بە جدی نەگرتنە لە ئاست کێشەی کورد لە سوریەدا .

پرسیار : وەک پرسیاری کۆتایی، کاری رووناکبیری کورد لەم دۆخەدا چیە؟
تکایە ئەگەر مەسەلەیەکی گرینگ هەبێت کە جێگای ئاماژە بێت، وەک کۆتایی ئەم وتووێژە باسی بکەن و سپاس بۆ ئەمەگداریتان؟

وەڵام : ئەرکی روناکبیر خزمەت کردن بەها بالاکانی وەک ئازادی و عەدالەت و حەقیقەتە، کێشەکە ئەوەیە کە لە پشت ئەو چەمکانەوە زۆر جار روناکبیر خیانەت لە ئەرکە سەرەکیەکەی خۆی دەکا، ئەوە باسێکی تیۆری قووڵە، ژۆلین بندا لە کتێبی "خیانەتی رۆشنبیران" دا باس لەوە دەکا کە چۆن رووناکبیرەکان هانی سەربازەکانیان دابوو لە پێناوی شارستانیەت و کلتوور دا شەر بکەن، لە کاتێک دا ئەنجامەکانی بەلگەهێنانەوەیەکی ئاوا رەچاو ناکرێ، رووناکبیر بونەوەرێکی ئالۆزە، ناچێتە چوارچێوەی پێناسەیەکەوە، بۆیە ئەرکدار کردنیشی ئاسان نیە. بەلام رووناکبیر دەتوانێ پاڵ بەو دیوارانەوە بنێ کە دەوری ئێمەیان تەنیوە، شایەد ئەو دیوارانە نەروخێن بەلام مەیدانی ئازادی ئێمە فراوانتر دەبێتەوە، زیاتر باوەرم بەو پرۆسەیە هەیە کە بەردەوام هەوڵی بەرین کردنی پانتایی ئازادی دەدا تا ئەوەی گەیشتن بە "مدینە فاضلە" بکاتە ئامانج، یانی بە دیدێکی ئیدۆلۆژیکانە خاڵێکی کۆتایی و بەهەشتێکی زەمینی بکرێتە نیشانە تا نەک هەر رووناکبیر بەڵکو هەموو کۆمەڵگەی بۆ میلیتاریزە بکرێ.

بیوگرافی کورت:

ساڵی ١٩٨٢ لە رۆژهەلاتی نیشتمان لەدایک بووم، لیسانسی مێژووم لە زانکۆی سەلاحەدین وەرگرتووە، لە نێوان کۆنگرەی دوو تا سێی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران سکرتێری ئەو رێکخراوەو سەرنووسەری گۆڤاری لاوان بووم، لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٧ وەک مامۆستا لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم کارم کردووە، کتێبی "بارودۆخی سیاسی کوردستان"م بە هاوبەشی لەگەڵ دوو وەرگێری دیکە لە ساڵی ٢٠٠٥ لە لایەن دەزگای موکریانیەوە چاپ کراوە، "کتێبی رۆشنبیر کێیە چارەنووسی چیە" م لە ساڵی ٢٠٠٧ لە لایەن دەزگای وەرگێران ەوە چاپ کراوە، کە وەرگێراوی کۆمەڵە وتارێکە لەمەر رۆشنبیر و رۆشنبیریی یەوە، دەیان وتار و لێکۆلینەوەم لە گۆڤار و رۆژنامە و ماڵپەرەکان دا بڵاو کردۆتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٧ ەوە لە سوێد نیشتەجێم.

١٧ی ژووئەنی ٢٠١٢

## رۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

### کۆمەڵگای مەدەنی و بزووتنەوەی کورد لە وتوێژێک لەگەڵ بەڕێز عارف نادری

**پرسیار :** گوتاری کۆمەڵگای مەدەنی ساڵانێکە وەک گوتارێکی بەهێز باڵی بەسەر فەزای سیاسی و کۆمەڵایەتی رۆژهەڵاتی کوردستاندا کێشاوەو زۆر لە حزب و چالاکانی سیاسی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردوە، کۆمەڵگای مەدەنی بە چ مانایەکە؟



**وەڵام :** کۆمەڵگای مەدەنی یەکێک لە پرسە گرینگەکانی فەلسەفەی سیاسی و یەکێک لە تەوەریترین چەمکەکانی جیهانی مۆدێڕنە، کە زۆر بیرمەندی بەناوبانگ (وەک: هێگل، مارکس، تۆماس هابز، ژان ژاک رۆسۆ، جان لاک، ئانتۆنیۆ گرامشی و...) وروژاندوویانە. هەڵبەت پێناسەکردن و شێوازی روانینی مارکس و گرامشی لە گەڵ روانگەی هێگل و ئەوانی دیکە ، ئاقارەکانیان جیاوازە. دەتوانین بڵێین ئەو واتایەی کە لە کۆمەڵگای مەدەنی لای ئێرانییەکان و ئێمەی کورد لەو وڵاتەدا باوە، لە سەر رێچکەی هێگلییەکەیە.

کۆمەڵگای مەدەنی ئەو کەوشەن و بەستێنە ئازادو کراوەیە کە ئێرادەو ویست و بڕیاری تاکەکانی ئاگای کۆمەڵ بێ دەستێوەردانی هێژمۆنییەکی باڵادەست و دەستەمۆکەر بیچمی پێدەدەن. واتە کۆمەڵێک بەرژەوەندی ، بەها، ئامانج و ئارمانجی هاوبەش کە زۆرترین قازانج بۆ زۆرترینی خەڵک دەستەتبەر دەکەن، شوناس و نێواخنیەتی. لە گەڵ بنەماڵە، دەوڵەت و بازاڕدا جیاوازەو هیچ یەک لەوان نیە، بەڵام دەتوانێ لە گەڵ ئەواندا پێوەندیی هارمۆنیک و ناهارمۆنێکی بە پێی کۆمەڵگاکان هەبێ. چۆنکە کۆمەڵگای مەدەنی بیاڤی گشتی و کەوشەنی ژیانی کۆمەڵایەتیە. بەڵام بیاڤێک کە لەوێدا میتۆدەکان " گشتیتر"،" ئەندیشەتەوەرتر"، "دادپەروەرانەتر" و "کارامەتر"ن. پارمێترە سەرەکییە دیاریکەرەکانی بریتین لە: فەزایەکی چەشناوشەن کە پلورالیزم و تولێرانسی تێدایە، رێکخراوەتەوەرو بە شێوەیەکی تەکوزمەندی ئاگایانە چین و توێژە جۆراجۆرەکان لە چوارچێوە ئازادو پێناسەکراوەکاندا، خواستەکانیان کانالیزە کردووەو میکانیزمەکانی بە دواداچوون و دەستبەرکردنیان فۆرمۆلە کراوە. واتە خواستە جۆراجۆرەکان لە چوارچێوەی دامەزراوە مەدەنییەکان ئۆرگانیزە کراون، بۆیە کۆمەڵگەی مەدەنی، کۆمەڵگەی دامەزراوەتەوەرەو ئەمە رایکخراوە جۆراوجۆرەکانن کە بە شێوەیەکی هاوبەش پێکهێنەری قەوارەیەکی نێوانی لە نێوان دەوڵەت لە سەرەوە و بنەماڵە وەکوو بنیاتی سەرەکی و سەرەتایی جڤاکن. کەوشەنێک کە لە ئەندیشەو زانست و ئەزموونە هەمەجۆرو رەنگاورەنگەکان بۆ هاتنە ئارای هزرو کولتوورێکی دێموکراتیک ، ئەکتیڤ و مرۆڤتەوەر لە سەر بنەمای رێژەیی روانین شکڵ دەگرێت. واتا یاسا هەیەو ئەساسی هەموو شتێش لە سەر بنەمای رێکەوتنی کۆمەڵایەتییە. شارستانیەتی سەردەمیانە پێوەندیی راستەوخۆی بە بەهێزی و لاوازیی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەر جوگرافیاو کیانێکی سیاسییەوە هەیە. لەوەها حاڵەتێکدا، مۆدێڕنیتە، مۆدێڕنیزم و مۆدێڕنیزاسیۆن واتای راستەقینە پەیدا دەکات و کۆمەڵگایەک دەچێتە قۆناخی تێپەڕێن لە نەریتە ناکارامەکان و هێنانەئارای مەدەنییەت بە واتا باوو دروستەکەی خۆی. کۆمەڵگەی مەدەنی، یانی لە ئارادابوون پێکهاتە مەدەنییەکان. لە نەبوونی وەها پێکهاتەیەکدا، جڤاکەکە ئەگەرچی لە بواری مۆدێڕنیزاسیۆنیشەوە گەشەسەندوو بێتە پێش چاو، بەڵام لە واقیعدا، لە قۆناخی پێشامۆدێڕنە. وەها جڤاکێک، جۆرێک رەشۆکی بوونی لە ناخ دایە. بە هۆی نەبوونی ئاگایی پێویست و نەبوونی ئاموزشی شارۆمەندی و تێگەیشتنی دروست لە ماف و ئەرک، تەنیا بژاردەکانی ئەو جڤاکەن کە خواستە جۆراجۆرەکانی هەمووان بەرجەستە دەکەنەوە، لە وەها فەزایەکدا، " هزری گشتی " و دەنگی گشتیی یان رێژەیی کۆمەڵ غایبە. خۆدئاگایی و خۆدباوەڕی کزو لەرزۆکن. بۆیە هەمیشە خۆلیایی "قارەمان"یان هەیە.

لە حاڵێکدا کۆمەڵگای مەدەنی بە واتای خەڵکی ئۆرگانیزەکراوە، ئۆرگانیزاسیونیش بە واتای بوونی ناسیاری و زانیاری، پلانمەندی و ئامانجمەندییە. رێکخراوەگەڵێکی رۆنانکراو لە دڵی جڤاک بە شێوەی ئاسۆیی کە بێچم و تەشک بە فەزای دیمۆکراتیک لە پانتای گشتیدا دەدەن. بەرپرسایەتی دورست دەکەن و پەرە بە متمانەی دوو لایەنە لە نێوان شارۆمەنداندا بە شێوەیەکی تەوەرمەندانە دەدەن و هەر دوو بیاڤی کۆمەڵایەتی و سیاسیش لە خۆ دەگرن.

لە پێوەندی لە گەڵ دەسەڵاتیشدا، تایبەتمەندییە بنەماییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەتوانن: دەسەڵاتی یاسا، رەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ، ئازادی راگەیاندن و رادەربڕین، ئازادیی کۆبوونەوە، ئازادیی کار، نەبوونی گەندەڵیی ئیداری، رێژەی سووچ وتاوان و توندوتیژی، یاساکانی مەدەنی، سزا، سیستمی چاوەدێری کردن لە سەر

دامودەزگا جۆراجۆرەکان، سەربەخۆیی و دادوەرانەبوونی دەزگای دادوەری و...هتد بن. هەروەها هەرچی ڕێژەی ڕێکخراوە سەربەخۆکان، سەندیکاکان، بزووتنەوە ڕووناکبیری و خوێندکاری و فەرهەنگییەکان، کەرتی تایبەت، ناوەندەکانی وەشان، ڕێکخراوەکانی چاوەدێری مافی مرۆڤ، بەشداری کۆمەڵایەتیی بەربڵاوو فرەچەشن بوونی پێوەندییە مرۆڤییەکان، دەرفەتی گەشەسەندنی شوناس و بەها و ئەندیشە جیاوازەکان، تەعاوەنییەکان، بزووتنەوە جڤاکییەکانی لایەنگری ژینگەو ئاشتی و یەکسانی و ... زیاتر بێت، کۆمەڵگایەکی مەدەنیی بەهێزو بە باندۆرە کە لە تەشکگرتنی پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی و گوتاری زاڵ ڕۆڵێکی کاریگەرو دیاریکەر دەگێڕێت

**پرسیار :** کۆمەڵگای مەدەنی و چەمکەکانی وەک مافی شارۆمەندی، تێلۆرانس و ... تا چەندە لەگەڵ بزووتنەوە کوردی دێتەوە، ئایا هێنانەئارای ئەم چەمکانە دەرەنجامی بێئاکام مانەوەی خەباتی حزبەکان بوو، یان هاتنەئارای گوتاری ئیسلاحات لە ئێران بوو؟

**وەڵام :** پرس و مژاری کۆمەڵگای مەدەنی و ژێرکۆکەو دەرکەوتەکانی لەو وڵاتانەی کە کوردی تێدا نیشتەجێیە بابەتێکی لە مێژینەو جێگیربوو نیە. ئەگەر لای ڕۆژئاواییەکان بۆ کۆتاییەکانی سەدەی ١٧ و سەرەتاکانی سەدەی ١٨ دەگەڕێتەوە، لە وڵاتانی ئیسلامیدا، لە دەیەی ٨٠ی سەدەی بیستدا، دەبێتە پرسێکی وروژێندراوو جێگەی تێڕامان و سەرنج پێدان و خوێندنەوە. ڕەنگە لە لای چینی بژاردەو بلیمەتی جڤاکەوە تێگەیشتنی لێ بۆبێت و لە کۆڕە ڕووناکبیرییەکاندا گەنگەشەو لێکدانەوەی لە سەر کرابێت، بەڵام لە بیاڤی گشتیدا بەرۆژەڤ نەکراوەو لە ژێر ئەم سەردێرەدا زەق نەبۆتەوە. بە جۆرێک کە ناتوانین قامک لە سەر بیرمەندێکی یەکێک لە نەتەوەکانی سەردەست بە سەر کوردستان لە ڕابردوودا دانین و بیر و بەرهەمهێنانە فیکرییەکانی لەم ڕاستایەدا دەستنیشان بکەین. گرینگدان بە گوتاری کۆمەڵگای مەدەنی لە وڵاتی ئێراندا لە سەرەتای دەیەی ٧٠ هەتاویدا هاتۆتە ئاراوە، لە کۆڕە تایبەتییەکانی نوخبەکان و ڕووناکبیرانداو پاشان دەبینین زۆر بابەت و کتێبی پێوەندیدار لەمەڕ گوتار و چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی و لێکەوتەکانی دێتە وەشان، کە سەردەمی زێڕینیشی سەردەمی دەسەڵاتی ڕێفۆرمخوازنی حکوومەتی ، بەتایبەت ٤ ساڵەی یەکەمە.

ئەوەی کە ئەو گوتارە تا چەندە لە گەڵ بزووتنەوەی کوردیدا دێتەوە، دەبێ بڵێین بزووتنەوەی نەتەوەیی ـ دیمۆکراتێکی کورد، سەرکەوتنی پێوەندییەکی سەداسەدو ڕاستەوخۆی بە چەسپانی وەها گوتارێکەوە هەیە. ئەم بزووتنەوەیە لەو قۆناخەوە کە لە تەشکێکی مۆدێڕندا، خۆیی دەرخستووە، واتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ.کاف و پاشانیش یەکەمین حیزبی مۆدێڕنی کورد (حدک) دەگەڕێتەوە، خاوەنی گوتارێکی مەدەنی و شارستانیانەو گونجاو لە گەڵ بەها هاوبەشە مرۆڤییەکانی سەردەمدا بووە. تەنانەت ڕێکخراوەکانی پێش لەمە؛ "خۆیبوون" لە باکوورو "هیوا" لە باشوور، خاوەنی هیچ چەشنە گوتار و ستراتێژییەکی توندوتیژانەو نامەدەنی نەبوون و هەروەها ئەگەر ژێدەر بیری کوردایەتی دەستنیشان بکەین کە سەرچاوەکەی بۆ ئەندیشەکانی " ئەحمەدی خانی"و " حاجی قادر" دەگەڕێتەوە، مرۆڤ ناتوانێ توخمگەلی دژ بە بەها هاوبەشە مرۆڤییەکان کە نێواخنی کۆمەڵگایەکی ئاشتی تەوەر و ئازادی ویستە بدۆزێتەوە. بۆ نموونە لە گۆڤاری " نیشتمان"، بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ.کاف، جەخت لە سەر ئەوە کراوەتەوە کە ڕێکاری سەرکەوتنی کوردو دەستبەرکردنی ماڤەکانی شێوازی مەدەنییە. خۆدی ئەم جەختکردنە لە سەر خەباتی مەدەنی لەو برگە هەستیارەی مێژوودا، سەلمێنەری شوناس و نێوەرۆکی ڕاستەقینەی تەڤگەرێ ئازادیخوازی کورد تا هەنووکەیە. هەڵبەت ئەمە بەو واتایە نیە کە ئەم جووڵانەوەیە دەقادەق لەو چوارچێوەیەدا ماوەتەوە، بەڵکوو لە هێندێک برگەی مێژوویدا، بیری ڕزگاریخوازی باڵی بە سەر ئازادیخوازی و دیمۆکراسی لە ڕەوتی بزووتنەوەکان و تەنانەت لە گوتاری بزووتنەوەکانیشدا کێشاوە. بەم پێیە کۆمەڵگای مەدەنی و ژێرکۆکەکانی ئاوات و خواستی سەرەکیی کورد بووەو هەیە. گرینگیدان بە ئۆرگانیزاسیون و ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە کۆمارە کەم تەمەنەکەی کوردستان، خۆی لە خۆیدا، بەڵگەیەک بۆ گرینگیی ڕۆڵی جڤاک لای بیرمەندانی ئەو سەردەمەی کورد بووە. جەختکردنی بزووتنەوەی کورد لە سەر دروشمی " دیمۆکراسی بۆ ئێران"، جۆرێک پێداگری کردن لە سەر کۆمەڵەی مەدەنییە، ئەگەرچی بوونی دیمۆکراسی لە وڵاتێکدا، دەقاودەق بەواتای هەبوونی کۆمەڵگای مەدەنی نیە، هەر ئەو جۆرەی کە ئەگەری ئەوە هەیە لە وڵاتێکدا جۆرێک لە کۆمەڵگای مەدەنی لە نەبوونی دیمۆکراسیدا بوونی هەبێت. بەڵام بۆنییەتی هەر دوویان و بەهێز بوون و کاریگەر بوونیان بە تەواوی گرێدراوی یەکترینە.

لە بنەڕەتدا، یەکێک لە ئەرک و ڕۆڵە سەرەکی و هەرە گرینکەکانی هەموو لقەکانی تەڤگەرێ کوردی بەهێزکردنی ئەو جڤاکە و هەوڵدان بۆ جێگیرکردنیە، چۆنکە خۆدی ئەو بزووتنەوانە بەرەهەم و دەرئەنجامی عەقڵییەت و هەستی بەرپرسایەتیی مەدەنیی بەرانبەر بە کۆمەڵ و جڤاک لە برگەیەکی دیرۆکیدان. مادام کە بیرۆکەی کۆمەڵگای مەدەنی لای کورد، نامۆ یان کەمتر ناسراو بێت، بزووتنەوەکان لاوازترو تەریک کەوتوون و داگیرکەر زاڵترو مەیدانی مانۆڕی بەرینترە، بەپێچەوانەکەشی ڕاستە. ئێمە توخمەکانی وەها کۆمەڵگایەک لە غایبی ڕووناکبیری ناحیزبیدا بە ڕوونی لە ئەندیشەکانی د. قاسملۆ زیاتر لە هەموو کوردێک دەبینین. بۆیە کاتێک گوێ لە کۆمەڵێک لە بۆچوونەکانی د.قاسملۆ دەدەی، مرۆڤ وا دەزانێت، هەنووکە گوتراون. شەهید فوئاد مستەفا سوڵتانیش، بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە هەموو هەوڵی خۆیی خستبووە پێناو ڕێکخستن و هارمۆنێک کردنی جڤاک و نافەرمانیی مەدەنییەوە، زۆر باش هەستی بە بۆشایی ئەم ڕەهەندە کردبوو. تەنانەت لە بەرەی ئایینیشدا، ئەگەر ئاخاوتنوەریی کاک ئەحمەد موفتیزادە، لە زانستگای تاران بکەینە بنەما، دەبینین هەموو ئەو گوتانەی کە دوایی کاکڵەی لێدوانەکانی " محەمەد خاتەمی" لەمەڕ

کۆمەڵەی مەدەنییە، کاک ئەحمەد دوو دەیە پێش ئەوە هیناویەتە بەرباس.

ئەوەی راستی بێت هەر دووی ئەوانە، هەم دۆشداماوی و بێ گوتـاریی حیزبەکـان و هەم گەشەی چینـی مامناوەنـدی لە ئێران و کوردستان و هـاوتەرییبیش بەرزبـوونەوەی ئاستی خوێندەواری و وشیاریی خەڵک، بەجیهـانیبوون و شۆڕشی زانیـاری و شۆڕشی پێوەنـدییەکان، وە هاتنەئـارای گوتـاری رێفۆرمخـوازیی لە ئێران. واتە بـزووتنەوەی رێفۆرمخوازی لە ئێران، دەرئەنجامی جەبری سەردەم و زەمەن بوو. حەقیقەت ئەوەیە کە پاش تیرۆری کەسایەتییە هەڵکەوتووەکانی کورد، کە هەم روانینی ستراتژێک و هەم توانای گوتـارسازییان هەبوو؛ فوئاد مستەفا سوڵتانی و پاشان بیرمەندترین کەسایەتیی هـاوچەرخی کـورد د.قاسملۆو دواییش د.شەرفکەندی وەکـوو دوایین نەسڵی رێبەرانی پێشەنگ و هەلومەرج خوڵقێن، کە دەیانتوانیّ هەم کۆمەڵگاو هەم شۆڕش لە بواری هزرییەوە دابین بکەن و بەرهەمهێنەری خۆراکی فیکـری بـن، تیـرۆر کـران. خەباتی چەکداری کۆتـایی پێهات و بێ ئەوەی کە ئەو حیزبانە چ بە شێوەی تـاکەکەس و چ بە شێوەی کۆمایی، تـا هەنووکەش بتوانن گوتـارو خوێندنەوەیەکی گونجاویان بۆ کۆمەڵگای کوردستان هەبێ. ئەوان وایاندەزانیّ کە قۆناخی خەباتی شاخەو ئەوانیش هێژمۆنیی زاڵن و خەڵک بەستراوو چاولێکەری ئەوانە. لە نێوان ئەم بۆشاییەدا، هـاتنە ئـارای گوتـاری رێفرمخـوازیی دەوڵەتـی لە ئێران و ئەو فەزا نـیمچە کـراوە کـاتییەی کە هـاتە ئـاراوە، دەرفەت و مەودای نزیکبوونەوەی کـوردانی رۆژهەڵاتـی بە یەکترداو بوونی هێندێک تریبوون ئەو هەلەی رەخساند کە ئاڵوگۆری بیروڕا بێتە ئاراوەو خەڵک هەوڵبدەن لە کەمترین دەرفەت و کەرەستەکان بە پێچەوانەی خواستی هەر دوو جەمسەری کـونترۆڵکەر، واتە حیزبەکـان وەکـوو میرات و سـامانی سیاسیی خۆیـان لە لایەک و داگیـرکەریش لە لایەکـی دیکەوە، هەوڵـی کردەکیکردنـی هێـزە پەنگراوەکان بدەن. بێ ئەوەی کە حیزبەکان بە جیا لە خۆیان بزانن، بەڵکوو بەو قەناعەتە گەیشتبوون کە حیزبەکان بە هۆی دووربـوون لە وڵاتەوە، خوێنـدنەوەیەکی گونجاو لە گەڵ هەلومەرجەکەیان نیە. لە قوناخی خەباتی چەکداریدا، بەهاکان شتێکی دیکە بوون و پاش ئەوە جێگۆڕکی بەو بەهایـانە هـاتبوو، پێشتر جۆرێک خۆ دووررِاگرتن لە ئارادا بوو، بەڵام پاش ئەوە پێوەندیگرتن و تێکەڵبوون و رۆڵگێڕانی زیاتر. ئەگەر ئێمە بە شێوەیەکی خێرا چاوێک بە سەر ئارشێوەی بەشی راگەیاندنی حیزبە کوردییەکان وەکوو زمانحاڵی ئەو حیزبانەدا بخشێنین دەبینین کە بەداخەوە پاش ئەوەی لە ئێراندا، پرسی کۆمەڵگای مەدەنی و لێکەوتەکـانی دێتە ئـاراوە، ئەو مژارانەش لە لایەن حیزبەکانەوە دەرووژێندرێن، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە سیاسەتی ئەم حیزبانە جۆرێک دژەکردەوە لە هەمبەر گوتاری دەسەڵاتی زاڵە تا ئەوەی کە کردارێکی سەربەخۆ بێت و دەسەڵات بە چالێشدا بکێشێ و قەیران بخوڵقێنێت. ئەگەرچی لە سۆنگەیەکی دیکەوە، دەتوانین بڵێین ریفۆرمخوازانی حکوومەتی، دەستیان بە سەر گوتاری ئۆپۆزیسیۆنی راستەقینەدا گرت و بۆ مـاوەی چەنـدین سـاڵ بـێ گوتـاریـانیش کـردن. ئۆپۆزیسیۆن بە شێوەیەکی هەمەکی باسی لەو گوتـارە دەکرد، بەڵام کەرەستەو توانـاو تەنانەت زمانی چۆن گشتیکردنی ئەو چەمکەی نەبوو. بە کورتی کۆمەڵگـای مەدەنـی، بیچمگـرتن و گەشەسـەندنی پڕۆسـەیەکی مۆدێرنە، کە نە حیزبە کوردییەکان بە تەواوی لە گەڵیدا تەبان و بۆ بەستێنسازیی لە پراکتیکدا و شێلگیرانە تێکۆشاون و نە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییش ویستی رۆنانی هەبووە، کە بینیمان لە ئاکامیشدا، گوتیان مەبەست و ویستی ئێمە " مدینەالنبی " بووە. بـۆیە هـاتنە ئـارای ئەو گوتـارەو گشتگیربوونی چ لە ئێـران و چ لە کوردستـاندا، دەرئەنجـامی بـێ ئەنجام مانی خەباتی چەکداری حیزبەکان و هاتنە ئارای گوتاری چاکسازیی لە ئێرانـدا بـوو. هەڵـبەت لە پێوەنـدی بە کـورد و حیزبەکـانیەوە، کۆمەڵگـای مەدەنـی لە ئەگەری تەشکگرتن و گەشەکردنیدا، بە هێزبـوونی کۆمەڵگـاو جـووڵانەوەی کـوردی لێـدەکەوێتەوەو بـۆ دەسـەڵاتی داگیـرکەرو پـاوانخوازیش نۆشست و تەریک کەتـنەوە. دەسـەڵاتی زاڵ دەرەوست بەو بەستێن سـازییە نـیەو هۆکـارەکەی دیـارە، بەڵام جـووڵانەوەی کـورد، بـۆیە بە شێـوەیەکی شێڵگیرانە دەرەوستیی بەرانـبەر نـیە، چۆنکە تێگەیشتنێکی دروستی لە کۆمەڵگـای کوردی و لە پێگەو قورسایی هەنـووکەیی خۆی لەو کۆمەڵگـایەدا نـیە. مەرجی پێبەنـدبوونی بـزووتنەوەی کـوردی بە گەشە پێدانی کۆمەڵگـای مەدەنـی لە کوردستان ئەوەیە لە پراکتیکـدا دەروەست بە پلۆرالیزم، تلـۆرانس بێت و بەم رادەیەی هەنـووکەیـی دژوازی، جیـاوازی و مەودا لە نێـوان گوتـارو کرداریدا نەبێت. هەروەها لە نێو ریزەکانی خۆییشدا پێویستە دەروەست بەو پرەنسیپانە بێت، نەک تەنیا روو و ئاراستەی گوتـارەکانی بەرەو کۆمەڵگایەک بێت کە خۆی بە ئاوێنەی باڵانۆێنی دەزانێت.

**پرسیار :** گەشەکردنی شارەکانی کورد و بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری و دروستبوونی بزاڤی خوێندکاری لە کوردستان ئەم گوتـارەی بەهێزترکرد، ئایـا بەستێنەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان ئامادەیە؟

**وەڵام :** بێ گومان گەشەسەندنی شارنشینی بەو واتـایەی کە جگە لە کۆجێیی خەڵک خاوەنی پێوەرەکانی دیکەی ژیانی شارنشینیش بێت، خۆی لە خۆیدا بەستێنی رۆنانی کۆمەڵگای مەدەنییە. بەڵام دەبێ بزانین تـا چەنـدە پێکهاتەو جوگرافیای مرۆڤیی شـارەکان لە پێکهـاتەی خێڵەکـی، بنەمـاڵەیی، مەزهەبـی و نـاوچەیی بە دوورن و تـا چ ئاستێک فەرهەنگی شارنشینیی مۆدێرن بە سەر شاردا زاڵە. بۆ باسکردن لە سەر شار ئێمە نابێت تەنیا قەناعەت بە رواڵەتی مۆدێرنی شـارەکان و بەربڵاوییـان بکەیـن. لانیکەم لە بەرچاو گرتنی ئاستی پێوەرەکانی گەشەی پێشەیی و مرۆڤی پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە. دروستبوونی کۆمەڵگای مەدەنی لە سەر بنەمـای زانـاییە، زانـایی مرۆڤ یان شارۆمەند یان جڤات و جڤاک لە سەر "ماف" و "ئەرک"، ئەمەش پێوەندیی بە بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەوارییەوە هەیە، بۆیە هەروەک لە وەڵامی پرسیاری

پێشوویشدا ئاماژەم پێکرد، گەشەی ئەو بوارە یەکێک لە هۆکارەکانی هاتنە ئارای وەها گوتارێک بوو. هاوتەریبیش بوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و یەک لەوان بزاڤی خوێندکاریی کورد، هەم بەرهەم و هەم دینامۆی تەشکگرتن و بەهێزبوونی کۆمەڵگەی مەدەنین.

مادام کە ئێمە باس لە کۆمەڵگایەک دەکەین کە دەیان ساڵە خاوەنی ڕێکخراوی مۆدێڕنی تایبەت بە خۆیە، لە قۆناغی جیاوازی مێژووییدا خواستەکانی خۆیی فۆرمۆڵەو ئاراستە کردووە، هەوڵی ئۆرگانیزەکردنی چین و توێژە جۆراجۆرەکان و کانالیزەکردنی خواستەکانیانی داوە، تەنانەت با ئەمانە ناتەواوو سەقەتیش بووبن، نیشانەی بوونی پوتانسییەلێکی بەهێز لەو کۆمەڵگایە بۆ هەرچی بە مەدەنی کردنییە، توانای تێپەڕین لە نەریتەوە بۆ مۆدێڕنیتەو، وەرگرتن و هەڵکردن لە گەڵی، ئەگەرچی کەس حاشا لەوە ناکات کە بیچمگرتن و گەشەسەندنی وەها جڤاکێک پرۆسەیەکی درێژخایەن و ڕەوتێکی زەمانبەرە، کە پێویستیی بە ئەزموونکردنی زۆر هەیە. بەڵام کاتێک کە ئێمە چاو لە پێکهاتەی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین دەبینین کە ئەم جڤاکە بەهرەیەکی هێجگار زۆری بۆ وەرگرتن و خۆگونجاندن لە گەڵ پێکهاتە و بەها سەردەمییەکان و پێشڤەچوون لە کورتترین زەمەندا هەیە.

لەم ساڵانەی دواییدا کە دەسەڵات بە مەبەستی دیاریکراو و بۆ بەرژەوەندیی خۆی و توێژی چالاکی جڤاکیش بە ئامانج و مەبەستی ویستراوی خۆیان پرسی کۆمەڵگای مەدەنییان بە رۆژەڤ دەکردەو ئاوریان لێدەدایەوە، وێڕای روانگەی ئەمنییەتی و هەموو ئەو کۆسپ ولەمپەڕانەی کە لە هەرێمی رۆژهەڵاتی کوردستاندا حاکم بوو، دەتوانین بڵێین چالاکانی کورد ئەگەرچی هێندیک درەنگ جۆڵانەوە بەڵام تا رادەیەکی باش کەلکیان لەو دۆخە گرت و توانییان بە قازانجی کورد بیگوێزنەوە. بە هەوڵی چالاکانی کورد وێڕای کەم دەرەتانی و بێ ئیمکاناتی کۆمەڵگەی کورد بە شێوەی تاک و کۆمایی لە زۆر بوارەوە گەشەی شیاوو بەرچاوی کرد. بە جۆرێک کە لە کاتی هاتنەسەرکاری ئەحمەدی نیژاد، زۆر کەس وەکوو مەتەرێزی بەرخۆدانی مەدەنی لە کوردستان ناویان دەبرد. ئەمانە خۆی لە خۆیدا فاکتەری بوونی بەستێنی ئامادە، ئەگەرچی ناتەواو بۆ پێشخستنی پرۆسەی بەهێزکردنی بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە حاڵی حازردا بە شێوەیەکی نافەرمی لە کوردستانەدایە. پارامێترەکانی دیکەی وەک: چالاکی و چالاکانی خوێندکاری ، کرێکاری، ژنان، منداڵان، مافی مرۆڤ، پارێزەرانی ژینگە، ئەنجومەنە فەرهەنگییەکان و...سەلمێنەری بن. هەوێنی سەرەکیی بیچمگرتنی کۆمەڵگەی مەدەنی، وشیاریی تاک و کۆما و هەست بە بەرپرسایەتیی وێژدانی و ئینسانی و خواستی هەنگاوهاوێشتنی هاوبەش بە شێوەیەکی دڵخوازانەو خۆبەخشانە لە پێناو بەرژەوەندی و بەها کۆماییەکانە، یان بە واتایەکی دیکە بوونی خۆدئاگایی . خۆدباوەڕیە. ئەمە لە لای تاکی کورد و جڤاکی کورد بە شێوەیەکی رێژەیی، بەڵام بەداخەوە پەنگراو بوونی هەیە.

پرسیار : ئەزموونێک کە بزووتنەوەی کورد لەم چەند ساڵەی دواییەدا لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەو بەستێنانەدا شکڵی گرت بریتی بوو لە درووست بوونی ئین جی ئۆکان، فراکسیۆنی کورد لە مەجلیس، بەرەی یەکگرتووی کورد، رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و ... ئەم هەوڵانە بەگشتی لەکوێ سەرچاوەی گرت و بەرەو کوێ رۆشت؟

وەڵام : بۆ تیشک خستنە سەر ئەو ئەزموونە، ئاخێزگەو بەستێنەکانی حەق وایە سەرەتا ئاماژە بە تێکۆشانی بزووتنەوەی کورد و هەروەها بە ئەنجوومەنە ئەدەبییەکان و پاشانیش کۆڕو کۆبوونەوەکان و ئەنجوومەنەکانی خوێندکاریی خویندکارانی کورد لە زانستگاکانی نێو ئیراندا بکرێت. تەنانەت لەم نێوەدا ناتوانین حاشا لە رۆڵی گۆڤارێک وەکوو "سروە"ش لە سەرەتادا بکەین. بزووتنەوەی سیاسیی کورد ئەگەرچی راستەوخۆ پێکهێنەری بیاڤ و دیسکورسی زاڵ بە سەر کۆمەڵگای کوردستان لە نێوەراستەکانی دەیەی ٧٠ی هەتاوی بەدواوە نەبووە، بەڵام بەستێنە سەرەتایی و سەرەکییەکە لە لایەن ئەوانەوە دانرابوو، بەڵام ئەوان توانای ئاقاردانیان پێ نەبوو و لە پێگەی هێزەی پێشەنگ و ئافرێنەرو رێگاپیشاندەرەوە، هاتبوونە ئاستی هێزێکی ئامۆژگاریکەرو ئەگەر زێدەرۆییش نەبێ تەنانەت نامۆ لە گەڵ قۆناخەکەدا. ئەمەش مەجالی بە کەس و کەسانی تازەتر دا کە بێنە نێو مەیدانی چالاکییەوە. پێم وابێ یەکەمین کۆڕی ئەدەبیی چالاک بە گوتارێکی جیاوازەوە لە مەریوان لە کۆتایی ٦٠کانداو یەکەمین ئەنجوومەنی خوێندکارییش لە سەرەتای ٧٠کاندا بە ناوی " کانوونی کازیوە" لە زانکۆی تاراندا دامەزرابێت. لەو برگە دیرۆکییەدا، کە کۆمەڵگا بە تەواوی داخرا بوو، تەنانەت لە ئاستی کەلان شارەکانی ئیرانیشدا، هەموو هەوڵەکان لە کەوشەنی ئەدەبدا رەنگی دەدایەوە. هاوتەریبیش لە گەڵ ئیران، کە یەکەم دەنگە جیاوازو خوێندنەوە جیاوازەکان لە لایەن خویندکاران و لە نێو زانکۆکاندا بەرزکرایەوە، واتە گرووپی "طبرزدی" و گۆڤاری "ندای دانشجو"(هەڵبەت لە ئێراندا "ایران فردا" و بەشی پەیامی خوێنەرانی رۆژنامەی "سلام"یش هەبوو)، لە کوردستاندا چەند ساڵ دواتر لە لایەن گوڤاری خوێندکاریی " روانگە "وە کەوتە رۆژەڤەوە. هەڵبەت هاوکات لە گەڵ ئەو فاکتانەی کە لە وەلامی پرسیارەکانی پێشووتردا ئاماژەی پێکراوە،ناچالاکیی حیزبەکانی رۆژهەڵات لە هەر دوو بواری تیئۆری و پراکتیک، هاتنە سەرکاری رێفۆرمخوازانی حکوومەتی، بڵاوبوونەوەی دەیان گۆڤار و رۆژنامەو چاپی پەرتووکی جۆراجۆرو هاتنە کایەو بە رۆژەڤ بوونی جۆرێک لە گوتاری لیبراڵ دێمۆکراسی لە نێو کۆمەڵگاو بوون و کاریگەری تەلەڤیزیۆنی " مد تێڤی "و گوتاری کوردستانیی پارتی کرێکارانی کوردستان و خەباتی جەماوەریی کورد لە باکووری وڵات ، سەرهەڵدانی هاوکاتی ژمارەیەکی بەرچاو لە شارەکانی کوردستان لە کاتی پیلانی نێودەوڵەتی دژ بە سەرۆک ئاپۆ و...، هەر یەک بە شێوەیەک لە شێوەکان کاریگەریی لە سەر بیچمگرتنی بیاڤ و گوتارێکدا بوو کە لەو ساڵاندا و تەنانەت بە جۆرێک لە جۆرەکان لەم رۆژانەشدا(بەناو هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی نۆهەمی کۆماری ئیسلامی)،

ڕەنگدانەوە دوور لە چاوەڕوانییەکانیمان بینیوە.

ئەوەی راستی بێ بێ هیچ چەشنە دوو دڵییەک دەتوانین بڵێین ژێدەری راستەقینەی ئەو هەوڵ و هەنگاوانە لە ناخی خۆدی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کوردستان و لە سەر دەستی کۆمەڵێک کەسایەتی و سیمای نوێ و گەنجی کورد هاتە ئاراوە. کەسانێک کە پێیان وابوو لە نێوان دوو رێیانی حیزبی کوردی و کۆماری ئیسلامیدا، رێگایەکی سێهەمیش هەیە، ئەویش بەهێزکردنی فاکتەرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بوو. ئەم سیما نوێیانە نەتەنیا خۆیانیان بە هەڤرکی حیزبەکان نەدەزانێ بەلکوو لەو باوەڕدا بوون کە ئەو هەوڵانە بە مەرجی حیزبەکان توانای بە خۆداچوونەوەیان هەبێ، زێرێنترین دەرفەتی مێژوویان بۆ دەرەخسێنێت.

پرسیار : راستییەک کە حیزبە کوردییەکان توانای لێکدانەوەو وەرگرتن و بەکردەییکردنیان نەبوو.

وەڵام : هەنووکە بەداخەوە هیچ یەک لەو رێکخراوانە بە شێوەیەکی ئەکتیڤ بوونیەتیان نەماوە. هۆکارێکی چوونە سەرەوەی تێچووی چالاکیی مەدەنیی و بەرزبوونەوەی ئاستی سەرکەوت و توندوتێژی لە لایەن داگیرکەری ئێرانییەوەیە، ئەم فەزا بە گشتی بە سەر هەموو ئێراندا زاڵەو لە کوردستاندا دوو قاتترە، تەنانەت لە بەلۆچستان و ئەلئەهواززیاتریش. بەشێکی دیکەش کە بەرهەمی ئەم داخراوییەیە، ناچالاکی یان کەم کاریی کەسانی خاوەن توانا لەم بوارەیە. کۆمەڵێک لەو کەسانەش کە پێشەنگ لەو بوارانەدا بوون، یان لە بەندیخانەدان یان هەڵوەدای تاراوگە بوون.

هەموو هەوڵ و جمانێک هێندێک هەورازو نشێو بە خۆوە دەبینێت، ئەم بزووتنەوەش لە ماوەی ١٤ساڵێ رابردوودا بەدەر لەم رێسایە نەبووە. بەڵام هەنووکەش باندۆڕدانانێکی بەرچاوی لە تەشک بەخشین بە گوتاری کورد لە سێ پانتای نێوخۆ، دیاسپۆرا وتەنانەت بە شێوەیەکیش لە حیزبەکاندا هەیە.

بیوگرافی:

عارف نادری، لە ساڵی ١٩٧٧ لە گوندی " بوێلا " ی سەر بە شاری " بیجارِ گەڕووس " لە دایکبوومز لە شارستانەکانی قوروە و دێولاندا نێشتەجی بووم و لەوانەدا چالاکیی مەدەنی، فەرهەنگی و سیاسیم ئەنجام داوە. چالاکی رۆژنامەڤانیم لە ساڵی ١٩٩٦ بە هاوکاری لە گەڵ حەوتوونامەکانی " ئاویەر " و " سیروان " دەستپێکردووە. ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵێک لە رێخکراوە مەدەنی و کولتوورییەکانی ناوچەی قوروە بووم. هەروەها نوێنەری هەڵبژێردراو یەکەمی خەڵکی شاری قوروە لە ئەنجومەنی شارەوانی شار بە ماوەی ٤ ساڵ ٢٠٠٣ -٢٠٠٧ بووم و سەرئەنجام بە هۆی گوشاری دەزگا ئەمنییەتییەکانی رێژیم لە وڵات هەڵاتووم..

## ڕۆژهەلاتی کوردستان لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا؛

## وتووێژ لەگەڵ عەزیز مەولوودی

عەبدوڵعەزیز مەولودی: ئەگەر کەسایەتێکی وەک عەبدوڵای ئیسحاقی و بە تایبەت دوکتور قاسملوو نەبا، ڕەنگە حیزبی دیموکراتیش یان وەک فیرقەی ئازەربایجانی لێقەومابا یان بووبا بە کومونیستێکی چینی




عەبدوڵعەزیز مەولودی: سازبوونی ڕەوتی ئیسلاحات بە سەرجەم کەم و کورتێیەکانی، بە برِای من دەرفەتێکی بەش بوو بۆ پێداچوونەوەی گرفتەکانی بەردەم کێشەی کورد لە ئێراندا

عەبدوڵعەزیز مەولودی: هەوڵی سێ لایەن لیرەدا گرینگە، لایەنێک حیزبەکانن، لایەنێک چالاکانی مەدەنی و فەرهەنگین وە لایەنێکیش بیرمەندان و رۆشنبیرانی سەربەخۆن. هاودەنگی ئەو لایەنانە بۆ دیاری کردنی ستراتژیی نەتەوەیی ڕەنگە دەئەنجامی باشی لێبیتەوە

**پرسیار :** سەرەتای پرسیارەکەم لە بەڕێزتان بە پرسیارێکی گشتگیر دەست پێ دەکەم، زۆرێک لە کارناسانی سیاسی پێیان وایە کە دۆزی کورد بۆ سیستم و مودیرییەتی سیاسی دەسەلاتانی زاڵ بەسەر کوردستان دا دەگەڕێتەوە، لێکدانەوەی جەنابت لەبارەی بەستێنەکانی شکلگرتنی گوتاری سیاسیی کورد چی یە؟

**عەبدوڵعەزیز مەولودی :** گوتاری سیاسی وەک دیاردەیەکی نوێ، پەیوەندی بە "بوون" یان "ویستی" دەسەڵاتێکی نەتەوەیی هەیە. یانی کاتێک جیهان بە گشتی و ڕۆژهەڵات بە تایبەت سەردەمی دۆای بە ئاوەدانکردنەوە (ئیستیعمار)یان دەسپێکرد، بە کەڵک وەرگرتن لە شۆڕشی مەزنی فەڕانسە هەوڵدرا هەر وڵاتێک یان خەڵکی خاوەن کولتوور و مێژوو دەوڵەتی سەربەخۆیان هەبێ. دیارە لە هێندێک وڵات ئەو ڕەوتە ئاساییتر بەڕێوە چو، لە هێندێکیش توشی کێشە هات.
لە پەیوەندی دەگەڵ کێشەی کورد، نەک پەیوەندی بە دەوڵەتانی ناوچە هەیە بەڵکوو بەر لەوە پەیوەندی بە دوو کێشەی سەرەکیتر وەک ڕکابەرایەتی ئیمپڕاتۆڕی ئێران و عوسمانی لە لایەک و ڕکابەرایەتی گەورەهێزانی دۆای شەڕی جیهانی هەوەڵ هەیە. لە ڕەوتەکانی دۆای شەر، لە نێوان خەڵکی خۆازیاری پێک هاتنی دەوڵتی سەربەخۆ وەک دەزانن تەنیا فەلەستین و کوردەکان لەبەرچاو نەگیران. کە وابوو کێشەکە بەر لە هەموو شتێک جیهانی بوو دۆایەش کەوتە ژێر کاریگەرێتی وڵاتانی دەسەڵاتدار.
بزووتنەوەی سیاسی کورد، لە لێکدانەوەی ئەو دوو لایەنە سەرهەڵدەدا. هەر لە هەوەڵیشەوە بۆ سازدانی بوونێکی نەتەوەیی سەربەخۆ هەوڵیداوە، کە نەیتۆانیوە ئامانجەکانی بەدیبێنێ، "چارەی خۆنووسین" و "خۆدموختاری"و ئەوانی دیکەی بە شێوەی کاتی هێناوەتە ئاراوە.

**پرسیار :** سەدەی بیستەم بە سەدەی گۆڕانکارییە مەزنەکان لە ئاستی جیهانیدا ناوزەد دەکرێ، زۆر ئایدۆلۆژیی تازە و نوێ سەری هەڵدا کە پانتایی جیهانیان بە خۆیەوە گرت و بزووتنەوەی سیاسی کوردیش تێکەڵ بەم ئایدۆلۆژی و رەوتگەلە بوو، جەنابتان بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە نیوان ئەم دەغدەغە فکری و ئایدۆلۆژییانەدا چۆن پێناسە و پۆلێن بەندی دەکەن؟

**عەبدوڵعەزیز مەولودی :** دۆایی هاتنی شەڕی هەوەڵی جیهانی نەک چ ئاسەوارێکی بۆ کورد نەبوو، بگرە بە شەڕی دووهەمیش هێندەی دیکە توشی گرفت هات. دوو ئایدۆڵۆژی گەورەی "مارکسیستی"و "لیبەڕالیستی" لە ناوچە دا بەرهەڵستی یەکتریان دا و دونیایەکی نوێیان بۆ خۆیان درووست کرد و بەسەر ئەوانی دیکەیان دا سەپاند. هەڵبەت لەو نێوەدا ئەوەی کە بەبەژنی کورددا دورا، ئایدۆلۆژی چەپ بوو. وا سەلمێندرا کە چوون چەپ خاوەن ئەدەبی شۆڕشگێرانەیە، ڕەنگە زووتر وڵامدەری خۆاستی کورد دەبێ. تەجرەبەی کۆمار بە سەرۆکایەتی پێشەوا، دۆزی کوردی تا سەر لوتکەی گەیشتن بە ئامانجی بزووتنەوە ڕاکێشا.
کەوا بوو، زۆر پێویست ناکا هەوڵبدرێ ئەو ڕەوتە پۆلین بەندی کرێ. گوتاری زال بە سەر بزووتنەوەی کورد لەو رۆژەوە کورد ویستبێتی یان نا بۆتە گوتاری چەپ بە هەموو لق و پۆپێوە. تایبەتمەندی ئەو رەوتەش گواستنەوەی کێشەی نەتەوەیی بۆ لای کێشەی ئایدۆلۆژیکی چەپ دەگەڵ سەرمایەداری و لیبەڕالیسم بووە. بەڵان دەتۆانین بڵێین لە ئاکامی ئاوێتە بوونی گوتاری چەپ دەگەڵ بزووتنەوەی کورد، دوو ڕەوشی حیزبی لە کوردستان دادەمەزرێ کە دەکەونە ژێر کاریگەرێتی کێشەکانی نێوان چەپەکان، کە خۆی لە چەپی ڕوسی و چینی دا دەبینی. حیزبی دیموکڕاتی کوردستان لە لای هەوەڵدا و کۆمەڵە و جەریانە چەپەکانی دیکە زۆرتر بە لای دوهەمدا لە کوردستانی ئێراندا دادەنرێن. دیارە لە بەرەورو بوونەوە دەگەڵ واقیعەکاندا هەرکام لەوانە تووشی زۆر گۆڕانکاری هاتوون.

**پرسیار :** هەر کام لەو جەریانە سیاسییانە خاوەن چ فکر و بیرۆکەیەکی سیاسی بوون، ئایا بە پێی زەروورەتی کۆمەڵگا و داخوازییەکانی کۆمەڵگای کوردی هاتبوونە ئاراوە؟

**عەبدوڵعەزیز مەولودی :** حیزبی دیموکڕات دیارە لە سەر بناخەی کۆمەڵی ژ-ک دامەزرا. یانی خاوەن کێشەی کورد بوو لە کوردستانی ئێران، جگە لەوەش بە جۆرێک لە ژێر گوشاری ڕوسەکان بوو بۆ دابین کردنی خۆاستەکانی ئەوان دۆای تەواو بوونی شەری جیهانی دوهەم. رۆڵی حیزبی توودە لێرەدا زۆر بەرچاوە کە ئەگەر کەسایەتێکی وەک عەبدوڵای ئیسحاقی و بە تایبەت دوکتور قاسملوو نەبا، ڕەنگە حیزبی دیموکڕاتیش یان وەک فیرقەی ئازەربایجانی لێقەومابا یان بووبا بە کومونیستێکی چینی.
هەردوو ئەو کەسایەتیانەی باسم کردوون کاریگەرێتی بەرچاویان بووە لە گێڕانەوەی حیزب لە کومونیسمی رووسی و چینی. تا ڕادەیەک تۆانیان وەرچەرخانێک ساز کەن بەرەو گوتارێکی(ئەگەر ئەوا نێوێک دروست بێ) بە نەتەوەییتر یان خۆماڵیتر. دیارە دووربونەوەی حیزب لە حیزبی توودە لە ژێر کاریگەرێتی دوکتوور قاسملو، ئەوانی لە چەپی ئەوروپا نیزیک کردەوە و تا رادەیەک ئاوێتەی شێوازێک لە ئازادیخۆازی لیبە ڕالیستی کرد. بۆیە پێموایە بە لەبەر چاو گرتنی ئەو خاڵانەی سەرێ (چارە کردنی ئەو کێشانەی ئێستا توشی هاتوون) حیزبی دیموکڕات لە ڕۆانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە دەتوانێ رۆلی بەرچاوی سیاسی بگێڕێ و شۆێندانەر بێ.
جەریانەکانی دیکەی چەپ بە گشتی زۆر دوور بوون لە داواکردن یان تیۆریزە کردنی کێشەی کورد. وەک ئیدەئالیستێکی فۆرماڵیست لێکیان دەدەمەوە کە زۆربەیان لە

شارەکانی دیکەی ئێران هاتبوونە ناوچە و خەریکی بەڕێوەبردنی بەرنامەی حیزبی خۆیان بۆ ویناکردنی کۆمەڵگایەکی "بەرانبەر"بوون. کۆمەڵە دەو نێوەدا دیارە جودا بو. لە کوردستان هەڵقوڵیبوو هێندێک تایبەتمەندیان دەکرا بۆ دابندرێ کە لەوانی دی جوێیان بکاتەوە. بەڵان ئەوەش کاتی بوو وە بە هاوپویوەندی دەگەڵ حیزبی کومونیستی ئێران، بنەما چەپەکە زۆرتر خۆی نواند.

ناکرێ لەو نێوەدا شوێنێک بۆ بزوتنەوەی سیاسی کورد دیاری بکەین. دۆای ڕوخانی تەجرەبەی چەپی ڕووسی و بی سەروشوێنبوونی چەپی چینی، هەمو جەریانەکانی چەپ تووشی وەرچەرخان هاتوون و دەکرێ چاوەڕێی زۆرتریش بکەین.

پرسیار : لە ناوەراستی سەدەی بیستەم دا ئایدۆلۆژی کۆمۆنیزم بالی بەسەر فەزای سیاسی و ڕێکخراوەیی کوردستان کێشا. زۆر لە حزب و ڕێکخراوەکان بە بیرۆکەی چەپەوە باشاری جەریانی ناسیونالیستی کورد بوونەوە، کێشەی کوردیان لە بیاڤی سیستمی کۆمەڵایەتی چینی سەرمایەدار دا وێنا دەکرد، ڕەوتی مارکسیستی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن و کوردستان وکێشەی کوردی بەرەو چ ئاقارێک برد ؟

عەبدوڵعەزیز مەولودی : بە چاوخشاندنێک لە ئەو وڵاتانەی ئایدۆلۆژیای چەپ (لەچەشنی رووسی ،چینی) کاریگەرێتیان تێدا بەدیهێناوە، بۆمان دەردەکەوێ کە لە بەلادابردنی ئازادی بۆ دەستەبەر کردنی "بەرانبەرێ" لەو وڵاتانەدا، تەنیا تۆوی دیکتاتۆرێ یان چاندۆ و چاکیش بەری هێناوە. لە ڤیتنامەوە بیگرە بۆ کۆریای باکوری، لە سوریا بۆ یەمەن، لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا تاکو کووبا هەر هەمووی تەجرەبەکە گێردراوەتەوە بە دیکتاتۆرییەت. تەنانەت ساندینیستەکان لە نیکاراگوا کە لایەنی زۆر پۆزیتیڤ یان هەبوو، ئێستا بە بۆنەی سێ پات بوونەوەی سەرۆککۆماری کە سایەتێکی وەک دانیەل ئۆرتێگا و تۆمەتبارکردنی خەڵکی ئەووڵاتە بەوەیکە لە باری سیاسێوە نەفامن بۆ هەڵبژاردن، ڕوویان کردۆتە دیکتاتۆریەت. کەوابوو ئەگەر بمهەوێ لەوبەری را بێمەوە، ئەوپەڕی تەجرەبەیەکی سەرکەوتۆانە بۆ کوردیش دەبوو بە جۆرەها دیکتاتۆرییەتێکی دیکە. بەڵان، هەر ئاواش لە راستیدا کێشەی کورد زۆر کاریگەرێتی نگاتیڤی بەخۆیەوە بینیوە. ئێستاشی دەگەڵ بێ، هیچ بیرمەندێکی کورد نەیتۆانیوە وەک لیبەراڵێک باسی ئازادیخۆازی بکا. ئەو وشە سەردەمێک وەک ناحەزترین تۆمەت بەکاردەهێنرا. یەکەم کاریگەرێتی نگاتیڤ دورخستنەوەی بزووتنەوەی کوورد لە داڕشتنی ستراتیژێکی نەتەوەیی بوو، دوهەمی ڕێگرتن لە سەرهەڵدانی ئەندێشەی سیاسی بەرامبەر(وەک لیبەراڵی و هتد) و بگرە ئاسەواری دیکەش جێگای باسە.

پرسیار : هۆکارەکانی ئەوەی هیچ کام لەم ڕەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە نەبوونە خاوەن گوتارێکی بەهێزی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە چیدا بوو؟

عەبدوڵعەزیز مەولودی : ڕەنگە هۆکارەکان زۆربن. بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەیکە کولتووری کۆمەڵایەتی و ڕامیاریمان لە ئەو بارەوە زۆر مەودای نەداوە یان بۆمان نەڕەخساندووە. ئەوانەش کە وەک ڕۆشنبیر هەوڵی ئەو کارەیان داوە، یان زۆر تاکەکەسی بووە هەوڵەکەیان یان ئەوەیکە لە لایەن ڕوتە سیاسێکان وەرنەگیراون. بەشێکیشی دێتە نێو خانەی چۆنیەتی هەڵسووکەوتی لایەنە سیاسێکان. ئەوەی دەتوانین لە دوو خاڵی جودا باس بکەین. خاڵی هەوەڵ، داکۆکی کردنی زۆری حیزبەکان لە سەر گرتنی دەسەڵات و ڕکابەرایەتی دەگەڵ یەکترە کە لە درەوەی وڵاتیش هەر بەردەوام بووە و بۆتە هۆی جودا بونەوە و پێکەوە نەحاوانی حیزبەکان. دۆهەم، هەر بەم بۆنەوە پەڕاوێز خستنی باری کۆمەڵایەتی و کولتووری کۆمەڵگای کوردییە کە دیارە دۆستانی دیکەش وەک بەڕێز کاک سەلاحی عەباسی و کاک سەڵاحی خەدیو و .... لەو بارەوە پێشتر دۆاون.

پرسیار : پێتان وا نیە فەرهەنگی سیاسی کورد لە سەد ساڵی رابردوودا نەیتوانیوە جەریانی سیاسی کوردی بکاتە خاوەنی گوتاری خۆی؟

عەبدوڵعەزیز مەولودی : زۆر بە سەربەسراوی لەو بارەوە لە پرسیاری پێشوودا باسم کرد. وا وێدەچێ کە لە باری داڕشتنی ستراتیژێکی نەتەوەیی کە بەرژەوەندێکانی کورد وەک سەرەکیترین خاڵ چاو لێبکات چ سەرکەوتنێک بەدی ناکرێ. هەڵبەت بە شێوازی جۆراوجۆر کار کراوە، ئەوەش لە نەبوونی ستراتیژێکی کۆنکرێتی نەتەوەیی دا بووە، جا چ لە کاتی شۆڕشەکانی تاکەکەسێوە بیگرە تا ڕەوتە ڕێکخراوەییەکانی حیزبی.

ڕەنگە بگووترێ بە هۆی پارچەپارچە بوونی کوردستان کێشەکە سرووشتی یە. تا ڕادەیەکیش دەتوانین ەو بیرۆکەیە بسەلمێنین. لە نەبوونی دەسەڵاتێکی نەتەوەیی، لێکترازانی پارچەکان لە باری هۆویەتی سیاسی تەنانەت کۆمەڵایەتیش چاوەڕوان دەکرێ. زاڵبوونی دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەتانی خاوەن دەسەڵات لە پارچەکانی کوردستان بەشێکی دیکەی ئەو کیشەیەمان بۆ دەردەخات.

بەڵان، سەرەرای هەمووی ئەوانە بەرپرسێارێتی حیزبە سیاسێکان لە ئاستی نەتەوەییدا حاشاهەڵگرنییە کە لە جیاتی بیرکردنەوە و کارکردن بۆ ئەو ئامانجە، زۆرتر لە هەوڵی دەستەبەر کردنی دەسەڵات بۆ خۆیان بوون. تەنانەت کاتی خۆی لە هەڵبژاردنەکانی خولی نۆیەمی سەرۆک کۆماری لە ئێران، ئێمە وەک چەند چالاکوانی مەدەنی

بە بیری جۆراوجۆری سیاسی کۆ بووینەوە و چەن دانیشتنی بە کۆمەڵمان پێکهێنا بەڵان، بەهۆی ئەوەیکە هەر لە دانیشتنەکاندا دەرکەوت کە هێندێک لە دۆستان لە ژێر کاریگەرێتی حیزبەکان و لە مەترسی پێکهاتنی حیزبێکی نوێ، دانیشتنەکان هەڵوەشانەوە. لە بیرمە ئەوکات کە گەرمەی کاری سیاسی بوو وە ئەوکات حیزبەکان بەشداری لەو ڕەوتەیان بایکۆت کرد، لە وتووێژ دەگەڵ ڕۆژنامەی "ڕۆژنامە" بو کە پرسیاریان لێکردم ئایا مەبەستتان لەو دانیشتنانە پێکهێنانی حیزبێکی تازەیە؟ ئەوە دەریدەخا کە تا چ ئەندازە مەیدان بۆ هەوڵدانی سیاسی لە دەرەوەی بازنەی حیزبەکان بەرتەسکە. لە سەر ئەو حیزبانەش کە تازەسازن و بە پەلە بە ڕەتدانەوەی هەموو حیزبەکان دەیانهەوێ بەشەوێک خاوەندارێتی مێژووی بزووتنەوەی کورد بکەن ئیدی چ نالێم.

پرسیار : لەم ساڵانەی دواییدا بە پێی بارودۆخێک لە کوردستان هاتە ئاراوە، جەریانی نوێ و تازە و بە گوتاری تازەوە هاتنە مەیدانی سیاسی کە بە پێچەوانە رەوتە کلاسیکەکان جوڵانەوە، واتە ئیسلاحات، لێکدانەوەی ئێوە بۆ ئەم رەوتە چیە؟

عەبدوڵعەزیز مەولودی : سازبوونی ڕەوتی ئیسلاحات بە سەرجەم کەم و کورتێەکانی، بە بڕای من دەرفەتێکی بەش بوو بۆ پێداچوونەوەی گرفتەکانی بەردەم کێشەی کورد لە ئێراندا. دیارە حاشای لێناکرێ لەو سەردەمەدا زۆرترین کار و باری فەرهەنگی لە کوردستان سەری هەڵدا. دەرکەوتنی دەیان گۆڤاری ڕۆشنبیری لە ئاستی خۆیدا، چالاکی مەدەنی بەرفراون، چالاکی هونەری جۆراوجۆر بەشێکن لەو ئاسەوارەی دەکری ئیشارەتی پێبدرێ. یانی تاڕادەیەک مەودا ئاواڵە بوو بۆکارکردن. لە ئاکامی تێکەڵ بوونی بەشێک لەو هەوڵانە بە کاری تۆخی سیاسی، تەنانەت ئەو ئیسلاح خۆزانەی لە کوردستان کاربەدەست بوون و دەبێ لێرەدا بە تایبەت باسی دوکتوور ڕەمەزانزادە بکەم- کەوتنە ژێر باری زەخت و زۆری کۆنەپارێزەران و ئێستاش بەردەوام یان لە گرتووخانەن یان بێدەسەڵات کراون.
بۆ لێکدانەوەی ئەو ڕەوتە من دێمەوە سەر نەبوونی ستراتیژی نەتەوەیی. بێتوو ئەوە بۆایە دەکرا لە لایەن حیزبەکانەوە بە شیوەیەکی دیاریکراو پشتیوانی کرابا بۆ هاوکاری دەگەڵ ئیسلاحات. کە نەکرا یان نەبوو، گومان جێگای بە هەرچەشنە هاوکاری یان هاودەنگی دەگەڵ ئەو رەوتە لێژ کرد و بوو بەوەی کە دیمان.

پرسیار : وەک پرسیاری کۆتایی، ئەگەر لە چەند خاڵدا هۆکارەکانی نەبوونی گوتارێکی بەهێز و روونی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە بزووتنەوەی کورد لە نێوان شپرزەیی و بێدەنگی دا، لە نێوان دابران و کەلێنە سیاسییەکانی ئەورۆکە دەرباز بکات یان خەسار ناسی بکەین، لێکدانەوەتان چۆنە؟

عەبدوڵعەزیز مەولودی : ئەگەر مەودا هەبێ کە وەک چاوەڕوان کردنی داهاتوو، وا بیر بکەینەوە کە بە ڕەخسانی هەلومەرج بە هەرشێوازێک بێ حیزبەکان بتوانن خۆ ڕێکخەنەوە بۆ چالاکی ئاسایی و دەسەڵاتیان پێبدرێ، ئایا بۆمان هەیە ئەگەری ئەوە بدەین کە تەجرەبەی کوردستانی عێراق دووپات دەبێتەوە؟ ئایە ئەوکات بۆمان هەیە کە ڕخنە لەکاری حیزبەکان بگرین و لە مەترسیدا نەژین؟ و پرسیاری زۆرتری دیکە لەو چەشنە.
ئەو خالە دیاری دەکات کە ئازتەنگەکان و بۆشاییەکانی بزووتنەوە لە کوێدایە. ئاسۆیەکی وا ڕوون ناتوانم لەو بارەوە دەستنیشان کەم. تەنیا دەتوانم بڵێم کە پێویستە ڕێکخراوەکانی سیاسی خۆیان بۆ وەها بارودۆخێک سازبدەن. لە ئیستاوە بزانن کە پێویستە بە ئەدەبیاتێکی کۆنکرێتی سیاسی وە بە بیریکردنەوە لە بەرژەوەندی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی وە سازدانی بەرنامەو پرۆگرامی حیزبی لەسەر ئەو خاڵە سەرەکییە، خۆیان نۆژەن کەنەوە. هەوڵی سێ لایەن لیرەدا گرینگە، لایەنێک حیزبەکانن، لایەنێک چالاکانی مەدەنی و فەرهەنگین وە لایەنێکیش بیرمەندان و رۆشنبیرانی سەربەخۆن. هاودەنگی ئەو لایەنانە بۆ دیاری کردنی ستراتژیی نەتەوەیی ڕەنگە دەئەنجامی باشی لێبیتەوە.
. ئەگەر وتەیەکی هەبێ و پێتان خۆش بێ لە کۆتایی ئەم وتووێژانەدا باسی بکەن، تکایە بفەرموون؟
سپاسی بەریزتان دەکەم کە بە تەرخان کردنی کات و برێوەبردنی ئەو وتووێژانە خزمەت دەکەن بە دەوڵەمەند بوونی خوێندنەوەی ڕەخنەیی خالە نزم و بەتواناکانی بزووتنەوەی کورد.

" کورتەیەک لە بیوگرافی بەڕێز د.عەبدولعەزیز مەولوودی

خوێندکاریم لە زانستەکانی سیاسی بە شێوەی ئاکادیمیک هەیە. خاوەن ١٦ ساڵ کاری مامۆستایی زانستگام بە شێوەی نافەرمی. بەشداریم کردووە لە هەوڵەکانی ڕۆژنامەوانیدا. لە ئاکامیدا زۆر وتار و لێکۆڵینەوەی سیاسیم پێشکەش کردووە. لە بواری چالاکی مەدەنی، بەشداری پێک هێنانی لانیکەم ٥ ڕێکخراوەی مەدەنی بووم لە بۆاری زانستێوە بگرە تا هەوڵدان بۆ چارەسەری و پێشگرتنی بەکار هێنانی مادە موخەدیرەکان.لە گەڵ زۆر ڕێکخراوەی دیکەی مەدەنیش هاوکاریم بووە و هەیە.
بەشدار بووی زۆر کۆر و کۆبوونەوی زانستی لە ئاستی ناوچە، نەتەوەیی و نێو نەتەوەییش بووم. "

## رۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا [ بەشی یەکەم ]

## وتووێژ لەگەڵ بەرێز حامید ڕەشیدی زەرزا

حامید ڕەشیدی زەرزا: بە بۆچوونی من پێویستە سەرۆکانی کورد زۆرتر لە سەر ئەو خاڵانە وردو تیژ بین بن و بدوێن کە کورد بەرەو هەواری سەرکەوتن دەبات، ئەویش بێگومان پێکهێنانی بەرەیەکی پتەوی کوردییە، دەجا پێویستە هەر لێرە دوایی بەو گرژیانە بێنن، کە هۆکاری لێک دوور بوون و تەفرەقەی لێ کەوتۆتەوە.



پرسیار : سەرەتا وەک دەروازەیەک بۆ نیو باسەکەمانەوە، بزوتنەوەی کورد چلۆن پێناسەدەکەی؟

وەڵام : بزووتنەوە، بریتی لە خەباتی چەکداری، یان مەدەنی هۆکاری زیندوو ڕاگرتنی گەلانی چەوساوی مل لە بن نیری کۆیلەتی و یەخسیرییە، کە یەک لە وان میللەتی کوردە. هەر چەند ئەو بزووتنەوانە تا ئێستا نەیانتوانیوە مافی کورد مسوگەر بکەن، بەڵام ئاگاداری و وشیاریو زیندوو ڕاگرتنی هەستی نەتەوایەتیان لە دڵی گەورەو گچکە بە شیوەیەکی ئاگرئاوی ڕاگرتووە. بە بۆچوونی من بزووتنەوە وەک چرایەک وایە، کە لە تاریکانی ئەنگوست لە چاودا مرۆڤ بەرەو لاباجەی دەرباز بوون و ڕووناکایی دەبات و بەرکازە و دەروی هاوەڵای بە ڕوودا دەکاتەوە، هەتا لە هەڵەنگون و سەرەنگریّ بوون دەربازی دەکات. بۆ زارۆکانیش زاخاوی مێشک و وەبیرهێنانەوی ڕەگەز و حەز لە نەتەوەو، ناسینی داگیرکەر و چەوسێنەرە، دەجا فرچک پێدان و هەوێنی ناسنامەی نەتەوایەتی و ڕەکێش کردنی بۆ ئوڵکەی خەباتی خۆناسی و گەل ناسیی پیرۆزو ممبارەکە. بۆیە بە بۆچوونی من بزووتنەوەی کورد بە درێژایی مێژووی خوێناوی مەوجودیەتی کوردی لە مەترسی توانەوە ڕاگرتووە. بێگومان ئەگەر ئەو بزووتنەوانە نەبوان، ئیدی کورد بەرەو توانەوە دەچوو.

ئەو نەتەوانەی کە ژێر خانی بزووتنەوەیان لە هەست و گڕی نەتەوەیی دوور پەرێز کراوە، بە مرۆور لە فرمانڕەوای داگیرکەردا تواوەنەتەوە، نموونەکەی قەبتییەکانی سوورییەن کە لە عەرەبدا تواونەوە. دەجا ئەگەر کورد زیندووە ماوەتەوە، دەینداری ئەو بزووتنەوانەیە، چونکە هەر نەتەوەیەک بزووتنەوەی نەبێ، ئاگاداریشی نابێ، کە ئاگاداری نەبوو، پێناسەش ناکرێ و ناتوانی مناڵەکانی بۆ ناسینەوەی ڕەگەزو رەچەڵەی خۆی ڕێنوێنی بکات. بۆ نموونە ئەو هەستەی نەتەوایەتی کە لە مناڵێکی کوردستان بەدی دەکەی لە مناڵەکی کورد لە دەرەوەی کوردستان بەدی ناکرێ، چونکە هیچ شتێک هەستی وەجۆڵە ناخات.

بەڵام هۆکاری بزووتنەوە بۆ گەلی کورد، دەردەکی کۆنی عیلاج نەکراوە و ناسۆرێکی تەشەنا هێناوە. هەتا ئێستاش چارەی نەدۆزراوەتەوە، چونکە دەرمانی وی مسوگەر کردنی مافی نەتەوەی کوردە، کە وەک گرێ کوێرەیەک ماوەتەوە. دەجا هەوێنی ئەو دەردە کوردە لە ناخی هەموو کوردێک ڕیشەی داکۆتاوە و چەقەرەی داوە و جگە لە مافی ڕەوا چ دەرمانێکی دیکەی نییە. سەر چاوەی ئەو برینە دەگەڕێتە و بۆ شەڕی چاڵدڕان کە لە سەر دەمی "شاەسمایل سەفەوی" ڕوویداوە. دەجا ئەو دەردە لە هەر یەک لە بەشەکان کوردستان وەک یەکەو حاڵاتێکی هاو بەشی هەیە و لەش و ئەندامی هەموو خەڵکی بەشەکانی کوردستانی بە سەر جەم گرتۆتەوە. لە کاسبکارو هەژارو بەلەنگازو دەوڵەمەنەو خاوەن سامان و کرێکار بگرە، هەتا ژن و پیاو پیرو لاو گەج و شێخ و دەرویش و سەیدو سادات و پیاو چاک و تاجیرو توجارڕو دوکاندارو مەلاو ئاغا.... وەک ئاماژەم پێکرد ئەو دەردە لە دابەشکردنی کوردستانی گەورە لە ١٣٥٤ادا سەری هەڵداوە، وەک مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە: لەو شەڕە دا "شا سمایل" شکەستی خوارد و خەلیفەی عوسمای سەرکەتوو بووە و شاسمایلی هەتا شاری تەورێز ڕاو ناوە و بارەگای خۆی لە شاری تەوریز سەقامگیر کردوە، هەتا خیزانی شاه سمایل بە دیل گیراوە کە خەلیفەی عوسمای بە تۆلەی ئەو جینایەتەی کە "شاسمایلی سەفەوی" دەرحەق بە سوننەکان لە تەوریز کرد بووی و ژنی سوننەکانی دابوو بە شێعە و بۆی حەلاڵ کرد بوون، ئەویش بۆ بە کوچک وەدانی دڵی شا سمایل، خیزانی وی دا بە قازیولقوزاتی شاری ئەستانبوڵ. وەک دەزانن ئەو کات ئێران و تورکیەیی عوسمانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بە دوو وڵاتی زلهێز حیسابیان لە سەر دەکرا. بەڵام هۆکاری شەڕەکە پەرە پێدانی مەزەبی شێعە بووە، شاە سمایلی سەفەوی لە ١٥٠٢ هەتا ١٥١٨ی لە ئێران مەزەبی شیعەی دژی مەزەبی سوننە کە مەزەبی فەرمی ئەو کات بوو، بە هێز کرد هەتا لە شاری تەوریزی ئەو چاخ کە زۆرینەی سوننە بوو، بە شیوەیەکی بێ بەزییانە بیست هەزار کەسی لە سوننەی دانیشتووی شاری تەورێز کوشت. شاەسمایل دوایی ئەو قەتل و عامەی تەورێز، کە دیگوت خەونی دیوە دنیا دێنێتە ژێر قەبەزەی شمشیری خۆی، بڕیاری دا کە تورکییەی سوننەش بە چۆک دابێنێ، دەجا بۆ سەر تورکیەی لەشکر کێشی کرد و کوردەکان لە نێوان ئەو دوو لایە مابوونەوە، پێشنیاری یارمەتیان بە شاسمایل کرد بەڵام ئەو لە جیاتی لێیان مەمنوون بێ، فەرمانی گرتنی هەموو سەرۆکانی کوردی دەر کرد، ئەوانیش لە ترسان ڵیی هەڵگەڕانەوە خۆیان

دەباوەشی حکومەتی عوسمانی هاویشت، سەر ئەنجام تورکەکان بە یارمەتی کوردەکان، توانیان لە شەڕی چالدران کە لە ٢٣ی ئەوتی سالی ١٥١٤لە قەراخ گولی ورمێ رویدا، لەشکەرەکانی شاسمایل تێک بشکێنن و عەساگەری عوسمای هەتا شاری تەورێز شاسمایلی راوبنێن و خیزایشی لی بەدیل بگرن.

بە پیێ مێژوو: لە ئاکامی ئەو شەڕە کوردستان بە کردەوە لە نێوان ئەو دوو حکوومەت دابەشکرا، بەڵام بەشی هەرە زۆری کەوتە سەر وڵاتی تورکیەی عوسمانی. کە پاشان ئەو دابەشبوونەی کوردستان لە سالی ١٦٣٩ابە ئیمزای شاعباس و سوڵتان مراد عوسمای گەیی. ئەمە سەرەتایی ڕووداوەکی شوم و نەحس بۆ گەلی کورد بوو لە سەر تەواوی ڕوداوەکای میللەتی کورد کار تێکەری دانا.

دیارە هەر لە سالی ١٥١٤ خەلیفەی تورک فەرمانی پێکهێنانی ئاماراتی کوردی بە حکیم ئیدریس، کە یەکێک لە کوردی بتیلیس بوو دا. ئیدریسیش بۆ بەرگری و دیفاع لە سنوورەکای دەستکردی وی عەشایەری کوردی لەو سنووره دەستکردانە نشتەجێ کرد، ئەو عشایرە وەکوو سەربازی تورک بەرگری و دیفاعیان لەو سنوورانەی پی ئەسپاردراو،دەکرد. و لە نیوەی دوومی سەدەی ١٩. چەند ئەمیر نشینی کوردی دیکەشی دامەزراند کە ئەو ئەمیر نشینانە لە چوار چیوەی خاکی تورکییە سەر بەخۆیی خۆیان هەبوو، هێندیک لە وان هەتا لەگەڵ پاشاکانی ئێرانیش لە پەیوەندی دابوون. دەجا ئەو ئاغالەرانەی بە هێزو قودرەت و شانو شەوکەت هەر لە خەمی گیرفان و کەیف نەهەنگی خۆیان دابوون و بە داخەو گیرۆدەی سەربەخۆیی کوردستان نەبوون، هەتا بۆخۆشیان وێکیا ن هەڵنەدەکرد، دایم و دەرهەم لە گەڵ یەکتری لە شەڕو کێشەدا بوون، ئەو چەند بەرەکییە وێک هەڵنەکردنە، لە وان بۆ ئێمە بە میرات ماوەتەوە، ئێستا حیزب و سازمانەکانی کوردی لە گەڵی دەستەمەلانن.

و تورکییە کە هەستی بە تێشکانی خۆی لە نزیک وین کرد لە ١٨٦٣ وردە وردە خەریکی دست تێوردان لە ناو ئەمیرنشیەکان بوو،بنکەی نیزامی لێدامەزراندن،کوردەکان نارەزایەتیان دەربڕی ودەستیان بە شورش کرد کە هەتا سەدی ١٩ بەردەوام بوو، لەوانە شۆرشی "محەمەد پاشا" ناسراو بە میری کوێری ڕەواندز بوو کە موسل و ماردین وجەزیرەی بنی عومەری دەست بە سەرداگرت و هەتا سنووری ئیراق و ئیران فەرمانڕەوایی دەکرد و تفەنگ و تۆپی دورست کرد، کە ئێستاش لە موزەی ڕەواندزو بەغدا ماوەن. بەلام دوایی دەیان سەر کەوتن لە خۆرا خۆی بە دەستەوە دا، دوایی دەرکەوت بە قسەی "مەلای خەتی" کردوە، کە بە ئاقیدەی وی شەڕ لە گەڵ خەلیفەی ئیسلام تاوانی هەیە،و لە کاتی گەڕانەوە بە دستی بەکرێگراوان کوژرا.

دوایی ئەمە شۆرشی "یەزدان شێر" بوو لە ساڵی ١٨٥٣ هەتا ٥٥ بەڵام ئەویش بە خەیانەتی یەکێک لە خزمەکانی بە دیل گیرا. پاشان شورشی شێخ عەبیدوللای نێهری بوو لە ١٨٨٠ ی زایینی کە بە کردەوە سنوورەکانی دەستکری پیشل کرد و لە ئێران را دەستی پیکرد. دیارە ئەو دوایی ئەمیر بدرخان بوو وهەر هەستی ویش بوو پەرەی لە دڵی شیخ گرتبوو. هەڵبەتە ئەمیر بەدرخانیش دوایی کە لە ساڵی ١٨٤٣ سەر جەمی مەسیح نشیەکانی دست بەسەرداگرت، بە هۆی ڕەخنەی پاریس و لەندەن، ئوسمانی لەشکرێکی قورسی ناردە سەر، کە لە قەڵای خۆی لە ئیروخ مانی گرتبوو لە ئەوتی ١٨٦٨اخۆی بە دەستەوە دا بۆ دێمشق دوور خراوەو لە ١٨٧٠ عومری خوای کرد.

ویلیام ایگلتن مێژوو نووسی کۆماری مەهاباد دەڵێت: سەت ساڵ دوایی وی،"قازی محەممەد" سەر کۆماری تەمەن کورتی مەهاباد، ڕەوشتی وی هەڵبژارد و بە داخەوە لە ١٩٧٥ مەلا مستەفا بارزانی هەر بەو شێوەیە رۆیی.

**پرسیار : سەدەی بیستەم بۆ کورد،سەدەی سەرکەوتن و شکەستەکان بوو، بزوتنەوەی کلاسیکی کوردی هاتە بازنەیەکی دیکەوە و ئەحزابی سیاسی درووست بوون،بەگشتی بەستێنە سیاسیەکانی ئەوکات چ بوون کە حیزبەکان سەریان هەڵدا؟**

**وەڵام :** ئیجازە بدە بۆ وەلامدانەوە کەمێک بچێنەوە دوا، ئەو سنوورانەی دەستکرد و دابەشبووی خاکی کوردستان بە سەر ئەو وڵاتانەی داگیر کەر، هەمووی لە بەرژەوەندی یەکتری هاو بەشکردووە، بۆیە هەر جۆرە جۆڵەیەک لە یەکێک لەو پارچانە، ئەوانی دیکەش گویسڵ دەکات، و هۆکار بووە، کە لە بەینی خۆیاندا مامەلەمان لە سەر بکەن، بۆیە هەموو ڕاپەرینەکانی گەلی کورد بە دستی یەکێک لەوانە لە کاتی هاتنە حاسل و بەر هەم پۆچ بۆتەوە. دەجا شێوازی ڕاپەڕیی کلاسێک بەو ئاقلییەتی ڕابردوو کە نەیتوانییوە هەتا ئێستا مافی کورد مسوگەر بکات، لە وەی واوە ئەگەر بە وەردی بە خۆیدا نەچێتەوە ناتوانی. نموونەمان بۆ ئەوە زۆرن، کۆماری ئاگری کە هیوای لە سەر یارمەتی و پشتیوای رەزاشاە پەهلەوی هەڵچنیبوو هەرە سی هێنا،دیارە ڕاپەرین بە سەرۆکایتی ئیحسان نووری لە ١٠٢٥ دەستی پێکرا لە ١٩٢٧ پتەو بوو لە ١٨٢٧ ئاڵای کوردستان هەڵکرا. ئەو کات سنووری ئێران و تورکییە بە کێوی ئارارات دادەڕۆیی، بۆیە ترۆپ داوینی رۆژهەڵاتی ئاراڕاتی گچکە پێشی هیزەکای تورکییەی گرتبوو. بەڵام کاتێک شورشی ئاگری پەلوو پۆی هاویشت و هات بەشەکانی دی کوردستان دەباوەش بگرێ، دەوڵەتی تورکییە لە گەڵ ئێران رێکدەکەون، کاتێک شۆرشگێڕانی ئاگری بە خۆ دەزانن، هێزی ئەرتەشی تورکییە لە ناو خاکی ئێران لە بەردەم خۆیان دەبینن، دوایی مەعلووم دەبێ کە لەشکری تورک ١٠ کیلومیتر بە خاکی ئیران داهاتووە، رەزاشاە ئەو شوێنی ئاگری لە بەرامبەر بەشیکی گچکە لە ناوچەی "قۆتر" لە گەڵ تورکییە گۆڕیوەتەوە، کە ئیحسان نووری پەنابەری ئیران بوو، کۆماری خویبونی ئاگری هەرەسی هینا،...جەنەراڵ ئیحسان نووری لە ١٣٥٥ لە تاران ئەمری خۆای کرد لە بەهەشتی زەهرای تاران بەخاک ئەسپاردرا.

هەر وا ئاشبەتاڵی بارزانی ١٩٧٥ کە بە هیوا هەڵچنین لە سەر یارمەتی حکۆمەتی شای ئێران ڕاوەستا بوو، هەرەسی هینا، دیارە ئەو کاتیش کەلێک رۆشبیر و لێزان

ئەمە یان پێشبینی کردبوو بەلام بارزانی گویچکەی بە قسەی هیچ کامیان نەدا.

هەروا باوەر پێکردنی پ.ک.ک. بە سووریییە، چلۆن دوایی رێکەوتن لە گەڵ حافز ئەسەد کەمپەکانی پێ گاڵەدان و بۆخۆشی بە پیلانی وی ڕادەستی حکومەتی فاشیستی تورکیە کراوە، جگە لە شەڕەکانی نێیان خۆیا وەک شەڕی پارتی و یەکییەتی و شەڕی حیزب وکۆمەلە و... دەجا ئەوانە دەبێ دەرس و ئەزموونیان لێ وەربگیرێ، بەڵام سەرۆکانی کلاسێکی ئێمە ئێستاش هەر بەو رەبەی دەپێون. ئەوانە کۆمەڵێک دیکۆمەندی پتەو حاشا هەڵنەگرن، بۆ هاتنە کاییەی دۆخی نوێ لە خەباتی کوردایەتی و شیوەی ڕاپەڕینی مودرینیتە بە شیوازەکی تازەو هەڵسوو کەوتێک، لە جیهانی بەرەو پێش چووی تیکنۆلۆژی و سەردەم و عیلم وسەنعەتی نوێ. بەلام ئەمە بەو مانایە نییە کە بۆ خەباتی کلاسیک بایەخ دانەنرێ بەڵکوو ئەو خەباتەی ئێستا لە بەر چاوە، شەقڵی خەباتی کلاسیکی بە زەقی پێوە دایارە، هەموو بزوتنەوەکان لە قوڵایی کوردستانەکان دەستە چیلەی یەکترین، یانی ئەگەر ڕاپەڕینی ئەمیربدرخان نەبوایە ،ڕاپەڕینی شێخی نێهری سەری هەلنەدەدا، ئەگەر شورشی شیخ نەبوایە، خەباتی شێخ سەعیدی پیران سەری هەلنەدەدا، یا خەباتی ئاگری دەستی پێنەدەکرد و کۆماری خویبون نەدەهاتە کایە. و پ.ک.ک دانەدەمەزرا. لە رۆژ هەڵاتی کوردستانیش شۆرشی سمکو بن چینەی کۆماری مەهاباد بوو هەر نەبێ هەستی ڕاپەڕینی وانی هاندا،بەڵام کۆماری مەهاباد، هەنگاویک لەوانی پیشەخۆی پێشکەوترو بووە بەڵام تەمەنی زۆر کورت بوو، دەنا ڕەنگە ئەو توانیبوای هەنگاوی بە وەچ هەڵبگرێ. وەک دەبینین ئەویش بە خەیانەتی شوورەوی کە بەر ژەوندی خۆی لە گەڵ شاە بە زەیندا هات و بە تەماعی نەوتی باشوور دەستی لە پشتیوای کۆماری تەوریز و مەهاباد هەلگرت و هەتا گەفی بەربەرەکانی لەو دوو کۆمارە ساوایە کرد، دەنا ئەو چەند سەربازە رەش و ڕووتەی ئیران ئەو هێزو ورەیان نەبوو بتوانن دەستووجێ هەر دووک کۆماری ئازربایجان و کوردستان هەرس پیبێنن. بەڵام ئیرانییەکان توانیان شوورەوی بە قەول و بڵێنی نەوتی باشوری ئێران فریوو بدەن،دوایش نیشانی دا کە شوورەوی هەر دەڵال بووە،ئیستا دەبینین ئەوانەی کە هیوایان لە سەر ئەو هەڵچنی تێکشکان،نەک هەر کوردەکان، مەسەلەن: لە شەری ٦ رۆژەی عارەب و ئیسرائیل ١٩٦٧ بینیمان چلۆن ئیسرائیل هەموو عارەبەکانی تیکشکاند و دەشتی سینا و بەرزایەکانی جۆلانی گرت و هێزەکانی ئوردۆن و سورییە و میسری لە ناو برد و ٤٠٠ فرۆکەی هەر لە سەر باندی فرۆکەخانەی میسر، بەر لە هەڵفڕن تێکشکاندن و ٦٠٠٠ دیلی لێگرتن و ٢١٠٠٠ کەسی لێ کوشتن، شوورەویش هەر بە تئۆری گەف وگوڕی تەماشاچی بوو کەس چی بە کڵاوی نەپیوا. بەڵام جاری واشبووە تەنیا بەرژەوەدی زلهێزەکان دەوریان هەبوو، نموونەکەی کۆماری ئاگری لە ١٩٢٧ و کۆماری مەهاباد لە ١٩٤٥. هەر دوو پیشتر لە کۆماری ئیسرائیل بوونە، بەلام چونکە نەیتوانیوە بەرژەوەندی زلهێزەکان پێکبێنن، هەرسیان هێناوە لە هەر دووکیش بەزەقی دەستی زلهێزەکانی تیدا بووە. ئیسرائیلیش ئەوە یەکەمین دوڵەتی بەهیزی رۆژهەلاتی ناوەراستە. بۆیە ئەمن پێم وایە هەتا کورد خاوەنی کەیانی خۆی نەبێ ناتوانی لە سەر پێی خۆی راوەستێ و هەر چی پێکیشی بنێت وەک خانووچکەی مناڵان بە داروشکەیەو بە کزە بایەک تێکدەچی.

و خەباتی شێخ مەحموود هەر لە خەباتی سمکۆ و شورشەکانی تورکییە سەر چاوەی وەرگرت. هەر چەند تیشکانی ویش هیوا هەڵچنین لە سەر تورک بوو. و شورشی بارزانیش بە دوایی هەرس هێنانی شورشی شێخ مەحمودو تێکچوونی دەوڵەتەکەی وی، دوایی هەروازو نشیبیوی گەلێک زۆرو، سەفەرە دووردرێژەکەی بۆ شوورەوی، سەرئەنجام لە کودتای عەبدولکەریم قاسم لە ١٤ای ژوییەی سالی ١٩٥٨ دوایی چاو پێکەوتن بە عەبدولناسر گەڕاوە ئیراق و پێشوازی لێکراو، دوایی شۆرشی وەرێخست و پاش چەند کودتای عەسکەری لە ئیراق سەر ئەنجام بە ئیمزای پەیمانی ئەلجەزایر لە ١٩٧٥ وخەیانەتی شای ئێران تێک تەپی. کەوا بوو هیچ کامیان بێ کارتێکەر نەبوونە بەلام کەسیش ئەزمونی لێ وەرنەگرتوون، ئێستاش کورد لە گەل داگیرکەران لە سەینە و بەینە دایە کە داوا ڕۆژێکی خەراپی لێدەکەوێتەوە چونکە پێکهاتن لەگەل داگیرکەر لە سەر حیسابی کوردەکانی ئەوبەش ناتوانێ بەوردەوام بێ.

ئەو خەباتی نوێخوازی ئێستا لە سەر ئەزموونی ئەوان سەر هەڵدەدا. و ڕەنگە دوایی نیو سەدەی دیکە، بۆ ئەوانەی لەم جیهانە بە مافی خۆیان نەگەیوون مودیلەکی دیکە بێتە کایە.

بەڵام شێوازی خەباتی گەلی کورد لە گەڵ مەسەلەی ئازادی و یەکسانی کۆمەڵانی خەڵکی ولاتێک، لێک جیاوازە و پێویستی بە لێ ورد بوونەویە، چونکە بە رۆخانی حکومەتێکی سەرە رۆ و دامەزراندی سیستەمێکی پێشکەوتوو، خەڵکی وڵاتێک بە ئاواتی خۆیان دەگەن. بەڵام بۆ کورد بەمە و بە گۆڕانکاری ئینقلاب و پرو پاگەندەی ئازادیو دموکراسی مافی مسوگەر نابێ. نموونەکەی ئەو هەموو کودتایانی ئێراق لە کودتای ژەنراڵ عەبدولکەریم قاسم لە ڕیکەوتی ١٩٥٨ زایینی بگرە هەتا کودتای ژەنەڕاڵ حسن البکر لە ١٩٦٨و دوایی هاتنە سەرکاری سەدام حوسین، کۆدتاکانی تورکیە لە ١٩٦٠ای ژنرال جەماڵ گورسل کە لە ١٩٦٢ وەزیری دەرەوە فارس رشدی زورلو،وحسن پل اتکان وەزیری ناوەخۆ لە جەزیرەی دایمرالی لەباکور لە سێدارەدران، وسەرۆک وەزیران عەنان مندرس بەهۆی پیری ئیعدام نەکرا بەلام ٧٨ سال زیندانی بەسرداسەپاندرا، بەلام بۆ نەتەوەکانی دیکە یەک لەوان کورد چی بە دیاری نەهینا،ئەوان هەروا ژیر چەپۆک مانەوە.

و ئینقلابی ١٣٥٧ای ئیران، چ دەردەکی دەرمان نەکرد و نەیتوانی هیچ کام لە کەمایتەکانی ناو ئێران یەک لەوان کورد بە مافی ڕەوای خۆی بگەینێ هیچ، هەتا لە مەڕ زوان و فەرهەنگ هەنگاویکیان بۆ هەڵگرێ، ئەویش وەک ئەمپراتوری ئوسمانی کە لە شەڕی یەکەمی دنیا گر لە بەر یەک هەڵوەشاوە، دیسان کورد بە مافی خۆی نەگەیی، مادەکان (٦٢-٦٣-٦٤ ) پەیمانی لوزایش بە هۆی تێکەو لێکەی زلهێزەکان لە لایەک و کیشەو ئیختلافی نێون کوردەکان لە لایەکی دیکە، شەریف پاشاو

بەدرخانییەکان دەست بەپۆش بوون. وسووریيەش کە بەشێک لە ئەمپراتووری ئوسمانی بوو لە ژێر قەیومییەتی فرانسە قەراری گرت، مستەفا کەمال کە لە ١٩٢٣ حکۆمەتی جیایی دین لە سیاسەت دامەزراند،بەڵام چ وەبەر کورد نەکەوت ئەوەندە نەبێ بەشیکی لە خاکی کوردستان لەو پچڕ پچڕە کەوتە سەر خاکی ئیراق و بەشێکیش بە خاکی سووریيە لکاندرا کە بە پێی پەیمانێکی دیکە سەری گرت. و تورکیەی نوی بوو بە سکۆلار، بەلام لەو سکۆلارە لە ساڵی ١٩٢٣ زایینی هەتا ئیستا ٢٠١١. بە میلیون ئەرمەنی کوژراوە و دەرکراوە دەرپراندراوە، بە میلیون کورد ژیانی ولاتی خاپۆور بووە هەتلە کراوە دوور خراوەتەوە زوانی قەدەخە کراوە، جل و بەرگی یاساخ کراوە کوشتراوە و لە سیدارە دارو هەنووکەش هەر لیی دەکۆژن ئەوە لەگەڵ پ.ک.ک. هەتا ئێستا ٤٠ هەزار کەس کوژراوە. هەنووکەش بە تاوانی شەرخوازی و تروریستی دەیانکوژن، ئەو بۆمبارانەی تازە لە چیایی قەندیل بۆمبی شیمیایی لێدراو ٣٦ گریلە شەهید بوونە، دەجا پێمان بڵێن مانای سکۆلارچییە؟ کە ئێتسا ئەوە بۆتە تەپڵی بن هەنگڵی فارسەکانی ئیران و داوەتی پێ دەگێڕن. . یان ئەوە گۆرانکاری سیستمی تورکیە بە ناوی ئیسلامی دیموکراسی جیا لە خوێن رژان چی داوە بە نەتەوەکانی تورکییە، یەک لەوان میللەتی کورد. کە وا بوو هەر ئینقلابێک لە ئێران وسورییە و تورکییە بکرێ بۆ کورد ئاسمان یەک ڕەنگە، چونکە کۆی دەسەڵاتی ناوەندی پێشگری مافی گەلی کوردە و دەستەواژی جیایی خوازی ڕێ بە مافی نەتەوەیی لێژ دەکات، لە ئیرانیش ئەو ها لە مێشکی فارس و تورک دا جەمسەری ئەو تۆمەتە گاوی خواردۆتەوە کە داوای سەرەتایی پێکەوە ژیانی نەتەوەیەک، بە سەر کوت و لە سێدارەدان و کاولکردی ولاتەکەی وەڵام دەدریتەوە. چونکە ئەو هەی کە دێتە سەر دەسەڵات ئەگەر زۆر دێموکراسی خواز بێ، لە پێش هەموو شت دا جەخت لە سەر ئینتخابات دەکاتەوەو زۆرینە و کەمایەتی دێنیتە ئارا،دەجا ئێمە کەمایەتین دەکەوینەوە بازنەی ژێردەسەڵات و چەوساندنەوە، هەر چی گوتیشمان دەبێتە ئاوازەی گوێچکە زرینگانەوەو دینەوە سەر حولە مەرەسێ، بە پێی قانون کوشت گرتنمان واجب دەکرێ. کە وایە، بەو داوایەیی کە ئێمە دەیکەین، پێم وایە چ گۆڕانکارییەک ناتوانێ کورد بە کەمترین هەتا مافی فەرهەنگی خۆشی بگەیەنێت، چ بگا بە سکۆلار. چونکە ئیرانییەکان بە درشت و وردی، فیدراڵ و خودموختاری و هەتا خوێندن بە زمانی کوردی بە دابەشکردی ئێران لێکدەدەنەوە، هەر چەند بۆخۆشیان دەزانن کە ٢٢ وڵاتی هەرە پێشکەوتوو لەوان زلهێزەکانی سەر گۆی زەویش وڵاتەکانیان فیدراڵن و لێکیش پرش و بلاو نەبوونە. بەڵام ئەوان بە شمشیری سیاسی و ئاقلیەتی کۆنە پەرەستی دێنە ئوڵکەی کردەوە، بە چەق و تەفی پروپاگەندەی ئازادی هەتا ئەو جیگاییەی کە ئاتاجیان پێمانە لە گەڵمانن، دەنا، دوژمنمانن. ئەوە لە دەرەوەی وەلات کە هیچیان لە دەستی نایە خودی ئوپوزیسیۆنەکانیان لە مەڕ ئیرانی فیدراڵ وەختە لە داخان قورقوشم لە ئەوکیان بکەن. و چونکە داوەکەشمان گچکەیە و بەرژەوەندی زلهێزەکان دابین ناکات، لە سەرمان وەجواب نابیەن. بە بۆ چوونی من ئەگەر سەربەخۆیمان داوا کردبوایە لاینگریشمان لە دەرەکی دەبوو ئیدی ئەوها کۆڵەوار نەدەبووینو ئەوەندەشمان کوشتە دەدا.

بەڵام چلۆن بوو کە حیزبەکانی سیاسی سەریان هەڵدا ئەویش ئەزموونێ خەباتی عەشیرە گەری لە بەستینی بەرتەسک بوو کە بە دەردی ئەم سەردەمە ناخوات. زۆریش بەو دەلیلە بوو کە بەرژەوندی تاکە کەسی بە پێی ئەزموون تاقی کراوە ئیدی باوی خۆی لە دست دابوو، نەدەکرا لەو سەردەمی نوێ چیدی ئەو ڕەوڕەوەیە سەر چاوە بێ، ئەزمونیش نیشانی دابوو کە خەباتی عەشایری بە تەنیا بریتی بوو لە تاقە کەسێک کە ئەو بە هەر شیوەیەک دەستی لە خەبات بەردابوایە یا مرد بوایە، ئیدی بزووتنەوەکە فەشلی دەهێنا،و بۆ بەڕێوە چوونیش تووشی تەنگەژە دەبوو،لە بیرکردنەوەش دا هەروا سەرەرۆیی دیکتاتوری تێدادەبیندرا.

دەجا سروشتییە چونکە گۆڕانکاری بە سەر جیهان داهاتووە هەمووو شت بارەو بار بووە و گۆڕاوە، گۆڤارو رۆژنامەو ڕۆشنبیری و سەردەمی ئینترنیت و موبایل و کامپیترو فەیسبووک ودەیان حەلەم قەلەم هاتۆتە کایە، دنیا ئەوەند گچە بۆتەوە بە قەرا گوندەکی لێهاتووە،هەموو کەس دەشێ بە چرکەیەک لە باس و خواسی تەواوی سەر گۆی زەوی بزانێت، هەتا دوێنێ کە مرۆف ئاگای لە ماڵی خۆشی نەبوو، هەنووکە بە سەر جیهاندا زاڵە، دەجا کوردیش بۆ وەی لە کاروانی پێشکەوتووخوازی وەدوا نەکەوێ باری خەباتی خۆی لە مەڕ چارەنووس گۆڕیوە و لە کلاسیک بەرەوە نویخوازی. بە تایبەت نەسلی تازە وێراگەیوو تێگەیو هاتۆتە ئولکەی خەبات، هەموو شتیک تەوفیری کردوە، بزووتنەوەی کلاسیکیش جلی نوێی زانیاری لە بەر کردوە،جلی کۆنی پاشکەوتوویی کلاسیکی فرێداوە،ئەوە شتێکی سروشتییە،

**پرسیار : لە ئیران شورشی مەشرووتە،بوەبە هۆی گۆرانکارییەکی بنەڕەتی لە ئاستی ئیراندا،بۆ کورد کام قۆناخ دەتوانن وەک قۆناخی نوێ و سەدەمی نوێ دەستنیشان بکەین کە بووبیتە هۆی گۆڕانیک لە پیکهینانی سیاسی؟**

وەڵام : ئەو جار پێکهێنای مشرووتەی ئیرانیش ئەگەر فەشەلێشی نەهێنابوایە شتێکی وەک ولایەتی مووتلەقە هەنووکەی ئێرانی لێدەکەوتەوە، چونکە لە هەلێنجانی پڵانەکانیان لە مێژوو شتێکی وای لێ هەڵناکرێ کە بە نوێخوازی و ئازادی و پیشکەوتووخوازی پێناسە کرێ. یەکێک لەم کەمو کوڕیانە ئەوەیە لە هیچ کوێ باسێک لە مافی گەلانی ئێران نەکراوە،بەشی نەتەوەکان شەقڵی هەلپەرستی و جیاخوازی مۆری سەر کوتیان پێوە دیارە، چاوگەی هاوەڵای وانیش هەر ئینتخاباتی زۆرینەی کەمینە خۆرە، ئەو جار باسی دێموکراسی مەعلوم نییە ئەو دیموکراسی ئەوان باسیان لێوە کردوە لە هی خومەینی باشتر بێ. چونکە دێموکراسی لە چوار چیوەی سوننەت و شەرع نە مەفهومی هەیە نە مانا. زۆربەشی ئاخوند بوون و ئەوەی ئاخوندیش نەبووبێ هەر بەو فیکری زاخاو دراوەو فرچکی گرتووە. وەک دەبینین ڕەوشتی پێغەمبەرو

ئیمامەکان وئیسلامیان هێناوەتە گۆڕ کە لە ئیسلام دا خەلک ئازادن و مافی وەک یەکیان هەیە، ،مشرووتەخوازان پێیان وابوو هەر شێعە دەتوانی خەڵکی ئێران لە دەست زوڵم نەجات بدەن لە کۆیلەتی ڕزگار کەن وەک قسەکانی خومەینی. یانی کۆیلەی شاە نەبن کۆیلەی ئاخوند بن،سواری ملی ڕەجاڵە بن،ئەخوند دەزانن بە ناوی ئیسلام دزی بکەن، پڕوپاڵی خەڵک بکیشن و قوتەیان کەن،ئاخوند دەزانن چلۆن ئەسپێ بکۆژن.

بەلام هۆکارەکە، لە سەرەتای سەلتەنەتی ناسرەدین شای قاجار نارازی بوونی خەڵک لە زوڵمی بەڕێوە بەرانی حکوومەت بووە. ئاگاداری ئێرانییەکان لە گۆڕانکاری دنیا فیکری گۆڕانی حکومەت و قانوون لە مێشک و دڵی واندا بە هێزو قوودڕەت کردوە. نووسینەکانی روناکبیران بریتی لە: حاجی زین ئەلحابیدینی مەراغەیی،عەبدولکەریمی تالبۆف، میرزا فەتەلی ئاخوند زادە، میرزائاغای کرمانی و میرزا ملکم خان و سەید جەماڵەدین ئەسەد ئابادی هتد... بەستێنی مەشرووتە خوازی پێکهێنا بوو. کوژرانی ناسرەدین شای قاجار بە دستی میرزا ڕەزای کرمانی کە بە ئاشکرا هۆی پسان و قەتیانی هەودای زوڵم بوو هۆکاری مەشرووتەی وەخیرا خست. هەر چدند گەلێک شۆرش لە شارەکانی ئیران دژی زوڵمی حکوومەت ڕووی دابوو. دەجا وتار دان بە دژی حکومەت و زوڵم و زۆری لە گەڵ ئیعترازی بازاریان و هەرای ئاخوندەکان تیکەڵ ببوو. دەستەیک چوو بوونە عەبدولعەزیم دەستەیەک چووبوونە باڵویزی ئینگلیس، مزەفەرەدین شاە وادەی لە سەر کار وەلانانی سەرۆک وەزیرانی پیدان و ئەوان عەدالەت خانەیان پێکهینا،مزەفەردین شا فەرمانی مەشرووتەی لە ١٤ای مردادی ١٢٨٥ ئیمزاکرد. خەڵک لە قوم گەرانەوە لە باڵوێزی ئینگلیس هاتنەدەرو جەژنیان بەر پاکرد.

و نوینەرکان خەریکی وشاندن نووسینی قانوون ئەساسی بوون. دوایی مردنی مزەفەرەدین شاە،وەلیعەدەکەی محەمەد عەلی میرزا بە پاڵشا دانرا، هەر ئەویش دوایی مەجلیسی وەبەرتۆبدا و ئازادیخوازانی ئەو سەردەمی پەروازە کرد کە بە استبداد صغیر ناوی دێرە. ئەو جار ڕاپەرینی گیلان، ڕاپەڕینی بەختیاری و سەر ئەنجام محەمەد عەلی شایان لە سەر تەختی پاشایەتی لابرد، و کوڕەکەی وی ئەحمەد قاجار بوو بە پاڵشا،کە لە ساڵی ١٢٩٣ای هەتاوی تاجی پاشایەتی لە سەر دانا. بەڵام چەند مانگ دوایی شەڕی یەکەمی دنیاگر ڕویدا. ولە رێکەوتی ١٩١٧ای زایینی بە فەرمانی زەزا سواد کوهی پاشایی دوارۆژ بە سەرداری سوپا و لە ١٣٠٢ زیا تەباتەبایی بە سەرۆک وەزیران دانران.

سەرئەنجام لە کاتیک دا کە ئەحمد شاە لە دەرەوەی وڵات بوو بە پیلانی ئینگلیس تەباتەبایی بە یارمەتی سەرداری سوپا سوادکوهی کودیتایان کرد. دوایی کودیتایەکە ڕەزامیرپنچ کە ببوو بە سەرداری سوپا، زیا تەباتەبایی بۆ فەلەستین دوور خستەوە،خۆی کردە سەرۆک وەزیران. و هەر ئەو کەسی کەدوایی بە هیرشی نیزامی شێخ خزعلی دەرکرد بوو، دەستی بەسەر نەوتی ئابادان داگرتبوو، میرزا کوچک خانی کوشتبوو، و لە ئەحمەدشا شمشیری باسجوخە جواهیری وەرگرتبوو. خۆی کردە هەموو کارە و مەشرووتەی تیک وپێک دا، پاشان خوی کردەشایی ئیران بەڵام شایەتیەکەشی ناقانوونی بوو، چونکە ئەوکات هەر مەجلیسی مووسسان نەبوو. هەتا ئەحمەد شای لە تەخت بێنێتە خوارو ئەوی بکا بە پاڵشا. دەجا پارڵمانێکی کزی بی دەسەڵاتی ژێر دەستی وی بە خلع یە شا ئەحمدی قاجاری دەنگ دا،بەلام لەو کات کە ویستی خۆی بکات بە شا مەجلیسی موسسانی پێک هێنا. وەک ئاماژەیەکی کورتم پێکرد مشرووتەی ئیران کە ئێستا ئەوهای پێ هەڵدەڵێن هەر ئەوە دەبوو کە هەنووکە لە ئێران دەیبینین.

پرسیار : ئەگەرلاپەرەکانی مێژووی هاوچاخ هەلبدەینەوە،دەبینین کە بزووتنەوەی کوردی بە پێچەوانەی، بزوووتەوەکانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوین،بەرەوئیسلام گەرایی نەچووە؟ لەهەمان کاتیشدا بەربەرەکانیی لەگەڵ نەکرد؟ هۆکارەکان چ بوون؟

وەڵام : هەر چەند گەلی کورد پسپۆورو زانا یۆخی ئیسلامی لە هەموو پارچەکان زۆرن ئەمما ئەوان کوردن هاو بەشی دەردو مەرگ و خۆشی و ناخۆشی و کوشت و کشتاری گەلەکەیانن ئەوە ٥٠٠ سالە وەک خەڵکی دیکەی ئاسایی بە دەستی داگیرکەران دەچەوسێندرینەوە، بە دەستی داگیرکەران لە دار دەدرێن، دەگیرێن ودەست بە سەر دەکرێن و ماڵیان وێران دەکرێ و کوریان دەکوژرێ و هەتلەو هەڵوەدا دەبن، و دەشزانن لە مەزەب چاوگەی ئەو دێموکراسییەی لەو سەر دەمە هاتۆتە کایە تیدا جێ نا بیتەوە، هەر نەبێ لە گەڵ ئەو سەرو بەندەی دێموکراسیخوازییە لە خانەیەکدا بووز ناخوات، لە راستی دا ئەگەر نەیکەینە زۆرە ملی، قورئان یاسایەکی پێکەوە حەوانەوەیە کە ١٤٠٠ ساڵ لە تەمەنی تێپەڕێ بە کوردی و بە کورتی بۆ قەلەو دەلەو بواری سیاسی نابێ، چونکە نە بۆ دەست تێوەردان دەبێت و نە بۆ گۆڕان، بەڵام ئەوانەی کە ئێستا دەیانەوێ لاسای خومەینی بکەنەوە، نە ڕێز لە قورئان دەگرن و نە لە ئیسلام. تەنیا حەولوو دەولییان، بۆ پلەو پایەو کورسی دەسەڵات و پارو فڕاندنە. بەڵام مەلاکانی کوردستانی رۆژهەلات، هاو دەردی گەلەکەیانن و گەلێکی موسلمانن، و تێدەگەن کە داگیرکەران زۆر جار بۆ شێواندی روخساری ناوچەکانی کوردستان و گێرە شێوێنی و تەفرەقە هاویشتن لە ناو کوردەکان لە ئیسلامیان وەکوو سیاسەت کەلک وەرگرتووە، بۆ ئەو کارە دەیان بەکرێگیراوی چ نەزانیان بە ناوی مالای شەرع وەرێخستووە، ئەو کەسانەی کە هەر ئیمانیان بە بنچینەی ئیسلام نەبووە. بەلام پروپاگەندەیان بۆ کردوە هەتا بتوانن کورد بکەنە چەند دەستە و شەق شەقی کەن و لێکتریان ڕاستکەنەوە، خەڵکی ئاسایی لە رۆشنبیر دوور کەنەوە، فەرهەنگ دۆست لە ئاسایی ئاڵەدین کەنەوە،بواری یەکییەتی بە ئیختلاف بگۆڕن،دابڕانیان لە ناو بخەن،گروپ و دەستە لە ناویان ساز بدەن، لە هیزو پێزیان بخەن ئەو جار داگیرکەری بخەنە گیانی. ئەمما مەلاکانی ئێمە کە وەک خەڵکی ئاسایی دەچەوسیندرینەوە، وەکوو وان لە

دار دەدرێن، وەکوو وان ئەشکەنجەو جەزرەبەو زیندانی دەکرێن، تامی زوڵم و ستەمی نەتەوایەتیان لە لایەن داگیرکەران چێژتووە، دەجا باوەڕیان بە کورد هەیە کە دینی ئیسلام پتەو رادەگرێ بۆیە ئێمە دەبێ بە مامۆستا بەرێزەکای خۆمان شانازی بکەین کە قەت نەیانویستووە مافی کورد بە پروپاگەندی ئەوها کە بێشک دەستی داگیرکەرانی تیدا بە زەقی دەدیترێ بفەوتێنن،دەنا زانایانی شەرعی ئێمە زۆریش لەو مەلایانەی ناوچە شیوێن لە مەڕ شەرعی ئیسلام پسپۆرو زاناترن. ئەو جار کورد چەقەی لە سەر دینی ئیسلام نییە،خۆ دوێنی موسڵمان نەبوو، پێی بڵێن نۆمسڵمان. ئەوە ١٤ سەدەی بە سەردا چووە، دەجا سازمان و حیزبەکانی کوردیش قەت چەقەیان لە سەر مەزەب و دین نەبووە. هەتا تۆمەتی بێدینیان بە سەردا بسەپێنن. کارو باری کۆمەڵایەتی پەیوەندی دار بە شەرع وەک بەرێ بەڕێوە چووەو، دەچیت. بۆیە ئەمن پێم وایە سکۆلار لە ئیرانێکی چەند نەتەوەیی رێکناکەوی،چونکە ئەوەی لە سیستمی سکۆلارداهاتووە جیایی دین لە سیاست و حکومەتە،دەجا بەمە چ بە کورد ناگات، ئەمە شیوێ مافخواردنی کورد بە ناوی سکۆلارە، چونکە حکومەتی شاهنشاهی سکۆلار بوو وەک تورکییەی ئاتاتورکی،هەروا ئیراقیش هەرشاهنشاهی وسکۆلاربوو،بە بەۆچوونی من سکۆلارو الیگارشی چ تەوفیریکیان نییە، چونکە هیچ کامیان مافی نەتەوەکانیان گرنتی ناکەن وئەنگوست لە سەر دابەشکردنی دەسەڵات و حکومەتی تەوافقی دانانێن، لە بەشداری هەموو دایشتوانی ئیران بە بەرچەسپی زۆر، وەک جیاخوازی خۆ لا دەدەن لە جیاتی وی بەسەرکوتیان قەناعەت دەکەن، هەر وەک بە درێژایی مێژوو ئەوها بووە،دەجا لەو حاڵە دا چ ئاخوند بێ و چ کەڕاوت لە مل و رۆشنبیر کاتێک کورد لە کۆی دەسەلات شەریک نییە و هیچی پێناگات تەوفیر ناکات،و جەستەی قاونون ئەساسیش چونکە گەرنتی نییە،وەک مادەی ١٥ای سەردەمی کۆماری ئیسلامی لێدێ وبەڕیوە ناچێ. ئەو جار سکۆلار ئایدولوژییەو سەدان لێکدانەوە هەڵدەگرێ وئێستا ئەوە ئاخوندەکانی ئێران بە کەیفی خۆی لێکدەدەنەوە دەڵێن ئەوە نامۆیەو بیانی، دەکرێ لە ئیسلامی بە شیوەیەکی سەردەمیانە کەلک وەرگرین،هەزار درۆزن و خۆ فرۆش بە تەخشان پەخشانی پارە لە لایان ئیران پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن و ماڵیشم قەبرە بۆ کوردی نابەشدار لە دەسەڵاتدا هەرکری قوماشەکەن. چونکە ئیمە ئەگەر لە خۆن نەگۆڕین هەر نەبێ حکومەتەکانی سەدام و تورکییەن بینیوە، چ تەوفیریان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی نەبوو، ئێستاش تورکییە نییەتی. دەجاخوێن رژتن بۆ سکۆلار بە خۆراییە، هیچمان نەوێوو نەکوژرێن باشترە نەک سکۆلار. ئەو جار ئەو لێکدانەوەی فارس و تورک لە قانوون دەکەن مەگین چوار چیوەیەک دابنرێ دەنا بە ئەگەر و مەگەر ناوەرۆکی هەموو قانوونێک لە کاتی پێویست بی مانا و مەفهووم دەکەن.

پرسیار : لەناوەڕاستی سەدەی بیستەم ئایدولۆژی کۆمۆنیزم وەک دیاردەیەکی بە هێزی کۆمەلایەتی و سیاسی هەموو ناوچەکەی گرتەوە،ئەم ئایدولۆژییە بۆ نەیتوانی ببیتە پاشخانێکی فیکری بۆ بزووتنەوەی کورد؟

وەڵام : وەک بەرێ ئاماژەم پێکرد میللەتی کورد موسڵمانە دەجا لە ناو موسڵمان شێوازی کۆمۆنیزم هەر چەند پێشکەوتووخوازو دژی دینی ئیسلامیش نەبێ، زۆر چەتوونە جێی خۆی بکاتەوە، هەتا لە محاڵاتە. چونکە بەراست یان بە درۆ تۆمەتی خودا نەناسی وەپاڵ دەدەن، جەماەرەیش ئەوها بە سووک و سانایی کە کۆمۆنیزم مەرامێکی باش و هەڵگری تۆتیایی خۆشبەختی و رەکە بەری چەوساندنەوەیە و ناتوانی خۆی بە سەر خەڵکدا هەر نەبێ لەم سەردەمدا بەسەپێنێ، دەجا بە نائاسایی دەزانم، ئیستاش هەر پیم وایە ئەو فیکرە لە کوردستان تاتوانێ پەلوو پۆ باوێژێ و خەڵکێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆ کاتەوەو لایانگرێکی زۆری هەبێ، و ئەگەر بە دیالۆکی تئۆرێش تام و خویی لێبکرێ بە کردەوە بەر هەڵستکاری یەکجار زۆرە کە لێکدانەوە شیکردنەوە وئازانتی نەتوانی لە مێشک وهزریاندا کار تێکەر بێ. چونکە پێناسەکردنی کۆمۆنیزم لە کوردستان زۆر لە مێژە کراوە، ئەو جار بە بۆچوونی من هەر لە بنیات کۆمۆنیزم پەلاتفورمێکی ئەوها روون و شەفافی بۆ ئازادی و دێموکراسی هەڵنەگرتووەو بۆ مافی کورد پی نییە، کۆمۆنیزمی ئێمە رەنگ و روخساری رۆسییەی پێوە دیارە کە ئەوان ئەوەندی لە دەستی وەرەزو جارز بوون بۆ لە کوڵخۆ وەکردنەوەی زۆریان خەسارەدا، لە حاڵێکدا ئەوان فرچکیشیان پێ گرتبوو. ئەوجار هیندیش لە گەڵ حیزبی کمونیست تیکەڵ بووە کە بە کردەوە بۆ کورد مافی نەویستووە مەگین بە ئیئوری، ئەوجار ئەوهێدەشیان لە گەڵ مەسەلەی چیینی کارگەری لە سەر تاسەری ئێران کردۆتە دورشمی ماست ودۆشاو کە بە راستی بۆ کورد چی تێدا نەماوەتەوە، خودا بکات بەو تێکەڵ بوونەوە، ئەو ماشەرەی لە ئاڵۆزی و گرێپۆچکە دەرچووونین و هۆرپەیەکەی بێنەوە سەر تەشی خۆماڵی، هەتا ئاوینەی باڵا نوێنی گەلەکی خۆی بێت.

پرسیار : بۆچی بزوتنەوەی چەپ نەیتوانی خەونو ئاواتەکانی کورد بەدی بێنێ؟ یان بەواتایەکی دیکە،بزووتنەوەی کوردی بەرەوکۆێ برد؟

وەڵام : لە بنیات را چەپ بە هەڵوستێک دەگوترێ کە داخوازی گۆڕانکاری هێورانە سەبارەت بە رادیکاڵ بوون و وەدیهێنانی یەکسانی و بەرابەری لە داهات و سەروت و سامان و دەسەڵاتە، ئەو جار چەپەکان هەموو ئەو شێوە کۆمۆیزمە نین، هەتا زۆر حیزب هەن کە بە باڵی چەپ و راستیش ناو دیر دەکرین بەڵام شیوەیان وەک کۆمۆیزم نییە، بۆ نموونە کۆمۆیزمی ئورپی لە سەرمایەداری پشتیوانی دەکەن، لە حاڵێکدا مەفهومی کۆمۆنیزم لە بن و ریشە دەرهێنای سەرمایەدارییە. ئەو جار ئەمن بۆیە پێم وایە کۆمۆنیزم ناتوانێ لە کوردستان پەلۆ پۆ باوێ چونکە بە زوانی سادە، دژی سەرمایەداریە، کوردیش ئەوەی باغ و خانوو و بەرەیەکی هەبێ خۆی بە سەرمایەدار

دەزانی، لە راستیشدا بە لەنگاز و هەژاریس ئەوی لە بەرامبەری خۆیاندا بە سەمایەدارە دەزانن. دەجا بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی لە ناو کورد شتێکی خۆ هەڵقولیوو نییە وەکوو پێچێ هەرزە، بۆ کەوتنە شوینی خۆی، پیویستی بە واشەرە، کە هێشتا فاکتۆری ئەم واشەرە، لە کوردستان دەست بەکار نەبووە.

بۆ نموونە: با دەقی پێشووی هەڵویستی کۆمەڵە بخەینە بەرباس: نووسەری ئەو دێرانە پێیوایە ئەگەر ئەو رێکخراوە باوەڕی بە مەسەلەی کوردستان و چارەنووسی گەلی بەشخوراوی کورد هەبوایە هەڵویستی چینی کرێکاری بە هەنگاوی دووهەمی خەبات، واتە پاش یەکلا کردنی کوردستانی داگیرکراو دەبوایە هەڵگرتبایە. ئەوەی ئەسپاردبا بە دەنگی نەتەوەی کورد ئاخۆ لە نێوان سیستەمی بوورژوازی یا حکوومەتی چینی کرێکار کامەیان گەرەکە. هەڵگێرِ وەرگێڕی کۆمەڵە ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەکات کە هێنانە گۆڕی هەشت ئەسلی خود موختاری لە بەرانبەری ٢٦ مادەکەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و هەل ڕەخساندنی بۆ دانیشتن دەگەڵ دەستەی نوێنەرانی حکوومەت هەر بۆ چاونووساندنی خەڵک و بە هەڵە بردنی زەینی جەماوەر و کەم کردنەوە لە دەستەڵاتی حیزبی دێمۆکرات بوو. بەلام گومانی تیدا نییە ئیستا لە کۆمەڵەدا ئەو دەقە گۆڕاوە، ئەوەی ئاماژەم پێکرد پەیوەندی بەسالەکانی سەردەمی ئینقلابی ئیران بوو ،ئیستا شوکر باسەکان لەسەر مافی ڕەوای گەلی کورد بەرەوپێش دەڕوا کە بەحەق بەڕێز کاک عەوڵا موهتەدی یەکجار لیزان و پسپور و نیشتمان پەروەرە.

٢٨ی نوامبری ٢٠١١

## رۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا [ بەشی دووهەم و کۆتایی ]

پرسیار : شورشی ٥٧ گرینگترین رووداوی سیاسی ئیرا بووکە لەسەردەمی نویدا،بەگشتی کورد کەوتە بارودۆخێکەوە کەتوانێ بەشیک لەکوردستان ئیدارەبکات،ئەو بارودۆخە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

وەڵام : پێویستە بۆ لێکتر حاڵیبوون، شێوەی ئینقلابی( ٥٧ ١٣ ) بدینە بەر زەڕەبیی توژینەوەو بزانین هۆکار چ بوون: وەک دەزانین دەم و دەزگای ئاخوندەکان پێگەکەیان دەگەڕیتەوە سالی( ١٣٤١ی )هەتاوی یانی دژایەتی خومەیی لەگەل (ئینقلابی سفید) یان بلێین ئینقلابی "شاە وملت" کە بریتی لە شەش ئەسل بوو،یەک لەوان هەڵتەکانی سیستمی ئاغاو ڕەعیەتی،کە (شا) لە بەفرانباری (١٣٤١)گەلالەکەی بۆ رفراندۆم دانا و خومەینی کە ئەو کات ئاخوندێکی نە ناسراو بوو داوای بایکوتی کرد، بەلام ڕیفراندۆم بە زۆرایەتی دەنگ کۆتایی پێهات،و(شا) لە وتارێکی توندو تیژ دا ئەوانەی کە ڕیفرادۆمیان بایکووت کرد بوو بە سەرکوت هەرشە لێکرد، ئەو جار بۆ خوینکاری ئاخوندیشی دوو سال ئەرکی سەربازی ڕاگەیاند، کە دیسان خومەینی دژی بوو بەڵام چی بۆ نەکرا هەر وا دژی ئازادی ژنانیش بوو، لە ئاکامدا لە رێکەوتی خەرمانانی سالی١٣٤٣ بە دستوری شا خومەینی بە فرۆکەی سەربازی بۆ تورکیە دوور خراوە، کە دوایی ساڵێک بۆ نەجەف رۆیی و(١٤ )ساڵ لە وێ ماوە، ئاخرەکەی چوو فرانسە. خومەینی و مەلاکانی دیکە قەت ئەو فکرەیان نەدەکردەوە کە دەتوانن رژیم برۆخێنن بەڵام کارە چەوتەکانی (شا) و غلوور بوونی و کردەوەکانی ساواک ریگایان بۆ ئینقلاب تەخت کرد و هەلاتنەکەی (شا)ش وەخێرای خست. دەنا وەک دەبێنین هەڵویستی خومەینی تەنیا دژی ئازادی ژنان ودابەشکردنی زەویوو زاربوو، بەڵام دوایی پسولەکەی کەوتە برەو، گەلالەی ولایەتی فەقییەی بۆ دارڕشت،دوایی بە پرو پاگەندەی مەزەبی پیگەی خۆی بە دەنگی خەڵک قایم و موحکەم کرد، دەنا لە ئیسلامدا ئەو جۆرە ئازادییە کە پسپۆرانی ئازایخواز قسەی لە سەر دەکەن بوونی نییە، ئیسلام وەکوو هەموو دێنێک بە درگاو دەروازەیە،ئاچەرەکەی لە دەستی ئاخوندی سونەتی دایەو بەستراوەتەو بە مەرجەعی تەقلید، جا ئەوان چۆنی شی دەکەەوە هەر بۆخۆیان دەزانن، جار وایە دەیبەنەوە سەر فتوا، هیچ زانایەکی تیگەیشتووی ئازادی خۆاز بۆی ناکرێ خۆی لە قەرەی بدا، بەلام چونکە مەفهوم زاهیر بوونی میهدی و شەرعی شیعەیە، ئەوان لیی پسپۆرن کە بە هەموو شکلێکی دەرێنن و درۆشمی بۆ بدەن، بۆخۆشیان شیعە باش دەناسن، هەر بۆیەش خومەینی لە گەڵ هەر وشەیەک ناوی ئیسلامی دێنا،چونکە موشتەهید دەتوانی و بۆی هەیە بە کەیفی خۆی شەرع دەستکاری بکات، دەجا ئەوان دەیانهەوێ کۆیلە نەمەێنێ، بەڵام نەک ئەوەی ئەوان بە کویلەی لە گەڵ دەجۆڵینەوە، بەڵکوو ئەوان خەڵک بە نابالغ و سەغیر دەزانن و خۆیان بە سەرپەرست و قەیوم . هەر بۆیەش خومەینی بە پەلە بانگەوازی ریفراندۆمی بۆ رۆژی ١٠ی خاکەلیوە ١٣٥٨ راگەیاندبوو، کە رۆژی لە سێدارادانی نەمر پیشەوا قازی محمد و هاڤالانی بوو. و ئەو بەرگەی کە دەبوا لە سندووق هاویشترابوایە، سپی نەبوو، کە هەر چی دلت بێخوازێ لێی بنووسی، بەڵکوو لە نێوان رژیمی شاە و کۆماری ئیسلامی سەر پشک کرا بوو، دەجا سروشتی بوو کە دەنگیان بە سەلتەنەت نەدەدا، کە وا بوو خواستبوات، یان نەتخواستبوایە، دەنگەکە هی کۆماری ئیسلامی بوو. و ئەمە فێلێکی مەزن بوو لە میللەتی ئێران کرا،ئەو جار لە جیاتی مەجلیسی موسسان، هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان ١٢ی گەلاویژی ١٣٥٨دانرا بوو. ئەوانە هەموو نیشانەی دیکتاتۆری رژیم بوون، بەڵام خەڵکەکە وا گەرم دەهاتبوون، بە تایبەت رەجاڵە، کە نەدەکرا هیچ بلێیت. لە ئاخوندەکانیش بەدەر کەس نەیدەزانی ئاخۆ رژیمی ئیسلامی بەری چ دارێکە، بەو تاریفەی کە ئەون لێیان دەکرد وەک باسی بەحەشت و حەفتا حوریەکەی دەچوو، کە بێگوما ئەویش خەیاڵاتە. دەجا

خەونەکان بە پێچەوانەی تەعبیرەکانی خەڵک، ڕەنگیان داوە،نەک هەر تەنیا کورد هەموو لێزان و ئازادیخوازانی لە دەرەوەو ژوورەوە سەبارەت بەو ڕژیمە تووشی هەڵەی زەقی سیاسی بوون، چونکە داخۆیانەکانی خومەینی چێژی ئازادی و دێمووکراسیان لێدەکرا، بەڵام کەم کەس لە خۆیان بەدەر دەیزانی مەفهومی ئازادی لە ئیسلام ئەوەیە: کە دەتکوژم، دەتگرم، تێت هەڵدەدەم، لە دارت دەدەم، سەرت دەبڕم و کەوڵت دەکەم، چونکە ئەمن قەیوومم و ئەتۆ سەغیری. بۆیەش خودا هەڵناگرێ خومەینی هەر باسی ئازادی ئیسلامی دەکرد، ئەو ئیسلامەی ئەو لە گیرفانی خۆی دا بوو . ئەوەش وەرگێڕاوەی قسەکای خومەینی بە ئیستلاح ئەو ئازادیخوازە:

(ئەگەر ئێمە لە سەرەتا کە ڕژیمی فاسیدمان ڕووخاند...بە شێوەی ئینقلابیمان کرد بوایە، قەڵەمی سەر جەمی بەلاڤۆک و پرتیات و چاپەمەنیمان شکاند بوایە و تەواوی گۆڤارەکانی فاسیدو تەلاساو ڕێ گۆم کردو ڕزیوو بلاوکراوەی بیرچەوتمان یاساخ کرد بوایەو سەرپەرشتی ئەوانمان بە سزای کردەوی فاسیدی خۆیان گەیاند بوایە، سێدارەمان لە مەیدانەکانی مەزن چەقاند بوایە، هەرچی ئەوها فاسید بوو دروویانمانەوە، ئەم زەحمەتانمان بۆ نەدەهاتنە پیش. ئەمن لە دەرگای خودای و لە دەرگای میللەتی ئازیزم داوای لێبوردن دەکەم، ئەمن بە تاوانی خۆم دەم دادەنێم. دەوڵەتی ئێمە ئینقلابی نییە، ئەرتەشی ئێمە ئینقلابی نییە، ژاندارمەری ئێمە ئینقلابی نییە، ئەگەر ئینقلابی بواین ئیجازەمان نەدەدا ئەوان بمێنن. هەموو حیزەکانمان یاساخ دەکرد،هەموو ئەو جەبهانەمان یاساخ دەکرد، تەنیا یەک حیزب،ئەویش حیزب الله. ئەو حیزبی موستەزعەفین. ئەمن تۆبە دەکەم لەو هەڵەیەی کە کردوومە. ئەمن بەو دارو دەستەیەی فاسید لە سەراسەری ئیران رادەگەێنم: ئەگەر لە سەرجێی خۆیان دانەنیشن،ئەمن بە شێوەی ئینقلابی لە گەڵیان دەبزوومەوە.) دەجا بۆیە ئەمن دەڵێم:

خاڵی کیژۆڵان ڕەشەو ها—
دەنگی بیباریش ڕەشە—
هەر دوو کاکە گیان دەسووتێنن
بەلام کوێی هاو بەشە—

دەجا لەو فەزایە دا حیزبی دموکراتی کوردستان یان کۆمەڵە چی پێدەکرا،بەڵام ئەگەر بە دوای ڕیشەکەدا بڕۆین، ئێمەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان هەر کێشەی دەوڵەتمان نەبوو کە لاسارو سەرکێش و کەللە ڕەق و نەمژو خوینخۆر بوو، بەڵکوو کێشەی ناوەخۆمان هەبوو کە پێک نەدەهاتین، لە سەر شتێک قاڵ نەدەبووینەوە، لەو کاتە ئاسکەدا بێ لە بەر چاو گرتنی بەرژەوەندی گەلەکەمان لە فیکری بەرژەوەندی کەسینی و کورسی دەسەڵات و شەڕە گەرەک بووین، کە باسی ئەو شتانە لە حەوسەلەی ئەم نووسینە دا نیین. بەڵام بۆ نموونە حیزبی دێموکڕات کە ئەو کات تەنیا حیزبێکی ناسراو بوو کە خاوەنی پێشینەی دوورو درێژی حیزبی بوو، لە مێژ بوو لە دەرەوەی وڵات بوو، ئاگاداریەکی ئەوهای لە ئێرانی ئینقلابی نەبوو،حکوومەتیش ئەو حکوومەتە نەبوو کە مەجال بدا بەخۆدا بێنەوە،بتوانێ لە هەر چوار پاریزگا پەلوو پۆ باوێژێ و هەمووی هەر لە دەورو بەری مەهاباد و بۆکان و سەقز شنۆ... بوو. ئەوە بۆ خۆی زەبرەکی گرچوو بڕ بوو وە قەبرخەی حیزب دەکەوت، هەر بە قسەو لە سەر کاغەز باسی چوار پاریزگا دەکرا،دەنا بە پتوونی هەر پارێزگای کوردستان و ئازەربایجان بوو، بە داخەوە مەزەب کۆڵەی کوردی کوتاوە، کوردیش نەیتوانیوە مەزەب لە گەڵ نەتەوە و ڕەچەڵەک لێک کاتەوە، ئەگەر ئێمە خاوەنی کرماشان و ئیلام و کوردستان و ئازەربایجان باین، هەر بە مانگرتنیش دەنتوانی مافی خۆمان مسوگەر کەین، لە لایەکەی دیکە حیزبەکانی وەردیلەش کە زوربەی بە فیتی فارسەکان هاتبونەو کایە، وەک شەفەقی سوورو ئەشرەف وچی وچی فیدایی و... تودەو مۆودە...لە بنەوە لە گەڵ ناوەندی بوون،کۆمەڵەش کە بۆ بە هێز بوونی خۆی پلانی هەر ئەو بوو کە جڵەو لە دەستی دێموکڕات دەربێنێ، یان لە هەڵسەنگان بێ پارسەنگ بێتەوە، بۆیە لە گەڵ حیزبی دێموکڕات نەدەحەواوە، نائاگاداری لاوەکانیش هۆکاری ئەو چەقەو تەفە بوو، مرۆڤی نەزانیش لە ناوحیزب و کۆمەڵە دا گەرا دارشتبوو، بۆ نموونە کاتێک حیزب دەیگوت حازرە لە گەل هەئیەت قسە بکات، ئەوان تەقەیان لە رژیم دەکرد، و چەتیان تێداویشت،کاتێک ئەوان ٢٨ مادەیان دەدا بە هەئیەت، ئەوانیش ٨ مادەیان وەک تەکە لە هەرد ڕادەکێشا. دەوڵەتیش ئەو بەزم هەرایەی لە خودای دەخواست، بیکاتە بینوو بەهانە. سەردەمێکی زۆر بە وانە رابواردرا، جگە لە بەکرێگیراوانی دەرەکی و خۆماڵی کە بە داخەوە هیشتا بۆ کورد ئەو رۆژە نەڕەخساوە، هەموو شتێک بە تەوایی بڵێت. دەجا هەر یەک بە شیوەیەک بەرسینگەی لەو حیزبانەی کوردی بڕیبووە، یان ببوو چاو ساخیان بۆ تێکدانی سەفی کورد. ئەو جار مەسەلەی ئیسلاحات و پیوانەی زەوییوو زار شەڕی مەنگوڕان.

حیزبی دێموکراتیش بی هەڵە نەبوو کە لەونووسینەداجێ نابێتەوە، لە ڕاستیشدا هەر دەڵەمە بوو،دەوڵەتیش کات کوژی دەکرد و خەریکی خۆ داسەپان بوو، ئەو جار فتوای جیهادی خومەینی لە ریکەوتی( ٢٨ )ی گەلاویژی( ١٣٥٨ )شەڕی سنە نەورۆزی( ١٣٥٨ ). شەری نەغەدە لە(٣١ )ی خاکەلیوی ١٣٥٨ ). هوموو ئاواتەکانی بە با دا هێشتبوو،نەک هەر تەنیا ئاخوندەکان هەتا تودەش سەبارت بە کورد دەمارگرژ بوو ،حیزبی کۆمۆنیستیش هەروا بوو،مەجاهیدیش هەروابوو، ئەوانە هەر ئەو کەسانەن کە لە سەر دەمی ڕژیمی (شا) بەرەبەستی مافی کورد بوون،بۆ نموونە دکتور موسەدیق لە مەجلیسی ١٧ی ئێران دژی دەسەڵاتی پاریزگاکان بوو ئەوی بە دابەشکردنی ئیران لە قەلەمدا، ئەویش تەنیا لە بەر کورد بوو. دەجا ئازایخوازێکی ئەوها بە ناو بانگ ئەوها دژی دیموکراسی بێت، بەراوەژوی لێکداتەوە، دەبێ لە ئاخوند ی کۆنە پەرست چ چاوەروانێک بکەین، بۆ شاهیدی ئەو قسەیە هەنوونکە ئۆپوزیسونی ئیرانییەکان دژی رووخانی کۆماری ئیسلامی بە شێوەی هەرس هێنان نین، بە هۆی ئەمەیە نە وەک

میللەتانی ئیران یەک لە وان کورد بە مافی خۆی بگات، ئەوان لە دەرەکی و لە چاخی بێدەسەڵاتیدا دەمارگرژن،کاتیک دێموکراسیان خۆشدەوێ کەیفیان بە سیستمی فدراڵ دێ، لە وڵاتی ئێران دوور بێ، ئەوەیە کێشەکەی ئێمە. دەجا ئەوان دەیانهەوێ ڕژێم بە دەستی یەکێکی وەکوو مووسەوی کەڕوبی، یان دەمار گرژێکی دیکە گۆڕانکاری بە سەر دابێ، چونکە ئەوانیش بێنە سەر کار هەر ئەو بیروباوەڕەی بەڕێوە بەرانی کۆماری ئیسلامیان سەبارەت بەکورد هەیە. کە وا بوو دورشمی رووخانی کۆماری ئیسلامی هەر وەک دورشمی رۆخانی رژیمی شاهشاهی بۆ کورد چ بەرهەم و قازانجی نییە، بەداخەوە ئاسمان بۆ کورد هەر یەکە،تەنیا کاتێک نەتەوەکانی ئێران،یانی ئەوانەی غیرە فارس و پەراویز کراو، یەک لە وان کورد دەتوانن لە ئێران سەرکەون،دەبێ بە یەکیەتی و تەبایی لە سەر بەشداری لە دەسەڵاتدا فکر کۆ کەنەوە. جا هەر ناوێکی لێدەنین تەوفیر ناکات. یانی پێکهێنانی حکومەتی تەوافقی.

پرسیار : ساڵەکانی دەیەی شەست وپەنجاە،ڕۆژهەلاتی کوردستان بەرەو ڕووی شەڕێک بۆوە کە کارگەری زۆری لە سەر پیکهاتەی سیاسی وکۆمەڵایەتی دانا و ئاسەواری زۆری بەجێهێشت،ئەم شەرەو ئاکامەکانی توندووتیژی لە کوردستان کەم نەکردەوە،هۆکارەکان چ بوون؟

وەڵام : ئەگەر بمانەوێ دەم بە ڕاستی دابێنین، پێشمەرگە لە هەموو شوێنێک زراوی هێزی نیزامی و بەکرێگیراوانی برد بوو، بە کردەوە کوردستیانیان لێکرد بوونە گۆرستان. دەجا جێ بستیک لە کوردستان نییە کە شەڕی تێدا نەکرابێ،لە چیاو پیدەشت و بەرپاڵ داوێن و لوتکەو چەخت و هەڵدێرو تەلان و پانکە، لە هەموو وەرزەکانی ساڵ، ڕژێم بە هەموو چەکی قورس و سووک لە ئارپیچی، بگرە هەتا بیدەو مەترالۆز و ڕەشاش و کاتیۆشاو تیربارو تۆپباران و بومبباران شەڕی کۆپتێر بەر پا بوو، بەڵام قەت نەیتوانی بە سەر کوردستاندا زاڵ بێ، ئەوەی دەشیگرتەوە دوایی ماوەیەک لە چەنگی دەر دەهات، و شونێکی لە کوردستان نابینی کە پیشمەرگە خوێنی لێ نەرژابێ، لەمە زێدترە شەڕی چریکی لە هیچ شوێنیکی دنیا دا نەدیتراوە. بەڵام وەک ئاماژەم پێکرد پیشمەرگە هەر لە گەڵ چەکداری پاسدارو ساروالله و بەرەلله و خەشپووش زیوان وقەرەجە وگلێرە بەرەو ڕوو نەبوو، ئەو لە گەڵ هێزی خۆیی،لە گەڵ کورد بەرەو روو بوو، جگە لە جاش. ئەوان نەفەسی پێشمەرگەیان تەنگ کرد بوو، نەک لەشکرەکانی خومەینی کە لە شیرازو تاران و تەورێزو هەمەدان و قەزوین و مەشەدو کوێ و کوێ دەهاتن، هەمووش هەڵخەڵەتاو نەزان و جاهیلی مێشک شووراو ڕەجاڵەی ئاچەری بەحەشت لە مل، بە فتوای پیرەکەری جەماران خوێنی کورد حەلاڵ کرابوو. بەڵام ئەوانەی کە بەو هەموو تین و گوڕەی مێهدی دەگیشتنە کوردستان لە بەرامبەر پیشمەرگەدا وەکوو مشک کونە بەردیان پی قیسەری بوو،روڵەکانی چاو نەترسی پێشمەرگە هەر گەمەیان پێدەکردن. سەردەمێک هەموو دیهاتەکان پایگاو موڵگەی حکوومەتیان لێبوو، بەڵام کە شەو دادەهات فەرمانڕەوا هەر پیشمەرگە بوون. بەڵام ڕژێم بێ بەزە و دڕ بوو، سەرو ماڵی کوردیشی حەلاڵ و زەڵاڵ کرد بوو، دەجا چاخێک بینیان ڕژیم زۆر درندانە خەڵکی بێ تاوان لە گوندو شارەکانی بە تۆمەتی هاوکاری دەگرێ ئەشکەجە جەزرەبە دەکات، دەکوژێ و دەخاتە چاڵاوەکان و بێ سەروشوێنیان دەکات، کە ئاسەواریکی خەراپی لێدەکەوتەوە، ناچاربوون شارو دیهاتەکان بەجی بێڵن، بەرەو چیا هەڵکشێن بەڵام دیسان خۆیی ڕەگەڵ پاسدار دەکەوت و هەنگاو بە هەنگاوی شاخاویەکانی لە گەڵبوون، هەروا کوردی خۆفرۆش لە زۆرشوینی دیکە دەستی جینایەتکاریان لە قارنە، قەلاتان، دیالانچەرخ و ... کۆمەڵکوژی لە هەموو شوێن، دیاربوو، بەستینی کوردستان لە هەموو پاریزگاکان لە هەموو گوندەکان ئیعدامی بە کۆمەڵ لە مهاباد، لە سنە، لە بانە لە سەقز، بە دەستی خالخاڵی دەبیرا. بەلام هەموویان بۆ کورد خاڵخاڵی بوون،ڕژیم دەیەویست کوردستان بەو بەهانییە وێران کات، بە ئابلۆقەی شتوومەک لە لایەکی دیکە.

بەلام بۆ ڕژیم لە هیرش و کوشت و کوشتار تێر نەبوو؟ ئەوان شەڕیان بە نیعمەتی خودای دەزانی، بۆ خۆشیان نەدەکوژران، پەکیشیان بە کوڕی خەڵک نەکەوتبوو کە دەکوژرێن، کۆماری ئیسلامی ئەوە لە سەر تاسەری کوورەی عەرز شەڕی وەرێخستووە، بە دەیان و سەتان گرۆپی تروریستی لە لبنان، ئیراق، فەلەستین، سووریيە، میسر، عەرەبستان، یەمن، بەحرین ئامریکای لاتین، پیکهیناوە و چەک و پارەی هەمووشیان دەدا. چاو بەو هوموو خۆ کوژەدا بگێرە، چەند هەزار سەر بازی ئەمریکی کە لە ٢٠٠٣ لە ئیراق کوژران، زۆربەی لە ڕێگای تروریستەکانی موقتەدا سەدر کوژران، دەجا کۆماری ئیسلامی دەربەندی کوشتن و خوێن ڕژان نەبووەو نییە. ئەوی بە نیعمەتی خودای دەزانێ. ئەوان ئەمپراتووری شیعەیان گەرەکە،ڕژیمەکەیان بە هی خودای دەزانن بەو دروو دەلەسەیە ئەوی زوانی بگەرێ خوێنی حەڵالە،نەزان و جاهیل وخۆ فرۆشیش زۆرو زەوەندە،هەر بۆیە دیفاعی پێشمەرگە،توندوتیژی لە کوردستان کەم نەکردەوە،چونکە کاتێک شەڕ و خوێن ڕژان بوون بە نیعمەتی خودا، ئیدی شەڕ هەرشەڕی دێنیێ و خوێن بە خوێن دەشوورێتەوە، لە لایەکی دیکەش ڕژیم بەو هەموو حەولوو دەوڵە و پارە بڵاو کردنەوە پڕوپاگەندەی مێهدی مێشکی زۆربەی لاوەکانیشی گەندەڵ کردبوو،دەجا خاوێنکردنەوەی ئەو مێشکانە زەمان هەڵدەگرێ، ئەمن پێموایە دوایی روخانی رژیمیش دوایی نایە.

پرسیار : بە گشتی ئاکامەکانی ئەو شۆرشە پاش سێ دەیە دەسەلاتداریی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان چ بوو؟

وەڵام : ئاکام و بەرهەمی خەراپەی شورشی (١٣٥٧) ی ئێران کە ئاخوندەکانی فێڵ باز پێش هەموان خومەینی بە پڕوپاگەندەی ئیسلامی نابی محەممەدی لە دەستی

خەڵکی ئێرانیان فراند لە حیساب نایەن بەلام وەک نمونە دەکرێ بڵێین: وڵاتیان قەبزە کردو بەرەو( ١٤٠٠ ) ساڵ پاشکەوتوویی گەڕاندەوە، لە جیاتی هاوەڵا کردنەوەی بەرکازەی ئازادی و بەرو پێش بردنی ئێران و دابین کردنی داخوازیەکانی میللەتی ئێران و جێ بە جێ کردنی مافی چارەنووسی گەلانی ئێران و پێشیل کردنی خەفەقانی سەردەمی شاهەشاهی، بوون بە بەڵایەکی هەر عەزیم لە بێدادی و زوڵم و زۆریی و کوشت و کوشتار، بە تایبەت بۆ میللەت و گەلی کورد و گاڵە دانی دەروازەی ئازادی و بە دیاری هینانی سەرکوتێکی ئیستبدادی تر لە رژیمی خەلیفەکای عوسمانی دەر حەق بە کورد، ئەو جار جارڕدان و ئاوە ژوو کردنەوەی ئینقلاب بۆ سنووری وڵاتانی دیکەو شەڕ لە گەڵ ئیراق، و سەروتی ئێران لە تەخشان و پەخشان دان، بۆ گەیشتن بە ئەمپەراتووری شیعە لە سەر گۆی زەوی، و دەست لە کارو باری هاوسیەکان وەردان. گەرای تیرۆڕ و خۆ کوژی لە هەموو جیهان، کاول کردنی وڵات و ئاوەدانکردنەوەی گۆرستان تەژی کردنی زیندانەکان لە ئازادیخوازان و رۆشنبیران وتێکشاندنی چوار پیچکی رەو رەوی ئازادی و پیشکەوتوویی و قەڵەم شکاندن و لێوو هەڵدرون و چاو دەرێنان و نوخا پساندن و قانوونی سەدی بەرد و دەست پەراندن و شەلاق، بیدادکانی ئینقلاب ولە دار دادنی ئازادیخوازان وسەپاندنی نەفامی و جەهل و نەزانی و گۆڕانکاری بە سەر فەرهنگ و ئەدەب و قەدەخەو قۆرخ، هەمووش بە پێی گەزو نیوگەزی شرع و بە ناوی خواد. لە دەرەوەی وڵاتانیش جەوغە گێڕان و دەستەو گروپی خەراپکارو ترۆریست پیکهینان، بریتی لە حیزب الله، لە لبنان و فەلستین و سورییە و سەروەت سامانی خەڵکی ئیران تەخشان پەخشان پێکردن و بە دیاری هێنانی تۆقاندن لە سەرانسەری دنیا و دەست تیوردان لە کاری هەموو دەوڵەتان بە بەهانەی لایانگری لە موستەزعەفین لە بەرامبەر موستکبەرین، و ئەو جار بۆ کوردیش هیچی تێدا نەهیشتەوە، فەرمانی خەزاو قتل وعام وخەریک بوون بە توانەوە،هەنووکەش دوایی تێپەڕ بوونی(٣٢ ) ساڵ بە سەر ئەو زوڵم و زۆرییە، سیلە چاوێکی ئارامی نابیین، بەراستی کوندێکی شومی بەد بەختی و چارە رەشی بوو بۆ گەلێ کورد، پێم وایە میژووی کورد لەو رژیمە بێ بەزە و درندەتری قەت بەخۆوە نەدیوە، هەر چەند کورد زۆری بەڵاو موسیبەت بەسەردا هاتووە لە شەڕی عەرەب بگرە هەتا سەردەمی خەلیفەکانی عوسمانی و ڕەزاشا پەهلەوی، پیشتریش هێرشەکانی "چەنگیزی مغول" و "تەیموور"و "شاسمایلی سەفەوی" و"شاعەباس" و "نادرشا". لە تورکییەش لە گەڵ زەبرو زەنگی مستەفا کەمال بەرەو رووبووە لە ئیراقیش هەر مل لە بن دەستی زۆر داری وە لە تورکیەو سورییەش بە نۆرەی خۆیان لە کەللە سەری کوردان منارەیان دورست کردوون، بەلام کۆماری ئیسلامی ئێران سەر تۆپی هەموو بەلایەک و جیناتوو بێ بەزەیی بۆ نەتەوەی کورد بوو، چاوگەی خوێن رێژی و نییەت پیسی و گڵاوییە. هیرشی درندانەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان جیا لە خوێن ڕشتن و وێرانی و کاول بوونی کوردستان لە مەڕ ئالودە کردنی لاوانی کورد بە موادی موخەدەر لە بەرنامە گشتییەکانی خویندنی جەهالەت و مێشک شوشتنەوە دوورەپەریزو بێگانە کردن لە هەستی نەتەوایەتی، دەکرێ بە یەکێک لە پیلانەکانی هەرە گڵاوی کۆماری ئیسلامی پێناسە بکرێ. بەڵام لە سەر ئەوشرا ئەوهەی کە ڕژیم دەیەویست هەستی نیشتمان پەروەری لە فیکری قەتیس کات سەری وەبەدی ئەحەد کەوت و دەست بە پۆش بووە، ئێستاش نەتەوەی کورد بۆ مافی رەوای خۆی بە سەخاوەتمەندییەوە حازر بە خوین دانە. بەراستی هەر چەند لەو بارەوە بدوێین کەمە، بۆ نموونە: رژیم کە بە ناوی ئیسلام پشتیوانی لە فەلستینیەکان دەکات کە عارەبن بە میلیارد دولار سەرمایەی خەلکی ئیرانیان بۆ دەنێری، بەلام پنج میلیون عارەبی ئەهواز وەکوو کۆیلە چاو لێدەهات و لە گرتن و کوشتن وئێعدامیان غافل نییە، هەر وا لە بلوچەکان هەتا ئێستا بە هەزارانی لێکوشتوون و تیرە باران کردون و هەتا ئیجازەی نوێژ کردنیان پێنادەن. ئەوە چ جۆرە ئیسلامێکە. ئینقلابی ئیران لە١٣٥٧ ئەمەبوو بەرهەمی. ئەوانە وەک لۆچێک لە خەروار ئاکامی کۆماری ئیسلامی ئێرانن.

پرسیار : نەزمی نویی جیهانی هاتە ئاراوە،چینی نوخبەی شاری دروست بوو،شارەکان گەشەی خێرایان بەخۆوەبینی،گۆڕانکاریەکی کۆمەلایەتی وسیاسی لەئاست ئیران داهاتبووئاراوەو...چەمگەلێک وەک ناسیونالیزمی مەدەنی وقەومگەرایی و...فەزای ڕووناکبیری تەند بوو،جەنابتان ئەوبارودۆخە چۆن لێکدەدەنەوە؟

وەڵام : ئەمە شتێکی سروشتی بوو، کاتیک جیهان بە تێکرایی بە پێی تیکنۆلوژی نوێ گۆڕانکاری بە سەردا هاتوو بە یۆرغەو چوار ناڵ بەرەو پێکشەوتوویی هەنگاو هەڵدینێ ئولکەی نوێخوازیەکی دیکە دست پێدەکات، کوردستانیش ناتوانێ لە بازنەی خۆیدا لە گێژاوی مەنگ دا قەتیس بمێنێتەو ئەویش دەبێ بە پێی هەلوومەرجی ڕەخساو جینگلێک لە خۆی بدا، هەر نەبێ لە هێلانەکەی دا وەجمووجول بکەوێ، لە فەزای ئەوها کراوە دا یانی تێکدانی شێلەگەی پێشگیری لە خۆنە دانی بەر هەمی زانیاری و ئیمکانی گەشە کردنی فەرهەنگ و ئەدب، دیاردەی نەخبەیە. بەلام فەزای قەومگرایی دیسان سەر چاوی پیلانی نەیاران و بە پاشگر دانانی گەلی کوردە، دەنا ئەمە میللی گراییە. چونکە لە ولاتێکی فرە نەتەوە ناکرێ نەتەوەیەک بە میللەت و ئەوانی تر بە قەوم ناو بەرین. بەڵام لە سەر یەک باروو دوخێکی لە بارە بۆ وەدست هێنانی مافی نەتەوەیی، ئەگەر گرژی و ئالۆزی بە فیتی داگیرکەرانی کوردستان لە نێوان رۆناکبیرانی سەر بە بیری نەتەوەیی، گەرای لێ دانەڕێژێ، بەڵکوو بتوانێ لە ڕێگایی دیالووک شکەستەکانی سەردەمی چەکداری قەرەبۆ کاتەوە، بەو مەرجە کە بەرەیەکی یەکییەتی و پتەو ئەوها تیکسرمێنێ کە ڕێگا لە خۆ تێهەڵقوتان هەڵەپەست کردنی جرو جانەوەری نەیاری گەل بە کردەوە بەرە بەست بکات. ئەوە پێویستی بە لێبوردن و چاوپۆشی هەیە دەرحەق بەهەڵەکانی سیاسی نێوان خۆیان،دەنا دوور نییە ئەو کەڕەتیش بخیچێین. ئەو جار نەک هەر ئەوندە،لە زۆر بارەو شێوەی رۆناکبیری دیارە، دەتوانێ کارتێکەری هەبێ، وەک رونکردنەوەی مەسەلەی کورد،لە بارەی حەقانییەتی کورد وەک میللەتێک چاوی لێبکرێ کە سەر زەمین و خاکی خۆی هەیە،زوانی هاوبەشی خۆی هەیە،کلتۆری خۆی هەیە، ئیحساس و وابەستەگی بە بوونی خۆی

هەیە تكاملی میژوویی هەیە،ژیربنایی جوغرافیایی خۆی هەیە،بۆ سەلماندنی،لە مەڕ دابەشكردنی سەر زەمینی كورد بە سەر ئەو چوار داگیركەرانەدا زمێنەی رخساو، وە دەست بێنێ بۆ گرێدانەوەی هێلی جوغرافیایی و حەول وتەقەلا بكات،چونكە ئیستا لە سەدەی بیست و یەک هەموو شت تەوفیری كردوە، مافی نەتەوەكان ئیدی ناڵیم زۆر وەپشت گوێ ناكەون بەڵام ناچێتە ئارشیفی بایگانی و بە هۆی تیكنۆلۆژیای سەردەم دەكرێ كاری بۆ بكرێ، هەر نەبێ لە مەڕ فیدراڵی ئەو بەشە كوردستانانە. ئەمانە هەموو ئەركی سەرشانی نووسەرو زانا و روناكبیری كوردە،هەر وا بڵاو كردنەوەی دەنگوو باسی ئەو زوڵم و زۆریە بۆ ناو نەتەوەیەكگرتووەكان(سازمان ملل) لەو پارچانە،لە قاودانی كورد كوژی لە ئیران و توركییە وسورییە،هێنانە گۆڕی بەرە بەستی زوان و پێشگیری لە پەرە پیدانی فەرهەنەگ و خوێندن بە كوردی، و دیان كاری باشترو هەنگاوی هەراو هەڵگرتن بەرەو ئاكامی بەشتر.

پرسیار : گۆتارک كە باڵی بە سەر فەزای سیاسی و ڕوناكبیری كوردستاندا لە دەیەی حەفتادا كیشا بوو،گوتاری خەباتی مەدەنی و بزوتنەوەی كۆمەڵایەتیەكانی كورد لە چوار چیوەی ژنان،خویدكاران،كرێكاران و...گۆتاری كۆمەڵگای مەدەنی خۆی لە هەناوی خویندكاری كورد هاتە ئاراوەو دەیان بەلاڤۆک و بڵاو كراوەی خوێندكار هاتە ئاراوە، پاشان رەوتی فراكسیونی كورد لە مەجلیسی ئیران دروست بوو و ڕیكخراوەی مافی مروفی كوردستان وئی جی ئۆكان دامەزران، بەرەی یەكگرتووی كورد پێک هات،ئەم هەولانە بە گشتی بەرەو كوێ رویشت؟ دەرەنجامی شكەستەكان چ بوون؟

وەڵام : ئەم خەباتە مەدەنییە لە هەڵێنجانی سیاسەتی كۆماری ئیسلامی بوو. چونكە ڕژیم لە كاتێک دا كە حیزب و سازمانەكانی یەک لە دوای یەک هەڵدە وەشاندەوە و بە دەیان تۆمەت لێدان، دەیەویست لە بەر چاوی خەڵكی ئێران بە تایبەت كوردستان بێ ئیحتوباریان بكات، لە لایەكی دیكە بە هەزار پڕو پاگەندە مافی هەموو لایەكی لە ڕیگای دیالووک بە چەسپاو قانوونی دەزانی،لە حاڵێكدا كە دەیان لەشكری بۆ بەرەنگاری حیز ب و سازمانەكان كورد دەنارده كوردستان، هەزاران جینایەتی لە شارو گوندەكان دەخوڵقاند و ماركی نۆكەری بە دەرەكی لێدەدا، بە دەیان پرو پاگەندە چاكسازی و هیور بوونەوە لە شارەكان جاڕ دەدا. دەجا زۆربە كەس پێی وابوو ڕژیم لە گەل دیالووک و دانیشتن دایە، بەلام دژی كاری چەكدارییە، هەتا ئەو كاتیش كە هەئیەتی دەوڵەت بە هۆی پیلان لە كوردستان لە ڕایلكەو هاتووچۆ دابوون، هەر فورمەلیتە و كات كوژی بوو. بەڵام لە تەبلیغاتی پێچەوانە ڕانەدەوەستا، هەموو مەبەستیش ئەمە بوو بە فشاری خەڵک هێزی چەكدار بارگەو بنەی باركات، چونكە ئەو كات دەست درێژ كردن بۆ سەر ڕۆناكبیران و گالە دانی بنكەكانیان بە پەڵپ و بێنوی دست تیكەڵ لە گەل ئەمپرالیسم سانایی بوو. بە داخەوە لەو پیلانەش سەركەوت، ئیدی دەوڵەت ئەو جار لە گەڵ خەڵک بەرەو روو نەبوو، دوایی گرێنەی لە دەرچوونی وانیش گرت و ئەو كەرەت ئەو هەی مابوو ڕووناكبیر بوو، كە وایلێهات ئەو چاوگانەشی بەستن، یان بەرێوە بەرانی لە سیداردان و گۆڤارە كانی هەموو داخستن، ئەوهەی بە پێی مادەی ١٥ قانونی ئەساسی ئازاد كرابوون هەلی وەشاندنەوە، دیارە هەر لە سەرەتا هەموو كارە كانی كۆماری ئیسلامی دوو لایانە بوونە، یانی ئەگەر بنكەیەكی رووناكبیری كردبوایەوە دوو سی خۆفرۆشی تێدا جێ دەكردەوە، ئەگەر نەیتوانی بوایە، بنكەیەكی دیكەشی بۆ وان دەكردەوە، هەتا ئاگادری بنەڕەتی هەموو شتێک بێ. بەلام لە مەڕ ڕەوتی فراكسیونی كورد لە مەجلیسی ئیران،ڕێكخراوەی مافی مرۆڤی كوردستانی جی ئۆكان، ئەمە چەشنی دروست كردنی پیشمەرگەی موسڵمان لە شوێن حیزب و سازمانەكان بوو، كە بۆ بە هەڵە بردنی زەینی جەماوەری كورد و لارێ كردنیان و متمانە بە ڕژیم بوو،لایەكی دیكەش ناسینی ئەو مۆرانەی بە هێز وەک لاینگری لە مافی نەتەوەیی، وەک بنیمان دوایی هەر یەک لەوانەی بە شیویەک گرت و بە سێدارە ئەسپارد و هیندیكیش وەک "كەبوود مەند" هەنووكەش هەر لە زیندانن، دەنا چلۆن كۆماری ئیسلامی ئیجازە دەدا (ڕێكخراوەی مافی مرۆڤی كوردستان) و (فراكسیونی كوردی) لە پارلمای ئێران دانیشن، لە كوێرا مەعلوومە لەوانە بەشێک هەر هاو دەستی كۆماری ئیسلامی بەرەی ئیستخبارات نەبن. بە ئەنقەست تێكەڵ بە روناكبیران كرابن، مەگین كوردی خائین و خۆفۆش كەمن. باوەڕ كردن بە كۆماری ئیسلامی كارێكی ناشیانە و دوور لە زانین و ئاقلی سەلیمە. ڕژیمیک كە هەر كورد بە كافر دەزانێ، هەتا حازر نییە لە دەرەوەی وڵاتەكەی خۆی لە (كەمپ) لە گەل سەرۆكانی كورد دابنیشێ، چۆن دەكرێ لە فراكسیۆنی مەجلیس كورسیلەیان بۆ تەرخان بكات. دەجا ئەم هەوڵانە هەر چەند پیرۆزن بەلام لە رژیمێكی ئەو ها وحشی و دڕندە ناتوانێ كار ساز بیت و ئەمە گومانی تیدا نییە، نەک مافی گەلی كورد هەتا تاكی كورد بە مافی ئاسایی خۆی ناگات. بەڵام لە سەر ئەوش را تێكۆشانی مەدەنی لە چوار چیوەی گوتاری (ژنان وخوێندكاران و كرێكاران وهتد...)نیشانەی ڕۆچوون دەبنەمای تێگەێن و قۆستنەوەی هەلوو مەرجەكانە،هەر چەند لە رژیمەكی ئەوها گەندەڵی وەک كۆماری ئیسلامی ئەمانە ناتوانن كارتێكەربن بەلام نەفسی كارەكە لە دنیای پێشكەوتوو پیرۆزە،بەلام دەبێ بە ئیحتیاتەوە بەرەو روویبن،چونكە ڕژیم چ پەكی بە خوێن ڕژان نەكەوتووە،دەبێ لە لایەكی دیكەش ئیقرار بەمە بكەین ودەم بەمە دابینین كە ئیرانی لە بنەرت را بەو تاریفەی مێژوو لیاندەكات ئەوها نین، بەڵكوو هەلپەرست و مقام پەرست و گورگ سیفەتن،ئەگەر وا نەبوایە كوا رژیمیكی ئەوها دڕندە دەیتوانی ٣٢ ساڵ لە سەر دەسەڵات بێمینێ،بەلام ئەوشمان لە بیرنەچیت هیچ كەس وەک ئاخوند موسڵمانی نەناسیوە،هەر ئەوان دەزانن چن!! ئەمن دەمەویست زۆر شت لە سەر شێعە بنووسم بەلام كە سوننەی ئەفغانم بینی ئیدی گوتم حاشا!

**پرسیار : بزوتنەوەی سەوز لە ئیران قۆناخێکی دیکە بوو لە ئێران،ڕەوتی سیاسی و باڵەکانی ڕژیمی بە ئاقارێکی دیکەدا برد،کورد بێدەنگی نواند، ئایا بێدەنگی مەسلەحەتی کورد بوو یان بە پێچەوانە؟ زۆر کەس پێیان وایە، بزوتنەوەی سەوز دواین هەولەکانی ریفۆرمخوازان بوو، ئەم بارودۆخە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**وەڵام :** "چاکسازیخوازان" یەکەمین باڵی بە هێز لە ئەو دوو باڵە بوون کە دژی "شاە" گەرای ئینقلابیان دارشت و کەسایەتی ئەو باڵە لە سەرەتای هەڵگەڕانەوە دژی "محەممەمەد ڕەزاشا" لە گەڵ "ئایەتواللە خومەینی" بوون، دەجا ئەو دەستەیە پێکەوە ئەو کرەیان بە شانەکرت و خستیانە سەر نووکی تەشێ و پێکەوە ماشەرکانیان هەڵاوەسێن و گلۆڵەکەیان هەڵۆێزا، سەر ئەنجام وێکرا هاویشتیانە سەردار تەون و پێکەوە لە تەونیان کردەوە. کە وابوو لە تەواوی کەلێنو قوژبن بگرە گشت بنکەکانی هەڵسوڕان لە ڕێبەری بگرە هاتا فەرمانگەکانی ئاسایی حزوریان بووە، نووکەش هەیە، دەجا دەتوانین بڵێین ڕێژیمیان کلۆر کردوە. بەڵام ڕێبەرانی بزووتنەوە بریتی لە "موسەوی" و "کەڕووبی "هەودای ئەو قوماشەن! کە وابوو ئەوانە هیچ کامیان بۆ گۆڕانی ولایت فقیە نەهاتوونەتە ئولکە، بەڵکوو مشتو مڕیان لە سەر دابەشکردنی دەسەڵات بووە! ئێستاش هەر بەو ربەیە دەپێونو دەیانهەوێ بە هۆی بڕیوانچی بگەڕێنەوە، بەڵام باڵی دیکە هیشتا حازر بە وەرگرتنەوەیان نەبووە! بەلام بێگومان داوای خەڵکانی ئێران دوور لە چوار چیوەی بەرتەسک و بۆ چوونی ئەو دوو ڕیبەرە، یانی ڕوخانی کۆماری ئیسلامێیە! ئیرانییەکان دەیانهەوێ ڕیژیمی مەلاکان نەمێنێ بەلام لە کوێرا دەست پێبکەنو چلون بوێرن لە ناو ئەو هەموو زەبرو زەنگو خەفەقانو زبان هەڵدروونو قەڵم شکاندنو گرتنو کوشتنو لە سێدارەدانو ئەو هەموو چاوو ڕاوە پڕ مەترسییە کە لە سێبەری خۆشیان دەرەونەوە بەرەو ڕوو بن، پێویست بە بەرنامەیەکی ئیکجار ڕێک وپێکو بانگەوازیەکی بەرفرەوان لە هەموو دانیشتوانی ئێرانە!

ئەمن پێموایە هەتا تاکە تاکی خەڵکی ئێران تێنەگەن کە هیچ ڕێژێمک ناتوانێ لە ئێران سەر کەوتنی ئیکجارەکەی بە دەست بێنێ مەگین بە گەلە کۆیی هەموو پێکهاتەکان، ئەویش قەت مویەسەرنابێ مەگین بە دابین کردنی مافی هەموو میللەتەکانی ئێران، ئەویش قەت جلی کردەوە لە بەرناکات مەگەین لە ئێرانێکی دێموکراسی، و ئەویش هیچ گا بە ئاوات ناگات مەگەین لە ئیرانێکی فیدڕاڵ: ئەویش کاتیک وەڕاست دەگەڕێ کە خەڵکەکەی ڕادەی تێگەیشتنیان بچیتە سەرو دەوڵەتانی پێشکەوتەی دنیا وەک نمونە بیننەوە، دەنا ئەگەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش بڕوخێ یکی دیکە شوێنی دەگرێتەوە، چ مەعلوم لە وەش چەند قات خەرابتر نەبێت! چونکە ڕووخانی ڕیژیمی "شا" ئەو ئازموونەی وەدست داوین دەجا پیویست نییە دووپات بکرێتەوە.

هەر لە ئێستاوە ئەو خەڵکە ڕەجاڵەیە ئەوە لە موسەویان بووت سازداوە(حوسین میرحوسێن) دەجا سوریش دەزانن کە ئەویش کۆپی ئەحمەدنژادە، هەر ئەو کابرایە بوو هشت سال سەرۆک وەزیران بوو، یان "کەڕوبی "کە لە ڕۆژی چاندنی بنەتۆی نارەزایەتی لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە پاڵ خومەینی بوو، دوو دەورە رئیسی مەجلیس بوو هەروا بەرپرسی بنیادی شەهیدان بوو. لە مەجلیسی خیبرەگان بووە، چ تەفاوەتی لە گەڵ وی هەیە، ئاخو ئەو هەموو پەت پەتێنیان پێکردن ئابرو حەیایان بردن،دیسان هەر داوایان قانون اساسی و "ولایت فقیە" نییە!! کە وا بوو خەڵکی ئێران بە بلوغ نەگەییون هیندیکیش ئەوەندە بەرچاو تەنگ و دەمارگرژن حازرن دەست لە هەموو شت بشۆنەوە بەلام ناوی فیدڕاڵ نەبیسن!! ئەو جار ئەو دووە هەر دوو دەستیان هەتا ئانیشک بە خوێنی گەلانی ئیران سوورە،و هەتا تاقە جارێکی لە سەردەمی پلەو پایە کە شەریکی جینایەتەکانی رژیم بوون ڕەخنەیان نەگرت، دەجا پشت بە وانە بەستن لە سەر ئەوان حیساب کردن ئینتهای نەزانییە بۆ کورد، ئەو جار هەتا پەلاتفورمێکی مافی نەتەوەکانیان هەلنەگرت هەر قانوونی ئیران و قسەکانی خومەینییان بە ئازادی دەزانین، دەجا ئەگەر ئەوانە ببانە رئیس جمهور چ دەقەوما، چ تەوفیریان لە گەڵ ئەحمەد نیژاد هەیە هەنووکەش لە زیندانی ماڵەکانیان هەر قانوون ئەساسی رژیمیان قەبوولە. ئەو جار رئیس جمهوری بە پیی قانوون ئەساسی چەک کراوە هیچی بە دەست نییە،ئێستا خەریکەن بە یەکجارەکی سەرکۆمار هەڵگرن.

دەجا بە بۆچوونی من بزوتنەوەی سەوز ئەویش بە دورشمی (دەنگی من چی لێهات) هیچ ناوەرۆکێکی پتەوی بۆ هیوا لە سەر هەڵچنین هەر نەبێ بو کورد تیدا نەبوو نییە و بیروبۆچوونی ئەو حیزب و سازمانانەی کە لە حاست وی بێ دەنگیان نواند بە باش و سیاسەتێکی ئەریتی دەزانم.

**پرسیار : ساڵی ( ٢٠١١ ) بۆ دنیای عەرەب،بەهاری عەرەبی بەدواوەبوو زۆر شۆرش وبزوتنەوە سەری هەڵدا، بۆچی بۆکورد بەمێژینەی خەباتی سیاسییەوە لەم ئاڵەگۆرە وەداکەوت؟**

**وەڵام :** مەسەلەی کورد لە گەڵ دانیشتوانی ولاتانی عەرەب تەفیری زۆرە، چونکە ئاوان حکوومەتی خۆیان هەیە،وەک فارسەکانی ئێران، دەجا ئەوان کاتێک دەوڵەتەکانیان سەرە رۆ دەبن داخوازیەکانیان چاکسازییە، نەک مافی نەتەوەیی. دەجا ئەمە ناتوانێ لە بەرنامەی کورد داجێی بۆ بکرێتەوە، بۆ کورد مەرج نییە کێ دێتە سەرکار، مەرج ئەوەیە ئەوەی دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێ چی لەمێشک دایە چلۆن مانا لە دێموکراسی دەداتەوە، چەندە هەست بە مافی نەتەوەکانی ئیران دەکات، ئاخۆ لە مێشکی وی ئەمە گوراوە کە وەک وڵاتانی پیشکەوتوو دەم بە مافی گەلانی ئیران دابهینێ یان نە؟. ئێستاش مەعلووم بووە لە حکوومەتێکی نادیموکراسی داوای مافی

چارە نووس کەلکی نییە، هەتا کۆی دەسەڵات لە ناوەندی بێت و کورد لە دەسەڵات بە کردەوە بەشدار نەبێ هەروا بێ ماف دەمێنێتەوە. ئەو جار ئەو داخوازیەش کاتێک جلی کردەوە لە بەر دەکات، کە ئێران فیدراڵ بێت. چونکە گۆڕانی مورەکان مەسەلە نییە، ئەو جار بە بۆچوونی من سەرۆکی ئێران چ کەڕاواتی لە مل بێ و کۆت و شاڵوار و چ مەندیل و عەبا، بۆ کورد مەسەلە نییە،بەڵکوو حکومەتیک کە جلەۆی دەسەڵات بە دەست دەگرێ نابێ بە هەڵسەنگانی زۆرینە پێناسە بکرێ. بەڵکوو مافی کورد هەر لە دەڵەتێکی فیدارڵ دەتوانێ جلی کردەوە لە بەرکات کە دەسەڵات لە ناو پارێزگاکاندا دابەش بکرێن،دەجا با سەر کۆماری ئێران خاوەنی عەباو مەندیل بێ. ئەوەم وەک نموونە هێنایەوە. چونکە هەموو تاکی فارس بە گشتی خاوەنی یەک فیکرو کری قوماشەکەن، کەوا بوو تەنیا قانوون وسیستم هۆکاری مسوگەری ئازادی و دابین کردنی مافی گەلانی ئێران پێکدێنن، نەک جل و بەرگ و مووره گۆڕین. بەڵام لە لایەکی دیکەش ئەو فیکرە خەراپ نییە، ئەوەیش بە یەکییەتی دەکرێ کە لە ڕێگای مەدەنی بە مانگرتن،لە شارو گوندەکان داوای بەشداری لە دەسەڵات بکرێ،دیارە ئەو حکومەتە ئەوەش هەڵناگرێ،چونکە بە راستی درندەیە و خۆی بەرپرس نازانی و ڕژیمێکی الیگاریشی یە،شێوە دیکتاتۆر،ئەویش دیکتاتۆرێکی بێ بەزەو پیس و چەوت و شەرخوازو خوێن ڕێژ،لە لایەکی دیکە کورد بە کافر دەزانێ و پێی خەزایە. لەو ٣٢ساڵەشدا زۆری دەستەو پەستەیی بەکرێگیراو خۆفرۆش دەستەمۆ کردوە،بۆیە بە تەنیا کورد دەرەوستی نایە، بەلام ئەگەر بە گەلە کۆ بێ، باوەرم بە تێشکانی هەیە،ئەمما متمانە هەڵچنین لە سەر ئێرانییەکان جێگای بەقا نییە،وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد بە داخەوە لە حاست کورد زانا ونەزان وەک یەک حیسابیان دەبێ لە سەر بکرێ،هەر چەند بە پارێز بۆچوون زەرەری نییە،ئێستا کە دەنگ و باسی هیرشی نیزامی بۆ سەر ئێران هەیە بزانە چ دەکەن" بی بی سی " لە هەموان بە بڕشترە کە بە تبلیغات پێشگری هیزی نیزامی دەرەکی بۆ سەر ئیران بن، ئەوەش تەنیا بە هۆی مافی گەلانی ئیران یەک لە وان کوردە.

پرسیار : ئەگەر حافیزەی مێژوویی نەوەی نوێ و نەوەکانی بەر لە ئیمە لە بەر چاو بگرێن، بە گوتاری بە هێزی ناسیۆنالیستی نەخشێندراو،لەم ڕەوانگەوە حیزبەکان یەکەمین پێگەی ئەو بیرگە مێژووییەن بۆ کۆمەڵگا،بە گشتی جیهانبینی و روانگەی حیزبەکان لە هەمبەر داهاتووی پرسی کورد چۆن لێکدەدەنەوە؟ ئایا کار کردنی خۆیان لە دەست داوە،یان حیزب و ڕێکخراوەکان هەڵگری پرسی کوردن؟

وەڵام : دەجاخۆ سازمانەکان و حیزبەکان بۆ خۆیان هەڵگری ئەو گۆتاری نەبوونە کە چلۆن نەخشیندراوە، چونکە مەفهومی ناسیۆنالیستی بریتی لە ئاگاداری لە بارەی وەفاداری بە وڵات و نەتەوە،پێکهێنانی حکوومەتێکی گەلی،شیوەی پیکەوە حەوانەوە، جەخت لە سەر ئارمانێکی پتەو بۆ ژیان و ئاشتی و گەشە کردنی فەرهەنگ و ئەدەب و مافی نەتەوەیی... وئەوان چ قسوورەکیان نەکردوە چ خەیانەتیان لە سەر سوور نییە ،بە پێی هەلوومەرجیش هەر ئەوندەیان لە دست هاتووە کردویانە. بەلام لە عەینی حاڵێشدا بێ کەموو کورێش نین. بەڵام ئاخۆ بۆ داهاتوو هەڵگری پرسی کوردن یان نا؟ ئەگەر باخەوانەکانی ئەو بەستێنە، پسپۆر بن، دەکرێ بە رابردوویان دا بچنەوە، وەک باخەوانێکی لێهاتوو گەشە بە باخچەکەیان بدەن و بە چاو خشاندنێک بە رابردوو بە هەڵپەر تاوتنی لکوو پۆپی ناحەز، گۆڕانکاریەکی قوڵ و پتەو بێنێنەکایە و لە گەڵ هاڤاڵانیان بە شیوەی مشار نەک تەور، پوستەکانی بە کارزان و لیهاتوویی دابەشکەن و لە سەر لکی خۆایان چەقەرە بدەنەوە، جارێکی تر لکووپۆپ تازەو نوێ دەر بکەنەوەو ببنەوە سیبەری گەلەکەیان خەڵکی کورد شانازیان پێبکات. ئەگەر هەر وا بەتاک و تەڕاو لووت لێتکتر هەڵەنگاوتن وشیوە بەربەرەکانی بە خۆوە گرتن و دەستە و پەستەی دژی یەکتر پیکهێنان و لە جیاتی لە فیکری پتەو بوونی خۆیان دابن، خەریکی رووخانی خمی داڕێژراوی بنکەی سیاسی خۆیان بن،دەبێ پێی بگوترێ دوژمن لەخۆ داتاشین و نەیار لە بیر بردنەوە،دیارە ئەو فیکرە تەنیا کاتێک لوزەو دەبەستی کە هەستی کەسینی بە سەر هەست و سۆزی نیشتمان پەروریدا زاڵ بێت،دەجا کە وای لێهات بێگومان سەلاحیەتی خۆیان لە دەست دەدەن، بەڵام ئەمن پێم وانییە وای بە سەر بێت،هیوادارم کە ئەگەر لەو قورە شێلە دەرچن،بەو ئازموونانەی کە بە دەستیان هێناوە و تێیدا خیبرە بوونە، بتوانن لە بەستێنی تەخت بەرەو رزگای هەنگاوی بە وەچ هەڵگرن.

پرسیار : مشارکت سیاسی یان بەواتایەکی دی،بەشداری ژنان لە پرۆسەی سیاسی وکۆمەلایەتییەکاندا ولەنێوبزوتنەوەی ڕوواکبیریدا چۆنەو ئایا بزوتنەوەی ژنانی کورد تایبەتمەندی خۆی هەیە؟

وەڵام : بەڕاستی یاسای شەرعی لە مەڕ لاتەریکی ژنان وهەڵبرانیان لە پیاوان بە درێژایی مێژوو دەورەکی کاریگەری هەبووە، دەنا ژن نیوەی هەر کۆمەڵ و وڵاتێکن. بە داخەوە بەشێکی زۆریش لە ژنان بە هۆی کار تێکەری شەرع حەز دەکەن خۆیان ئەوها لاتەریک و هەڵبراو لە پیاوان پێناسە بکەن، ئەوش دیسان کار تێکەری دەگەڕێتەوە سەر شەرع ونەقڵ و نەزیلەی ئیسلام و چیرۆکی ١٤٠٠سال لەمەو بەر، بێ ئەوەی بە داخەوە زانایانی ئائیینی تەوفیر لە نێوان ئێستاو ئەو کاتی سەردەمی جەهالەت دابنێن، خەرێکی بە تەماڵ هەڵنانی ئەو هەلوومەرجی ١٤٠٠سال پێشن. یەکیک لە وانە: دوو کیژ بە کورێک لە بەشەماڵ، دووەم: دوو ژن بە پیاوەک لە شاهید دان. دەجا هەتا ئەو زنجیرە بە یەکچەلی قڵفەکانی نەپسێندرێن لە کۆمەڵگاەدا بە مافی خۆیا ناگەن. بەلام دیسان شوکر لە ڕۆژهەلاتی ناوین، کە ژن وەکوو کۆیلە بە حیساب

دیت لە کوردستان هێندیک مافی پێ بخشراوە،بیگومان تێکەڵ بوونی ژنان لە پرۆسەی سیاسی و کۆمەلایەتی تایبەتمەندی خۆی هەیە و جیگای زێز لێگرتنە. پێویستە رۆناکبیران زۆرتر ئاوڕ لەو مەسەلە بدەنەوە و نهینیەکان بە دیارە هەڵنێن و پشت پردەکان زەقتر بکەنەوە، دەقاو دەق بۆ باسەکان بچن نەک بە پارێز،چونکە کاتی ئەوە هاتووە لە زۆر مەبەست لێفە لە سەرهەتیوان هەڵبدرێتەوە،مافخۆری بە هەر شیوەیەک بە ناحەز پێناسە بکرێ.

**پرسیار :** یەکێک لەومەسەلە گرینگانە کە ئیستا سەری هەڵداوە،فەزای مەجازی و رۆڵی راگەیاندنی کوردییە،گوتاری کۆمەلگای مەدەنی و بزوتنەوەی کورد لەم بەستێنەدا بەرەو چ ئاقاریک دەروات؟

**وەڵام :** وەک پێشدا ئاماژەمان بە بزووتنەوەی کورد کردوە هەر چەندی لە سەری بڕۆێن هەڵدەگرێ،ڕاگەیاندنیش هەر بەو پییە،بەڵام چونکە بەری هاوەڵا نییە ناکرێ بە تەعبیر خەتی بۆ بکێشین ئاخۆ ئاقاری بەرەو چ لایەک وکوێ دەڕوات و پرسی نێوان دەوڵەت و سیستمە سیاسیەکانیش لە سێرەی چاو نەدیوو، ونن، ئەگەر مەبەست کۆماری ئیسلامی بێ، ناچارین بەرە لە سەر هەتیوان هەڵدێنەوەو لێکدانەوکەن بەرینەوە گۆرەپانی ئەو کاتی لە چیا را بەو هەموو ڕێزو ئیعتووبارو شەرەف بەخشین بە هەست و سۆزی نەتەوایەتی کەمپ نشینیمان هەڵبژارد، یان کردمانە بەشێک لە سیاسەت. بەڵام کەمپ نشینی ئەگەر تەسلیم بوون وخۆ بە دەستەوەدانیش نەبێ هەر نەبێ دەست کێشانەوە لە بزووتنەوەی چەکداری و گوێ هەڵخستن لە قەوانی دیالووکە. دیارە ئەمە خەراپ نییە بەلام دیالووک لە گەڵ کێ! مەگین لە گەڵ ئۆپۆزسیونی ئیرانییەکان و شەرە چەقەی سکۆلار و فیدراڵ. دەنا کوا کۆماری عەپەلۆری بە هێزی ئێران کە ئێستا دەیان پارێزگاردی خۆ ماڵی لە کوردەکان بە دەروازە وان مەختە گرتووە، دێ لە گەڵ کەمپ نشینێکی دەستە وەستانی بێ دەسەڵاتی مووچە خۆری پیری پیاوی میری وتوویژ دەکات، ئاخۆ ئەمە لە محالات نییە؟؟!

**پرسیار :** ئەگەر بمانەوێ لەچ ەند خاڵدا خەسارەناسی یان پاتۆلۆژی بزووتنەوەی سیاسی بکەین، ئەم خاڵانە کامانەن و زۆرتر چ بەستێنێک دەگرێتەوە کە بزووتنەوەی کوردی لاواز یان بە هیز بووە؟

**وەڵام :** بە بۆچوونی من لە بزاڤی سیاسی و یان پاتولۆژی پێویستە سەرۆکانی کورد زۆرتر لە سەر ئەو خاڵانە وردو تیژ بین بن و بدوێن کە کورد بەرەو هەواری سەر کەوتن دەبات، ئەویش بێگومان پێکهێنانی بەرەیەکی پتەوی کوردییە، دەجا پێویستە هەر لێرە دوایی بەو گرژیانە بێنن، کە هۆکاری لێک دوور بوون و تەفرەقەی لێ کەوتۆتەوە، بەڵکوو ئەو بۆشایانە بە موحیبەت و چاو پۆشی لێکتر پڕ کەینەوە، ئیدی پێویست نەبێ دوایی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و گەڕانەوە بۆ وڵات جارێکی تر لە ئێران لە جیاتی لە فیکری دارژانی پلانی نەتەوەییو مافی چارە نووس دابین، کاتی خۆمان بە کێشەو گرژی نێوان خۆمان و شتی لاوەکی بگرین،چونکە ئیرانییەکان لە مێژە هیوایان لە سەر ناکۆکی و ناتەبایی ئێمە هەڵچنیوە، با ئەو خەونەیان بۆ وەدی نەهێنین و بەرگری لە خیچانی خۆمان بکەین، بێگومان ئەگەر ئێمە بە یەک فیکرو بۆچوون بۆ مافی چارە نووس هەوڵبدێن، چاوپۆشی لە ئیدەی جیاواز لە ناوە خۆ، لە بەرامبەر نەیاردا بە یەک هەڵویست بچینە گۆرەپانی دانیشتنو دیالووک سەرکەوتن بە دەست دێنین. بەڵام لە مەڕ هەڵسەگان ئێستا، دەتوانم بە ڕاشکاوی بڵێم: بە بۆچوونی من بزووتنەوەی کوردی لە حاڵیحازر دا لە ئینتهای کزو لاوزی خۆی دایە. ولە مەڕ کاری رووناکبیرانی کورد هەنووکە قورس ترین ئەرکی سەر شانیان ڕاستگویی و لادان لە خوارە پیچەو ئەنگوست لە سەر خاڵەکانی ئەریتیە.

**بیوگرافی:**

ئەمن (حامید ڕەشیدی زەرزا) لە ساڵی ١٣١٩ای هەتاوی بەرامبەری ١٩٤١ای زایینی لە گوندی "گورگاوە ناوچەی شنۆ لە دایک بوومە. ساڵی ١٩٦١ زایینی یانی سە ساڵ دوایی کودتای ژنەراڵ عەبدولکەریم قاسم لە لەگەڵ هێندیک لە هاڤاڵان چوومە کوردستانی باشوور کە ئەو کات بە شۆرشی ئەیلول ناودیر بوو. دوایی، سیاسەتی بارزانی بە هۆی یارمەتی ئێران سەبارەت بە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گۆڕانکاری بە سەرداهات، چوینە بارزان، لە ڕەحمەتی شێخ ئەحمەدی بارزانی نامەمان وەرگرت کە لە تەسلیم کردەوەمان دست رابگیرێ، بەڵام بە داخەوە چونکە وەزعەکە نائاسایی بوو بە ناچاری گەڕاێنەوە ئێران، دوایی سەردەمێک لە چیامان تێپیەڕکرد، پاشان لە سەر قسەی دوو سەرۆک عەشیرە، محەمەدئەمین حاتەمی چێچۆ و ئەحمەدبەگی نیعمەتی کە هەر دووک لە لای رژیم خۆشەویست و جاشی ژاندارمەری بوون، خۆمان بە سەر هەنگ فەراست فەرماندەری کاتی ژاندارمەری تەسلیم کرد، کە لە دادگای نیزامی ورمێ ئەمن بە ئەبەد کوڕەکانیش لە حەوت تا سی ساڵ حوکمی زینادنمان بەسەردا سەپاندرا، دوایی لە ساڵی ١٣٤٦ای هەتاوی بە دەرجەیەک عافو لە لایان شابانو فەرح پەهلەوی حوکمی ئەبەدم بوو بە ١٢ ساڵ دوایی دوازدەساڵ لە ١٣٥٤ ئازاد بووم لە ١٣٥٦اگیرامەوە. جاریکی دیکە داوای ئیعدامم بۆ کرا بەلام ڕژیم روخا ئازاد بووم. لە ساڵی ١٣٦٠ای هەتاوی لە لایان دادگای ئینقلابی کۆماری ئیسلامی بە بەرپرسایەتی

ئایەتوالله ئیمانی بە ناوی ئەندام بوون لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، مەحکووم بە ئیعدام بووم، ئەمما بۆی دەرچووم و چوومەوە ناو حیزب، هەرچەند ئەمن ئەندامی چ حیزبێک نەبوومە. لە ساڵی ١٣٦٢ کە خومەینی عفوی دەر کرد ئەمن لە سەر شاخان بووم بە ئیجازەی حیزب گەڕامەوە و ئازاد کرام لە ١٣٦٣ چومە ئینتشارات سەلاح الدین ئەیوبی وەکوو کادری عیلمی لە گۆڤاری سروە کارم کرد لە ١٣٦٨ لە لایەن ئیستخبارات شاری شنۆ گیرامەوە، بە زەمانەتەکی قورس ١٠ ڕۆژم مەرەخەسی وەرگرت دەرچووم کە غیابەن مەحکووم بە ئیعدام کراوم، ئەوە ٢١ ساڵە لە ئوستەڕالیا گیرساوەتمەوە. ٦ کتیبم نووسیوە هەروا ١٤ کیبیشم وەرگێراوەتەوە،دوو دیوانی شیعری فارسی و کوردیم هەیە دیوانێکی شێعریش وەدەستی پاسداران کەوت و ڕۆیی.

٢٧ی نوامبری ٢٠١١

## رۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆ دا [ بەشی یەکەم ]

## وتووێژ لەگەڵ جەمیل کولاهی

جەمیل کولاهی: من ئاماژە بە دوو هۆ دەکەم، یەکەم ئەوەیە کە تاکتیکی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد لە گەڵ هەڵکەوتەی جۆغرافیایی کوردستان یەک ناگرێتەوە.



دووەم ئەوەیە کە کورد تا ئێستا نەیتوانیوە ببێتە هەڕەشە بۆ سەر ئەمنییەتی ئابووری وڵاتانی داگیرکەری کوردستان

جەمیل کولاهی : کۆمۆنیزم هیچ کات نەیدەتوانی ببێ بە پاشخانێک بۆ بزووتنەوەی نەتەویی کوردستان، چون لە ئەساسدا کۆمۆنیزم نەتەوەگەرایی و ناسیونالیزم دژ بە بەرنامەی سەرەکی خۆی کە ڕێکخستنی کرێکارانی جیهانە دەزانێ، هەر وەک چون لە ئیسلامدا ناسیونالیزم حەرامەو دژ بە بەرژەوەندی ئۆممەتی ئیسلامی دەزانێ

جەمیل کولاهی: بە گشتی دەتوانین بڵێین هەوڵی کورد بۆ ڕزگاری و گەیشتن بە مافەکانی، سەرەکیترین هۆیە بۆ پێکهێنانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی، کە لە برکەگەلێ مێژوویدا هەر کامەیان سەری هەڵداوە

پرسیار : سەرەتا وەک دەروازەیەک بۆ چوونە نێو باسەکەمانەوە، بزووتنەوەی کورد، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە روانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە چۆن پێناسە دەکەن؟

وەڵام : کۆمەڵناسی سیاسی بە مانای توێژینەوە لە سەر ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانەیە کە لە سیاسەتدا شوێندانەرو کاریگەرن. کۆمەڵناسی سیاسی بە هۆی شێوەی روانینیەوە کە لە خوارەوە بۆ سەرێیە، زیاتر لەوەی کە لە سەر پێکهاتەی دەسەڵات ورد ببێتەوە، کاریگەرییەکانی کۆمەڵگە لە سەر سیاسەت دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. کاتێ کە باس لە کارتێکەری کۆمەڵگە لە سەر سیاسەت دەکرێ، سرۆشتییە کە مەبەست لە کۆمەڵگە، هێزو ڕێکخراوە زیندووەکانی نێو کۆمەڵن. ئەم هێزو ڕێکخراوانە بە نیسبەتی تێپەڕینی کۆمەڵگە لە نەریتییەوە بۆ مۆدێرن جیاوازن. لە کۆمەڵگە مۆدێڕنەکاندا بە هۆی پێکهاتنی ڕێکخراوی چین و توێژە جۆراوجۆرەکان، ئەگەری کاریگەری ئەوان لە سەر سیاسەت زۆرترە.

کاتێک باسی کۆمەڵناسی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەکرێ، دەبێ ئەوە لە بەر چاو بگیردرێ کە بزووتنەوەی کورد بە تەواوی جیاوازە لە گەڵ بزووتنەوەیەک کە لە وڵاتێکی ئاساییدا هەیە. خەباتی کورد مەیدانی ریسک و مەترسییەو هیچ شتێک لەودا جێگیر نیە، بۆیە هێندێک هێزی کۆمەڵایەتی کە لەوانەیە زۆریش کاریگەرییان هەبێ، لە هاتن بۆ ناو مەیدانەکە خۆ دەبوێرن و بەرژەوەندییەکانیان لە گەڵ بەرژەوەندی دەزگای زاڵ بە سەر کوردستاندا، کە دەزگایەکی جێگیرو بەهێزترە هاوئاهەنگ دەکەن. بۆیە تەنیا لە بەر ئەوەی کە جووڵانەوەی سیاسی هەوڵێکە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، دەتوانرێ بە شێوەیەک لە گەڵ کۆمەڵناسی سیاسی گرێ بدرێ. هێزە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان دەتوانین بە دوو دەستەی سەرەکی واتە نەریتی و مۆدێرن دابەش بکەین؛ لە هێزە نەریتییەکان دەتوانین ئاماژە بە خاون ملکەکان، رۆحانییەکان و بازاڕییەکان بکەین. خاون ملکەکان گەورەترین و کاریگەرترین گرووپی کۆمەڵایەتی لە سەردەمی سەرهەڵدانی جووڵانەوەی کورد بوون. عەشیرەگەلێکی

گەورە وەک شکاک، مەنگوڕو مامش بوونیان هەبووە، بەڵام بە گشتی عەشیرەو خاون ملکەکان، بە پێی بەرژەوەندی خۆیان جووڵاونەتەوە نەک بە پێی بەرژەوەندی نەتەوەیی. ڕۆحانییەتی کوردستان لە دوو دەستەی شیعەو سۆننی پێکهاتووە. ئەگەر چی دەزگای ڕۆحانییەت دەزگایەکی گەورەو بە توانایە، بەڵام بە داخەوە هەر دوو لایەن بە پێچەوانە ڕۆحانییەتی نەتەوەکانیتری ئێران، نەیانتوانیوە لە سەر سیاسەت و جووڵانەوەی کورد کاریگەرییەکی ئەوتۆیان هەبێ. بازاڕییەکانی کوردستان لە رابردوودا بە هۆی ئەوەوە کە خەڵک بژیوی ژیانی خۆی لە کشتو کاڵ و مەڕو ماڵات بە خێو کردن بە دەست دەهێنا، زۆر بە هێز نەبوو، بەڵام ئێستا بە هۆی ئەوەوە کە ئەو پێکهاتەیە گۆڕاوەو شارەکان بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو گەورە بوونەتەوە، دەسەڵاتی بازاڕییەکانیش زۆر بۆتەوە، کە لە مانگرتنەکانی ساڵانی رابردووی کوردستان ئەوەمان دی.

هێزە مۆدێڕنەکانیش بە دوو دەستەی حیزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان دابەش دەبن. حیزبەکان کە هەر لە سەرەتای دەسپێکی جووڵانەوەی نویی کورد وردە وردە سەریان هەڵدا کە خاوەنی جیهانبینی و ڕێبازی جۆراوجۆرن. زۆربەشیان خەباتی چەکدارییان کردووە. ریکخراوە مەدەنییەکانیش کە زۆربەی هەرە زۆریان لە ساڵی ١٣٧٥

تا ساڵی ١٣٨٢ لە سەردەمی دەسەڵاتی خاتەمیدا پێکهاتن. بەڵام بەرەبەرە لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاددا سەرکوت کران و زۆربەیان هەڵپێچران.

پرسیار : بە لە بەر چاو گرتنی ئەو راستییە کە کورد خەباتێکی دوورو درێژی بۆ دەستەبەربوونی مافە نەتەوایەتییەکانی کردووە، بۆچی تا ئێستا بە ئاکام نەگەیشتووە؟

وەڵام : پێش هەموو شتێک پارچەپارچە بوونی خاکی کوردستان و دابەش بوونی بە سەر وڵاتانی دەوروبەردا، یەکێک لە گرینگترین هۆیەکانی درێژ بوونەوەی خەباتی نەتەوەیی کوردە. چونکە ئەو دابەش بوونە هێزێ کوردی دابەش کردووەو دژمنی کوردی زۆرتر. پێکهاتەی عەشیرەیی زۆربەی هەرەزۆری ناوچەکانی کوردستان، کە دوژمن توانیویە لە ڕێگەی سەرۆک عەشیرەکانەوە گورزی خۆی بوەشێنێ لە پەیکەری جووڵانەوەی کورد، یەکێکی دیکە لە هۆیەکان بووە.

بەڵام بە ڕای من گرینگترین هۆەکان کە تا ئێستا یان کەس باسی نەکردوون یان لانی کەم من چاوم پێ نەکەوتوون، جیاوازن لەو هۆیانەی کە باسم کردن. من ئاماژە بە دوو هۆ دەکەم، یەکەم ئەوەیە کە تاکتیکی خەباتی رزگاریخوازانەی کورد لە گەڵ هەڵکەوتەی جۆغرافیایی کوردستان یەک ناگرێتەوە. دووەم ئەوەیە کە کورد تا ئێستا نەیتوانیوە ببێتە هەڕەشە بۆ سەر ئەمنییەتی ئابووری وڵاتانی داگیر کەری کوردستان، کە بەشێکی زۆری نەوتی ڕۆژئاوا دابین دەکەن.

لە سەر یەکەم خاڵ دەتوانم ئاوا برۆمە ناو باسەکەوە؛ کوردستان هەر وەک باسم کرد لە نێوان وڵاتانی دەوروبەریدا دابەش بووە، بەڵام دابەش بوونەکەی بە شێوەیەکە کە هیچ وڵاتێک لە دراوسێیەتی کوردستاندا نیە کە کێشەی کوردی تێدا نەبێ. واتە هەمووی دوژمنی کوردە. تاکتیکی خەباتی کوردیش خەباتی چەکدارییە. ئەویش بە شێوەیەک کە دەبێ لەشکەرێکی پێشمەرگەو سەرۆک و ڕێبەرایەتی هەمووی ئاشکرا بێ. کەوابوو، دەبێ بە شوێن پشتی جەبهەیەکدا بگەڕێ. لێرەدا موشکیلەکان دەس پێدەکەن، چون دەبێ بە هۆی شێوەی دابەش بوونی کوردستان، دۆژمەنێکی کورد وەکو پشتی جەبهە هەڵبژێرێ. ئاشکرایە کە دوژمنی کورد حەز بە سەرکەوتنی کورد لە هیچ پارچەیەک ناکا. بەڵام بە هۆی ئەوەوە کە ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدایە پێکەوە ناکۆکن، داڵدەی حیزبە کوردییەکان دەدەن نەک بۆ سەرکەوتن، بەڵکوو بۆ وەر گرتنی ئیمتیاز لە بەرامبەرەکەیان. بۆ نموونە کاتی خۆی شای ئێران پشتی مەلا مستەفای گرت تا ئیمتیازی خۆی لە شەتولعەرەب وەرگرت. بۆیە دوای گرێبەستی ئەلجەزایەر شار پشتی کوردی بەرداو بۆ لە نێو بردنی کورد یارمەتی دەوڵەتی عێراقی دا. بۆیە شۆڕشی کورد لە ماوەیەکی کورتدا تێک شکا.

من زۆر جار بیرم لەوە کردۆتەوە کە چۆن ئەرتەش رزگاریدەری ئیرلەند توانی یەکێک لە زلهێزەکانی دنیا، واتە بریتانتا بە چۆک دا بێنێ. ئەرتەشی ئیرلەند ڕێکخراوێکی بە تەواوی نهێنی هەبوو، کەس نەیدەزانی لە کوێیە یان ڕێبەرو فرماندەکانی کێن؟ بەڵام لە ژێر دەسەڵاتی ڕێکخراوی ئەمنییەتی بریتانیا کە یەکێک لە بە هێزترین دەزگا سیخوڕییەکانی دنیایە، توانی سەرکەوتن بە دەس بێنێ. کوردیش بۆ سەرکەوتن پێویستی بە ئاوەها ڕێکخستنێکە. کاتێک کە کورد توانی ڕێکخراوێک وەها بخۆلقێنێ، یانی کارتی دەستی کەس نیەو بە دڵنیاییەوە سەر دەکەوێ. بە رای من کورد دەتوانێ بە خۆلقاندنی ئاوەها ڕێکخراوێک بە سەر ئەو کەندو کۆسپانەی وەک رازی کردنی وڵاتێکی داگیر کەری کوردستان بۆ جێ کردنەوەی بنکەو بارەگا بۆ حیزبەکانی، زاڵ بێ.

خاڵێکی دیکەی شیاوی ئاماژە ئەوەیە کە کورد تا ئێستا لە چوار چێوەی کوردستاندا نەڕۆشتۆتە دەرێ، واتە شەڕێک کە کردوویە بۆتە هۆی کاول بوونی زیاتری کوردستان، بە بێ ئەوەی کە ببێتە هەڕەشەیەکی گورە لە سەر دەزگای ئابوور ئەو وڵاتانە. کە ئەویش هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە شێوەی خەباتی چەکداری کورد ئاشکرا بووەو هێزی ئاشکراش ناتوانێ لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان بجووڵێ. واتە دەبێ کورد بە تاکتیکی خۆیدا بچێتەوەو سەر لە نوێ خۆی ڕێک بخاتەوە بەڵام بە شێوەیەکی نوێ کە وڵامدەری بارو دۆخی ناوچە بە تایبەتی کوردستان بێ. واتە کورد دەبێ تاکتیکی هێرشبەرانە بگرێتە بەر نەک ئەو شتەی وا ناوی دەنێ بەرگری رەوا.

پرسیار : سەدەی بیستەم بۆ کورد، سەدەی سەرکەوتن و شکەستەکان بوو، بزووتنەوەی کلاسیکی کوردی هاتە بازنەیەکی دیکەوە و ئەحزابی سیاسی درووست بوون، بەگشتی بەستێنە سیاسییەکانی ئەوکات چ بوون کە حزبەکان سەیان هەڵدا؟

وەڵام : پرسیارێکە کە وڵامی زۆر هەڵدەگرێ. بەڵام بە کورتی ئاماژە بە بەستێنەکان دەکەم. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتووری سەفەوی و عوسمانی. بۆ یەکەم جار کوردستان لە شەڕی چاڵدۆڕان لە ساڵی ١٥١٤دا بە سەر دوو ئیمپراتووری سەفەوی و عوسمانیدا دابەش کرا. لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانیشدا ئەو بەشەی کە کەوتبووە ناو سنوورەکانی عوسمانی، بە لە بەر یەک هەڵوەشانەی ئیمپراتووری عوسمانی بە سەر سێ دەوڵەتی تازە پێکهێنراودا دابەش کرا. جێی خۆیەتی بە پەیمانی سێڤێر ئاماژە بکرێ کە بڕیار بوو دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد پێک بهێنرێ، بەڵام دواتر ئەم بڕیارە لە پەیمانی لۆزاندا ژێر پێ نراو کوردستان بە بندەستی مایەوە. پێش شەڕی یەکەمی جیهانی چەندین شورِش بە مەبەستی رزگاری کوردستان پێک هاتووە، کە بە داخەوە بە شەهید بوونی سەرکردەی شورِشەکان، شورِشەکانیش مردوون. سەرەکیترین هۆی ئەوە بووە کە ئەم شورِشانە بە تەواوی بەستراوە بە تاکی رێبەر بووە، کە بە لە ناو چوونی رێبەر، شورِشکەش لە ناو چووە.
لایەنێکیتری مەسەلەکە، تەشەنە کردنی ئەو بیرو ئەندێشەو ئیدئۆلۆژییانەیە کە لە رۆژئاواوە سەر چاوکەیان دەگرت. هەروەها ناتوانین بە دابەشکرانی دنیا بە سەر دوو بلۆکی سوسیالیستی و کاپیتالیستی دا ئاماژە نەکەین. چونکە کوردستا لە سەر پشتوێنی ئەمنییەتی رۆژئاوا بە دەور یەکیەتی سۆڤیەتدا هەڵکەوتبوو، کە ئەوەش خاڵێکی گرینگە. بە دوای شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانیدا نەتەوەی کورد کە بە توندی سەرکوت کرابوو و لە روخانی دەسەڵاتە سەرکوتکەرەکان، هیچی پێ نەبڕابوو. بەڵکوو تەنیا سەرکوتکەرەکە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی خراپتر گۆڕابوو. بۆیە ئەم بیرو ئیدئۆلۆژییە نوێیانە کە باسی رزگاری مرۆڤەکان و بەرابەری و یەکسانی وانی دەکرد، لە ناو کوردیشدا وەک باقی نەتەوەکانیتر جێی خۆیان کردەوە، کە دواتر حیزب و رێکخراوی سیاسی جوراوجۆری لێ کەوتەوە. باشی پێک هاتنی ئەم حیزبانە ئەوە بوو کە بێجگەم لە وشیار کردنەوەی خەڵک، بەرنامەیان هەبوو، یانی وەک شورِشەکانیتر ئەوە نەبوو کە بە لە ناو چوونی سەرکردە ئەوانیش بڕۆخن. چون خەڵک بە دەوری بەرنامەی حیزبەکەدا کۆ دەبوونەوە، بەڵام خراپییەکەشی ئەوە بوو کە هەر حیزبەو گرووپی چەکداری خۆی پێک هێناو ئەوەندەیتر هێزی کورد دابڕ دابڕ کرا. چون ئەو حیزبانە قەد لە ژێر بەرەیکدا بۆ رزگاری کوردستان کۆ نەبونەوەو لە بڕکەگەلی مێژوویشدا لە گەڵ یەکتری بە شەڕ هاتوون، کە بۆتە هۆی بێ هیوایی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. بۆیە بە گشتی دەتوانین بڵێین هەوڵی کورد بۆ رزگاری و گەیشتن بە مافەکانی، سەرەکیترین هۆیە بۆ پێکهێنانی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی، کە لە برکەگەلێ مێژوویدا هەر کامەیان سەری هەڵداوە.

پرسیار : لە ئیران شۆڕشی مەشرووتە، بوە هۆی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ئاستی ئێراندا، بۆ کورد کام قۆناخ دەتوانین وەک قۆناخی نوێ و سەردەمی نوێ دەستنیشان بکەین کە بووبێتە هۆی گۆرانێک لە پێکهاتەی سیاسی؟

وەڵام : بە رای من دامەزرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و بە دوای ئەودا دامەزرانی کۆماری کوردستان کە هەر دووکی بە دەستە بەتواناکانی شەهید پێشەوا قازی محەممەد کرا، قۆناخێکی مێژووی گرینگە کە بزووتنەوەی کوردی لە بزووتنەوەیەکی کلاسیک و نەریتییەوە بۆ بزووتنەوەیەکی مۆدێڕن و سەردەمیانە گۆڕا. بە شێوەیەک کە دوای ماوەیەکی کورتدا کورد هەر چەند تەمەنیشی کورت بوو، بوو بە خاوەنی دەسەڵاتێک، لە شێوەی کۆماری. کە لەو سەردەمەدا هەرچەندە پێکهاتەی کۆمەڵگەی کورد، پێکهاتەیەکی عەشیرەیی بوو، بەڵام کوماری کوردستان توانی زۆرێک لە بایەخە ئینسانییەکان لە کوردستان جێگیر بکا. بۆ نموونە، لەو سەردەمەدا لە ژنان لە سەرتاسەری رۆژهەڵاتی ناڤین سەرکۆت دەکران، ژنی کورد خاوەنی رێکخراوی خۆی بوو لە کۆماری کوردستاندا. بۆیە دەتوانین بڵێین کە کۆماری کوردستان، سەرەکیترین نۆختە گۆڕانە لە بزووتنەوەی کورددا. بە شێوەیەک کە پاش و پێش خۆی دەسەڵاتێکی هاوشێوە پێک نەهاتووە. کە بتوانین بڵێین ئەوە ناوی دەسەڵاتە، ئەوەی باشوور بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ شان بدا لە شانی کۆماری کوردستان، چون باشوری کوردستان ناوچەیەکە لە عێراقی فیدراڵ. بەڵام کۆماری کوردستان، کۆمارێکی سەر بەخۆ بووە کە خاون سەر کۆمارو سوپای میلی بووە.

پرسیار : لە ناوەراستی سەدەی بیستەم، ئایدۆلۆژی کۆمۆنیسم وەک دیاردەیەکی بەهێزی کۆمەلایەتی و سیاسی هەموو ناوچەکەی گرتەوە، ئەم ئایدۆلۆژییە بۆ نەیتوانی ببێتە پاشخانێکی فیکری بۆ بزووتنەوەی کورد؟ بۆچی بزووتنەوەی چەپ نەیتوانی خەون و ئاواتەکانی کورد بەدی بێنێ؟ یان بە واتایەکی دیکە، بزووتنەوەی کوردی بەرەو کوێ برد؟

وەڵام : کاتێ کە کۆمۆنیزم سەرێ هەڵداو دنیا دابەش بووە سەر دوو بلووکی سوسیالیستی و کاپیتالیستیدا، ئیدۆلۆژی ئیسلامی بە شیوەیەکی بێ وێنە لە نێو کۆمەڵگەی کوردستاندا رەگ و رێشەی داکۆتا بوو، کە پەرە سەندنی ئیدئۆلۆژییەک کە دژی ئیسلام بوو، زۆر زەحمەت بوو. بە تایبەتی کۆمۆنیزم بە شێوەیەکی هێرشبەرانە بۆ سەر دین و فەرهەنگی خەڵک لە کوردستان دەستی پێکرد. هەر وەها پێکهاتەی کۆمەڵگەکەمان پێکهاتەیەکی عەشیرەیی بوو. کۆمۆنیزمیش دژ بە هەردووکی ئەم دوانە بوو. لە لایەکی دیکەوە کۆمۆنیزم دژ بە ناسیونالیزم بوو، کە لە کوردستان روو لە گەشە بوو. کۆمۆنیستەکانی کوردستانیش بە بێ لە بەر چاو گرتنی ئەم دۆخە، دیانەویست راست ئەو کۆمۆنیستەی وا لە یەکییەتی سۆڤیەت دەسەڵات بە دەستە، لە کوردستانیش جێگیر بکرێ ببێ بە دەسەڵات. بۆیە بوو بە هۆی ئاژاوەی زیاتر لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا. هەروەها کۆمۆنیزم خاوەنی هیچ بەرنامەیەکی نەتەوەیی نەبوو، بەڵکوو بە دوای رێکخستنی چینی پرۆلێتاریای جیهانەوە بوو. کە ئەمە دژ بە بەرژەوەندی گەلێکی بندەست وەکوو کورد بوو. چونکە کورد خاوەنی هیچ دەسەڵاتێک نەبوو و وڵاتەکەی داگیرو پارچە پارچە کرابوو. کەواتە کورد لە قۆناخی رزگاریدا بوو و خەباتی دەکرد بۆ رزگار کردنی وڵاتە داگیر کراوەکەی. بەڵام کۆمۆنیزم نە تەنیا بەرنامەیەکی نەبوو بۆ ئەم قۆناخە، بەڵکوو لە زۆر شوێندا بوو بە لەمپەر لە بەردەم جووڵانەوەی کورددا. لە زۆر شوێندا کاتێ کورد بەرەو رزگاری هەنگاوی هەڵهێناوە، نەتەوە زاڵەکان بە سەر کوردستاندا، بە لە بەر کردنی جل و بەرگی کۆمۆنیستی خۆیان خزاندۆتە ناو ئەو حیزبە کۆمۆنیستانەوە و دژی جووڵانەوەی کورد، بەشەڕ هاتوون و هێزی کوردیان دژی جووڵانەوەی کورد بە کار هێناوە. واتە ئەو نەتەوانە بیری شۆڤێنیستی خۆیان لە قەوارە کۆمۆنیستیدا سەپاندووە و بە بیانووی ریکخستنی چینی پرۆلێتاریا، بەشیک لە کوردیان دژی بەشەکەی دیکە لە مەیدانی شەڕدا بە کار هێناوە.

کۆمۆنیزم هیچ کات نەیدەتوانی ببێ بە پاشخانێک بۆ بزووتنەوەی نەتوەیی کوردستان، چون لە ئەساسدا کۆمۆنیزم نەتەوەگەرایی و ناسیونالیزم دژ بە بەرنامەی سەرەکی خۆی کە ریکخستنی کرێکارانی جیهانە دەزانێ، هەر وەک چون لە ئیسلامدا ناسیونالیزم حەرامەو دژ بە بەرژەوەندی ئۆممەتی ئیسلامی دەزانێ، لە کۆمۆنیزمیش وایە. هەر دووکی ئەم ئیدئۆلۆژییانە واتە ئیسلام و کۆمۆنیزم نەتەوەگەرایی دژ بە ئامانجی خۆیان دەزانن، بۆیە لە هەردووکیاندا حەرامەو دەڵێن هەموو مرۆڤەکان رەش و سپی بران و یەکسانن.

خەون و ئاواتەکانی کورد پێکهێنانی کیانێکی سیاسی و رزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی بوو، کە کۆمۆنیزم بەرنامەیەکی ئەوتۆی بۆ بەدیهێنانی ئەو ئاواتانە نەبوو، ئەویش وەکوو ئیسلام دەیگۆت کوردو عەرەب و فارس بران. خەباتی نەتەوەیی رق و قین لە نێوان مرۆڤەکان پێک دەهێنێ. خەبات بۆ بەختەوەری و سەرکەوتنی چینێ کرێکار، بەرانبەری و یەکسانی ئینسانەکان، خەبات بۆ نەهێشتنی کەرتی تایبەت و بە گشتی کردنی ئامرازی بەرهەم هێنان و خەبات دژی ناسیۆنالیزم لە سەرتاسەری جیهان لە بەرنامە سەرەکییەکانی کۆمۆنیسم بوو، کە بە هیچ شێوەیەک لە گەڵ خەباتی نەتەوەیی کورد یەکی نەدەگرتەوە، تا ببێتە پاشخانێک بۆی یان ئەوەی کە خەون و ئاواتەکانی کورد بە دی بێنێ.

٤ی مارسی ٢٠١٢

## رۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆ دا [ بەشی دووهەم و کۆتایی ]

جەمیل کولاهی: شەڕی ئێران و عێراق، بووە هۆی ئەوە کە شەڕێکی گەورەو لە نێوان دوو وڵاتی گرینگی رۆژهەڵاتی ناڤیندا بوو، سێبەری خستبووە سەر شەڕی کوردستان

جەمیل کولاهی: پەنا بردن بۆ ساز دانی حیزبی هاوشێوەی حیزبی رابردوو لە لایەن ئێنشعابییەکانەوە نیشانەی نەبوونی باوەڕ بە خۆ بوون و بێوەری بوون لە هەر چەشنە بیرو هێزرێکی نوێیە

جەمیل کولاهی: بزووتنەوەی سەوز هیچ پەیامێکی بۆ نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران پێ نەبوو. بۆیە پشتیوانی لە جووڵانەوەیەک کە مافەکانی کوردی رەچاو نەکردووە، دوورە لە عەقڵیەتی سیاسی و من ئەو بێ دەنگییە بە تەواوی سیاسییانە و ژیرانە دەبینم

پرسیار : شۆڕشی ٥٧، گریگترین رووداوی سیاسی ئێران بوو لە سەردەمی نوێدا، بەگشتی کورد کەوتە بارودۆخێکەوە کە توانی بەشێک لە کوردستان ئیدارە بکات، ئەو بارودۆخە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ بەگشتی خواستەکانی کورد چ بوون؟ بەرگری رەوا یان شەر لە کوردستان لە کوێوە دەستی پێ کرد و ئاکامەکانی لەسەر کۆمەڵگا و بزووتنەوەی سیاسی چ بوون؟

وەڵام : بەڵێ دەکرێ شۆڕشی ساڵی ٥٧ی ئێران وەکو قووڵترین گۆڕانکاری مێژووی هاوچەرخی ئێران ناو ببەین کە کۆتایی بە تەمەنی دەسەڵاتی پاشایەتی لە ئێران

هێنا. هەر چەند لە سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەدا هەموو لایەنە سیاسییەکانی ئێران و هەموو نەتەوەکانی ئێران بەشدار بوون، بەڵان مەلاکان بە کەڵک وەرگرتن لە هەستی مەزهەبی گەلانی ئێران هەر زوو دەستییان بە سەر ئێراندا گرت و هەر لە بەرێکەوە حیزب و لایەنە سیاسییەکانیان هەڵوەشاوە راگەتاند. بە بڕوای من ئەگەر کورد ئەوکات، یەکگرتوو ببایا بە دڵنیاییەوە بە مافە ڕەواکانی دەگەییشت. لە لایەکەوە نزیک بە نیوەی کوردی ئێران شیعە مەزهەبن، ڕژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو کە لە سەر بنەمای ئیسلامی شیعە دامەزرابوو، بە کەڵک وەرگرتن لە مەزهەب زۆرێک لە کوردە شیعەمەزهەبەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا بوو. لە لایەکی دیکەوە ئەو لایەنانە کە لە ناوچە ڕزگارکراوەکان بوون بریتی بوون لە سێ لایەنی سەرەکی بە سێ بیرو ئەندێشەی بە تەواوی لە یەک جیاواز. یەکەم حیزبی دیمۆکراتی کوردیستانی ئێران کە ئاڵا هەڵگری خەباتی نەتەوەیی بوو لەو بەرەیە بوو. دووهەم کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کە ئاڵاهەڵگری بەرەی کۆمۆنیزم لە کوردستان بوو. سێهەم تاقمە ئیسلامییەکان بە ڕێبەرایەتی ئەحمەدی موفتی زادە بوون. هەر سێ لایەن چەکدارو بە جیهانبینی جیاوازەوە. کۆمەڵە ئیسلامییەکانی بە کۆنەپەرەست دەزانی و حیزبی دیمۆکراتی بە بورژوا دادەنا، ئسلامییەکان کە لە لایەن ڕژیمەوە پشتیبانی دەکران دوو لایەنەکەی دیکەی بە کافر دەزانی، دژی هەر دوو لایەن بوون، حیزبی دیمۆکراتیش هەڵس و کەوتی هەر دوو لایەنی دژ بە بەرژەوەندی کورد دەزانی و بۆیە دەکەوتە بەر هێرشی هەر دوو لایەن. بەڵام حیزبی دیمۆکرات کە دۆکتور قاسملو ڕێبەرایەتی دەکرد بە پێی بەڵگەکان ویستی یەکگرتووی لایەنەکان بووەو تەنیا کاتێ هێرشیان بۆ کردووە، دژکردەوەی نیشان داوە. ڕژیمیش دیارە لەم ناتەباییە قازانجی کردووەو ئاگرەکەی خۆشتر کردووە.

من لێرەدا دەمەوێ بەوە ئاماژە بکەم کە نامهەوێ لایەنگری لە حدکا بکەم و بڵم بێ تاوانە، هیچکام بێتاوان نین، بەڵام باسی من لە سەر ئۆسوولی بوونی ئامانجەکەیە، کە هەم کۆمەڵە و هەم ئیسلامییەکان هەڵەیان دەکرد، چونکە کێشەی کورد کێشەی دین و ئایین یان کێشەی چینایەتی نەبوو، بەڵکوو کێشەی نەتەوایەتی بوو کە هەر دوو لایەن دژی بوون. بەڵام ئەمڕۆ بە تێپەڕینی کات بەشێکی هەرە زۆر لەو هێزانە هاتوونەتە سەر عەقڵ و داوای ئەو شتەی دەکەن کە لە سەرەتای شۆڕشی ٥٧دا حدکا داوای دەکرد. بۆیە بەرنامەی حدکا هەڵە نەبووە. ئیسلامییەکان بە پاڵپشتی کۆماری ئیسلامی و کۆمەڵەش بە هاوپەیمانی فارسەکان دژی حدکا کە هەڵگری ئاڵای نەتەوایەتی بوو ڕاوەستان. کە بە داخەوە کێشەی نەتەوایەتی بوو بە قوربانیی ئیدئۆلۆژی ئیسلامی و کۆمۆنیستی.

دەکرێ بڵین بەو پێیە کە سێ لایەنی سیاسی ئەوکات سێ خواستی جۆراوجۆریان بووە، یەکەم کۆمەڵە لە ژێر دروشمی "کرێکارانی جیهان یەک بگرن" خوازیاری هاتنە سەرکار دەسەڵاتی دیکتاتوری پرۆلێتاریا، نە تەنیا لە کوردستان بەڵکوو لە سەرانسەری ئێران بووە، ئیسلامییەکان خوازیاری هاتنە سەر کاری دەسەڵاتێکی ئیسلامی بوون، کە ئەم لایەنە لایەنگری کۆماری ئیسلامی بوون، حیزبی دیمۆکراتیش لە ژێر دروشمی "دیمۆکراسی بۆ ئێران و خۆدمۆختاری بۆ کوردستان" خوازیاری چارەسەری کێشەی نەتەوەیی کورد بوو. ئیسلامییەکان و کۆمۆنیستەکان کە ئێستا بەشیکیان هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە کە کێشەی کورد کێشەیەکی نەتەوایەتییەو دەبێ چارەسەر بکرێ، ئەو کات بە توندی بەرەنگاری حیزبی دیمۆکرات دەبوونەوەو هەر کامەیان ناوو ناتۆرەیەکیان دەخستە پاڵی. بەڵام ئیمڕۆ بە خۆشییەوە هێندێکیان لە حیزبی دیمۆکرات خۆیان لە باری نەتەوەگەراییەوە تۆخترو ڕادیکاڵتر نیشان دەدەن. بۆیە بە داخەوە ئەو هێزانە کە کوردیان ڕێبەری کردووە خواستێکی هاوبەشییان نەبووە، بۆیە بە سانایی ڕژیم توانیویە بە لە خزمەت گرتنی لایەنێک (ئیسلامییەکان) و کەوتنەوەی ئاژاوە لە نێوان دوو لایەنەکەیتردا (حیزبی دیمۆکرات و کۆمەڵە) بە سەرکوردستاندا زاڵ بێ.

ئەو شتەی کە بە بەرگری ڕەوا ناوی هاتووە لە مێژوودا، هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکار کۆماری ئیسلامییەوە دەستی پێکردووە. بۆ نموونە چەند حەوتوو دوای هاتنە سەر کاری ڕژیم، نەوروزی خوێناوی سنە ڕوو دەدات. لە ئەساسدا کۆماری ئیسلامی باوەڕی بە کێشەی نەتەوەیی نیە، تا بە دوای چارەسەریدا بێ، چونکە ڕژیم لە سەر ئەساسی ئیدئۆلۆژی ئیسلامی دامەزراوە کە نەتەوە، نەتەوەگەرایی و مافی نەتەوەیی دژ بە بنەماکانی ئیسلام دەزانێ، چونکە هەر وەک کۆمۆنیستەکان چون بە دوای ڕیکخستنی کرێکارانی جیهانەوەن، ڕژیمیش کە ڕژیمێکی ئیسلامییە لە بیری ساق کردنەوەی ئۆممەتی یەکگرتووی ئیسلامدا بوو، کە دان نان بە مافی نەتەوەیی و چارەسەر کردنی کێشە نەتەوایەتییەکان، لە گەڵ ساق کردنەوەی ئۆممەتی یەکگرتووی ئیسلامیدا یەکی نەدەگرتەوە. بۆیە دەبوو ئەو خواستانە سەر کۆت بکرێن تا ڕێ بۆ گەیشتن بە پرۆژەکەیان خۆش بکەن.

بە داخەوە ئاکامەکانی ئەو شەڕە بۆ کورد، زۆر گران تەواو بوون، چون بە دوای شەڕێکی قورس و گراندا کورد بە ئاکامێک نەگەیشت، کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆ. لەوانە دەتوانی ئاماژە بکەین بە شەڕی ئێران و عێراق، بە هۆی ئەوەوە کە شەڕێکی گەورەو لە نێوان دوو وڵاتی گرینگی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بوو، سێبەری خستبووە سەر شەڕی کوردستان. ڕژیمیش لەو دەرفەتە کەڵکی وەردەگرت بۆ سەرکوتی دڕندانەو بێ بەزەییانەی ئازادیخوازانی کوردستان. ڕژیم بایکۆتێکی خەوەری خستبووە سەر شەڕی کوردستان، ئەگەرچی ڕۆژانە بە دەیان کەس لە هێزەکانی لە کوردستان دەکوژران. دووهەم شتێ کە دەتوانین ناوی لێ بێنین بێ پشتیوانی نەتەوەی کورد بوو. وڵاتانی بە ئیدیعای خۆیان لانکەی دیمۆکراسی، لە بەرامبەر سات و سەودای بازرگانی چاویان لە ڕژانی خوێنی لاوانی کورد بە دەستی ڕژیم نووقاندبوو. واتە نەوت و گاز لە بەرانبەر بێ دەنگی کردن لە ڕژانی خوێنێ لاوانی کورد. بەستنی پەروەندەی تێرۆری دۆکتور قاسملو لە بەرانبەر سات وسەودای ئابوورییەوە... لایەنێکیتری ئەو

مەسەلەیە ئەوە بوو کە راگەیەنە گشتییەکان وەک ئەمڕۆ پێشکەوتوو نەبوون. بۆ وێنە ئینتێرنێت کە لە ماوەی چرکەیەکدا هەواڵێک بە گوێی دنیا دەگەیەنێ، نەبوو. شتێکی زۆر گرینگی دیکەش کە لە سەرەوە ئاماژەم پێ دا، شەڕی هێزە سیاسییەکانی کورد پێکەوە بوو، کە بوو بە هۆی خەسارێکی قەرەبوو نەکراوە. دوای شەڕی عێراق و ئێرانیش نەبوونی پشتی جەبهەیەکی قورس قایم و لاواز بوونی ڕێبەرایەتی حیزبەکان ئەوەندەیتر خەباتی کوردی رۆژهەڵاتی تووشی شکست هێنا.

پرسیار : نەزمی نوێی جیهانی هاتە ئاراوە، گۆرانکارییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئاست ئێراندا هاتبوە ئاراوە، بزووتنەوەی ئیسڵاحات بە گوتارێکی تازەوە هاتبوە مەیدان. لەم بارودۆخەدا ٢ی جۆزەردان چ پەیامێکی بۆ کورد هەبوو و پرسی کورد بۆ لەم دەرفەتەش نەبووە خاوەن پێگەی خۆی؟

وەڵام : ئێمە کاتێ باس لە بزووتنەوەی ڕێفورمخوازی دەکەین، دەبێ بزانین ئەو کەسانە چ باکگراوندێکیان هەیە؟ ئایا ئەوانە کە داوای ڕێفورم دەکەن کەسانێکی لائیک و دیمۆکرات بوون؟ یان بەشێک لە دەزگای رۆحانییەت و دەسەڵاتی ئێران؟ راستییەکەی ئەوەیە کە ئەوان بەشێک بوون لە دەزگای رۆحانییەت و دەسەڵاتی ئێران، کە باوەڕیان بە ویلایەتی فەقیە و یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی هەبوو. کەواتە نە تەنیا بەرنامەیەکیان بۆ چارەسەری کێشەی کورد نەبوو، بەڵکوو بەشێک بوون لە

دەزگای سەرکوتی جووڵانەوەی کورد. باش لە بیرمە کە برای سەرۆک کۆماری ڕێفورمخواز، محەممەد رەزا خاتەمی، کە سکرتێری گشتی "جبهە مشارکت" گەورەترین حیزبی ڕێفورمخواز بوو، دوای خۆپیشاندانی سێ رەشەمەی ١٣٧٧ی سنە، هاتە شاری سنە لە کۆبوونەوەیک کە بۆ خوێندکاران گرتی ، لە وڵامی پرسیارێکدا کە بۆچی ڕێفورمخوازەکان بەرانبەر بەو سەرکوتە خوێناوییە هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو، وتی ئەوانە خەڵکی سنە نەبوون ئەو خۆپیشاندانەیان کرد، بەڵکوو سێ هەزار کەس لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانەوە هێنرا بوون و ئەو ئاژاوەیان نایەوە!!! یان بۆ نموونە دۆکتور جەلالیزادە نوێنەری ئەوکاتی شاری سنە لە مجلیسی رژیمدا دەڵێ جێگری یەکێک لە وەزیرەکان کە ڕێفورمخوازیش بووە وتوویە کە ئەگەر بەر پرس و جێگری سۆنیمان لە ئێدارەکاندا هەبێت لەو دۆنیا چ وەڵامێکمان بۆ " فاتمەی زەهرا" هەیە؟ ئەمە بە کورتی عەقڵیەتی ڕێفورمخوازەکانە بەرانبەر بە کێشە نەتەوەیی و کەمایەتییەکان لە ئێراندا. ئایا ئەم عەقڵیەتە دەتونێ هەڵگری بەرنامە بۆ چارەسەری کێشەی کورد بێ؟

کەوابوو ئەو گۆتارە وێڕای ئەوەی کە هێندێ ئازادی بەرتەسکی چاپەمەنی بۆ ماوەیەکی کۆرت هێنایە ئاڕاوە، هیچ قازانجێکیتری بە حاڵی کورد نەبوو. چون شێوەی بیر کردنەوەی ڕێفورمخوازەکان بەرانبەر بە کێشەی کورد هەر وەک ئەو باڵەکانیتری رژیم بوو و لە هێندێ بواریشدا خراپتر، چون ئەمان بە توندی شۆڤێنیزمی فارسیشیان تێکەڵ بە مەزهەبەکە کردبوو، خراپتر بوون. لە لایەکیترەوە وڵاتانی رۆژئاواش بۆ گەیشتن بە قازانجی ئابووری زیاتر بە هەموو شێوەیەک پشتیبانی لە ڕێفورمخوازان دەکرد، تەنانەت دوای دەرچوونی حوکمی دادگەی میکونووس وڵاتانی ئۆرووپایی باڵوێزەکانیان لە تاران بانگهێشت کردبووە، کە دوای هاتنە سەرکاری خاتەمی هەموویان هاتنەوە، کە ئەمە نیشانە ئەوە بوو کە پشتیبانی لە خاتەمی لە پشتیبانی لێ قەوماوان لە ناو سنوورەکانی ئێراندا، بۆ ئەو وڵاتانە گرینگترە، چون قازانجی زۆرترە. شتێکی دیکە ئەوە بوو کە پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان خەباتی چەکدارییان نەمابوو، کە ئەمەیان کاریگەری زۆری هەبوو لە سەر پەراوێز کەوتنی کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتدا.

پرسیار : گوتارێک کە باڵی بەسەر فەزای سیاسی و روناکبیری کوردستاندا کیشابوو، گوتاری خەباتی مەدەنی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کورد لە چوارچیوەی ژنان، خوێندکاران، کرێکاران و ... بوو، ئایا ئەمە بەرهەمی بێ ئاکام مانەوەی شەری چەکداری بوو یان وشیاری سیاسی یان لاوازی حیزبە سیاسییەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان؟

وەڵام : ئەو شێوازە لە خەبات بە هاتنە سەرکاری خاتەمی و نەمانی خەباتی چەکداری لە لایەن حیزبی دیمۆکراتی کوردستانەوە بە زەقی سەری هەڵدا. خەباتی چەکداری ئەگەرچی نەبووە هۆی چارەسەری کێشەی کورد لە رۆژهەڵات، بەڵام بە رای من کارێگەرییەکی زۆری هەبوو لە پێکهاتنی ئەو خەباتە مەدەنییە. ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین کە زۆرێک لەو کەسانە کە دەستیان دایە بنیاتنانی ریکخراوە مەدەنییەکان، یان ئەندامی حیزبە سیاسی و چەکدرایەکان بوون یان باکگراوندێکیان لەو حیزبانە هەبوو. بۆیە ناتوانین بڵێن شکستی حیزبە سیاسییەکان بوو. خەباتی مەدەنیش شێوازیتری لە خەباتی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵات بۆ گەیشتن بە مافەکانی بوو و هەیە. بەڵام خۆی بە تەنیا ناتوانێ رزگاری دەر بێ. چون مەسەلەی کورد لە گەڵ شوێنەکانی دیکەی دنیا جیاوازی زۆرترە. ئەگەر ئەو دوو خەباتە هاوکات بێ، یان ئەوەی کە خەباتی مەدەنییەکە هەبێ هێزێکی چەکداریش هەبێ بۆ پشتیوانی ئەو خەباتە، بێ گۆمان بە ئاکام دەگات. چون دنیای ئەمڕۆ دنیای هێزە، هەر لایەنێک هێزی هەبوو ئەوە دنیاش حیسابی لە سەر دەکا. بە واتایەکیتر ئەو دوو شێوازە لە خەبات تەواو کەری یەکن لە وڵاتێک وەک کوردستان. خەباتی مەدەنی لە رۆژهەڵاتی

کوردستان ئەگەر هێزێکی قورس و قایم لە پشتی نەبێ وەک پارەی بێ پشتوانەیە. بە کورتی ئەگەر هێز نەبی کەس وڵامت ناداتەوە.
ڕێکخرواە مەدەنییەکان لەوانە ژنان، خوێندکاران، کرێکاران و... لە سەر بردنە سەری ئاستی وشیاری نەتەوەیی کورد رۆڵێکی گرینگیان هەیە، هەر کامەیان دەتوانێ ئەو توێژەی وا ڕێبەرییان دەکا وشیار بکاتەوەو مافە نەتەوەیی و سینفییەکانیان پێ بناسێنن. لە ناوچەیەک وەک رۆژهەڵاتی کوردستان کە رژیم و هێزە ئۆپۆزیسیونەکانی رژیمیش لە دەرەوەو ناوخۆی ئێران دژیێن و خوازیاری سەرکوت کردنییێن و هەروەها پشتیوانێکی دەرەکی نیە، خەباتی مەدەنی ناتوانێ تاقە ئاڵترناتیڤ بێ. بۆیە دەبێ هێزێکی سیاسی و چەکدار هەبێ کە پشتیوانی ئەو خەباتە بێ، تا حیسابی لە سەر بکرێ.

پرسیار : هۆکارەکان و ئومێدەکان بۆ بەدیهاتنی خواستەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەستێنی رەوتە ئیسلامییەکاندا چۆن دەنرخێنن؟

وەڵام : خواستەکانی کورد خواستگەلێکی عەلمانین، خواستگەلێکی دنیایی وەک دیمۆکراسی، مافی نەتەوەیی، بەرانبەری و یەکسانی کۆمەڵایەتی. بەڵام دیمۆکراسی و مافی نەتەوەیی وەک خواستگەلی عەلمانی لە گەڵ بەرنامەو خواستی رەوتە ئیسلامییەکان یەک ناگرنەوە، چون رەوتە ئیسلامییەکان کار بۆ دنیای فەرزی پاش مردن دەکەن. کەوابوو دوو گۆتاری عەلمانی و مەزهەبی لە کوردستان، بەرانبەر بە یەک رادەوەستن و کوردستان دەبێتە مەیدانی ململانێ دوو گۆتاری جیاواز. بە پێی تەجرۆبەش

ئیسلامییەکان ئەو ئاژاوەو شەڕە دەنێنەوە. چونکە گۆتاری مەزهەبی وەک گۆتاری کۆن و سۆننەتی هەست بە مەترسی دەکا. مەترسی لەوە کە گۆتاری عەلمانی خەریکە جێگای پێ لێژ دەکا. بۆیە رەوتە ئیسلامییەکان گەورەترین هەڕەشەن لە سەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد. جیا لەوە کوردستان لە دوو مەزهەبی سەرەکی ئیسلام واتە شیعە و سۆننی هەر وەها یارسانی پێک هاتووە (کۆمەڵێکی نە زۆر پێڕەوی ئایینەکانی دیکەش لە کوردستان دەژین)، ئەو رەوتە ئیسلامییانە دەتوانن کوردستان بەرەو شەڕێکی فیرقەیی ببەن وەک ئەوەی عێراق و ئەفغانستان. ئەو هەواڵانەی وا لە کوردستان دێن جێگەی نیگەرانین، ئێمە لە هەواڵەکان دەخوێنینەوە کە چەند لاوی رۆژهەڵات لە ئەفغانستان خۆیان تەقاندۆتەوە، ئەمە مەترسییە بۆ سەر داهاتووی کورد. بۆیە من پێم وایە دەبێ کورد وشیار بێ و هەروەها حیزب و ڕێکخراوە سیاسی مەدەنییەکانی کورد لەو بارەوە وشیاری بدەنە خەڵکی کوردستان.

پرسیار : رەوتی ئینشعابەکان لە ناو حزبەکاندا سەریان هەڵدا، ڕێکخراوی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان سەریهەڵدا بە مێتۆدی دەیەکانی شەست و ئایدۆلۆژی ئاپۆیی و چەپ؟ بەستێنی هەموو ئەم ئاڵو گۆرانە چ بوون؟

وەڵام : کاتێ باس لە رەوتی ئینشعابی حیزبەکانی رۆژهەڵات دەکرێ، دەبێ بگەڕینەوە بە بۆ مێژووی لانیکەم ٢٠ ساڵ پێشی ئەو حیزبانە. ئەو حیزبانە نزیک بە دوو دەیە پێش خاوەنی هێندێ کەسایەتی بوون کە سەرو گەردنێک لە هەر هەمووی ئەوانەی ئێستا سەرتر بوون. چ لە باری زانایییەوە چ لە باری شۆڕشگێڕییەوە. ڕێبەری لێوەشاوە و شۆڕشگێڕ دەتوانێ حیزبێک کە لە حاڵی شۆڕشدایە، بە پێی بەرنامەو ڕێبازەکەی بباتە پێش، بە بێ ئەوەی لا دانێک لە ڕێبازی حیزبەکە بێتە ئاراوە. دانانی بەرژەوەندی گشتی لە سەروی هەموو بەرژەوەندییەکانەوە، زانستی سیاسی و خوێندنەوەی هاوکێشە سیاسییەکان، هەڵسووڕو چالاک و دڵسۆزی نەتەوەو شۆڕش لە تایبەتمەندییەکانی ڕێبەری شۆڕشگێڕو لێوەشاوەن. بۆیە هەبوونی ڕێبەرێکی شۆڕشگێڕو لێوەشاوە، بۆ بەهێز بوونی ڕێکخراوی سیاسی پێویستە. ڕێبەری لێوەشاوە رەنگە نەتوانێ پێش بە ئینشعاب بگرێ بەڵام ئەو کەسانەیش وا جیا دەبنەوەو دەیانەوێ ئاژاوە بنێنەوە، وەک ئینشعابییەکانی کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی دیمۆکراتیان لێ دێ، کە سێبەری قاسملو و شەرەفکەندی نەیدەهێشت بە هیچ شێوەیەک پەلو پۆ بهاوێن. بۆیە هەبوونی ڕێبەری زاناو شۆڕشگێڕ لە نێو حیزبی شۆڕشگێڕدا پێویستییەکی بێ ئەملاو ئەولایە.
نەبوونی دیمۆکراسی لایەنێکیتری مەسەلەکەیە، هێندێ لە ڕێبەرانی ئێستای ئەو حیزبانە دیمۆکراسی و دەنگی خەڵکیان تا کاتێ قبووڵە کە خۆیان دەنگ بهێننەوە، ئەگینا هەر هەمووی یاساو ڕێساکان کە پێشتر باوەڕیان پێ بوو، ژێ پێ دەنێن، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە هەستی شۆڕشگێڕی لە وجوودی ئەو بە ناو ڕێبەراندا مردووە، لە لایەکیترەوە لە بەر ئەوەی کە رادەی زانستیان لە ئاستێکی نزمدایە، هەمووکات ترسی لە دەستدانی پلەو پایەی حیزبی دایگرتوون، چونکە دەزانن کە توانایی بەرهەم هێنانی بیری نوێیان نیە، تاکو ئەوەی کە دەنگی خەڵک بۆ بەدەست هێنانی پلەو پایە بە دەست بێنن، بۆیە بە ناچار دەکەونە پەلەقاژەوە و پەنا دەبەنە بەر نامۆعادڵەگەری و هەڵویستی نادیمۆکراتییانە، تەنیا بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا. کە ئەم کردەوە نادیمۆکراتییانە ئینشعابی لێ دەکەوێتەوە. چونکە ئەو بە ناو ڕێبەرانە بەرژەوەندی خۆیان لە سەروی بەرژەوەندی گشتیدا دەبینن. راست بە پێچەوانەی ڕێبەرە زاناو شۆڕشگێڕەکان کە بەرژەوەندی گشتی دەخەنە سەروی بەرژەوەندی تاکەکەسی و تەنانەت حیزبیشەوە.

جیا لەوانە دەستێوەردانی پارتەكانی باشوور فاكتورێكی گرینگە كە ناكرێ بەرچاو نەگیردرێ. هێرشی ئەمریكا بۆ سەر عێراق و هەڕەشە لە ئێران هۆیەكی دیكەی ئەو ئینشعابانە بوو، چون هێندێ لەو بە ناو ڕێبەرانە پێیان خۆش بوو وەک ڕێبەر بڕۆنەوە رۆژهەڵاتی كوردستان و خەڵكیش بە چەپڵە پێشوازییان لێ بكا.

لە سەر پژاک یان لقی رۆژهەڵاتی پەكەكە باس زۆرە. ئەو لقەی پەكەكە لە راستیدا بۆ رزگاری گەلی كورد لە رۆژهەڵاتدا دا نەمەزرا. پەكەكە كە بە دوای دەسگیر كردنی ئۆجەلان كەوتبووە رەوشێكی نالەبارەوە، لە لایەكەوە پێویستی بە ئێران بوو، لە لایەكیترەوە ناوی لە نێو لیستەی تێرۆری رۆژئاوادا بوو. بۆیە دەبوو كارێک بكا كە هەر دوو لایەن بە دەس بێنێ. پەكەكە سەرەتا چەندین جار بۆ دەرباز بوون لە لیستەی تێرۆر ناوی خۆی گۆڕی، بەڵام قازانجێكی نەبوو. دوای شەڕی عێراق و ئەمریكا پەكەكە لەوە دەترسا كە تووشی چارەنووسێک وەک گرووپە ئیسلامییەكانی باشووری كوردستان بێ، كە ئەمریكا هەموویانی هەڵپێچا. جیا لەوەش پەكەكە بە هۆی پاشە كشە لە دروشمی سەربەخۆیی بۆ چوار پارچە تووشی قەیرانی ناوخۆیی هاتبوو. بۆیە بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانانە، سیاسەتی بنیات نانی پارتی دەسكردی بۆ پارچەكانیتری كوردستان گرت. كە لەم راستایە پژاكی بۆ رۆژهەڵاتی كوردستان پێكهێنا. پەكەكە دەیهەویست لە رێگەی ئەو لق و پۆپانەیەوە بتوانێ لە گەڵ رۆژئاوا بە تایبەتی لە گەڵ ئەمریكا بكەوێتە دانوستاندن. بۆیە بەو كارەی ویستی وا پیشان بدا كە ئۆپۆزیسیونی دژمنێكی رۆژئاوا، واتە ئێرانە. تا بەم شێوەیە رێگەی رۆژئاوا لە بەردەم خۆی ئاوەڵا بكا. بەڵام ئەم سیاسەتە سەری نەگرت. جیا لەوانە پەكەكە قازانجیتری دەكرد كە بریتی بوو لە كۆ كردنەوەی چەكداری زیاتر و ئیمتیاز وەرگرتن لە داگیركەرانی كوردستان بە بۆنی كۆنترۆڵ كردنی شۆڕشی پارچەكانیتر لە رێگەی ئەو لق و پۆپانەی خۆیەوە. لەم نێوەدا ئێرانیش بەرژەوەندی خۆی لە پێكهاتنی پژاک هەبوو. كە دەكرێ ئاماژە بكەین بە: خاڵی كردنەوەی رۆژهەڵاتی كوردستان لە هێزی شۆڕشگێرو كارامە بە فیڕۆ دانی لە توركیە، گوشار هێنانی زیاتر بۆ هەرێمی كوردستان، بە ئاڵترناتیو كردنی پژاک وەک هێزێكی گوێ لە مست بۆ حیزبەكانی رۆژهەڵات، سەركوتی ساناتری جووڵانەوەی مەدەنی كە بە دوای كۆتایی هاتنی شەڕی چەكداری هێزەكانی رۆژهەڵات پێكهاتبوو، خواستی رژیم لە ناسینی جووڵانەوەی رۆژهەڵاتی كوردستان وەک جووڵانەوەیەكی تێرۆریست هاو چەشنی پەكەكە لە دنیای دەرەوە. ئەم خواستانەی رژیم بە تایبەتی لە شەڕی ئەم دوایە كە بە شەڕی قەندیل ناسرا دەركەوت. لە لایەكەوە رژیمی ئێران رۆژانە بۆ جێگیر كردنی ناوی پژاک لە زەینی خەڵكدا پەیتا پەیتا ناوی دەهێنا، لە لایەكی دیكەوە لقی رۆژهەڵاتی پەكەكەش بە دەركردنی دوو ژمارە لە گۆڤاری "ئاڵترناتیو" كە بە توندی هێرشی كردبووە سەر پارتە كانی رۆژهەڵاتی كوردستان، سیاسەتەكانی رژیمیان بە باشی جێبەجێ كرد. خاڵێكی زۆر گرینگی دیكە ئەوەیە كە بە رەزامەندی پەكەكە-پژاک كۆماری ئیسلامی لە چیای جاسوسان بنكەی دانا، تا باشتر بتوانێ هەرێمی كوردستان كۆنترۆڵ بكا.

لقی رۆژهەڵاتی پەكەكە لە نەبوونی هێزی پێشمەرگەی حیزبەكانی رۆژهەڵات لە ناوچەدا پێک هات، بەڵام بە سیاسەتی هێرشبەرانە بۆ سەر حیزبەكانی رۆژهەڵات. رۆژانە ئێمە دەبینین كە لە میدیاكانی پەكەكەوە هێرش دەكرێتە سەر حیزبەكانی رۆژهەڵات، پرسیار ئەوەیە كە مەگەر ئەوان ئۆپۆزیسیونی ئەو حیزبانەن یان كۆماری ئیسلامی؟ هێرش كردنە سەر ئۆپۆزیسیونی رژیم مانای چیە؟ ئایا دەكرێ ئەو حیزبەی كە پژاک، بە بێ ئەو توانای ئاو خواردنەوەشی نیە، دۆستی كۆماری ئیسلامی بێ و پشتی جەبهەی كۆماری ئیسلامی بێ، بەڵام پژاک كە لقێكە لەو حیزبە، ئۆپۆزیسیونی كۆماری ئیسلامی بێ؟

بۆیە پژاک پارتی سیاسی و ئۆپۆزیسیونی كۆماری ئیسلامی نیە، بەڵكوو كڵاوێكی گەورەیە كە بۆ كوردی رۆژهەڵات ساز دراوە كە راست هاوشێوەی كڵاوەكەی رۆژئاوای كوردستانە.

**پرسیار : هۆكارەكانی یەک نەبوونی ماڵی كورد چین؟**

**وەڵام :** هەر وەک پێشتر باسم كرد، لە سەرەتای شۆڕشی ٥٧ تا ئێستا سێ بیرو ئەندیشەی جیاواز بە سەر كۆمەڵگەی كوردستاندا زاڵ بوون واتە بیری نەتەوەیی، ئیسلامی و كۆمۆنیستی، بەڵام لایەنی نەتەوەیی و ئیسلامییەكەی بە هێزترن. ئەم چەند جۆری بیرو ئەندێشە، شێوازێ لە یەكتر دوور كەوتنەوەی لە نێو هێزە سیاسییەكانی رۆژهەڵاتدا خوڵقاندووە. بەڵام لە ماوەی چەند ساڵی رابردووە ئەم ناكۆكییە شێوازێكی نوێی بە خۆوە گرتووە. ئەویش ئینشعابی ناو حیزبەكانی رۆژهەڵاتە. ئینشعاب لاوازی بە دوای خۆیدا دێنێ. بەڵام ئەو ئێنشعابانەی وا لە رۆژهەڵاتدا دەكرێن زۆر دەگمەن و ئەنتیكەن. چون تا ئێستا لە هیچ كوی دنیا من شتی وام نەدیوە. كاتێک جەمعێک لە نێو حیزبەكانی رۆژهەڵاتدا جیا دەبنەوە، ئەوانیش راست حیزبێک دادەمەزرێنن كە بە تەواوی هاوشێوەی حیزبێكە كە لێی جیا بوونەتەوە. واتە حیزبێک هەر بەو ناوە، مێژووە و هێمایانەوە!! كە ئەمە لە قۆناخی یەكەمدا نیشانەی ئەوەیە كە ئینشعابەكان لە سەر كورسی بووە، دووهەم دەرخەری ئەوەیە كە ئەو كەسانە یا جیا دەبنەوە و دەڵێن: ئەوە ئێمە بۆیە جیا بوینەوە، چونكە خاوەنی بیری جیاواز بوین و سەركوت دەكراین، لە گەڵ خەڵكدا درۆ دەكەن، چون هیچ بەرنامەو بیرێكی نوێیان پێ نیە. چون ئەگەر خاوەنی بەرنامەو بیری نوێ بان، حیزبێكی نوێیان دادەمەزراند. پەنا بردن بۆ ساز دانی حیزبی هاوشێوەی حیزبی رابردوو لە لایەن ئێنشعابییەكانەوە نیشانەی نەبوونی باوەڕ بە خۆ بوون و بێوەری بوون لە هەر چەشنە بیرو هێزرێكی نوێە. لە دنیادا نموونەی زۆر ئینشعابمان هەن كە سەر

کەوتوون وەک کادیمای ئیسرائیل کە لە ماوەی شەش مانگدا دەسەڵاتی ئیسرائیلی بە دەستەوە گرت، یان هەر لە کوردستان یەکیەتی نیشتمانی لە پارتی، یان گۆڕان لە یەکیتی نیشتمانی. کەوابوو ئینشعابەکان زیاتر لە سەر کێشەی شەخسی و بنەماڵەیی، ناوچەیی و کورسییە، نە بیری نوێ.
ئەو شێوە ئینشعابانە هێندەیتر کوردیان پەرش و بڵاوتر کردووە. چون خەڵک نازانێ کی کێیە؟ کامە هەڵوێست هی کامە لایەنە؟ من لەو باوەڕەم تا ئەو مەسەلەیە چارەسەر نەکرێ باس کردن لە یەکگرتن وەک گاڵتە وایە، چون هێچ لایەکیان ئامادە نین لە گەڵ ئەو لەیەکەیتر دانیشتن بکا. کەوابوو یەکگرتنیش پێک نایە.

**پرسیار : بزووتنەوەی سەوز لە ئێران قۆناخێکی دیکە بوو لە ئێران، ڕەوتی سیاسی و باڵەکانی ڕێژیمی بە ئاقارێکی دیکەدا برد، کورد بێدەنگی نواند، ئایا بێدەنگی مەسڵەحەتی کورد بوو یان بە پێچەوانە؟**

وەڵام : ئەگەر چاوێک بە سەر خۆپیشاندانەکاندا بخشێنین، دەبینین کە تەنیا کورد نەبوو کە بێ دەنگی نواند، بەڵکوو نەتەوە غەیری فارسەکانی ئێران هەمو بێ دنگییان نواند. هەر چەند زۆرێک لەوانە وا لە تاران کۆژران لە نەتەوەکانیتر بە تایبەتی کورد بوون. بەڵام وەکو هەڵوێستی نەتەوەیی، بە گشتی ئەو نەتەوانە بێ دەنگ بوون. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە بزووتنەوەی سەوز هیچ پەیامێکی بۆ نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران پێ نەبوو. بۆیە پشتیوانی لە جووڵانەوەیەک کە مافەکانی کوردی ڕەچاو نەکردووە، دوورە لە عەقڵیەتی سیاسی و من ئەو بێ دەنگییە بە تەواوی سیاسییانە و ژیرانە دەبینم.

## مطالبات سیاسی کردهای ایران (گفتگو با دکتر آسو حسن زاده)



تنظیم: افراسیاب گرامی

بیوگرافی کوتاه:

آسو حسن زاده سال ١٩٧۶ در بغداد بدنیا آمده است. تحصیلات عالی را در فرانسه و سوئیس به اتمام رسانده و دارای مدرک دکترا در رشتەی حقوق بین‌الملل میباشد. در دانشگاههای استراسبورگ و ژنو فعالیت تدریسی و پژوهشی داشته است. سال ٢٠٠٨ بعضویت کمیتەی مرکزی حزب دمکرات کردستان درآمده و از سال ٢٠١٠ بعنوان مشاور نخست وزیر حکومت اقلیم کردستان (عراق) و رئیس بخش حقوق دانشگاه فرانسوی - لبنانی در اربیل مشغول به کار است.

سخن کوتاه:

تاریخ جنبشهای آزادیبخش کوردها طی صد سال اخیر همراه با فراز و نشیبهای فراوانی بوده است. خواست و مطالبات کوردها همیشه برای فعالان سیاسی و روشنفکران ایرانی در هالەای از ابهام باقی مانده است. گفتگوی حاضر پاسخ بخشی از این سوالات و ابهامات رایج در محافل روشنفکری و جریانهای سیاسی در ایران است. امیدوارم که روزنەای باشد برای آشنایی با مطالبات کوردها در ایران.

**تاریخ نوین دولتهای حاکم بر کردستان برای کردها مملو از چالش بودەاست. در این مدت احزاب سیاسی و تشکلهای مدرن بوجود آمده و جنبش سیاسی کردها رادیکالتر شده است. ارزیابی شما از عملکرد این جنبش در زمینەی توسعەی سیاسی در کردستان و شکلگیری گفتمان سیاسی کردها چیست؟**

شخصا بر این باورم که با ظهور پدیدەی تحزب در میان کردها (اواسط قرن بیستم) جنبش کرد رادیکالتر نشد و چه به لحاظ سقف مطالبات (انصراف از خواست استقلال) و چ از نظر روشهای مبارزاتی (قابلیت بیشتر برای مشارکت در روند سیاسی کشور) این جنبش در عصر جدید مجموعا رویکردهای میانه‌روانه‌تری را در پیش گرفته است. تأکید براین نکته را از این نظر لازم میدانم که باوجود مبارزەی معاصر کردها برای احقاق حقوق ملی‌اشان در چهارچوب دولتهای فعلی، بسیاری از نخبەهای

سیاسی باصطلاح غیر قومی از به قول خودشان "حداکثر خواهی" کردها خرده میگیرند.

تا جایی که به "عملکرد جنبش کرد در زمینەی توسعەی سیاسی در کردستان و شکلگیری گفتمان سیاسی کردها" برمیگردد، باوجود رابطەی بین این دو باید بطور جداگانه به هر کدام از این زمینەها نگریست، چرا که اولی بیشتر از یک منظر درونی به کردها خودشان مربوط میشود و دومی از دیگاه جامعەی فراگیر به رابطەی آنها با دیگران ارتباط دارد. ما تنها زمانی میتوانیم نقش نخبەهای سیاسی کرد در زمینەی توسعەی سیاسی کردستان را سختگیرانه ارزیابی کنیم که این نخبەها نه فقط امکان مشارکت سیاسی را داشته باشند، بلکه در انشاء و گسترش زیرساختهای فرهنگی و اجتماعی و اقتصادیای نیز که پیش شرط توسعەی سیاسی هستند، تصمیم گیرنده و یا حداقل مستقیما دخیل باشند. در حالیکه خود کاربرد اصطلاح "جنبش" برای وصف مبارزەی سازمانیافتەی کردها گزارش از یک فرآیند خارج قدرت سیاسی و در حاشیەی روند تصمیمگیری عمومی میکند. فراتر از این، جنبش سیاسی کردهای ایران بدلیل ممنوعیت و ناقانونی بودن و به امنیتی درآمدن محیط رشد این جنبش از جانب حکومتهای مرکزی، اغلب اوقات یک جنبش زیرزمینی، در تبعید و نتیجتا انقلابی بوده است و این، ابتکار عمل و امکان تاثیرگذاری در توسعەی سیاسی را محدودتر هم ساخته است. با اینهمه و علیرغم دشواریهایی که این جنبش در زمینەی گذار یا هماهنگی بین روشهای انقلابی و مدنی مبارزه با آن مواجه بوده است، هر گاه که فرصتهای هرچند نسبی و ظاهری برای پیشبرد اهداف خود از راههای شبه دمکراتیک و مسالمت آمیز (مثلا شرکت مستقیم یا غیر مستقیم در بعضی از انتخاباتها، تشویق روشهای مدنی مبارزەی سیاسی، نشستن بر سر میز مذاکره) را داشتەاست، از آنها استقبال و استفاده کرده و حتی هزینەهای کلان هم در این راه پرداخت کردەاست. از طرف دیگر، جامعەی کردی بطور طبیعی زایندەی تعدد و کثرت احزاب و سازمانها بوده و این امر - علیرغم اختلافات مقطعی بینشان- جامعەی کردستان را بعنوان بستر حاصلخیزی برای پلورالیسم سیاسی نمایان کردەاست.

در ارتباط با نقش نیروهای کرد در امر گفتمانسازی شاید دستاورد و موفقیت نیروهای کرد در این زمینه ملموستر باشد. جنبش کرد ضمن کمک به ارتقای حس آزادیخواهانه و قالب دادن هشیاری ملی مردم کردستان در مجموع سعی بر آن داشته است که بیانگر خواستهای هویت طلبانەی خلق کرد در چهارچوب یک گفتمان دمکرات، سکولار، سازنده وعملگرا باشد.

**بنظر شما علت اینکه در طول تاریخ نوین ایران هیچکدام از مقطعهای این تاریخ برای کردها موجب تغییرات سیاسی و اجتماعی قابل شناسایی و موقعیت جدیدی نبوده به نحوی که هنوز مسألەی کرد لاینحل مانده است، چیست؟ آیا تقصیر از کردها خودشان بودەاست که بعضی ها میگویند که به جای رویکرد مسلحانه میبایستی گزینەهای مبارزاتی مدنی را در پیش بگیرند؟**

برخلاف دیدگاهی که میخواهد مورد کردهای ایران را از وضعیت کردها در دیگر کشورها مطلقا مجزا سازد، عوامل تاریخی، فرهنگی، و سیاسی بسیاری باعث میشود که درک صحیح قضیەی کرد در ایران بدون در نظر داشتن مسألەی کرد در کلیت آن میسر نیست. با اینکه تفاوتهای غیر قابل انکاری در وضعیت کردهای سایر بخشهای کردستان از لحاظ موقعیت حقوقی و معادلەی دموگرافی وجود دارد، سیاستهای اعمال شده در قبال کردها در تمامی کشورها بر مبانی مشابه بنیان گشته و سیر تغییر و تحولات مربوط به آنها در عصر جدید تابع منطق و استراتژیهای همانند بوده است. بنابراین لاینحل ماندن مسألەی کردها در ایران قبل از هر چیز به عدم حل مسألەی کرد در کلیت خود برمیگردد.

با اینحال و باوجود ریشەهای تاریخی مشترک مشکل کردهای سایر بخشهای کردستان و حس همبستگی ملی قوی میان آنها، مسألەی کرد در هر بخش از کردستان از ویژگیهایی برخوردار است که ناشی از تاریخ و روند سیاسی مربوط به هر کدام از این کشورهاست. تا جایی که به تاریخ معاصر ایران مربوط میشود، با وجود کوششهای متوالی نخبەهای سیاسی کرد برای نهادینه ساختن حقوق ملی خلق کرد (مخصوصا در حاشیەی جنگ دوم جهانی و بلافاصله پس از انقلاب ١٣٥٧)، کردها نه فقط بطور مداوم از حق مشارکت در مرکز محروم ماندەاند، بلکه تنها بصورت موقت، ناقص و غیر معترف زمام امور خود و سرزمینشان را در دست داشتەاند؛ از این بابت هر دفعه با وحشیانەترین روشهای سرکوب و حرمان مجازات شدەاند و بطور کل، حکومتهای مرکزی در ایران برای سیطره بر کردستان همیشه به روشهایی که بیشتر زیبندەی متجاوزین اشغالگر است متوسل شدەاند. بعلاوه، ضعف اپوزیسیون سراسری، عدم وجود مقاومت وسیع و پایدار مردمی در نقاط دیگر ایران و مناسبات مماشات جویانەی قدرتهای خارجی با رژیم (لا اقل تا چندی پیش) همگی عواملی بوده که به تنهایی جنبش کردستان در مقابله با رژیم افزوده است.

البته تنها راه رسیدن به اهداف بهم زدن معادلەی قوا به لحاظ میدانی نیست و سیناریوی ایدەآل طبعا حل و فصل مسائل از طریق تفاهم و سازش است. ولی آنجا که معادلەی قوا طوری نباشد که حاکمیت را ناچار به تن دادن به سازش کند، بدون حداقلی از ذهنیت دمکراتیک و تحمل از جانب حاکمیت کمترین شانسی برای حل مسائل وجود ندارد. در ایران خود روند دمکراسی با اشکالات و موانع بیشمار مواجه بوده و روزنەهای دمکراتیک تنها بصورت پرانتزی به روی مردم این کشور گشوده شده است.

علیرغم تحلیلهای هدفمندانه‌ای که در سالهای اخیر جهت بازخوانی و بازنویسی تاریخ کنش و واکنش میان کردها و حکومتهای مرکزی در ایران صورت گرفته‌است، حقیقت ساده‌ای که کل این تاریخ را خلاصه میکند در یک تضاد آشتی ناپذیر ماهیتی نهفته است بین جنبش حقطلبانه‌ی خلق کرد که دست آخر آزادی گروهی از انسانها را تعقیب میکند از یک طرف، و نظامهای فکری و حکومتی‌ای که آزادی ستیز و بی تحمل هستند از طریف دیگر. البته این هم کل قضیه نیست و مستلزم اساسی دیگر برای حل مسأله‌ی کرد در ایران قبول این واقعیت از طرف نخبه‌های سیاسی و حکومتی است که وجود ملل و اقوام یکی از مهمترین مؤلفه‌های ساختاری جامعه‌ی ایران است. بهمین خاطر استقرار آزادی و مقوله‌های ابتدائی دمکراسی هم در ایران با اینکه مسأله‌ی کرد را از زمینه‌ی مساعدتری برخوردار میسازد و حتی صورت مسأله را تغییر میدهد، ولی به خودی خود این مسأله را حل نمیکند.

در مورد مبارزه‌ی مسلحانه نیز، هرجا که امکان پیشبرد اهداف از راه سیاسی و مسالمت آمیز نباشد، بطور طبیعی روشهایی که در افکار عمومی بازتاب بیشتری دارند اهمیت پیدا میکنند. با اینحال، در هیچ کدام از مقطعهای دورانی که ما مد نظر داریم کردهای ایران بصورت التصاقی به مبارزه مسلحانه روی نیاورده‌اند و روش نظامی بیشتر در چهارچوب دفاع مشروع بکار گرفته شده‌است. امکان استفاده از روشهای مدنی مبارزه در چهارچوب جمهوری اسلامی را هم متأسفانه فعالین کرد هر روز به قیمت جان خودشان تجربه میکنند. رژیم اتهام تعلق آنها به احزاب غیرقانونی کرد را همچون وسیله‌ای آسان برای محاربه خواندن آنها بکار میبرد و بدینگونه جداسازی بین این دو بستر از مبارزه را خالی از معنی میسازد.

**کردها مطالبات سیاسی خودشان را بر اساس حق تعیین سرنوشت عنوان میکنند. در عین حال نیروهای کرد اغلب خواستار خودمختاری و یا فدرالیسم هستند. با اینحال بطور مداوم برچسب تجزیه‌طلبی بر آنها زده‌اند. مجموع این تضاد و تنشها را چگونه شرح میدهید؟**

نتیجه‌ی ساده‌گری در هر زمینه‌ای چیزی جز بازتولید و ازدیاد ناعدالتیها نیست. در رابطه با مسائل قومی و همزیستی در کشورهای کثیرالمله نیز سعی برای یافتن فورمولهای ساده کننده در قرائت سیاسی و تبیین حقوقی واقعیات پیچیده‌ی انسانی نه عادلانه و نه پربار است و برخورد معقول با این مسأله با اذعان به پیچیدگی امر و پرهیز از آرزوی تحمیل مصنوعی یک هویت فراگیر شروع میشود. جنبش کرد هم یک جنبش هویت طلبانه است. دلیل وجودی جنبش کرد در همین خصلت (هویت طلبی) نهفته است که بدون آن جنبش کرد معنی و رسالت خود را از دست میدهد. کردهای ایران بخشی از بزرگترین ملت بی دولت جهان هستند و گذشته‌ی تاریخی آنها بطور بالقوه یا بالفعل بر رفتار سیاسی امروزشان تاثیر میگذارد. قبول این واقعیت از طرف نخبه‌های سیاسی غیر کرد به تعامل بهتر و سازنده‌تر به مساله‌ی همزیستی در ایران و یافتن مناسبترین شکل و محتوی برای نظام دموکراتیک آینده‌ی این کشور کمک مینماید.

شخصا تضاد آنچنانی در گفتمان سیاسی و هویت طلبانه‌ی کردهای ایران نمی‌بینم. با قراردادن حق تعیین سرنوشت در صدر مبانی خواستهای سیاسی‌اشان، نخبه‌های سیاسی کرد هدف مشروع تحکیم هویت ملی خود و مطالبات سیاسی‌اشان و پیش کشیدن مقوله‌ی اتحاد داوطلبانه را تعقیب میکنند. از طرف دیگر، خودمختاری و فدرالیسم شکلهای دیگر اجرای حق تعیین سرنوشت هستند که نمونه‌های اجرای چنین راهکارهایی بر این اساس در تاریخ معاصر جهان به وفور یافت میشود.

در مورد تجزیه‌طلبی هم کردها دیگر از این برچسبها خسته شده و ترجیح میدهند بجای تبرئه‌ی بیمورد خود در این زمینه مسئولیت تعامل با این "مخاطره" را به کسانی وا بگذارند که این همه درباره‌ی هراسشان از تجزیه‌ی ایران میگویند بدون اینکه به این سؤال ساده توجه کنند که چگونه میتوان شرایطی را در ایران مهیا ساخت که کردها و دیگر خلقهای تحت ستم در این کشورآنقدر در اداره‌ی کشور سهیم و در تصمیمگیریهای مربوط به خودشان خودمختار باشند که تأمین و تضمین منافع خود را همچنان در چهارچوب ایرانی متحد ببینند. جالب است که ببینیم در کشور نسبتا نوپایی همچون عراق که در آن روابط تاریخی و دوگانگی میان کردها و عربها اصلا با آنچه که میان کردها و فارسها در ایران مشاهده میشود قابل مقایسه نیست، رهبران سیاسی کرد هم بصراحت میگویند که در صورت تداوم کارشکنی حکومت بغداد در رابطه با مطالبات کردها به گزینه‌های رادیکالتر (استقلال) میاندیشند، ولی در عراق اتهام تجزیه‌طلبی به مراتب کمتر از آنچه در ایران می‌بینیم به کردهای عراق نسبت داده میشود و بر خلاف صحنه‌ی سیاسی ایران در عراق توهم تجزیه تمام روند و مباحث سیاسی مربوط به موضوع همزیستی قومی را به گروگان خود در نمی آورد.

**امروز اغلب احزاب اپوزیسیون کرد در ایران و منجمله حزب شما خواستار استقرار یک نظام فدرالیستی در ایران هستند. آیا بر این باور نیستید که چالشهای بر سر راه تحقق این شعار موضوع را در کوتاه مدت ناممکن میسازد؟ در صورت عدم پذیرش این سیستم از طرف آحاد مردم ایران و احزاب سیاسی به عنوان سیستم سیاسی آینده‌ی کشور، چه راه حل دیگری را پیشنهاد میکنید؟**

اگر واقعا بخواهیم مهم دمکراتیزاسیون در ایران را با واقعیات تاریخی و فرهنگی این سرزمین و با خواست و اراده‌ی گروههای ساکن آن مطابق کنیم، باید حقوق ملیتها را

– در کنار حقوق شهروندی- یکی از ستونهای اصلی معماری نهادی آیندهی کشور قرار دهیم. بسیاری از جریانات و نخبگان سیاسی ایرانی بدون ورود به جزئیات بحث فدرالیسم در ایران، این سیستم را از پیش محکوم میکنند و در این رابطه به ارائهی بعضی توجیهات کلی و سطحی مبنی بر پیامدهای نامطلوب این سیستم برای "انسجام ملی" و قابل اجرا نبودن این سیستم (بدلیل بقول آنها منحصر بفرد بودن وضعیت ایران) اکتفاء میکنند. مخالفت آنها با این سیستم (مخصوصا اگر هدف از فدرالیزاسیون ایران مشارکت جمعی و هویتی ملیتها باشد)، بیشتر یک مخالفت سیاسی است تا یک مخالفت علمی. بهمین خاطر باعتقاد من مانع اصلی و اولی سر راه توافق حول این موضوع نه خصایص ذاتی این سیستم و آن سیستم، بلکه نحوهی نگرش به جایگاه ملل و قومیتها در بستر عمومی است. هر زمان اعتراف به ترکیب کثیرالملهی کشور ایران در حوزهی حکومتی و قبول پیامدهای سیاسی و قانونی این اعتراف در زمینهی برابری ملیتها قابل هضم شد، تن دادن به فدرالیسم هم میسر خواهد شد.

ادارهی پایدار و سازندهی امر تنوع اتنیکی در ایران ایجاب میکند که با شجاعت و صبورانه به مقابلهی چالشهای پیش رو رفت. صرفنظر از اینکه اصولا فدرالیسم یک سیستم انعطاف پذیر و ظرفیت ساز است که قابلیت دربرگیری راه و روشهای تلفیقی و غیر متقارن برای تعامل با وضعیتهای ناهمگون را دارد، نه فدرالیسم و نه هیچ سیستم حکومتی دیگری مخصوصا در بدو کار در امان چالش و دشواریها نیست. علیرغم سیستماتیک نبودن معادلهی بین دمکراسی و فدرالیسم، فدرالیسم میتواند بهترین راهکارهای اجرا و تضمین دمکراسی در ایران را فراهم آورد. در هر صورت بگذار بگوئیم که فدرالیسم همان قدر در ایران صعب الاجراست که خود دمکراسی در این کشور صعب‌الاجراست.

در مورد احتمال عدم پذیرش فدرالیسم از طرف مردم ایران، به شرط انجام زمینه‌سازیهای لازم و رعایت اصول توافقی‌ای که در کشورهای کثیرالمله برای تدوین و تصویب متون اساسی رایج است، دلیلی نمیبینم که اکثریت مردم ایران که همانا مردمانی هستند که در صد سال گذشته در حاشیهی قدرت سیاسی و توسعهی فرهنگی و اقتصادی مانده‌اند، به ترفیع و ارتقای حقوق خودشان رأی ندهند. ولی حتی در صورت بوقوع پیوستن فرضیهی ذکر شده، باید گفت که گرویدن احزاب سیاسی کرد از شعار خودمختاری به شعار فدرالیسم در سالهای اخیر به معنای دست برداشتن آنها از سرشت متمایز و قائم بذات مسألهی کردستان نیست و مبارزهی کردها در ایران در هر حال برای کسب محتوایی غنی و محکم ازحقوق مشروعشان است، محتوایی که در صورت تعمیم به سایر گروههای اتنیکی در ایران فدرالیسم یا رژیونالیسم با بعد هویتی را ببار می‌آورد.

**طی چند دههی گذشته در مجموع شاهد سکوت نخبگان روشنفکر تمرکزگرا در قبال مسألهی کردها بوده‌ایم. به نظر شما، چرا جامعه و احزاب ایرانی با خواست کردها هنوز آشنا نیستند و سکوت رسانه‌ها، احزاب و فعالان ایرانی در قبال مسألهی کرد از کجا سرچشمه میگیرد؟ کلا ارزیابی شما از موضع نیروهای اپوزیسیون در قبال این مسأله چگونه است؟**

ترکیب طیفی نخبگان سیاسی و روشنفکری جامعهی ایران متنوعتر و پیچیده‌تر از آن است که بتوان همه‌اشان را تحت یک لفاف توصیفی گرد آورد. از طرف دیگر، شاید دقیقتر باشد که بجای عدم آشنایی نخبگان مد نظر شما با مسألهی کرد از آشنایی ناکافی و درک نادرست آنها از این مسأله صحبت کنیم. علت این امر هم ابعاد بسیاری دارد که میتوانیم آن را در یک نقصان ذهنی و هویتی با پیامدهای متعدد در زمینهی رفتار سیاسی افراد و گروههای درون جامعه خلاصه کنیم. اختلاط دموگرافی میان ملیتها در طول تاریخ ایران و وفور کانالها و آشیانه‌های معاشرت و درهم آمیختگی اتنیکی در این کشور یک واقعیت غیر قابل انکار است. ولی بدلیل باز نبودن فضای سیاسی و مخصوصا بدلیل یک بعدی بودن هویت فرهنگی‌ای که حاکمیت سیاسی از آن خود کرده‌است، واقعیت تنوعات فرهنگی در بستر عمومی انعکاس نداشته و انگیزهی اکتشاف و شناخت ملیتها (چه در زندگی اجتماعی افراد و چه در سطح پژوهشی و کنش و واکنش میان نخبه‌ها) ضعیف بوده است. در نتیجه نخبه‌هایی که هویت فرهنگی مشترک با حاکمیت سیاسی داشته‌اند با طرز تفکر و عادتهای هژمونیک و انکارگرانه پرورش یافته‌اند، انکار کثرت و تنوع فرهنگی در بستر عمومی منحصر به آپارات دولتی نبوده و در عمق اقشاری از جامعه که اتفاقا خود را بسیار آزاداندیش و عدالت طلب هم میخوانند، امتداد داشته است.

طبعا عامل رسانه‌ای هم در این زمینه نقش مساعدی ایفا نکرده‌است. بدلیل پیشرفت محدود رسانه‌های آزاد و دسترسی ناکافی عموم به منابع طلاعات بیطرفانه نه فقط زمینهی لازم برای درک و شناخت متقابل فرهنگی و سیاسی میان کردها و دیگرانشان ایجاد نشده، بلکه هنوز اثرات کلیشه‌های کاذب و نامنصفانه‌ای که مخصوصا جمهوری اسلامی در اوایل انقلاب در ارتباط با باصطلاح خشونت طلبی کردها اشاعه داده بود، از بین نرفته است. رسانه‌ها و محافل سیاسی و روشنفکری ایرانی خارج از کشور هم با اینکه نمیتوان آنها را به سکوت در خصوص معضل کردها متهم کرد، ولی نحوهی برخورد آنها به این موضوعات هنوز جوابگو و در حد مقتضیات نیست و واقعیت "گتو"های سیاسی و رسانه‌ای که خود نتیجهی گسستهای فکری و هویتی‌ای است که ایرانیان از آن رنج میبرند، همچنان ادامه دارد.

البته شاید نخبه‌های سیاسی کرد خودشان هم در این زمینه بی تقصیر نباشند و تا این اواخر کوششهایشان در این راستا در حد لازم نبوده است. علت این امر هم شاید دقیقا بی‌تفاوتی و نادیده‌گیریهای محافل و نخبه‌های غیر قومی و باصطلاح سراسری در خصوص موضوع ملیتهای ایران باشد که باعث تضعیف انگیزهی نخبه‌های کرد

برای توضیح و تفهیم مسائل و مطالبشان شده است، بنحوی که آن بخش از جریانات سیاسی کرد که بیشترین استعداد برای معاشرت و گفتگو با محافل ایرانی را از خود نشان میدهند، باید از محبوبیت خود در جامعه‌ی کردی مخصوصا درمیان نسل امروزی روشنفکران کرد مایه بگذارند.

در ارتباط با موضع جریانات هم باید گفت که با اینکه تعداد نخبگان، محافل و نیروهایی که به معادله‌ی بین دمکراسی و عدم تمرکز و ضرورت مطابق ساختن نظام آینده‌ی ایران با واقعیت تعدد فرهنگی در این کشور ایمان آورده‌اند افزوده است، ولی بدلیل تداوم حالت ذهنی‌ای که قبلا ذکر کردم، رویهمرفته هنوز مواضع در حد انتظار نیست؛ اغلب جریانات در بهترین حالت به تأکید بر رفع تبعیض و تمرکززدایی اداری و اقداماتی در زمینه‌ی ابراز هویت فرهنگی و جبران شکاف توسعه بسنده میکنند و اعتراف به بعد واقعی مسأله‌ی همزیستی در ایران و نتیجه‌گیری صریح از این امر هنوز به یک اشتراک ارزشی وگفتمانی در نیامده است.

—

* لازم به ذکر است که این گفتگو، همگام با زنجیره گفتگوی تحت عنوان "کوردستان میان امروز و دیروز" است که به زبان کوردی تنظیم شده است راجع به مسائل جنبش کوردها در عرصه سیاست، فرهنگ و جامعه و بازخوانی رویدادهای صد سال اخیر در ایران و تاثیرات آن بر جامعه کوردستان و جنبشها و جریانهای سیاسی و روشنفکری کوردها در ایران است.

فیوریی‌ەی ۲۰۱۲

## ریشه‌های مشکل کرد در خاورمیانه

### بخش دوم و پایانی

خاورمیانه، خاستگاه تمدن بشری و آغاز دوران تاریخی است. با این حال، از مشکلات فرهنگی، سیاسی و اجتماعی دیرپایی رنج می برد. این مشکلات، بیشتر شامل پایمال شدن حقوق و کرامت انسانی، در مناسبات سیاسی، اقتصادی و اجتماعی حاکم بر این منطقه است. اما چرخه‌ی پیوستگی اقتدار سیاسی و فرهنگ اجتماعی مولد چنان مناسباتی، هنوز پایدار مانده است.*

شاید از آن جهت این منطقه مهد پیدایش مذاهب سه‌گانه‌ی توحیدی شده است، تا نابهنجاری های چنان مناسباتی بهبود یابد، با این حال مشکلات ناشی از این جریان، هنوز به قوت خود باقی است.

در پیوند با این گفتار، اگر شاه اسماعیل در قلمرو متصرفات خویش، فرمان آزادی و برابری حقوق پیروان مذاهب شیعه و سنی را صادر می کرد و مردم را به رعایت احترام به حقوق و اعتقادات همدیگر ملزم می ساخت، به احتمال بیشتر، مذهب شیعه از گسترش فراگیر و درونزا- نه قهری- بهره‌ور می شد. ایران و ایرانی هم بدون تحمل چنان آسیب هایی (دشمنی ها، جنگ ها، کشتارها و جدایی ها)، در جهان اسلام از استقلال و هویت شاخص تری برخوردار می شد. کردهاهم در این پنج قرن به چنین مصائبی دچار نمی شدند. استعمارگران اروپایی و پس از آن شبکه‌ی قدرت های بزرگ جهان مسیحی، این چنین بر خاورمیانه - که قلب جهان اسلام است - مسلط نمی شدند.

ناقد کتاب شاه اسماعیل اول(۱)، در گفتاری(در ایران فردا/ شماره ۲۷) نوشته است: "امید است صاحبنظران، با نقدو بررسی کتاب و ارائه نظریات خود، به غنای آن و درنهایت به ارتقای آگاهی ملت ایران کمک کنند." اما هدف این گفتار، نقد کتاب پارسادوست نیست، بلکه استناد به آن است، ازجمله در موارد زیر:

* "نقش تاریخی شاه اسماعیل در آن است که یک نوع تفکر مذهبی را با کشتار و بی رحمی بر مردم و ساکنان ایران مسلط و حاکم گردانید" (۱- ص۷۰).

* "اگر شاه اسماعیل پس از پیروزی هایش مذهب اقلیت مردم ایران را مذهب رسمی کشور اعلام نمی کرد و مانند هر فاتحی به تخت پادشاهی ایران می نشست، کشور ایران همان استقلالی را که ضمن اعلام استقلال مذهبی به دست آورد، دارا می شد." (۱- ص۷۱) و در زمینه‌ی وحدت ایران نوشته است:

* "وحدت ایران که پیش از حمله عربها و پس از پیدایش صفویان وجود داشته، هیچ گاه بر اساس وحدت نژادی و مذهبی نبوده‌است و هرگز نیز نمی تواند باشد. هرگونه تلاش برای ایجاد وحدت بر اساس نژاد و مذهب، در همه حال و همیشه محکوم به شکست است... "ایرانی" هویتی است که همه ساکنان این مرز و بوم را از هر

نژاد و مذهب در بر می گیرد." (۱- ص۷۱۷). در مورد جنگ بین ایران و عثمانی:

* در آن جنگ های بیهوده، میلیونها نفر در طول قریب ۴۰۰ سال به کام مرگ افتادند...و یا از دیار خود آواره شدند(۱- ص ۷۹۸).

به نظر کارشناسان، جنگ عراق با ایران نیز دنباله جنگ هایی بود که با روی کار آمدن شاه اسماعیل آغاز شده بود.(۵ ص۴ )

ارزیابی دیدگاه‌ها در مورد اقدامات شاه اسماعیل در ایجاد وحدت و تمرکز در ایران :

* ایران به عنوان یک قدرت سیاسی، از ابتدای پیدایش تا تشکیل دولت مدرن، ساختاری مرکب از حکومت های محلی و منطقه‌ای بوده است، به دیگر سخن، آن وضعی که شاهنشاهی (حکومت فرامنطقه‌ای) خوانده می شد، مبین یک سیستم مرکب و فدراتیو بود. اوضاع سیاسی- اجتماعی، اقتصادی و جغرافیای آن دوران، به طور اجتناب ناپذیری با سیستم حکومتی مرکب پیوند خورده بود. با این حال، خودمحوری پادشاهان فرامنطقه‌ای در خاورمیانه- به‌ویژه در ایران- مانع پیدایش مناسبات سالم، مدون و سازنده با حکومت های محلی و منطقه‌ای قلمرو خود بود. در این باره، سخن خود را با اوضاع سیاسی مناطق کردنشین ادامه می دهم :

امارات کرد: تا اواسط قرن (۱۹)، امرای کرد تنها مرجع اقتدار پایدار ایجاد امنیت در کردستان بودند و هر امارت صدها سال پایدار ماند. ماندگاری دیرپای اماراتی چون ایلام، کردستان و ولایت مکری، دلیل ضرورت وجودی آن حکومت ها در منطقه بود.

امرای کرد در اندیشه‌ی توسعه‌ی قلمرو خود نبودند، لذا وارد عرصه‌ی تاریخ نویسان نشدند! درواقع آنان با توجه به اقتدار خویش، بقای خود را در تعاهد با حکومت فرامنطقه‌ای (شاهنشاهی) می دیدند. اما بسیاری از پژوهشگران معاصر ایرانی از عنایت به این واقعیات روی گردانند و اوضاع تاریخی ایران را در اقدامات پادشاهان فرازجوی مهاجم و جهان گستر! ارزیابی می کنند.

اغلب نویسندگان معاصر، انتصاب حکام مناطق پیرامونی را از جانب شاهنشاهان ایران، اقدام برای ایجاد وحدت و "تمرکز" تلقی می کنند. اما انتصاب حکام همواره موجب همبستگی و تقویت کیان سیاسی کشور نمی شد. زیرا حاکم منصوب- که سمت موقتی داشت- بیش از حاکم بومی در فکر چپاول منطقه بود. حاکم بومی برای حفظ پشتیبانی مردم، کوشش می کرد تا حدی منصفانه و عادلانه با مردم رفتار کند، اما حاکم منصوب فقط در فکر ارسال باج و خراج بیش تر به مرکز و پرکردن جیب خود بود. البته از این نظر که عایدات بیش تری به مرکز می فرستاد، نزد درباریان و فرمان نویسان مقبول تر بود! درواقع، باج و خراج بر "وحدت" تقدم داشت! وحدت و یکپارچگی به خاطر اخذ باج و خراج بیشتر بود!

امروزهم انحصارطلبان قدرت و خودمحوران نوین-که تمرکز را پایه‌ی وحدت می انگارند- نتایج عملکرد یک قرن تمرکز را در ایران با اصل هزینه/ فایده -که مبنای رشد و توسعه و نگرش درست به مدیریت است- ارزیابی نمی کنند. اگرنه به سان استعمارگران کلاسیک، در شیوه سیطره‌جویی استعماگرانه‌ی خود تجدید نظر کرده و به این اوضاع نامطلوب و زیانبار در کشور پایان می دادند.

مشارکت عمومی در حاکمیت کشور بر مبنای دمکراسی به‌ویژه در سیستم حکومت مرکب(فدرال)، مانع ایجاد دیکتاتوری و خودمحوری مدیریت سیاسی در مرکز و کل کشور می شود، اما این امر به مذاق انحصارطلبان قدرت ناخوشایند است. بر اساس شواهد تاریخی، حکومت های باستانی ایران به ویژه در دوران هخامنشی، فدراتیو بوده و حکومت های محلی و منطقه‌ای از اختیارات وسیعی برخوردار بوده‌اند.(۳)

در مقایسه‌ی حکام بومی و حکام منصوب در دوران صفویان، می توان به موارد تاریخی چندی اشاره کرد و موضوع را واقع بینانه‌تر ارزیابی نمود. پارسادوست نوشته است:

وقتی شاه اسماعیل عازم ولایت چشمکزک در کردستان شد، فرمانروای محلی که حاجی رستم بیک (کرد) نام داشت، "روش اطاعت در پیش گرفت و قلعه‌های خود را تسلیم کرد. شاه اسماعیل نورعلی خلیفه را حاکم آن ناحیه کرد، ولی او که شیعه متعصب بود، ستم ها بر سنیان کرد روا داشت و جمع کثیری از عشایر و امیرزاده‌ها را به قتل آورد [رساند]، بنا بر این کوچک و بزرگ آن طایفه آهنگ مخالفت نمودند." (۱- ص ۳۹۹)

به این طریق شاه اسماعیل نتوانست همه کردها را مجذوب خود کند. اقدامات او در کردستان سبب شد امرای کرد، برخلاف میل خویش برای رهایی از ستم عوامل شاه ایران، به سوی سلاطین عثمانی روی آورند.

در بخش های شرقی ایران هم حکام انتصابی به فروپاشی صفویان یاری رسانیدند. پارسادوست نوشته است :

"دودمان صفوی به دست یک فرد سنی ازهم فروپاشید... و محمود افغان، با تعداد افراد معدود خود از قندهار، کرمان و یزد رهسپار اصفهان شد... و مدت هفت ماه اصفهان را محاصره کرد." (۱- ص ۷۱۶). بهتر است این جریان را با تأمل بنگریم:

در تمام این مسیر دراز که ماه‌ها طول کشید، نه تنها ازجانب حکام انتصابی مناطق سر راه، مقاومتی در برابر متجاوز و مخالف مذهبی صورت نگرفت، بلکه تلاشی هم برای حراست از کیان سیاسی کشور، پادشاه و پایتخت تاریخی صفویان، به عمل نیامد. اما در برابر حکومت های دست نشانده صفویان، موضع امارات کرد را از پارسا دوست بشنویم:

" در ۹۱۲ (ه. ق.) شاه اسماعیل با صارم کرد حاکم ولایت مکری به جنگ پرداخت ولی توفیق نیافت... شاه بارها نیرو اعزام داشت ولی هرگز توفیق نیافت" (۱- ص ۳۹۹).

ولایت مکری از ارومیه تا سقز را دربر می گیرد، امیر مکری در زمان شاه اسماعیل، "صارم بیک" بود، او با پشتیبانی مردم کرد در برابر اجحاف شاه اسماعیل ایستاد و شاه هرگز نتوانست بر وی پیروز شود، صارم بیک حاکمی بومی و برخاسته از نیازهای جامعه خویش بود. لشکریان شاه اسماعیل تمام منطقه جنوب دریاچه اورمیه و شهر تاریخی درياس (دارایاس) را ویران کردند (که هنوز به محال شهرویران/ شاروێران شهرت دارد) و اهالی را قتل عام نمودند. پارسادوست در مورد تصمیم شاه اسماعیل برای انهدام ولایت مکری نوشته است:

شاه سرداران خود را با گروه کثیری از قزلباشان (به ولایت مکری) اعزام داشت، صارم ابتدا به کوه‌ها پناه برد (آثار قلعه صارم بر بلندی واقع در شرق مهاباد قرار دارد) قزلباشان ناحیه مکری را غارت کردند و بسیاری از کردان را کشتند. صارم پس از آگاهی از بی رحمیهای قزلباشان، با افراد خود از کوه سرازیر شد و با نیروهای قزلباش به جنگ پرداخت. در نبرد سختی که روی داد قزلباشان پیروزی به دست نیاوردند و با دادن کشته‌های زیاد به اوردوی شاه بازگشتند. در این نبرد، عبدی بیک شاملو که خواهر شاه را به همسری داشت و ساروعلی مهردار کشته شدند(۱- ص ۲۹۶). پسر و برادر صارم اسیر قزلباشان شدند شاه در تبریز "پسر صارم را گفتند در مجلس کباب فرمودند اورا زنده. اول لقمه از او خود خورد و به تبعیت او توابع و لواحق او خوردند و برادر اورا زنده در دیگ پختند." (تاریخ مهاباد/ صمدی/۲). اما رفتار شاه اسماعیل و کشتار بیرحمانه‌ی قزلباشان، صارم را واداشت هزاران کیلومتر به سوی مقر سلطان عثمانی (استانبول) بپیماید تا شاید چاره‌ای برای مردم مظلوم خود بیابد.

پارسادوست نوشته است:

..."[شاه اسماعیل] بهای سنگینی برای تغییر مذهب قلمرو خود پرداخت و زیان های گرانباری به کشور و مردم ایران در زمان خود و تا قرن های بعد وارد آورد و موفق به تحقق رویاهای خودهم نشد" (۱- ص ۷۱۳).

یک سده بعد، که سران مکری به جانب شاه ایران برگشته بودند، شاه عباس، با نیرنگ به کشتار آنان و اهالی ولایت مکری پرداخت. او همزمان، به تغییر ترکیب جمعیت یا به اصطلاح امروزی به پاکسازی قومی و نژادی پیرامون دریاچه ارومیه روی آورد. دبیران ریزه‌خوار دیوان، ماده تاریخ قتل عام اهالی مکری را "عید فتح از شاه عباس یا قتل عام مکری حق" خواندند. (۴- تاریخ عباسی) کشتار ساکنان قلعه "دم دم"(در ۱۸ کیلومتری جنوب ارومیه) و دیگر مناطق مکریان، هنوز بعد از ۴۰۰ سال ذهنیت مردم را ترک نکرده‌است. (ئەگەر بەیتی دمدمی بۆ بڵێی، گریانی دێ/ اگر ابیات حماسه‌ای "دم دم" برایش بخوانی، به گریه می افتد! آن کشتارها در سال های ۱۰۱۷ تا ۱۹۱۹ روی دادند و یکی از دلخراش ترین وقایع دورانند که ده‌ها بانوی کرد برای این که به‌دست قزلباشان نیفتند، خود را از بالای برج دیوارهای قلعه به پایین پرت کردند).

برخورد نادرست شاه اسماعیل با کردها موجب از دست رفتن دیاربکر و آناتولی شرقی گردید. محقق شهیر ترک، پروفسور اسماعیل حقی اوزون چارشلی، در جلد دوم کتاب تاریخ عثمانی می گوید: شرق آناطولی از آن عثمانی نبود، آن مناطق بدون جنگ به عثمانی ملحق شد(۶ ص ۳۰۸ ).پارسادوست در این مورد نوشته است: "ادریس بدلیسی که مدتها منصب انشاء سلاطین آق قوینلو بود، به علت دارا بودن موقعیت خاص در میان کردان مورد توجه سلطان سلیم واقع شد. مولانا ادریس حکیم (بدلیسی) ۲۰ نفر از امیران کردستان را که تابع یا هواخواه ایران بودند ولی از خشونتهای مذهبی شاه اسماعیل نسبت به سنیان ناراضی بودند، مطیع عثمانی و مخالف ایران کرد." (۱- ص ۷۴۵). اما حکیم ادریس بدلیسی، پیمان وابستگی اسارتباری به شرح زیر بین امرای کرد و سلطان سلیم منعقد نمود:

1- عثمانی اداره امارات کرد را توسط خودشان برابر سنت و عرف دیرینه کردها می پذیرد.

٢- امارات کرد هرسال مبلغی به عنوان هدیه به دربار عثمانی می فرستند.

٣- در جنگ بین عثمانی و ممالک دیگر، امرای کرد با لشکر و هزینه خود سلطان عثمانی را یاری کنند. (٧)

**کوتاه سخن**

سیستم حکومت پیشامدرن در ایران شبه فدراتیو بود. امرای کرد برخاسته از نیازهای مردم کرد بودند. در بیشتر اوقات امرا از جانب پادشاهان منصوب نمی شدند بلکه در محل برابر عرف و سنن کردها برگزیده می شدند. امرای کرد در قلمرو خود حافظ امنیت منطقه بوده و مانع خودسری عشایر می شدند. اما پس از این که حکومت های مذکور بر اثر دسایس پادشاهان قاجار از بین رفتند، تا بەقدرت رسیدن رضاشاه، دوران ناامنی و خودسری سران عشایر، کردستان را فراگرفته بود.

**پانوشت:**

١- پارسادوست، دکتر منوچهر، کتاب شاه اسماعیل اول پادشاهی با اثرهای دیرپای بر ایران و ایرانی / سرکت سهامی انتشار/ ١٣٧٥ در متن، شماره صفحه ها قید شده است.
٢ – صمدی ، محمد، تاریخ مهاباد/ص ١٥- در اشاره به کتاب خطایی نامه(سری مجموعه کتابشناسی ها و مدارک فرهنگی /٩ ) به کوشش ایرج افشار از سوی مرکز اسناد فرهنگی آسیا به چاپ رسیده ص ١٦٧ سطر ۶
٣ - اطلاعات سیاسی- اقتصادی ش ١٠٥ / ١٠۶ ص ١٠ و ٢٢ )
۴ - تاریخ عباسی، یا روزنامه ملاجلال (منجم)، انتشارات وحید ص ٣٨۶ و ٣٨٧
۵ - ولدانی جعفر، بررسی تاریخی اختلافات مرزی ایران و عراق/ دفتر مطالعات بین المللی ١٣٧٠ ص۴
۶- تاریخ عثمانی جلد دوم، ترجمه کتر وهاب ولی، ١٣٧٠ – تهران، مؤسسه مطالعات و تحقیقات فرهنگی، ص ٣٠٨
٧ - مردوخ، محمد، تاریخ کردستان، چاپخانه ارتش ١٣۴٨ ج ٢ ص۴

※ در این مورد می توان به کتاب "مبانی فرهنگی دولت" تألیف نگارنده، چاپ تهران، ١٣٧٠مراجعه کرد

۵ی فیورییەی ٢٠١٢

سەرچاوە : وێبلاگی ئەمڕۆژانە [ ئەفراسیاب گرامی ]

====================== ======================== ======================

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆ دا

**ئامادە کردنی : ئەفراسیاب گەرامی**

کۆکردنەوەی و ئامادە کردنی ڕەحمان نەقشی

خەزەڵوەری ٢٧١٣ / نوامبری ٢٠١٣

r_neqsi@yahoo.ca